# پەرلەمان و دیموکراسی
# لە سەدەی بیست و یەکەمدا
## ڕێبەرێک بۆ پراکتیکی چاک

# PARLIAMENT AND DEMOCRACY IN THE TWENTY- FIRST CENTURY

## A guide to good practice

Inter - Parliamentary Union


ناوی کتێب: پەرلەمان و دیموکراسی

لە سەدەی بیست و یەکەمدا

نووسینی: یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتی

لە عەرەبییەوە: هەڵکەوت عەبدوڵڵا

بابەت: لێکۆڵینەوە

لایەنی هونەری: خودی وەرگێڕ

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ٤٥٠٠ دینار

چاپخانەی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپی : یەکەم ساڵی ٢٠١١

کوردستان - سلێمانی

www.serdam.org

بۆ پەیوەندیکردن بە زنجیرەی کتێبەوە:

kteb@ serdam.org

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (١٣٥٦) ساڵی (٢٠١١)ی پێ دراوە



**مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە**

یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتی

# پەرلەمان و دیموکراسی لە سەدەی بیست و یەکەمدا

## ڕێبەرێک بۆ پراکتیکی چاک

لە عەرەبییەوە: هەڵکەوت عەبدوڵڵا

سلێمانی ٢٠١١

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

**کتێبی سەردەم ژمارە (٥٦٢)**

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

**ئازاد بەرزنجی**

# دەروازە

ئەوەی لە ڕۆژگاری ئیمڕۆدا جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە، لەکاتێکدا چەپڵە بۆ دیموکراسی لێ دەدەین، شین بۆ واقعی زۆر وڵات دەکەین. بەوپێیەی پەرلەمان، کە دامەزراوەی ناوەندیی دیموکراسییە، ڕووبەڕووی قەیرانێک بۆتەوە، پەیوەندیی بە ڕەوایەتیەوە هەیە، چونکە دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەستیگرتوە بەسەر ڕۆژەڤەکانیدا (ئەجینداکانیدا). هەروەها هاریکاریکردنی نێودەوڵەتی، کە بە بەجیهانیبوون ناسراوە، کارڕاییگەلی (ئیجرائات) وەها بۆ بڕیارسازی دەگرێتەبەر، کە پەیوەندیان بە شێوازی دیموکراتیانەوە نییە، ئەمە لەکاتێکدا، کە خەڵک گومان بەوە دەکەن کارڕاییە سیاسییەکانی ئێستا، بەڕاستی توانای دەرهاویشتنی ئەو پەرلەمانانەیان هەبێ، کە خزمەتی بەرژەوەندییە جۆربەجۆرەکانیان دەکەن.

کەواتە، بەڕاستی مەبەستمان لە پەرلەمانی دیموکراتی چییە؟ ئەم ڕێبەرە وەڵامی ئەو پرسیارە بەوە دەداتەوە، کە پێویستە پێنج خەسڵەتی بنچینەیی لە هەر پەرلەمانێکدا هەبن، ئەوانەش: پەرلەمان نوێنەری گشت توێژەکانی میللەت بێت، شەفاف بێت، بە ئاسانی پەیوەندیی لەگەڵ ببەسترێت، ملکەچی لێپێچینەوە بێتو کارابێت. هەروەها ئەم ڕێبەرە چەند نموونەیەک دەخاتەڕوو، دەربارەی ئەوەی پەرلەمان چۆن دەتوانێت لە ڕووی پراکتیکیەوە ئەو خەسڵەتانە لەخۆبگرێت.

شایانی باسە، پێویستە پەرلەمانەکان لە خۆیان ڕابمێننو خۆیان شیبکەنەوە، هەتاکو دەستنیشانی ئەوە بکەن چییان پێ دەکرێت. زۆرێک لەو پەرلەمانانە بەکردەوە ئەوە ئەنجامدەدەنو ئەم ڕێبەرە لە زۆر جومگەدا شایەتی ئەوەیە. ئەوەی پەیوەندیشی بەم پرۆسەیەوە هەیە، دیاریکردنی ئەو لایەنانەیە، کە هەندێک پەرلەمان سەرکەوتوونەبوون لە ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەدداکانی سەردەمو دەشێت چەندین بیروڕا لە پراکتیکی باشی پەرلەمانەکانی دیکەوە هەڵهێنجن. سەرەنجام، هەڵسوکەوتی ئەندامانی پەرلەمانەکان، تا ڕادەیەکی زۆر دەسنیشانی

ئەوە دەکات تا چ ڕادەیەک مەسەلەی دامەزراوەی پەرلەمان لە ساڵانی داهاتوودا گرنگ دەبێت.

بۆیە تکام وایە پەرلەمانەکان، لەگەڵ ئەوانەی لێرەو لەوێ بایەخ بە چاکسازیی پەرلەمان دەدەن، ئەم یەکەمین ڕێبەرە بێفیزە، دەربارەی بابەتی پەرلەمانە دیموکراتییەکان، بخەنە بواری جێبەجێکردنی سودبەخشەوە. بێگومان مەترسییەکان گەورەن، چونکە بابەتەکە پەیوەندیی بە مەسەلەیەکەوە هەیە، کە بایەخی کەمتر نییە لە چاکیی دیموکراسی لە سەدەی بیستو یەکەمدا.

**پییر فێردیناندۆ کاسینی**
**سەرۆکی یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتی**

# دەستپێک

چەسپاندنی دیموکراسی، ئیمڕۆ زیاتر لە هەر کاتێکی پێشوو، لە ناخی تایبەتمەندیی یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتیدایە، چونکە دیموکراسی وردە وردە بۆتە بەهایەکی جیهانیو تایبەت نییە بە وڵاتێک یان هەرێمێکی دیاریکراو.

یەکێتیی پەرلەمانتاریی بە چەند ڕێگەیەک دیموکراسی دەچەسپێنێت، کە بە ڕاگەیاندننامە سیاسییەکانی (بەناوبانگترینیان جاڕی گەردوونیی دیموکراسی ساڵی١٩٩٧) دەستپێدەکاتو دەگاتە ئەو پرۆگرامانەی پشتگیریی دامەزراوە پەرلەمانییەکان دەکەن، مافەکانی مرۆڤ دەپارێزنو سەقامگیردەکەن، شەریکایەتی نێوان ژنانو پیاوان لە بواری سیاسیدا بنیاتدەنێن. کاری یەکێتیی پەرلەمانتاریی لە بنچینەدا پشتبەستووە بە بیرۆکەیەکی سادە، ئەویش ئەوەیە: پەرلەمانی بەهێز نیشانەیەکی گرنگی پەرەسەندنی دیموکراسییە. لە ئەیلول/ سێپتەمبەری٢٠٠٥دا سەرۆکەکانی پەرلەمانەکان، کە لە هەموولایەکی دنیاوە هاتبوون بۆ بارەگای نەتەوە یەکگرتوەکان، ڕاشکاوانە ئەوەیان خستەڕوو، کە لە چوارچێوەی دیموکراسیدا «پەرلەمان چەقەدامەزراوەیەو لە ڕێگەیەوە گوزارشت لە ویستی میللەت دەکرێتو یاساکان هەمواردەکرێنو لە حکومەت دەپێچرێتەوە».

یەکێتیی پەرلەمانتاریی هەمیشە لە پەیوەندیی نێوان پەرلەمانو دیموکراسیی کۆڵیوەتەوەو داکۆکیی لێ کردوە. ئەم ڕێبەرەش هەوڵێکی ئامانجخوازە بۆ دیاریکردنی بەها سەرەکییەکانی پەرلەمانی دیموکراتی. هەروەها ئەوە ڕووندەکاتەوە، ئەو پەرلەمانانە چۆن دەتوانن، لە کاتی خۆگونجاندن لەگەڵ تەحەدداکانی سەدەی بیستو یەکەمدا، کار بەو بەهایانە بکەن.

ئەوەی جێی سەرسوڕمانە، شان بەشانی ئەو تەحەددا هاوبەشانەی ڕووبەڕوویی پەرلەمانەکان دەبنەوە، لەوانە (گۆڕانی پەیوەندییەکانی نێوان پەرلەمانو جەماوەر، ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن، دەسەڵاتی جێبەجێکردنو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان)

پەرلەمانەکان لە ڕووی نوێنەرایەتیکردنی گشت توێژەکانی کۆمەڵگەوە: ژنانو پیاوانو کەمایەتیو گرووپە پەراوێزکراوەکان، گەشەکردنیان بەخۆوە بینیوە. لێرەشدا نوێنەرایەتیکردنی چالاکانە، هەڵوەستەکردن لەئاست بەرژەوەندییە پێشبڕکێخوازەکانی ئەو گرووپانەو گونجاندنی نێوان ئەو بەرژەوەندیانەو دابینکردنی مافە یەکسانەکانی گشت پەرلەمانتارەکان دەگرێتەخۆ، بەتایبەتی ئەوانەی لە ئۆپۆزسیۆندان.

ئەم لێکۆڵینەوەیە پڕیەتی لە ئەندێشەو داهێنانی دەرکەوتوەی پراکتیکی پەرلەمانە جۆربەجۆرەکان. ئەمەش جەغت لەسەر زیندوێتی ئەو دامەزراوانە، لە گشت کونوقوژبنێکی دنیا، دەکاتەوە. هیوادارین ئەو پراکتیکانەی دیموکراسی، کە لە لاپەڕەکانی داهاتوودا ڕوونکراونەتەوە، سەرچاوەی ئیلهامبەخش بن بۆ ئەو پراکتیکانەی لەناو کۆمەڵگەی پەرلەمانتاریی جیهاندا بەگشتی هاوشێوەن یان پێشکەوتووترن.

ئەرکی سەرشانی ئەم ڕێبەرە نییە، پەرلەمانە نیشتیمانییەکان ڕیزبەندبکات یان چاکییان بپێوێت، بەڵام بۆ خۆی بانگەوازێکە بۆ ئەوەی گشت لایەک بەشداربن لە گفتوگۆی کراوەدا، سەبارەت بە واتای دیموکراتیبوونی پەرلەمانو چۆن هەر پەرلەمانێک دەتوانێت ئەو بەهایانەی دیموکراسی، کە لەم ڕێبەرەدا هاتوون، بخاتە بواری کارپێکردنەوە. ئاواتەخوازم بە یارمەتیی پەرلەمانەکانو یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتی ئەو گفتوگۆیە لە ساڵانی داهاتوودا هێزێکی تەکاندەربێتو زیاتر لەو ڕۆژەمان نزیکبکاتەوە، کە تیایدا لێپێچینەوەیەکی ڕاستەقینە دەربارەی سروشتی دیموکراتیانە لەگەڵ هەر پەرلەمانێکدا بکرێت.

لێرەدا سوپاسی پرۆفیسۆر دەیڤید بیتام (David Beetham) دەکەم، بۆ ئەو کارە شاکارو بەردەوامەی، وەک ئامادەکاری ئەم ڕێبەرەو ڕاگری گرووپی کاری سەرپەرشتیکردنی دەرهێنانی هونەریانەی، ئەنجامیداوە. هەروەها سوپاسی بێپایانی هەریەکێک لە ئەندامانی گرووپەکە دەکەم، کە بەشداریکردنەکانیان هاندەربوونو گشت ئەو پەرلەمانانەی بە بابەتو نموونەی کارکردنی بەشداریانکردوە. لەکۆتایشدا سوپاسی «ئاژانسی سویدی بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی» (The Swedish International Development Agency)و «پرۆگرامی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتوەکان» (The United Nations Development

Programme) دەکەم، کە دەستکراوانە سپۆنسەری ئەم پرۆژەیەیان کردوەو پابەندبوون بە پشتگیریکردنی دامەزراوە پەرلەمانییەکان لەسەر ئاستی جیهان.

**ئەندەرس ب. جۆنسۆن**
**سکرتێری گشتیی**
**یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتی**

# سوپاس و پێزانین

دەیڤید بیتام ئەم ڕێبەرەی ئامادەكردوە، كە لە ژێر ئەم ناونیشانەدایە: «پەرلەمانو دیموكراسی لە سەدەی بیستو یەكەمدا: ڕێبەرێك بۆ پراكتیكی چاك»و ڕاگری ئەو گرووپی كارە بووە، كە بەشداریی لەم پرۆژەیەدا كردوە.

«گرووپی كاری تایبەت بە بەشداریكردنی پەرلەمانەكان لە دیموكراسیدا» (Working Group on Parliments Contrbution to democracy) پێكهاتبوو لە چەند پسپۆڕێكی نێودەوڵەتی خاوەن پێشینەی پیشەیی هەمەڕەنگ، پەرلەمانتاران، دەستەیەكی كاری پەرلەمانتاریی پایەبەرزو شارەزا لە بواری بەهێزكردنی تواناكانی دەزگاكانی یاسادانانداو ئەكادیمیستەكانو ڕۆژنامەنووسان، بە ڕەچاوكردنی هاوسەنگی ڕاگرتن لەنێوان تاكەكانی گرووپەكەدا، لەسەر بنچینەی دابەشكردنی جوگرافیو جۆری كۆمەڵایەتی. ئەنجامی زنجیرە كۆبوونەوەو ئاڵوگۆڕكردنی نامەی ئەلیكترۆنی (ئیمەیل)، گرووپی كار چەندین ڕێنمایی چاكی پێشكەشكرد، كە ڕەخنەی بنیاتنەریان لە ڕەشنووسە یەك لەدوای یەكەكانی ڕێبەرەكە گرت. بۆ ئاگاداربوون لە ژیاننامەی ئەندامەكانی گرووپەكە، دەكرێت پەنا بۆ هاوپێچەكانی ئەم ڕێبەرە ببرێت.

هەریەكێك لە ڕاندی دەیڤیس (Randi Davis)و تۆماس هیوگبێرت (Thomas Huyghebert) لە «پرۆگرامی پەرەپێدانی نەتەوە یەكگرتوەكان»و ئەلكساندرا بارنتس (Alexandra Barrantes) لە «ڕێكخراوی دەوڵەتە ئەمریكییەكان» (Organization of American States-OAS)و سكۆت هوبلی (Scott Hubli)ی ئەندامی گرووپەكەو باری دریسكۆل (Barry Driscoll) لە «پەیمانگەی نەتەوەیی دیموكراتی بۆ كاروبارە نێودەوڵەتیەكان» بە توێژینەوەی گرنگ دەوڵەمەندیان كردین.

هەریەكێك لە سارا برەیكینگ (Sarah Bracking)و سارا موسدیل (Sarah Mosedale)و سكرتاریەتی یەكێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتیش بەشداریانكرد لە دەوڵەمەندكردنمان بە توێژینەوەی دیكە.

# پوختەی خاڵە بنچینەییەکان

پەرلەمان بەچی بەشداریی لە دیموکراسیدا دەکات؟ چی وادەکات پەرلەمانێک، یان دەستەیەکی یاسادانان بۆ خۆی دیموکراتی بێت؟ چۆن زیاتر دیموکراتی دەبێت؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەن، کە ئەم ڕێبەرە هەوڵدەدات وەڵامیانبداتەوە. ئەم ڕێبەرە تێڕوانینێکی هەمەلایەنو مەنهەجی دەربارەی ئەو ڕۆڵە تەوەرییە پێشکەشدەکات، کە پەرلەمان لە دەوڵەتە دیموکراتییەکاندا دەیگێڕێتو لێکیدەداتەوە مانای ئەوە چییە، پەرلەمان بەڕاستی نوێنەری گشت توێژەکانی میللەتەو بەڕاستی شەفافەو بەئاسانی پەیوەندیی لەگەڵ گرێدەدرێتو ملکەچی لێپێچینەوەیەو لە کارڕاییکردنو ئەنجامدانی کارەکانیدا کارایە. ڕێبەرەکە، پشتئەستوور بە لیستێک چارەسەری دەرەکی، ئەوە ئەنجام نادات، بەڵکو لە ڕێگەی پێشکەشکردنی نموونەکانی پراکتیکی چاکی پەرلەمانەکانی گشت دنیاو ڕوونکردنەوەی لایەنە جیاکارەکانی چالاکییەکانی ئەو پەرلەمانانەوە ئەوە ئەنجامدەدات. ڕێبەرەکە لە ڕێگەی ئەو نموونانەوە، فرەڕێگەیی هێنانەدیی توخمە سەرەکییەکانی پەرلەمانێکی دیموکراتی لە واقیعدا نیشاندەدات.

ناوەڕۆکی بنچینەیی ئەم ڕێبەرە، لە چوارچێوەی پوختەیەکی دوولاپەڕەییو بەشێوەی خشتەیەک، خراوەتەڕوو، کە یەک لە دوای یەک هەریەک لە بەها بنچینەییەکانی دیموکراسی ڕووندەکاتەوەو ئەو شێوازو پراکتیکە دامەزراوەییە نموونەییانە دەژمێرێت، کە بەهۆیانەوە پەرلەمانی هاوچەرخ دەتوانێت هەر بەهایەکیان بهێنێتەدی. بەم شێوازە، ئەو بیروڕایانەی پەیوەندییان بە دیموکراسییەوە هەیەو لە دەرەوەی ئەو چوارچێوە تیۆریانەی ڕووت دەردەکەون، دەبنە کۆڵەکەیەکی بنچینەیی لە پراکتیکی پەرلەمانتارانەی واقعیدا. بۆیە باشترین شت ئەوەیە خوێنەر ڕاستەوخۆ ئەو خشتەیە بخوێنێتەوە.

ناوەڕۆکی ڕێبەرەکە، بەپێی خشتەی هێمابۆکراو، دەخرێتەڕوو و هەریەکێک لە پێکهاتەکانی بەهۆی ئەو نموونانەوە ڕووندەکرێتەوە، کە لە بنچینەدا پەرلەمانە

بەشدارەکان پێشکەشیانکردوە. نموونەکان ئەوە دەردەخەن، ئەگەرچی کەمبایەخانە دەڕوانرێتە پەرلەمانەکانی زۆر ناوچەی دنیا، کەچی زۆر پەرلەمان لەم دواییانەو لە جیهانێکی بەخێرایی گۆڕاودا کراوەتربوون بەڕووی هەڵبژێرەکانداو زیاتر ئاوڕیان لە هەڵبژێرەکان داوەتەوەو باشتر بەپیر پێداویستییەکانی ئەوانەوە چوون. پەرلەمانەکان بەجیدی کاردەکەن بۆ ئەوەی:

- لە پێکهێنانو شێوازی کارڕاییکردندا هەمەلایەنتربن، بەتایبەتی سەبارەت بە ژنانو کەمایەتیو گرووپە پەراوێزکراوەکان.
- پەیوەندیکردنی چالاکانەتر بە خەڵکەوە، ئەمەش لە ڕێگەی ئاگادارکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە، دەربارەی زۆربەی چالاکییەکانیانو دامەزراندنی کەناڵگەلی ڕادیۆو تەلەفزیۆنو سایتی تایبەتی لەناو تۆڕی ئینتەرنێتدا.
- تاقیکردنەوەی ئامرازگەلی نوێی پەیوەندیکردن بە جەماوەرەوە، لەوانە کۆمەڵگەی مەدەنیو تواناسازکردنی بۆ بەشداریکردن لە کارڕاییەکانی یاسادانانیدا.
- بەدەستهێنانەوەی متمانەی جەماوەر سەبارەت بە سەرڕاستیی پەرلەمانتارەکان، ئەمەش بەدانانی چەند ڕێسایەکی ڕەفتارکردن، کە پێویستە جێبەجێبکرێنو چاکسازیکردن لە دەرامەتی حیزبەکاندا.
- ئاسانکردنی کارڕاییەکانی یاسادانان، بەبێ ئەوەی ئەوە کاریگەریی هەبێت لەسەر وردبوونەوەی پێویست لە پرۆژە یاساکان.
- چاودێریکردنی چالاکانەتری دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بەتایبەتی لە بواری سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، کە بایەخێکی زۆری هەیە.
- کۆششکردنی زیاتر لە بواری هاوکاریکردنی نێوان دەوڵەتەکاندا، هەتاکو کیانێکی پەرلەمانیی کاراتر دەستەبەربکرێت، بۆ ڕۆڵبینین لە ڕێکخراوە هەرێمایەتیو نێودەوڵەتییەکانو چارەسەرکردنی شەڕوشۆڕەکاندا.

باسکردنی ئەو نموونە جۆربەجۆرانە، دەربارەی پراکتیکی دیموکراتیانە لەم ڕێبەرەدا، مانای فەرامۆشکردنی کێشەکان، یان کەمبایەخکردنی قەبارەی ئەو تەحددایانە نییە، کە ئێستا ڕووبەڕووی گشت پەرلەمانەکان بوونەتەوە. بەچاوی سووک سەیرکردنی ئەو سەختیانەش نییە، کە گرێدراوی هێنانەدیی دیموکراسییەکی لەواقیعدا چەسپیوون، بەڵکو ئەو نموونانە بەکردەوە بەڵگەیەکی ڕوونن بۆ ئەوە کە بێگومان گۆڕانکاریی دیموکراتیانە بەڕێوەیە، ئەمە وێڕای ڕوونکردنەوەکان سەبارەت بە چۆنییەتی هێنانەدیی ئەوگۆڕانکارییە .بەم شێوازە، ڕێبەرەکە کۆششدەکات بۆ پێشکەشکردنی بەشداریکردنێکی تایبەتی دەربارەی هێنانەئارای داهاتویەکی دیموکراتیانەی سەقامگیرتر.

# ١ - پێشەکی

ئامانجی ئەم کتێبە، هەڵوەستەکردنە لەئاست ڕادەی بەشداریکردنی پەرلەمان لە بڵاوکردنەوەو چەسپاندنی دیموکراسیو دەستنیشانکردنی خەسڵەتە جیاکارەکانی پەرلەمانی دیموکراتی، یان دەستەی یاسادانان لە سەدەی بیستو یەکەمدا. ڕێبەرەکە هەڵبژاردەیەک لەو ڕاپۆرتانەی لەخۆگرتوە، کە پەرلەمانە ئەندامەکانی «یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتی» (Inter-Parliamantary Union- IPU) پێشکەشیانکردوەو باسی کۆمەڵێک تەحددای کردوە، کە ڕووبەڕوویانبوونەتەوەو ئەو نموونەی کارپێکردنە دیموکراتیانەی خۆیان خستۆتەڕوو، کە حەزدەکەن ئەوانی دیکە سوودیان لێ وەربگرن. بۆیە ناکرێت ئەم کتێبە بە توێژینەوەیەکی ئەکادیمیانە، یان کتێبی ڕێنماییەکان، یاخود کۆمەڵێک ڕێسا دابنرێت، بەڵکو چەپکێک بیروڕاو پراکتیکی زیندوە، دەربارەی ئەو بەها بنچینەییانەی دیموکراسی، کە بەهۆی چالاکییەکانی خودی پەرلەمانەوە کاریان پێ دەکرێت، یان دەچەسپێنرێن.

## سەیروسەمەرەی دیموکراسی:

ساڵەکانی سەرەتای سەدەی بیستو یەکەم سەیروسەمەرەیەکی ڕوونیان بەخۆوەدیوە. لەلایەکەوە دیموکراسی وەک ئامانجێکی بەرجەستەبوو، لە دامەزراوەو پراکتیکە سیاسییەکاندا، سەرکەوتوە. بەم واتایە، لە بەیاننامەی کۆتایی «کۆنگرەی لوتکەی نەتەوە یەکگرتوەکانی ساڵی ٢٠٠٥ (UN World Summit)دا هاتوە: «دیموکراسی بەهایەکی جیهانییەو تایبەت نییە بە وڵاتێک یان هەرێمێکی دیاریکراو». لەلایەکی دیکەوە، لەهەمان ئەو ساڵانەو لەگەڵ دەرکەوتنی سەرەنجامەکانی پیادەکردنی دیموکراسی لەواقیعدا، بێهیوایی زاڵبوە بەسەر هاووڵاتیاندا. جا ئەوە لەو دەوڵەتانەدا بێت کە خاوەن سیستەمی دیموکراتیی جێگیرن، یان لەو دەوڵەتانەی لە بواری دیموکراسیدا نوێن. بێهیواییەکە سەبارەت

بە پرۆژەی دیموکراسی ئەوەندە چەسپیوبووە، کە بیریاری سیاسیی ئیتالّی (نۆربیرتۆ بوبیۆ) بە «بەلّێنە شکاوەکان» ناویدەبات. ئەمانەش ئەو بەلّێنانەن، کە لەواقیعدا (بەتایبەتی لە سەردەمی ئێستادا) بنچینەیان نییە، چونکە خودی دەولّەتە دیموکراتییەکان دووچاری ململانێ بوون لەگەلّ هێزگەلێکدا، کە دەکەونە دەرەوەی بازنەی کۆنترۆلّکردنی ئەوان، بەلاّم کاریگەریان لەسەر ئاسایشو ئابووریو خۆشگوزەرانیی هاوولاّتییەکانیان هەیە.

پەرلەمان ئیمرۆ رۆلّی سەرەکی هەیە لە زالّبوون بەسەر ئەو سەیروسەمەرەیەی سەرەوەدا، چونکە چەقەدامەزراوەی دیموکراسییە، کە ویستی میللەت لای حکومەت بەرجەستەدەکات، گوزارشت لە گشت چاوەڕوانییەکانی میللەت دەکات، سەبارەت بەوەی دیموکراسی بەکردەوە بەپیر پێداویستییەکانییەوە دەچێت، یارمەتیدەرە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە رۆژانانەی پێویستە چارەسەربکرێن. بەوپێیەی پەرلەمانەکان ئەو دەستە هەلّبژێردراوانەن، کە نوێنەرایەتیی گشت توێژەکانی کۆمەلّگە دەکەن، ئەوا بەرپرسیارێتییەکی بێوێنە دەکەوێتە ئەستۆیان، ئەویش سازاندنی بەرژەوەندیو چاوەڕوانییە دژ بەیەکەکانی گرووپە جۆربەجۆرەکانە، بەهۆی ئامرازە دیموکراتییەکانەوە، کە بریتین لە دیالۆگو دانوستاندن. هەروەها پەرلەمانەکان، بەوپێیەی ئامرازی سەرەکیی یاسادانانن، بەشداریدەکەن لە گونجاندنی یاساکانی کۆمەلّگە، بەپێی پێداویستییەکانو هەلومەرجی گۆڕاو. ئەمە سەرەڕای بەرپرسیاربوونی بەرامبەر بە مسۆگەرکردنی ملکەچیی حکومەتەکان، بۆ لێپێچینەوەی تەواو لەبەردەم میللەتدا، بەوپێیەی پەرلەمان ئەو دەستەیەیە کە چاودێریکردنی حکومەت کەوتۆتەئەستۆی.

کاتێک پەرلەمانەکان کارەکانی خۆیان بەوجۆرە ڕاییدەکەن، بۆ خۆیان گۆڕانکاریی گەورەیان بەسەردا دێت، بەمەبەستی گونجان لەگەلّ تەحدداکانی سەدەی نوێدا. لە سالاّنی کەمی ڕابردوودا، کۆششی هەمەڕەنگ لە زۆر پەرلەماندا کراوە، بۆ ئەوەی ئەوانە بەشێوەیەکی کاراتر پەیوەندیی لەگەلّ جەماوەردا دروستبکەن، شێوازی کارڕاییکردنی خۆیان چاکبکەن، ڕاستگۆیانەتر نوێنەرایەتیی هەلّبژێرەکانیان بکەنو پەیوەندیان پێوە بکەنو لەبەردەمیاندا لێیان بپێچرێتەوە، لە کارڕاییکردنەکاندا کراوەترو شەفافتر بن، ئەرکە سەرەکییەکانی سەرشانی خۆیانو تایبەت بە یاسادانانو چاودێریکردنی حکومەت جێبەجێبکەن. بەوپێیەی ئەمە ڕێبەری ئەو دەستپێشکەریانەیە، بۆیە ئەم کتێبە تاڕادەیەکی دیاریکراو هەولّدانە بۆ پێشکەشکردنی وێنەیەکی هەوچەرخ، دەربارەی بەشداریکردنی پەرلەمانەکان لە

بەهێزکردنو پشتگیرکردنی دیموکراسیدا. لەهەمان کاتدا ئەم کتێبە دۆسییەیەکی ڕووت نییە، بەڵکو ئامانجێکی خوازیار لەخۆدەگرێت، چونکە لە ڕێگەی خستنەڕووی ئەو شتانەی خودی پەرلەمانەکان بە نموونەگەلی چاکیان دادەنێن بۆ پراکتیکی دیموکراتیانە، کتێبەکە ڕووخسارەکانی ئەو شێوەیە دیاریدەکات، کە پەرلەمانە دیموکراتییەکان لە واقیعدا دەکەونەڕوو و چۆنییەتی گەشەپێدانیشیان دەگرێتەخۆ، بۆ ئەوەی لەوەی ئێستا چاکتربن. بۆیە دەستەواژەی «ڕێبەر» دوو ئامانج لەخۆدەگرێت: ئامانجێکی بەرزخوازو ئامانجێکی لێدوانخواز.

## ڕێبەرێک بۆ خەڵک بەگشتی:

ئەم ڕێبەرە بۆ کێ ئامادەکراوە؟ ئامانجی ئەم ڕێبەرە بەپلەی یەکەم ئەو ئەندامانەی پەرلەمانەکانە، کە ئەرکی مامەڵەکردن لەگەڵ تەحدداکانی جیهانی هاوچەرخو دۆزینەوەی سەرکردایەتییەکی لێهاتوو، بۆ بەرەنگاربوونەوەی تەحدداکان، دەکەوێتە ئەستۆیان. ئەگەرچی هەر پەرلەمانێک نەریتی نیشتیمانیی تایبەت بەخۆیو کەسایەتیی جیاکارەی هەیە، بەڵام ئەمە نەبۆتە هۆی ئەوەی ئەزموونەکان لەنێوان گشت پەرلەمانەکاندا ئاڵوگۆڕنەبنو هەندێک پەرلەمان سوود لەو بیروڕایانە وەرنەگرن، کە لە پەرلەمانەکانی دیکەوە وەرگیراونو دەکرێت وەک چارەسەری شیاوی کێشە هاوبەشەکان بەکاربێن، بەڵام پاش گونجاندنیان لەگەڵ هەلومەرجی ناوچەییدا. ئەم ڕێبەرە بەشداریکردنە لە پرۆسەی ئەو فێربوونە دوولایەنەداو لە بارودۆخێکی بەخێرایی گۆڕاودا. هیوای ئەوە دەخوازرێت، هەر خوێنەرێکی ئەندامی پەرلەمان لەم ڕێبەرەدا، بەلای کەمەوە، بیرۆکەیەکی سودبەخش یان نموونەیەکی سودبەخش بدۆزێتەوە بۆ پراکتیکی چاک، کە دەشێت «لەگەڵ هەلومەرجی ناوچەییدا بگونجێنرێت»و سوودی لێ وەربگیرێت.

هەروەها ئامانجی ئەم ڕێبەرە ئەو هاوڵاتیو چالاکوانانەیە، کە بایەخ بە دیموکراسی دەدەن، جا لە هەرجێیەک بن. چونکە ڕاست نییە ئەندامەکانی پەرلەمان لەسەر ئاستی بازنەی هەڵبژاردن بەتەنیا شایستەی ڕێزلێگرتن بنو پەرلەمانەکان وەک دامەزراوەکان، یاخود سیاسییەکان وەک دەستەبژێر، لە زۆر وڵات بەهەمان ڕادە ڕێزیان لێ نەگیرێت. هۆکاری ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شێوازە لایەندارەی لە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندندا پێی دەخرێنەڕوو. یەکێک لەو بیرەوەریانەی بەدەستمان گەیشتوە، هێما بۆ ئەوە دەکات: «ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن هەمیشە جەغت لەسەر ئەو ڕووداوانە دەکەنەوە، کە شەڕی نێوان ئەندامەکانو مەسەلەکانی

وەک سەفەرو تێچوەکان لەخۆدەگرن». پێویستە لێرەدا هێما بۆ ئەوە بکەین، هەندێک ئەندام پەرلەمان بەشداریدەکەن لە نەخشاندنی وێنەیەکی خراپدا دەربارەی خۆیان، لە ڕێگەی هێنانەدیی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانو زیاتر ڕۆیشتن بەرەوپیری بەرژەوەندییەکانی کەرتگەلی دیاریکراوو گرووپە بەهێزەکانی فشارەوە، نەک هەڵبژێرەکانیان. لێرەشدا بەرپرسیارێتی ڕاستکردنەوەی ئەو وێنەیە، تا ڕادەیەکی زۆر، دەکەوێتە ئەستۆی خودی ئەو ئەندامانە، کە لێرەدا دەرفەتی باسکردنی نییە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کتێبە دەتوانێت دیمەنێکی کامڵتر بخاتە بەرچاوی ئەو هاوڵاتیانەی بایەخ بە دیموکراسی دەدەن، ئەوەش دەربارەی ئەو شتانەی لە پەرلەمانەکاندا ڕوودەدەنو ئەو گۆڕانکاریانەی زۆر پەرلەمان هەنگاویان بۆ هێنانەئاریان هەڵهێناوە، بەمەبەستی کارکردن بەشێوازێکی کاراترو دیموکراتیتر.

بەو شێوازە، ئەم کتێبە دەتوانێت یارمەتیی بزووتنەوەکانی چاکسازیی چەند وڵاتێکی دیاریکراو بدات، بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی زیاتر، لە ڕێگەی پێشکەشکردنی چەندین نموونەوە، دەربارەی ئەو دەستپێشکەریانەی لە شوێنی دیکە بەکردەوە ڕوودەدەن. بەشێکی گۆڕانکاریی چاکسازیخوازانەی پەرلەمانەکانیش لەناو پەرلەمانەوە سەرچاوەدەگرن، واتە لە خودی ئەندامەکانیانەوە سەرچاوەدەگرن، کەچی بەشەکەی دیکە لە فشاری بێوچانی هوشیارانە لە دەرەوەی پەرلەمان، واتە لە کۆمەڵگەوە بەگشتی، سەرچاوەدەگرێت.

خوازیاری ئەوەشین، ئەم ڕێبەرە سەرنجی ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیانە ڕابکێشێت، کە تایبەتمەندن بە پشتگیرکردنی پەرلەمانەکان. هەروەها سەرنجی ئەو توێژەرو خوێندکارانە ڕابکێشێت، کە بایەخ بە پراکتیکی دیموکراتیانە دەدەن. بۆ ئەوەی ئەم ڕێبەرەش لەبەر دەستی فراوانترین توێژی شیاوی خوێنەراندا بێت، بەشێوازێکی دوور لە زاراوەی هونەریی تایبەتی داڕێژراوە. بۆ خۆپاراستن لە درێژدادڕیی ناپێویستیش، بەپاراستنی هەمەلایەنیی تاوتوێکردنی بابەتەکە، هێما بۆ هەندێک سایتی ئینتەرنێت کراوە، کە دەقی ناو کتێبەکەیان لێ وەرگیراوە، بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەو بابەتانەی کتێبەکە قسەی دەربارەیان کردوە. ڕێبەرەکە هێما بۆ کۆمەڵە زانیاریو ئەزموونێک دەکات، کە لە سەرچاوەی دیکەدا هەنو ناکرێت لە تاقە کتێبێکدا کۆبکرێنەوە. کۆپییەکی ئەلکترۆنی ڕێبەرەکەش لە سایتی یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتیدا بڵاوکراوەتەوە، هەتاکو خوێنەران بیخوێننەوەو لەگەڵیدا بکەونە کارلێککردنەوە.

## بەشداریکردنی پەرلەمانتارانە لە دیموکراسیدا:

پێش هەڵوەستەکردن لەئاستی مانای بەشداریکردنی پەرلەمانتارانە لە دیموکراسیدا، پێویستە تێڕوانینمان سەبارەت بە چەمکی «دیموکراسی» دەربڕین. دیموکراسی بە چەند وشەیەکی پوختە، ئامانجو کۆمەڵێک دامەزراوەو پراکتیکە پێکەوە. لەبەرئەوەی بیرۆکەیەکی ئایدیالیستانەشە، دیموکراتی پشتبەستوە بە دوو پرنسیپ: یەکەم/ئەندامەکانی هەر گرووپو کۆمەڵەیەک کاریگەریان لەسەر بنکەکانو سیاسەتەکانی هەبێتو بەچاکی جڵەوبیکەن، ئەمەش لە ڕێگەی بەشداریکردنیان لەو گفتوگۆیانەی دەربارەی بەرژەوەندیی هاوبەش دەیکەن. دوەم/ئەندامەکان وەک کەسانی یەکسان مامەڵە لەگەڵ یەکتر بکەنو لەسەر بنچینەی یەکسانیش مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. پێویستە ئەم دوو پرنسیپە لە بچوکترین گرووپەوە تا گەورەترین دەوڵەت جێبەجێبکرێن، چونکە کاریگەریی جێبەجێکردنیان لە واقیعدا، بەڵگەی بنچینەییە بۆ دەرخستنی ڕادەی ئەو دیموکراتیبوونەی هەر گرووپێک بانگەشەی بۆ دەکات.

لەسەر ئاستی دەوڵەتی نوێ، ناکرێت پرنسیپەکانی دیموکراسی، بەبێ ئەو کۆمەڵە ڕەفتارە دامەزراوەییو پراکتیکانە جێبەجێبکرێن، کە بە درێژایی ڕۆژگار گەشەیانکردوەو ئێستاش لە گەشەکردندان. ئەوانەش بریتین لە: چوارچێوەیەکی مسۆگەری کارکردن بۆ مافەکانی هاوڵاتی، پراکتیکەکانی حوکمڕانیی نوێنەرایەتیکردنو ئەو حوکمڕانییەی ملکەچی لێپێچینەوەیە، گرووپە ئەهلییە کاراکان یان کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی چالاک، ژمارەیەک دامەزراوە کە ڕۆڵی پێکگەیاندنی حکومەتو هاووڵاتییەکان دەگێڕن. لێرەشدا حیزبە سیاسییەکانو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن گرنگترینی ئەو دامەزراوانەن. ئەگەرچی پەرلەمانەکان سەر بە جۆری دوەمی دامەزراوەکانن، ئەویش گرووپی دامەزراوە حکومییەکانە، بەڵام ڕۆڵێکی سەرەکیان لەناو جۆرەکانی دیکەدا هەیە. ئەمەش وادەکات پەرلەمان بە چەقەدامەزراوەی دیموکراسی دابنرێت.

## مافەکانی هاوڵاتی:

بۆ ئەوەی تاکەکانی میللەت کاریگەریان لەسەر ئەو یاساو سیاسەتانە هەبێت، کە لەسایەیاندا ژیان دەبەنە سەر، کۆمەڵێک مافی سیاسی هەن، دەبێت بۆیان دەستەبەربکرێت. لەوانە: مافی گوزارشتکردنی ئازادانە لەخۆیان، مافی پێکهێنانی ئازادانەی کۆمەڵەکان لەگەڵ ئەوانی دیکە، مافی دەنگدان بەوانەی نوێنەرایەتیان

دەکەن لە هەڵبژاردنگەلی ئازادو سەرڕاستدا...هتد. ئەم چوارچێوەی مافانە، جێبەجێکردنی پرنسیپێکی دیموکراتیانەی تریان بۆ مسۆگەردەکات، ئەویش مامەڵەکردنی یەکسانی بێ جیاوازییە. لەوانەیە ئەم مافانە، بۆ کەسانی لاوازو ئەو گرووپانەی لەناو میللەتدا بێ پشتگیرین، پێویستیان بە پارێزگاریکردن هەبێت، تەنانەت ئەگەر دەستدرێژیکردنە سەریان لەلایەن زۆرینەشەوە بێت.

ئەگەرچی بەرپرسیارێتی ڕێزگرتن لەو مافانە دەکەوێتە ئەستۆی گشت هاولاتیان، بەڵام بەرپرسیارێتیەکی تایبەت دەکەوێتە ئەستۆی پەرلەمان، چونکە دەسەڵاتی یاسادانانەو زامنی ئەوە دەکات ئەو مافانەو شێوازی پارێزگاریکردنیان لەواقیعدا گونجاوبێت لەگەڵ پێوانە نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤ و ناهێڵێت بەهۆی یاسای دیکەوە ئەو مافانە وەلاوەنرێن، تەنانەت ئەو یاسایانەی بەکاردەبرێن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کەسانەی نیشتەجێی وڵاتێک دەبنو گشت مافەکانی هاولاتیان نییە. لە ڕۆژگاری ئیمڕۆدا زۆربەی هاولاتیان، لە وڵاتە پێشکەوتوو یان تازەپێگەیشتوەکاندا، پێیانوایە مافە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان بەشێکی گرنگی مافە بنچینەییەکانیانەو لە مافە مەدەنیو سیاسییەکان کەمبایەختر نین. بۆیە چۆنییەتی دەستەبەرکردنی پارێزگاریکردنی چالاکانەی ئەو مافانە، بەلای گشت توێژەکانی دانیشتوانەوە، یەکێکە لەو تەحەددا بنچینەییانەی ڕووبەڕووی پەرلەمانەکانی ئەم سەردەمە دەبنەوە، سەردەمێک کە تیایدا بزووتنەوەی بەجیهانیبوون لە پەرەسەندندایەو سەروەریی نیشتیمانیش لە پوکانەوەدایە.

## حوکمڕانیی نوێنەرایەتیکردن و حوکمڕانیی ملکەچی لێپێچینەوە:

دوەمین ڕەهەندی دیموکراسی، حوکمڕانیی نوێنەرایەتیکردنە (واتە حکومەتێک حوکمڕانیی میللەت بکات، کە بەشێوازێکی دیموکراتیانە لەلایەن میللەتەوە هەڵبژێردرابێت) و حوکمڕانیی ملکەچی لێپێچینەوە. ئەم دوو خەسڵەتە پێکەوە، یاساو سیاسەتەکانی کۆمەڵگە دیاریدەکەنو ڕێزگرتن لە داوەریی یاسا مسۆگەردەکەن. لە چوارچێوەی لێک جیاکردنەوەی تەقلیدیانەی دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردنو یاسادانانو دادوەریدا، پەرلەمان لە هەر دەوڵەتێکی دیموکراتیدا پێگەیەکی سەرەکیی هەیە. چونکە دامودەزگایەکە ئازادانە هەڵبژێردراوەو بەهۆیەوە میللەت لەواقیعدا حوکمی خۆی دەکات. جا لەبەرئەوەی پەرلەمان وەکیلی میللەتە، بۆیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ لقەکانی دیکەی حوکمڕانیو دامودەزگا نێودەوڵەتیو نیمچەنیشتمانییەکاندا نوێنەرایەتییدەکات. لێرەشدا ڕادەی وردبینیی پەرلەمان لە جێبەجێکردنی ڕۆڵی ڕایەڵەکاریو نوێنەرایەتیکردنی میللەت

بە گشت توێژەکانییـــەوە، مەســـەلەیەکی گرنگـــە بەلای پەرلەمانی دیموکراتییەوە.

مەسەلەیەکی گرنگی دیکە، ڕادەی کارابوونی پەرلەمانەکانە لە ڕاییکردنی کارە جیاکارەکانی خۆیاندا، لە چوارچێوەی لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکاندا. لێرەشدا پسپۆڕان بەشێوەی جیاواز دەڕواننە لیستی وردبینی ئەو کارانە، بەڵام ڕێکەوتنێکی گشتی لەسەر ئەو کارانەی خوارەوە هەیە، کە پێویستە بەشێک بن لەو کارانەی دەکەونە ئەستۆی گشت پەرلەمانەکانو چاوەڕواندەکرێت جێبەجێبکرێن:

- یاسادانان.
- ڕازیبـــوون لەســـەر باجو خەرجییـــەکان، لە چوارچێوەی بودجـەی گشتیی نیشتیمانیدا.
- چاودێریکردنی کارو سیاسەتو فەرمانبەرەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن.
- هەموارکردنی پەیماننامەکانو سانسۆرکردنی ئەو دامودەزگایانەی بەهۆیانەوە دێنەئاراوە.
- بەرەنگاربوونـــەوەی مەســـەلە گرنگـــەکان، لەســـەر هەردوو ئاستی ناوچەییو نێودەوڵەتی.
- گوێگرتن بۆ سکاڵای زۆڵملێکراوەکانو هەڵگرتنی زۆڵمەکان لەسەریان.
- هەموارکردنی ڕاستکردنەوەکانی (تەعدیل) دەستور.

پەرلەمان، بەبێ جێبەجێکردنی کارایانەی ئەو فرمانانەو ڕێکخستنی کارەکانی بە لێهاتوویيو ڕاییکردنیان بەشێوازێک، کە خزمەتی پێداویستییەکانی گشت کەرتەکانی کۆمەڵگە بکات، ناتوانێت بەشداریبکات لە بڵاوکردنەوەو هێنانەدیی دیموکراسیدا.

## کۆمەڵگەی مەدەنیی چالاک:

مەبەست لە «کۆمەڵگەی مەدەنی» لێرەدا، تەنیا ڕێکخراوە ناحکومییەکان نییە، بەڵکو مەبەســت لێی گشــت گرووپە ئەهلییە چالاکەکانە، کە بەشێوازی جیاوازو جۆربەجۆر کاردەکەن، بۆ دۆزینەوەی چارەسەری کێشە هاوبەشەکانی ئەندامەکانیانو چەسپاندنی بەرژەوەندییەکانیانو داکۆکیکردن لێیان. ئەگەرچی ئەم گرووپە ئەهلیانە ناتوانن ئەو کارە ئەنجامبدەن، ئەگەر سەربەخۆنەبن لە حکومەت، بەڵام پێویستیان بە پەیوەندیی بەردەوام هەیە لەگەڵ حکومەتدا، دەربارەی ئەو بابەتانەی کاریگەریان لەسەر بەرژەوەندیی ئەندامەکانیان هەیە. چونکە ڕۆڵی هاوڵاتیان لە دیموکراسیدا، دوای هەڵبژاردنی حکومەت، کۆتایی نایەت، بەڵکو پێویستە بەردەوام کاری لەگەڵ بکەن، هەتاکو حکومەت ئاگاداری میللەتو پێداویستییەکانی بێت. پەرلەمانی دیموکراتی

لەلایەن خۆیەوە کاردەکات بۆ هاندانی بوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی چالاکو کارکردن لە نزیکەوە لەگەڵیدا، بۆ دۆزینەوەی چارەسەری ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی وڵات بوونەتەوەو چاککردنی کواڵیتی یاساکانو گونجاندنیان لەگەڵ واقیعدا.

## حیزبە سیاسییەکان:

لەنێو ئەو دامەزراوانەی ڕۆڵی میانکارانە لەنێوان حکومەتو کۆمەڵگەدا دەبینن، حیزبە سیاسییەکان بایەخێکی تایبەتیان بۆ پەرلەمان هەیە. چونکە لە ڕێگەی بوونی حیزبە سیاسییەکانەوە، پەرلەمان تەنیا وەک تاک نوێنەرایەتیی هاوڵاتیان ناکات، بەڵکو وەک گرووپیش نوێنەرایەتیاندەکات، بۆ چەسپاندنی ئاقارگەلی سیاسیی دیاریکراو. حیزبەکان دوو ئەرک جێبەجێدەکەن: یەکەم/ جەغتکردنەوە لەسەر بژارەکانی هەڵبژێرەکان، دوەم/ خستنەگەڕی ئەو بژارانە لەناو کاری پەرلەمانو گفتوگۆ گشتییە بەردەوامەکاندا. ئەگەرچی حیزبە سیاسییەکان ئێستا بەشێوەیەکی گشتی لەلایەن جەماوەرەوە بایەخێکی زۆریان پێ نادرێت، بەڵام حیزب توخمێکە ناکرێت لە کاری پەرلەمانتاریدا فەرامۆشبکرێت. جا لەبەرئەوەی حیزبە سیاسییەکان کار لەگەڵ حکومەتو کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەن، بۆیە بە خاڵی پێکگەیشتنی هەردووکیان دادەنرێن.

## ئامرازەکانی ڕاگەیاندن:

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەپلەی دوەمی ئەو ئامرازانە دادەنرێن، کە ڕۆڵی میانکارانە لەنێوان حکومەتو کۆمەڵگەدا دەگێڕنو بایەخێکی زۆریان هەیە بۆ پەرلەمانو کارەکەی، چونکە لە ڕێگەی ئەوانەوە هاوڵاتیان ئاشنادەبن بە کاروباری گشتی و کەناڵگەلی سەرەکین بۆ پێکگەیشتنی پەرلەمانو جەماوەر. ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، بەهۆی ڕۆڵی گەڕانو بەدواداچوونیانەوە، «دامودەزگای چاودێرکردن»ـن، گشت شێوازەکانی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات ئاشکرادەکەنو ڕۆڵگێڕانی باشیان لەم بوارەدا، مەسەلەیەکی هەستیارە بۆ سەلامەتیی ژیانی دیموکراتی. لە کاتی بوونی مەیلی بەرتەسککردنەوەی ئەو ڕۆڵەدا، جا ئەوە لە ڕێگەی لایەنگیرکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە بێت لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتی جێبەجێکردنو لە سایەی سیستەمێکدا کە حکومەت کۆنترۆڵیدەکات، یان لە ڕێگەی گوشاری گرووپی خاوەن بەرژەوەندییە ئابوورییە بەهێزەکانەوە بێت، لە سایەی سیستەمێکدا کە خاوەن بەرژەوەندییە بازرگانییەکان جڵەویدەکەن، پێویستە

پەرلەمان ڕۆڵێکی دیموکراتیانەی بنچینەیی بگێڕێت، بۆ دانانی چوارچێوەی یاسایی گونجاو بۆ ئامڕازەکانی ڕاگەیاندنو سەربەخۆییو هەمەڕەنگییان بپارێزێت.

ئینجا پەرلەمان بەشدارییەکی زیندووکارانە دەکات لە هێنانەدیی دیموکراسی لەسەر چەند ئاستێک و لە هەمان کاتدا. لە چوارچێوەی دامەزراوە حکومییەکاندا، پەرلەمان دامودەزگایەکی نوێنەرایەتیکردنە، کە بەهۆیەوە گوزارشت لە ویستی میللەت دەکرێت، تیایدا هەمەڕەنگیی بیروڕاو فرەئاقاری سەرهەڵدەداتو گفتوگۆو دانوستاندن دەربارەی جیاوازییەکانی نێوانیان دەکرێت. لە باشترین بارودۆخدا پەرلەمان بەرجەستەکاری خەسڵەتە دیموکراتییە جیاکارەکانی گفتوگۆو دانوستاندنە. چونکە ئەوانە دوو ئامڕازن، بەهۆیانەوە دەکرێت بەرژەوەندیی گشتی، کە سەروو کۆی بەرژەوەندییەکانی تاک و کەرەتگەلی دیاریکراوی کۆمەڵگەیە، بێنەدی. سەرەڕای ئەوە، کارابوونی پەرلەمان لە ڕاییکردنی فرمانە بنچینەییەکانی خۆیدا، کە بریتین لە یاسادانانو چاودێریکردنی بودجەو سەرپەرشتیکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، توخمێکی بنچینەییە بۆ سەلامەتیی ژیانی دیموکراتی. پەرلەمان لە ڕێگەی ئەنجامدانی ئەو کارانەوە، شان بەشانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کاردەکاتو بەرپرسیارێتییەکی جیاکارە دەکەوێتە ئەستۆی، ئەویش پاراستنی مافە دیموکراتییە تاکەکەسییەکانی هاوڵاتیانە. لەکۆتایشدا پەرلەمان ناتوانێت ئەو هەموو کارانە جێبەجێبکات، ئەگەر پابەندنەبێت بە ڕێسا دیموکراتییەکانەوەو کراوەنەبێت بەڕووی هەمواندا و سەبارەت بەشێوازی کارکردنی خۆی ملکەچی لێپێچینەوەی هەڵبژێرەکان نەبێتو بەئاسانی پەیوەندیی بە ئەندامەکانییەوە نەکرێت.

## چوارچێوەی کاری پەرلەمانێکی دیموکراتی:

لەبەر ڕۆشنایی ئەوانەی پێشەوە، دەکرێت خەسڵەتە سەرەکییەکانی پەرلەمانی دیموکراتی بەم شێوەیە پوختبکەینەوە:

- **نوێنەری گشت توێژەکانی کۆمەڵگە بێت**: واتە نوێنەری گشت ڕەنگە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکانی میللەت بێتو یەکسانیی دەرفەتو پارێزگاریکردن بۆ گشت ئەندامەکانی دابینبکات.
- **شەفاف بێت**: واتە لە ڕێگەی ئامڕازە جۆربەجۆرەکانی ڕاگەیاندنەوە، خۆیو کارەکانی بەڕووی نەتەوەدا کراوەبن.
- **ملکەچی لێپێچینەوە بێت**: واتە ئەندامەکانی پەرلەمان، سەبارەت بە ڕاییکردنی

ئەرکەکانی پۆستەکەیانو سەلامەتیی هەڵسوکەوتیان، ملکەچی لێپێچینەوەی هەڵبژێرەکان بن.

-**کارابێت**: واتە کارەکانی خۆی لێهاتوویانەو بەپێی بەها دیموکراتییەکان ڕێکبخاتو فرمانە یاسادانەرو چاودێریکارییەکانی خۆی بەشێوەیەک ئەنجامبدات، کە وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی گشت دانیشتوان بێت.

لە چوارچێوەی کاری داهاتــوودا (بڕوانە خشــتەکە)، بەهاو پێداویستییە دیموکراتییەکان لە ستونی یەکەمو دوەمدا دانراون. لەکاتێکدا لە ستونی سێیەمدا ئەو ئامرازە کارڕاییو دامەزراوەییانە هاتوون، کە دەشێت لە ڕێگەیانەوە ئەو بەهایانە بێنەدی. بێگومان پەرلەمانەکان، لە ڕووی ئەو سیستەمە حکومیانەی لە سایەیاندا کاردەکەنو ئەو دەوروبەرە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەی کاری تێدا دەکەن، لێک جیاوازن. چونکە دەوڵەتی فیدرالیو دەوڵەتی یەکگرتنخواز، سیستەمی سەرۆکایەتیو سیستەمی پەرلەمانی هەنو پەرلەمانگەلی وەهاش هەن، کە لە یەک ئەنجومەن پێکهاتوونو هی تریش هەن لە دوو ئەنجومەن پێکهاتوون. وێڕای ئەوانە، جیاوازیی گەورەی زۆر لەنێوان وڵاتەکاندا هەیە، جا ئەوە لە ڕووی قەبارەو ئاستەکانی پەرەپێدانی ئابوورییەوە بێت، یان لە ڕووی ئەو سەرچاوانەوە بێت، کە لەبەردەمی پەرلەماندان بۆ ئەنجامدانی کارەکانی خۆی. ئەو فرەڕەنگیو داهێنانەی لەو پراکتیکانەدا دەردەکەونو لەم ڕێبەرەدا هاتوون، ئەوە پشتڕاستدەکەنەوە کە «کۆنگرەی لوتکەی نەتەوە یەکگرتوەکان - ساڵی٢٠٠٥» پێیگەیشتوەو جەغت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، «تاقە مۆدێلێک بۆ دیموکراسی» نییە. لەهەمان کاتدا ئەو بەها بنچینەییانەی لەو چوارچێوەیەدا ڕوونکراونەتەوە، تێڕوانینێکی ڕوون دەربارەی ئەو ئاڕاستەیە دەستەبەردەکەن، کە پێویستە بگیرێتەبەرو ئەو کۆمەڵە پێوانەیە مسۆگەردەکەن، کە یارمەتیماندەدەن بۆ دەرککردن بەو شێوەیەی دەبێت پەرلەمانی دیموکراتی پێی دەربکەوێت. هەروەها ئەوانە بە پرنسیپە ڕێکخراوەییەکانی ناوەڕۆکی ئەم ڕێبەرەو دابەشکردنی بەشەکانی دادەنرێن.

کۆپییەکی چوارچێوەی کارەکەمان بۆ پەرلەمانە ئەندامەکان نارد، بۆ ئەوەی بیروڕای لەسەر دەربڕنو وەک مۆدێل بۆ پراکتیکی چاک بەکاریانبهێنن. پێویستە جەغت لەسەر ئەوە بکەینەوە، ئەو کارڕاییە ڕووپێوکردنێکی ڕێکخراو نەبوو، کە تیایدا داوا لە پەرلەمانە ئەندامەکان بکرێت، زانیاریی دەربارەی پراکتیکەکانی خۆیان لە ژێر هەر بەندێکدا دەربڕن، بەڵکو زیاتر نزیکبوو لە ڕاهێنانێکی بەرفراوان، کە تیایدا داوا لە پەرلەمانەکان کرابوو دوو یان سێ نموونەی پراکتیک هەڵبژێرن،

کە شایستەی ئەوەن پەرلەمانەکان ئاشنایان بن. سەرەنجامەکان بەپێویست یەکسان نەبوون، چونکە لەلایەکەوە دەشێت نموونەکانی پراکتیکی دیموکراتی ناو ڕێبەرەکە ئەوە نەبن کە دەبێت باشترو زیاتر ئاوڕیان لێ بدرێتەوە، ئەگەر بێتو ڕووپێوێکی وردکارانە ئەنجامبدرێت، لەبەرئەوەی لەواقیعدا ئەوانە چەند نموونەیەکن خودی پەرلەمانەکان هەڵیانبژاردونو بۆیان ناردوینو ڕووبەرێکی تەواو نەبوە بۆ خستنەڕوویان لەم ڕێبەرەدا. لەلایەکی دیکەوە، بۆ زامنکردنی برێکی ماقوڵ لە هەمەلایەنی لە ڕووماڵکردنی بابەتەکاندا، هێما بۆ هەندێک نموونەی دیکەی وەڵامی پەرلەمانەکان کراوە، کە لە ڕووپێوکردنەکانی ڕابردووی یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتیدا هاتوون. ئەمە سەرەڕای ئەو سەرچاوانەی دیکە (کە لە شوێنی خۆیو لە دەقەکەدا هێمایان بۆ دەکەین).

## هەندێک پابەندی:

پێویستە هێما بۆ ئەوە بکرێت، دوو پابەندی دیکەش لەئارادان. چونکە ئەو نموونانەی پراکتیکی دیموکراتی کە لەم ڕێبەرەدا هاتوون، پشت بەو خەسڵەتو بەڵگەنامانە دەبەستن کە خودی پەرلەمانەکان پێشکەشیانکردونو هەمیشە دەرفەتمان نەبوە دڵنیابین لە ڕادەی چاکییانو لەوەی داخۆ ئەوانە سەرکەوتوانەو بەدرێژایی ڕۆژگار بەردەوامبوون. بۆ نموونە، تا چ ڕادەیەک خەڵک سوودیان لەو دەرفەتە نوێیانە وەرگرتوە، بۆ کاریگەریخستنە سەر چالاکییە یاسادانەرییەکانی پەرلەمان؟ ئایا بەهێزکردنی دەسەڵاتەکانی چاودێریکردنی پەرلەمان بۆتە هۆی ئەوەی حکومەت زیاتر ملکەچی لێپێچینەوە بێت؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە دەکەوێتە دەرەوەی چوارچێوەی ئەم کتێبە، لەگەڵ ئەوەشدا نموونە پراکتیکییە چاکەکان، کە پەرلەمانەکان تاقیانکردونەتەوەو هەمواریانکردون، شایانی بڵاوکردنەوەن، ئەگەرچی سەرکەوتنی تەواویان بەدەست نەهێناوە، یان بوونەتە هۆی ئەو گرفتانەی بەخەیاڵدا نەهاتوون.

لەم سیاقەدا، پێویستە هەموان دەربارەی ئەوە ورپابکەینەوە، کە جێبەجێکردنی دیموکراسی لەواقیعدا گەلێک جار پێویستی بەوەیە، هەڵبژاردن لەناو ئەو ڕێسا یان بەها ڕکابەرانەدا بکرێت، کە تیایاندا هاوکات ئامانج بەدەست نایەت. بۆیە ئەرکی سەرشانی پەرلەمانەکانە ئاسانکاریی بۆ ڕۆژەڤە یاسادانەرییەکانی حکومەت بکەنو لێیان وردبنەوەو دەستکاریان بکەن، چونکە دەشێت ئامێزگرتنە (حصانە) پەرلەمانییەکان نوێنەرەکان لە ستەمی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بپارێزن، بەڵام

پراکتیکی تاوانکارانەیان پێ پەردەپۆشبکرێت. هەروەها لەوانەیە دەرفەترەخساندنی تەواو بۆ پێشکەشکردنی دەستپێشکەریی تاکەکەسیانەی ئەندامانی پەرلەمان، ببێتە هۆی پشێویخستنە ناو خشتەی کاری پەرلەمانو ڕێکخستنی کاری پەرلەمانتارانەوە. دەشێت سیستەمەکانی هەڵبژاردنی پشتبەستوو بە لیستی بازنەکانی هەڵبژاردن دەرفەتی پێکگەیشتنی نوێنەرەکانو هەڵبژێرەکان زیاتربکەن، بەڵام ئەو جۆرە پەرلەمانانە بهێننەئاراوە، کە لە زۆر ڕووەوە نوێنەری هەڵبژێرەکان نین بەگشتی. گەلێک شێوازی ناکۆک و هەڵبژاردنی هاوشێوەی دیکە هەن بە ڕوونی لەو وەڵامانەوە دەرکەوتوون، کە پەرلەمانەکان ناردویانەو لەناو دەقەکەو زۆر شوێندا گفتوگۆ دەربارەیان کراوە.

لەسایەی ئەو پابەندیانەدا، نموونەکانی پراکتیکی چاک کە لەم ڕێبەرەدا هاتوون، کورتەیەک دەربارەی ئەوەمان پێدەبەخشن، پەرلەمانی دیموکراتی بۆی تێدەکۆشێت. هەروەها دەریدەخەن، پەرلەمانەکان لە گشت ناوچەکانی جیهاندا کۆششی بێوچان دەکەن، بۆ بەرەنگاربوونەوەی تەحەدداکانی ئەم سەردەمەو زۆرجار ئەوە لە ڕێگەی چاککردنی کارڕاییەکانی ئێستاو ڕێگەکانی پەیوەندیکردن بە جەماوەرەوە ئەنجامدەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا، دەشێت ڕووداوەکە هەندێک جار لەو جۆرە بێت کە دووبارەنابێتەوەو پەرلەمان تیایدا ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە چارەسەرکردنی قەیرانێکی نیشتمانیدا، یان بەرەنگاری چرکەساتێکی چارەنووسساز دەبێتەوە کە پەیوەندیی بە بڕیاری نیشتیمانییەوە هەیە، ئەو مەسەلەیەی وادەکات پێگەی پەرلەمان لەبەرچاوی خەڵک لە هەمووشتێکی دیکە بەرزتربێت. بۆیە پەرلەمانی ئۆکرانی، لە نامەکەیدا بۆ ڕێبەرەکە، سەرنجی ئێمەی بۆ ئەو ڕۆڵە ڕاکێشاوە، کە گێڕاویەتی بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانە نیشتیمانییەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی پڕ کەموکوڕیی کۆتایی ساڵی٢٠٠٤ سەریهەڵدابوو. پەرلەمانی تورکیش باسی ئەو دەنگدانە گرنگە دەکات، کە لە کاتی جەنگی عیراق ساڵی ٢٠٠٣دا ڕوویداو بوە هۆی ڕەتکردنەوەی بەکارهێنانی زەویی تورکیا لەلایەن هێزی بیانییەوەو ناردنی هێزی حکومەتی تورکیا بۆ دەرەوە، لەلایەن زۆرینەی پەرلەمانەوە. بێگومان پێشوەخت چاوەڕوانی ئەمجۆرە چرکەساتانە یان دانانی ئەو یاسایانە نەکراوە، بەڵام وەک کۆمەڵە نامەیەکی وریاکردنەوەی سووبەخشن دەربارەی ئەوەی کارڕاییە دیموکراتییە پێڕەویکراوەکان لە هەر پەرلەمانێکدا هەرچییەک بن، ئەوا توانای بەرزبوونەوە بۆ ئاستی ڕووداو و «قسەکردن لەبری نەتەوە» لە ساتەوەختی بڕیاردانی نیشتیمانی چارەنووسسازدا، ئەو شتەیە کە وادەکات پەرلەمان لەبەرچاوی میللەت پایەداربێت.

## شێوەی (١-١) چوارچێوەی کار: بەشداریکردنی پەرلەمانتارانە لە دیموکراسیدا

| ئامانج یان بەها بنچینەییەکان- پێویستە پەرلەمان: | پێداویستییەکان | ئامرازە کارڕاییو دامەزراوەییە شیاوەکان بۆ هێنانەدیی ئەو ئامانج یان بەهایانە |
|---|---|---|
| *پەرلەمانێکی نوێنەری گشت توێژەکانی میللەت بێت* | پەرلەمانێکی هەڵبژێراو، کە لە ڕووی کۆمەڵایەتیو سیاسییەوە نوێنەری میللەتەو دەروەستە بە پرنسیپی یەکسانیی دەرفەتەکان بۆ ئەندامەکانی، هەتاکو بتوانن ئەو فرمانانە جێبەجێبکەن کە لەئەستویاندایە. | - دانانی سیستەمو پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی ئازادانەو سەرڕاست، بە پێڕەویکردنی ئەو ئامرازانەی نوێنەرایەتیکردنو بەشداریکردنی گشت کەرتەکانی کۆمەڵگە مسۆگەردەکەن، بەشێوازێک کە تاودەرەوەی هەمەڕەنگیی نیشتیمانیو یەکسانیی نێوان ژنو پیاو بێت، لە ڕێگەی بەکارهێنانی کارڕاییگەلی تایبەتییەوە، وەک ئەو کارڕاییانەی نوێنەرایەتیکردنی گرووپە پەراوێزکراوەکان یان دورخراوەکان زامندەکەن.<br>- بوونی کارڕاییو ڕێکخراوو سیستەمگەلی حیزبیی کراوەو دیموکراتیانەو سەربەخۆ.<br>- دانانی میکانیزمگەلی لەو جۆرەی مافەکانی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیو |

| ئامانج یان بەها بنچینەییەکان- پێویستە پەرلەمان: | پێداویستییەکان | ئامرازە کارڕاییو دامەزراوەییە شیاوەکان بۆ هێنانەدیی ئەو ئامانج یان بەهایانە |
|---|---|---|
| | | هێزە سیاسییەکانی دیکە مسۆگەردەکەنو ڕێگە بە گشت ئەندامەکان دەدەن، ئازادانەو بێ ملکەچبوون بۆ کاریگەری یان گوشارگەلی ناپێویست، کاری نوێنەرایەتیکردنی خۆیان جێبەجێبکەن.<br>- ئازادیی دەربڕینو پێکهێنانی کۆمەڵەکانو زامنکردنی مافو ڕێزگرتنی ئامێزگرتنە پەرلەمانتارییەکان. لەوانە سەرڕاستیی سەرۆکەکانی پەرلەمانەکانو پۆستەکانی دیکە.<br>- گرتنەبەری ئەو سیاسەتو کارڕاییانەی پشتبەستوون بە دەرفەتی یەکسانو جیاوازی نەکردن لە ڕووی سەعاتو هەلومەرجەکانی کارکردنەوەو دابینکردنی ئاسانکارییە زمانەوانییەکان بۆ گشت ئەندامەکان. |

| ئامانج یان بەها بنچینەییەکان- پێویستە پەرلەمان: | پێداویستییەکان | ئامرازە کارڕاییو دامەزراوەییە شیاوەکان بۆ هێنانەدیی ئەو ئامانج یان بەهایانە |
| --- | --- | --- |
| *پەرلەمانێکی شەفاف* | پەرلەمانێک کراوەبێت بە ڕووی نەتەوەداو لە بەڕێوەبردنی کارەکانیدا شەفاف بێت. | - گرتنەبەری کارڕاییگەلی ئاشکراو پێشکەشکردنی زانیاریگەلی پێشوەخت بە جەماوەر، دەربارەی کارەکانی پەرلەمانو دەستەبەرکردنی بەڵگەنامەکان بە زمانە پەیوەندیدارەکانو سەرچاوەکانی مەعریفە بۆ بەکاربەر، وەک ئامرازە جۆربەجۆرەکانی ڕاگەیاندن، لەوانە تۆڕی جاڵجاڵۆکەئاسای جیهانی. پێویستیی دەستەبەرکردنی فەرمانبەرانو ئاسانکارییەکانی تایبەت بە پەرلەمان لە بواری پەیوەندییە گشتییەکاندا.<br>- دانانی یاسایەک سەبارەت بە ئازادیی بەدەستهێنانی زانیارییەکان. |
| *پەرلەمانێکی دەستەبەرکراو بۆ هەموان* | بەشداریپێکردنی جەماوەر، بەتایبەتی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو ڕێکخراوە ئەهلییەکانی دیکە لە کارەکانی پەرلەماندا. | - دەستەبەرکردنی ئامرازە جۆربەجۆرەکان بۆ هەڵبژێرەکان، هەتاکو بتوانن بگەنە نوێنەرەکان. |

| ئامانج یان بەها بنچینەییەکان- پێویستە پەرلەمان: | پێداویستییەکان | ئامرازە کارڕاییو دامەزراوەییە شیاوەکان بۆ هێنانەدیی ئەو ئامانج یان بەهایانە |
|---|---|---|
| *پەرلەمانێکی ملکەچی لێپێچینەوە* | ملکەچبوونی ئەندامانی پەرلەمان بۆ لێپێچینەوە لەلایەن هەڵبژێرەکانەوە، دەربارەی ڕاییکردنی کارەکانی پەرلەمانو سەرڕاستیی ڕەفتاریان. | - گرتنەبەری شێوازە کاراکانی بەشداریکردنی میللی لە توێژینەوەو لێکۆڵینەوەکردن دەربارەی پڕۆژەکان پێش هەموارکردنیان.<br>- پابەندبوون بە مافی گفتوگۆکردنی ئاشکرا بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکانو پابەندبوون بە مافی گشتیی پێشکەشکردنی پاڕانەوەوەو گرتنەبەری کارڕاییگەلی مەنهەجی بۆ سکاڵاکردن.<br>- بوونی توانای کارپێکردنی گوشار لەلایەن گرووپەکانی گوشارەوە، لەو سنوورەدا کە لە یاسای زامنکردنی شەفافیەتدا هاتوە.<br>- سەپاندنی سزاکانو گرتنەبەری کارڕاییە چاودێرییە چالاکەکان دەرهەق بە سەرپێچییەکان لە هەڵبژاردندا. دانانی چەندین کارڕایی بۆ ئاسانکردنی ئاگاداربوونی هەڵبژێرەکان لە |

| ئامانج یان بەها بنچینەییەکان- پێویستە پەرلەمان: | پێداویستییەکان | ئامرازە کارڕاییو دامەزراوەییە شیاوەکان بۆ هێنانەدیی ئەو ئامانج یان بەهایانە |
| --- | --- | --- |
| *پەرلەمانێکی کارا لەسەر هەموو ئاستەکان:* | ڕێکخستنی چالاکانەی کارەکان بەپێی ئەو ڕێساو بەها دیموکراتیانە. | کاروبارەکان. دانانی پێوانەو ڕاێساکانی ئەو ئاکارانەی پێویستە پێڕەویبکرێن.<br>– تەرخانکردنی موچەی گونجاو بۆ ئەندامەکان. هەڵوەستەکردن لەئاست بەرژەوەندییەکانو سەرچاوەکانی داهاتی دەرەکیی ئەندامەکاندا. دانانی چەند پابەندییەک، کە پێویستە جێبەجێبکرێنو پراکتیزەکردنی شەفافیەت کاتی کۆکردنەوەو سەرفکردنی پارە بۆ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن.<br>– دانانی میکانیزمەکانو دەستەبەرکردنی ئەو سەرچاوانەی سەربەخۆیی پەرلەمان مسۆگەردەکەنو وادەکەن خاوەن بڕیار بێت، لەوانە کۆنترۆڵکردنی بودجەی تایبەت بەخۆی.<br>– دەستەبەرکردنی گرووپێکی کاری پیشەکارو بێلایەنو سەربەخۆ بۆ خزمەتکردنی مەدەنیی سەرەکی. |

| ئامانج یان بەها بنچینەییەکان- پێویستە پەرلەمان: | پێداویستییەکان | ئامرازە کارڕاییو دامەزراوەییە شیاوەکان بۆ هێنانەدیی ئەو ئامانج یان بەهایانە |
| --- | --- | --- |
| (أ)لەسەر ئاستی نیشتیمانی: | بەجێگەیاندنی چالاکانەی یاسادانانو وردبینیو کارکردن، وەک دیدارێکی نیشتیمانی بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی ئەو بابەتانەی جێی بایەخی هاوبەشن. | - دەستەبەرکردنی ئاسانکاریی توێژینەوەو زانیاریی گونجاوو بێلایەن بۆ ئەندامەکانی پەرلەمان. پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی پەرلەمان. گرتنەبەری کارڕاییگەلی کارا بۆ نەخشەدانان بۆ کارەکانو دانانی خشتەی کاتدار بۆ کارەکان. دانانی چەند سیستەمێک بۆ چاودێریکردنی ڕاییکردنی کارەکانی پەرلەمان. ئەنجامدانی ڕاپرسی لەناو پەیوەندیداراندا، سەبارەت بە تێبینییەکانیان دەربارەی ڕاییکردنی کاری پەرلەمان.<br>- گرتنەبەری کارڕاییگەلی مەنهەجی بۆ لێپێچینەوە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن. بەخشینی دەسەڵاتو دەرامەتی گونجاو بە لیژنەکان. لێپێچینەوە لە دامودەزگاو لیژنە گشتییە ناحکومیەکان لەبەردەم پەرلەماندا. |

| ئامانج یان بەها بنچینەییەکان- پێویستە پەرلەمان: | پێداویستییەکان | ئامرازە کارڕایی‌و دامەزراوەییە شیاوەکان بۆ هێنانەدیی ئەو ئامانج یان بەهایانە |
| --- | --- | --- |
| | | - دانانی ئەو میکانیزمانەی بەشداریکردنێکی پەرلەمانتاریی چالاک لە پرۆسەی هەموارکردنی بودجەی نیشتیمانی‌و گشت قۆناغەکاندا مسۆگەردەکەن، لەوانە پێداچوونەوەی دواتر بە ژماردنەکاندا.<br>- توانای تاوتوێکردنی ئەو بابەتانەی جێی بایەخپێدانی زۆری تاکەکانی کۆمەڵگەن. ناوبژیکردن لەکاتی ڕوودانی پشێویداو ڕێگەگرتن لە کەوتنەوەی ململانێ توندوتیژەکان. سازاندنی دامەزراوە گشتییەکان بەشێوەیەک کە وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی گشت دانیشتوان بن.<br>- سەبارەت بەو پەرلەمانانەی ڕازیدەبن لەسەر دامەزراندنەکان بۆ پۆستە گەورەکان‌و کاری دادوەریش ڕاییدەکەن: دانانی ئەو میکانیزمانەی دادپەروەری، ویژدان‌و بێلایەنی لە کارڕاییەکاندا زامندەکەن. |

| ئامانج یان بەها بنچینەییەکان- پێویستە پەرلەمان: | پێداویستییەکان | ئامرازە کارڕاییو دامەزراوەییە شیاوەکان بۆ هێنانەدیی ئەو ئامانج یان بەهایانە |
| --- | --- | --- |
| (ب) لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی: | بەشداریکردنی چالاکانەی پەرلەمان لە کاروبارە نێودەوڵەتیەکاندا. | - گرتنەبەری ئەو کارڕاییانەی چاودێریکردنی پەرلەمانتاری بۆ دانوستاندنە نێودەوڵەتییەکانو بەشداریکردن تیایاندا مسۆگەردەکەن، ئەمە وێڕای سەرپەرشتیکردنی ئەو هەڵوێستانەی حکومەت دەیانگرێتەبەر. دانانی ئەو میکانیزمانەی دەرفەتی چاودێریکردنی پەرلەمان بەسەر ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوەو بەشداریکردن لە ڕاوێژکارییەکانیاندا دەرەخسێنن. دانانی ئەو میکانیزمانەی دەروەستبوونی نیشتیمانی بە ڕێسا نێودەوڵەتیەکانو حوکمی یاسا زامندەکەنو دانانی بنچینەکانی هاوکاریکردنی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتیو دیبلۆماسییەتی پەرلەمانتارانە. |

| ئامانج یان بەها بنچینەییەکان- پێویستە پەرلەمان: | پێداویستییەکان | ئامرازە کارڕاییو دامەزراوەییە شیاوەکان بۆ هێنانەدیی ئەو ئامانج یان بەهایانە |
|---|---|---|
| (ج) لەسەر ئاستی ناوچەیی: | پەیوەندیی هاریکاریانە لەگەڵ ئەنجومەنەکانی یاسادانان لەسەر ئاستی دەوڵەتو هەرێمیو ناوچەیی. | ڕێکوپێکەکانی نێوان سەرۆکەکانی پەرلەمانەکان یان دەستەکانی یاسادانانی نیشتیمانیو نیمچەنیشتیمانی سەبارەت بە بابەتە سیاسییە نیشتیمانییەکان، ئەوانەی بڕیاردانەکان بەشێوەیەک مسۆگەردەکەن، کە گونجاون لەگەڵا پێداویستییە ناوچەییەکاندا. |



# پەرلەمانێک نوێنەری میللەت بێت

# ٢-پەرلەمانێک نوێنەری میللەت بێت

یەکەمین پێوانە بۆ پەرلەمانێکی دیموکراتی ئەوەیـــە نوێنەری میللەت بێت. ئەمەش بە پلەی یەکەم مانای ئەوەیە، پەرلەمان تاودەرەوەی ئەو ویستە میللییە بێت، کە هەڵبژێرەکان لە کاتی هەڵبژاردنی نوێنەرەکانو حیزبە سیاسییەکانیاندا گوزارشتیان لێ کردوە. لەم بارەیەوە، بوونی پەرلەمانێک، کە بەشێوەیەکی دیموکراتیانە هەڵ نەبژێراوە، یان خەوشیی لە کارڕاییەکانی هەڵبژاردنو سیستەمی هەڵبژاردندا هەیە، دەبێتە هۆی لەدەستدانی ڕەوایەتیو کەمبوونەوەی توانای گوزارشتکردنی لە ڕای گشتیی، سەبارەت بە مەسەلەو بابەتە گرنگەکان. هەروەها دەبێت پەرلەمان تاودەرەوەی فرەڕەنگیی کۆمەڵایەتیانەی دانیشتوان بێت (لە ڕووی جۆر، زمان، ئایین، ڕەگەز یان خەسڵەتە سیاسییە گرنگەکانی ترەوە). بوونی پەرلەمانێک، کە لەم ڕووەوە نوێنەرایەتیی میللەت نەکات، دەبێتە هۆی بێبەشبوون، بەڵکو دوورخستنەوەی تەواوەتیی هەندێک توێژی کۆمەڵگە، لە پرۆسەی سیاسی. بەهۆی ئەمەشەوە چەند سەرەنجامێک دێنەئاراوە، کە کاریگەریان لەسەر کواڵیتی ژیانی خەڵک، یان ئارامیی سیستەمی سیاسیو کۆمەڵگە بەگشتی دەبێت.

بوونی پەرلەمانێکی دیموکراتی، کە خەسڵەتی نوێنەرایەتی بە هەموو ماناکان تێدا بەرجەستەبێت، گرێدراوی پێکهێنانی خودی پەرلەمانە، کە دەرهاویشتەی پرۆسەی هەڵبژاردنە. ئەمە وێڕای پێڕەویکردنی چەند کارڕاییەکی دادپەروەرانەو هەمەلایەن، کە دەرفەت دەرەخسێنن بۆ ئەوەی ئەندامەکان گوزارشت لە بیروڕای خۆیان بکەنو بەیەکسانی لەگەڵ ئەوانی دیکە بەشداریی لە چالاکیی پەرلەماندا بکەنو گەشە بە داهاتووی پەرلەمانتارانەی خۆیان بدەن. لەسەرەتاوە پێکهێنانی پەرلەمان وەک بەرهەمی کارێکی پێشوو

(پرۆسەی هەڵبژاردن) خۆی دەنوێنێت، بەڵام پەرلەمان وێڕای ئەوە دەتوانێت چوارچێوەیەک بۆ پێکهاتنی، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، دابنێت. ئەمەش بەهێنانەئارای دەسەڵاتێکی یاسادانانی ڕێگەپێدراو، کە دەتوانێت ڕێساکان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان دابنێت. سەبارەت بەو کارڕاییە دادپەروەرو هەمەلایەنانەش، ڕووندەبێتەوە، کە ئەوانە ملکەچی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی خودی پەرلەمانن.

## ئەو ڕێساو کارڕاییانەی هەڵبژاردن
## کە بوونی پەرلەمانێکی نوێنەری میللەت مسۆگەردەکەن

سێ خەسڵەتی پرۆسەی هەڵبژاردن هەن زەمینە بۆ بوونی پەرلەمانێکی نوێنەری میللەت خۆشدەکەن: یەکەمو گرنگترینیان زامنکردنی پێڕەویکردنی کارڕاییگەلی هەڵبژاردنی دادپەروەرانەیە، کە دابینی ئەوە دەکات هیچ هەڵبژێر، یان کاندیدکراو، یاخود حیزبێک دووچاری بێبەشکردن، یان جیاوازیکردن نەبێت. لەئێستادا پێوانەکانی «هەڵبژاردنە ئازادو سەرڕاستەکان» زۆر گەشەیانکردووەو ڕووماڵی هەمووشتێک دەکەن، لە تۆمارکردنی ناوی هەڵبژێرو حیزبەکانەوە بیگرە، تا بە گشت لایەنەکانی خودی پرۆسەی هەڵبژاردندا تێدەپەڕێت، ئینجا بە کارڕاییەکانی تانەدان لە سەرەنجام کۆتاییدێت. پێویستە هەموئەوانەش لەلایەن لیژنەیەکی هەڵبژاردنی سەربەخۆوە سەرپەرشتی بکرێت. ئەگەرچی ئەو پێوانانە زۆر وردەکاری لەخۆدەگرن، بەڵام بۆ ئەوە داڕێژراون کە پرنسیپێکی زۆر سادە دەستەبەربکەن، ئەوەی لە «پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان»دا (The International covenant on Civil & Political Rights) هاتووە (بڕوانە ئەو خشتەیەی خوارەوە). لێرەدا درێژەنادەین بە گفتوگۆکردن دەربارەی ئەو پێوانانە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە دەشێت ئەو پێوانانە هەڵکشێن بۆ پلەی بەڵگەنەویستەکان. چونکە گەلێک نموونەی هەندێک وڵات هەن، دەریدەخەن دەستدرێژیدەکرێتە سەریان، یان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک جێبەجێ ناکرێن. ئەمەش پێویستیدەکات، بەردەوام بایەخ بە ڕەچاوکردنی ئەو پێوانانە بدرێت، ئەگەر ئامانج ئەوە بێت دەستکاریی خەسڵەتی نوێنەرایەتیکردنی پەرلەمان نەکرێت.

## چوارگۆشەی
## پەیمانی نێودەوڵەتیی تایبەت بە مافە مەدەنیو سیاسییەکان (بەندی ٢٥)

هەر هاووڵاتیەک مافی ئەوەی هەیە:
أ -بەشداربێت لە بەڕێوەبردنی ژیانی گشتیدا، جا ئەوە ڕاستەوخۆ بێت یان لە ڕێگەی ئەو نوێنەرانەی ئازادانە هەڵبژێردراون.
ب -لە خولی هەڵبژاردنە ڕەسەنەکانداو لەسەر بنچینەی یەکسانی هەڵبژێرنو هەڵبژێردرێن، بەمەرجێک هەڵبژاردنەکە بەشێوەی دەنگدانی نهێنی ڕووبداتو دەربڕینی ئازادانەی هەڵبژێرەکانی تیادا مسۆگەرکرابێت.
ج -لەسەر بنچینەگەلی یەکسانی لە وڵاتەکەیدا خزمەتگوزارییە گشتییەکان بەدەستبێنێت.

**سەرچاوە:** پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بەمافە مەدەنیو سیاسییەکان، کە لە ڕۆژی ٢٠ی تەمموز/ جوڵای ٢٠٠٥ لە «ئۆفیسی کۆمیساری سامیی نەتەوە یەکگرتوەکان تایبەت بە مافەکانی مرۆڤـو لەم سایتە وەرگیراوە: http:llwww.unhchr.ch/html/menu٣/b/a_ccpr.htm

لەهەمان کاتدا، پێویستە ئەو پابەندانە فەرامۆش نەکەین، کە دەستوپێی دەنگدان دەبەستنو ڕێگردەبن لەبەردەمی ئەوەی پەرلەمان نوێنەری میللەت بێت. لەم بارەیەوە، ئەو ڕاپۆرتەی بەتایبەت لەلایەن سەڵتەنەتی عومانەوە پێشکەشکراوە، هێما بۆ ئەوە دەکات، لە دواهەڵبژاردنی ئەنجومەنی شورای ساڵی ٢٠٠٣دا سنووری مافی دەنگدان فراوانکراوە، بۆ ئەوەی گشت ئەو هاوڵاتیانە بگرێتەوە، کە تەمەنیان لە سەروو ٢١ساڵەوەیە. لەکاتێکدا هەندێک وڵات سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشن، بەو دواییانە سنووری مافی دەنگدانیان فراوانکردوە، هەتاکو ئەو هاوڵاتیانەش بگرێتەوە، کە لە دەرەوەی وڵات دەژین. ئەمەش کارڕاییەکی زۆر گرنگە بۆ ئەو وڵاتانەی ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیانیان وەک کرێکاری کۆچکردو لە دەرەوەی وڵات کاردەکەن. بەو جۆرە فلپین ساڵی ٢٠٠٣ نزیکەی ٥ر٧ملیۆن هەڵبژێری نوێی ئەم توێژەی خستە سەر ژمارەی هەڵبژێرەکان. کەچی مەکسیک ساڵی٢٠٠٥ زیاتر لە ١٠ملیۆنی خستە سەر ژمارەی دەنگدەرەکان. لەم ماوەیەی دواییشدا، هەندێک وڵاتی دیکە لە ڕێگەی کەمکردنەوەی تەمەنی یاسایی دەنگدانەوە، لە ١٨وە بۆ ١٦ ساڵا، سنووری مافی دەنگدانیان فراوانکرد.

## بۆ خوێندنەوەی زیاتر لەسەر پێوانەکانی هەڵبژاردنگەلی ئازادانەی سەرڕاست، لە تۆڕی ئینتەرنێتدا:

European Commission for Democracy Through Law (Venice Commission) (2002). Guidelines on elections.
<http://www.venice.coe.int/docs/2002/CDL-AD(2002)013-e.asp>

Goodwin-Gill, G. (2006). Free and fair elections. Inter-Parliamentary Union
<http://www.ipu.org/PDF/publications/Free&Fair06-e.pdf>

Inter-Parliamentary Union (1994). Declaration on Criteria for Free and Fair Elections. <http://www.ipu.org/cnl-e/154-free.htm>

Nelson, S (2003). Standards to judge elections. Administration and Cost of Elections Project. <http://www.aceproject.org/main/english/ei/eig04b.htm>

Organization for Security and Co-operation in Europe, Office for Democratic Institutions and Human Rights (2003). Existing commitments for democratic elections in OSCE prticipating states.
<http://www.osce.org/documents/odihr/2003/10/772_en.pdf>

Southern Africa Development Community (2004). SADC principles and guidelines governing democratic elections.
<http://www.iss.co.za/AF/RegOrg/unity_to_union/pdfs/sadc/elecprinciples.pdf>

Southern Africa Development Community Parliament Forum (2001). Norms and standards for elections in the SADC region.
<http://www.sadcpf.org/documents/SADCPF_ElectionsNormsStandards.pdf>

## سیستەمەکانی هەڵبژاردن:

دوەمین خەسڵەتی پرۆسەی هەڵبژاردنی زەمینەسازکەر بۆ بوونی پەرلەمانێکی دیموکراتیی وەها، کە بەشێوەیەکی سیاسیانەی ڕاستەقینە نوێنەرایەتی میللەت بکات، چۆنییەتی ئەو سیستەمی هەڵبژاردنەیە، کە لە چوارچێوەی ژینگەی کۆمەڵایەتیو سیاسیی وڵاتەکەدا کاری پێ دەکرێتو ڕادەی دادپەروەریی مامەڵەکردنی سیستەمەکەیە لەگەڵ حیزبە سیاسییە جۆربەجۆرکاندا. چونکە

ڕادەی ئەو پشتگیریکردنەی ئەوانە لە هەڵبژاردندا بەدەستیدێنن، باشترین بەڵگەیە بۆ ڕای گشتی. لێرەشدا چەندین جۆری سیستەمی هەڵبژاردن هەن کە ئیمڕۆ پێڕەویدەکرێن، بەڵام بەربڵاوترینیان ئەم سێ دانەیەیە:

- سیستەمی هەڵبژاردنی تاکەکەسی، ئەوەی پێیدەوترێ سیستەمی زۆرینە (Plurality System) یان «ئەوەی زۆرترینی دەنگەکانی بەدەستهێناوە» (First Past the Post). لەم سیستەمەدا هەڵبژێرەکان لە بازنە تاکەکەسییەکاندا دەنگدەدەنە کاندیدکراوێک و ئەو کاندیدکراوە هەڵدەبژێرێت کە زۆرترینی دەنگەکان بەدەستدێنێت، جا زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێنابێ یان نا. لە هەندێک وڵاتدا، سیستەمی دەنگدانی ئەڵتەرناتیف، یان جێمی دوەمی دەنگدان زامنی ئەوە دەکات، هیچ کاندیدکراوێک هەڵنەبژێرێت، ئەگەر زۆرینەی دەنگەکانی هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن بەدەست نەهێنێت.
- سیستەمی لیستی حیزبی (Party List System). لەم سیستەمەدا حیزبە سیاسییەکان لیستی ناوی کاندیدکراوەکانی خۆیان، بەپێی ڕیزبەندییەکی دیاریکراو لە بازنەکانداو بەپێی ژمارەی ئەندامەکان، پێشکەشدەکەن. دەشێت ئەو لیستانە لەسەر ئاستی هەرێمێک یان دەوڵەتێک بێت. ژمارەی کاندیدکراوە هەڵبژێرەکانی هەر لیستێکی حیزبی، هاوتادەبێت لەگەڵا سەرجەمی ئەو دەنگدانەی لە بەرژەوەندیی هەر حیزبێکی بازنەکدا دراون.
- سیستەمی تێکەڵا (Mixed-member System) یان سیستەمی ئەندامە زیادکراوەکان (Additional-member System). لەم سیستەمەدا هەڵبژێرەکان دوو دەنگ دەدەن، یەکێک بە کاندیدکراوی ئەو بازنەیەی بەپێی سیستەمی زۆرینە بەشداریی تێدا دەکەن، ئەویتریش بە لیستی حیزبی. کاریگەریی لیستی حیزبی لەوەدا بەرجەستەدەبێت، کە وادەکات هاوسەنگیی گشتیی نێوان حیزبەکان لە پەرلەماندا، هاوتاتربێت لەگەڵ سەرجەمی ئەو دەنگانەی بەدەستیدێنن. ئەو هاوسەنگییەش گرێدراوی ژمارەی ئەندامە هەڵبژێراوەکانە، بەپێی هەر سیستەمێک.

ئەگەر شیکارانە بڕوانرێتە ئەو سیستەمانە ئەوا دەردەکەوێت، سیستەمی زۆرینە پەرلەمانێکی ناهاوتا بەرهەمدێنێت، کە لە ڕووی دەنگەکانەوە هەرگیز هاوسەنگ نییەو نوێنەری ڕاستەقینەی ڕای میللیی وڵاتێک نابێت. لە بەراوردێکدا، کە لەنێوان سەرەنجامی دواهەڵبژاردنەکانی هیندستانو ئینگلستاندا کراوە، ڕوونبۆتەوە تا چ ڕادەیەک ئەو دۆخە گرێدراوی ژینگەی وڵاتی دیاریکراوە (بڕوانە چوارگۆشەی

ڕوونکـــەرەوەی خـــوارەوە). ئەگەرچی سەرەنجامی هەڵبژاردنەکانی هیندستان، جیاوازییەکی زۆر گەورە لەنێوان دەنگەکانو ئەو کورسیانەدا دەشارێتەوە، کە حیزبە سیاسییە دیاریکراوەکان لە هەر ویلایەتێکدا بەدەستیاندێنن، بەڵام سەرەنجامی کۆتایی بەگشتی گوزارشت لە ڕای سیاسیی سەرتاپای وڵات دەکات. لەکاتێکدا لە هەڵبژاردنەکانی ئینگلستان پەرلەمانێک بەرهەمهاتوە، کە بەشێوەیەکی ڕاستەقینە نوێنەرایەتیی میللەت ناکات.

## چوارگۆشەی سەرەنجامی هەڵبژاردنەکانی هیندستانو ئینکلستان

| | ڕێژەی سەدیی دەنگەکان | کورسییەکان | ڕێژەی سەدیی کورسییەکان |
|---|---|---|---|
| **هیندستان ٢٠٠٤** | | | |
| حیزبی کۆنگرەو هاوپەیمانەکانی | ٣٦٫٥ | ٢٢٢ | ٤١ |
| حیزبی بهاراتیا جاناتاو هاوپەیمانەکانی دیکەی | ٣٦ | ١٨٩ | ٣٥ |
| **ئینگلستان ٢٠٠٥** | | | |
| حیزبی کرێکاران | ٣٦ | ٣٥٦ | ٥٥ |
| حیزبی موحافەزەکاران | ٣٣ | ١٩٧ | ٣٠ |
| حیزبی دیموکراتە ئازادیخوازەکان | ٢٣ | ٦٢ | ١٠ |
| ئەوانی دیکە | ٨ | ٣١ | ٥ |

**سەرچاوە: یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتی**

سیستەمی حیزبی بۆ ئەوە دانراوە، پەرلەمانێک بەرهەمبێنێت کە بەشێوەیەکی گشتی ڕەنگدانەوەی بژارەکانی هەڵبژێرەکان بێت لە حیزبەکانداو نیشانەی بڵاوبوونەوەی ئاقاری سیاسی بێت لە وڵاتدا. لە خەوشییەکانی ئەم سیستەمە ئەوەیە، دەشێت پەیوەندیی نێوان هەڵبژێرەکانو نوێنەرێکی ناوچەیی بەناوبانگ بپچڕێنێت. ئەو پەیوەندییەی دەشێت گرنگ بێت بۆ ئاسانکردنی پێکگەیشتنی کاندیدکراوەکان لەگەڵ هەڵبژێرەکانو بۆ نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندییە ناوچەییەکانیان. ئەو ڕاپۆرتانەی پەیوەندییان بەم لێکۆڵینەوەیەوە هەیە دەریانخستوە، ژمارەیەک لەو پەرلەمانانەی بڕوایان بە سیستەمی بازنەی تاکەکەسی هەبوە، لەم دواییانەدا سیستەمی حیزبیشیان خستۆتە سەر. بەوپێیەی سادەترین چاکسازییە زامنی ئەوە دەکات، پەرلەمان بگۆڕێت بۆ پەرلەمانێک، کە هەمەلایەنتربێتو باشتر نوێنەرایەتیی بیروڕای میللەت بکات. بۆ نموونە، ساڵی٢٠٠٢ پەرلەمانی مۆناکۆ توخمی ڕێژەیی خستە ناو سیستەمی دەنگدانی دووقۆناغیی بازنەکانی هەڵبژاردنەوە، هەتاکو نوێنەرایەتییەکی سیاسیی هەمەلایەنتر لە ئەنجومەنی نیشتیمانیدا مسۆگەربکرێت. ساڵی٢٠٠٤ کۆماری کۆریا یاسای هەڵبژاردنی گۆڕی بۆ سیستەمی «تاکەکەس و دوو دەنگ»، کە دەرفەتدەداتە هەر هەڵبژێرێک دەنگێک بداتە کاندیدکراوی بازنەکەی و دەنگێکیش بداتە ئەو حیزبە سیاسییەی بەلایەوە باشە. ئەمەش یاریدەدەربوو بۆ دیاریکردنی شێوازی دابەشکردنی ٥٦کورسیی زیاتر لەسەر بنچینەی ڕێژەیی. «سەرەنجام حەڤدەهەمین ئەنجومەنی نیشتیمانی، نوێنەرایەتییەکی ڕاستگۆیانەی میللەت بوو، چونکە تاودەرەوەی دەنگی گشت توێژەکانی کۆمەڵگە بوو». کاریگەریی چاکسازییەکە لە تواناسازکردنی ئەو کەرتانەی کۆمەڵگە، کە لە پێشوودا بەشێوەیەکی تەواو نوێنەرایەتی نەکرابوون، لەو یاداشتنامەیەدا ڕووندەبێتەوە، لەلایەن ئەندامێکی گرووپی کاری تایبەت بە یەکێتیی پەرلەمانتارییەوە پێشکەشکراوەو تیایدا هاتوە:

«هەموارکردنی «یاسای سیستەمی لیستی حیزبی»ی ساڵی١٩٩٥، کە ڕووماڵی ٢٠٪ی ئەندامێتی ئەنجومەنی نوێنەرانی کۆنگرێسی فیلیپینی یان لانی زۆر ٥٣کورسیی لە سەرجەمی ٢٣٦کورسی دەکات، پێشکەوتنێکی گەورەیە ڕووەو کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی مۆنۆپۆلیانە، کە دامەزراوەکانی کارە گەورەکانو گەورە موڵکدارەکانی زەوی مامەڵەی پێکهێنانی کۆنگرێسیان دەکرد. ئەوە سیستەمی نوێنەرایەتیکردنی ڕێژەیی بوو لەگەڵ سیستەمی بازنەی تاکەکەسی یان سیستەمی بەدەستهێنەری زۆرترینی دەنگەکان. ئەگەرچی

سیستەمی لیستی حیزبی کەموکوڕیی هەیەو پێویستی بە دەستکاریی زۆر هەیە، بەڵام ڕێگەی دا بە هەڵبژاردنی نوێنەرانی کەرتە پەراوێزکراوەکانی کۆمەڵگەی فلپینیو ئەوانەی نوێنەرایەتیی تەواویشیان نەبوو، نوێنەرەکانی خۆیان هەڵبژێرن».

## بۆ خوێندنەوەی زیاتر دەربارەی سیستەمە جۆربەجۆرەکانی هەڵبژاردن لە تۆڕی ئینتەرنێتدا بڕوانە:

Administration and Cost of Elections Project (2003). Electoral systems index. <http://www.aceproject.org/main/english/es/>

Election Process Information Collection Project (2004). EPIC research results for electoral systems. <http://epicproject.org/ace/compepic/en/topics>

International IDEA (2005). Electoral system design: The new International IDEA handbook. <http://www.idea.int/publications/esd/upload/Idea_ESD_full.pdf>

Inter-Parliamentary Union (2006). Parline database module on electoral systems. <http://www.ipu.org/parline-e/parlinesearch.asp>

## کێ بەکردەوە دەنگدەدات؟

وێڕای هەمەلایەنیی مافی دەنگدانو سروشتی سیستەمی هەڵبژاردن، دەشێت ڕادەی نوێنەرایەتیکردنی پەرلەمان بۆ میللەت بکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەوانەی بە کردەوە دەنگدەدەن. سەرەڕای بوونی چەندین هۆکار، کە ڕێگرن لەبەردەم ئەوەی هەڵبژێرەکان دەنگی خۆیان بدەن، هۆکارێکی باویش هەیە و بریتییە لەو بڕوایەی نوێنەرە هەڵبژێراوەکان نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییەکانی خەڵک ناکەن. ئەگەر ئەم بڕوایە لەناو هەندێک کەرتی کۆمەڵگەدا زیاتر لە کەرتەکانی دیکە بڵاوبێتەوە، بێگومان ئەوە دەبێتە هۆی شێواندنی دیمەنی پەرلەمانی هەڵبژێردراو. بۆ نموونە، دەشێت ئەوانەی بەشداریدەکەن لە سپۆنسەرکردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، کاریگەریی بخەنە سەر توانای هەڵبژێراوەکان بۆ گوزارشتکردن لە بیروڕای ئەوان، زیاتر لەوەی گوزارشت لە بیروڕای ئەوانە

بکـــەن کە دەنگیـــان پێ داون. لە بەشـــی تایبـــەت بە لێپێچینەوەدا، بەدرێژی تاوتوێی ئەو نموونانەی پراکتیکی چاک لە ڕێکخستنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنو سـپۆنسـەرکردنی (پارەدارکردنی) حیزبەکاندا کراوە. لێرەدا تەنیا هێمادەکەین بۆ چەنـد توانجێکی پەرلەمانی کەنـەدی، دەربارەی گرنگیی ڕێسـا داراییە توندوتۆڵەکان، بۆ ڕاستبێژیی پرۆسەی هەڵبژاردنو دواتریش بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا:

«حیزبە سیاسییەکان دەکەونە ناخی سیستەمی سیاسی و هەڵبژاردنی نوێوەو توخمێکی بنچینەیین لە هەر سیستەمێکی دیموکراتی بزێوو شایستەی گەشەکردندا. ئەو گۆڕانکارییە نوێیانەی لە یاسای هەڵبژاردنەکانو یاسای باجی داهاتدا کراون، کە کۆنترۆڵی پەرەدان بە (تمویل) حیزبە سیاسییەکانو کاندیدکراوەکان دەکەن، بوونە هۆی ئەوەی سـروشـتی نوێنەرایەتیکردنی سیستەمی هەڵبژاردنی کەنەدی پەرەبستێنێ. ئەم گۆڕانکارییە سەرەکیانە ئەوەیان سەپاند، کە دەبێت سەرچاوەو بەهای پارەدانەکە ئاشکرابکرێت و سـنووریان دانا بۆ ئەو باربووکردنانەی تاکەکان پێشکەشیاندەکردو ڕێگـەیان لەوە گرت بەشـدارە سیاسـییەکان باربووکردنەکانی ڕێکخراوگەلی وەک کۆمپانیاو یەکێتییەکان وەربگرن. هەروەها گۆڕانکارییەکان باسی کارڕاییەکانی پارەدانی گشتیشیان کردوە، بۆ زامنکردنی هێنانەدیی دادپەروەریی بۆ گشت حیزبە سیاسییەکان.

لە کەنەدا سیاسەتمەدارەکان بایەخێکی زۆر دەدەن بە ڕێژەی بەشداریکردن لە پرۆسـەی سـیاسـیدا، بەتایبەتی ڕێژەی بەشداریکردن لەناو هەڵبژێرە گەنجەکاندا. بەهەرحاڵ، ئەم کێشـەیە تەنیا کەنادا ناگرێتەوە، چونکە لە گشـت دەوڵەتـە دیموکراتییـە خۆرئاواییـەکانـدا باوە. ئەو گۆڕانکارییانەی سەرەوە، ئامانجیان بەدەستهێنانەوەی متمانەکردنی جەماوەرە بە سیستەمی هەڵبژاردن».

بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی سپۆنسەرکردنی کاندیدکراوو حیزبەکان، بڕوانە بەشی پێنجەم.

## ئەو ڕێساو کارڕاییانەی هەڵبژاردن کە هەڵبژاردنی پەرلەمانێک زامندەکەن ڕەنگدانەوەی هەمەڕەنگیی کۆمەڵایەتیی دانیشتوانە

لە ڕووی تیۆرییـەوە، سـەختـە لیستێکی هـەمـەلایەن بەنـاوی ئەو توێژە کۆمەڵایەتیانـە ئامادەبکەین، کە دەشێت بەتەواوی نوێنەرایەتی نەکردنیان

لە پەرلەماندا ببێتە سەرچاوەی دڵەڕاوکێ بۆ هەر وڵاتێک، لەگەڵ ئەوەشدا نوێنەرایەتیکردنی ژنـان بۆتـە بابەتێکـی بابەتیانـەی جیهانی. هەروەها نوێنەرایەتیکردنـی کەمایەتـی یان گرووپـە پەراوێزخراوەکان، جا ئـەوانـە زمانەوانی، ئایینی، ڕەگەزی، بنەچەیی بن یان تێکەڵەیەک لە هەموو ئەوانە. یەکێک لە خەسڵەتەکانی پەرلەمانی دیموکراتی لەوەدا بەرجەسـتەدەبێت، کە کۆمەڵێک دابینکاری کارا دابنێت بۆ مسۆگەرکردنی دەرگاکردنەوەی بۆ نوێنەرەکانی هەموو ئەو توێژانە.

## ژنان لە پەرلەمانەکاندا:

پراکتیکی سـیاسـی، تا ڕادەیەکی زۆرو لە گشت کۆمەڵگەکاندا، لەلایەن پیاوەوە قۆرخکراوبـوەو چەندین ئاسـتەنگ سـەریانهەڵداوە، کـە ڕێگربوون لەبەردەم بەشـداریکردنی ژنان لە سیاسـەتدا. لە دەوڵەتـە دیموکراتییـە خۆرئاواییەکاندا، فراوانکردنی سـنووری مافی دەنگدان، بۆ ئەوەی ژنانیش بگرێتەوە، تاڕادەیەک دواکەوت، بەڵام یەکسانیی ژنانو پیاوان لە دەنگداندا، دەرفەتی یەکسانی بۆ گەیشتنە پۆستە گشتیەکان نەڕەخساند. هەتاکو ئیمڕۆ ژنان تەنیا ٤ر١٦٪ی گشت یاسادانەرەکانی پەرلەمانەکانی جیهانەو لە یانزە پەرلەمانـدا هیچ نوێنەرایەتییەکیان نییـە، لە ٦٠ئەنجومەنی نوێنەران یان پەرلەمانیشدا، کە لە تاقـە ئەنجومـەنێک پێکهاتووە، ڕێژەی بەشـداریکردنیان کەمترە لە ١٠٪. (گشـت ئامارەکـان دەگەڕێنـەوە بۆ ماوەی هەتاکو ٢٨ی شوبات/ فەبریوەریی ٢٠٠٦).

بۆچی ئەو ڕێژانە، لە ڕوانگەی دیموکراسییەوە، سەرچاوەی دڵەڕاوکێن؟ ساڵی٢٠٠٠ یەکێتیی پـەرلەمانتاریی ڕووپێوێکی لەنـاو ئەو خانمانـەی گشـت جیهاندا ئەنجامداوە، کە ئەندام پەرلەمان بوون، بۆ ئەوەی ئاشنابێت بە بیروڕاو ئەزموونەکانیـان دەربارەی کارڕاییکردنیـان لە پەرلەماندا. لەو ڕووپێوەدا، کە لە ژێر ناونیشانی «سیاسەت: لە ڕوانگەی ژنانەوە» (Politics: Women›s Insight) ئەنجامدراوە، ژنان – هەریەکە بەشێوازی تایبەتی خۆی – بیروڕای خۆیان بەمجۆرە دەربڕیوە:

-**مەسەلەی یەکسانی و دادپەروەری:** «ئەو دیموکراسییەی نوێنەرایەتیکردنی ژنـان تیایـدا پەراوێزکارانە بێـت، دیموکراسـییەکی ڕاسـتەقینە نییە.... مەسـەلەی بەشداریکردنی ژنان لە دانانی سیاسـەتەکاندا، پەیوەندیی بە

دادپەروەری و یەکسانییەوە هەیە». «هەر ڕێڕەوێک یەکسانی بۆ ژنان لەم بوارەدا نەهێنێتەدی، خەوشییەکە لە دیموکراسیدا».

- **بوونی ژنان کاریگەریی دەبێت لەسەر پرۆسەو کولتووری سیاسی**: «ژنان بەگشتی کەمتر مەیلی وروژاندنی شەڕوشۆڕیان هەیەو زیاتر مەیلی کۆڕاییان هەیە، ئەوان لەبری بەدەستهێنانی شانازییە سیاسییەکان، بەدوای چارەسەری کێشەکاندا دەگەڕێن». «ژنان دەستێکی مرۆڤانە بە جیهانی سیاسەتدا دێنن... بوونیان چەندین گۆڕان دێنێتەئاراوە». «بەهۆی ژنانەوە جەماوەر سەرلەنوێ متمانەی بە سیاسەت بەدەستهێنایەوە».
- **ژنان تێڕوانینی نێرسالاری دەربارەی پلەبەندیی سیاسی دەگۆڕن**: «ژنان هەستیارترن بەرامبەر بە کێشە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە هەژاری و پەروەردەکردنی منداڵانەوە هەیە». «ژنان خێراتر دەرک بە گرفتە ئابووری، پەروەردەیی‌و تەندروستییەکان دەکەن». «پلەبەندیی ئەوان زیاتر مرۆڤخوازانەیە، جا پیاو بێت یان ژن».

هاوڕاییەک لەنێوان بەشداربوانی ڕووپێوەکەدا هەبوو، لەسەر ئەوەی هێنانەدیی جیاوازییەکی بەرچاو لەو بوارانەدا، ئەنجامی بوونی ژنان، گرێدراوی ژمارەی ژنانە لە پەرلەماندا. لەم بارەیەشەوە سەرەنجامەکانی ئەو ڕاپۆرتەیان وەبیرهێنایەوە، کە «پرۆگرامی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان» ساڵی١٩٩٥ ئامادەیکردبوو و تیایدا هاتووە، بۆ ئەوەی گرووپی ژنان کاریگەرییەکی سودبەخشیان لەسەر داموەدەزگاکانی یاسادانان هەبێت، ئەوا پێویستە ئاستی نوێنەرایەتیکردنیان بگاتە٣٠٪.

بەڵام ئایا نوێنەرایەتیکردنی ژنان لە کاتی دەرچوونی ڕاپۆرتەکەی پرۆگرامی پەرەپێدانەوە گۆڕانی باشی بەخۆوە دیوە؟ لەکاتێکدا ژنان لە ساڵی ١٩٩٥دا ٣٠٪ی ئەندامانی دەسەڵاتی یاسادانانیان تەنیا لە پێنج وڵاتدا پێکدەهێنا، ئەو ژمارەیە ئەمڕۆ بەرزبۆتەوە بۆ ٢٠ وڵات. هەروەها وردە وردە ڕێژەی ژنە نوێنەرەکان لە ١١٪وە بەرزبوەوە بۆ ڕێژەی ئێستای کە ١٦٫٤٪ـە. وەک ئەوەی لە خشتەی ٢-١دا ڕوونکراوەتەوە.

# خشتەی ٢-١
## تێکڕای جیهانی بۆ ژمارەی ژنان لە پەرلەمانەکاندا (١٩٩٥- ٢٠٠٦) بارودۆخ لە کانونی دوەم/جەنیوەریی هەر ساڵێکدا، بێجگە لە ساڵی ١٩٩٥ (تەمموز/جوڵای)و ١٩٩٦ (نیسان/ ئەپریل)*




*ڕێژەی سەدیی ڕەچاوی بارودۆخی ئەو پەرلەمانانە ناکات،
کە داتاکان دەربارەیان لەبەردەستدا نەبوون.
**سەرچاوە: یەکێتی پەرلەمەنتاریی نێودەوڵەتی**

خشتەی (٢-٢) دابەشبوونی ئەو ژمارانە بەسەر ناوچەکاندا ڕووندەکاتەوە. تێکڕای ناوچەکان جیاوازییەکی بەرچاو لەنێوان ئەو وڵاتانەدا دەشارێتەوە، کە دەکەونە ناو چوارچێوەی هەر ناوچەیەکەوە. لەبەر ئەم هۆیەش، بۆ نموونە گرووپی وڵاتە ئەسکەندناڤییەکان پلەوپایەیەکی بەرچاویان هەیە، چونکە کاتی بەراوردکردنیان بە ناوەندی ئەوروپا، بەردەوام جێگەیەکی نموونەییان هەیە. بەهەمان شێوە، لەناو وڵاتە عەرەبیەکاندا مەغریبو تونسو عیراق پلەوپایەیەکی جیاکارەیان هەیە، چونکە ڕێژەی ژنە پەرلەمانتارەکان لەوەی دواییاندا لە ٢٥٪ زیاترە. لە وڵاتە ئەفریقاییەکانی خواروی بیابانیش، ڕەواندا ڕێژەی لە هەموو وڵاتەکانی دیکە زیاترە، لەبەرئەوەی ڕێژەی ژنە پەرلەمانتارەکان تیایدا لە ٤٨٪

زیاترە. لەناو سنووری هەردوو ئەمریکاشدا، ئەو زۆربوونە گەورەیەی ڕێژەی ژنە پەرلەمانتارەکان، کە لە ساڵی ١٩٩٥وە لە زۆربەی دەوڵەتەکانی ئەمریکای لاتیندا هاتۆتەدی، لە ئەمریکای باکوور ڕووی نەداوە. بۆیە ئەو ژمارە ناوچەییانە جیاوازیی گەورە لەنێوان وڵاتەکاندا دەشارنەوە.

## خشتەی ٢-٢
## تێکڕای ناوچەیی ژمارەی ژنان لە پەرلەمانەکاندا
## (١٩٩٥و٢٠٠٠و٢٠٠٥)
## هەڵوێست سەبارەت بە هەردوو ئەنجومەنی پەرلەمان
## لە کانونی یەکەم/ دیسەمبەری هەر ساڵێکدا*




*ڕێژەی سەدیی ڕەچاوی بارودۆخی ئەو پەرلەمانانە ناکات، کە داتاکان دەربارەیان لەبەردەستدا نەبوون.

**سەرچاوە: یەکێتی پەرلەمەنتاریی نێودەوڵەتی**

Inter-Parliamentary Union (2006). Women in Parliament in 2005: the year in perspective. <http://www.ipu.org/pdf/publications/women06_en.pdf>

## بۆ خوێندنەوەی زیاتر دەربارەی ڕێژەی بەشداریکردنی ژنان لە پەرلەمانە نیشتیمانیەکان، لە تۆڕی ئینتەرنێتدا:


Inter-Parliamentary Union (2005). Women in politics 2005 Poster: <http://www.ipu.org/pdf/publications/wmnmap05_en.pdf>

Inter-Parliamentary Union (2006). Women in national parliaments. Situation as of 28 February 2006. <http://www.ipu.org/wmn-e/classif.htm>

Inter-Parliamentary Union (2006). Women in national parliaments. Statistical archive. <http://www.ipu.org/wmn-e/world-arc.htm>

Inter-Parliamentary Union (2006). Women in politics: 60 years in retrospect (Information Kit). <http://www.ipu.org/PDF/publications/wmninfokit06_en.pdf>


ئەو ئاستەنگە سەرەکیانە کامانەن، کە ڕێگرن لەبەردەم هێنانەدیی پێشکەوتنێکی خێرا لەم مەسەلەیەدا؟ دەتوانین چی بەرامبەر بەو ئاستەنگانە بکەین؟ ئەمانەی خوارەوە هەندێک لەو تێڕوانینانەن، ژنە پەرلەمانتارەکان لەو ڕووپێوەدا دەریانبڕیوە کە یەکێتیی پەرلەمانتاریی ساڵی٢٠٠٠ ئەنجامیداوەو هۆکانی کەمبوونەوەی ڕێژەی بەشداریکردنی ژنان لە پەرلەمانو سیاسەتدا بەشێوەیەکی گشتی لێکدەدەنەوە:

- **ڕێگەچارەی خۆیی نێگەتیڤانە**: زۆربەی ژنان لە بەشداریکردنی سیاسی دووردەکەونەوە، ئەمەش لەبەر سروشتی کێبڕکێکارانەی پشتبەستوو بە پێکدادانو ئەو قوربانیانەی لەسەر ئاستی خێزان لێی دەکەونەوە.
- **دوژمنایەتیکردنی نێرەکان**: هەمیشە پیاوان لوتکەی قوچەکی دەسەڵاتی حیزبەکان داگیردەکەنو زۆر دوژمنی ژنانن.
- **کاتی کۆبوونەوەکان**: زۆربەی کۆبوونەوەکان لە ئێوارانو کۆتایی هەفتەدا ئەنجامدەدرێن، ئەمەش وادەکات بەشداریکردنی ژنان، بەتایبەتی ئەوانەی بەرپرسیارێتیی خێزانیان لەئەستۆیە، سەخت بێت.
- **تێچووی خۆکاندیکردن بۆ هەڵبژاردنەکان**: کاتێک کاندیدکراو بڕێک تێچووی هەڵبژاردنەکان دەکەوێتە ئەستۆیو حیزب بەتەواوەتی نایگرێتە ئەستۆی خۆی.

سەبارەت بەوەیش کە دەبێت بکرێت بۆ تێپەڕاندنی ئەو ئاستەنگانە، نموونەی ئەو وڵاتانەی بەرزترین ڕێژەی بەشداریکردنی ژنانیان لە پەرلەماندا هێناوەتەدی، یان

ئەوپەڕی پێشکەوتنیان لە ماوەی دەساڵی پێشوودا نیشانداوە، دەریدەخەن ئەوەی هاتۆتەدی، بەرهەمی حاشاهەڵنەگری ئەم یان ئەو شێوازی دابینکردنی یەکسانیی نێوان ژنو پیاوە. ئەو دابینکاریانەی لە ٨١ وڵاتدا پێڕەویکراونو بەرهەمی ئەو هەڵمەتە بەهێزانەن، کە ڕێکخراوەکانی ژنان بەرپایانکردوە. هەندێک لەو دابینکاریانە لە یاسادا هاتوون، کەچی هەندێکی دیکەیان پشتبەستوون بەو دەستپێشکەریانەی خودی حیزبــەکان دەیانبــەنــەڕێوە. ئەمانەش ئەو شێوازانەن، کە ئەو دابینکاریانە دەیانگرنــەبــەر:

- تەرخانکردنی چەند کورسییەکی پەرلەمان بۆ ژنان، بەپێی ڕێژەی تێکڕای ئەو کورسیانە پڕدەکرێنەوە کە حیزب بەدەستیهێناون.
- تەرخانکردنی ڕێژەیەکی لیستی حیزبی یان «سیستەمی کوتا» (Quotas) کە بەهۆیەوە چەند کورسییەک تەرخاندەکرێت بۆ ژنان، لەوانە پۆستە پاڵاکان.
- تەرخانکردنی چەند کورتەلیستێک تەنیا بۆ ژنان (Women-only short lists) بەهۆیەوە ژنە کاندیدکراوەکان لەو سیستەمانەدا هەڵدەبژێرێن، کە پشت بە بازنەکانی هەڵبژاردن یان «لێکجووتکردنی»ی نێوان بازنەکانی هەڵبژاردن دەبەستن، بەمەرجێک کاندیدی هەر ڕەگەزێک هەڵبژێرێت.

ئەو وڵاتانەی کاریان بەو دابینکاریانە کرد، پێشکەوتنێکی بەرچاویان لە ڕووی ڕێژەی بەشداریکردنی ژنان لە پەرلەماندا بەخۆوەبینی. بۆ نموونە، کۆماری کۆریا ساڵی ٢٠٠٤ ئەو دابینکاریانەی خستە ناو یاسا پەیوەندیدارەکانەوەو لە «یاسای حیزبە سیاسییەکان»دا (The Political Party Act) ڕێژەی ٥٠٪ی کورسییەکانی نوێنەرایەتیکردنی ڕێژەیی بۆ ژنان تەرخانکرد. ئەمە وێڕای بوونی ژنێک لەنێو هەردوو کاندیدکراوێکدا، کە لوتکەی لیستی کاندیدکراوەکان داگیردەکەن. لە «یاسای پارە تەرخانکراوەکان بۆ مەبەستە سیاسییەکان»دا (The Law on political Funds) هاتوە، دەبێت یارمەتیی دارایی لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ ئەو حیزبانە تەرخانبکرێت، کە ژنان بە ڕێژەی ٣٠٪و زیاتر لە ناوچەکانی هەڵبژاردندا کاندیددەکەن. ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریانە، ڕێژەی بەشداریکردنی ژنان لە حەڤدەهەمین ئەنجومەنی نیشتیمانیدا، دووئەوەندەی ئەنجومەنەکەی پێشوو بوو و گەیشتە ١٣٪. لەو وڵاتانەی دیکەیشدا، کە تیایاندا کورسییەکان بۆ لیستە حیزبیەکان تەرخانکرابوو، ڕێژەی سەدی لەوە زیاتربوو، کە لە کۆریا هاتبوەدی.

بۆ دانانی دابینکارییەکانی یەکســانیی نێوان ژنو پیاو، دەشــێت بگەڕێینەوە بۆ بەندی (٤-١)ی «ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان، بۆ نەهێشتنی گشت شێوازەکانی جیاوازیخوازیی دژی ژنان»، کە تیایدا هاتوە:

«گرتنەبەری چەند دابینکارییەکی کاتی لەلایەن دەوڵەتە بەشدارەکانەوە، بەمەبەستی خێراکردنی یەکسانیی بەکردەوەی نێوان ژنو پیاو، جیاوازیخوازی نییە... هەروەها هەرکاتێک ئامانجەکانی یەکسانیی دەرفەتو مامەڵەکردن هاتنەدی، پێویستە کارکردن بەو دابینکاریانە ڕابگیرێت».

سەرەنجامی کارپێکردنی ئەو بەندە ئەمەیە: ئەو دابینکاریانە یاریدەدەرن بۆ هێنانەئارای گۆڕانکاری لەسەر ئاستی دوورمەودا، بەڵام بە تەنیا بەس نین بۆ هێنانەدیی ئەو گۆڕانکارییە. ئەمەش لە نموونەی بەنگلادیشدا دەردەکەوێت، کاتێک ساڵی٢٠٠٠ کۆتاییهێنرا بە کارکردن بە دابینکاریی تایبەت بە تەرخانکردنی ٣٠کورسیی تری پەرلەمان بۆ ژنان، ڕێژەی نوێنەرایەتیکردنی ژنان لە پەرلەماندا زۆر هاتەخوارەوەو لە ٩٪وە گەیشتە ٢٪. بۆیە جارێکی دیکە کار بەو دابینکارییە کرایەوەو کورسییەکانیش زۆرکرانو بوونە ٥٤دانە. کەواتە دابینکارییەکانی یەکسانیی نێوان ژنو پیاو، مەرجێکی پێویستن بۆ هێنانەئارای گۆڕانکاری، بەڵام لە داهاتوویەکی نزیکدا بەس نین بۆ چاککردنی بەشداریکردنی ژنان لە پەرلەماندا.

## بۆ خوێندنەوەی زیاتر دەربارەی «سیستەمی کوتا»و دابینکارییەکانی یەکسانیی نێوان ژنو پیاو، لە تۆڕی ئینتەرنێتدا:


Global database of quotas for women. <http://www.quotaproject.org/>

Htun, M (2004) Is gender like ethnicity? Global Database of Quotas for Women <http://www.quotaproject.org/other/HtunPOP2004.pdf>

International IDEA (2002). Women in parliament: beyond numbers. <http://www.idea.int/publications/wip/index.cfm>

International IDEA (2004). The implementation of quotas: African experiences. <http://www.quotaproject.org/publications/Quotas_Africa.pdf>

Inter-Parliamentary Union (2006). Women in parliament in 2005 - the year in perspective. <http://www.ipu.org/pdf/publications/women06_en.pdf>

## نوێنەرایەتیکردنی کەمایەتییەکان و گرووپە پەراوێزکراوەکان:

نەبوونی ئـەو حیزبانەی لە پەرلەماندا نوێنەرایەتیی کەمایەتییـەکان دەکـەن، بەپێویست مانای فەرامۆشکردنی ناسـنامە یان بەرژەوەندییە جیاکارەکانیان نییـە، چونکە دەشێت بەشێوەیەکی قبوڵکراو لە ڕێی ئەو حیزبانەوە نوێنەرایەتی بکرێن، کە نوێنەری ئاقاری باڵادەستن. دەکرێت حیزبەکان وتەبێژێک بەناوی کەمایەتییەکانەوە دابنێن، یان سیستەمگەلی دەنگدانــی وەها پێڕەوبیکەن، کە ڕێگـە بـە ئەندامەکان دەدەن، پشتگیرییەکی زیاتر ببەخشنە کاندیدکراوەکانی یەکێک لە کەمایەتییەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، پێدەچێت کۆششکردن بۆ نوێنەرایەتیکردنی کەمایەتییەکان، لە ڕێگەی ئەو حیزبانەوە، کە نوێنەری ئاقاری باڵادەستن، بەرهەمی باشـی نەبێت، لەو کاتەدا نەبێت کەمایەتییەکان ڕێژەیەکی گەورەی دانیشتوان پێکبێنن.

کاتێک ئـەگـەری ئـەوە لەگۆڕێدەبێـت، کەمایەتییـەکان بەشێوەیەکی تەواو لە پەرلەمانـدا نوێنەرایەتی ناکرێن، ئەوا گرتنــەبەری چەند ستراتیژێکی جیاواز، کە گرێدراوی جۆری سیسـتەمی هەڵبژاردنو پلەی چڕبوونەوەی جوگرافیانەی کەمایەتییەک یان چەند کەمایەتییەکی دیاریکراوە، کارێکی شـیاوە:

- کەمکردنەوەی مەرجەکانی تۆمارکردن، یان بەدەستهێنانی پارە، یاخود چوونە ناو پەرلەمان. دەشێت ئاسانکاریبکرێت، بۆ ئەوەی کەمایەتییەکان بچنە ناو پەرلەمانەوە، ئەویش لە ڕێگەی کەمکردنەوەی ژمارەی پشتگیریی ئەو ئەندامانەی پێویستن بۆ تۆمارکردنی هەر حیزبێکی سیاسی، یان لە ڕێگەی کەمکردنەوەی ژمارەی ئەو هەڵبژێرانەی پێویسـتن بۆ بەدەسـتهێنانی پارە لەلای حکومـەت، یاخود بەشداریکردنی ئەو حیزبە سیاسیانەی سەر بە کەمینەیەکی نیشتیمانین لە پەرلەماندا، کاتێک ڕێژەیەکی کەمتری دەنگی میللی بەدەستدێنن.
- دانانی سـنوور بۆ بازنــەکانی هەڵبژاردن، بۆ ئـەوەی دەرفەتی سەرکەوتنی باشتر بدرێتە نوێنەرەکانی کەمایەتییەکان (ئەوەی پێیدەوترێت «دابەشکردنی پۆزەتیڤانەی یەکــە هەرێمایەتییــەکان» (Affirmative gerrymandering). لەکاتی چڕبوونەوەی کەمایەتییەکان لە ناوچەیەکی دیاریکراودا، دەشێت ژمارەیەکی زیاتری کورسییەکانی پەرلەمان بۆ ئەو ناوچەیە تەرخانبکرێت.
- کارپێکردنی سیستەمی کوتا لەگەڵ کاندیدەکانی حیزبەکاندا. چونکە لە هەندێک ناوچەی دیاریکراودا پێویستە کەمترین ڕێژەی کاندیدکراوی لیستی حیزبی لە کەمایەتییەکان هەڵبژێردرێت. بۆ نموونە، لە سەنگافورە ١٤بازنەی هەڵبژاردن لە کۆی ٢٣بازنە پێڕەویی سیستەمی بازنەکانی نوێنەرایەتیکردنی بەکۆمەڵە

(Group Representation Constituencies)، بەمەرجێک بەلای کەمەوە کاندیدێکی هەر گرووپێکی حیزبی سەر بە یەکێک لە کەمایەتییەکان بێت.
-تەرخانکردنی چەند کورسییەک بۆ نوێنەری کەمایەتییەکان. ئەمەش باوترین شێوازەو ئێستا لەلایەن ٢٥وڵاتەوەی جیهانەوە بەکاردەهێنرێت، چونکە ئێستا لە هیندستان ٧٩کورسی لە کۆی ٥٤٣کورسیی ئەنجومەنی نوێنەران (کە پێیدەوترێ «لوک سابها») بۆ لیستەکانی تایەفە کۆمەڵایەتییەکانو ٤١کورسی بۆ لیستی هۆزەکان تەرخانکراوە. کەچی موریشیوس ٨کورسی لە کۆی ٧٠کورسی بۆ «باشترین دۆڕاوەکان» تەرخانکردوە، بۆ نوێنەری ئەو چوار گرووپە ئیتنیکیەی لە دەستوردا دانیان پێدا نراوە. سلۆڤینیاش کورسییەکی بۆ هەریەکێک لە «کۆمەڵگە نیشتیمانی»ی ئیتاڵیو هەنگاریی تەرخانکردوە.

هیچ کام لەو شێوازانەی پێشەوە نەبوە مشتومڕ نەخوڵقێنێت، چونکە دەشێت تەرخانکردنی چەند بەشێکی لیستی ئەو حیزبانەی نوێنەری ئاقاری باڵادەستن بۆ کەمایەتیەکان، ببێتە هۆی بێبەشبوونی ئەو کەمایەتییە لە نوێنەرایەتیکردن لە ڕێکخراوەکانی ئۆتۆنۆمی تایبەت بەخۆیاندا، کە پێیان باشترە. لەلایەکی دیکەوە، دەشێت دابینکارییەکانی پشتگیریکردنی ڕێکخراوەکانی ئۆتۆنۆمی ببنە هۆی بەهێزکردنی ناسنامە سەربەخۆکانو لاوازکردنی یەکێتیی نیشتیمانی. نیوزیلەندا میتۆدێکی گرتەبەر، بۆ خۆڕزگارکردن لەو تەنگەژەیە، ئەویش ڕێگەدانبوو بە هەڵبژێرە ماوردییەکان ناوی خۆیان لەناو لیستی هەڵبژاردنە نیشتیمانییەکان یان لەناو لیستی سەربەخۆی تایبەت بەخۆیاندا تۆماربکەن، بەمەرجێک ئەوانەی لیستی دوەم هەڵدەبژێرن، دەرفەتی ئەوەیان هەبێت ژمارەی کورسییە تەرخانکراوەکانی پەرلەمان دیارییبکەن. لەگەڵ ئەوەیشدا پاراستنی مافەکانی کەمایەتییەکان، بەبێ وروژاندنی بێزاریی زۆرینە، مەسەلەیەکی سەختە لە هەموو شوێنێک. چارەسەرەکانیش هەمیشە پشتبەستوون بە هەلومەرجی وڵاتی دیاریکراو. بەڕەچاوکردنی ئەوەی دەشێت ئەو گرووپانەی لە نوێنەرایەتیکردنی پەرلەمانتاریدا پەراوێزخراون، زۆرینەی دانیشتوانی وڵات پێکبێنن.

دەشێت لە ماوەکانی دواتری ناکۆکییەکان یان کاتی گێڕانەوەی دیموکراسیدا، پاش دەستێوەردانی سوپا لەبەر هۆکارە تایەفەگەرییەکان، پێویست بکات چەندین ڕێوشوێنی هەڵبژاردنی تایبەتی بگرێتەبەر، کە دەشێت کاتی بن و هەندێک ناکۆکی، لەسەر چۆنێتی تێگەیشتن لە دیموکراسی دەربارەیان هەبێت. وەک ئەم ڕاپۆرتەی فیجی ڕوونیدەکاتەوە:

«سەبارەت بە نوێنەرایەتیکردن، سیستەمی تایەفەگەرانەی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران دانرا، هەتاکو هەمەڕەنگیی ڕەگەزەکانی دوورگەکانی فیجی لەباوەشبگرێت. لەبەر ڕۆشنایی ئەو ململانێیانەدا، کە دوورگەکان لە ڕابردوودا بۆ پاراستنی دیموکراسی بەخۆیانەوەدی، ئێستا ئەم سیستەمە گونجاوترینە، چونکە نوێنەرایەتیکردن بۆ گرووپە ئیتنیکییە سەرەکییەکان مسۆگەردەکات. لەهەمان کاتدا تەرازووی هێز لە دەستی ئەندامە هەڵبژێراوەکاندا دەهێڵێتەوە، بۆ پڕکردنەوەی کورسییە بەتاڵەکان، لەلایەن گشت ئەو هاولاتیانەی لە بازنەیەکی هەڵبژاردنی دیاریکراودا تۆمارکراون. هێشتا بیروڕاگەلی وەها لە فیجی هەن دژی دانانی سیستەمێکی هەڵبژاردنن، کە بەدەستهێنانی زۆرینەی ئەنجومەنی نوێنەران لەلایەن دانیشتوانی بنەڕەتیی فیجییەوە مسۆگەردەکات و تەکانێکدەداتە گشت ئەندامەکانی ئەنجومەن، بۆ ئەوەی لەسەر بنچینەی کورسییە کراوەکان هەڵبژێردرێن».

## ڕۆڵی دووەمین ئەنجومەن:

دەشێت دووەمین ئەنجومەن (ئەنجومەنی پیران) ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە نوێنەرایەتیکردنی هەمەڕەنگیی دانیشتوانی وڵاتێکدا. ئەوەش بە ڕوونی لە سیستەمە فیدراڵییەکاندا دەردەکەوێت. چونکە ئەو هەمەڕەنگییە، ڕەنگدانەوەی لە نوێنەرایەتیکردنی ویلایەتەکان یان هەرێمەکانو بەرژەوەندییەکانیان لە دووەمین ئەنجومەندا دەبێت، کە پیاچوونەوەدەکات بۆ چۆنییەتی کاریگەریی یاساکان لەسەر ناوچەو جێگە جۆربەجۆرەکانی وڵات. ئەم فرمانە هەرێمایەتییە تەنیا سیستەمە فیدراڵییەکان ناگرێتەوەو دەشێت نوێنەرایەتیکردنێکی تایبەتی ئەو هاولاتیانەش لە دووەمین ئەنجومەندا بگرێتەخۆی، کە لە دەرەوەی وڵات دەژین، وەک ئەوەی لە فەڕەنسا هەیە. لە گشت ئەو دەوڵەتانەی پەرلەمان تیایاندا لە دوو ئەنجومەن پێکدێت، دەشێت میکانیزمی هەڵبژاردنی ئەندامەکانی دووەمین ئەنجومەن بەکاربێت بۆ مسۆگەرکردنی بوونی زۆرترین نوێنەرایەتیکردنی گرووپو توێژە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان. ئەمەش لە ڕێگەی سیستەمێکی هەڵبژاردنی جیاواز لەوەی لە یەکەمین ئەنجومەندا بەکارهاتوە، یان بەهۆی کارڕاییگەلی دامەزراندنەوە (لەکاتی بوونی چەند ئەندامێکی دیاریکراودا). بەم شێوازە، دەشێت نوێنەرایەتیکردنی کۆمەڵایەتی بۆ سەرجەم پەرلەمان بە نوێنەرایەتیکردنی گرووپەکانی وەک کەمئەندامەکان و پەراوێزکراوەکان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوەو هەموو جۆرەکانی کەمایەتییە بچووکەکان بەهێزبکرێت.

## بۆ زانیاریی زیاتر لە ئینتەرنێتدا، بڕوانە:

European Commission for Democracy Through Law (Venice Commission) (2000). Electoral law and national minorities.
<http://www.venice.coe.int/docs/2000/CDL-INF(2000)004-e.asp>

European Commission for Democracy Through Law (Venice Commission) (2005).Report on electoral rules and affirmative action for national minorities' participationin decision-making process in European countries.
<http://venice.coe.int/docs/2005/CDL-AD(2005)009-e.asp>

Foundation on Inter-Ethnic Relations (1999). The Lund recommendations on the effective participation of national minorities in public life & explanatory note. <http://www.osce.org/documents/hcnm/1999/09/2698_en.pdf>

Ghai, Y (2001). Public participation and minorities. Minority Rights Group International.
<http://www.minorityrights.org/admin/Download/Pdf/PubPartReport.pdf>

Norris, P (2004). Ethnic minorities, in Electoral engineering: voting rules and political behavior
<http://ksghome.harvard.edu/~pnorris/ACROBAT/Institutions/Chapter 9.pdf>

Organization for Security and Co-operation in Europe, Office for Democratic Institutions and Human Rights (2001). Guidelines to assist national minority participation in the electoral process
<http://www.osce.org/item/13589.html?ch=129>

## کارڕاییگەلی پەرلەمانتاریی دادپەروەرانە و هەمەلایەن بۆ هەموان

وەک لەوەوپێش هێمامان بۆ کردوە، نوێنەرایەتیکردنی پەرلەمان بۆ گشت هاوڵاتیان، تەنیا گرێدراوی پێکهاتنی پەرلەمان نییە، بەڵکو گرێدراوی هەمەلایەنیی کارڕاییەکانو شێوازی کارکردنی پەرلەمانیشە، لەگەڵ دەرفەتڕەخساندنی تەواو بۆ گشت ئەندامەکانی، هەتاکو ڕۆڵی خۆیان ببینن. چەمکی هەمەلایەنی چەند لایەنێکی جیاوازی هەیەو دواتر تاوتوێیدەکەین، بەڵام کارایی جێبەجێکردنی پشتدەبەستێت بە بێلایەنیی سەرۆکی پەرلەمان، کە ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە دابینکردنی دادپەروەریی لەنێوان گرووپو حیزبە جۆربەجۆرەکاندا. زۆرێک لە پەرلەمانەکان کۆششی زۆر دەکەن بۆ مسۆگەرکردنی «بێلایەنیی حیزبی» سەرۆکەکانیان، بەتایبەتی ئەوانەی پێشتر ئینتیمای حیزبیان هەبوە، بەڵکو کۆماری «کیریباتی»

مەرجی ئەوەی داناوە، کە دەبێت سەرۆکی پەرلەمان لەناو کاندیدکراوەکانی دەرەوەی خۆیدا هەڵبژێرێت، هەتاکو بەدووربێت لەو گوشارانەی لەکاتی ڕاییکردنی ئەرکەکانی پۆستەکەیدا دەخرێنەسەری. زۆربەی پەرلەمانەکان لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئەندامانی بێلایەنەوە، وەک سەرۆکی لیژنەکان یان جێگرەکانی سەرۆکی پەرلەمان، هەمان سەرەنجام دێننەدی. دەکرێت هەڵوەستەیەک لەئاست خەسڵەتە نموونەییەکانی سەرۆکی پەرلەماندا بکەین، ئەویش لە ڕێگەی وەسفکردنی سەرۆکی پێشووتری پەرلەمانی هیندی «جی. فی. ماڤالانکار»ەوە:

«وەک سەرۆکی پەرلەمانی نەتەوەیەکی تازە لەدایکبوو، ڕۆڵی ماڤالانکار تەنیا بریتی نەبوو لەوەی سەرۆک یان بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتوو بوو، بەڵکو دامەزرێنەرێک بوو، ئەرکی دانانی ئەو ڕێساو کارڕاییو دابونەریتانەی خرابوە ئەستۆ، کە لە ڕۆحی نیشتیمانەوە سەرچاوەیاندەگرت. ئەوەبوو توانیی بە پشودرێژی، کۆششکردنی بێوچان، دانایيو هوشیارییەکی تیخکەری مێژووەوە ئەوە بێنێتەدی... کاتی جێبەجێکردنی ئەو ڕێسایانەی تایبەت بوون بە کارڕاییەکانو بەڕێوەچوونی کارەکانی ئەنجومەنەکە، ماڤالانکار بابەتیبوونێکی ڕیزپەڕی نواندوەو هەرگیز جیاوازیی نەکردوە لەنێوان ئەندامانی حکومەتو ئەندامانی ئۆپۆزسیۆندا. ئەم نەریتەش، کە بە درێژایی ساڵەکان کاری پێ دەکرا، بوە هۆی ئەوەی سیستەمی پەرلەمانیمان لەئەنجامدانی کارەکانی خۆیدا سەرکەوتووبێت».

ئەو وەسفکردنەی سەرەوە بایەخی گەورەی سەرۆکی پەرلەمان دەخاتەڕوو، بەتایبەتی بۆ ئەو پەرلەمانانەی نوێ یان ساوان، بۆ چەسپاندنی نەریتی بێلایەنی لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی پەرلەماندا. لەو پەرلەمانانەدا، کە کەسایەتییەکی حیزبیی دەرکەوتووی حیزبی زۆرینە یان هاوپەیمانییەکەی ڕۆڵی سەرۆک دەگێڕێت، گرنگە دیسپلینو کارڕاییگەلی گونجاو دابنرێن بۆ مسۆگەرکردنی ڕێزگرتن لە مافەکانی گشت ئەندامەکان.

## بەشدارکردنی حیزبەکان لە ئەندامێتیی لیژنەکاندا:

زۆرینەی کارەکانی پەرلەمان لە ڕێگەی لیژنەکانەوە: لیژنەکانی یاسادانان یان چاودێریکردن یاخود ئاوێتەیەکی هەردووکیان، ڕاییدەکرێت. یەکێک لە پراکتیکە قبوڵکراوەکانی گشت پەرلەمانەکان ئەوەیە، دەبێت ئەندامێتی ئەو لیژنانە هاوتابێت لەگەڵ هێزی حیزبەکان یان گرووپە جیاوازەکانی ناو ئەنجومەنی یاساداناندا. بۆیە (بۆ نموونە) لەو ڕاپۆرتەی سربیاو چیای ڕەش ئامادەیانکردوە، هاتوە: «کاتی

پێکهێنانی دامودەزگا کارکەرەکانی ئەنجومەنی نوێنەرایەتی، نوێنەرایەتیکردنی ڕێژەیی نوێنەرەکانی هەر ویلایەتو هەر حیزبێکی سیاسی ڕەچاوبکرێت...». وێڕای ئەوە، چەند پەرلەمانێک کورسییەکی دیاریکراو بۆ ئەندامی حیزبی ئۆپۆزسیۆن یان کەمایەتی تەرخاندەکەنو «ئەنجومەنی نیشتیمانیی فەڕەنسیش» مافی ئەوە دەداتە ئۆپۆزسیۆن، کە سەرۆکایەتی یان دەمڕاستی هەر لیژنەیەک هەڵبژێرێت، بۆ لێکۆڵینەوە یان کۆکردنەوەی زانیاری. لە پەرلەمانی لیتوانیدا، کە بەناوی «سیماس» ناسراوە، نوێنەرێکی ئۆپۆزسیۆن بۆ سەرۆکی پەرلەمان یان جێگری سەرۆکی بودجەو سپۆنسەرکردن هەڵدەبژێرێت، هاوشێوەی لیژنەی ژمێریاریی گشتیی ئەو پەرلەمانانەی پێڕەویی مۆدێلی پەرلەمانی ئینگلستان دەکەن.

لە ژمارەیەک پەرلەماندا، ئەم سروشتە جیاکارەیەی پێکهێنانی لیژنەکان لە حیزبە جۆربەجۆرەکاندا شۆڕدەبێتەوە بۆ ناو پرۆسەی بڕیارسازیش، وەک هەوڵێک بۆ گەیشتنە کۆدەنگی. زۆر گرنگە ئەمە لەو لیژنانەی کارڕاییدا ڕوودەدات، کە کارەکانی پەرلەمان ڕێکدەخەن. بۆ نموونە، لە زیمبابۆی هەموو هەفتەیەک لیژنەی بەرپرسیار لە کاروبارەکانی پەرلەمان، کە پێکهاتوە لە ئەندامی حیزبە جۆربەجۆرەکانو سەرۆکو جێگری پەرلەمان، کۆدەبێتەوە بۆ ڕێکخستنی کارەکانی پەرلەمان بەشێوازێکی بێلایەنانە. هەمیشە ئەم ڕێوشوێنانە لە زۆربەی پەرلەمانەکاندا دەگیرێنەبەرو لە بەشی شەشەمدا فراوانتر ئاوڕی لێ دەدەینەوە. لە هەندێک بارودۆخیشدا، دەشێت ڕۆحی کۆدەنگی لە لیژنە بابەتییەکانیشدا هەبێت. لە «ئەنجومەنی نوێنەرانی قوبرس»دا «جۆرێک یەکسانی لە نوێنەرایەتیکردن و ئەو گفتوگۆیانەدا هەیە، کە لەسەر ئاستی ناوچەکان ڕوودەدەن و زۆربەی یاساکان بە کۆدەنگییەکی تەواو لە کۆبوونەوەیەکدا هەمواردەکرێن، کە گشت ئەندامانی پەرلەمان بەشداریی تێدا دەکەن». لە پەرلەمانی نەرویجیدا، کە ناسراوە بە «ستورتینگت»، لیژنەیەکی فراوان هەیە تایبەتە بە کاروبارەکانی دەرەوەو دەرفەت بۆ حکومەت دەڕەخسێنێت، پێش بڕیاردانی کۆتایی، گفتوگۆ لەگەڵ گشت حیزبەکانی پەرلەمان بکات، دەربارەی ئەو بابەتە گرنگانەی پەیوەندیان بە بازرگانیو ئاسایشی نیشتیمانیو بابەتەکانی دیکەی سیاسەتی دەرەوە هەیە. «بوونی ئەم لیژنەیە بەشداریکرد لە هێنانەدیی کۆدەنگییەکی سیاسیی هاوبەش لە بواری ئەو سیاسەتی دەرەوەیەی نەرویج لە دوەمین جەنگی جیهانییەوە پێڕەویکردوە». لە «ئەنجومەنی نیشتیمانیی سەنگال»دا، دەشێت ئەو یاسایانەی بایەخی ڕیزپەڕیان هەیە، ڕادەستی لیژنەیەکی تایبەتی بکرێت، کە پێکدێت لە سەرکردەی گشت گرووپە سیاسییەکان، بۆ هێنانەدیی فراوانترین ڕێکەوتنی شیاو.

لە ئوسـتراليـا ميتـۆدی کۆدەنگـی شـۆڕدەبێتـەوە بۆ ناو زۆر لیژنـە:
«لە نیشـانە جیاکـارەکـانی لیژنەکـانی ئەنجومەنـی نوێنـەران ئەوەیە، کاتی تاوتوێکردنی ئەو بابەتانەی لێیان دەکۆڵێتەوە، پێڕەوی ئاقارێکی سیاسیی دیاریکراو ناکات، چونکە ئەو ئەندامانەی نوێنەرایەتیی ڕەنگە سیاسییە جۆراوجۆرەکان دەکەن، هەوڵـدەدەن بە ڕۆحی تیمێک کاربکـەنو خۆیان لە بەرەنگاربوونـەوە بەدووردەگرن، بەمەبەستی گەیشتنە چارەسەرێکی هاوبەش. بۆیە ڕاپۆرتەکانی لیژنەکان هەمیشە وردکارانەو هەمـەلایـەن دەبنو گۆڕانکارییەکی کاریگـەر لە سـیاسـەتی حکومەتدا دێننەدی، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندیی بەو بابەتانەوە هەیە، کە جێی بایەخی زۆری جەماوەری ئوسترالیان».

ئەگەر گەیشتنە کۆدەنگی دەربارەی کاری لیژنەکە سەخت بوو، ئەوا ڕێنمایی زۆری پەرلەمانەکان هـەن دەربارەی خستنەڕووی ڕاپۆرتەکانی کەمایەتییەکان بۆ گفتوگۆکردن.

## مافی دیاریکراو بۆ حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆن یان کەمایەتییەکان:

حیزبـەکانـی ئۆپۆزسـیۆن یا کەمایەتییـەکان ڕۆڵێکـی سـەرەکی دەگێڕن لە لێپێچینەوەی حکومەت و پێشکەشکردنی بژارە سیاسییە ئەڵتەرناتیڤەکان بە میللەت. حکومەت لە سـیسـتەمە پەرلەمانییـەکاندا، پشتئەستوور بە زۆرینەی پەرلەمانی، دەتوانێت دەستپێشکەربێت بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی سیاسەتەکانو پێشنیارکردنی یاسادانانەکان، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئۆپۆزسیۆنی ڕەسمیش مافەکانی پارێزراوبێت، هەتاکـو بتوانێـت چەنـد بەندێکی دیکە دەربارەی یاسادانانە پێشنیارکراوەکانو گفتوگۆکانی تایبەت بە سیاسەتەکان بخاتە ناو خشتەی کاری پەرلەمانەوەو کاتیش تەرخانبکرێت بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆکان. بەهەمان شێواز، ئەو حیزبانەی کەمایەتی ناو دەستەکانی یاسـادانان، کە لەسـایەی سیستەمێکی سەرۆکایەتیدا کاردەکەن، پێویستیان بە مافگەلی هاوشێوە هەیە. تەنانەت لە سیستەمی پاشایەتیی سعودیدا، ئێستا هەر گرووپێکی دەستەی یاسادانان، کە لە دە ئەندام پێکهاتوە، دەتوانێت پرۆژەیاسا یان کارڕایی ڕاستکردنەوەی یاسایەکی بەکار پێشنیاربکات. ئەم مافانە لە نزیکەی گشت پەرلەمانەکاندا دانیان پێدا نراوە.

بۆ نمـوونـە، لە «ئەنجومـەنی نوێنـەرانی ئیتاڵی»دا، کـە چەندین ڕێنوێنی وردکارانە سەبارەت بە دابەشکردنی کات جێبەجێدەکرێت، لانی کەمی ئەو بابەتانە زامندەکـرێت بۆ ئـەوەی لە ئەنجومەنەکـەدا لەلایەن گرووپەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە

بخرێنــەڕوو، بەڵام ڕێژەیەکی مسۆگەری کاتیان بۆ ئاخاوتن دەربارەی هەر بابەتێک بۆ تەرخاندەکرێت. سەبارەت بەو پرۆژەیاسایانەی حکومەت پێشکەشیاندەکات، ئەو کاتەی بۆ گرووپــەکانی ئۆپۆزسیۆن تەرخاندەکرێت، زیاترە لەوەی بۆ نوێنەرەکانی حیزبی زۆرینــە تەرخانــدەکرێت. پەرلەمانی لیتوانی «سیماس» کاتێکی مسۆگەر بۆ گرووپەکانی ئۆپۆزســیۆن تەرخاندەکات، هەتاکو پێشــنیارەکان بۆ یاساکانو «کارنامەی» پــەرلەمان پێشــکەشــبکەنو ئەولەویەت بۆ ســەرۆکی ئۆپۆزسیۆنە لە وەزیرەکانی حکومــەت بپرسێتەوەو لەو گفتوگۆیانــەدا کــە دەربارەی پرۆگرامو ڕاپۆرتی ساڵانەی حکومەتە. لە ئەنجومەنی گشتیی ئینگلستانیش بیست ڕۆژ لە هەر خولەکۆبوونەوەیەک تەرخانکراوە بۆ کارڕاییەکانی تایبەت بــە کاری ئۆپۆزســیۆن، حەڤدە ڕۆژی دەخرێتە خزمەتی ســەرۆکی گەورەترین ئۆپۆزسیۆن. دەکرێت چەندین نموونەی دیکە لەو بارەیەو زۆر پەرلەمانەوە بهێنینەوە.

Inter-Parliamentary Union (1999). Guidelines on the rights and duties of the opposition in parliament <http://www.ipu.org/splz-e/gabon.htm>

## دەرفەتی ئەندامە سەربەخۆکان:

پرنســیپی هەمەلایــەنی هێمادەکات بۆ ئــەوەی، دەرفــەت بۆ ئەو ئەندامانە بڕەخسێنرێت کــە کادیری ســەرکردایەتیی گرووپە پەرلەمانییەکان (حیزبییەکان) نین، هەتاکو بەشــدارییبکەن لە چالاکییە جۆربەجۆرەکانی پەرلەماندا. زۆرێک لە پەرلەمانەکان، کاتێک بۆ ئەنــدامــە ســەربەخۆکان یان ئەوانەی «کورسییەکانی پشتەوە»یان پڕکردۆتەوە (واتە ئەوانەی پۆستی حکومیان وەرنەگرتووە لە سەرکردایەتیی حیزبەکاندا نین) تەرخانبکرێت، هەتاکو یاساگەلی تایبەت پێشکەشبکەن. ئەوانەی هەندێک جار بە پرۆژەیاساکانی «ئەندامە ئاساییەکان» ناودەبرێنو دەستپێشکەربنو پێشنیارەکانی خۆیان بدەنە لیژنەکان، یان ئەنجومەنی سەرەکی، یاخود گفتوگۆ بخەنەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، دەشــێت ئەو خەســڵەتە باشــانە ببنــە مایەی ســەرهەڵدانی گرفتەکان. بۆیە دەبینین لەو ڕاپۆرتەدا کە لە «کنیست»ی ئیسرائیلەوە هاتوە، هێما بۆ ئــەوە کــراوە، زۆربوونی پێشنیارەکانی پێشکەشکراو لەلایەن ئەندامە ئاساییەکانەوە، یەکێکە لە بەرچاوترینی ئەو سەختییە ڕێکخراوەییانەی ڕووبەڕووی

کنیست بوونەتەوە. پەرلەمانی سویدیش، کە بە ڕیکسداگ ناسراوە، چەند تێبینییەکی هاوشێوە دەربارەی مافی دەستپێشکەریکردنی ئەندامە سەربەخۆکان هەیە، چونکە لە ڕاپۆرتی پەرلەمانی سویدیدا ئەمەی خوارەوە هاتوە:

«دەشێت فراوانبوونی بەکارهێنانی ئەو مافە ببێتە هۆی کێشەنانەوەی زۆر، کە پەیوەندییان بە کارامەیی کاری پەرلەمانەوە هەیە، چونکە لە سوید بەکارهێنانی مافی دەستپێشکەریی ئەندامە سەربەخۆکان، بوە هۆی ڕوودانی کێشەگەلی لەو جۆرە لە لیژنەکاندا، لەبەرئەوەی باری شانی ئەو لیژنانە بەو مەسەلانە گرانکران، کە ئەنجامی ئەو مافە سەریانهەڵدابوو. لەبەرامبەر مافی دەستپێشکەریکردن، بەکارهێنانی مافەکانی دیکە، بەپلەی یەکەم، دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی حیزبەکان، نەک ئەندامە سەربەخۆکان. بەم شێوەیەش مەترسیی زیادەڕۆیانە بەکارهێنانی کەمدەبێتەوە».

مەسەلەی ڕێکخستنی چالاکانەی کارەکان، یەکێکە لەو بابەتانەی گشت پەرلەمانەکانی سەقاڵکردوەو لە بەشی شەشەمدا تاوتوێیدەکەین. لێرەدا تەنیا هێما بۆ دوو شێوازی جیاواز دەکەین، کە پەرلەمانەکانی دیکە دەیانگرنەبەر، بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتەی پەرلەمانی سویدی وروژاندویەتی. یەکێکیان ئەوەیە کە «ئەنجومەنی نوێنەرانی ئیتاڵیا» گرتویەتیەبەر، بۆ گەیشتنە ڕێکەوتنێکی توندوتۆڵی پێشوەخت دەربارەی ئەو کاتەی بۆ گشت بەشداربوان تەرخاندەکرێت، «لەوانە دەستێوەردانە تاکەکەسییەکانی ئەو نوێنەرانەی قسەکەری گرووپە پەرلەمانییەکان نین». شێوازەکەی دیکە بەسادەیی، درێژکردنەوەی کاتی تەرخانکراوە. بۆ نموونە، لە لوک سابهای هیندی شتێک سەریهەڵدا بەناوی «کاتژمێری سفر» (Zero Hour)، کە پاش کاتژمێری ڕەسمیی تەرخانکراو بۆ پرسیارەکانو پێش دەستپێکردنی کارە ئاساییەکانی ناو خشتەی کارکارپێدەکرێت. کاتژمێری سفریش بەم شێوەیەی خوارەوە باسی لێوە کراوە:

«سەرهەڵدانی کاتژمێری سفر دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای شەستەکان، کاتێک ئەندامەکان دەستیانکردە وروژاندنی ئەو بابەتە گرنگانەی جێ بایەخدانی زۆری جەماوەر بوون. ئەوەش هەندێک جار بە مۆڵەتی پێشوەختی سەرۆکی ئەنجومەنو هەندێک جاری دیکەش بەبێ مۆڵەتی ئەو ڕوویدەدا. لێرەشدا ئەندامەکان ئازادن چ مەسەلەیەک بوروژێنن کە بەلایانەوە گرنگە، جا مەسەلەکە نێودەوڵەتی بێت، یان نیشتیمانی، یاخود ناوچەیی. کاتژمێری سفر بەچەند دەستەواژەیەک خراوەتەڕوو، وەک «بەفیڕۆدانی سامانی گشتی»، «کاتژمێری شێتی»، «سەرەتایەکی مەزن

بۆ ڕۆژێکی خراپ»و «شتێک کە حەزی پێ ناکرێت»، کەچی بۆتە کاتژمێرێکی ژیاری و گرنگ. هەندێک جار «گەورەترین ئاستەنگە لەبەردەم ئەوانەی پۆستەکانی سەرکردایەتیان وەرگرتوە، کاتێک کارە ئاساییەکان ڕاییدەکەن، بەڵام زۆرجاری دیکە کونجێکی ڕەسەنی زاراوەو پراکتیکە پەرلەمانییەکانە».

شێوازێکی ڕادیکاڵانەتر هەیە بۆ زۆرکردنی بڕی کاتی پەرلەمانیی تەرخانکراو بۆ ئەندامە ئاساییەکان، ئەویش دامەزراندنی ئەنجومەنێکی هاوتەریبی ئەنجومەنی یاسادانانە. «ئەنجومەنی نوێنەرانی ئوسترالی» یەکەمین ئەنجومەنە ئەو دامەزراوەیەی پێکهێناوە، کە بە«ئەنجومەنی سەرەکی» ناسراوەو پێیوایە ئەوە گرنگترینی ئەو بەندانەیە کە چاکسازیی دوایی دەستەبەریکردون. «ئەم لیژنەیە ناتوانێت کارەکانی پەرلەمان بخاتەگەڕ یان دوابڕیار دەربارەیان بدات، بەڵام دەتوانێت هەرشتێک بکات، کە دەکەوێتە نێوان کارەکانو بڕیاردانەکانەوە. ئەم لیژنەیە بڕی کاتی تەرخانکراو بۆ کارەکانی حکومەتو ئەندامە ئاساییەکانی بە ڕادەیەکی زۆر زیادکردو دەرفەتی ڕەخساند بۆ بەردەوامبوونی گفتوگۆکان دەربارەی ڕاپۆرتەکانی لیژنەکانی پەرلەمانو دەرفەتی زۆرتری بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی مەسەلە دەربڕاوەکان ڕەخساند». لە «ئەنجومەنی گشتی»ی ئینگلستانیش دەستەیەکی هاوتەریبی هاوشێوە دامەزرا، کە پێیدەڵێن هۆڵی وێست مینیستەر (Westminster Hall).

## یەکسانی نێوان پیاو و ژن:

زامنکردنی توانای ژنان، بۆ ڕۆڵبینینی تەواو لە کاری پەرلەمانتارانەدا، تەنیا گرێدراوی فراوانکردنی سنووری ئەو دەرفەتانە نییە، کە بۆ گەیشتنە پۆستەکانی هەڵبژاردن دەستەبەرکراون، بەڵکو پێویستی بەوەیە بڕێک کارامەیی ببەخشرێتە ئەو ئامادەکارییە پەرلەمانیانەی بەشداریکردنی ژنان لە گشت چالاکییەکانی پەرلەماندا، بەشێوەیەکی یەکسان لەگەڵ پیاوان، ئاسانبکەن نەک ئاستەنگی بۆ دروستبکەن. «پەرلەمانی باشووری ئەفریقیا» هێما بۆ ئەوە دەکات، «ئەگەرچی سەرکەوتنی زۆر بەدەستهاتوونو وادەکەن ڕێژەیەکی بەرچاوی پەرلەمان لە ژنان پێکهاتبێ، بەڵام ئاسان نییە ژنان بەردەوام ڕۆڵی سیاسیی خۆیان بگێڕنو دەبێت پەرلەمان هەمیشە چاودێریی بونیادی بنچینەییو کولتووری ڕێکخراوەیی خۆی بکات، هەتاکو پشتگیریکردنی بۆ پێداویستییە ستراتیژی و پراکتیکییەکانی ژنان مسۆگەربکات». ئەمەش پوختەی بیروڕای ژنە پەرلەمانتارەکانە، لەو ڕووپێوەدا هاتووە کە یەکێتیی

پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتی ئەنجامیداوە: «یەکەمین سەرچاوەی دڵەڕاوکێی ئەو ژنانەی کاری سیاسی دەکەن، هاوسەنگیڕاگرتنە لەنێوان ژیانی سیاسی و پەیبەستییە خێزانییەکاندا... لەسەر ئاستی پەرلەمان، هێشتا ئەو خزمەتگوزاریانەی دایەنگە، کە لە بینـــای پەرلەمانی وڵاتە ئەســـکەندەناڤییەکاندا بۆ ژنە پەرلەمانتارە خاوەن منداڵە بچووکەکان دابینکراون، شتێکە زۆرینەی ژنە پەرلەمانتارەکانی بەشەکانی دیکەی دنیا خەونی پێوە دەبینن. هەمان شــت دەربـــارەی ئەو کاتانەی کۆبوونەوەو دانیشـــتنەکانیان تیادا ئەنجامدەدرێتو دەرفەتی باشـــتر دەرەخسێنن بۆ پێکەوە کۆکردنەوەی ئەرکـــە سیاسییەکان و ژیانی تایبەتیان». (ســـیاســـەت لە ڕوانگەی ژنانەوە- یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتی٢٠٠٠).

لێرەدا توانجی ژنێک دەخەینەڕوو، سەبارەت بەململانێی لەپێناو بەدەستهێنانی خزمەتگوزاریگەلی زۆر گرنگ لە بینایەکدا کە بۆ پیاوان دیزاینکراوە:

«لەســـەر ئـــەوە ڕاهاتبووم ئاودەســـتی تایبـــەت بە پیـــاوان، تەنیشت ژووری کۆنگـــرە حیزبییەکان، بەکاربهێنـــم. ژنەکانـــی دوای منیش هەمان شـــتیان کرد، هەتاکو ئاودەستەکانیان کردە هی ژنان و پیاوان. پاش ئەوەی پەرلەمانم جێهێشت دایەنگە دەستەبەرکرا، ئەم نوێکارییەش جۆرێک یەکسانی بوو لە دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری و ئامرازگەلی حەوانەوە بۆ ئەندامەکانی پەرلەمانو کەسوکاریان. بۆ نموونە، لە ڕابردوودا «ژوورێک هەبوو بۆ هاوسەرەکانی ئەندامە پیاوەکان»، کەچی شتێکی هاوشێوە بۆ هاوسەری ژنە پەرلەمانتارەکان لەئارادانەبوو».

چەند مەرســـییەکی هاوشـــێوەش هەن، کە پەیوەندییان بە کاتی ڕاییکردنی کارەکانی پەرلەمانەوە هەیـــە، چونکە زۆرێک لە پەرلەمانە خۆرئاواییەکان هەمیشە دانیشـــتنەکانی خۆیـــان لە کاتێکی تاڕادەیەک درەنگی ڕۆژدا ئەنجامـــدەداو هەتا ماوەیەکی درێـــژی شـــەویان دەخایاند. لەم دواییـــانەدا «ئەنجومەنی گشـــتی»ی ئینگلستان، وەک پەرلەمانەکانی دیکە، کاتی دانیشـــتنەکانی گۆڕی، بۆ ئەوەی زۆربەی ئەو دانیشـــتنانە ڕابگرێت کە ئێوارانی درەنگ ئەنجامدەدران، ئەگەرچی جیاوازیی هەڵوێستی ئەندامەکانی پەرلەمان بەرامبەر بەو گۆڕانکاریانە دەریخست، هێنانەدیی ئەو چاکسازییەی لەسەری ڕێککەوتوون، کارێکی ئاســـان نییـــە. لیژنەکانی پرۆگرامەکانی «پەرلەمانی باشووری ئەفریقیا» گەیشتنە ڕێکەوتنێک، کە دانیشـــتنەکانی ئەنجومەن تاکو پاش سەعات شەشی ئێوارە نەخایەنێت، «بۆ ئـــەوەی تەبابێت لەگەڵ پەیبەســـتییە خێزانییەکانی ئەندامەکاندا»، ئەمەش ڕەچاوکردنێکە ژنان و پیاوان وەک یەک دەگرێتەوە.

لەبەرئەوەی زۆربەی کارەکانی پەرلەمان لە ڕێگەی لیژنەکانەوە ئەنجامدەدرێن، بۆیە ئێستا مسۆگەرکردنی گشت دەرفەتە شیاوەکان بۆ ژنە ئەندامەکان، هەتاکو بەشداریبکەن لە کارەکانی لیژنەکانداو دەرفەتی پلەبەرزکردنەوەیان هەبێت، بۆ گەیشتنە پۆستی سەرۆکایەتیی لیژنەکان، مەسەلەیەکە زۆربەی پەرلەمانەکان بەجیدی ڕەچاویدەکەن. لێرەشدا دەشێت ڕێسا کارڕاییەکان یاریدەدەربن بۆ هێنانەدیی ئەو ئامانجە، وەک ئەوەی لە کامیرۆن هەیە. «چونکە ڕێسا کارڕاییەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کامیرۆن وای پێویستدەکەن، هەر نوێنەرێک بەلایەنی کەمەوە ئەندامی لیژنەیەک بێتو بەلایەنی زۆرەوە ئەندامی دوو لیژنە بێت، ئینجا بەپێی وتوێژی دانایانە بەلایەنی کەمەوە ژنێک لە هەر لیژنەیەکدا هەبێتو ژنان لە شەش لیژنەی بنەڕەتی سەرۆکایەتیی دوو لیژنەی گشتیی بکەن».

وەک دەستپێشکەرییەکی فراوانتر، هەندێک پەرلەمان چەندین لیژنەیان بۆ یەکسانی نێوان ژنان و پیاوان دامەزراندوە، بەئامانجی بەهێزکردنی ئەو یەکسانییە لە کۆمەڵگەدا بەگشتی. هەمیشە ژمارەی وەک یەکی ژنو پیاو ئەندامی ئەو لیژنانەن (وەک ئەوەی لە فەڕەنسا هەیە)و هەندێک لەو لیژنانەش بەرپرسیارێتی پاراستنی پێداچوونەوە بە کارڕاییەکانی پەرلەماندا، لە ڕوانگەی جۆری کۆمەڵایەتییەوە، لەئەستۆدەگرن. پەرلەمانی سویدیش «حیزبێکی کارگەری بۆ یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەزەکە لە ڕیکسداگ» دامەزراندوەو ڕاپۆرتەکەی تشرینی دوەم/ نۆڤەمبەری ٢٠٠٤ پانزە پێشنیاریکردوە بۆ یەکسانی نێوان ژن و پیاو لە ڕیکسداگ، ئەمەش بەرچاوترینی ئەو پێشنیارانەن:

- دانانی پڕۆگرامێک بۆ یەکسانی لە هەر ماوەیەکی پەرلەمانیدا، بەمەبەستی چەسپاندنی یەکسانی لە ڕیکسداگدا.
- بوونی مەرجی ڕەزامەندیی دەستەی نووسینگەی ڕیکسداگ لەسەر بەرنامەی هەر ماوەیەکی پەرلەمان و سپاردنی بەرپرسیارێتی بەکردەوەی جێبەجێکردنی بەرنامەکە بە فەرمانبەرێکی مەدەنی.
- ڕێکخستنی چەند خولەئەڵقەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ ئۆفیسەکانی لیژنەکان، بەمەبەستی گفتوگۆکردن دەربارەی شێوازەکانی کارکردن، ڕۆڵی سەرۆکی لیژنە، کولتووری کۆبوونەوەکانو...هتد.
- گەشەدان بە سایتی سەرەکیی ڕیکسداگ لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، پشتئەستوور بەو زانیارییە ئامارەییانەی بەپێی جۆری کۆمەڵایەتی دابەشکراون.
- گەشەپێدانی دەستپێک (ئەوەی لە نامیللکەی تایبەت بە ئەندامانی پەرلەماندا

هاتوه) کە سەبارەت بە پەرلەمان پێشکەش بە ئەندامە نوێکان دەکرێت، بەجۆرێک زانیاریی ناڕەسمیی زیاتری دەربارەی ڕێکسداگ تێدابێت.

- ئەو بەدواداچوونانەی لەناو ڕێکسداگدا دەکرێن، هێمابکەن بۆ ئەو سەرەنجامانەی پەیوەندییان بەیەکسانییەوە هەیە.
- پلاندانان بۆ کارەکانی لیژنەکان، ڕەچاوی گرنگیی پێکەوە کۆکردنەوەی ئەرکەکانی پەرلەمانو پێداویستییەکانی دایک و باوکایەتی بکەن.

ئەو دەستپێشکەرییانە هەمیشە بەری ئەو گوشارەن کە ژنە پەرلەمانتارەکان کاری پێ دەکەن، چونکە ژنە پەرلەمانتارەکان لە گەلێک پەرلەماندا کۆنگرەگەلی حیزبیی وەهایان بەستوە، کە ژنە ئەندامی گشت حیزبەکان بەشداریان تێدا کردوە، بۆ هاندانی گۆڕانکارییەکانو پێداچوونەوە بە کارەکانی داهاتووی پەرلەماندا، ئەمەش لە ڕوانگەی جۆری کۆمەڵایەتییەوە.


Inter-Parliamentary Union (2000). Politics: Women's insight. <http://www.ipu.org/PDF/publications/womeninsight_en.pdf>

Inter-Parliamentary Union (2004). Enhancing the role of women in electoral processes in post-conflict countries. Post-election support. <http://www.un.org/womenwatch/osagi/meetings/2004/EGMelectoral/EP3-IPU.PDF>

Inter-Parliamentary Union, United Nations Development Programme (2002). National Seminar on RThe Process of Engendering a New Constitution for Rwanda. >http://www.ipu.org/pdf/publications/kigali_bi.pdf>

Inter-Parliamentary Union, United Nations Division for the Advancement of Women (2003). The Convention on the Elimination of All Forms of Discrimination against Women and its Optional Protocol. Handbook for Parliamentarians. <http://www.ipu.org/PDF/publications/cedaw_en.pdf>

The Commonwealth (2001). Gender-sensitizing Commonwealth parliaments. <http://www.cpahq.org/uploadstore/docs/gendersensitizingcwparliaments.pdf>


## هێنانەدیی یەکسانی بۆ ئەندامەکانی کەمایەتییەکانو گرووپە پەراوێزکراوەکان:

دەشێت لە گەلێک پەرلەماندا، بەشێوەیەکی فراوان مامەڵەبکرێت لەگەڵ مەسەلەی بەشدارییپێکردنی نوێنەرەکانی کەمایەتییەکانو گرووپە پەراوێزکراوەکان لە پەرلەماندا، ئەوەش لە ڕێگەی کارڕاییەکانی تایبەت بە

حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆن‌و کەمایەتییەکانەوە، کە پێشـتر گفتوگۆمـان لەسـەر کردن. لەگەڵ ئەوەیشدا، کاتێک کەمایەتییەکە زۆر بچووکە، ئەوا بەپێی ڕێسا ئاساییـەکان مەحاڵە بەپیرییەوە بچیت، ئەگـەر داوای مافگەلی پەرلەمانتاریی دیاریکراوی کرد، وەک بەدەسـتهێنانی پۆست لە لیژنەکانی یاسادانان‌و ئەوانی دیکەدا. لەم دۆخـەدا دەشـێت واز لە هەندێـک داخوازی بهێنرێـت، لەبەر پێویستیی بوونی لانـی کەمـی ئەندامـە هەڵبژێراوەکان، یان مافگەلی کارڕایی تایبەت بدرێتە ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە کەمایەتییەکانەوە هەیەو دەشێت مافی پێشـنیارکردنی یاسـایەکی نوێ، یان ڕەتکردنەوەی چەنـد جۆرێکی دیاریکراوی پڕۆژەیاسـاکان، لەخۆبگرێت. بۆ نموونـە، لە بەلجیکا پەرلەمان بەپێی زمان دابەشکراوە بەسەر دوو گرووپداو لە کاتی گفتوگۆکردن لەسەر چەند بابەتێکی دیاریکراو یەکێکیان بە فەڕەنسی قسەدەکات‌و ئەوی دیکەش بە هۆڵەندی. بۆ هەموارکردنی تەگبیرکردنێکی دیاریکراویش، پێویستە لە هەر گرووپێکدا زۆرینە بەدەستبێت، وێڕای بەدەستهێنانی زۆرینەی تێکڕایـی کـە ٣/٢ی ئەندامەکان دەگرێتـەوە.

لەبەرئەوەی کەمایەتییەکان‌و گرووپـە پەراوێزکراوەکان هەمیشـە بە زمانێکی جیـاواز لەوەی زۆرینە دێنـەئاخاوتن، بۆیە مەسـەلەیەکی گرنگی بەشـداریکردن لە پەرلەماندا، پەیوەندیی بە زمان یان ئەو زمانانەوە هەیە کە کارەکانی پەرلەمانیـان پێ ڕاییـدەکرێت. ئەمەش گرنگتردەبێت، کاتێک زمانی کارە پەرلەمانییەکان جیاوازدەبێت لەگەڵ زمانی زۆرینەی دانیشتواندا. لێرەشـدا دەشـێت مەسـەلەی خەرجییـەکانی پێویسـت بۆ دەسـتەبەرکردنی خزمەتگوزارییـەکانی وەرگێـڕان توخمێکی ئاسـتەنگ دروسـتکەر بێت. بۆ نموونە، ئەوەتا لە «لوک سابها»ی هیندی هەردوو زمانی هیندی و ئینگلیزی بەکاردەبرێت بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان، لەگەڵ ئەوەیشـدا لە سەردەمی لوک سابهای چوارەمەوە، ڕێگە بە ئەندامـەکان دراوە بە هەریەکێک لەو زمانانە گفتوگۆ لەگەڵ ئەنجومەنەکەدا بکەن، کە لە دەستووردا هاتوون. ئێستا خزمەتگوزارییەکانی وەرگێڕانی دەستوبرد بۆ هەشت زمانی دیکە، جگە لە دوو زمانەکەی پێشتر باسکران، دەستەبەرکراوە. ئەوانەش ئەمانەن (ئاسامیسە، بەنگالی، کانادا، مالایالام، ماراسی، ئۆریا، تامیل‌و تیلیجو)و لە ئەنجومەنی پیرانیش، کە بە «راجیا سابها» ناسراوە، خزمەتگوزارییەکانی وەرگێڕان ئەم زمانانەش دەگرێتەوە: گوجوراتی‌و ئۆردۆو پنجابی.

## بۆ خوێندنەوەی زیاتر دەربارەی بەکارهێنانی زمانەکانی کەمایەتییەکان و زمانە نیشتیمانییەکان لە کاری پەرلەماندا بڕوانە:

Matiki, A (2002). Language planning and linguistic exclusion in the legislative process in Malawi.
<http://www.linguapax.org/congres/taller/taller1/Matiki.html>

The House: New Zealand‚Äôs House of Representatives 1854-2004 (2005). Parliament in Te Reo.
<http://www.nzhistory.net.nz/Gallery/parlt-hist/tereo.html>

## ئاسانکاریکردن بۆ کاری گشت ئەندامەکان:

وێڕای شـێوازە هەر ڕوونەکانی نەبوونی یەکسـانی لەنێوان ئەندامەکاندا، کە پێشـتر گفتوگۆمان لەسـەر کردن، هەندێک جیاوازی تر هەن کەمتر دەردەکەونو پەیوەندییان بە دەرامەت یان وزەکانەوە هەیەو ئاستەنگ دروستدەکەن بۆ کارڕاییکردنیان بەشـێوەیەکی ڕێکوپێک. بەدوورودرێژی بابـەتی دەرامەتو ئاسانکارییە پەرلەمانییەکان لە بەشی شەشەمدا باسدەکەینو لێرەدا تەنیا هێما بۆ ئەوە دەکەین، پێویسـتە ئەندامەکان دەرفەتی یەکسانیان لەبەردەمدا بێت، بۆ سوودوەرگرتن لەو دەرامەت یان ئاسانکاریانەو تاقمی کاری پەرلەمانی تایبەت بە توێژینەوەو کتێبخانەکان بێلایەن بن لە خزمەتکردنی گشت ئەندامەکاندا.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم مەسەلەیە تەنیـا پەیوەندیی بە ئاسانکارییەکانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیشی هەیە بە توانای ڕەخساوەوە بۆ بەکارهێنانیان. بۆ نموونە، ئێسـتا لە زۆربەی پەرلەمانەکاندا ئاسـانکارییکراوە بـۆ بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەلایەن ئەندامـەکانـەوە، هەتاکو بتوانن نوێترین زانیاریی دەربارەی پێشکەوتنی ڕەوتی پڕۆژەیاساکانو لایەنەکانی دیکەی کاری پەرلەمانتارانە بەدەستبێنن، لەگەڵ ئەوەیشدا گشت ئەو ڕووپێوانەی دەربارەی بەکارهێنانی ئامڕازەکانی کۆمۆنیکاشیۆنی ئەلیکترۆنی کـراون دەریدەخەن، نەبوونی هاوتایی نێوان بەکاربەرەکان ئەوەندەی پەیوەندیی بە تـوانای بەکارهێنانی ئـەو ئامڕازانەوە هەیـە لە سنورێکی کامڵدا، ئەوەندە پەیوەندیی بە دەسـتەبەربوونی ئامێرو کەرەستەکانەوە نییە. سەبارەت بەڕاستیی ئەوەی، ئێستا ئەندامەکانی پەرلەمان بەشێوەیەکی زۆر خاوەن پێشینەی پیشەیی جیاوازەوە دێن و تواناکان دیاریکراون، مەسەلەیەکی بەڵگەنەویستە، بەڵام

هەرکەسێک پێویستی بە ڕاهێنان هەیە، تەنانەت ئەگەر بەمەبەستی نوێکردنەوەی تواناکانو ڕاگەیشتن بێت بە شتە نوێکان.

ئەم مەسەلەیە بەشێوەیەکی گشتی ئەو ئەندامانە دەگرێتەوە کە تازە هەڵبژێردراون، چونکە کارڕاییە پەرلەمانییەکان هەمیشە بەکۆمەڵێک نهێنی دەورەدراون و پێداویستییەکانی تایبەت بە کات تاڕادەیەکی زۆر هەمەڕەنگن، ئەمەش وادەکات ئەندامەکان تاڕادەیەکی زۆر بەکەیفی خۆیان ڕەفتاربکەن. دەشێت ئەندامە نوێکان کاتێکی درێژیان پێویست بێت، بۆ ئەوەی ئەو ئامرازانە بدۆزنەوە کە لە چوارچێوەی تەواوی بەرپرسیارێتییەکانیاندا کارامەییان پێ دەبەخشن. زۆربەی پەرلەمانەکان چەندین پرۆگرامی سەرەتایی و پلانی فێرکاریی پێشکەش بە ئەندامە نوێکان دەکەن، ئەگەرچی ئەو پرۆگرامو پلانانە لە ڕووی چۆنایەتیو سوودەوە جیاوازیی زۆریان لەنێواندایە. گرووپە حیزبییەکان هەندێک لەو پرۆگرامانە پێشکەشدەکەنو تاقمی کارگێڕیی پەرلەمانیش هەندێکی دیکە. لە ڕانانێکی یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتیدا، سەبارەت بە پرۆگرامە سەرەتاییەکان، ئەم خاڵانەی خوارەوە، وەک توخمە بنچینەییەکانی ئەو جۆرە پرۆگرامانە، پێشنیارکراون:

- ماف و ئەرکەکانی ئەندامەکان.
- کارڕاییەکانی پەرلەمانو ڕێساکانی گفتوگۆکردنو دەنگدان لە لیژنەکانو ئەنجومەنی یاسادانانادا.
- وردەکارییەکانی خزمەتگوزارییە پەرلەمانییە ڕەخساوەکانو چۆنێتی سوودلێوەرگرتنیان.
- ڕێکخستنی ئۆفیسو بەکارهێنانی کەرەستە ئەلکترۆنییەکانو ئەوانی دیکە.
- پەیوەندییەکان لەگەڵ ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا.
- ڕێکخستنی ئۆفیسەکانی بازنەکانی هەڵبژاردنو پەیوەندییەکان لەگەڵ هەڵبژێرەکاندا.

بۆ نموونە، «پەرلەمانی نیوزلەندی» زنجیرە نامیلکەیەکی ڕێنوێنیکار، سەبارەت بە لایەنە جۆربەجۆرەکانی کارەکانی ئەندامەکانی پەرلەمان، لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەردەکات بۆ گشت ئەندامەکانی. وەک ڕێبەری تایبەت بە «ئەندامێتی لیژنە تایبەتییە کاراکان» (Effective Select Committee Membership) تاوتوێی هەموو لایەنەکانی کاری لیژنەکان دەکات، لەوانە ڕێنماییە ناوخۆییەکان، کارڕاییەکانی تایبەت بە جۆرە جیاوازەکانی کارەکان، خزمەتگوزارییە پشتگیریخوازە ڕەخساوەکان، ڕێنماییەکانی ئاراستەی سەرۆکی لیژنەکان دەکرێنو بەوجۆرە. ئامانج لەم ڕێبەرە، تواناسازیی بەکارهێنەرانیەتی، بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانیان لە لیژنە تایبەتەکاندا. چونکە لە ڕێگەی ئەو کارەوە، دەتوانن بەشێوەیەکی باشتر

نوێنەرایەتیی هەڵبژێرەکانیان بکەن. ئەمەش چەپکێکی نموونەیی ئەو ڕێبەرەیە:

«دەستنیشانی ئەوە بکە کە دەتەوێت بیهێنیتەدی. بۆ ئەوەی ئەندامێکی چالاک بیت لە لیژنەیەکی تایبەتدا، پێویستە پێشوەخت نەخشە بۆ ئەوە دابنێیت کە دەتەوێ لە کۆبوونەوەیەکی دیارکراودا بیهێنیتەدی و چۆن دەخوازی بیهێنیتەدی. چونکە دەشێت هەندێک جار کارڕاییەکان بەخێرایی و بەبێ پلان بچنەڕێوەو دەرفەتی وروژاندنی بابەتێکی دیاریکراو یان پێشنیارکردن بۆ گۆڕینی ڕاپۆرتێکی تایبەتیت لەکیس بچێت. ئەم ڕێبەرە یارمەتیتدەدات بۆ تێگەیشتن لەوەی دەشێت بیهێنیتەدی و چۆنییەتی جێبەجێکردنی پلانەکەت لە چوارچێوەی ئەو سنوورەی لە ڕێنماییە کارپێکراوەکاندا ڕوونکراوەتەوە...

**دەرفەتت بۆ ئەوەی ببیتە یاسادانەرێکی چالاک**. پێویست ناکات هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بیت لە یاسادا، هەتاکو بتوانیت یاسادانەرێکی چاک بیت. چونکە هەموو ئەوەی پێویستتە، بیروڕاکانی خۆتە، پابەندبوونتە بە پێڕەویکردنی کارڕاییەکانەوەو تواناتە لە بڕواهێنان بە هاوڕێکانی لیژنەکە، سەبارەت بە پێویستیی جێبەجێکردنی پێشنیارەکانت. ئینجا ڕاوێژکارانی لیژنەکە ڕاوێژ دەربارەی سوودی پێشنیارەکان پێشکەشدەکەنو داڕشتنی یاسادانەرانەش کەسانێک دەیگرنەئەستۆ، کە خاوەن شارەزایی تایبەتکارن لەو بوارەدا. پێویستە لە کاتی تاوتوێکردنی یاساداناندا، بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە بیربکەیتەوەو لەکاتی تێنەگەیشتن لەو یاسایەی لەبەردەمتدایە، ئامادەبیت بۆ خستنەڕووی پرسیارەکان، چونکە ئەگەر لێی تێنەگەیشتی، ئەوا ئەو کەسانەش لێی تێناگەن کە نوێنەرایەتیاندەکەیت».

## پاراستنی مافەکانی ئەندامەکانی پەرلەمان لە کاتی کارکردن بە دەسەڵاتەکانیان:

مەرجێکی بنچینەیی هەیە، بۆ ئەوەی پەرلەمان نوێنەری گشت میللەت بێتو ئەندامەکانی چالاکانە نوێنەرایەتیی هەڵبژێرەکانیان بکەن، ئەویش ئەوەیە کە ئەندامەکان ئازادانەو بەبێ ترس یان مەراییکردن گوزارشت لە بیروڕاکانی خۆیان بکەن. زۆرجار ئەندامەکانی پەرلەمان لەلایەن حکومەتەکانەوە دووچاری گشت جۆرەکانی گوشارو شێوازەکانی هەڕەشەکردن دەبن، بەتایبەتی کاتێک ڕاشکاوانە باسی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لەلایەن حکومەتەوە دەکەن، ئەمە وێڕای ئەو گوشارە نابەجێیانەی لەلایەن ئاقارە بەهێزەکانی دیکەی ناو خودی کۆمەڵگەوە دەکرێتە سەریان. لەبەر ئەم هۆیە مافەکانی ئەندامەکانی پەرلەمان، سەبارەت بە ئازادیی دەربڕین، پارێزگاریکردنێکی تایبەتیان بەدەستهێناوە، ئەویش لە ڕێگەی ڕێساکانی «بەربژێری» یان «لێنەپێچینەوە»ی پەرلەمانتارانەوە کە ئەندامەکانی پەرلەمان لەوە دەپارێزن لەسەر ئەو بیروڕایانەی دەریاندەبڕن یان ئەو دەنگانەی لە کاتی

کارپێکردنی دەســـەڵاتــەکانیانــدا دەیدەن، ببرێنە بەردەمی دادگا.

«پرنسیپی لێنەپێچینەوەی پەرلەمانتارانە هەموو شـــتێکی دەربڕاو بەقسە یان نووسراو یاخود هەر کردارێک دەگرێتەوە، کە ئەندامێکی پەرلەمان لە کاتی کارپێکردنی ئەرکە ڕەســمییەکانیدا بەشــێوەیەکی ئاســایی خستبێتیەڕوو... ئەم پارێزگاریکردنە پێشکەشکراوە ڕەهاخوازانەیەو هەتاکو مردنی ئەندامەکە بەردەوامدەبێت، تەنانەت پاش کۆتاییهاتنی ئەندامێتــی لە پەرلەماندا. گشت وڵاتەکان بەبێ هیچ ڕیزپەڕێک پرنسیپی لێنەپێچینەوەی بەو مانایە هەموارکردوە کە هێمای بۆ کراوە. (**لیژنەی مافەکانی مرۆڤی تایبەت بە ئەندامەکانی پەرلەمان لە یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتی-١٩٩٣**)».

ئامانجی ئــەو بەربژێرییە تەنیا پاراستنی ئەندامەکانی پەرلەمان نییە، بەڵکو ئەو ئامانجە تێدەپەڕێنێت، بۆ ئەوەی بگاتە ئاستی بەرزکردنەوەی توانای نوێنەرایەتیکردنو پاراســتنی بەرژەوەندییــەکانی هەڵبژێرەکــان. ئەمەش بەباشترین شێوە لەو بڕیارەدا گوزارشتی لێ کراوە، کە «ئەنجومەنی یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتی» ساڵی ١٩٧٦ لە شاری مەکسیک دەریکردوە: «پاراستنی مافەکانی ئەندامەکانی پەرلەمان، داخوازییــەکی بنچینەییە بۆ توانا‌سازییان، بەمەبەستی پاراستنی مافەکانی مرۆڤو ئازادییە بنچینەییــەکانی لــە وڵاتەکانیان. بێجگە لەوە، سروشــتی نوێنەرایەتیکردنی پەرلەمان، پەیوەندییەکی توندوتۆڵی هەیە لەگەڵ ڕێزگرتنی مافەکانی ئەندامەکانی».

لەبەر مێژووی ســتەمکارانەی ســیستەمە حوکمــڕانەکان، زۆرێک لە پەرلەمانەکان ئامێزگرتن (حصانە) لە دژی گرتنو دادگاییکردن، بەهۆی تاوانە ئاســاییەکانەوە، دەدەنە ئەندامەکانیان. چونکە ئەو دادگاییکردنانە بەهانەن حکومەتەکان بەکاریاندەهێنن بۆ دوورخستنەوەی ئەندام پەرلەمانە ڕەخنەگرەکان، یان ئەوانەی نەیاری سیاســەتە چەوتەکانی حکومــەتن لە بازنەی کاری گشتیدا. ئەم ئامێزگرتنە یان «بەرگرییە»ش تەنیا لە ماوەی کاری ئەندامی پەرلەماندا بەکارە. لە هەندێک بارودۆخی گرنگدا، دەشـێت ئەو ئامێزگرتنە هەڵبگیرێت، بەڵام ئەوە تەنیا بەبڕیارێک دەبێت کە خودی ئەندامەکانی پەرلەمان دەنگی لەسەر دەدەن. لەو وڵاتانەی ئەم بڕیارە تیایاندا جێبەجێدەکرێت، ئامانج لە بڕیارەکە هێنانەدیی هاوسەنگییە لەنێوان پێویستیی پاراستنی ئەندامەکانی پەرلەمان لە دەســتدرێژییەکانی دەســەڵاتی جێبەجێکردنو ترســی بەکاربردنی ئەو ئامێزگرتنــە لەلایەن ئەندامەکانی پەرلەمانەوەو دەرکەوتنیان لەبەردەمی جەماوەردا، وەک دەستەبژێرێکی تایبەتی خاوەن بەربژێریگەلێک کە هەقی خۆیان. لەگەڵ گۆڕانی هەلومەرجدا، ئاسان نییە هاوسەنگیی نێوان ئەو دوو لایەنە ڕابگیرێت. بۆیە ژمارەیەک پەرلەمان بەو یاســایانەدا دەچنەوە کە پەیوەندییــــان بەو مــەســەلەیەوە هەیە.

کاتی پێشلکردنی مافەکانی ئەندامەکانی پەرلەمان ڕوودەدات، بەبێ ئەوەی لە ڕێگەی کارڕاییە ناوخۆییەکانەوە چارەسەرێک بدۆزرێتەوە، ئەو ئەندامانە دەتوانن پەنا بۆ «لیژنەی مافەکانی مرۆڤی تایبەت بە ئەندام پەرلەمانەکان» (The Committee on Human Rights of Parlimentarians) بەرن، کە ساڵی١٩٧٧ لە ژێر چاودێریی یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتیدا دامەزراوە. ئەم لیژنەیە، کە پێکهاتووە لە گەورە ئەندام پەرلەمانەکانی گشت ناوچەکانی جیهان، کارڕاییگەلی هاوشێوەی کارڕاییە دادوەرییەکان دەگرێتەبەر، بەمەبەستی گەیشتنە ڕێککەوتنێک کە هەمووان لەسەری کۆکبن و لەسەر بنچینەی متمانە لەگەڵ حکومەت یان پەرلەمانی بەرپرسیاردا بنیاتنراوە. لەکاتێکدا ڕێککەوتن دەربارەی ئەو بابەتە نایەتەدی کە جیاوازیی لەسەرە، ئەنجومەنی حوکمڕانیی یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتی بابەتەکە بۆ هەموان دەخاتەڕوو. ئێستا وەک دامودەزگایەکی بنچینەیی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی مافەکانی ئەندام پەرلەمانەکان، دان بەو لیژنەیەدا نراوە.

## بۆ خوێندنەوەی زیاتر دەربارەی مافەکانی ئەندامانی پەرلەمان بڕوانە:

Inter-Parliamentary Union (1993). Inter-parliamentary symposium "Parliament: Guardian of human rights". Summing-up of the deliberations by the President of the symposium. <http://www.ipu.org/splz-e/budapest.htm>

Inter-Parliamentary Union (2006). Human rights and humanitarian law. <http://www.ipu.org/iss-e/hr-law.htm>

Inter-Parliamentary Union (2006). Parline database module on the parliamentary mandate. <http://www.ipu.org/parline-e/parlinesearch.asp>

McGee, S (2001). Rules on parliamentary immunity in the European Parliament and the member States of the European Union. European Centre for Parliamentary Research and Documentation <http://www.ecprd.org/Doc/publica/OTH/RulesParlImmu.pdf>

Myttenaere, " (1998). The immunities of members of parliament, in Constitutional and Parliamentary Information N 175. Association of Secretaries General of Parliaments <http://www.asgp.info/Publications/CPI-English/1998_175_05-e.pdf->

سەرچاوەیەکی دیکەی ڕەخساو هەیە بۆ ئەو ئەندام پەرلەمانانەی دووچاری گوشار دەبن، ئەویش بەدەستهێنانی پشتگیریی هاوڕێکانیانە، واتە ئەندامەکانی پەرلەمانەکانی وڵاتەکانی دیکەیە. بۆ نموونە، «بۆندستاگ»ی ئەڵمانی هەڵمەتێکی دەسپێکردوە بەناوی «پەرلەمانتاران پەرلەمانتاران دەپارێزن» (Parliamentarians Protect Parliamentarians)، ئەمەش پوختەیەکە بۆ بنچینەی لۆژیکیی هەڵمەتەکەو شێوازی کارکردنی:

«هیچ کەسێکی لایەنگری جێبەجێکردنی مافەکانی مرۆڤ و پابەند بەو مافانە لە ئەڵمانیا دووچاری مەترسی نابێت، بەڵام دەشێت لە زۆر وڵاتی دیکە ئەو کەسانەی بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ دەکەن بۆ خۆیان قوربانییەکانی پێشێلکردنەکانی ئەو مافانە بن. هەروەها سیاسەتمەداران دەکەونە ناو بازنەی ئەوانەی بەرگری لە مافەکانی ئەو مرۆڤانە دەکەن، کە ڕووبەڕووی مەترسی بوونەتەوە، زۆرجاریش تەنیا تاوانیان ئەوەیە، مافی ئازادیی دەربڕینی خۆیان پیادەدەکەن. هەروەها ئەو ڕەخنەیەی دەیگرن وایان لێ دەکات ببنە درکێک لە لەشی دامودەزگاکانی دەوڵەتی ئەو وڵاتانەی خۆیان بۆ مافەکانی مرۆڤ و گرووپە پەرلەمانییەکان ناوەتەوە.

بەوپێیەی ئەوانە ئەندامەکانی بۆندستاگن، تۆڕێکی ئەلکترۆنیان هەیە بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانو دەتوانن لە خزمەتی ئەو هاوڕێیانەیاندا: ئەندام پەرلەمانەکان، بەکاریبهێنن کە ڕووبەڕووی مەترسی بوونەتەوە... لێرەشدا سکرتاریەتی لیژنەی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ و یارمەتییە مرۆڤایەتییەکان دەربارەی ئەو سیاسەتمەدارە بەرهەڵستکارانە ئاگادارتاندەکاتەوە (کە لە وڵاتێک پەیوەندیتان پێوەی هەیە، یان دەتانەوێ سەردانیان بکەن) کە ڕووبەڕووی هەڕەشەلێکردن بوونەتەوەو ئاشناتاندەکات بەباشترین شتێک بشێت بیکەن بۆ پشتگیریکردنیان. دەشتوانن ئەو زانیاریانە بەکاربهێنن، کە سکرتاریەتی لیژنەکە پێشکەشیاندەکات، بۆ ئەوەی لەناو ئەڵمانیاوە دەستی داکۆکیکردن بۆ هاوڕێکانتان ڕابکێشن. هەروەها سکرتاریەت بناغەیەکی دروست دەستەبەردەکات بۆ پێشکەشکردنی سکاڵانامەکانو سازکردنی گفتوگۆکان لەگەڵ بڕیارسازانی ئەو وڵاتانەی مافەکانی مرۆڤ تیایاندا پێشێلدەکرێت».

## مافە تاکەکەسییەکانی ئەندام پەرلەمانەکان و دیسپلینی حیزبی:

یەکێک لەو بابەتانەی هەمیشە دەبێتە هۆی وروژاندنی گفتوگۆ، دۆزینەوەی هاوسەنگییە لەنێوان ئەوەی دیسپلینی حیزبی دەیسەپێنێت بەسەر ئەندام

پەرلەمانداو مافی دەربڕینـــی ئازادانـــەی بیروڕای خـــۆی. چونکە لەلایەکەوە حیزب چاوەڕوانی ئەو ئەندامەیـــە، کە بە لیســـتەکەی ئەو و پشتگیریکردنی ئەو هەڵبژێردراوە، لەناو پەرلەماندا داکۆکی لە بەرنامەکەی بکات. ئەم مەسەلەیەش تەنیا پێویســـت نییە بۆ خودی حیزبەکان، بەڵکو پێویستیشە بۆ هەڵبژێرەکان، هەتاکو دڵنیابن لە بوونی پەیوەندییەکی چاوەڕوانکراو لەنێوان کارپێکردنی مافی دەنگدان لەلایەن خۆیانو ئەو کردارانەی نوێنەرە هەڵبژێراوەکانیان لە پەرلەماندا ئەنجامیاندەدەن. لەلایەکی دیکەوە، بەرپرسیارێتییەکی سەربەخۆیانە دەکەوێتە ئەستۆی ئەندامەکان، ئەویش بەرگریکردنە لە بەرژەوەندییەکانی هەڵبژێرەکانیانو ئاشکراکردنی ئەو ســـیاســـەتانەی پێیانوایە چەواشەکار یان زیانبەخشن، تەنانەت ئەگەر لـــەلایەن حیزبـەکەیانـــەوە هانبدرێن. هەروەها بەرپرسیارێتیی دانانی ئەو کارڕاییە دیموکراتییە ناوخۆییانـــەش دەکەونە ئەستۆی حیزبەکان، بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆی تەواو دەربارەی بابەتە ئاڵۆزەکان، نەک تەنیا پشتبەستن بەو فرمانانەی لەلایەن لایەنە باڵاکانەوە دەردەکرێن.

یەکێک لەو کێشانەی بەلای پەرلەمانتارەکانەوە ســەختە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە، چۆنێتی پێکەوە گونجاندنی پێداویستییەکانی ولائە بۆ حیزب و ویژدانی تاکەکەسیانە. حیزبەکانی پەرلەمان چەنـــد شێوازێکی هەمەجۆر دەگرنەبەر بۆ تەمێکردنی ئەو ئەندامانەی ئینشقاقدەکەنو دەگاتە ئەوپەڕی سزادان، کە دەرکردنە لە حیزب. ئەمەش دەبێتە هۆی پشتگیرنەکردنی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا. ئەنجومەنی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتی بەڕوونی ئەو سنوورەی دیاریکردوە، کە تیایدا ئەو کردارانە پێشێلی مافە تاکەکەسییەکانی ئەندام دەکەن، ئەوەش لە ڕێگەی ئەو مەسەلە واقعیانەی خراونەتە بەردەمی ئەو لیژنەیەی سەر بە ئەنجومەنەکەیە و تایبەتە بە مافەکانی مرۆڤی تایبەت بە ئەندامەکانی پەرلەمان، کە ئەمانەن: یەکەم/ پێویستە ئەو دەرکردنە تەبابێت لەگەڵ ئەو ڕێسا ناوخۆییانەی حیزبدا، کە پابەندبوون بە کارڕاییە دروستەکان مسۆگەردەکەن، لەوانـــە مافی ئەندام بۆ بەرگـری لەخۆکردن. دووەم/ پێویستە دەرکردنەکە خۆبەخۆ نەبێتە هۆی بێبەشکردنی ئەندامەکە لە کورسیی پەرلەمان، یان سنووردانان بۆ ماوەی ئەندامێتییەکەی، چونکە ئەو ڕەفتارە مافی ئازادیی دەربڕینی ئەندامەکە پێشێلدەکات. هەروەها یەکێتیی پەرلەمانتاریی زۆرجار جەغتی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە داماڵینی مافە پەرلەمانییەکان لە ئەندامێک، پێویستی بە دەرکردنی بڕیارێکی پەرلەمان هەیەو نابێت ئەو بڕیارە ئەنجامـی لەدەستدانی ئەندامێتی حیزب دەربچێت، بەڵکو دوای سزادانی بەتۆمەتێکی جینایەتکارانە.

ئەم پرنسیپە ئاڵۆزتردەبێت، کاتێک ئەندامەکە لەماوەی ئەندامێتیەکەیدا خۆویستانە حیزبەکەی جێدێڵێت یان حیزب دەگۆڕێت (ئەمەش بە «کۆچەری یان دەشتەکی» سیاسی — Political nomadism ناودەبرێت). ئامانجی ئەو کردارانەش بەپلەی یەکەم خزمەتکردنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانە. بۆ نموونە، کۆششکردن بۆ پۆستی حکومی و دەشێت برێکی گەورەی نائارامیش لەناو پەرلەماندا بێنێتەئاراوە. ئەمە وێڕای ئەوەی دەبێتە هۆی ساختەکردنی ویستی ڕوونی هەڵبژێرەکان. لەبەر ئەم هۆیانە، ژمارەیەک پەرلەمان چەند بڕیارێکیان دەرکردوە، بۆ بەگژاچوونەوەی هەڵگەڕانەوەی ئەندامەکان، وەک پێویستیی دەستبەردابوونی کورسی پەرلەمان لەلایەن ئەندامەوە، کاتێک هەڵدەگەڕێتەوە. نموونەی تری ئەوە، ئەو ڕاستکردنەوە دەستورییەی پەرلەمانی هیندە، کە ساڵی١٩٨٥ هەمواریکرد، بۆ «بەگژاچوونەوەی مەترسیی هەڵگەڕانەوە سیاسییەکان... کە دەشێت ببێتە هۆی هەڵتەکاندنی بنچینە بەکردەوەکانی دیموکراسییەکەمان و ئەو پرنسیپانەی بەردەوامیی دەپارێزن». ئەم ڕاستکردنەوە دەستورییە تەنیا کاتی وازهێنانی ئەندامەکە لە حیزبی سیاسی کورسی پەرلەمان لەدەست نادات، بەڵکو تەنانەت ئەگەر بێ مۆڵەتوەرگرتنی پێشوەخت دژی ڕێنماییەکانی حیزبی سیاسی دەنگبدات. ئەم بڕیارە بە دەستکاریکردنێکی دواتر پشتگیریی لێ کرا، کە ساڵی ٢٠٠٣ بۆ یاساخکردنی یەکگرتنی تەواوەتیی حیزبەکان هەموارکرا.

شێوازێکی ئەڵتەرناتیڤی دیکە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتی هەڵگەڕانەوەکان لەئارادایە، ئەویش پەرلەمانی سویدی پێشکەشیکردوەو سوورە لەسەر ئەوەی، ئەگەرچی ئەندامەکانی پەرلەمان بە لیستی حیزبی هەڵدەبژێردرێن، بەڵام بەشێوەی تاکەکەسی دادەمەزرێن و دەسەڵاتگەلی سەربەخۆی خۆیان هەیە:

«ئینجا، ئەگەر ئەندامێک لە ماوەی خولێکی پەرلەمانیدا لە حیزب دوورخرایەوە، یان حیزبەکەی خۆی جێهێشت، ئەوا دەتوانێت وەک ئەندامی پەرلەمان بمێنێتەوە، بەڵام ئەو ئەندامانەی گرووپێکی حیزبی جێدەهێڵن، ناتوانن لەکاتی کاندیدکردندا بۆ پەرلەمان گرووپێکی حیزبیی نوێی بڕواپێکراوی پەرلەمان پێکبێنن، یان بە ڕەسمی بچنە ناو گرووپێکی حیزبیی دیکەوە».

سەبارەت بەو بڕیارە جۆربەجۆرانە، دەشێت سوودبەخش بێت ئەو «ڕێنماییە ئاڕاستەکارانە» تۆماربکەین، کە لەلایەن «لاتیمەر هاوسی دەوڵەتەکانی کۆمنوێڵس»ەوە (The Latimar House Guidelines for the Commenwealth) بڵاوکراوەتەوەو بەچاودێریی «یەکێتیی پەرلەمانتاریی دەوڵەتەکانی کۆمنوێڵس»

(The Commonwealth Parlimentary) لە حوزەیران/ جونیی ١٩٩٨دا ڕێککەوتن لەسەریان هاتەدی:

«سەلامەتیی ئەندامەکان، لە ماوەی کارکردنیان لە پەرلەماندا، هۆکارێکی بنچینەییە بۆ سەربەخۆیی پەرلەمانتارانە، ئینجا:

١-پێویستە ئەندامەکان لە پەرلەمان، وەک سزایەک بۆ جێهێشتنی حیزبەکانیان، دەربکرێن. ئەمەش بە «ئینشیقاق لە حیزب» (Floor-crossing) ناسراوەو پێشێلکارییەکی چاوەڕوانکراوی سەربەخۆیی ئەندامەکانەو دەشێت پێویستبکات دابینکارییگەل بۆ بەگژاچوونەوەی ئینشیقاق لە هەندێک وڵات بەکاربهێنرێن، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵسوکەوتە گەندەڵەکاندا.

٢-پێویستە بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو یاسایانەدا بکرێت، کە ڕێگەدەدەن بە بانگکردنی ئەندامەکان لە ماوەی ئەندامێتیاندا، بەوپێیەی ئەوە مەترسییە لەسەر سەربەخۆییان.

٣-پێویستە ڕاگرتنی ئەندامێتی لە حیزبی سیاسیدا بۆ خۆی نەبێتە هۆی لەدەستدانی کورسیی پەرلەمان».

## بۆ خوێندنەوەی زیاتر دەربارەی ئەرکەکانی ئەندام پەرلەمانەکان لە بەرامبەر حیزبەکانیان، لە تۆڕی ئینتەرنێتدا:

Norris, P (2004). Building political parties: reforming regulations and legal internal rules. International IDEA <http://www.idea.int/parties/upload/pippa norris ready for wev _3_.pdf>

Scarrow, S (2005). Political Parties and Democracy in Theoretical and Practical Perspectives: Implementing Intra-Party Democracy. National Democratic Institute
<http://www.accessdemocracy.org/library/1951_polpart_scarrow_110105.pdf>

The Commonwealth (2002). Commonwealth (Latimer House) Principles on the three branches of government.
<http://www.cpahq.org/CommonwealthPrinciplesonThreeArmsofGovernment_pdf_media_public.aspx>



# پەرلەمانێکی کراوە و شەفاف

# ٣ -پەرلەمانێکی کراوە و شەفاف

مەبەســت لە پەرلەمانی کــراوە ئەوەیە دەرفــەت بۆ جەماوەر برەخسێنێت ئامادەی کۆبوونەوەکانــی بن، ئەگەرچــی ئەوە لە ســەردەمێکدا، کە ئاسایشی کەسایەتییــە گشتییەکان بایەخی زیاتری پەیــداکردوە، هەمیشە بەشێوەیەکی ڕاســتەوخۆ نایەتــەدی، بەڵام گەلێک پەرلەمــان توانیویانە هاوســەنگی لەنێوان کردنــەوەی پەرلەمان بۆ جەماوەرو ئاسایشــدا ڕابگرن. ئەمەش بەشێوازێک کە وابکات پەرلەمان وەک پەرلەمانی میللەت دەربکەوێت، نەک پەرلەمانی ئەندامەکان بەتەنیا. لە ژمارەیەک وڵاتیشــدا، وەک باشــووری ئەفریقا، دەســتور ڕێگەدەدات چەند تاکێکی جەماوەر بەشــێوەیەکی ماقوڵ بچنە ناو پەرلەمانەوە.

بێگومان، لە ڕووی پراکتیکییەوە، زۆربەی خەڵک ناتوانن بۆ خۆیان ڕووبکەنە پەرلەمان. بۆیە مەبەســت لە کارڕاییەکانی پەرلەمانی کراوە بۆ جەماوەر لە واقیعدا ئەوەیە، کراوەبێت بۆ کارمەندانی ڕاگەیاندنو ئامڕازەکانی پەخشی ڕادیۆو تەلەفزیۆن، کە بەشــێوەیەکی گشــتی وەک «چاوو گوێیەکان»ی جەماوەر وان. کەرتی یەکەمی ئەم بەشە، تاوتوێی ئەو شێوازانە دەکات، کە پەرلەمان بەهۆیانەوە دەتوانێت ئاســانکاری بۆ کاری ڕۆژنامەنووسو ڕاگەیاندنکارەکان بکات، هەتاکو ڕووداوەکانی نــاو پەرلەمان بگوێزنــەوە. هەروەها باسی کۆمەڵە مەسەلەیەکی تر دەکات، وەک کــردنەوەی پەرلەمان بۆ جەماوەر، ئازادیی زانیارییەکان، ئازادیی دەربڕینو ڕێکخستنی کاری ئامڕازەکانی ڕاگەیانــدن. ئەمانەش ئەو مەسەلانەن، کە پێکەوە بەشــداریدەکەن لە هێنانەدیی ئەو هاوڵاتیانەی زیاتر ئاگاداری کاری پەرلەمان دەبنو هوشمەندییان بەرامبەری دەبێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، واچاکە هێما بۆ ئەوە بکەین، ئاگاداربوونی هاوڵاتیان لە کاری پەرلەمان، تەنیا ئەرکی سەرشانی ڕاگەیاندن نییە، بەڵکو بەرپرسیارێتیی خودی پەرلەمانیشە. چونکە بەدرێژایی ساڵانی کەمی ڕابردوو، پەرلەمانەکان کۆششی

بێوچانیان كـردوه بۆ ئاگاداركـردنەوەی جەماوەر لە چالاكییەكانی پەرلەمانو ڕۆشنبیركردنیان دەربارەی پەرلەمانو وروژاندنی خواستو بایەخدانیان بە كارەكانی پەرلەمان. لێرەشدا ئەو گەشـەكـردنە خێرایەی بۆتە هۆی سـەرهەڵدانی شێوازە نوێكانی ئامڕازەكانی پێكگەیشتن (كۆمۆنیكاشیۆن)، وەك ئینتەرنێت، یاریدەری پەرلەمانەكان بوون، بەو پێیەی ئاسانكاریانكردوە بۆ دروستكردنی پەیوەندیگەلی كارلێككردنخواز لەنێوان نوێنـەرەكانو هاوڵاتیاندا، لەبری پێكگەیشتنی یەك ئاڕاستە. لەم ڕوانگەیەوە، پێدەچێت تەرخانكردنی دوو بەشـی یەك لەدوای یەكی ڕێبەرەكە بۆ شەفافیەت لە پەرلەمانو ڕەخساندنی دەرفەت بۆ جەماوەر تاڕادەیەكی دیاریكراو مەسەلەیەكی دەستكردبێت، بەڵام گونجاوە جیاوازیی بكرێت لەنێوان هەردوو بابەتەكەدا، بەمەبەستی تاوتوێكردنیان بەشێوەیەكی هەمەلایەنتر. چونكە ئەگەر هاوڵاتیان بەتەواوی ئاگاداری كارەكانـی پەرلەمـان نـەبن (بڕوانە بەشی پێنجەم)، ئەوا دەرفەت نارەخسێت بۆیان كاریگەریی بخەنە سەر پەرلەمانەكانو بەشێوەیەكی بەردەوام لە نوێنەرەكانیان بپێچنەوە. بۆیە لە كەرتی دوەمی ئەم بەشـەدا باسـی ئەو كۆششـانە دەكـەین، كە پەرلەمانەكان دەیكەن بۆ ئەوەی جەماوەر ئاگاداری ڕووداوەكانی ناو پەرلەمان بن و لەگەڵیاندا پێك بگەن، هەروەها بۆ دۆزینەوەی ئامڕازەكانی هێنانەدیی ئەو كارە.

## ئاسانكاریكردن بۆ كاری ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنكارەكان بەمەبەستی گەیاندنی كاری پەرلەمان بە جەماوەر

پەرلەمانەكان پشـت بە ڕۆژنامەنووسـەكانو پێشكەشارەكانی بەرنامەكان دەبەستن، بۆ ئاگاداركردنـەوەی جەمـاوەر لە كارەكانی خۆیان، بەڵام بڕێكی زۆر بێمتمانەیی دوولایەنــە لەنێوان ئەو دوولایەنەدا هەیە، چونكە گەلێك جار ڕۆژنامەنووسەكان، بەهۆی ئەو پابەندیانەی سەپێنراون بەسەر ئامادەبوون لە كۆبوونەوەكانی پەرلەماندا، یان ئەنجامی یاساكانی ناوزڕاندنو سوكایەتیپێكردن، كە سنوور بۆ ئازادیی گوێزانەوەی هەموو ڕووداوەكانی ناو پەرلەمان بۆ جەماوەر دادەنێن، تووشی دڵشكاوی دەبن. پەرلەمانتارەكانیش لەلای خۆیانەوە، بەهۆی ئەو دیمـەنــە لایەندارەی دەیبەخشــنە كارڕاییكردنی پەرلەمانتارەكان، بەشێك بەرپرسیارێتی بەكەم هەڵسەنگاندنی ئەوەی بەگشتی ڕووبەڕوویاندەبێتەوە دەخەنە ئەستۆی ئامڕازەكانی ڕاگەیاندن. «واباوە ئامڕازەكانی ڕاگەیاندن بەشـێوەیەكی فراوان بایەخ بەو ڕووداوانە دەدەن كە ململانێی نێوان ئەندامەكانو مەسەلەكانی

وەک سەفەرو تێچوونەکان لەخۆدەگرن، بەبێ ئەوەی ئەوانە بخرێنە سیاقێکی فراوانتری پەرلەمانێکی بنیاتنەرو مەنهەجییەوە». ئەمە توانجێکی نموونەیی پەرلەمانی ئێرلەندییە. هەروەها بڵاوکردنەوەی وێنەی کورسییە بەتاڵەکان ئەو واتایە دەبەخشێت، کە ئەندامەکان «دووکار پێکەوە گرێدەدەن»، لەکاتێکدا ئەوانە سەرقاڵی کاری پەرلەمانتارانەی دیکەن، جا ئەوە لە لیژنەکاندا بێت، یان لە بازنەکانی هەڵبژاردنیاندا.

ئەنجامی بوونی جیاوازیی ئامانجو کولتوورەکانی هەردوو پیشەکە، ناکرێت خۆ لە سەرهەڵدانی هەندێک پشێوی لەنێوان ئەندامەکانی پەرلەمانو ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا بەدووربگیرێت، بەڵام هەریەکێک لەوانە پێویستی بەوی دیکە هەیەو هەریەکێکیان بەری زۆر لەو هاوکاریکردنەی نێوانیان دەچنێتەوە، کە سەبارەت بەو شێوازانە دەیکەنو بەهۆیانەوە پەرلەمان پێشکەش بە جەماوەر دەکرێت. جەماوەریش سوود لە کرانەوەی دەرگاکانی پەرلەمان وەردەگرێت، ئەگەر بخوازرێت بەشێوەیەکی چالاکانە ئاگاداری چالاکییەکانی نوێنەرە هەڵبژێراوەکان بێت.

## ئەو مەسەلانەی تایبەتن بە ڕێگەدان بەجەماوەر بۆ چوونە ناو پەرلەمان:

ئێستا زۆرێک لە کارەکانی پەرلەمان لە زۆر پەرلەماندا ڕاستەوخۆ لەبەردەمی جەماوەر و ڕاگەیاندنکارەکاندا ئەنجامدەدرێت، بەڵام هەندێک پەرلەمانتار سڵ لەو ڕێبازە دەکەنەوە، چونکە ئەگەر کارەکان ئاشکرابوون، دەشێت کارڕاییەکان زیاتر لایەنداربن، یان شایەتەکان کاتی خستنەڕووی شایەتییەکەیان کەمتر ڕاشکاوبن، یاخود ئەندامەکان بۆنەکە بەکاربەرن بۆ «کاریگەریخستنە سەر بینەران». لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەگەر مەبەست بێت ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وێنەیەکی کامڵتر دەربارەی کاری ئەندامەکانی پەرلەمان بخەنەڕوو، ئەوا کردنەوەی ئەو لیژنانەی زۆرێک لە کارەکانیان تیادا ئەنجامدەدرێت، بۆ جەماوەر هەنگاوێکی لۆژیکییەو ئێستا باوی زیاترە، بەڕەچاوکردنی ئەو پابەندییە ڕوونانەی پشتبەستوون بە ئاسایشی تاکەکەسی یان نیشتیمانی.

لەو نموونە نوێیانەی شەفافییەت چاکدەکەن، ئەو تاقیکردنەوەیەیە کە پەرلەمانی هۆڵەندی کردویەتی، ئەویش کردنەوەی کۆبوونەوە کارڕاییەکانی تایبەت بە لیژنەگەلی دیاریکراوە بۆ جەماوەر. هەتاکو چاودێران دەرفەتی ئەوەیان بۆ بڕەخسێت، ببینن لیژنەکان چۆن بەرنامەی کاری خۆیان دادەنێنو

چۆن کۆبوونەوە گشتییەکانیان ڕێکدەخەن. هەروەها ئێستا «ئەنجومەنی نوێنەرانی قوبرس» ڕێگەدەدات بە ڕاگەیاندنکارەکان لە کۆبوونەوەکانی لیژنەکاندا ئامادەبن، «لە چەند بارێکی کەمی تایبەتدا نەبێت». سەبارەت بە «ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوت دیڤوار»، کە تەنیا ڕێگەی بەبڵاوبوونەوەی پوختەی کۆبوونەوەکانی لیژنەکان دەدا، لە ساڵی٢٠٠١وە ڕێگەیدا بە ڕۆژنامەنووسەکان ئامادەی گشت کۆبوونەوەکانی لیژنەکان بنو وردەکارییەکانیان بەرن بۆ جەماوەر. لە باشووری ئەفریقاش لیژنەکان بۆ جەماوەرو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کراوەنو لەکاتی گفتوگۆی کراوەو بە ڕەزامەندیی سەرۆکی پەرلەمان نەبێت، نابێت دابخرێن. «ئەنجومەنی نیشتیمانیی ئوستراليا» ڕاوێژکارێکی ڕاگەیاندنی دامەزراندوە، بۆ ئەوەی یارمەتیی گەشەپێدانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و ستراتیژەکانی ڕاگەیاندن بدات، بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارکردنەوەکانی جەماوەرو مەزنکردنی ڕووماڵکردنی ڕاگەیاندنخوازانەی چالاکییەکانی ئەنجومەنەکە.

ئەم دوایین نموونەیە بایەخێکی زۆری هەیەو بەشێوەیەکی گشتی لەو ڕاپۆرتەدا جەغتی لەسەر کراوەتەوە، کە لەم دواییانەدا لەلایەن «لیژنەی پۆتنام»وە (The Puttnam Commission) لە ئینگلستان، دەربارەی پەیوەندییەکانی پەرلەمان، بڵاوکراوەتەوە. ئەویش ئەوەیە، لە جیهانێکدا کە وەرچەرخانی گەورەی لە بواری ڕاگەیاندنو کۆمۆنیکاشیۆندا بەخۆوە دیوەو پێشبڕکێ لەسەر گوێزانەوەی هەواڵەکان توندتربوە، چیدی ڕۆڵی پەرلەمان تەنیا ئەوە نییە زانیاریی بداتە ڕۆژنامەنووسەکان، یان ئاسانکارییکات بۆ چوونە ناو پەرلەمان، بەڵکو پێویستە جڵەوی دەستپێشکەری بگرنەدەستو ئەو بابەتانە دەستنیشانبکەن کە شایانی ڕووماڵکردن و بەدواداچوونن:

«ڕێکخراوەکانی ڕاگەیاندن ئێستا پەنا بۆ ژمارەیەکی کەمتر لەوەی ڕابردوو دەبەن و لەتوانایاندا نەماوە ڕێگەبدەنە ڕۆژنامەنووسان کاتەکانی خۆیان لە هۆڵەکانی پەرلەمان یان ژووری یەکێک لە لیژنەکان بەسەربەرن، بەهیوای بەدەستهێنانی چیرۆکێک... لەکاتێکدا هەندێک لیژنە بەکردەوە ڕووماڵکردنی باشی کارەکانیان بەدەستدێنن، ئەنجامی ئەو بابەتانەی ورووژێنەری گفتوگۆکانن، یان بەهۆی ئەو سەرۆکانەوە کە داهێنەرانە مامەڵە لەگەڵ ڕاگەیاندندا دەکەن، یاخود لەبەر ئەو بایەخدانە سروشتییەی جەماوەر بە کارەکانی دەدات، ئەو ڕووماڵکردنە ئیمڕۆ لەلایەن هەندێک بەرپرسی ڕاگەیاندنی لیژنەکانەوە

ئەنجامدەدرێت، چونکە ئەو بەرپرسانە ڕاپۆرتگەلی تایبەتی هەڵدەبژێرنو دەیدەنە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنو هۆی گرنگیی هەواڵەکان بۆ سەرەنجامی ئەو ڕاپۆرتانە لێکدەدەنەوە... پێویستە ئەندامەکانی پەرلەمان هوشیاربن بەرامبەر بەوەی، ئەمجۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەسروشتی خۆی لایەندارنییە». (Hansard Society Commission, Members only? Parliament in the Public Eye, Hansard Society, ٢٠٠٥).

چەندین پەرلەمانیش هەن، کە توانای گرتنەئەستۆی خەرجییەکانی ئامادەکردنی ئەو ئاستەی بەرپرسەکانی ڕاگەیاندنیان نییە، بەڵام ڕاهێنانی خودی ئەندامەکان، بەتایبەتی سەرۆکی لیژنەکان، لەسەر دروستکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵیان، دەشێت بەئاسانی چەکداریان بکات بەو شتانەی پێویستیانە بۆ دەستپێشکەریکردنە هاوشێوەکان. هەروەها دەکرێت چەمکی «لیژنەی مافەکانی مرۆڤ و گەلان» لەلایەن سەرۆک لیژنەکانەوە، واتە «داهێنەرەکانی مامەڵکردن لەگەڵ ڕاگەیاندا»، بگشتێنرێت.

هەمان لیژنە هێما بۆ خاڵێکی تر دەکات، دەربارەی کردنەوەی دەرگاکانی پەرلەمان بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، بەتایبەتی تەلەفزیۆن. ئەم خاڵەش تەنیا پەیوەندیی بە پەرلەمانی ئینگلستانەوە نییە. ئەمەش ئەو شێوازەیە، کە بەهۆیەوە ڕێساکانی چونە ناو پەرلەمان، شێوازەکانی ڕووماڵکردنی ڕاگەیاندنو ڕووبەرەکەی سەختدەکرێتو دواتر دەبێتە هۆی پێشکەشکردنی تێڕوانینێک یان ڕاپۆرتە زۆر بێزارکارەکان، بەراورد بە ڕووداوە هەوڵئامێزەکانی دیکە:

«کەناڵی پێنجەم بە لیژنەکەی ڕاگەیاند «ئەو هۆیەی وایکردوە گەشتی هەواڵەکانی کەناڵەکە، بەبەشداریکردن لەگەڵ بەرنامە هەواڵییەکانی دیکە، سنووردانەربێت بۆ ڕووماڵکردنی هەواڵەکانی ڕاگەیاندن، بریتییە لەو کۆتوبەندە توندانەی سەپێنراون بەسەر تۆڕە هەواڵییە تەلەفزیۆنییەکاندا، بەتایبەتی ڕووماڵکردنی تەلەفزیۆنیی بەردەوام لەناو هۆڵەکانی پەرلەمانداو ژمارەی دیاریکراوی ئەو کامێرانەی ڕێگەیان پێ دراوە بچنە ژوورەوە»... کەچی کەناڵی چوارەم وتویەتی، لەبەرامبەر دەستهەڵگرتنی ئەندامەکانی پەرلەمان لە بەشێکی تایبەتمەندییەکانی خۆیان، پێمانوایە پەیامێکی گرنگ دەنێرن بۆ بینەران، کە پوختەکەی ئەمەیە: «ئەمە پەرلەمانی خۆتانەو ئێمەش نوێنەرەکانی ئێوەین». چونکە هەستی باڵادەست لەئێستادا ئەوەیە، کە پەرلەمان موڵکی ئەندامو لۆردەکانە، نەک خەڵک».

## بۆ خوێندنەوەی زیاتر دەربارەی لیژنەی پوتنام بۆ بڵاوکردنەوەی دیموکراسیی پەرلەمانتارانە لە تۆڕی ئینتەرنێتدا:

Puttnam Commission on Communication of Parliamentary Democracy (2005). Members only? Parliament in the public eye. Hansard Society <http://www.hansardsociety.org.uk/programmes/puttnam_commission>

## ئازادیی زانیارییەکان:

ئەو یاسادانانەی مافی بەدەستهێنانی زانیاری لە دامودەزگا گشتییەکانەوە مسۆگەردەکەن، بە سەرچاوەیەکی دیموکراتیانەی گرنگ دادەنرێن و تایبەتن بە «مافی گەڕان بەدوای زانیارییەکاندا»، کە لە «پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنیو سیاسییەکان»دا هاتوە. ئەم مافەش جیاوازە لەگەڵ ئەرکی بڵاوکردنەوەی ڕووداوو ڕاپۆرتەکانی دامودەزگا حکومییەکاندا، بەڵام دەشێت خودی ئەو جاڕنامە یان یاسایانە ڕووماڵی هەردووکیان بکەن. ئێستا «یاسای ئازادیی زانیارییەکان» (Freedom of Information Legislation – FOL) لە زیاتر لە پەنجا وڵاتی جیهاندا هەیەو سەرچاوەیەک دەستەبەردەکات، کە دەشێت هاوڵاتیانو ڕێکخراوە ناحکومییەکانو ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیش سوودی لێ وەربگرن، بۆ چاککردنی شەفافییەتی دامودەزگا گشتییەکان. هەروەها بەکارهێنانی ئەم یاسایە یارمەتیی پەرلەمانەکان دەدات، لێپێچینەوە لەگەڵ حکومەتدا بکەنو دەتوانێت مەسەلەی لێپێچینەوە لەگەڵ خودی ئەندام پەرلەمانەکانیش بەهێزبکات.

لە هەندێک وڵاتدا، بەدەستهێنانی زانیارییەکان دەربارەی پەرلەمان بەپێی ئەو ڕێنماییانە دەبێت، کە پەیوەندیان بە پەرلەمانەوە هەیە، کەچی لە وڵاتەکانی دیکە بەپێی «یاسای ئازادیی زانیارییەکان» دەبێت، کە دەسەپێنرێت بەسەر گشت دامودەزگا گشتییەکاندا. ئەمەی خوارەوە نموونەی جۆری یەکەمە کە «ئەنجومەنی پیرانی پۆڵەندی» پێشکەشیکردوەو لە ڕاپۆرتەکەیدا هێما بۆ ئەو سوودە زۆرانەی دەکات، کە بڕیارەکانی ڕێنماییەکانی دەیبەخشنە ژیانی دیموکراتی:

«لە هەوڵدانێکدا بۆ پابەندبوون بە مافی دەستووریی هاوڵاتیانەوە، لەمەڕ

بەدەستهێنانی زانیارییەکان، جارنامەکانی ئەنجومەنی پیران بڕیارگەلی درێژەپێدراویان تێدایە. بۆ نموونە، ئەمانە لەخۆدەگرن: پێویستبوونی ئاگادارکردنەوەی جەماوەر لە کاتی ئەو دانیشتنانەی ئەنجومەنی پیراندا کە بەڕێوەن، مافی جەماوەر بۆ ئامادەبوون لە دانیشتنەکانی ئەنجومەنو لیژنەکانیدا، لوانی تەماشاکردنی بەڵگەنامەکانی ئەنجومەنو کۆنووسەکانو پوختەڕاپۆرتەکانی دانیشتنەکانی ئەنجومەنو لیژنەکانیو ئەو بەڵگەنامەو زانیاریانەی پەیوەندیان بە کاروبارەکانی ئەنجومەنو دامودەزگاکانییەوە هەیە... بێگومان خستنەوەی یاسادانانەکان بەو دووورودرێژییە، بۆ ڕووماڵکردنی ئەو بابەتانەی پەیوەندیان بە بەدەستهێنانی زانیارییەکانەوە هەیە، کاریگەریی گەورەی دەبێت لەسەر شەفافییەتی ئەو کارەی ئەنجومەنو دامودەزگاکانی ئەنجامیدەدەن. ئەمەش لەلایەکەوە بەشداریدەکات لە جێگیربوونی دیموکراسیدا، لەلایەکی دیکەشەوە هانی جەماوەر دەدات، ئەگەر بیانەوێت، بۆ ئاگاداربوون لە کارەکانی ئەنجومەن، بە هەریەکێک لەو ئامرازانەی بەدەستهێنانی زانیارییەکان کە هەڵیدەبژێرن. ئەمەش لەسەر ئاستی چاودێریکردنی کۆمەڵایەتیی دیموکراتیانەی نوێنەرەکانی میللەت مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، چونکە هەڵبژێرەکان دەتوانن لە ڕێگەی بەکارهێنانی زۆر ئامرازی بەدەستهێنانی زانیارییەکانەوە، چاودێریی بەجێگەیاندنی کارەکانیان بکەن، لەهەمان کاتیشدا هەڵبژێرەکان فێری کارڕاییە پەرلەمانتارە دیموکراتییەکان دەبن».

یاسایەکی گشتیش، دەربارەی ئازادیی بەدەستهێنانی زانیارییەکان، کە بەلای جەماوەرەوە گرنگە، «پەرلەمانی ڕۆمانی» جڵەودەکاتو لەکاتی کارپێکردنی ئەو یاسایەدا، ئەنجومەنی پیرانو نوێنەرەکان، وەک ئەرکێک یان لەسەر داواکاری، دەرفەتی بەدەستهێنانی زانیارییەکان دەڕەخسێنێت، ئەوەش لە ڕێگەی خزمەتگوزارییە تایبەتکارەکانیانەوە». یاسایەکی تایبەتیش دەربارەی بەدەستهێنانی زانیارییە خاوەن سروشتە گشتییەکان، کە لەلایەن گشت دامودەزگاکانەوە جێبەجێدەکرێت، جڵەوی «پەرلەمانی سلۆڤینی» دەکاتو ئیکوادۆریش یاسای بەدەستهێنانی زانیارییەکانی تایبەت بەخۆی هەیە، کە «شەفافییەت لە گشت چالاکییە گشتییەکاندا مسۆگەردەکات، بە چالاکییەکانی پەرلەمانیشەوە». لە خەسڵەتە نموونەییەکانی ئەو یاسایانەش، بوونی ئەو دامودەزگا سەربەخۆیانەیە کە تایبەتن بەو سکاڵایانەی پێشکەشدەکرێن، دژ بەو بڕیارانەی بەدەستهێنانی زانیارییەکان

قەدەغەدەکەن، بەو بڕیارانەشەوە کە لەلایەن خودی پەرلەمانەوە دەرکراون. لێرەدا نموونەیەکی دیکە دێنینەوە، کە ئەوە ڕووندەکاتەوە «پەرلەمانی جامایکا» چۆن باسی مەبەست لە یاسای ئازادیی زانیارییەکانی تایبەت بەخۆی دەکات:

«ئامانجی ئەم یاسایە، چەسپاندنی پرنسیپگەلی بنچینەیی دیاریکراوە، کە بنچینەی سیستەمی دیموکراتیی دەستووری پێکدێنن‌و دەرفەت بەخشینە بۆ کاریگەریی زیاتر. ئەو پرنسیپانەش ئەمانە: ا) لێپێچینەوەی حکومی، ب)شەفافیەت، ج) بەشداریکردنی میللی لە پرۆسەی نیشتیمانیی بڕیارسازیدا، بەمسۆگەرکردنی مافی میللەت بۆ ئاگاداربوون لەو بەڵگەنامە ڕەسمیانەی دەسەڵاتە گشتییەکان پاراستویانن».

زۆر ڕێکخراوی نێودەوڵەتیش یاساگەلی نموونەییان سەبارەت بە ئازادیی زانیارییەکان بڵاوکردۆتەوە، کە تاڕادەیەکی زۆر لە ڕووی ئەو بابەتانەی لەخۆیاندەگرن هاوشێوەن. ئەمانەی خوارەوە هەندێک نموونەن دەربارەی ئەو مافە سەرەکیانەی ئازادیی زانیارییەکان، کە یەکێک لە چاپکراوەکانی «بەندی ١٩»ی هەڵمەتی جیهانیی ئازادیی دەربڕین (The Global Campaign for Free Expression: Article ١٩) دیاریکردون:

- پابەندبوون تا ئەوپەڕی سنوور بە زانیاریی ئاشکراکردنەوە، پابەندبوون بە بڵاوکردنەوەوەو بەهێزکردنی ئەو حکومەتەی بەپەرۆشە بۆ کردنەوەی دەرگاکانی مەعریفە بۆ جەماوەر.
- پێویستە ڕیزپەڕییەکان ڕوون‌و سنورداربن‌و ملکەچی تاقیکردنەوەگەلی توندوتۆڵ بن، بۆ دڵنیابوون لە «زیان» یان «بەرژەوەندیی گشتی».
- پێویستە بەدەستهێنانی زانیارییەکان ئاسانبکرێت‌و نابێت تێچووی زۆرو دواکەوتن ببنە هۆی بەپیرەوەنەچوونی داخوازییەکانی تاکەکان بۆ بەدەستهێنانی زانیارییەکان.
- پێویستە دەرفەتی سکاڵاکردن دژی ئەو بڕیارانە هەبێت، کە ڕێگە لە زانیاریی ئاشکراکردن دەگرن، ئەویش لای دەزگایەکی سەربەخۆی خاوەن بڕیاری داسەپاو.

## بۆ خوێندنەوەی زیاتر دەربارەی ئازادیی زانیارییەکانو یاسا نموونەییەکان، دەتوانن لە تۆڕی ئینتەرنێتدا:


Article 19 (2001). A model Freedom of Information Law.
<http://www.article19.org/pdfs/standards/modelfoilaw.pdf>

Commonwealth Parliamentary Association (2003) Recommendations for an informed democracy. <http://www.cpahq.org/uploadstore/docs/Perth.pdf>
Freedominfo.org <http://www.freedominfo.org/>

Mendel, T (2005). Parliament and access to information: working for transparent governance.
<http://siteresources.worldbank.org/WBI/Resources/Parliament_and_Access_to_Information_with_cover.pdf>

Organization of American States (2003). AG/RES. 1932 (XXXIII-O/03): Access to public information: strengthening democracy.
<http://www.oas.org/juridico/english/ga03/agres_1932.htm>

The Commonwealth (2003). Model Freedom of Information Act.
<http://www.thecommonwealth.org/shared_asp_files/uploadedfiles/{AC090445-A8AB-490B-8D4B-F110BD2F3AB1}_Freedom of Information.pdf>


## ئازادیی دەربڕین:

ڕووی دووەمی مافی بەدەستهێنانی زانیارییەکان، مافی بڵاوکردنەوەو گەیاندنی ئازادانەیانە بەوانی دیکە. ئەم مافەش کۆڵەکەیەکی بنچینەیی پرۆسەی دیموکراسییە، کە پشتبەستوە بە دیالۆگو بروابپێهێنانی نێوان ئەو هاوڵاتیانەی ئاگاداری بەڕێوەچوونی کارەکانی پەرلەمانو نێوان ئەوانو نوێنەرەکانیان. لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەربارەی پەرلەمان دەیگوێزنەوە، پێویستە دارشتنی پێبەندییەکان بۆ ئەم مافە لە تەسکترین مەودای شیاودا بێت.

لەبەر ڕۆشنایی ڕێکەوتننامەکان دەربارەی مافەکانی مرۆڤو لێکدانەوەی یاسازانان‌دا بۆ ئەو ڕێکەوتننامانە، ئەو پێبەندییانەی دەسەپێنرێن بەسەر ئازادیی دەربڕیندا، ملکەچی پێوانەیەکی سێکوچکەن، چونکە پێویستە (ا)«لە یاسادا هەبن»، (ب)»لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیدا پێویست بن»، بۆ

نموونە پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی یان مافەكانو ناوبانگی ئەوانی دیكە، (ج)«تەبا» بێت لەگەڵ ئەو ئامانجە پێویستانەدا. زۆربەی ئەو پێبەندییانەی بەكاردەهێنرێن بۆ سنووردانان بۆ ئەوەی دەربارەی ئەندامەكانی پەرلەمان دەوترێت یان دەنووسرێت، تا ڕادەیەكی زۆر پەیوەندیی بە ناوبانگ ناشرینكردنو «ناوزڕاندن»ەوە هەیە.

لە زۆربەی وڵاتە دیموكراتییەكاندا، دەشێت سیاسەتمەدارەكان بەوپێیەی كەسایەتی گشتین، زیاتر بكەونە ژێر تەماشاكردنو لێوردبوونەوەی جەماوەرەوەو دان بەخۆداگرتووتربن بۆ قبوڵكردنی توانج و ڕەخنەی زۆری كەسە ئاساییەكان. ئەم گریمانەیە لە بواری ئازادیی دەربڕیندا، لەلایەن یاسازانە نێودەوڵەتیەكانەوە دانپیانراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا هەندێك وڵات ئەو یاسایانەی ناوزڕاندن كاریان پێ دەكرێت، كە دەشێت نارەوایانە بەكارببرێن بۆ پێبەندكردنی سنووری ئەو ڕاپۆرتانەی ئامرازەكانی ڕاگەیاندن دەربارەی سیاسەتمەدارەكان ئامادەیاندەكەن. دەشێت ئەو یاسایانە بەشێوەیەكی تایبەتی پێبەندكاربن، كاتێك بەشێك لە یاسای تاوانەكان پێكدێننو ئەگەری سەپاندنی سزای زیندانیكردن بەسەر ئەو ڕۆژنامەنووسانەدا لەئارادادەبێت كە سنوور دەبەزێنن. لە وڵاتەكانی دیكەدا، دەبینین ڕادەی ئەو بژاردنانەی دەشێت لە ناكۆكییە مەدەنییەكاندا بەدەستدێن، ئاستەنگ بێت لەبەردەم ڕەخنەی توند یان زانیاریی ئاشكراكردندا بۆ جەماوەر. وێڕای ئەوە، هەندێك پەرلەمان بڕیارەكانی تایبەت بە سوكایەتیكردن بەپەرلەمانیان فراوانكردووەو دەشێت بەكاربهێنرێن بۆ سنووردانان بۆ ڕەخنەگرتن یان سزادانی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی درزە بە زانیارییەكان دەكەن. هەندێك ئامرازی دیكەش هەن، كە بەكارهێنراون بۆ ئاستەنگ دروستكردن بۆ ڕیپۆرتاژەكان یان ڕەخنەگرتنی ڕەوای ڕۆژنامەنووس، یەكێك لەوانە لێسەندنەوەی مۆڵەتی تایبەت بە گوێزانەوەی ڕووداوە پەرلەمانییەكانە.

دەشێت پەنانەبردنی ئەندامەكانی پەرلەمان بۆ ئەو ئامرازانەی سنووردانان بەمەبەستی ڕەخنەگرتن یان دەرپەڕینی زانیارییەكان بۆ جەماوەر تاقیكردنەوەیەكی باش بێت بۆ چەسپینی دیموكراسی لە وڵاتدا، بەڵام دەشتوانن چاو بەو یاسایانەدا بخشێننەوە، كە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی دیموكراسیی كەمترو پێبەندن بۆ ئازادیی ئامرازەكانی ڕاگەیاندن. لەم سیاقەشدا، پێویستە هێما بۆ ئەو ڕاپۆرتە بكرێت، كە گروپێكی توێژینەوەی سەر بە «یەكێتیی

پەرلەمانەکانی دەوڵەتەکانی کۆمنوێڵس» دەربارەی «پەرلەمانو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن» لە شوبات/ فەبریوەریی ٢٠٠٣دا ئامادەیکردووەو ئەمەش هەندێک لە ڕێنماییە زۆرەکانییەتی:

« (٦-٢) پێویستە پەرلەمانەکان ئەو یاسادانانانە هەڵوەشێننەوە، یان ئەو ڕێنماییە ناوخۆییانە پەکبخەن، یاخود دەستبەرداری دەسەڵاتی تەقلیدیی خۆیانو ئەوانەی پێشوو بن، کە ڕێگەیان پێ دەدەن سزای ئامرازەکانی ڕاگەیاندنو ئەوانی دیکە بدەنو شکۆمەندیی دامەزراوەی پەرلەمانتارانە تێکبدەن، تەنیا لەبەر ئاراستەکردنی ڕەخنە بۆ خۆیان یان ئەندامەکانیان.

(٦-٣) پێویستە تاوانی سوکایەتیکردن بە پەرلەمان شمشێرێک نەبێت لەسەر ئەو هەواڵانەی وردبینانە نینو دەبێت تەنیا ئەو بارە مەترسیدارانە بگرێتەوە، کە دەستێوەردانی لایەنی دیکە لەئارادادەبێت، بۆ کاریگەریخستنە سەر توانای پەرلەمان، بەمەبەستی ڕاییکردنی کارەکانی خۆی.

(٨-٢) پێویستە خودی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ئەو مەسەلانە دەستنیشانبکەن، کە پەیوەندیان بە مافی ئەوانەوە هەیە، بۆ ئاگاداربوون لە کارەکانی پەرلەمان، بەڵام دەبێت پەرلەمانتارەکان مافی ئەوەیان هەبێت مافی چوونە ژوورەوەی نوێنەرەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ پەرلەمان هەڵپەستێرن، ئەگەر پێشێلی ڕێنماییە ناوخۆییەکانیان کرد یان کارڕاییەکانیان پەکخست.

(٩-٢) پێویستە ئەو یاسایانەی تاوان هەڵوەشێنرێنەوە کە ئازادیی دەربڕین قەدەغەدەکەن..».

سودبەخشە ئەو پرنسیپەش بخەینە سەر ئەم ڕێنماییانە، کە لە چاپکراوەکەی بەندی (١٩)دا دەربارەی ناوزڕاندن هاتووەو هێما بۆ مافی ئاشکرانەکردنی سەرچاوەکانیان دەکاتو بێگومان سنووری جێبەجێکردنی گشتیی مەسەلەکانی ناوزڕاندن تێدەپەڕێنێت: «یەکێک لە مەسەلە چەسپیوەکان ئەوەیە، کە مسۆگەرکردنی ئازادیی دەربڕین، دەسەڵاتدەداتە ڕۆژنامەنووسەکانو ئەوانی دیکە، زانیارییەکان بە مەبەستی خزمەتکردنی گشتی بڵاوبکەنەوەو ئاشکراکردنی ناسنامەی سەرچاوەی نهێنی ڕەتبکەنەوە».

## بۆ خوێندنەوەی زیاتر دەربارەی ئازادیی دەربڕینو پەرلەمان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت:

Article 19 (2000). Defining defamation: principles on freedom of expression and protection of reputation. <http://www.article19.org/pdfs/standards/definingdefamation.pdf>

Inter-Parliamentary Union (2005). Seminar for chairpersons and members of parliamentary human rights bodies on freedom of expression, parliament and the promotion of tolerant societies: summary and recommendations presented by the rapporteur of the seminar. <http://www.ipu.org/splz-e/sfe/conclusions.pdf>

## ڕێکخستنی کاری ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن:

بابەتێکی دیکە هەیە، کە شایانی گفتوگۆ لەسەر کردنەو تایبەتە بە پەیوەندیی نێوان ئامڕازەکانی ڕاگەیاندنو پەرلەمان، ئەویش بەرپرسیارێتی پەرلەمانە بەرامبەر بە دانانی ئەو چوارچێوە ڕێکخراوەییەی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن لەناویدا کاردەکەن. ئەم چوارچێوەیە هەمیشە ئەو بابەتانە لەخۆدەگرێت، کە پەیوەندیان بە خاوەندارێتی و کۆنترۆڵکردنەوە هەیە، وێڕای ئەو بابەخانەی پەیوەندیان بە ناوەڕۆکەوە هەیە. سەرەڕای ئاڵۆزبوونی ئەم بابەتەو گۆڕانکاریی خێرا لە تەکنۆلۆژیای ئامڕازەکانی ڕاگەیاندندا، کەچی ئەو پرنسیپانەی داواکارییەکانی جەماوەر لە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندنی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیدا کۆنترۆڵدەکەن، ڕێژەییانە سادەنو بریتین لە: زانیارییە وردکارەکان، هەمەڕەنگیی تێڕوانینو بیروڕاکانو ڕێزگرتنی شکۆمەندیی یەکسانیی گشت هاوڵاتیان. ئەم پرنسیپانەش کاریگەریدەخەنە سەر گوێزانەوەی هەواڵەکانی خودی پەرلەمانو حیزبە سیاسییەکانو ئەندامە سەربەخۆکانی پەرلەمان.

لایەنەکانی تایبەت بە خاوەندارێتیو کۆنترۆڵیش هەمیشە کاریگەریان دەبێت لەسەر فرە تێڕوانینی ڕەخساو، بەتایبەتی لە تەلەفزیۆندا، کە ئامڕازێکە خەڵکی لە زۆربەی ناوچەکانی دنیا بنچینەییانە پشتی پێ دەبەستن، بۆ بەدەستهێنانی زانیارییەکانو بەدواداچوونی گفتوگۆ سیاسییەکان، بێجگە لە ئەفریقا، کە تیایدا ڕادیۆ بایەخێکی گەورەی هەیە (بڕوانە خشتەی ٣-١). خشتەکە تۆڕی ئینتەرنێتی تێدانییە، کە بەخێرایی بۆتە سەرچاوەیەکی سەرەکیی هەواڵ لە گەلێک وڵات، بەتایبەتی بۆ لاوان.

## خشتەی ٣-١
## سەرچاوەی سەرەكیی ئەو زانیاریانەی لە هەواڵە نیشتیمانیو نێودەوڵەتییەكانی هەر هەرێمێكدا بەكاردەهێنرێن.

| | تەلەفزیۆن | ڕۆژنامەكان | ڕادیۆ | ئامرازەكانی تر |
|---|---|---|---|---|
| ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست | ٧٨ | ٨ | ٧ | ٧ |
| ئەوروپای ڕۆژهەڵات | ٧٦ | ١١ | ٩ | ٤ |
| ئاسیا | ٧٣ | ١٥ | ٨ | ٤ |
| ئەمریكای لاتین | ٧١ | ١٢ | ١٤ | ٣ |
| ئەوروپای خۆرئاوا | ٦٣ | ٢٢ | ١٠ | ٥ |
| ئەمریكای باكور | ٥٩ | ٢١ | ٩ | ١١ |
| ئەفریقا | ٣٠ | ٧ | ٥٨ | ٥ |

سەرچاوە: Pew Global Attitudes Project, December 2002, reported in Marta Lagos, 'World Opinion: the World's Information Channels', International Journal of Public Opinion Research, vol.15, no.2, 2003, 201-211.

لەبەر گرنگیی ئامرازەكانی پەخشكردنی ڕادیۆییو تەلەفزیۆنی، وێڕای تێچووی بەكارهێنانیان، بابەتێتیان بەدوو ئاقاری تەواو جیاوازدا هەڕەشەلێكراوە. چونكە لەو ئامرازانەی پەخشـكردنی ڕادیۆییو تەلەفزیۆندا، كە موڵكی كەرتی گشتین، سەرچاوەی هەڕەشـەكردنی بنەڕەتـی لە كۆنترۆڵكردنـی حكومەت یان حیزبی باڵادەستی دەسەڵاتدایە، كە دەبێتە هۆی پەردەپۆشكردنی تێڕوانینە ڕەخنەگر یان ئۆپۆزسیۆن یاخود ئەلتەرناتیڤەكان. سەبارەت بە ئامرازەكانی پەخشكردنی ڕادیۆییو تەلەفزیۆنیش، كە موڵكی كەرتی تایبەتن، هەڕەشەی سەرەكی لەلایەن خاوەندارێتیی مۆنۆپۆڵانە یان مۆنۆپۆڵكردنی كەمایەتییەوەیە. ئەوەش لەلایەكەوە

لەلایەن کۆمەڵێک گوشاری هەمەڕەنگی میللیەوەو لەلایەکی ترەوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەمەندو خاوەن بەربژێرییەکان.

باشترین ڕێگەش بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو گوشارانە، دامەزراندنی دەزگایەکی ڕێکخەری سەربەخۆیە، کە دەسەڵاتگەلی فراوانی پێ دەدرێت بەمەبەستی سنووردانان بۆ چڕبوونەوەی خاوەندارێتی، بە خاوەندارێتی ئامڕازە جۆربەجۆرەکانی ڕاگەیاندنی زیاتر لە لایەنێکەوە. هەروەها بۆ ڕێگەگرتن لەوەی حکومەت دەستوەرداتە کاری ئامڕازەکانی پەخشی ڕادیۆییو تەلەفزیۆنیی مۆڵکی کەرتی گشتی. پەرلەمانەکانیش دەتوانن ڕۆڵی گرنگو بێلایەن بگێڕن لە دانانی چوارچێوە بۆ ئەو دامودەزگا ڕێکخەرەو ڕەفتارکردن بەشێوەیەک کە سەربەخۆیی مسۆگەربکەن. زۆربەی پسپۆڕانی ئەم بوارە پێیانوایە، دانانی کارڕاییگەلی دامەزراندنی بێلایەنانەی ئەندامەکانی ئەم دەزگایە، مەسەلەیەکی زۆر گرنگە. گرووپی توێژینەوەی سەر بە «یەکێتیی پەرلەمانەکانی دەوڵەتەکانی کۆمنوێڵس» (بڕوانە سەروتر) لەم بارەیەوە هێما بۆ نموونەکانی ئەوروپاو ئەفریقا دەکات:

«ساڵی٢٠٠١ ئەنجومەنی ئەوروپا ڕێنماییەکی گرتەبەر، سەبارەت بە سەربەخۆییو فرمانی ئەو دەسەڵاتانەی بەرپرسیارن بەرامبەر بە ڕێکخستنی ئامڕازەکانی پەخشکردنی ڕادیۆییو تەلەفزیۆنی، بەمەبەستی پاراستنیان لە دەستێوەردانی هێزە سیاسییەکان یان بەرژەوەندییە ئابوورییەکان... بەشێوەیەکی تایبەتیش جەغت لەسەر شەفافبوونی کارڕاییەکانی دامەزراندنی ئەندامەکانی ئەو دەزگایە کرایەوەو ڕێساگەلی وردکارانە دانران، کە ڕێگەیان لێ دەگرێت بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە کارە بازرگانییەکان یان لە ڕێکخراوەکانی ڕاگەیاندندا بپارێزن. ئەمە وێڕای پاراستنی ئەندامەکان لە دەستبەردابوونی ڕاژەکەیان، بەهۆی گوشارە سیاسییەکانەوە.

لە باشووری ئەفریقا، دادگای دەستووری بڕیاریدا سەربەخۆیی دەسەڵاتی ڕێکخراوەیی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن خۆی لەمانەدا ببینێتەوە: میکانیزمەکانی دامەزراندنو دەستبەرداربوونی ڕاژە، میکانیزمەکانی پارەپێدانو کاری بەکردەوەی دەزگاکە. لەکاتی دامەزراندنی دەزگاکەشدا، «لیژنەی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی باشووری ئەفریقا» ڕایگەیاند، پێویستی بە چەندین ئەندام هەیەو چاوپێکەوتنی لەگەڵ کاندیدکراوەکاندا کرد. ئەنجومەنی نیشتیمانی گفتوگۆی لەسەر ئەو ڕێنماییانە کرد کە لە ڕاپۆرتی لیژنەکەدا هاتوونو پێش ئاگادارکردنەوەی سەرۆکی دەوڵەت سەبارەت بە دامەزراندنەکان هەمواریکردن».

سەبارەت بە ناوەڕۆکەکە، بیروڕاکان لەنێوان دوولایەندا دابەشبوون: دانانی لە ژێر دەسـەڵاتی لایەنێکی سەربەخۆدا، بۆ ڕێکخستنی پەخشی ڕادیۆییو تەلەفزیۆنی یان بەجێهێشتنی بۆ دەزگایەکی خۆڕێکخەر، کە ملکەچی خودی پیشەسازییەکەیە. زۆرێک لەو لایەنانەی بەرپرسیارن لە پەخشی ڕادیۆییو تەلەفزیۆنی چەندین پێوەری گشتی بۆ ناوەڕۆک لە ڕێکەوتننامەکانی مۆڵەتپێداندا دادەنێن، وەک لانی کەمی ڕووماڵکردنی هەواڵو ڕووداوەکان، یان پێوانەکانی ڕیکلام، یاخود کاتی پیشاندانی بەرنامەکانی «گەورەکان». لە هەمان کاتـدا گرووپی توێژینـەوەی سەر بە یەکێتیی پەرلەمانتارانی دەوڵەتەکانـی کۆمنوێڵس پێیـوایە «بەرپرسیارێتی دانانی وردکارترین پێوانەی پیشەییو ئەخلاقیو سەرپەرشتیی جێبەجێکردنی دەکەوێتە ئەستۆی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، نەک پەرلەمان». لەگەڵ ئەوەشدا کەموکوڕیی لـە خۆڕێکخستندا، هەمیشـە لە نەگونجانی سزادانەکان یان بۆبژاردنە گشتییە کارامەکاندا بەرجەستەدەبێت، ئەوەش لەکاتی پیشـاندانی هەواڵگەلی هەڵە یان لایەنگیرخوازدا.

بەرازیل، بەهـۆی ڕێنماییـە ڕێکخەرەکانەوە، نموونەیەکـی سەرنجراکێش دەربارەی دەستوەرنەدانی ئەندامەکانی پەرلەمان دەخاتەڕوو، بۆ کۆنترۆڵکردنی پەخشکردنی ڕادیۆیـیو تەلەفزیۆنی. چونکە لە سایەی پیواری (غیاب) هەر پەیماننامەیەکی شەرەفدا دەربارەی بەرنامەکانی تەلەفزیۆن، ئەندامەکانی «لیژنەی مافەکانـی مرۆڤـی سـەر بە ئەنجومەنـی نوێنەران» هاوکاریی ڕێکخراوەکانـی کۆمەڵگـەی مەدەنیان کرد بۆ دامەزراندنـی سیسـتەمێکی چاودێریکردن، کە ئەرکی چاودێریکردنی پێوانەکانی بەرنامەکان لەسەر ئاستی دەوڵەت دەگرێتەئەسـتۆ. لێرەشدا هانی بینەران دەدرێت سکاڵاکانی خۆیان دەربارەی ئەو بەرنامانـە بنێرن، کە بە خراپیـان دەزانن و «لیستێک بەناوی لیستی ئابڕووبەر» (Shame List) دانرا بۆ ئاشکراکردنی ئەوانەی ئەو جۆرە ڕەفتارانە دەکەن و لە خولەکۆبوونەوە لەگەڵ ئامادەکاری بەرنامە تەلەفزیۆیەکاندا گفتوگۆی لەسەر دەکەن. پرنسیپی ڕێنماییکاری ئەم هەڵمەتەش، شکۆمەندیی یەکسان بۆ گشت هاوڵاتیان:

«ئەو هەڵمەتـەی لە ژێر ناونیشانی «ئەوانەی هانی ئابڕوبردن دەدەن دژی هاوڵاتیبوونن»دا ئەنجامدەدرێت، دەستپێشخەرییەکی لیژنەی مافەکانی مرۆڤی سەر بە ئەنجومەنی نوێنەرانەو بە بەشداریکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی،

مەبەستی چەسپاندنی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و شکۆمەندیی هاوڵاتی لە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکاندا. هەڵمەتەکە سانسۆرکردنی بەردەوامی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان لەخۆدەگرێت، بۆ ئاشکراکردنی ئەو بەرنامانەی بەشێوەیەکی مەنهەجی ڕێزی ئەو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیانە ناگرن کە حکومەتی بەرازیل واژۆیکردون. هەروەها ڕێزی پرنسیپە دەستوورییەکان و یاسا بەکردەوەکان ناگرن، کە مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتیبوون دەپارێزن». (**ئەنجومەنی نوێنەرانی بەرازیلی - ٢٠٠٥**).

لە دیمەنە باوەکانی تری پێشێلکردنی ئەو پرنسیپانە: خستنەڕووی خەڵک بەشێوەیەکی ئابڕووبەرانە، لەسەر بنچینەی جۆری کۆمەڵایەتی یان ڕەنگ یاخود مەیلی سێکسی، تاوانبارکردنی تۆمەتبار بە تاوانەکان پێش سەلماندنی تاوانباربوونیان، وێنەگرتنی گرووپو تاکە بێدەسەڵاتەکان بەبێ مۆڵەتوەرگرتن، چاوپێکەوتن لەگەڵ منداڵان بەشێوەیەکی ناشایستە، پیشاندانی دیمەنی توندوتیژی یان سێکسیی ڕاشکاوانە لە کاتی گەرمی تەماشکردندا...هتد. هەڵمەتەکە ڕادەی فراوانیی ئەو سنوورەی تایبەتمەندیی ڕووندەکاتەوە، کە دەشێت لیژنە پەرلەمانییەکە دەربارەی مافەکانی مرۆڤ بۆ خۆی دەستنیشانبکات. ئەمە سەرەڕای ڕۆڵی پەرلەمان، کە وەک ئامرازی گوزارشکردن لە ڕای گشتی، بەرامبەر بە بەرژەوەندییە بازرگانییە بەهێزەکان کاردەکات.

## بۆ خوێندنەوەی زیاتر دەربارەی ڕێنماییە ڕێکخەرەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە تۆڕی ئینتەرنێتدا، بڕوانە:


Bouchet, N; Kariithi, N.K (2003). Parliament and the media: building an informed society. World Bank Institute, Commonwealth Parliamentary Association <http://siteresources.worldbank.org/WBI/Resources/wbi37228BouchetKariithiWEB.pdf>

Commonwealth Parliamentary Association (2005). Parliament and the media. <http://www.cpahq.org/topics/parliamentmedia/>

## ستراتیژەکانی پەرلەمانەکان بۆ ئاگادارکردنەوەی جەماوەر لە کارەکانی خۆیان

هەتاکو ئێستا بایەخمانداوە بە دیاریکردنی ئەو ئامرازانەی بەهۆیانەوە پەرلەمانەکان کراوەدەبن بۆ جەماوەرو گەیشتنی بە پەرلەمانەکان ئاساندەکەن. هەروەها لابردنی ئەو ئاستەنگانەی ڕێگرن لەبەردەم ئەوەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ئەو شتانە بگوێزنەوە کە لەناویاندا ڕوودەدەن، ئەوەش لە چوارچێوەیەکی ڕێکخراوەییدا، کە هانی فرەلایەنیو جیاوازیی نەکردن دەدات. ئەو ستراتیژانەی خودی پەرلەمانەکان دەیانگرنەبەر، بۆ ئاگادارکردنەوەی جەماوەر لە کارەکانی خۆیان، جێی بایەخپێدانی جەماوەرنو هانیاندەدەن بۆ بەشداریکردن بەهەمان بایەخەوە، بەڵام سەختییەک لەئارادایە، ئەویش ئەوەیە کە مەسەلەکە تەنیا ڕاگەیاندنی زانیارییەکان نییە، بەڵکو دڕاشتنی زانیارییەکانە بەشێوەیەک کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵک، ئەوانەی ئاشنانین بە کارەکانی پەرلەمان، تێیبگەن.

پەرلەمانە تازە دامەزراوەکان یان ئەو پەرلەمانانەی بەم دواییانە بەرێوشوێنەکانی ڕاگەیاندنی تایبەت بەخۆیدا چوەوە، ستراتیژێکی هەمەلایەنی زانیارییەکانو ڕۆشنبیریکردنیان گرتەبەر، بەسەرپەرشتیی بەرپرسێک یان بەشێکی کۆمۆنیکاشیۆن. ئەم ستراتیژەش گشت جۆرەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەخۆدەگرێت، وەک: ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، تۆڕی ئینتەرنێت، چاپکراوە، ناوەندەکانی زانیارییەکانو دەستپێشکەرییە هەمەجۆرەکانی ڕۆشنبیرکردن. یەکێک لە خەسڵەتەکانی ئامرازە فرەجۆرو ڕێکخراوەکان بۆ بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان ئەوەیە، کە دەرفەتی بەدەستهێنانی زانیارییەکان دەرەخسێنێت، ئەویش لە ڕێگەی ئەو ئامرازەوە کە پێی باشی. وەک بەشدارییەکەی ئەنجومەنی نیشتیمانیی هەنگاریا دەیخاتەڕوو:

«گرنگە دەرفەتی ئاگاداربوون لە چالاکییەکانی پەرلەمان بۆ هاوڵاتیان بڕەخسێت، ئەویش لە ڕێگەی کەناڵە هەمەجۆرەکانەوە. بەلای زۆرینەی خەڵکەوە، تەلەفزیۆنو ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی چاپکراوو ڕادیۆ کەناڵگەلی پێکگەیشتنی سەرەکین. دانیشتنە گشتییەکانی پەرلەمان ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ڕادیۆو تەلەفزیۆنەوە پەخشدەکرێن، هەروەها دەکرێت لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە ببینرێن. لەلایەن ئۆفیسی پەرلەمان یان ئۆفیسی سکرتێری گشتییەوە، سەرچاوەگەلی زیاتری زانیارییەکان دابیندەکرێن. ئەمە وێڕای بوونی هێڵێکی تەلەفونو پۆستێکی ئەلکترۆنیی تایبەت، کە هەموو هاوڵاتیان دەتوانن بەکاریانبهێننو لە ڕێگەیانەوە

ئەو پرسیارانە وەردەگیرێن کە تایبەتن بە یاسادانانەکان یان کاری پەرلەمانتارانەو ڕێکخراوە قازانج نەویستەکان دەتوانن زانیارییەکان لە نووسینگەی مەدەنییەوە وەربگرن. جا لەبەرئەوەی مەرجی بنچینەیی بەڕێوەبردنی پەرلەمان بەشێوەیەکی دیموکراتیانە، ڕەخساندنی گشت زانیارییەکانە بۆ هاوڵاتیان، بۆیە چەندین کەناڵ بۆ زانیارییەکان خراونەتە خزمەتی جەماوەرەوە».

پەرلەمانەکان لەسەر ئەوە ڕاهاتوون، ئەو پەروەندە کامڵانە هەڵبگرن، کە گشت ڕووداوەکان لەخۆدەگرن. زۆرێک لەو پەرلەمانانەش ئێستا چەندین کەناڵی تەلەفزیۆنیی تایبەتمەندیان بۆ تۆمارکردن و بڵاوکردنەوەی ڕووداوەکان هەیە. لە خەسڵەتەکانی ئەو کەناڵانە ئەوەیە، وادەکەن پەرلەمان بتوانێت کۆنترۆڵی دارشتنێکی دیاریکراوی ناو پەروەندەکانی بکات. هەروەها ڕێگەدەدەن بە پیشاندانی زۆرترین چالاکییەکان. بۆ نموونە، کۆماری کۆریا لە ڕابردوودا پشتی بە کەناڵی تەلەفزیۆنیی کۆریی حکومی بەستوە، کە بە (KTV) ناسراوە، بۆ پەخشکردنی دانیشتنە گشتییەکانی پەرلەمان. «لەگەڵ ئەوەیشدا ئەنجومەنی نیشتیمانی لە ئایار/مەی ٢٠٠٥وە کەناڵێکی تەرخانکردوە تەنیا بۆ کاروبارە یاسادانەرەکان، کە لە ڕێگەی پەخشی ڕاستەوخۆوە سەرجەم ڕووداوەکانی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی بڵاودەکاتەوە». ئەگەرچی ئەو کەناڵانە جێ بایەخی کەمایەتییەکن، بەڵام وێناکردنێکی گشتی و فراوانە بۆ زۆربوونی توێژەکانی جەماوەری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن. لەگەڵ ئەوەیشدا گرنگ ئەوەیە، ئەو کەناڵانە ڕەخسابن بۆ گەورەترین کەرتی شیاوی بینەران. لەو ڕاپرسیانەی ئەنجامماندراون دەرکەوتوە، کە فراوانکردنی سنووری بینەرە گریمانەکراوەکانی کەناڵە پەرلەمانییەکان، سەرچاوەی دڵەڕاوکەیە بۆ ژمارەیەک لەوانەی لە ڕووپێوەکاندا بەشداریانکردوە. وەک ئەم ڕاپۆرتەی ئەنجومەنی نیشتیمانیی فەرەنسی هێمای بۆ دەکات، ئەو پرۆسەی فراوانکردنە، ئەو گەشەکردنە خێرایەی ئاسانکرد، کە بەسەر تەکنیکی پەخشکردنی دیجیتاڵدا هاتوە:

«هەمیشە گفتوگۆ پەرلەمانییەکان ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی تۆڕێکی پەرلەمانییەوە پەخشدەکرێن، کە لە دوو کەناڵ پێکهاتوە، هەریەکێک لەوانە تەرخانکراوە بۆ ئەنجومەنێکی پەرلەمان. ئەم تۆڕە، کە چاوپێکەوتن و گفتوگۆکانی ناو ستۆدیۆکان و بەرنامە ڕۆشنبیریکارەکانیش پەخشدەکات، هەتاکو ئێستا ڕەخساونییە بۆ تەلەفزیۆنە تایبەتییەکان، یان مانگی دەستکرد، یاخود تۆڕەکانی ئینتەرنێتی تایبەت (ADSL). لە ٣١ی ئازار/ مارسی ٢٠٠٥دا دەستپێکردنی پەخشی

تەلەفزیۆنیی دیجیتاڵی زەمینی لە فەرەنسا دەرفەت دەرەخسێنێت بۆ فراوانکردنی سنووری وەرگرتنی ئەم تۆرە بەشێوەیەکی ڕوون. ئەمەش وادەکات ببێتە یەکێک لەو چواردە کەناڵە ڕەخســاوە، کە بەبێ بەرامبــەر خزمەتگوزاریی دیجیتاڵی پێشکەشدەکەن».

هەڵبژاردەیــەکیش لەو ڕاپۆرتــەی «ئەنجومــەنــی پیــرانــی مەکسـیک» پێشکەشیکردوە، هێما بۆ سنوورو ئامانجی نموونەیی ئەو کەناڵە دەکات، کە تەرخانکراوە بۆ کاروبارە پەرلەمانییەکان:

«بۆ پابەندبــوون بەئامانجی بەخشــینی زانیارییەکان، دەربارەی دەسەڵاتی یاسادانان، بە کۆمەڵگەی مەکسیک، کۆنگرس بەشێوەیەکی ڕەسمی لە ٢٨ی ئاب/ ئۆگۆستی ٢٠٠٠دا کەناڵی تەلەفزیۆنیی کۆنگرێسی کۆماری مەکسیکی کردەوە.... بەرنامەکانیش چالاکییەکانی یاسادانانی هەریەکێک لەو دوو ئەنجومەنەی لێکدا، کە کۆنگرێسی مەکسیکی پێکدێنن، وەک:

–دانیشتنە هاوبەشەکانی هەردوو ئەنجومەنەکە.
–کۆبوونەوەکانی تیپەکانی کاری سەر بە لیژنەی یاسادانان.
–ئەو بەرنامانەی گوزارشت لە بیروڕاکان دەکــەنو بەشداریکردنی یاسادانەرانە لەخۆدەگرن.
–دیدار لەگەڵ بەرپرسە حکومییەکان.
–تێبینی و داتاکانی ڕاگەیاندن.
–هەواڵەکانی سەرلەئێواران.
–ئەو بەرنامانەی زانیاریگەلی ڕۆشنبیریو فێرکردنخواز لەخۆدەگرنو بە ڕێکەوتنی هاوکاریکردن لەگەڵ دامەزراوە جۆربەجۆرەکان دەژمێردرێن....

کەناڵی کۆنگرس ڕووماڵی تەواوی مەکسیک دەکات، چونکە پەخشی خۆی لە ڕێگەی سیستەمێکی کێبڵەوە ئەنجامدەدات، کە دەگاتە نزیکەی ١٠ملیۆن بینەر. هەروەها لە ڕێگەی بەشداریکردنەوە لە کەناڵی ١٤٤دا لە سیستەمی (SKY)و کەناڵی ٢٢٠دا لە ڕێگەی (Direct Tv) بۆ ئەوەی بگاتە ١٠ملیۆن بینەری تر. ئێستاش ئێمە چاوەڕوانی بەدەستهێنانی مۆڵەتین بۆ فراوانکردنی بڵاوبوونەوەی کەناڵەکە لە ڕێگــەی «سیســتەمە فرەکەناڵاو فرەخاڵەکانی دابەشکردنەوە» (MMDS)و بە بەکارهێنانی «شەپۆلی سەروبەرزی» (UHF) تایبەت بەخۆمان، بۆ ناردنی هێما بۆ گشت ناوچەکانی مەکسیک...

کەناڵەکە چەندین نامــەی لە ڕێگــەی ئیمەیلەوە پێگەیشت، کە تاڕادەیەکی

زۆر دەرخـــەری بەپیرەوەهاتنی هەمەجۆری بینەرانی تەلەفزیۆنن... بەم ئامرازە ئۆفیسی بەڕێوەبەری کەناڵەکە توانیی ئاشنابێت بە مەیلەکانی بینەرانی تەلەفزیۆن، بەشداریکردنی ناوچە جوگرافییەکان، جۆری پەخشی کۆمەڵایەتیو ئەو کەسانەی کەناڵەکە دەیاندوێنێـــتو بایەخدانەکانیـــان، بیروڕاکانیـــان، پێداویستییەکانیانو پێشنیارەکانیان.

لەکۆتایشدا، کەناڵەکــە کاردەکــات بۆ چەســپاندنی دیمــەنی کۆنگرسو فراوانکردنی ئامادەبوونی لەنــاو کۆمەڵگەدا، بەشێوەیەک کە کەناڵەکە بۆتە درێژکراوەی ئەو کارانەی کۆنگرس ئەنجامیاندەدات، چونکە لەلایەکەوە دیمەنێکی ڕاگەیاندنکارانەی واقعیترو کامڵتر دەربارەی ئەنجومەنی پیران پێشکەشدەکات، لەلایەکی دیکەشەوە ڕێگەکانی کارلێککردن لەگەڵ یاسادانەرەکاندا ئاساندەکات... بەمەش کەناڵەکە مافی بەدەستهێنانی زانیارییەکانو ئازادیی دەربڕین لە وڵاتدا دەبەخشێتو بەشداریدەکات لە بنیاتنانی هاوڵاتیــاندا، نەک تەنیا بینەر یان بەرخۆرەکانی زانیارییەکان».

هەروەهــا ڕاپۆرتە مەکســیکییەکە دەریدەخــات، ئێستا لێک جیاکردنەوەی ئامڕازە «تەقلیدییەکان»ی کۆمۆنیکاشیۆنو ئینتەرنێت مەسەلەیەکی شیاونییە، چونکە زۆرێک لە پەرلەمانەکان پەیوەندیی ڤیدیۆیی بەکاردەهێنن بۆ پەخشکردنی دانیشتنەکانیان (لەکاتــی گرێدانیاندا) لە ڕێگەی سایتەکانی خۆیانەوە لە تۆڕی ئینتەرنێتدا، تەنانــەت ئەگــەر خــاوەن کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی تایبەتمەندیش نەبــن بۆ خزمەتکردنیان. ئەمەش وایان لێ دەکــات بگەنە ئەو هاوڵاتیانەی لە دەرەوە نیشتەجێنو ناتوانن ڕاستەوخۆو بێ بوونی پەیوەندی سەیری ڕووداوە پەرلەمانییەکان بکەن. سەبارەت بە کەناڵــی پەرلەمانیی پۆرتوگالی، ئەویش «لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە ڕووداوەکانی خۆی پەخشدەکاتو دەرفەت بۆ خەڵک لە گشــت ناوچەکانی دنیــا دەڕەخسێنێت سەیریان بکەن. ئەو زانیاریانەی لە ڕێگەی سایتەکانەوە پەخشدەکرێن، بایەخێکی گەورەیان هەیە، لەبەر ژمارەی ئەو پۆرتوگالیانەی کۆچیانکردوەو مافی دەنگدانیان لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکاندا هەیە». نموونەیەکی دیکە لە مەکسیکەوە ئەو بایەخە ڕووندەکاتەوە، کە دەشێت لە دەرەوە بەهۆی بەکارهێنانی ئەو ئامڕازەوە سەرهەڵبدات:

«یەکێک لە ئەزموونــە نوێیــە سەرنجڕاکێشەکان (ئازار/ مارسی ٢٠٠٥)، پەخشکردنی دانیشتنــەکانی ئەنجومەنــی پیرانــە لەگەڵ وەزیری دەرەوەو سەرۆکی پەیمانگەی فیدرالی بۆ هەڵبژاردنەکانو سەرۆکی دادگای فیدراڵی بۆ

هەڵبژاردنەکان، کە بەمەبەستی شیکردنەوەی ڕاستکردنەوەیەک ڕێکخرابوون، کە خرابوە ناو یاسـای مەکسیکییەوەو مافی دەنگدان دەداتە ئەو هاوڵاتییە مەکسیکیانەی لە دەرەوەی وڵات نیشتەجێن، لەوانە ١٠ملیۆن مەکسیکی کە لە ویلایەتە یەکگرتوەکان دەژین. بەپێی خەملاندنە ناڕەسمییەکان، نزیکەی ٤٠٠, ٠٠٠ بەکارهێنەری کۆمپیوتـەر لە ویلایەتە یەکگرتوەکان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە سەیری ئەو پەخشکردنەیان کرد».

با نموونەیەکی دیکە وەربگرین، پەرلەمانی هیندی ئەم توانجەی سەبارەت بە گرنگیی فراوانکردنی سنووری پەخشکردنی ڕووداوەکانی، لەلایەن ڕادیۆو تەلەفزیۆنەوە، خستۆتەڕوو:

«پەخشکردنی ڕووداوەکانی پەرلەمان لـــە ڕێگـــەی تەلەفزیۆنو ڕادیۆوە، دەبێتە هۆی ڕاستەوخۆ ڕۆشنبیرکردنی سیاسیی گشت میللەت. چونکە دەرفەت بۆ هەڵبژێرەکان دەڕەخسێنێت، خۆیان ئەو ڕۆڵە ببینن کە نوێنەرەکانیان بۆ گوزارشتکردن لە داخوازییەکانیان دەیگێڕن... لە ١٤ی کانونی یەکەم/ دیسەمبەری ٢٠٠٤دا جێگری سەرۆکی هیندو سەرۆکی لوک سابها هەڵسان بەکردەوەی دوو کەناڵی تەلەفزیۆنیی تایبەت بە پەخشکردنی ڕاستەوخۆی تەواوی ڕووداوەکانی ئەنجومەنی راجیا سابهاو لوک سابها لە گشت ناوچەکانی نیشتیمان.... هەروەها ڕووداوەکانی «کاتژمێری تەرخانکراو بۆ پرسیارەکان»ی هەردوو ئەنجومەنەکە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ڕێگـــەی ڕادیۆی «گشت هیندستان» (All India Radio)وە پەخشدەکرێت. ئەمەش گەیشتنە مەودایەکی فراوانتری جەماوەر، بە درێژاییو پانیی وڵات، مسۆگەردەکات».

ناشبێت لە بایەخی پەخشی ڕادیۆیی لەو وڵات یان کۆمەڵگانەدا کەمبکەینەوە، کە تێکڕای خاوەندارێتی ئامێری تەلەفزیۆن تیایاندا نزمە، وەک لە خشتەی ٣-١دا ڕوونکراوەتەوە، چونکە ڕادیۆ گرنگترین سەرچاوەی زانیارییەکانە لە وڵاتە ئەفریقیەکاندا. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو ژمارە هەرێمیانە جیاوازیی ئاشکرای نێوان هەر دەوڵەتێک بەتەنیا دەشارێتەوە. بۆ نموونە، تەلەفزیۆن سەرچاوەی بنچینەیی زانیارییەکانی ٩٢٪ی دانیشتوانی ئەندونیسیایە، کەچی لە ئۆگەندا ئەو ڕێژەیە دادەبەزێتە خوارەوە بۆ تەنیا ٢٪. بۆیە ئەو دابینکاریانەی مەبەستیانە سنووری ڕووماڵکردنی ڕووداوەکانی پەرلەمان لە ڕێگـــەی ڕادیۆوە فراوانبکەن، لە وڵاتـە ئەفریقییەکان بایەخێکی تایبەتیان هەیە. بۆ نموونە، لە بوتسوانا ئەو مەسەلەیە بە چەند شێوازێک هاتۆتەدی:

-پەخشی ڕاستەوخۆی ڕۆژانەی لە کاتی کۆبوونەوەکانی پەرلەماندا.
-پێشکەشکردنی کورتەیەکی ڕۆژنامەنووسیانە دەربارەی خشتەی کارە دەربڕاوەکان بۆ پەرلەمان، وەک یەکێک لە بەندەکانی گەشتی هەواڵەکان.
-پیشاندانی چاوپێکەوتنگەلی ڕێکوپێک لەگەڵ وەزیرەکان، کە لە ڕێگەیانەوە هاوڵاتیان دەتوانن ڕاستەوخۆ پرسیارەکانیان بخەنەڕوو.
-بەکارهێنانی شێوەزاری ڕەمەکی لە گفتوگۆ پەرلەمانییەکانو بەڵگەنامە ڕەسمییەکاندا.

ئەمەش ئەوەیە کە لە ڕاپۆرتی کۆماری باشووری ئەفریقادا، دەربارەی پرۆژەی ڕادیۆکەی، هاتوە:

«پرۆژەی ئەو ڕادیۆیەی ئامانجی ڕۆشنبیرکردنی جەماوەرو ئاگادارکردنەوەیەتی لەوەی لە پەرلەماندا ڕوودەداتو چۆنییەتی یاسادانانو بەشداریکردنی جەماوەر لە کارڕاییەکانی بڕیارسازیدا، گرنگترین ئامڕازی کۆمۆنیکاشیۆنە لەگەڵ جەماوەردا. پرۆژەکە زنجیرەیەک کاری دۆکیومەنتاریی پێشوەخت تۆمارکراوو چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ ئەندامەکانی پەرلەمانو گەورە بەرپرسان لەخۆدەگرێت، ئەمە وێڕای کورتە سیریاڵی (زنجیرە چیرۆک) ڕیکلامخواز. چەندین بابەت بە گشت زمانە ڕەسمییەکان ئامادەدەکرێنو لەسەر ئاستی نیشتیمانی، لە ڕێگەی دوانزە ئێسگەی ڕادیۆی سەر بە دەزگای ڕادیۆی باشووری ئەفریقاوە، بڵاودەکرێنەوە. لە ساڵی دارایی ٢٠٠٢-٢٠٠٣دا سەرجەم بیستەرەکانی پرۆژەی ڕادیۆ گەیشتە ٣٥ملیۆن».

لەواقیعدا، پێویستە هێما بۆ ئەوە بکەین، ئامێری تەلەفزیۆن لە خوارووی ئەفریقا لە سنوورێکی فراواندا ڕەخساوە، بەڵام هێشتا خەڵک ڕادیۆ بە سەرچاوەی سەرەکیی ئەو زانیاریانە دەزانن کە پەیوەندیان بە کاروبارە گشتییەکانەوە هەیە. ئەم دۆخەش بەردەوام هێما بۆ گرنگیی ڕادیۆ لای پەرلەمانەکان دەکات، تەنانەت لەو وڵاتانەشدا کە خاوەنداریێتی ئامێری تەلەفزیۆن بەربڵاوە.

## سایتە پەرلەمانتارییەکان لەسەر تۆڕی زانیاریی نێودەوڵەتی (ئینتەرنێت):

ئێستا نزیکەی هەموو پەرلەمانەکان سایتی تایبەت بەخۆیان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت دامەزراندوە. لەو سایتانەدا سایتی گشتی هەیە یارمەتیی

هاوڵاتیان دەدات لەگەڵ ڕووداوە پەرلەمانییەکاندا ڕێبکەن‌و فایلێک دەربارەی یاسادانانەکان پێشکەشدەکات. هەروەها گەلێک جار سایتی تایبەت بۆ ئاسانکردنی پەیوەندیی پەرلەمانەکان بە ئەندامانەوە لەخۆدەگرن. بۆ نموونە، «کۆنگرێسی نیشتیمانیی ئیکوادۆر» بنکەیەکی ئەلکترۆنی بۆ داتاکان دامەزراندوە، کە گەڕان لەناویدا بەدوای گشت ئەو یاسادانانەی لە ساڵی ١٩٧٩وە هەموارکراوە ئاسانە، ئەمە وێڕای وردەکاریی گفتوگۆکان‌و پڕۆسەکانی دەنگدان سەبارەت بە هەر یاسایەک. سایتەکانی ئینتەرنێت تەنیا ئامرازێکی چالاک نین بۆ بەدەستهێنانی زانیارییەکان، بەڵکو توانای کارلێککردن دەستەبەردەکەن، وەک ئەم ڕاپۆرتەی «کۆنگرێسی شیلی» ڕوونیدەکاتەوە:

«پێدەچێت تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان بتوانێت هێزێکی تەکاندەرەبێت بە دیموکراسی، بەڕادەی ئەو توانا بێسنوورەی ڕەخساوە بۆ بەدەستهێنانی زانیارییەکانی یاسادانان‌و سروشتی کارلێککردنی سایتە پەرلەمانییەکان، کە بڕێکی زیاتری شەفافییەت دەبەخشنە کارڕاییەکانی یاسادانان‌و پەرلەمان‌و دەیانخەنە ژێر لێوردبوونەوەی زیاترەوە. سایتەکەمان بەو کەرەستانە دەوڵەمەندکردوە، کە دەرفەتی دەربڕینی پرسیارەکان‌و بەشداریکردن لە مونتەداکانی گفتوگۆکردن‌و ڕاپرسی‌و گرووپەکانی هەواڵ بەپێی خواستی تاکەکەسی...هتد دەدەنە ئەوانەی سەردانیدەکەن. هەموو ئەو ئامرازانەش یاریدەدەرن بۆ ئەوەی «دیموکراسیی ئەلکترۆنی» لەبەردەستماندابێت. هەروەها ئەو ئامرازانە دەتوانن بیروڕا تەقلیدییەکان بگۆڕن، دەربارەی دامەزراوە دیموکراتییەکان‌و ئەو ڕۆڵەی هاوڵاتیان دەیگێڕن.

جا لەبەرئەوەی زۆرجار ئەو سایتانە ئامانج و خەسڵەتگەلی زۆر هاوشێوە کۆیاندەکاتەوە، بۆیە سوودمەندە لێرەدا هەندێک ڕێنمایی ئاڕاستەکاری تایبەت بە یەکێتیی پەرلەمانتاریی، سەبارەت بە پراکتیکی چاکی سایتە پەرلەمانییەکان، پۆختبکەینەوە کە ساڵی٢٠٠٠ بڵاوکراوەتەوەو ئەنجامی ڕووپێوییەکی مەنهەجی پراکتیکە باوەکان کە ئەو کاتە لەناو پەرلەمانە ئەندامەکاندا هاتوونەتەئاراوە. لێرەدا ئەو ڕاسپاردە سەرەکیانەی یەکێتییەکە دەربارەی ناوەڕۆکو توخمەکانی دیکە دەخەینەڕوو، کە لەژێر چەندین ناونیشاندا ڕێکخراون:

# چوارگۆشەی ڕاسپاردەکانی یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتی دەربارەی پراکتیکی چاکیی سایتە پەرلەمانییەکان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت

## لاپەڕەی زانیارییە گشتییەکان:

- تێڕوانینێکی گشتی دەربارەی پەرلەمانی نیشتیمانیو فرمانو دامودەزگا بنچینەییەکانی.
- دەقی تەواوی جاڕنامە ناوخۆییەکان، یان ڕێسا کارڕاییەکان، یاخود بەڵگەنامە هاوشێوەکان.
- دەقی دەستووری وڵات (هەرکاتێک ئەوە گونجاوبێت).
- لیستێک بەناوی ئەو یەکێتییە نێودەوڵەتیو هەرێمایەتیانەی پەرلەمان ئەندامێتیان تێدا بەدەستدێنێت.

## سیستەمی هەڵبژاردن:

- لێکدانەوەی کارڕاییە پەرلەمانتارییەکان (سیستەمی هەڵبژاردن، بازنەکانی هەڵبژاردن، کێ مافی دەنگدانی هەیە، کێ مافی کاندیدبوونی هەیە، مەرجەکانی کاندیدبوون، لایەنی بەرپرسیار لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکاندا...هتد).
- سەرەنجامی دواهەڵبژاردنەکان، بەپێی ئینتیمای حیزبیو بازنەکانی هەڵبژاردن.

## کارڕاییەکانی یاسادانان:

- شرۆڤەکردنی هێڵکاریانەی پرۆسەی یاسادانان.
- خشتەی کارەکانی یاسادانانو خشتەی کارەکانی دانیشتنەکەی ئێستا.
- بنکەیەکی داتاکان، دەشێت تیایدا بەدوای ئەو یاسایانەدا بگەڕێین، کە ئەنجومەنی یاسادانانی ئێستا هەمواریکردون.
- دانانی کارە پەرلەمانییەکانی ئێستا بەپێی ژمارەی پرۆژەیاسا، بابەت، ناونیشان، مێژوو، یان کۆدی بەڵگەنامە یاخود دامودەزگای پەرلەمانی...هتد.

### سەرۆکەکانی پەرلەمانەکان:

-ژیاننامەی سەرۆکی ئێستای پەرلەمان یان ئەنجومەنی پەرلەمان.
-کورتەباسێک دەربارەی دەسەڵاتو بەربژێرییەکانی سەرۆک.
-ناوی جێگرەکانی سەرۆک (هەرکاتێک گونجاوبوو).

### ئەندامەکانی پەرلەمان:

-لیستێکی نوێ بەناوی گشت ئەندامەکان، بەپێی ئەلفو بێو بازنەی هەڵبژاردن، حیزب یان ئینتیمای سیاسی، کە تیایدا ئەندامێتی لە لیژنە کاتی یان هەمیشەییەکانی پەرلەماندا هاتوە، وێڕای بوونی لینکەکان بۆ سایتە تاکەکەسییەکانی ئەندام پەرلەمان (هەرکاتێک ئەوە گونجاوبوو).
-زانیارییەکان سەبارەت بەشێوازەکانی پەیوەندیکردن بەهەر ئەندامێکەوەو دەربارەی ناونیشانی پۆستی ئەلکترۆنی.

### دامودەزگا لاوەکییەکانی پەرلەمان:

-لیستێکی تەواو بەناوی دامودەزگا لاوەکییەکان لەگەڵ لینکەکان بۆ لاپەڕەی جیاوازی تەرخانکراوی هەر دامودەزگایەکی ئەو توێژە.
-باسکردنی دەسەڵاتو تایبەتمەندییەکانی هەر دامودەزگایەک.
-ناوی ئەندامو سەرۆک (یان سەرۆکەکان)ی هەر دامودەزگایەک.
-زانیارییەکان دەربارەی کارەکانی ئێستاو داتاکان سەبارەت بە کۆبوونەوەکانی داهاتوو.
-زانیارییە پەیوەندیدارەکان دەربارەی ڕێگەی پەیوەندیکردن بەهەر دامودەزگایەکەوە.

### کەرەستەکانی گەڕان بەناو سایتەکەدا:

-«تایبەتمەندیی گەڕانی خێرا»: ئەم کەرەستە ئاساییەی گەڕان بەناو سایتەکەدا پشتبەستوە بە پۆلێنکردنی ئۆتۆماتیکیانەی بەڵگەنامەکانو دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ گەڕان بەدوای وشەگەلی تەنیا یان کۆمەڵە وشەیەک، بەبێ پێویستبوونی دیاریکردنی سەرچاوەکانیان.

- «لاپەڕەی پێشهاتەكان»: بریتییە لە بۆردێكی ڕیكلامكردن، لینكی ڕاستەوخۆ بۆ نوێترین ئەو بەڵگەنامانەی تێدایـە كە خراونەتە ناو سایتەكەوە.
- «نەخشەی سایتەكە»: بریتییە لە وێناكردنێك بە دەق یان وێنەی پەیكەری گشتیی سایتەكەو چەند لینكێكی تێدایە بۆ بەڵگەنامە جوداكان.

## كەرەستەكانی بیروڕاو تێبینی دەربڕین:

- دانانی خەسڵەتی بیروڕاو تێبینی دەربڕین، كە ڕێگە بە ئامشۆكەرەكان دەدات توانجی خۆیانو پرسیارە ڕاستەوخۆكانیان بنێرن بۆ بەڕێوەبەری سایتەكـە.
- تەرخانكردنی پۆستی ئەلیكترۆنی، كە پێشوەخت ئامادەكرابێت بۆ ناردنی نامەكان بۆ دامودەزگا پەرلەمانییەكانو بەرپرسەكانو ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی لاپەڕەكانی سایتەكەوە.

## لینكە دەرەكییەكان:

پێویستە بەكارهێنەرانی ئینتەرنێت بتوانن شێوازێك بدۆزنەوە، كە بەهۆیەوە بەئاسانی لە ڕێگەی سایتی پەرلەمانی نیشتیمانییەوە بگەنە سایتەكانی حیزبە سیاسییەكانو دامەزراوە حكومییەكانو پەرلەمانەكانی وڵاتەكانی ترو گرووپە پەرلەمانییە نێوانكارەكان...هتد.

**سەرچاوە: یەكێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتی.**

## بۆ خوێندنەوەی زیاتر دەربارەی سایتە پەرلەمانتارییەكان، بڕوانە:


Inter-Parliamentary Union (2000). Guidelines for the content and structure of parliamentary websites. <http://www.ipu.org/cntr-e/web.pdf>

Kingham, T (2003). e-Parliaments: the use of information and communication technologies to improve parliamentary processes. World Bank Institute <http://siteresources.worldbank.org/WBI/Resources/wbi37210Kingham.pdf>

Norris, P (2000). Online Parliaments, in Digital divide: civic engagement, information poverty, and the Internet worldwide (Chapter 7). <http://ksghome.harvard.edu/~pnorris/acrobat/digitalch7.pdf>

ئەو زانیاریانەی ئێستا لەو پەرلەمانانەوە بەدەستمانهێناون، کە بەشداریانکردوە لە ڕووپێوەکانماندا، ڕوونیدەکەنەوە پەرلەمانەکان بەردەوام، بەپێی بیروڕاو ئەولەویاتەکانی بەکارهێنەرانی سایتەکان، گەشەدەدەن بە سایتەکانیان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت. بۆ نموونە، «ئەنجومەنی پیرانی ئیتاڵی» هێمایکردوە بۆ ئەوەی چالاکییەکانی خۆیو چالاکییەکانی کارمەندەکانی «بەهێزەوە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەو تەکانە زیادەیەی بەهۆی تۆڕی ئینتەرنێتەوە بەدەستیانهێناوە، چونکە حەزی هەڵبژێرەکان بۆ ناردنی نامە ئەلیکترونییەکان بۆ نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانیان زیاتربووەو لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەتوانن بزانن نوێنەرەکەیان چۆن دەنگی لەسەر بابەتێکی دیاریکراو داوەو چ بیروڕایەکی دەربارەی دەربڕیوە». لە ئوستراليا، پوختەی کارەکانی «ئەنجومەنی نوێنەران»، کە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاودەکرێتەوە، سەلماندویەتی جەماوەرێکی زۆری هەیە. لە لاتفیاش بنکەی داتاکانی پەرلەمان «سیما»، کە دەقی تەواوی پڕۆژە یاساکان لەخۆدەگرێت، زۆرتر بەکارهێنراوە، «چونکە هەر هاوڵاتییەک دەتوانێت ئاگاداری گەشەکردنی ئەو یاسایە بێت کە مەبەستیەتی». لەگەڵ ئەوەشدا ئەو نامەیەی لەلایەن پەرلەمانی لاتفیاوە نێردراوە، سەرنج بۆ ئەو پێبەندییانە ڕادەکێشێت کە سنوور بۆ سوودوەرگرتن لەو خزمەتگوزارییە دادەنێن، بەوپێیەی هەموو هاوڵاتییەک ناتوانێت بەکردەوە بەکارییبهێنێت.

«کاتێک باسی بەشدارییپێکردنی جەماوەر لە چەسپاندنی دیموکراسیدا دەکەین، دەبێت زیاد لە پێویست پشت بە تەکنۆلۆژیای زانیارییەکانو کۆمۆنیکاشیۆن نەبەستین، چونکە پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکەین، ئامێرەکانی کۆمپیوتەری تاکەکەسی کە ئێستا ڕەخساون، وێڕای خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێتو دەرفەتەکانی سودلێوەرگرتنیان، بەشێوەیەکی یەکسان دابەش نەکراونو بەو ڕادەیە بڵاونەبوونەتەوە کە حەزی پێ دەکەین. لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی مەعریفە مانای دەستەبەربوونی مەعریفە نییە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێتو ئامڕازەکانی دیکە، بەڵکو دابەشبوونی مەعریفەیە بەسەر هاوڵاتیاندا، بەشێوەیەکی تا ئەوپەڕی سنووری شیاو یەکسان، هەروەها دەرفەت ڕەخساندنە بۆ پراکتیکی دیموکراتیانە... گوزارشتکردنی ڕاستیش لە دیموکراسی ئەوەیە،

واز لە هەرکەسێک بهێنرێت ئەو ئامرازی کۆمۆنیکاشیۆنە هەڵبژێرێت، کە بەلایەوە گونجاوترینو ڕەخساوترینە».

ئەو ژمارانەی لەم نامەیەدا هاتوون، کە دەربارەی ئاستەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێتە لە لاتفیا، پشتگیریی ئەم وریاکردنەوەیە دەکەن: لە ماوەی شەش مانگی پێشوودا تەنیا ٢٤٪ی دانیشتوان تۆڕی ئینتەرنێتی بەکارهێناوەو تەنیا ڕەخساوبوە بۆ ٤٧٪ی کتێبخانە گشتییەکانو ٧١٪ی قوتابخانەکان. جا ئەگەر دۆخەکە لە وڵاتێکی ئەورووپیدا بەوجۆرە بێت، ئەوا دۆخەکە لە زۆر وڵاتی تازەپێگەیشتووی باشووردا چۆن دەبێت؟ لەبەرئەوە، ئەگەرچی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای زانیارییەکانو کۆمۆنیکاشیۆن بەشێوەیەکی بێشومار سنوورو خێرایی ئەگەرەکانی پەیوەندیی نێوان بەکارهێنەرەکانی زیاتردەکات، بەڵام بەهەمان ڕادە لایەنەکانی جیاوازیی نێوان ئەوانەی بەکاریدێننو ئەوانەی بەکاری ناهێنن زیاتردەکات. خشتەی (٣ – ٢)یش لایەنەکانی جیاوازیی گەورەی نێوان ناوچەکانی جیهان، لە ڕووی بەکارهێنانی تۆڕی ئینتەرنێتەوە، ڕووندەکاتەوە. لە چوارچێوەی ئەو ناوچەو وڵاتانەی بەکارهێنانی تۆڕی ئینتەرنێت کەمدەبێتەوە، پێویستە گریمانەی ئەوە بکەین، کە کەلێنێکی گەورە هەیە لەنێوان ئەوانەی بەکاریدێنو ئەوانەی بەکاری ناهێنن. یەکێک لە هەنگاوەکانی پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە، لە گرتنەبەری سیستەمی «ڕێکخستنی زنجیرەیی» (Cascading)دا بەرجەستەدەبێت، کە لە ڕێگەیەوە زانیارییەکان بەشێوەی ئەلیکترۆنی دەنێردرێن بۆ ئاژانسە ناوچەییەکان (وەک ئۆفیسەکانی هەڵبژاردنو ناوەندەکانی کۆمەڵگە...هتد)و لەوێوە بۆ کەرتە فراوانەکانی دانیشتوان، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازە تەقلیدیترەکانەوە. هەروەها نابێت بەکارهێنانی ئامرازە تەکنۆلۆژییە نوێکانی تر فەرامۆشبکەین، کە ژمارەکانی ئەم خشتەیە ڕووماڵیان نەکردوە. بۆ نموونە، ئەمڕۆ ئەفریقا لەناو کیشوەرەکانی دنیادا خێراترین ڕادەی بەکارهێنانی مۆبایلی بەخۆوەدیوە، ئەگەرچی ئەوە پشتئەستوورنییە بە بناغەیەکی بەهێز، چونکە ساڵی٢٠٠٥ ژمارەی بەکارهێنەرانی مۆبایل شەش ئەوەندەی ژمارەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت بووە.

## خشتەی (٣-٢)
## ئامارەكانی بەكارهێنانی ئینتەرنێت

| مناطق العالم | السكان (حسب تقديرات عام ٢٠٠٦) | السكان ٪ من سكان العالم | استخدام الإنترنت، أحدث البيانات | ٪ السكان (التي تستخدم الإنترنت في كل إقليم مقارنة بعدد سكانه) | ٪ من سكان العالم | نمو معدل الاستخدام ٢٠٠٠-٢٠٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| أفريقيا | ٩١٥,٢١٠,٩٢٨ | ٪١٤,١ | ٢٢,٧٣٧,٥٠٠ | ٪٢,٥ | ٪٢,٢ | ٪٤٠٣,٧ |
| آسيا | ٣,٦٦٧,٧٧٤,٠٦٦ | ٪٥٦,٤ | ٣٦٤,٢٧٠,٧١٣ | ٪٩,٩ | ٪٣٥,٧ | ٪٢١٨,٧ |
| أوروبا | ٨٠٧,٢٨٩,٠٢٠ | ٪١٢,٤ | ٢٩٠,١٢١,٩٥٧ | ٪٣٥,٩ | ٪٢٨,٥ | ٪١٧٦,١ |
| الشرق الأوسط | ١٩٠,٠٨٤,١٦١ | ٪٢,٩ | ١٨,٢٠٣,٥٠٠ | ٪٩,٦ | ٪١,٨ | ٪٤٥٤,٢ |
| أمريكا الشمالية | ٣٣١,٤٧٣,٢٧٦ | ٪٥,١ | ٢٢٥,٨٠١,٤٢٨ | ٪٦٨,١ | ٪٢٢,٢ | ٪١٠٨,٩ |
| أمريكا اللاتينية ومنطقة الكاريبي | ٥٥٣,٩٠٨,٦٣٢ | ٪٨,٥ | ٧٩,٠٣٣,٥٩٧ | ٪١٤,٣ | ٪٧,٨ | ٪٣٣٧,٤ |
| أوقيانوسيا وأستراليا | ٣٣,٩٥٦,٩٧٧ | ٪٠,٥ | ١٧,٦٩٠,٧٦٢ | ٪٥٢,٩ | ٪١,٨ | ٪١٣٢,٢ |
| الإجمالي العالمي | ٦,٤٩٩,٦٩٧,٠٦٠ | ٪١٠٠ | ١,٠١٨,٠٥٧,٣٨٩ | ٪١٥,٧ | ٪١٠٠ | ٪١٨٢,٠ |

**سەرچاوە:** Internet World Statistics, Internet Usage Statistics: The Big Picture. <http://www.internetworldstats.com/stats.htm>

### تێبینییەكان:

١-ئامارەكانی بەكارهێنانی ئینتەرنێتو دانیشتوانی جیهان تا ٣١ی كانونی یەكەم/ دیسەمبەری ٢٠٠٥ نوێكراونەتەوە.

٢-ژمارەكانی دانیشتوان پشتبەستوە بەو داتایانەی لە سایتی (The world-gazetter) (http://www.world-gazetter.com)دا هاتوون.

٣-ژمارەكانی تایبەت بە بەكارهێنانی ئینتەرنێت لەو داتایانەوە هەڵهێنجراون كە (Nielsen/ NetRatings) لە رێگەی یەكێتیی كۆمۆنیكاشیۆنی نێودەوڵەتیو نێوەندە نیشتیمانییەكانی زانیارییەكانیو سەرچاوەكانی ترەوە بڵاوكراونەتەوە. گشت مافەكان پارێزراون بۆ گرووپی مینی واتس بۆ ساخكردنەوە ٢٠٠٦.

## خستنەڕووی پەرلەمان بۆ خەڵک

پەرلەمانەکان چەندین ناوەندی زانیارییەکانو ڕۆشنبیرکردنیان لە ئۆفیسەکانیان تەرخانکردوە بۆ سەردانە تاکەکەسیو بەکۆمەڵەکان. بۆ نموونە، «ئەنجومەنی نوێنەرانی ئیتاڵیا» لە ئایار/ مەی ٢٠٠٥دا ناوەندێکی زانیارییەکانی فرەکارو فرەئامرازی ڕاگەیاندنی لە ئۆفیسەکەی کردەوە، کە ڕۆژانە کراوەیەو ئەوانەی سەردانیدەکەن دەتوانن لە ڕێگەی مۆنیتەرەکانەوە ئاگاداری کارەکانی پەرلەمان بنو بەهۆی کۆمەڵێک ئامرازی ڕاگەیاندنی هەمەجۆرەوە زانیارییەکان دەربارەی پەرلەمان بەدەستبهێننو توێژینەوەی مەنهەجی ئەنجامبدەن. لەکاتێکدا پەرلەمانەکانی دیکە لە ڕۆژو کاتی دیاریکراودا، بەدرێژایی ساڵ یان بەبۆنەی تایبەتەوە، دەرگاکانی خۆی دەکاتەوە. ئەوەتا «پەرلەمانی کیریباتی» ڕۆژێک لە ساڵدا، کە هاوکاتی ڕۆژی کردنەوەیەتی بۆ یەکەمین جار لە تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ٢٠٠٠دا، دەرگاکانی بۆ گشت تاکەکانی جەماوەر دەکاتەوە. پەرلەمانی ئیستۆنیی ناسراو بە «ریجیکوگو» دەرگاکانی خۆی لە ڕۆژی ٢٣ی نیسان/ ئەپریلی هەموو ساڵێکداو بەبۆنەی دامەزراندنییەوە لە ساڵی ١٩١٩دا بۆ جەماوەر دەکاتەوەو دەرفەت کراوەیە بۆ هەر هاوڵاتییەک سەردانی بینای پەرلەمان بکاتو بەشداریی گەڕانێک بکات، لەژێر چاودێریی ڕێنیشاندەرێکدا. کاتێکی دیاریکراویش بۆ میوانەکان تەرخاندەکرێت، هەتاکو لەناو هۆڵی پەرلەماندا پرسیار ئاڕاستەی ئەندامەکانی حکومەت بکەن، کە لە بۆنەکەدا بەشداریدەکەن، ئەوانیش وەڵامی پرسیارەکان دەدەنەوە. هەروەها پەرلەمان چەند ڕۆژێکی ڕاگەیاندنئامێز لە ناوچە گوندنشینەکاندا ڕێکدەخات، کە کەسە ناوچەییەکان دەتوانن بەهۆیانەوە پرسیار دەربارەی کارڕاییکردن لە نوێنەرەکان بکەن.

ئەم پراکتیکەی بردنی پەرلەمان بۆ ناو خەڵک، نیشانەیەکی نموونەیی هەندێک وڵاتە. ئەوەتا بۆتسوانە «پەرلەمانێکی گەڕۆکی» دامەزراندوە، کە بەهۆیەوە ئەندامەکانی نووسینگەی سەرۆک پەرلەمانو ئۆفیسی ڕاگەیاندن سەردانی گوندەکان دەکەنو دەربارەی ڕۆڵی پەرلەمان لە کۆمەڵگەدا قسە بۆ خەڵک دەکەن. هەروەها باشووری ئەفریقیا «نمایشگەلی گەڕۆک دەربارەی دیموکراسی» ڕێکخست، کە بەوڵاتدا دەگەڕان، بەئامانجی «بردنی پەرلەمان بۆ ئەو کۆمەڵگانەی ناتوانن بگەنە پەرلەمان، بۆ ڕۆشنبیرکردنی خەڵکو ئاگادارکردنیان دەربارەی ئەو شێوازەی یاساکانی پێ هەمواردەکرێتو چۆنییەتی بەشداریکردنیان لە کارڕاییەکانی یاسادانانداء». ئەنجومەنی دوەمیش، کە بە «ئەنجومەنی نیشتیمانیی هەرێمەکان» ناسراوە، ساڵانە هەفتەیەک لە هەرێمێکی جیاواز دەبێت، بۆ سازدانی

کۆبوونەوە لەگەڵ سوودمەندە جۆربەجۆرەکاندا، بەتایبەتی ئەوانەی خەڵکی ناوچە گوندنشینەکانن. هەروەها پەرلەمانی مەنگۆلی «ناوەندگەلی هەمیشەیی پشتیوانیکردنی کۆمەڵگە»ی لە پێنج ناوچەی پایتەختو نۆ هەرێم دامەزراندوە، کە کۆششدەکەن بۆ هێنانەدیی ئەم ئامانجانەی لای خوارەوە:

- دروستکردنی پەیوەندیی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک لەنێوان ئەندامانی پەرلەمانو هەڵبژێرەکانیانو نێوان کارگێڕە ناوچەییەکانو کۆمەڵگەی مەدەنی.
- ڕێکخستنی کۆبوونەوە ناوچەییەکان بۆ مەشقپێکردنو گفتوگۆو کۆبوونەوەی گشتیو ئەڵقەکانی لێکۆڵینەوە.
- بەشدارپێکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی ناوچەییو بەرپرسە هەڵبژێردراوەکان لە کارەکانی پشتیوانیکردنی کۆمەڵگەی تایبەت بە چالاکیی پەرلەمانتارانەدا.

ئەو بەرنامە کۆمەڵگەییانە تەنیا لە کۆمەڵگە تازەپێگەیشتووەکاندا جێبەجێ ناکرێن، وەک لەم نموونەیەوە دەردەکەوێت کە لە سوید وەرگیراوە:

«ساڵی ٢٠٠٣ « لقەکانی» ڕایکستداگ لە سێ شار کرانەوە، ئەوانەش یوتۆبۆریو مالمۆو سوندسڤاڵ بوون، ئەمە وێڕای کتێبخانەکانی شارەوانی کە لە هەر شارێکدا بوون. ڕایکستداگ بەشێکی کتێبخانەکەی تەرخانکرد بۆ مۆنیتەرەکانی تەلەفزیۆنو بابەتەکانی ڕۆشنبیریو ڕاگەیاندننامەی چاپکراو. هەروەها وێستگەیەکی کار بۆ تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان، کە وادەکات لقەکان لە ڕێی ئینتەرنێتەوە پەیوەندیی بە ماڵپەڕی ڕایکستداگەوە بکەنو دەرفەتی ئەوەیان هەبێت لە ڕێی ئەو وێستگەیەوە ئاگاداری ئەو شتانە بن کە لە تۆڕی ئینتەرنێتدا هەن. هەروەها ئەندامەکانی ڕایکساداگ لە هەر هەرێمێکەوە «لقەکانەوە» بە هەڵبژێرەکان بگەنو گفتوگۆیان لەگەڵ بکەن.»

## ئاگادارکردنی لاوان سەبارەت بە کاری پەرلەمان و بەشدارکردنیان تیایدا:

زۆربەی پەرلەمانەکان دان بەوەدا دەنێن، کە ڕووبەڕووی گرفتی ڕیزپەڕی تایبەت بە وروژاندنی بایەخی لاوان بە کاری پەرلەمانی دەبنەوە. ئەمەش ناگەڕێتەوە بۆ بایەخ نەدانی لاوان بە سیاسەت بۆ خۆی، چونکە زۆربەیان چالاکانە بەشداریدەکەن لە مەسەلەکانی پشتگیریکردنی کۆمەڵگەو هەڵمەتەکانی تایبەتن بە لایەنگیریکردنی بابەتێکی دیاریکراو. لەگەڵ ئەوەشدا لەناو گشت توێژە تەمەنییەکاندا، توێژی لاوان ئەو توێژەیە کە کەمترین بەشداریدەکات لە دەنگداندا. بەشێوەیەکی تایبەتیش ڕەچاوی ئەوە دەکرێت، ئەوان لە سیاسەتە پەرلەمانییەکان دوورخراونەتەوە.

لەسایەی ئەو بارودۆخەدا، پەرلەمانەکان کۆششی بێوچان دەکەن، بۆ وروژاندنی بایەخدانی قوتابیەکانی قوتابخانەکان بەکارەکانی پەرلەمانەکان .ئەو دەستپێشکەریانەش شێوازی جۆربەجۆر بەخۆوەدەگرن، هەندێکیان پشت بە قوتابخانە دەبەستنو هەندێکیان لە خودی پەرلەماندایەو هەندێکیشیان ئەو دوانە پێکەوە گرێدەدەن.

## دەستپێشکەرییەکانی پشت بە قوتابخانەکان دەبەستن:

گرنگترین ئەو دەستپێشخەریانە، بەخشینی زانیارییەکانی دەربارەی پەرلەمانە بە قوتابیانی قوتابخانەکانو لە ڕێگەی پرۆگرامی خوێندنەوە. «پەرلەمانی باشووری ئەفریقا» ئێستا کاردەکات بۆ دانانی پرۆگرامێکی مەشقپێکردن بەمەبەستی فێرکردنی شارستانی، کە ئاڕاستەی لاوان دەکرێتو ڕوونیدەکاتەوە «پەرلەمان چۆن کارەکانی خۆی ڕاییدەکاتو یاساکان هەمواردەکات، جەماوەریش دەتوانن لە ڕێگەی ئەو پرۆگرامەوە بەشداریی لە کارڕاییەکانی یاسادانانندا بکەن. وا وێنادەکرێت لە کۆتاییدا ئەم پرۆگرامە ببێتە بەشێک لە پرۆگرامی خوێندن لە قوتابخانەکاندا.» یەکێکی تر لە دەستپێشکەرییەکان ئەوەیە، پەرلەمان کتێبێکی کۆمیدی بەرهەمهێناوە، کـە چەندین خەڵاتی بەدەستهێناوەو لەژێر ناونیشانی «ڕۆژێک لە پەرلەمان»دایەو دابەشکراوە بەسەر گشت قوتابخانەکانی باشووری ئەفریقادا.

### خشتەی (٣-٣)
### کتێبێکی کۆمیدی بەناونیشانی «ڕۆژێک لە پەرلەمان»




**سەرچاوە:** پەرلەمانی باشوری ئەفریقا (١٩٩٩). A Day in Parliament
<http://www.parliament.gov.za/eupsp/newsletters/aday.html>

«پەرلەمانی ئیسلەندی» سایتێکی تەرخانکردووە بۆ قوتابیەکانی قوتابخانەکان، کە تەمەنیان لە نێوان ١٣و ١٥ ساڵیدایە، «بەکارهێنەرانی دەتوانن بکەونە کارلێککردنەوە لەگەڵ ئەو کەسایەتیانەی بە کەسایەتییە کارتۆنییەکان دەچنو دەتوانن لە ڕێگەی گەڕان بەدوای زانیارییــــەکانەوە لە ســـایتەکەدا وەڵامی چەند پرسیارێک بدەنەوەو دەستوبرد سەرەنجامی کارەکەیان لە ڕێگەی ناردنی وەڵامەکانیانەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی سایتەکە بەدەستبێنن. ئەم سایتە سەلماندی، لەناو میللەتدا بەناوبانگەو لەسەر ئاستێکی فراوان وەک ئامڕازێکی فێرکردن بەکاردەهێنرێ.» هەروەها «پەرلەمانی فنلەندی» یارییەکی ئەلیکترۆنیی بەناونیشانی «یاسادانەرەکان» داهێناوە، کە یارمەتیدەری پراکتیکانەی قوتابیەکانی قوتابخانەکانە، بەهەمان شێوەی کارپێکراوی ناو پەرلەمانی ڕاستەقینەی فنلەندیی ناسراو بە «ئیدوسکونتا» یاسا دەربکەنو ڕۆڵی جۆربەجۆر لەنێوان خۆیاندا بگێڕن.

چەند دەوڵەتێکی خاوەن سیســـتەمی دیموکراتیی چەسپیوو دەرکیان بەوە کردوە، بەشێکی بنچینەیی پرۆگرامی خوێندنیان بریتییە لەوەی، دەبێت قوتابیی قوتابخانەکان بەڕێوەبردنـــی پەرلەمانـــە تایبەتەکانیان بەشێوەی ئەنجومەنی هەڵبژێردراوو هاوشێوەکانی ئەزموونبکەن، بۆ ئەوەی فێری بڕیارسازی ببن، دەربارەی ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە سیاسەتو سیستەمی قوتابخانەوە هەیە. هەروەها ئەنجومەنەکان دەتوانن بەشدارییەکی گرنگ لەو وڵاتانەدا پێشکەشبکەن، کە کۆششدەکەن بۆ چەسپاندنی کولتوورێکی خاوەن خەسڵەتی دیموکراتیانەی زیاتر. لەم دواییانەدا پەرلەمانی تورکیا، کە بە «ئەنجومەنی نیشتیمانی تورکیی مەزن» ناسراوە، هاوپەیمانێتیەکی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن بەست، بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی «پەرلەمانەکانی قوتابخانەکان»، بەمەبەستی دامەزراندنی ئەنجومەنە هاوشێوەکان لە قوتابخانەکانی گشت ناوچەکانی تورکیا.

«پرۆژەکە بۆ ئـــەوە دانـــراوە، کە یارمەتیی قوتابیەکانی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندی بدات، ئاشنای کولتووری هەڵبژێریتو هەڵببژێردرێیت بنو لە ڕوانگەی خۆیانەوە تاوتوێی کێشەکانیان بکرێتو هوشیارییەکی دیموکراتیانەی بەکردەوە بنیاتبنرێ، لەوانە بەشداریکردنی گشتیو هەڵکردن، ئەمە وێڕای بڵاوکردنەوەی کولتووری دیموکراسی لەنێو گشت کەرتەکانی کۆمەڵگەدا. ئەو پرۆژەیە، کە ساڵی ٢٠٠٤ دەستپێکرد، لە ٢٠٠ قوتابخانەی سەرەتاییو ١٠٠ قوتابخانەی ناوەندیی جێبەجێکرا... ئامانجیش لەو پرۆژەیە، بڵاوکردنەوەی ئەو ســـیســـتەمە بوو لە ماوەیەکی کورتو هەموو قوتابخانەکانی تورکیادا.»

پڕۆژەکە بایەخێکی ڕاگەیاندنی گەورەی پێ درا، هەروەها سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتیمانی بەشداربوو لە هەندێک هەڵبژاردنی سەرەتاییدا، بۆ ئەوەی جەغت لەسەر ئەوە بکاتەوە، کە پڕۆژەکە جێی بایەخ‌و پشتگیریکردنی ئەنجومەنەکەیە.

## ئەو پڕۆگرامانەی پشت بە پەرلەمان دەبەستن:

دەشێت ئەو پڕۆگرامانە شێوەی جۆراوجۆر بەخۆوە بگرن. چونکە زۆر پەرلەمان چەند دابینکاریان داناوە بۆ پێشوازیکردنی سەردانە هەفتانە‌و مانگانە ڕێکوپێکەکانی قوتابییەکانی قوتابخانەکان، کە قوتابیانی گشت ناوچەکانی وڵات لە ڕێگەیانەوە بتوانن ئامادەی کۆبوونەوە‌و دانیشتنەکانی لیژنەکان بن‌و پرسیارەکان ئاڕاستەی وەزیرەکان بکەن‌و ئەو ئەندامانە ببینن، کە لە ئەنجومەنەکەدا نوێنەرایەتیاندەکەن. کەچی هەندێک پەرلەمانی دیکە «کۆبوونەوە بۆ لاوان» سازدەکەن، هەتاکو قوتابییەکان بتوانن لە ڕێگەی ڕێکخستنی کۆبوونەوەگەلی تایبەت بەخۆیانەوە، کە تیایاندا گفتوگۆدەکرێت و پرسیارەکان ئاڕاستەدەکرێن، فێری کارڕاییە پەرلەمانییەکان ببن. پەرلەمانی نەرویجی «ستۆرتینگ» نەخشەی بۆ کردنەوەی هۆڵی بۆنەکان لە پایزی ٢٠٠٥دا دانا، بۆ ئەوەی قوتابیانی قوتابخانەکان کارڕاییە پەرلەمانییە پراکتیکییەکانی تیادا ئەنجامبدەن. «وەک پەرلەمانتار لە دانیشتنگەلی گشتیی خەیاڵکراوو کۆبوونەوەکانی لیژنە هەمیشەییەکان‌و کۆبوونەوە حیزبییەکاندا ڕەفتاربکەن‌و بەڵگەنامە گرنگەکان بنووسن‌و ڕووبەڕووی ڕۆژنامەوانی ببنەوە... ئەم هەنگاوانە دەرفەتیان دەداتێ وێنایەکی زیندوویان بۆ دیموکراسیی پەرلەمانیی بەکردەوە هەبێت.»

شێوازێکی دیکە هەیە، کە گشت چالاکییە پشتبەستووەکان بە قوتابخانەکان‌و ئەو پڕۆگرامانە پێکەوە کۆدەکاتەوە، کە پەرلەمان پێشکەشیاندەکات، بریتییە لە سازدانی کۆبوونەوەکانی قوتابخانەکان بەمەبەستی هەڵبژاردنی نوێنەرەکان بۆ پەرلەمانی نیشتیمانیی لاوان. بۆ نموونە، کۆبوونەوەیەکی ساڵانە بۆ پەرلەمانتارە لاوەکان، کە تیایدا نوێنەری لاو لە گشت قوتابخانەکان هەڵدەبژێردرێن، بۆ ئەوەی لە پەرلەمان بەپێی ڕێسا پێڕەوکراوەکان گفتوگۆبکەن. پەرلەمانی دانمارکی «فۆلکەتینگ» شێوەیەکی وردکارانەتری داهێنا:

«ئامانجی پەرلەمانی لاوان، یارمەتیدانی لاوانی دانمارک‌و دوورگەی فێروەی‌و گرینلاندە، بۆ تێگەیشتن لە پرۆسەی دیموکراسی بەشێوەیەکی چاکتر، ئەنجامی ڕێگەدان بەداڕشتنی ئەو پڕۆژەیاسایانە‌و پێشنیارە یاسادانەرییانەی لە لیژنەکان‌و

کۆبوونەوە گشتییەکانی فۆلکەتینگدا گفتوگۆیان لەسەر دەکەن... زانیارییەکانیش دەربارەی پەرلەمانی لاوان دەنێردرێن بۆ پۆلەکانی هەشتو نۆی گشت قوتابخانەکانو هەر پۆلێک بیەوێ بەشداربێت، پێویستە پڕۆژەیاسایەک بەکۆمەڵ دابڕێژێ. ئینجا پەرلەمانی دانمارکی ٦٠پڕۆژەیاسا بەپێی ئەم پێوانانەی خوارەوە هەڵدەبژێرێ:

-ناوەڕۆکی پڕۆژەیاساکە.
-هەمەڕەنگی (لەخۆگرتنی زۆرترین ژمارەی شیاوی بابەتەکان).
-فراوانیی ڕووماڵکردنی جوگرافیانە، بەشێوەیەک کە نوێنەرایەتیی قوتابخانەکانی گشت ناوچەکانی وڵات مسۆگەربکات.

هەر شەست پڕۆژەیاساکە بەسەر لیژنە هەمیشەییە پەیوەندیدارەکاندا دابەشدەکرێن. بەشی یەکەمی کاری لیژنەکان بەشێوەی ئەلیکترۆنی ئەنجامدەدرێت، بەڵام بەشی دوەم لە «کۆشکی کرستیانبۆرگ»و کۆبوونەوەی پەرلەمانی لاواندا ئەنجامدەدرێت... هەر لیژنەیەک لە دوانزە لیژنەکە گفتوگۆ دەربارەی پێنج پڕۆژەیاسا دەکات، بەمەرجێک بەشداربوان پڕۆژەیاسایەک لە هەر لیژنەیەک هەڵدەبژێرن بۆ گفتوگۆلەسەرکردنو دەنگ لەسەردان لە ئەنجومەنەکەدا. هەر لیژنەیەک پرسیارێکی زارەکی دادەڕێژێ، کە لە کاتی تەرخانکراو بۆ پرسیارەکاندا، ئاڕاستەی وەزیرێک دەکرێت».

ئەوانەی پێشەوە بەشێکی بچووکی ئەو دەستپێشکەریانەیە کە پەرلەمانەکان لەم لایەنە گرنگەدا جێبەجێدەکەن. دوور لە قوتابخانەکانیش، دورگەی «سانت کیتس» پەرلەمانێکی لاوان بەڕێوەدەبات، کە نوێنەرایەتیی گرووپگەلی هەمەڕەنگی لاوان دەکات. «ئەو گەنجانە لەگەڵ پەرلەمانتارەکانو سەرۆکی پەرلەمانو سکرتێری گشتیی پەرلەمان دەکەونە کارلێککردنەوە، بۆ بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی پەرلەمانو کارەکەی... وێستگەی ڕادیۆش ڕاستەوخۆ گفتوگۆکانیان دەگوێزێتەوەو تەلەفزیۆن بەتۆمارکراوی بڵاویدەکاتەوە.» پێویستە هێمابکەین بۆ بیرۆکەی بردنی پەرلەمان بۆ لاوان لەو شوێنانەی کۆدەبنەوە بۆ ئاهەنگگێڕان لە بۆنەکانی تایبەت بەخۆیاندا. لە هەنگاریا ئامادەکاریدەکرێت بۆ ئامادەبوونی ئەندام پەرلەمانەکانو دامەزراوە گشتییەکانی تر لە «دوورگەی قوتابیان»، کە بە «دیاکزیگت» ناسراوەو گەورەترین ڤێستیڤاڵی مۆسیقیە بۆ لاوانی ناوەڕاستی ئەوروپا، «قوتابیان دەتوانن تیایدا گوێ لە موحازەرە سیاسییەکان بگرنو لەگەڵ سیاسییەکان گفتوگۆ دەربارەی کێشەکانیان بکەن.»



# پەرلەمانی دەستەبەرکراو بۆ هەموان

# ٤ - پەرلەمانی دەستەبەرکراو بۆ هەموان

لە بەشی پێشوودا هەڵوەستەمانکرد لەئاست ئەو ئامرازانەی هاوڵاتیان دەتوانن بەهۆیانــەوە ئاگاداری چالاکییەکانی پەرلەمانەکەیان بن. بەدەستهێنانی زانیاریی وردبینانەو نوێ دەربارەی کارەکانی پەرلەمان، گرنگترینی ئەو هۆکارانەیــە کــە پێویستن بۆ کاریگەرخستنە ســەر چالاکییەکانی پەرلەمان، جا ئەوە لــە ڕێگەی تاکەکانەوە بێــت یان ئەو ڕێکخراوانەی ئەندامگەلی خاوەن بیروڕاو بایەخپێدانی هاوشێوەیان هەیە. لەم بەشەدا باسی ئەو ڕێگە جۆراوجۆرانە دەکەین، کە وادەکەن پەرلەمانەکان دەستەبەرکراوبن بۆ زۆرترین ژمارەی هاوڵاتیان (بەتاک و گرووپ)و هیوای هێنانەدیی گۆڕانکاری لەناویاندا دەچەسپێنێ. هەروەها ئەم بەشــە سەرەتا تاوتوێی شــێوازەکانی پەیوەنــدیی ڕاســتەوخۆی نێوان هاوڵاتیــانو نوێنەرەکان دەکات. ئینجا ئامرازەکانی تواناسازیی هاوڵاتیان، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیانو نەهێشتنی چەوساندنەوە لەسەریان، لەکاتی ڕوودانیدا. لەکۆتایشدا باسکردنی ئەو دەرفەتانەی ڕەخســاون بۆ بەشداریکردنیان لە قۆناغەکانی یاسادانان و کارەکانی تری لیژنەکانی پەرلەماندا.

## پەیوەندیی ڕاستەوخۆی نێوان هاوڵاتیان و نوێنەرەکانیان

ئامرازی تەقلیدی بۆ دروستکردنی پردی پەیوەندیی لەنێوان هاوڵاتیی ئاساییو پەرلەماندا، پەنابردنــە بــۆ نوێنــەری هەڵبژێردراو. لە زۆربــەی وڵاتەکاندا، کە جەماوەری هەڵبژێر بەپێی دابەشبوونی جوگرافیانە دابەشــبووە بەسەر بازنەکانی هەڵبژاردنداو هەر ئەندام پەرلەمانێک نوێنەری بازنەیەکی ناوچەیی دیاریکراوە، پێکگــەیشتنی هاوڵاتیــانو پەرلــەمــان ڕووبەڕووبــوە لەگەڵ نوێنەری ناوچەی نیشتەجێبوونی هەڵبژێرەکاندا. هەمیشــە داکۆکیکاران لە ســیستــەمی بازنەکانی هەڵبژاردن ئەوەیــان بــە خەسڵەتێکی جیاکارەی بێوێنە زانیوە، چونکە مانای

ئەوەیە ئەندامەکان ڕاستەوخۆ لەگەڵ ترسو کێشەکانی ئەواندا دەژینو کاتی لێکۆڵینەوەکردن دەربارەی ئاسەوارە چاوەڕوانکراوەکانی یاسادانانەکان، تەنیا پشت بەو ڕاپۆرتانە نابەستن کە بۆیان ئامادەکراوە.. بەڵام ئەوە زیانێک لەخۆدەگرێت، کە هەندێک بەشداربووانی ڕاپرسییەکان هێمایان بۆ کـردووە، ئەویش بریتییە لەوەی دەشێت ئەندامەکان ئەنجامی ئەوە وەک توێژەری کۆمەڵایەتی تەرخانکراو دەربکەون. «چونکە هەڵبژێرەکان چاوەڕوانی ئەوەن، پاش هەڵبژاردنـی نوێنەر، نوێنــەر لە هەموو کاتێک و هەلومەرجێکدا، وەک بۆنە ئایینیەکانو شاییەکانو تەعزییەکان، خۆی بـۆ ئــەوان تەرخانبکات و جۆرە جیاوازەکانی یارمەتیدانی کۆمەڵایەتیان پێشکەشبکات.» (**ڕاپۆرتی دەوڵەتی مالی**). نوێنەرەکان پێیانوایە، هاوسەنگی دروستکردن لەنێـوان بەپیرەوەچوونی داواکارییەکانی هەڵبژێرەکانو بایەخپێدانەکانیانو پێداویستییەکانی کاری یاسادانانو پەرلەمانی سەخترینی ئەو مەسەلانەیە کە ڕووبەڕوویاندەبێتەوە.

لە جیهــانی هاوچەرخمانــدا، بەکارهێنــانی ئیمـەیــل (پۆسـتی ئەلکترۆنی) بەڕادەیەکی بێشومار بۆتە هۆی ئاسانیو خێرایی پەیوەندیکردنی هەڵبژێرەکان بە نوێنەرەکانیانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، وەک لەوەوپێش بینیمان، «کەلێنی دیجیتاڵی» ژمارەیەکی زۆر هەڵبژێر لە پەیوەندیکردن بەو ڕێگەیە بە پەرلەمانەوە دووردەخاتەوە. بۆیە دەرفەتڕەخسـاندن لەبەردەم هەڵبژێردا، بۆ بینینی ڕاسـتەوخۆی نوێنەر، بەتەنیــا یان وەک ئەندامی گرووپێک، بەبێ کات بەفیڕۆدان یان گرتنەئەستۆی تێچووی زۆری سەفەرکردن، یەکێکە لەو مەسەلانەی لە زۆر وڵات بایەخی زۆری پێ دەدرێت. بەپیرەوچوونی ئەو داخوازییەش لە بەشێکیدا پەیوەندیی بـە کاتی ئەندامەکانەوە هەیە، لە بەشەکەی تردا پەیوەندیی بەو ئاسانکاریانەوە هەیە کە لە بازنەکانی هەڵبژاردندا هەن.

سەبارەت بە توخمی کات، گەلێک پەرلەمان ڕۆژێک یان دوان لە کۆتایی یان سەرەتای هەر هەفتەیەکی خولی کۆبوونەوەکانیدا تەرخاندەکات بۆ ئەوەی دەرفەت بۆ ئەندامەکان بڕەخسـێت لە بازنەکانی هەڵبژاردنی خۆیاندا بن. لە سریلانکا پەرلەمان، لە هەفتەی یەکەمو سێیەمی هەر مانگێکدا، کۆدەبێتەوەو ئەندامەکانیش لە هەفتەی دوەمو چوارەمدا لە بازنەکانی هەڵبژاردنی خۆیان دەبن، بەوجۆرەش خەڵک دەتوانێت لەگەڵیان کۆببێتەوە. لە شیلی هەردوو ئەنجومەنی یاسادانان ماوەی سێ هەفتە لە هەر مانگێکدا کۆدەبنەوە، «بۆ ئەوەی ئەندام پەرلەمانەکان بتوانن لە هەفتەی چوارەمدا کارەکانی خۆیان لە هەرێمەکانیان یان لە ناوچەکانی

هەڵبژاردنیان ڕاییبکەنو گفتوگۆی بەردەوام لەگەڵ هەڵبژێرەکانیان بکەن.» لە ژمارەیەکی کەمی وڵاتانیشدا، هێشتا نوێنەر چالاکییە پەرلەمانتارییەکانی خۆی بەبێ خۆتەرخانکردن، واتە بە بەردەوامبوون لەسەر پیشەی ئاسایی خۆی، ڕاییدەکات. لە مالّتا «ئەندام پەرلەمانەکان، لە ماڵەکانیانو نەخۆشخانەکانو شوێنی کارکردنیان، سەردانی هەڵبژێرەکان دەکەن، بۆ ئەوەی ئاگاداری پێداویستییە ڕۆژانەکانیان بن، ئەم سەردانەش زۆرجار دووبارەدەبێتەوە.» قەبارەی دەوڵەت– بەتایبەتی ئەگەر وەک مالّتا بچووک بوو– دەرفەت بۆ ئەندامەکان دەڕەخسێنێ بایەخی تاکەکەسی بە هاوڵاتیان بدەنو لە کاتی پێویستدا ئەو دابینکاریانەیان بۆ لێکبدەنەوە، کە لە یاسایەکی هەموارکراودا لەلایەن پەرلەمانەوە هاتووە. کەچی لە وڵاتێکی وەک کۆماری میللیی چیندا، پەرلەمان تەنیا چەند ڕۆژێکی کەم، بە ئامادەبوونی گشت ئەندامان، کۆدەبێتەوەو ئەندامەکانیش پۆستەکەی خۆیان دەپارێزن. «ئەم دۆخەش یارمەتیدەربوو بۆ ئەوەی ئەوان ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەڵبژێرەکاندا بکەونە کارلێککردنەوەو وای لێ کردون هەست بە ئێشوئازارەکانیان بکەنو لە خواستەکانیان تێبگەن... هەروەها ئەوان، لە ڕێگەی بەرهەمهێنانو کارەکەیانو ژیانی کۆمەڵایەتیانەوە، یارمەتیدەردەبن بۆ جێبەجێکردنی دەستوورو یاساکان.» ئەگەر ئەوە لەسەر حسابی ئەزموونیانیش بێت، سەبارەت بە ڕاییکردنی ئەرکەکانی یاسادانانیان، وەک ئەوەی هەردوو پەرلەمانەکە دانیانپێداناوە. سەبارەت بە چین، پێویستە هێما بۆ ئەوە بکەین، لیژنەی هەمیشەیی سەر بە پەرلەمانی چین، کە بە «کۆنگرەی میللی نیشتیمانی» ناسراوە، بەردەوام لە ماوەی نێوان کۆبوونەوەکانی پەرلەماندا کۆدەبێتەوە.

## ئاسانکارییە دەستەبەرکراوەکان لەسەر ئاستی بازنەکانی هەڵبژاردن

لقەئۆفیس لە بازنە یان ناوچەی هەڵبژاردندا، خاڵی پێکگەیشتنی سەرەکیی هەڵبژێرەکان لەلایەکو نوێنەرەکانیانو تاقمی کاری ناوچەیی نوێنەرەکانە لەلایەکی ترەوە. لەبەر گرنگیی ئەو ئۆفیسانەی پەرلەمان، پەرلەمانەکانی گەلێک دەوڵەتی تازەپێگەیشتوو دەستیانکردوە بە جێبەجێکردنی بەرنامەگەلی بەرفراوان لە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردندا، بەجۆرێک کە دەرفەت بۆ ئەندامەکان برەخسێت بە هەڵبژێرەکانیان بگەن. لە زامبیا ئەم کارڕاییە بەشێکی سەرەکیی بەرنامەیەکی خوازیاری چاکسازیی پەرلەمانە. وەک هەنگاوی یەکەم، سێ جۆر یان مۆدێلی جیاوازی ئۆفیسی ناوچەیی هەڵبژاردن تاقیکرانەوە، بۆ دیاریکردنی گونجاوترینو

بەردەوامترینیان، لەپێناو بەهێزکردنی پەیوەندیی ئەندام بە بازنەی هەڵبژاردنەوە.
ئەو جۆرانەش بریتین لە:

– ئۆفیسی جێگیر (هەمیشەیی).
– ئۆفیسی دەرماڵەی سەفەرو گواستنەوە، هەر ئەندامێکی پەرلەمان کەلوپەلی پێویستی دەدرێتی بۆ گواستنەوە لە هەموو ناوچەکانی بازنەی هەڵبژاردندا.
– ئۆفیسی بزۆک، بریتییە لە ئۆتومبیلێکی «لاندرۆڤەر»، کە ئامێری کۆمپیوتەرو تەلەفونی گرێدراو لەگەڵ مانگی دەستکردی تێدایە.

تیمی کاری یاریدەدریش بۆ هەر جۆرێکی ئەو سێ ئۆفیسە ڕاهێنراو دانرا. لێکۆڵینەوە ئەزموونگەرییەکان سەلماندیان، لەناو ئەو سێ جۆر ئۆفیسەدا، «ئۆفیسی جێگیر» کاراترینیانە، لەکاتێکدا «ئۆفیسی دەرماڵەی سەفەرو گواستنەوە» خاوەنی هیچ خاڵێکی تەوەرەیی نەبوو، یان پیشبینی ئەوەی لێ نەدەکرا توانای پەیوەندیکردنی جەماوەر پێیەوە پارێزراوبێت. «ئۆفیسی بزۆک»یش سەلماندی، لەبەر پێداویستییە هونەرییەکان، توانای بەردەوامبوونی نییە. لەکۆتاییدا «لیژنەی چاکسازییەکانی پەرلەمانو نوێکردنەوە» (The Parliamentary Reform & Modernisation Committee) ئەم ڕاسپاردانەی خستەڕوو:

– «پێڕەویکردنی مۆدێلێکی جێگیر (هەمیشەیی)، لەگەڵ تەرخانکردنی بودجەیەکی دیاریکراو بۆ سەفەرو گواستنەوە، بەمەبەستی بەهێزکردنی پەیوەندیی ئەندامەکانی پەرلەمان لەگەڵ هەڵبژێرەکانیاندا.
– بەشدارپێکردنی هاوڵاتیان لە هەڵبژاردنی شوێنی ئۆفیسەکاندا.
– ئەنجومەنی نیشتیمانی بێلایەنیی ئەو ڕاهێنەرانە مسۆگەربکات، کە ئەندامی تیمی کاری یاریدەدەر (Professional Assistants)و فەرمانبەرەکانی تری ئۆفیسەکەن.
– ئەگەر کرا، ئەنجومەنی نیشتیمانی ئەو ئەدەبیاتانە بۆ ئۆفیسە ناوچەییەکانی پەرلەمان دابینبکات، کە لە بنچینەدا وەرگێڕدراون بۆ زمانە ناوچەییەکان.

لیژنەکە گەیشتە ئەو سەرەنجامەی، ئەو ئۆفیسانە بوونە هۆی توندوتۆڵکردنی پەیوەندیی هەڵبژێرەکان بە ئەندام پەرلەمانەکانەوەو بەهێزکردنی کارلێککردنیان لەگەڵیان. ئەمەش کلیلی سەرکەوتنی شێوازی بەڕێوەبردنو کارڕاییکردنو پابەندبوونی ئەندام پەرلەمانو تیمی کاری یاریدەدەر بوو.»

لە زیمبابۆی پرۆسـەیەکی چاکسـازیی هاوشـێوە بووە هۆی دامەزراندنی «ناوەندەکـانی زانیاریـی پەرلەمانتارانەی تایبـەت بە بازنەکانی هەڵبژاردن» (Parliament Constituency Information Center- PCICs) لـە گشـت بازنەکانی هەڵبژاردندا، کـە ١٢٠دانەن. ئامانجی ئـەو ناوەندانە لە بنچینەدا، دەرفەتڕەخساندنە لەبەردەم هاوڵاتیانو ڕێکخراوە ناوچەییەکاندا، بۆ بەشدارییپێکردنی ئەندام پەرلەمانەکان لە کێشـەکانو پێویستییەکانی بازنەکانی هەڵبژاردندا. بەوپێیـەی ئەوانە بنکەگەلی زانیارییبەخشینن لەلایەن پەرلەمانەوە، بوونە مایـەی ئـەوەی جەماوەریش بە تێڕوانینی پشـتبەستوو بـە بڕێکی زۆر زانیاری بەشداریی لە کارڕاییەکانی یاسادانانداندا بکەن. وێڕای ئەوە، ئەو ناوەندانە خاوەنی بنکەگەلی داتای کۆمەڵایەتـی- ئابووریـــن دەربـارەی ناوچەکە، کـە بەردەوام نوێدەکرێنەوە، ئەوەش یارمەتیـدەرە بۆ دیاریکردنی هەندێک مەسەلەو بابەتی پێویستتر لە بازنەکانی هەڵبژاردندا.

«ناوەندەکانی زانیاری بارەگایـەک بۆ کۆبوونـەوەی ئەندام پەرلەمان لەگەڵ کەسانی بازنەکە دەستەبەردەکەن، چونکە ئەو ناوەندانە سەر بە پەرلەمانن، نەک حیزبـە سیاسـییەکانو دەرفەتی گفتوگـۆکردن لەگەڵ نوێنەرەکانی پەرلەمان، دەربارەی مەسـەلەکانی تایبـەت بە بازنەکەیـان، بۆ گشـت کەسەکانی بازنەکە دەڕەخسێنێ، ئەمەش بەبێ گوێدانە ئینتیمای سیاسیان. ئەو ناوەندانەش دەکەونـە ناوچەگەلی ناوەندییەوە، کە زۆربەی خەڵک بەئاسانی دەتوانن بیگەنێ. هەروەهـا ئەو ناوەندانە دەکەونە نزیک ناوچەکانی دەسەڵاتە ناوچەیی یان حکومییەکان، بەمەبەستی هاماهەنگیکردن لەگەڵیان. لێرەشدا «یاریدەدەری کارگێڕی» (Office Assistant)، کە فەرمانبەرێکی پەرلەمانـەو بە گرێبـەست دامەزراوە، ناوەندەکانی زانیاریی بەڕێوەدەبات.»

ئەو بەدواداچوونانەی بۆ کاری لقەئۆفیسەکانی پەرلەمان کـراون، بەگشتی دەریدەخەن کە چالاکیان، وەک کەناڵگەلی پەیوەندیکردنو بەشداریکردنی میللی، پشتبەسـتووە بە ویژدان زیندووی هەر ئەندامێک (بۆ نموونـە بڕوانە پەرەگرافەکەی سەرەوە دەربارەی زامبیا). هەروەها پێدەچێت سوودی بۆ خستنەڕووی سکاڵاکانو گرفتە تاکەکەسییەکان زیاتربێت لە سوودی وەک کەناڵێک بۆ حستنەڕووی بیروڕاکان دەربـارەی چالاکیـی یاسـادانەرانەی ئەندامەکان.

## بۆ خوێندنەوەی زیاتر، دەربارەی ڕێکخستنی لقەئۆفیسەکانی پەرلەمان لە تۆڕی ئینتەرنێتدا بڕوانە:

National Democratic Institute (2002). Constituency handbook for elected representatives in Namibia. <http://www.accessdemocracy.org/library/1376_na_constituencyhdbk.pdf>

United Nations Development Programme (nd). The legislature and constituency relations. <http://www.undp.org/governance/docs/Parl-Pub-constrelat.htm>

## ڕۆڵی ئەندام پەرلەمانەکان لە پەرەپێدانی ناوچەییدا:

ئەو داخوازیانەی هەڵبژێرەکان لە زۆربەی کۆمەڵگە تازەپێگەیشتووەکاندا پێشکەش ئەندام پەرلەمانەکانی دەکەن، پەیوەندیان بە کاروبارە بنچینەییەکانی بژێوییەوە هەیە، وەک بەدەستهێنانی ئاوو ئاوەڕۆی تەندروست، چاککردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانو بونیادی بنچینەییو ئەوانی دیکە. لێرەدا ئەندامەکان دەتوانن ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆ بگێڕن، بۆ یارمەتیدانی دەستپێکردنی پرۆژەکانی پەرەپێدان لە بەزنەکانی هەڵبژاردنیاندا. ئەوەش بە چەند ڕێگەیەک، لەوانە:

- یارمەتیدانی حکومەت، بۆ دیاریکردنی ئەولەویاتەکانی پەرەپێدانو پشتگیریکردنی جێبەجێکردنیان.
- هاوکاریکردنی گرووپ و کۆمەڵگە ناوچەییەکان بۆ تەرخانکردنی پارەی پرۆژەکانیان.
- هاوکاریکردنی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بۆ جێبەجێکردنی بەرنامە ناوچەییەکانیان.
- پێشکەشکردنی ڕاسپاردەکان بە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، بۆ تەرخانکردنی بودجەی ناوچەکانیان، هەرکاتێک دەرفەتی ئەوە هەبوو.

لە هەندێک وڵاتی ئەفریقاییدا، بەشێک لە بودجەی پەرەپێدانی تایبەت بە حکومەتی ناوەندی بۆ پرۆژەکانی ناوچەکان، بۆ ئەندام پەرلەمانەکان تەرخاندەکرێت، کە دەتوانن بەپێی هەڵسەنگاندنی خۆیان سەرفیبکەن. لە هندستان ئەندام پەرلەمانەکان دەتوانن کارگەلی تایبەت بەپەرەپێدان پێشنیاربکەن، کە بەهاکەیان دەگاتە ٢٠ملیۆن رۆپیە/ ساڵانە، بۆ ئەوەی لە بازنەکانی هەڵبژاردنیاندا جێبەجێبکرێن. لێرەشدا لیژنەیەکی تایبەت هەیە، کە لە ئەندامەکانی هەردوو ئەنجومەنی یاسادانان پێکدێت،

وەک ئەڵقەی پەیوەندی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، کاردەکات بۆ ئەوەی لە جێبەجێکردنی پرۆژەکاندا چالاکانە یارمەتیی ئەندامەکان بدات.

## کێشەیەکی داهاتوو: بارنانی زیاتر لە ئیمەیل

لەلایەکی تری بابەتی پەرەپێدانەوە، کێشەیەک هەیە زۆر وڵات بەدەستییەوە دەناڵێننو تیایدا ڕێژەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت برەودەستێنێت، ئەویش بارنانی زیاترە لە ئیمەیلی تایبەت بە ئەندام پەرلەمانەکانو ئۆفیسەکانیان. ئەم کێشەیەش بووە مایەی دڵەڕاوکێی کۆنگرێسی ئەمریکیو ڕاپۆرتەکەی بەناونیشانی: «بارنانی زیاتر لە ئیمەیلی کۆنگرێس» (E-mail Overload in Congress) (٢٠٠٢)، کە لەسەر سایتی (www.congressonlineproject.org) یە، جێی بایەخپێدانێکی گشتیی زیاترە. لەو کێشانەی ڕاپۆرتەکە دەستنیشانیکردون: زیادبوونی بێشوماری کتوپڕی هاتوچۆی ئیمەیلە، کە هاوشانی گفتوگۆکردنەکانە دەربارەی ئەو بابەتانەی لەناو میللەتدا مشتومڕیان لەسەرە. هەروەها زۆربوونی لە ڕادەبەدەری سندوقەکانی ئیمەیلەکان، بەهۆی زۆربوونی ژمارەی نامەنێرەکانی دەرەوەی ناوچەی نیشتەجێبوونی ئەندامو ئەو ڕێکخراوانەی ئیمەیل بەکاردێنن بۆ فشارخستنە سەر ئەندام پەرلەمانەکان بەبێ جیاوازی، یان «بۆ بەرپاکردنی هەڵمەتگەلی ڕێکخراوی پەیوەندییە گشتییەکان، کە خۆڕسکانە خۆدەنوێنن. چاوەڕوانیەکانی نێرەرەکانیش بەخێرایی وەڵامدەدرێنەوە، لەبەر سروشتی دەستوبردی ئامڕازەکانی پەیوەندیکردنو بودجەی دیاریکراویش تەرخانکراوە بۆ ئۆفیسەکان، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا. ئەمەش توانجی ڕاپۆرتەکەیە لەسەر ئەوە:

«لەکاتێکدا گشت دامەزراوەکان تێدەکۆشن بۆ گونجان لەگەڵ پێویستییەکانی «ژینگەی بێ کاغەز»دا، ئەوا چەندین تەحەددای گەورەو شایانی تاوتوێکردن لەم بارەیەوە ڕووبەڕووی کۆنگرێس دەبێتەوە. چونکە ژمارەی ئەو هاوڵاتیانە لەزیادبووندایە، کە بەهۆی وەڵام نەدانەوەی نامەکانی ئیمەیل لەلایەن کۆنگرێسەوە تووشی دڵشکاوی دەبن. لەهەمان کاتدا دەبینین، کۆنگرێس هەمان هەستی هەیە، لەبەرئەوەی ئەو هاوڵاتیانەی تەکنیکەکانی پەیوەندیکردنی ئەلکترۆنی بەکاردەهێنن، ڕەچاوی شێوازی کارکردن و ئەو پابەندیانەی ناکەن، کە دەبێت لە چوارچێوەیدا کاربکەن. هەتاکو ئێستاو لەبری ئەوەی بەکارهێنانی ئیمەیل بەشدارییکات لە چەسپاندنی دیموکراسیدا، وەک زۆر کەس ئاواتەخوازین، بۆتە هۆی شڵەژانو بێزاریی گشتی بەرامبەر بە کۆنگرێس دووقاتکردووە.»

لەو ڕاسپاردانەی پێشکەش بــە ئۆفیســەکانی سەر بە کۆنگرێس کراوە، دانانی ستراتیژێکی دیراســەکراوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئیمەیلدا. لەوانە پەنابردن بۆ سیســتەمگەلی پۆلێنکردنو کۆکردنەوەیو ناردنــی وەڵامدانەوەی ئۆتوماتیکی، هەرکاتێـک ئـەوە گونجاوبوو. ئەو ڕاسپاردانە، لەکاتی کارپێکردنیاندا، دەبنـە هۆی گێڕانەوەی کات و ئەو پارەیەی لە کاغەزو پولی پۆستدا سەرفدەکرێت. ئەمە وێڕای ئەوەی «دەرفەتی نوێ بۆ گەیشـتنـە جەمـاوەر» دەڕەخسێنێو پەیوەندیکردن بە گرووپەکانی هەڵبژێرەکان، بەجیاوازیی بایەخپێدانەکانیانەوە، دەستپێدەکات.

سەبارەت بەوانـەی نامــە بۆ کۆنگرێس دەنێرن، ڕاپۆرتەکە هەندێک ڕاسپاردە دەخاتەڕوو، کە دەکرێت بۆ بەکارهێنەرانی پۆستی زەمینیو ئاسمانیش بەکاربێنو وادەکەن نامەکانیان سوودی مەزنیان هەبێت، لەوانە پۆستەکە:

- لە هەڵبژێرێکەوە هاتبێ، کە ناوو ناونیشانی تەواوی خۆی دیاریکردبێ.
- بەشێوازی خودی هەڵبژێر داڕێژرابێو لە نموونەی نامەی ترەوە یان سایتێکی ئینتەرنێتەوە وەرنەگیرابێ.
- لەلایەن کەسێکەوە نێردرابێ، نەک ڕێکخراوێکی ڕایەڵەکار.
- دەربارەی تاقە بابەتێک بێت، نەک کۆمەڵە بابەتێکی لێک دابڕاو.
- بەشێوەیەک نێردرابێ، کە بەئاسانی بخوێنرێتەوەو ئامانجێکی ڕوونی هەبێتو باشترە لە پەرەگرافی یەکەمدا باسکرابێت.

## تواناسازیی هاوڵاتیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان

یەکێک لــە گرنگتــرین ئــەو ئەرکانــەی خراوەتــە ئەســتۆی پەرلەمانەکان، دەستەبەرکردنــی پەیکەرێکــە، لە ڕێگەیــەوە ســکاڵاکانی هاوڵاتیان وەربگیرێتو لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکرێت. لێرەشدا نوێنەر میانکارێکی هەڵبژێردراوە، بەناوی هەڵبژێرەکانەوە گوزارشت لە سکاڵاکانیان دەکاتو کۆششدەکات بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانیان لای دەسەڵاتە گشتییەکان. لەوەوبەر، لەم بارەیەوە هێمامان بۆ گرنگیی لقەئۆفیسەکانی پەرلەمان کردوە، چونکە کاتێک ئەندامێکی هەڵبژێراو سکاڵایەک بەرێتە بەردەمی دامودەزگایەکی حکومی یان دەسەڵاتێکی گشتی، ئەوا کاریگەرییەکەی زیاترە لە کاریگەریی تاکێکی ئاسایی، کە سکاڵاکەی خۆی بەتەنیا پێشکەشـدەکات. هەروەها پەرلەمانەکان دەرفەتیان بۆ سکاڵاکان ڕەخساندووە، لە ڕێگــەی مافدان بە پێشکەشکردنی سکاڵانامە بەلیژنەکانی سکاڵاو لێبوردن. ئەم مافەش بەڕادەی کۆنیی سەرهەڵدانی خودی پەرلەمان کۆنە،

وەک ئەوەی لە کتێبی «پەیمانگەی دیموکراتیی نەتەوەیی»و لە ژێر ناونیشانی: «دامودەزگا پەرلەمانییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ» (Human Rights Parliamentary Bodies)دا هاتووە:

«سەرهەڵدانی مافی پێشکەشکردنی سکاڵانامەکان، هاوکاتی سەرهەڵدانی خودی دامەزراوەی پەرلەمان بوو. هەندێک پێیانوایە، پەرلەمانی ئینگلستان لەکاتی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی پاشادا سەریهەڵدا، کە تیایاندا تاوتوێی سکاڵانامەکان دەکرا. لە فەرەنساش، لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسییەوە، مافی پێشکەشکردنی سکاڵانامەکان بەپەرلەمان هەمیشە هەبووەو ئامانج لێی دەرفەتڕەخساندن بوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هاوڵاتیان. لەگەڵ زیادبوونی کاریگەریو گرنگیی پەرلەمانەکان، پێشکەشکردنی سکاڵانامەکان بە پەرلەمانەکان یەکێک بووە لە ڕێگە بنچینەییەکانی پێشکەشکردنی سکاڵاکان، کە بەردەوام لەزیادبووندابوون. ئەمەش پەرلەمانەکانی ناچارکرد لیژنەی تایبەتمەند بۆ تاوتوێکردنیان دامەزرێنن. دەکرێت ئەو لیژنانە بەیەکەمین لیژنەکانی «مافەکانی مرۆڤ» دابنرێن، چونکە ئەوکاتەو هەتاکو ئێستاش ئامانجی نەهێشتنی چەوساندنەوە بووە». (Ingeborg Schwarz, Parliamentary Human Rights Mechanisms, NDI , ٢٠٠٤).

لەسەردەمی ئێمرۆدا، ئەو لیژنانە تایبەتمەندن بە تاوتوێکردنی سکاڵانامەکان، کە هێمان بۆ کێشەیەکی گشتیی مۆرکراو بەژمارەیەکی زۆری واژۆ. ئەمە بۆ نموونە بارەکەیە لە پورتوگال، چونکە «ئەگەر داواکارانی سکاڵانامەکان سکاڵایەکیان پێشکەشکرد، کە ژمارەی ئیمزاکانی سەری لە ٢٠٠٠زیاتربوو، ئەوا پێویستە گوێیان لێ بگیرێت.» لە گەلێک دەوڵەت، ئیمرۆ ئامرازی بەکاربراو بۆ پێشکەشکردنی سکاڵانامە تاکەکەسییەکان ئەوەیە، کە بەرزبکرێتەوە بۆ ئۆفیسی وەرگرتنی سکاڵا کارگێڕییەکان (Ombusdsman) یان پارێزەری گشتی (Public Protector)، جا ئەوە لە ڕووی مەبدەئیەوە لەلایەن ئەندام پەرلەمانێکەوە یان ڕاستەوخۆ لەلایەن سکاڵاکەرەوە پێشکەشکرابێت، کە زۆرجار بەو شێوەیە ڕوودەدات. لەو کاتەشدا پەرلەمان بەرپرسیاردەبێت بەرامبەر بە دەستەبەرکردنی ئەو چوارچێوەیەی دەکرێت لە ڕێگەیەوە مافەکانی جەماوەر بپارێزرێن.

پۆستی سەرۆکی ئۆفیسی وەرگرتنی سکاڵاکان یان پارێزەری گشتی، بۆ یەکەمین جار لە دەوڵەتە ئەسکەندەناڤییەکان هێنرایەئاراوەو بووە ئامرازێکی ڕەگداکوتراوی مەودا فراوان، بۆ وەرگرتنی سکاڵا تاکەکەسییەکان، دژی هەڵسوکەوتەکانی دەسەڵاتە گشتییەکان. سنووری دەسەڵاتەکانی ئەم ئۆفیسە لە وڵاتێکەوە بۆ

یەکێکی تـر جیاوازەو دەسـەڵاتی ئەوەی پێ دراوە لێکۆڵینـەوە دەربارەی ئەو کردارانەی دامودەزگا گشتییەکان بکات، کە پەیوەندیان هەیە بە دەستدرێژیکردنە سەر مافەکانی مرۆڤ، یان خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، یاخود شێوەکانی دیکەی خراپەکاریی کارگێڕی. ئۆفیسەکە، پاش وەرگرتنی سکاڵایەک لە تاکێکی جەماوەر، دەسەڵاتی لێکۆڵینەوە دەربارەی هەیە. لێرەشدا دەشێت تەنیا بەوەوە بوەستێ، کـە هۆکانی سکاڵانامەکە نەهێڵێ، یان هەرکاتێک بەچاکی زانی دەستکاریی ئەو بڕیارەی لایەنی کارگێـڕی بکرێت کـە سکاڵاکەی دەربارە کراوە، یاخود هەردوو کارەکە پێکەوە ئەنجامدەدا. ئەگەرچی بڕیارەکانی ئۆفیسی سکاڵاکان لە زۆربەی وڵاتەکان داسەپاونییە، بەڵام کاریگەریی گەورەی هەیەو هەندێک پێیانوایە یەکێک لە خەسڵەتەکانی کـاری ئۆفیسەکە ئەوەیە، خۆی لە شێوازی باوی پێڕەوکراو بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە دادگاکان بەدووربگرێو نەرمونیانییەکی زیاتر سـەبارەت بـە دابینکارییـە ویژدانییەکانو ئەو دەستکاریکردنانە بنوێنێ، کە پێشنیاریدەکات لە کارڕاییە کارگێڕییەکاندا بکرێن. لێرەدا دوو هەڵبژاردەی کورت لە ئێرلەنداو ئەرجەنتین، لەبارەی سەرهەڵدانی ئۆفیسی وەرگرتنی سکاڵاکانەوە، بەدوای یەکدا دەخەینەڕوو:

**ئێرلەندا:** «هەتاکو شەستەکان، ئەو هاوڵاتیانەی دەیانویست کێشەکانیان چارەسەربکرێت، پەنایان بۆ پەرلەمان (لیژنەی سکاڵاکانو داواکردنی لێبوردن) یان دادگاکان دەبرد. ئەنجامی ئاڵۆزبوونەکانی دەوڵەتی نوێو هەژمونی بەردەوامی حکومەت بەسەر پەرلەمانەوەو خاویی کارڕاییەکانو گرانیی تێچووەکان لە کاتی پەنابردن بۆ دادگاکانو دوورکەوتنەوەی زۆری هاوڵاتیان لەو دامەزراوانە، شێوەیەکی سەردەمیانەی ئۆفیسی وەرگرتنی سکاڵا کارگێڕییەکان لە شەستەکانو حەفتاکاندا سەریهەڵدا، کە جیاوازبوو لەو شێوەیەی لە ڕابردوودا بۆ چەندین ساڵ لە سـویدو فنلەنـدا باوبوو. دانمارک یەکەمین دەوڵەت بوو ئەو جۆرە ئۆفیسەی دامەزراند، ئینجا نیوزلەندا، ئینگلستانو ئێرلەندەی باکوور. مۆدیلە ئێرلەندییەکە، وەک لە «یاسای ئۆفیسـی وەرگرتنی سـکاڵا کارگێڕییەکانی سـاڵی١٩٨٠»دا هاتوە، شوێنپێی ئەو وڵاتانەی هەڵگرت. ئەگەرچی ژمارەی ئەو سکاڵایانەی ساڵانە ئۆفیسەکە وەریاندەگرێت کەمە، بەراورد بەو ملیۆنەها بڕیارانەی ساڵانە کەرتی خزمەتگوزاریی گشتی دەیاندا، بەڵام بێگومان چالاکییەکانی ئۆفیسەکە شمشێرێکە بەسەر سـەری دامودەزگا گشتییەکانو بڕیارەکانیانەوە.» (**کێڤن مێرفی، سەرۆکی پێشووی ئۆفیسی وەرگرتنی سکاڵا کارگێڕییەکان**).

**ئەرجەنتین:** «هاوشێوەی ئەو نەریتە شاکارەی لە وڵاتەکانی باکووری ئەورووپا پێڕەویدەکرێت، ئەرجەنتین ئۆفیسی وەرگرتنی سکاڵا کارگێڕییەکانی دامەزراند، کە ڕاپۆرتەکانی خۆی بەرزدەکاتەوە بۆ پەرلەمان. ڕۆڵی ئەو ئۆفیسە بریتییە لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتیان (بەتاک و گرووپ) لە بەرامبەر هەر ڕەفتارێکی حکومەت، کە پێشلکاریی مافە بنچینەییەکانیان بێت. کۆششەکانی ئەو دامەزراوەیە، بەرهەمی هەستپێکراوی لە ئەرجەنتین خستەوە، چونکە دەرفەتی بۆ کۆمەڵە ئەهلییەکان ڕەخساند زیاتر بەشداربن لە پرۆسەکانی چاودێریکردندا. لە هەندێک وڵات ئۆفیسەکە ڕاپۆرتەکانی خۆی بەرزدەکاتەوە بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بەڵام ئەزموونەکەی ئەرجەنتین بەرگریی لەو تێڕوانینە گشتیە دەکات و ئەو دامەزراوە پابەندەکات بەوەی ڕاپۆرتەکانی بەرزبکاتەوە بۆ دەسەڵاتی یاسادانان.» (**ئیدوارد مینیم، سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی پیران بەوەکالەت**).

لە ئەمریکای لاتین مێژووی پڕ لە دەستدرێژیکردنەکان بۆ سەر مافەکانی مرۆڤ، لەسایەی حوکمڕانیی سیستەمە سەربازییەکاندا، بووە هۆی ئەوەی دامەزراندنی پارێزگاری گشتی (کە لە هەندێک وڵات بە لیژنەی نیشتیمانی بۆ مافەکانی مرۆڤ ناودەبرێت) لە پێشەوەی ئەو دابینکاریانە بێت، کە دەبنە هۆی گێڕانەوەی دیموکراسی. زۆربەی ئەوانەی بایەخ بەم مەسەلەیە دەدەن، لەسەر ئەوە کۆکن، بۆ ئەوەی ئەم داموەزگایە چالاک بێت، پێویستە:

- تەواو سەربەخۆبێت لە حکومەت.
- دەسەڵاتگەلی لێکۆڵینەوەی زۆر فراوانی هەبێت.
- خاوەن سەرچاوەگەلی گونجاو بێتو بەخۆڕایی خزمەتگوزارییەکانی پێشکەشبکات.
- لە ڕووی جوگرافیەوە گەیشتن پێی ئاسان بێت، جا ئەوە لە ڕێگەی ئۆفیسە ناوچەییەکانەوە بێت، یان لە ڕێگەی ئەلکترۆنییەوە.
- ڕاپۆرتەکانی خۆی بەرزبکاتەوە بۆ پەرلەمانو ملکەچی لێپێچینەوەی ئەو بێت.

لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی ئۆفیسەکانی وەرگرتنی سکاڵاکان یان هاوشێوەیان دامەزراوە، ئەو ئۆفیسانە لە واقیعدا ملکەچی لێپێچینەوەی پەرلەمان یان یەکێک لە لیژنە دیاریکراوەکانی بوون. لەماڵتا سەرۆکی ئۆفیسەکە فەرمانبەرێکی پەرلەمانتارانەیەو ڕاپۆرتەکانی خۆی بەرزدەکاتەوە بۆ پەرلەمان. کەچی لە ئۆکرانیا ئەوا کۆمیساری پەرلەمان بۆ مافەکانی مرۆڤ (یان سەرۆکی ئۆفیسی وەرگرتنی

سكالاَكان)، سەبارەت بە چاودێریكردنی مافەكانی مرۆڤ لە ولاَتدا، ملكـەچی لێپێچینەوەی پەرلەمان دەبێتو لە نزیكەوە كار لەگەڵ ئەو لیژنانەی پەرلەمان دەكات، ئەمەش بەپێی سروشتی داواكاریی تێهەڵچوونەوە یان سكالاَكەی پێشكەشكراوە. تایبەتمەندییەكانیشی، مافە ئابووریو كۆمەلاَیەتیو مەدەنیەكانیش لەخۆدەگرێت. بەڵگەی ئەوەش ئەوەیە، كە لە یەكەمین ڕاپۆرتی سالاَنەیدا هاتووە:

«بەدرێژایی ساڵی١٩٩٨ كۆمیسارو لیژنەی پەرلەمانیی تایبەت بە بابەتەكانی چاودێریی تەندروستیو دایكایەتیو منداڵی، ژمارەیەك داواكاریی تێهەڵچوونەوەی لەلایەن فەرمانبـەرانی دامەزراوە پزیشكییـەكانەوە پێگەیشتووە، تیایاندا سكالاَ لە دژی ئەو بڕیارانـە كـراوە، كـە بوونەتـە هـۆی كەمكردنەوەی زیادەڕۆیانەی ژمارەی كارمەنـدانی بـواری پزیشكیو تۆڕی دامـەزراوە پزیشكییەكان. پاش تاوتوێكردنی ئەو داواكاریانـەی تێهەڵچوونەوە، كۆمیسار یان لیژنەكە گەیشتنە ئەو سەرەنجامەی، ئەو كەمكردنەوەیە كەرتەكە وێراندەكاتو مافەكانی گەلێك هاولاَتیـی كارمەندی دامودەزگاكـانی تەندروسـتی پێشـێلدەكات. سـەرەنجام نامەیەكی كـراوە ئاڕاسـتەی سـەرۆكی ئۆكرانیاو سـەرۆكی پەرلەمانو سـەرۆك وەزیران كـراو چەندین كۆبوونـەوە لەگەڵ سـەندیكای پیشە پزیشكییەكان كراو لەكۆتایشدا وەزیری تەندروسـتی دابینكارییـە پێویستەكانی بۆ چارەسەركردنی كێشـەكە خستەكار.»

لە نامیبیا سەرۆكی ئۆفیسی وەرگرتنی سكالاَكان ڕاپۆرتەكانی خۆی بەرزدەكاتـەوە بـۆ لیژنەیـەكی هەمیشـەیی پەرلەمـان، كـە ئـەم ئـەركانـە لەئەستۆدەگرێت:

- كوڵینەوە لە ڕاپۆرتـە سالاَنەكانو ئەو ڕاپۆرتانەی تر، كە بەپێی «یاسای ئۆفیسـی وەرگرتنـی سـكالاَ كارگێڕییـەكان»دەخرێنە بەردەم ئەنجومەنی نیشتیمانیو بەرزكردنەوەی ڕاپۆرت دەربارەیان.
- دڵنیابوون لەوەی ئۆفیسی وەرگرتنـی سـكالاَكان لێهاتووانەو كارامانە ئەو كارانە جێبەجێدەكات، كە پێی سپێردراوەو ڕاسپاردەكانی خۆی پشتئەستوور بەوە پێشكەشدەكات.
- دڵنیابوون لەوەی ئۆفیسـەكانو وەزارەتەكانو بەرژەوەندییە حكومییەكان بەپێر پرسیاركردنەوەكانەوە دەچنو بەباشترین شـێوە هاوكاریی ئۆفیسی وەرگرتنی سكالاَكان دەكەن.

## لیژنە پەرلەمانییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ

ئۆفیسـی وەرگرتنـی سکاڵاکان یان هاوتاکەی، لە وڵاتـەکانی تر، ملکەچی لێپێچینەوەی لیژنەی مافەکانی مرۆڤە لە پەرلەمان، کە خاوەن دەسەڵاتی فراوانە بۆ پاراسـتنی ئەو مافانەو چەسپاندنیان لە گشت ناوچەکانی وڵاتـدا. لە فلپین لیژنەی مافەکانی مرۆڤ، سەربە ئەنجومەنی نوێنەران، دەستیکرد بە دامەزراندنی «ناوەندەکانی سەرچاوەکانی مافەکانی مرۆڤ» (Human Rights Resource Centers-HRRCs) لە یەکە حکومییە ناوچەییەکانی گشت ناوچەکاندا:

«پێویستبوونی ئەو ناوەندانە لە ڕێڕەوی بەرگریی چەکدارانەو خۆپیشاندانەکانی دژی پێشێلکارییـە بەرفراوانەکانی مافەکانی مرۆڤدا سەریهەڵدا. دامەزراندنی ناوەندەکانـی سـەرچاوەکـان، لە ڕوانگـەی مافەکانی مرۆڤـەوە، بەشێک دەبێت لە تۆڕێـک کـە بەڕێوەبردنـی هوشـیارانەی حوکمڕانی مسۆگەردەکات. بەهۆی هاوکاریکردنی کۆمەڵگەشـەوە، تۆڕەکە قوتابخانەکانو زانکۆکانو ئەکادیمیاکانی سوپاو پۆلیسیش دەگرێتـەوە.»

لە بەرازیل خـودی لیژنـەی مافەکانـی مـرۆڤ لە پەرلەمان، بەرپرسیارێتی کۆڵینەوە لەو بانگەشانە دەگرێتەئەستۆ، کە پەیوەندیان بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤەوە هەیـەو خۆیشی لێکۆڵینەوەیان دەربارە دەکات. بەوپێیەی دامودەزگای سەرەکییە بۆ چاودێریکردنی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتـدا. جا لەبەرئەوەی بەرازیل دەوڵەتێکی فیدراڵییەو حکومەتی ناوەندی بۆی نییە دەسـەڵاتی خۆی بسەپێنێ بەسەر ئەو شتانەدا کە تەنیا لە دەسەڵاتی ویلایەتەکەدان، بۆیە لیژنەی مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ ئامرازەکانی ڕاگەیاندنو کۆمەڵگەی مەدەنی کاردەکات بۆ ڕاگەیاندنی ئەو پێشێلکاریانەی لە کەرتگـەلی ناوچەیی دیاریکراودا دەکرێنو گوشاردەخاتە سـەر دەسـەڵاتە پەیوەندیدارەکان. هەندێک جار لیژنەکـە ئـەوە ئەنجامدەدات، بۆ دەرخسـتنی پێویستیی هەنوکەییو زۆریی دەرچوونی یاساکان لەناو خودی پەرلەمانی فیدراڵیدا. وەک یەکێک لە ئەندامەکانی ڕوونیدەکاتەوەو دەڵێت:

«بانگەشەمان بۆ بەکارهێنانی ئەوە کرد کە پێیدەوترێ «قافڵەکانی مافەکانی مرۆڤ»و ئامانجی وروژاندنی گفتوگۆیـە لەسـەر ئاستی ویلایەتە فیدراڵییەکانو حکومەت و کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتی، دەربارەی بابەتگەلی دیاریکراو کە پەیوەندیان بە مرۆڤەوە هەیە. بۆ نموونە، پڕۆژەیاسا دەربارەی دامەزراوەکانی تایبەت بەوانەی لە ڕوی ئەقڵییـەوە کەمئەندامن، بۆ ماوەی دەساڵ لەبەردەمی کۆنگرەی نیشتیمانیدا مایەوەو مەحاڵبوو دەنگی لەسەر بدرێت. بۆیە ناچاربووین

قافڵەكانی مافەكانی مـرۆڤ لە گشـت ناوچەكانی وڵاتدا ڕێكبخەین، بۆ ئەوەی خەڵك دەرك بكـەن بە: بارودۆخی باوی ناو ئەو دامەزراوانە، ڕاستیی هەڵوێستی ئەو كەسانەی تیایاندا دەستبەسەرن، پێشێلكارییەكانی مافەكانی مرۆڤ كە ئەوان قوربانیی دەستی ئەونو نەبوونی لانی كەمی پێوانەكانی دەستبەسەراگرتن لەوجۆرە دامەزاوانەدا. ئەو قافلانە ڕووماڵكردنێكی ڕاگەیاندنكارانەی فراوانیان بۆ كراو بوونە هۆی دەسـتپێكردنی هەڵمەتێكی ناڕەزاییدەربڕینی میلليی توڕە دژی بارودۆخی باوی ناو ئەو دامەزراوانە، لەكۆتاییداو پاش دەساڵ گفتوگۆكردن توانیمان یاساكە هەمواربكەین. هەمان شت سەبارەت بە بارودۆخی لانەكانی پیران ڕوویدا.»

لێـرەوە دەبینیـن، لیژنەیـەك هەیـە شان بەشانی كۆمەڵگەی مەدەنی كاردەكات بۆ هاندانـی خـودی پەرلەمـان، بۆ ئـەوەی مەودای فراوانـی بەرپرسیارێتی خۆی بەرامبەر بە مافەكانی مرۆڤ بەجیدی بگرێتەبەر. هەروەها یەكێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتی لە دواڕاپرسـیدا، دەربارەی دامودەزگا پەرلەمانییەكانی مافەكانی مرۆڤ، دەریخستووە كە داكۆكیكردن لە مافەكانی تایبەت بە دانیشـتوان بۆتە تەوەرەیەك و خۆی خزاندۆتە نێو گشت كارەكانی پەرلەمانەوەو پەرپرسیارێتییەكە هەموو دانیشتوانەكانی وڵات دەگرێتەوە، نەك تەنیا ئەوانەی بە هاوڵاتیی دادەنرێن:

«یەكەم: پەرلەمانـەكـان ئەركـی یاسادانانو دیاریكردنی چوارچێوەی یاسـایی بۆ مافەكانـی مـرۆڤ لەسـەر ئاسـتی نیشتیمانی دەگرنەئەستۆو ڕێكەوتننامە نێودەوڵەتییـەكان قبوڵدەكەن. هەروەها دەبێت ئەو ڕێسایانەی لەو ڕێكەوتننامانەدا هاتـوون، بكرێنە یاساگەلی نیشتیمانیو جێبەجێبكرێن. دوەم: پەرلەمانەكـان بودجـە پەسەندەكـەنو ئەولەویاتەكانی سیاسەتی نیشتیمانی دیاریـدەكەن. بۆیە پێویسـتە پارەی پێویسـت بۆ جێبەجێكردنی پێوانەكانی مافەكانی مرۆڤ دەستەبەربكرێتو ئەو پارەیە لەپێناو هێنانەدیی ئەو مەبەستەدا سـەرفبكرێت. سـێیەم: پەرلەمان سـەرپەرشتیی كارەكانی دەسـەڵاتی جێبەجێكردن دەكـات، بۆیە سیاسـەتەكانو ڕەفتارەكانی ئەو دەسـەڵاتە لە ژێر چاودێریكردنی بەردەوامدایە. بەوجۆرە پەرلەمانەكان دەتوانن پابەندبوونی حكومەتو بەڕێوەبەرایەتییەكانیو دامودەزگاكانی تری دەوڵەت بە پاراستنی مافەكانی مرۆڤەوە مسۆگەربكەن. دواترینیش نەك كۆتایی، ئەندام پەرلەمانەكان سەركردەی بیروڕانو دەتوانن زۆر شـت بكـەن، بۆ چەسپاندنی كولتووری مافەكانی مرۆڤ لە وڵاتەكانیاندا.»

## بۆ خوێندنەوەی زیاتر دەربارەی دامەزراوەکانی وەرگرتنی سکاڵا کارگێڕییەکان لە تۆڕی ئینتەرنێتدا بڕوانە:

Christopoulos, D; Hormovitis, D (ed.) (2003). The ombudsman institution in south-eastern Europe.
<http://unpan1.un.org/intradoc/groups/public/documents/untc/unpan014896.pdf>

National Democratic Institute (2005). The role and effectiveness of the ombudsman institution.
<http://www.accessdemocracy.org/library/1904_gov_ombudsman_080105.pdf>

Ombudsman Information Network (2005). European countries ombudsmen.
<http://www.anticorruption.bg/ombudsman/eng/readnews.php?id=2901&lang=en&t_style=tex&l_style=default>

Parliamentary Assembly of the Council of Europe (2003). Recommendation 1615 (2003): the institution of ombudsman.
<http://assembly.coe.int/Documents/AdoptedText/ta03/EREC1615.htm>

## بۆ خوێندنەوەی زیاتر دەربارەی لیژنەکانی مافەکانی مرۆڤ لە پەرلەمانەکاندا لە تۆڕی ئینتەرنێتدا بڕوانە:

Inter-Parliamentary Union (2004). Strengthening parliament as a guardian of human rights: the role of parliamentary human rights bodies. Seminar for Chairpersons and Members of Parliamentary Human Rights Bodies <http://www.ipu.org/splz-e/hr04.htm>

Inter-Parliamentary Union (2005). Parline database: specialized parliamentary bodies.
<http://www.ipu.org/parline-e/Instanceadvanced.asp>

National Democratic Institute (2004). Parliamentary human rights committees.
<http://www.accessdemocracy.org/library/1905_gov_parlhrscommittees_080105.pdf>

## بەشداریکردنی هاوڵاتیان لە کارڕاییەکانی یاسادانان‌دا

ئەم بەشــە بەشــداریکردنی بەکۆمەڵی هاوڵاتیان لە کاری یاسادانانی پەرلەمادا تاوتوێدەکات، کــە چەنــد شێوازێک لەخۆدەگــرێت، باوترینیان ئاڕاستەکردنی بانگــەوازە لەلایــەن لیژنەیەکی یاسادانانەوە بۆ جەماوەر، هەتاکو تێبینیەکانی خۆیان بنێرن، یان بەشـداریی دانیشتنەکانی گوێگرتن بن. ئەم شێوازەی ڕەفتار، کە بریتییە لە سازکردنی دانیشتنەکانی گوێگرتن بۆ ئاگاداربوون دەربارەی تێڕوانینەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکان پێش یاسادانان، یەکێکە لەو پراکتیکانەی ڕۆژگارێکی درێژە لە پەرلەمانە ڕەسەنەکاندا پێڕەودەکرێت. ئێستا ئەم پراکتیکە بەربڵاوترو مەنهەجیترە.

## وەرگرتنی تێبینیەکانی جەماوەر لەلایەن لیژنەکانەوەو سازدانی دانیشتنەکانی گوێگرتن:

سەرەتا پەرەگرافێک بە نموونە لە کتێبێک دێنینەوە، کە پەرلەمانی نیوزلەندی بەهۆیەوە گرنگیی بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی هاوڵاتیان لە یاسادانان‌دا بۆ دیموکراسی دەخاتەڕوو:

«سیستەمی دیموکراسیی پەرلەمانتارانە لە نیوزلەندا تەنیا هەڵبژاردنی نوێنەرەکان بۆ هاوڵاتیان مسۆگەرناکات، بەڵکو زەمینەدەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی لە داڕشتنی ئەو یاسایانەی کاریگەریی لەسەریان هەیە بیروڕاکانی خۆیان دەربڕن. ئەوەش لە ڕێگــەی ئەو لیژنــە تایبەتیانــەوە دەبێت، کە سەر بە ئەنجومەنی نوێنەرانن و تێبینییەکانی جەماوەر وەردەگرن. سیستەمی دانانی تێبینییەکانی جەماوەر لەناو پێشنیارەکانی یاسادانان‌دا، توخمێکی گرنگــە لە پرۆســەی پەرلەمانی و ژیانی دیموکراسیی وڵاتدا. هەروەها تێبینییەکانی هاوڵاتیان دەربارەی لێکۆڵینەوەکانی پەرلەمان و ئەو بابەتانەی تر دەکرێت کــە دەخرێنە بەردەم لیژنــە تایبەتییەکان. ئەم کارڕاییانە دەرفەت بۆ جەماوەر دەڕەخسێنێ هەتاکو دەربارەی بابەتە دەربڕاوەکان گوزارشت لە بیروڕای خۆیان بکەنو لەکۆتاییدا دەبێتە مایەی دەرچوونی یاسا نوێکان.»

شــێوازگەلی جۆربەجـۆر هــەن بــۆ ڕێکخستنی پرۆســەی بەشــداریکردنی مەدەنیانــە. بۆ نموونە، پەرلەمانی نیوزلەندی بانگەوازێکی کراوەی ئاڕاستەکردوە بۆ وەرگرتنی تێبینییەکانی هاوڵاتیان (بە تاک و ڕێکخراو) لەلایەن گشت لایەنە پەیوەندیدارەکانەوەو لە ڕێگــەی ڕاگەیاندن یان ئامرازەکانی تری ڕاگەیاندنەوە، یەکێک لەوانە سایتی پەرلەمانە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت. کەچی هەندێک پەرلەمانی

تر پێیانوایە ڕێکخراوە مەدەنییەکان یان ڕێکخراوە ناحکومییەکان، کە نوێنەری بابەتەکان یان بەرژەوەندیگەلی دیاریکراون، گونجاوترین لایەنن بۆ گوێزانەوەی بیروڕای کۆمەڵگەی مەدەنی. بۆیە پەرلەمانەکان دەعوەتنامەی تایبەت بۆ ئەو ڕێکخراوانە دەنێرن، کە بەوە ناسراون بایەخ بە یاسادانانێک یان لێکۆڵینەوەیەک دەدەن لەژێر لێکۆڵینەوەدایەو داوایان لێ دەکرێت ڕاپۆرتەکانی خۆیان بنێرن. ئەمە ئەو شتەیە کە «پەرلەمانی تورکی» ساڵی ٢٠٠٤، سەبارەت بەپێداچوونەوە بە یاسای سزاکاندا، دانوستاندنی لە ئاستێکی فراواندا لەسەر بەرپاکرد. یەکێک لە پراکتیکە گشتییە پێڕەوکراوەکانی «پەرلەمانی کۆماری چیک»یش، سەبارەت بە پرۆژەیاساکان، سازدانی «کۆبوونەوەگەلە بۆ گوێگرتن لە کەرتی پیشەیی‌و شارستانی». لە مەکەدۆنیا (یەکێک لە کۆمارەکانی یۆگۆسلاڤیای پێشوو) ئۆفیسێکی پەیوەندیبەستن لەنێوان پەرلەمان و ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا هەیە، بەمەبەستی ئاسانکاریکردن بۆ بەشداریکردنی شارستانیانە لە یاساداناندا. ئەمە وێڕای چاودێریکردنی هەڵوێستی کۆمەڵە مەدەنییەکان‌و سروشتی نوێنەرایەتیکردنیان. هەندێک پەرلەمانی دیکە فایلگەلی ڕەسمی دەربارەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان‌و گرووپەکانی تری بەرژەوەندییەکان بۆ هەمان مەبەست دەپارێزن، هەروەها بۆ مسۆگەرکردنی بەشدارییپێکردنی چالاکانەی گرووپە پەراوێزخراوەکان لە کارڕاییە ڕاوێژکارییەکاندا. دەشکرێت برێکی زیاتر سروشتی دامەزراوەیی ببەخشرێت بە دابینکارییەکان. لە پەرلەمانەکانی ڕووسیای سپی‌و سلۆڤینیاو تونس بەردەوام ئەنجومەنگەلی ڕاوێژکاری هەن، کە پێکهاتوون لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان‌و پسپۆڕەکانی دیکەی سەر بە لیژنەی هەمیشەیی دیاریکراو. لاتفیاو مالیش چەندین دابینکاری پێڕەویدەکەن، بۆ بەردەوامبوونی هاوکاری لەگەڵ ئەو گرووپانەی لە چاککردنی یاسادانانەکان سوودمەنددەبن. لە هەنگاریاش ساڵی٢٠٠٢ ئۆفیسێکی شارستانی سەر بە ئەنجومەنی نیشتیمانی کرایەوە، هەتاکو بەرپرسیاربێت بەرامبەر بە خستنەگەڕی دیالۆگ لەنێوان کۆمەڵگەی مەدەنی‌و ئەنجومەنی نیشتیمانیدا، دەربارەی کارڕاییەکانی یاسادانان.

پەرلەمانی ئیسلەندی تێڕوانینێکی دوولایەنەی هەیە، چونکە تێبینییەکان دەربارەی مەسەلە دیاریکراوەکان لە ڕێکخراوگەلی دیاریکراو یان تاکەکەسە ئاساییەکان وەردەگرێت:

«لە کارڕاییە پێڕەوکراوەکانی پەرلەمانی ئیسلەندی، ناسراوبە (ئالسینگی)، ئەوەیە داوا لە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان بکرێت، بیروڕاگەلی نووسراو (تێبینییەکان)

لەوانە داوابکرێت، کە پرۆژەیاسا گفتوگۆکراوەکان لەلایەن لیژنەکانەوە کاریگەریی لەسەریان هەیە. لە ڕووی پراکتیکییەوە، مەبەست لەوانە گرووپەکانی بەرژەوەندیو ڕێکخراو و کۆمەڵـە ناحکومییـەکانی ترە. ئەم کارڕاییـە بیروڕایەکی پەرلەمانیی ڕەگداکوتاو تاودەداتەوە، ئەویش ئەوەیە، ئەوانەی یاسادانان دەیانگرێتەوە مافێکی دیموکراتیان هەیە بۆ گوێگرتن لە بیروڕاکانیـانو گفتوگۆکردن لەگەڵیـان. وێڕای ئەوە، هەر تاکێکی جەماوەر دەتوانێت ڕاستەوخۆ بگاتە لیژنـە هەمیشەییەکان. واتە هەرکەسێک دەتوانێت تێبینییەکانی خۆی دەربارەی هەر پرۆژەیاسایەک بنێرێت بۆ لیژنەکان (جا بە نامـە بێت یان ئیمەیـل). دەرفەت دەدرێت بە ئەندامەکانی لیژنەکان ئاگاداری تێبینییە «خۆڕسـکەکان» بن، کە لیژنە ڕەسمییەکان داوایان نەکردوە. هەروەها تێبینییە نووسراوەکانی پێشتر هێمایان بۆ کرا. بەهەمان شێوە، جەماوەر دەرفەتی بینینی گشـت ئەو تێبینیانەی هەیـە، کە ئاڕاسـتەی لیژنەکان کراون... نەخشەش هەیە ئەو بەڵگەنامانە، پاش ئەوەی ڕاستەوخۆ دەخرێنە بەردەم لیژنە پەیوەندیدارەکان، بخرێنە بەردەم جەماوەر.»

پەرلەمانی مۆلدۆڤا گرنگترین پرۆژەیاساکان لە تۆڕی ئینتەرنێتدا بڵاودەکاتەوە، هەتاکو کۆمەڵگەی مەدەنی بەشداربێت لەو گفتوگۆیانەدا، کە دەربارەیان دەکرێت: «ئەمەش بۆ نموونـە ئەو کاتـە ڕوویدا، کە داوای بیروڕاو پێشنیارەکانی هاوڵاتیانی ئاساییو نوێنەرەکانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان کـرا، لە کاتی لێکۆڵینەوەکردنـدا دەربارەی دواهەموارکردنی یاسای ئەو کەسانەی سەر بە کەمایەتییە نیشتیمانییەکانو بارودۆخی یاسایـی ڕێکخراوەکانیان، هەروەها یاسای پاراستنی بەکاربەرو یاسای واتای سیاسەتی نیشتیمانیی کۆماری مۆلدۆڤیاو یاساکانی دیکە.»

## هەندێک بابەتی دڵەڕاوکێ وروژێن

هەڵبژاردەکانی پێشوو هێما بۆ هەندێک بابەت دەکەن، کە زۆرجار دڵەڕاوکێ بەرامبەر بەشـداریکردنی ڕێکخـراوە مەدەنییەکانو ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە کارڕاییەکانی یاسـادانانـدا دەوروژێنێ. یەکێک لەو بابەتانـە پەیوەندیی بەڕادەی نوێنەرایەتیکردنی ئـەو ڕێکخراوانەوە هەیە لە بازنەیەکی هەڵبژاردندا یان لـە بەرژەوەندیی توێژێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراودا. بابەتی دوەم پەیوەندیی بەڕادەی سەربەخۆبوونی ئەو ڕێکخراوانەوەو خۆڕێکخستنیانەوە هەیە، لەبری ئەوەی بکەونە ژێر باڵی حکومەتەوەو پشت بە یارمەتیدانی ئەو ببەستن. بابەتی سێیەم پەیوەندیی بە ڕادەی کاریگەریی ئەو ڕێکخراوانەوەو دڵەڕاوکێ بەرامبەر بەو فشارەی هەندێک

ڕێکخراوی دەستڕۆیشتوو و خاوەن یارمەتیی باش پیادەیدەکەن، بۆ کاریگەریخستنە سەر کارڕاییەکانی یاسادانان.

ئەو بابەتە دڵەڕاوکێ وروژێنانە سەرنجڕادەکێشن بۆ گرنگیی دەرکردنی یاسادانانگەلی پەرلەمانی، کە پانتاییەکی ڕوون و شەفاف دیاریدەکەن بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کاری تێدا بکەن. بۆ نموونە، لە ڕێگەی هاندانی کاری خۆبەخشی قازانج نەویستەوە، مەرجدارکردنی دامەزراندنی تۆمارێکی گشتی هەموو ئەو دامودەزگایانە لەخۆبگرێت کە کۆششدەکەن بۆ بەشداریکردن لە چالاکییە پەرلەمانییەکانو فشارخستنەسەری، بەمەرجێک ئەو تۆمارە گشت وردەکارییەکانی دەربارەی ئەندامەکانو سەرچاوەی داهاتیانی تێدابێت. ئەو تۆمارە دەتوانێت تێپەڕبوونی گشت ڕاپۆرتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە کەناڵگەلی ڕێکوپێکدا مسۆگەربکات. ئەمە وێڕای ڕاگەیاندنی کارڕاییە پێڕەوکراوەکان بۆ پێشکەشکردنی ڕاپۆرتەکان. بۆ نموونە، «بۆندستاگ»ی ئەڵمانی کار بە ڕێساگەلی دیاریکراو دەکات، کە پێویستیدەکەن ئەو گرووپانەی دەیانەوێ گوزارشت لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بکەن، یان لەبەردەم دەستەیەکی یاساداناندا بەرگریان لێ بکەن، ناویان لە تۆمارەکەدا هەبێت. لە کاتی نووسینی ئەم ڕێبەرەدا، پەرلەمانی پۆڵۆنی خەریکی ئامادەکردنی پرۆژەیاسایەک بوو، دەربارەی ئامرازەکانی فشاری پەرلەمانتارانە، کە بەم شێوەیە پێناسەیدەکات: «هەر چالاکییەک بەشێوازگەلی یاسایی ئەنجامبدرێت، بەمەبەستی کاریگەریخستنە سەر دەسەڵاتە گشتییەکان، بەڕەچاوکردنی بەڵگەو بەرژەوەندییەکانی توێژە کۆمەڵایەتی یان پیشەییە دیاریکراوەکان. پرۆژەیاساکانیش شێوازگەلی قبوڵکراو دادەنێن بۆ کاریگەریخستنە سەر ئەو بڕیارانەی دەسەڵاتە گشتییەکان دەیدەنو شێوازەکانی سەرپەرشتیکردنی ئامرازەکانی فشاریش دەستنیشاندەکەن.»

## میتۆدێکی تواناسازکار

دەکرێت ڕێگە لە زاڵکردنی ناڕەوایانەی دەستڕۆیشتنی گرووپە بەهێزەکانی بەرژەوەندی بگیرێت، ئەویش لە ڕێگەی تواناسازیی تاکە ئاساییەکانەوە بۆ ناردنی تێبینییەکانی خۆیان بەشێوەیەکی پۆزەتیڤانە بۆ پەرلەمان. یەکێک لە ڕێگەکانی هێنانەدیی ئەوەش، ڕاگەیاندنی پێشوەخت و کاریگەری کاتەکانی دانیشتنەکانی گوێگرتن و کۆبوونەوەکانی لیژنەکانە. ڕێگەیەکی دیکەش ئامۆژگاریکردنی جەماوەرە دەربارەی چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ لیژنەی پەیوەندیدار. ئەمە وێڕای

چۆنێتی دارشتنی تێبینییەکان بەشێوەیەک، کە کاریگەریی لەسەر کاری لیژنەکە هەبێت. پەرلەمانی نیوزلەندی نامیلکەیەکی دەربارەی «ئامادەکردنی تێبینیگەلی ئاراستەکراوی لیژنەیەکی تایبەتی پەرلەمان» بڵاوکردۆتەوە بۆ «یارمەتیدانی خاوەن تێبینییەکان، هەتاکو بەشێوەیەک تێبینییەکان ئاراستەبکەن، کە ئەندامەکانی لیژنەکە بەئاسانی بیانخوێننەوەو تێیانبگەن. بەم شێوازەش تێبینییەکان کاریگەرتردەبن و ئەو راسپاردەو پێشنیارانەی تیایاندا هاتوون کاریگەریی زیاتریان لەسەر کاری لیژنەکان دەبێت.» ئەمەش ئەو نموونەیەیە کە دارێژراوە بۆ ئامادەکردنی تێبینییەکان:

## هەڵبژاردەیەک لە نامیلکەیەک دەربارەی چۆنێتی ئامادەکردنی تێبینییەکان کە ئاراستەی لیژنەیەکی تایبەتی پەرلەمان کراوە

**تێبینییەکان**

بۆ لیژنەی ( )

سەبارەت بە پرۆژەیاسا/ لێپرسینەوەی ................

**پێشەکی**

١- ئەم تێبینیانە لەلایەن (ناوی کەس یان رێکخراوو ناونیشان) پێشکەشکراوە.

٢ -دەمەوێ/دەمانەوێ لەبەردەمی لیژنەکەدا ئامادەبم بۆ گفتوگۆکردنی تێبینیەکانم/ تێبینییەکانمان. دەکرێت بەم شێوەیە پەیوەندیم پێوە بکرێت: (ژمارەی تەلەفون بۆ پەیوەندیکردن لە کاتەکانی رۆژدا). حەزدەکەم/ حەزدەکەین ئەم کەسانەش ئامادەبن کە ناویان هاتووە، بۆ پشتگیریکردنی تێبینییەکانم/تێبینییەکانمان (ناوی ئەو کەسانەو پۆستیان لەناو رێکخراوەکەدا بنووسە).

٣- (ئەگەر تێبینییەکان لەلایەن رێکخراوێکەوە پێشکەشکرابوو، تکایە کورتە وردەکارییەک دەربارەی ئامانجی رێکخراوەکەو ئەندامەکانیو پەیکەرەکەیو ئەو کەسانە باسبکە، کە بۆ ئامادەکردنی تێبینییەکان راوێژیان پێ کراوە.)

سەرنجێکی گشتی/ پوختەیەک (ئەگەر تێبینییەکان درێژبوو)

٤ - لایەنگرم/ لایەنگرین یان ناڕازیم/ ناڕازین بەرامبەر بە بڕیارەکانی پرۆژەیاسای هێما بۆ کراو، لەبەر (بیانوەکان بنووسە). حەزدەکەم/

حەزدەکەین ئەم تێبینیانەی خوارەوە پێشکەشبکەم (بیروڕا دەربارەی ئامانجی گشتی لە لێکۆڵینەوەکە).

**مادە (پرۆژەیاسا)**

٥-لایەنگرم/ لایەنگرین یان ناڕازیم/ ناڕازین بەرامبەر بڕیارەکانی ئەم مادەیە لەبەر (بیانوەکان بنووسە).

**مادە (پرۆژەیاسا)**

٦-ئەگەرچی من/ ئێمە هاوڕاین لەسەر ئامانجی گشتی ئەم مادەیە، بەڵام من/ ئێمە هەستدەکەین، کە (باسی ئەو گۆڕانکاریانە بکە کە دەتەوێ بکرێت، هەتا دەتوانی دەستنیشانکەربەو ئەگەر ویستت داڕشتنی نوێ بۆ مادەکە پێشنیاربکە)

**تێبینییە دیاریکراوەکان (لێپرسینەوە)**

٧-حەزدەکەم/ حەزدەکەین ئەم مەسەلانەی خوارەوە بەپێی کایەی تایبەتمەندییەکان (١) کایەی تایبەتمەندییەکان (٢)...هتد (بیروڕاکانت فراوانتربکەو بیانوەکان بخەڕەوو)

**ڕاسپاردەکان**

٨- (هەر ڕاسپاردەو سەرەنجامگەلێکی ترت هەیە، کە حەزدەکەیت لیژنەکە لێی بکۆڵێتەوە. هەروەها دەشێت سەرلەنوێ باسی ئەو ڕاسپاردانە بکەیت، کە لەوەوپێش لە دەقەکەدا هاتوون).

**سەرچاوە:** ئۆفیسی سکرتێری گشتیی ئەنجومەنی نوێنەرانی نیوزلەندی (٢٠٠٥) «ئامادەکردنی تێبینییەکانی ئاڕاستەی لیژنەیەکی تایبەتی پەرلەمان کراون».

<http://www.clerk.parliament.govt.nz/Programme/Committees/Submissions/>

ئەگەرچی ئەو نموونە پێشنیارکراوە بەسوودە، بەڵام پێویستی بەوەیە پێشوەخت تێگەیشتن هەبێت دەربارەی شێوازەکانی کاری لیژنەکان. لەم بارەیەوە، ئەو ڕاپۆرتەی لەلایەن پەرلەمانی باشووری ئەفریقاوە ئامادەکراوە، جەغت لەسەر ئەو سەختییە تایبەتیانە دەکاتەوە، کە هەژارەکانو پەراوێزکراوەکان بەدەستیانەوە دەناڵێنن، هەتاکو دەنگیان بگەیەننە پەرلەمان. لێرەشدا هێما بۆ ڕاگەیاندنێکی سەرۆکی پێشووی پەرلەمان (دکتۆر فرین جینوالا) دەکەین:

«لە باشووری ئەفریقا کەلێنێکی فراوان هەیە لەنێوان ئەوانەی داهاتی پێویستیان هەیەو دەستڕۆیشتوون بۆ کاریگەریخستنە سەر حکومەت و ئەوانەی لەبەر هۆکارگەلی مێژوویی‌و ئەنجامی هەژاری‌و بێبەشی تەنیا کاریگەریی دیاریکراویان هەیە. مەترسیی ڕاستەقینە لەوەدایە، لەکاتێکدا دەستڕۆیشتوەکان دەتوانن دەنگی خۆیان بگەیەننە پەرلەمان، زۆرینـــە دیلی ئـــەو بێدەنگییـــەن کە مێژووەکە و هەلومەرجی زەبوونی سەپاندویانە بەسەریدا.»

لە سیاقی بەشداریکردن لە لیژنەکانی پەرلەماندا، ڕاپۆرتەکە ژمارەیەک پابەندی دادەنێت:

- **کات**: پابەندییـــە ماندوکارەکانی پەیوەندیـــان بە کاتـــــەوە هەیە، ڕێگرن لە بەشداربوونی چالاکانەی کەرەتە هەژارەکانی دانیشتوان لە هەر چالاکییەکدا، جگە لەو چالاکیانەی پەیوەندیان بە ژیانپارێزی و بژێویپارێزییەوە هەیە.
- **گەیشتنە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن**: ئەگەرچی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن گرنگن، بەڵام توخنی کەرتێکی فراوانی دانیشـــتوان ناکەون، کە بریتییـــە لە هەژارەکان‌و گوندنشینەکان‌و ئەو ئەفریقیانەی لانی کەمی خوێندنیان بەدەستهێناوە.
- **کەمیی ئامرازەکانی گواستنەوە**: هەمیشە ئاسان نییە خەڵک ئەو ئامرازانەی گواستنەوە بەدەستبێنن، کە یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی بگەنە پەرلەمان‌و دەرەقەتی تێچوەکانی بێن.
- **جیاوازیی توند لە خوێندندا**: خوێندن هۆکارێکی پێویستە بۆ بوونی گرووپگەلی ئەهلیی چاوکراوەو چالاک.
- **هەمەڕەنگیی زمانەکان**: هەڵبژاردنی ئەو زمانەی حکومەت بەکاریدێنێ‌و ڕوونیی تەواوەتیی زمانەکە کاریگەریی زۆری هەیە لەسەر بەشداریکردن‌و بەدەستهێنانی زانیارییـــەکان.

لەو ستراتیژانەی دانراون بۆ کەمکردنەوەی ئەو پابەندیانە، دابەشکردنی داهاتەکانی ژیان بەســـەر گرووپـــە پەراوێزخراوەکاندا، بۆ ئەوەی بتوانن تێبینگەلی سوودبەخش پێشکەشبکەن‌و بەشداریی دانیشتنەکان بن بۆ گوێگرتن. هەروەها سازدانی کۆبوونەوەکانی لیژنەکانی هەرێمەکان‌و دامەزراندنی ئەنجومەنی میللەت (وەک دواتـــر باســـیدەکەین). ڕاپۆرتەکە دان بەوەدا دەنێ، ئەو ستراتیژانە بەشێوەیەکی زۆر پشتدەبەستن بە چڕیی داهەتەکانی ژیان، ئەگەرچی هێشتا جیاوازیی دەستڕۆیشتن تەحەددایەکە.

هەندێک وڵات لەم بارەیـــەوە دەستپێشکەریانکردووە بۆ ســـازدانی کۆبوونەوەی گوێگرتن لەبارەی یاسادانانەکانەوەو لە کەرتـــە ناوچەییەکانی گشـــت وڵاتدا هەن‌و بەڕێوەبردنیان بەشێوەیەکی ناڕەسمی‌و لە ڕێگەی بەڵگـــە زارەکییەکانەوە، کە

دواتر کۆدەکرێنەوە بۆ ئەوەی لیژنەی پەیوەندیداری پەرلەمان لێیان بکۆڵێتەوە. لە کۆششێکیشدا بۆ بەهێزکردنی بەشداریکردنی هاوڵاتی، ئەنجومەنی نوێنەرانی فلپین هەڵدەستێ بەسازدانی «دانیشتنەکانی گوێگرتن لە دەرەوەی شار، بەتایبەتی لەو کەرتە ناوچەییە بچووکانەی لە ناوچە دوورەدەستەکاندا هەن‌و بە (بارانگیز) ناسراون. هەروەها دەرفەتڕەخساندنی تەواو بۆ بازنەکانی هەڵبژاردن و کەرتەکان و گرووپەکانی بەرژەوەندیی پەیوەندیدار، بۆ ئەوەی دەنگی خۆیان بگەیەننە پەرلەمان‌و تێڕوانینی خۆیان دەربارەی دەقە دەربڕاوەکانی یاسادانان دەربڕن». «ئەنجومەنی نیشتیمانیی سانت کیتس»یش هەموو پڕۆژەیاساکان دەخاتە بەردەمی جەماوەر، بۆ بینینیان و توانجدان لەسەریان لە کاتی خوێندنەوەی یەکەمدا، ئینجا ڕای لە کاتی خوێندنەوەی دوەم و سێیەمدا ڕەچاودەکرێت:

«ئەمە بارەکە بوو دەربارەی «پڕۆژەیاسای خوێندنی ساڵی٢٠٠٥»، کە لەم دواییانەدا هەموارکرا. یەکەمین خوێندنەوە بۆ ئەو پڕۆژەیاسایە ساڵی٢٠٠٣ ئەنجامدرا. لەو کاتەوە چەندین کۆبوونەوە لە شارەوانییەکان سازدراوەو پڕۆژەیاساکە لەسەر ئاستێکی فراوان لە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکاندا گفتوگۆی لەسەر کراوە. لیژنەیەک پێکهێنرا بۆ ئاگادارکردنەوەی پەرلەمان، سەبارەت بە سەرەنجامەکانی کۆبوونەوەو گفتوگۆکان. پاش پێشکەشکردنی ڕاپۆرتەکە بە پەرلەمان، خوێندنەوەی دوەم و سێیەم بۆ پڕۆژەیاساکە کرا، بەڕەچاوکردنی تێبینییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی».

ئەوەی جێی سەرسوڕمانە، لیژنەی بەرپرسیار بەرامبەر پێداچوونەوەی پلەو پایەی ئەندام پەرلەمانەکان، کارڕاییگەلی هاوشێوەی پێڕەوکرد، بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ گشتییەکان‌و بریتییبوو لە: سازدانی کۆبوونەوەکان، گفتوگۆی ڕادیۆو تەلەفزیۆنەکان، ئەو بەرنامانەی جەماوەر بە تەلەفون بەشداریان تێدا دەکەن.

## مونتەدا یان ئەنجومەنی میللی

لە ژمارەیەکی کەمی وڵاتاندا، بەشداریکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کارەکانی پەرلەماندا، بەشێوەی مونتەدا یان ئەنجومەنێکی گشتیی ڕێکخراو دەبێت. وەک ئەو دوو نموونەیەی خوارەوە لە کۆماری لوبنان و ڕووسیای ئیتیحادی دەریدەخەن:

**کۆماری لوبنان**: «بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان پەرلەمانی لوبنان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و کاراکردنی بەشداریکردنی ئەو ڕێکخراوانە لە پڕۆسەی بڕیارسازیدا لە لوبنان، ساڵی١٩٩٩ «مونتەدای دیالۆگی پەرلەمانی» دامەزرا. ئەمەش ڕێکخراوێکی ناحکومییە، ئامانجی گوێزانەوەی بیروڕاو پێشنیارو

خواستەکانی ئەوانە بۆ پەرلەمان. لە ئامانجەکانی ئەو مونتەدایە: مسۆگەرکردنی دەستەبەربوونی زانیارییەکانە دەربارەی پرۆگرامەکانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بۆ ئەندام پەرلەمانەکان، ڕێکخستنی چالاکیی دوولایەنە لەنێوان ئەوانو لیژنە هاوبەشەکانی پەرلەماندا، دەرفەتڕەخساندن لەبەردەمیاندا بۆ ئاگاداربوون لە چاپکراوەکان و کارەکانی پەرلەمان... هەروەها مونتەداکە چەندین وۆرکشۆپ و خولی ڕاهێنان بۆ ئەندام پەرلەمانەکان، سکرتێری لیژنەکان، شارەزایان، نوێنەرەکانی کەرتی مەدەنی، ئەکادیمیستەکان و ڕۆژنامەنووسەکان سازدەکات. ئەو وۆرکشۆپ و خولانە چۆنییەتی بڕیارسازی لە لوبنانو بەشداریکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە دانانی سیاسەتەکاندا تاوتوێدەکات».

**ڕووسیای ئیتیحادی**: «گرنگترین یاسا، کە ئامانجی بەهێزکردنی گەشەپێدانی دیموکراسی بێت لە ڕووسیاو پشتگیریکردنی ڕۆڵی پەرلەمان بێت، یاسای فیدراڵییە «دەربارەی ئەنجومەنی میللیی ڕووسیای ئیتیحادی»، کە سەرۆکی دەوڵەت پێشکەشیکردو ئەنجومەنی دۆما لە خوێندنەوەی سێیەم لە ١٨ی ئازار/ مارسی ٢٠٠٥دا هەمواریکرد. ئەنجومەنی میللی، کە ڕایەڵەی نێوان کۆمەڵگەو حکومەتەو لەسەر ئاستێکی فراوان لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێکدێت، ئەرکی هەڵسەنگاندنی دەستپێشکەرییە یاسادانەرییە جۆربەجۆرەکان، لە ڕوانگەی ئەوەی پێشکەش بەرژەوەندیی گشتی دەکەن، تاوتوێدەکات... ماوەی کاری ئەنجومەنەکە ٢ساڵەو ئەرکەکانی خۆی لە ڕێگەی شیکردنەوەی پسپۆڕەکان بۆ پڕۆژەیاسا دەستوورییە فیدراڵییەکانو یاسا فیدراڵییەکانو ئەو ڕێنماییە ئاساییانەوە جێبەجێدەکات، کە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی فیدراڵیو دامودەزگا حکومییەکانی هەرێمەکانی ڕووسیای ئیتیحادی و حوکمڕانیی ناوچەیی دەریاندەکەن. هەروەها ئەزموونی خۆی بەکاردەهێنێ بۆ هەڵسەنگاندنی دەستپێشکەرییەکان سەبارەت بە یاسا دەستوورییەکانو پاراستنی ئازادیی هاوڵاتیانو کۆمەڵەکانیانو بەرژەوەندییە ڕەواکانیان لەسەر ئاستی ڕووسیا. بڕیارەکانی ئەنجومەنەکە خەسڵەتی ڕاسپاردە وەردەگرن و بەشێوەی دەرەنجامو پێشنیارو ناولێنانەکان دەردەچن.»

دامەزراوەیەکی تر هەیە، کە ئامانجێکی هاوشێوەی هەیە، ئەگەرچی ساڵانە تەنیا جارێک کۆدەبێتەوە، ئەویش «کۆنگرەی میللی»یە (People›s Assembly). یەکەمین کۆنگرەی لەمجۆرە ساڵی ٢٠٠٤ لە باشووری ئەفریقاو بۆ ئاهەنگێڕان بەبۆنەی تێپەڕبوونی ١٠ساڵ بەسەر دیموکراسیدا سازکرا. ٦٠نوێنەری پێنج کەرتەکە:

لاوان، یەکێتییەکانی کەمئەندامان، سوودمەندان لە چاکسازییەکانی زەوی‌و کرێکاران، بانگهێشتکران بۆ ئـەوەی بیروڕای خۆیان دەربارەی کاریگەرییەکانی پەیماننامەی مافەکان‌و دەستوور لەسـەر ژیانیان دەربڕن و تەکانی زیاتر بدەن بە چاکسازییەکان لە کەرتـەکانیانـدا. ڕووداوەکانی کۆبوونەوەکە ڕاسـتەوخۆ پەخشکران و بوونە هۆی دەرچوونی بڕیارێک لە پەرلەمان، کە تیایدا وەک دەستپێشکەرییەکی ساڵانە متمانە دەدرێتە کارەکانی کۆنگرەکە.

## هەندێک پێوانەی پراکتیکی چاک

دەکرێت لە ڕێگەی ڕاپۆرتەکانی پێشووەوە لیستێک بە گرنگترین ئەو خاڵانە دابنێین، پراکتیکی چاک بۆ پەرلەمانگەلێک دێننەدی کە کۆششدەکەن بۆ بەشدارییپێکردنی جەماوەر بە تاک و گرووپ لە بەڕێوەچوونی کارڕاییەکانی یاسادانان و کارەکانی دیکەی لیژنەکانی پەرلەماندا. لیستەکەش ئەم خاڵانە لەخۆدەگرێت:

- بوونی تۆمـارێکی گشـتی لەبـەردەم جـەمـاوەردا، کـە نـاوی ڕێکـخراوە ناحکومییەکان‌و دامودەزگاکانی تری تێدایـەو بەپێی بابەتـی جێی بایەخ‌و ئەلف‌و بێ ڕێکخراوە.
- بوونی تۆمارێکی تایبەت بە پسپۆڕەکان.
- ڕیکلامکردنی چالاکانـە، بە بەکارهێنانـی ئامڕازە جۆربەجۆرەکانی ڕاگەیاندن، بۆ ئاگادارکردنەوەی جەمـاوەر دەربـارەی پرۆژەیاساکان‌و لێکۆڵینەوەکان‌و دانیشتنەکانی گوێگرتن لە پەرلەمان...هتد.
- بانگهێشتکردنی ڕێکخراوەکان‌و پسپۆڕە پەیوەندیدارەکان، لەوانە نوێنەرەکانی گرووپە پەراوێزکراوەکان، هەرکاتێک گونجاوبوو، بۆ ئەوەی تێبینییەکانی خۆیان پێشکەشبکەن‌و بەڵگەکانیان بخەنەڕوو.
- دانانی کارڕایگەلەکـان بۆ خستنەڕووی تێبینییەکانی تاکەکانی هاوڵاتیان بۆ گفتوگۆکردن.
- پێشکەشکردنی نامیلکەیەک یان خولەکانی ڕاهێنان دەربارەی چونیەتی ئامادەکردنی تێبینییەکان‌و خستنەڕووی بەڵگەکان بۆ دامودەزگا پەرلەمانییەکان.
- بوونی تۆمارێکی گشتی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، کە گشت تێبینییە هاتووەکان لەخۆبگرێ.
- ڕێکخستنی دانیشتنەکانی گوێگرتن لە ناوەنـدە ناوچەییـەکان‌و ئامادەکردنی پوختە نووسراوی بەڵگە زارەکییەکان.

## بۆ خوێندنەوەی زیاتر دەربارەی شێوازەکانی بەشداریکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی لەکارڕاییەکانی یاسادانان لە تۆڕی ئینتەرنێتدا بڕوانە:

Krafchik, W (nd). Can civil society add value to budget decision-making? A description of civil society budget work. International Budget Project <http://www.internationalbudget.org/resources/library/civilsociety.pdf>

National Democratic Institute, Parliament of the Republic of Namibia (2001). Public participation in the legislation process. <http://www.accessdemocracy.org/library/1408_na_publicpart_093101.pdf>

The Scottish Office (2000). Involving civil society in the work of parliaments. <http://www.scotland.gov.uk/government/devolution/cpsp-00.asp>

## ژنان و یاسادانان: نموونەی هاریکاریکردنی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و پەرلەمان

پڕواتاترین نموونەی هاریکاریکردنی ڕێکخراوە ناحکومییەکانو پەرلەمان، بەتایبەتی لە دەوڵەتە تازەپێگەیشتووەکاندا، ئەوەیە کە پەیوەندیی بە بەشداریکردنی ژنانو گرووپەکانی ژنانەوە هەیە. یەکێک لە سەرەنجامەکانی زۆربوونی ڕێژەی نوێنەرایەتیکردنی ژنان لە پەرلەماندا، توانای ژنە پەرلەمانتارەکانە بۆ بەکارهێنانی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکانی ژنان، بۆ یارمەتیدانی دەرکردنی ئەو یاسایانەی داکۆکی لە مافەکانی ژنان دەکەن. بۆ نموونە، پەرلەمانی باشووری ئەفریقا، کە بەرنامەی کۆمەڵگەیی بەشێکە لە چالاکییەکانی، وۆرکشۆپگەلی کار بۆ ژنانی ناوچە گوندنشینەکان سازدەکات، بەمەبەستی ڕاهێنانی سەرکردە ناوچەییەکانی کۆمەڵگە لەسەر تێگەیشتن لە کاری پەرلەمان و کارڕاییەکانی یاسادانان. هەروەها دەکرێت ئەو خولانە بەکاربهێنرێن بۆ بەدەستهێنانی تێبینییەکان دەربارەی ئەو کۆمەڵە یاسادانانەی خراوەتە بەردەم پەرلەمان و جێبەجێکردنی ئەو یاسادانانانەی لەئارادان. وەک ئەوەی کاتی جێبەجێکردنی «یاسای توندوتیژیی خێزانی ساڵی١٩٩٨» ڕوویدا. هەروەها کاتی دەستکاریکردنی شیاوی «یاسای دانانن بە هاوسەرگیریی عورفیدا» لە هەمان ساڵدا. ساڵی٢٠٠٢یش پەرلەمان کتێبێکی لەژێر ناونیشانی «ژنانو ڕۆڵیان لە پڕۆسەی یاساداناندا: لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی بەشداریکردنی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە» (Women in Lawmaking:

A Study of Civil Society Prticipation) بڵاوکردەوە. نووسەر تێڕوانینێکی مێژوویی دەربارەی ڕۆڵی ژنان لە کاریگەریخستنە سەر یاساکانی باشووری ئەفریقا دەخاتەڕوو، هەنگاوگەلی هەستپێکراویشیان بۆ دەستنیشاندەکات، هەتاکو بتوانن چالاکانە بەشداریبکەن لە کارڕاییەکانی یاسادانانادا.

هەندێک پەرلەمان پەیوەندییەکی دامەزراوەییانەی بەردەوام دەخەنە نێوان ڕێکخراوە ناحکومییەکانی ژنانو لیژنە پەیوەندیدارەکان پەرلەمانەوە، وەک لیژنەی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ یان یەکسانی یاخود ژنان. «پەرلەمانی ژنان لە مەکسیک» لە ساڵی١٩٩٨وە ساڵانە کۆدەبێتەوە. ئەو پەرلەمانە پێکهاتووە لە یاسادانەرە فیدراڵیو ناوچەییەکان، لەگەڵ ژنانی کۆمەڵگەی مەدەنیی گشت ناوچەکانی مەکسیک. ئامانجی ئەم پەرلەمانە، دانانی ڕێنماییەکانە کە ڕۆژەڤە یاسادانەرییەکانی تایبەت بە یەکسانیی نێوان ژن و پیاو لە گشت ئاستەکانی حکومەت و هەموولایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیو ئابووری لەخۆدەگرن. ئەگەرچی ماوەی کارکردنی ئەم پەرلەمانە کورتە، بەڵام دەستکەوتی گەورەی خستۆتە سەر خەرمانەی کاری خۆی:

«ئەم ئەزموونە، کە تیایدا بەرپرسیارێتی لەنێوان دەسەڵاتی یاسادانانو کۆمەڵگەی مەدەنیدا دابەشبووە، چەندین دەسکەوتی بنچینەیی لەسەر ئاستی یەکسانی نێوان ژن و پیاو لە مەکسیک هێنایەدی، وەک: یاسادانانی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، پێکهێنانی لیژنەکانی یەکسانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانو پیرانو زۆربەی کۆنگرە ناوچەییەکان، ئەنجامدانی ئەو چاکسازیانەی پەیوەندیان هەیە بە بابەتی بەشداریکردنی سیاسیی ژنان لە پۆستەکانی نوێنەرایەتیداو دامەزراندنی پەیمانگەی نیشتیمانیی ژنان... بەوەش «پەرلەمانی ژنان» باشترین خاڵی پێکگەیشتن بوو لەنێوان پەرلەمانی مەکسیک و کۆمەڵگەی مەدەنیدا، سەبارەت بە ئاڵوگۆڕکردن و شیکردنەوەی بەردەوامی ئەو پێشنیارانەی ئامانجیانە پرنسیپی یەکسانی نێوان ژن و پیاو بخەنە ناو یاسادانانەکانمانەوە.»

لە ساڵەکانی سەرەتادا کارەکانی «پەرلەمانی ژنان» لە ڕێگەی ئەو ۆرکشۆپانەوە بوو، کە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوامدەبوون و بە دانیشتنێکی کۆتایی تەواودەبوو. لە ساڵی ٢٠٠٥دا ۆرکشۆپەکان بڵاوبوونەوە بە گشت ناوچەکانی هەر پێنج ویلایەتەکەی وڵاتداو بۆ ماوەی دوو هەفتە بەردەوامبوون، بەڵام دانیشتنی کۆتایی لە ئەنجومەنی نوێنەران بوو و دوو ڕۆژی پێچوو. لیژنەیەکی تایبەت کارەکانی «پەرلەمانی ژنان» ڕێکدەخات، کە پێکهاتووە لە یاسادانەرانی هەردوو ئەنجومەنی یاسادانانی پەرلەمانی فیدراڵی.

## دانانی بودجەیەک کە یەکسانی نێوان ژن و پیاو لەبەرچاوبگرێ

لەلایەنە دیارەکانی هاوکاریکردنی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی ژنان و دامەزراوەی پەرلەمان لە ژمارەیــەک وڵات، «دانانی بودجەیەک بوو کە یەکسانی نێوان ژنو پیاوی لەبەرچاودەگرت» (Gender Budgeting). ئەم بودجەیەش پێویستی بە ئەنجامدانی شیکردنەوەیەکی مەنهەجی پڕۆژەکان و سەرەنجامەکانی هەیە، بۆ دەستنیشانکردنی کاریگەریی جیاکارەیان لەســەر هەریەک لە ژنان و پیاوان. ئەو شیکردنەوانە ئەو بێبەشــبوونە کۆمەڵایەتییە ئاشکرادەکەن کە ژنان دووچاریدەبن، نەک لەبەر کەمیی تەرخانکردنی بودجە بۆ ئەو لایەنانەی بەلایانەوە گرنگە، بەڵکو لەبەر بڕینــە گشــتییەکان لە خەرجییەکانی کشتوکاڵ، کە کاریگەریی گەورەی لەسەر ژنە جوتیارە هەژارەکان و داهاتی خێزانەکانیان دەبێت.

لە باشووری ئەفریقا، «دەستپێشــکەریی بودجــەی تایبــەت بــە ژنـان» (Women›s Budget Initiative) خرایەگەڕ. ئەمەش هاوپەیمانیی نێوان دوو ڕێکخراوی ناحکومی و ئەو ئەنــدام پەرلەمانانەیــە، کە هاوسۆزن لەگەڵ مەسەلەکانی ژنان. ئەو دوو ڕێکخراوە لە ڕێگــەی ئەو توێژینەوەو شیکردنەوە پێویستانەوە بەشداریانکرد، کە پەرلەمان پارەی تەواوی نەبوو بۆ ئەنجامدانیان، ئەندام پەرلەمانەکانیش لەلایــەنی خۆیانـــەوە دەســەڵاتی خۆیان بەکارهێنا بۆ ئەوەی حکومەت  لە کاتــی دانانی بودجــەی وەزارەتە جۆربەجۆرەکاندا ڕێبازێک بگرێتەبەر، کە زیاتــر دەرک بە یەکسانی نێوان ژن و پیاو دەکــات. هەروەهــا سیستەمێکی بودجــە هێنرایەئاراوە، کە یەکسانی نێوان ژنو پیاو لە ژمارەیەک دەوڵەتی دیکەی باشووری بیابانی مەزنی ئەفریقا لەبەرچاودەگرێت، بەتایبەتی کۆماری یەکگرتووی تەنزانیاو ئۆگەندا. ئەم سیستەمە شیکردنەوەی بودجەی ئەو حکومەتــە ناوچەییانە لەخۆدەگرێت، کە بەرپرسیارێتی پێشکەشکردنی گەلێک خزمەتگوزاریی حکومیی دەکەوێتە ئەستۆ. ئەزموونەکە بەگشتی هێما بۆ ئەوە دەکات، ئەمجۆرە بودجەیە دەتوانێت یارمەتی وەک یەکی ژنانو پیاوان بدات. بۆ نموونە، لە دیاریکردنی بەکارهێنانە بەهەدەرەکانی سامانەکاندا، یان لاوازیی دەسەڵاتی پەرلەمانو کارڕاییەکانی بەشێوەیەکی گشتی لە چاودێریکردنی بودجەدا. ئێستا چەندین بەرنامەی بەردەوامی بودجــە لە زیاتــر لە بیســت وڵاتی تازەپێگەیشتوو و زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا هەن، کە یەکسانی لەبەرچاودەگرن. تەحەددای هێشتنەوەی هێزی تەکاندەری مەبدەئی، تێپەڕبوونی کاتە، بەتایبەتی کاتێک گۆڕینــی یەک یان دوو ئەندام پەرلەمانی بنچینەیی

داکۆکیکەر لە دەستپێشکەرییەکە، دەبێتە هۆی ڕۆچوونی پشتگیریکردنی پەرلەمانیی پێویست بۆ دەستپێشکەرییەکە.

## بۆ خوێندنەوەی زیاتر، دەربارەی هاوکاریکردنو بەرنامەکانی ڕاهێنانی نێودەوڵەتی سەبارەت بە دانانی ئەو بودجانەی یەکسانی ژنو پیاو لەبەرچاوەدەگرێت لە تۆڕی ئینتەرنێتدا:

Gender responsive budget initiatives <http://www.gender-budgets.org/>
International Budget Project (2006). Related websites - by topic area: gender, youth, and development.
<http://www.internationalbudget.org/resources/sites/gender_youth.htm>

Inter-Parliamentary Union, United Nations Development Programme, World Bank Institute and United Nations Fund for Women (2004). Handbook: Parliament, the budget and gender.
<http://www.ipu.org/PDF/publications/budget_en.pdf>

## ڕاپۆرتەکان دەربارەی ئەو ئەڵقانەی لێکۆڵینەوە، کە یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتی سەبارەت بە پەرلەمانو کارڕاییەکانی دانانی بودجە سازیاندەکات، لەوانە یەکسانی نێوان ژنو پیاو:

Inter-Parliamentary Union (2000). Regional seminar for English-speaking African Parliaments, 22-24 May 2000, Nairobi (Kenya).
<http://www.ipu.org/pdf/publications/nairobi_en.pdf>

Inter-Parliamentary Union (2001).Seminaire regional pour les parlements francophones d'afrique, 1er-3 novembre 2001, Bamako (Mali).
<http://www.ipu.org/pdf/publications/mali01_fr.pdf> (document in French)

Inter-Parliamentary Union (2002). Regional seminar for ASEAN+3 parliaments, 23 to 25 July 2002, Manila (Philippines).
<http://www.ipu.org/PDF/publications/manila02_en.pdf>

Inter-Parliamentary Union (2004). Regional seminar for parliaments of south-west Asia, 26 to 28 May 2003, Colombo (Sri Lanka).
<http://www.ipu.org/PDF/publications/colombo_en.pdf>

## بەشداریکردنی هاوڵاتیان لە ڕێگەی حیزبە سیاسییەکانەوە

پێویستە سەرقاڵبوونی ئێستامان بە کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە نەبێتە هۆی فەرامۆشکردنی ڕۆڵی حیزبە سیاسییەکان، کە بوونە ئەندام تیایاندا دەرفەتێکی تەقلیدییە بۆ ئەوەی هاوڵاتیان بتوانن لە ڕێگەیانەوە بەشداریی لە کارڕاییەکانی یاساداناندا بکەن. ئەندامەکانی حیزبەکان هەمیشە لە ڕێگەی چەند کەناڵێکەوە کار بە دەسەڵاتی خۆیان دەکەن، وەک: هەڵبژاردنی کاندیدەکان یان دەنگدان لەسەر پۆستەکانی سەرکردایەتی، پەیوەندیکردنی بەردەوام لەگەڵ یەکێک لەسەر ئاستی بازنە یان ناوچەی هەڵبژاردن، کۆنگرە هەرێمایەتی و نیشتیمانییەکانی حیزب و مونتەدا سیاسییەکان.

لەگەڵ ئەوەشدا، زۆربەی وڵاتە دیموکراتییەکانی خۆرئاوا پاشەکشەیەکی بەرچاو لە بواری ئەندامبوون لە حیزبەکاندا بەخۆوەدەبینن. دەکرێت زۆرجار ئەم دیاردەیەش گرێبدرێتەوە بە خراپبوونی پراکتیکی دیموکراسی لەناو خودی ئەو حیزبانەداو لاوازکردنی ئەوانەی لەسەر ڕێبازی سەرکردایەتییەکانیان ناڕۆن. ئەگەرچی حیزبە سیاسییەکان توانیویانە مامەڵە لەگەڵ ئەو دابەشبوونەدا بکەن کە لە بیروڕا سیاسییەکانی نێوان ئەندامەکانیانو ئەو هەڵبژێرانەیە کە دەنگیان بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکاندا پێویستە، بەڵام شێوازە پێڕەوکراوەکانی ئێستا لە زۆربەی حیزبەکاندا بۆ هێنانەدیی ئەوە نەبوونەتە هۆی ڕاکێشانی ئەندامگەلی نوێ، بەتایبەتی لە نەوەی لاوان. دەکرێت نموونەی چاکسازیی حیزبەکان لە وڵاتێک یان دوانی ناوچەکانی دنیا بەنموونە بهێنینەوە، کە تیایاندا هەڵمەتی هەڵبژاردنی دیاریکراو بەرپادەکرێت، بەڵام واپێویست بوو لە هەمان کاتدا بنکەی دیموکراسیی حیزبە سیاسییەکان بەرفراوانانەو بەردەوام نوێبکرێتەوە، بەوپێیەی ئەوە گرنگە بۆ نوێنەرایەتیکردنی هەڵبژێرەکان لە پەرلەماندا.

## دەستپێشکەری و ڕاپرسییەکانی هاوڵاتیان

بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی نێوان پەرلەمان و هاوڵاتیان، ژمارەیەک وڵات مافی پێشکەشکردنی دەستپێشکەریان داوەتە هاوڵاتیان، هەتاکو لە ڕێگەیەوەو ڕاستەوخۆ گوزارشتبکەن لە پێشنیارەکانیان دەربارەی هێنانەئارای یاسادانانی نوێ، لەبری ئەوەی تەنیا پێشنیار دەربارەی ئەو یاسایانە بکەن، کە بەکردەوە خراونەتە بەردەمی پەرلەمان، یان توانجیان لێ بدەن. دەشێت هەندێک زیادەڕۆیانە باسی لایەنەکانی جیاوازیی شاراوەی نێوان بەشداریکردنی هاوڵاتیان کە پشت بە کاردانەوە دەبەستێتو

ئەوەی پشتبەستووە بە دەستپێشکەری بکەن. وەک بینیمان، هاماهەنگیی بەردەوامی نێوان پەرلەمان و گرووپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، دەبێتە هۆی پێشنیارکردنی یاساداناني نویێ یان دەستکاریکردنی ئەو یاسادانانانەی هەن، ئەمەش شێوەیەکی «دەستپێشکەری»ی شارستانیانەیە. بەهەمان شـێوە کاتێک پەرلەمانەکان داوای گفتوگۆکردن دەکەن دەربارەی مەسەلەیەک یان داوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەک دەکەن سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراوی تایبەت بە یاسادانانەکانی داهاتوو، لەگەڵ ئەوەشدا دەستپێشکەریی هاوڵاتیان مافێکی جیاکارەیەو هەمیشە پشت بەکۆکردنەوەی لانی کەمی واژۆکانیان دەبەستێ بۆ ئەوەی لەبەرچاوبگیرێ.

دەشێت دەسـتپێشـکەریی هاوڵاتیـان بەلای پەرلەمانەوە ڕاوێژکارانە یان داسەپاو بێت، لەوانەیە ببێتە مایەی ئەنجامدانی ڕاپرسیی میللی دەربارەی ئەو پێشنیارەی تیایدا هاتوون. ئەمە بارەکەیە لە سویسرا، ئەو وڵاتەی زیاتر ئەزموونی لە بواری دەستپێشکەریی هاوڵاتیانـدا هەیـەو زۆرترین بایەخی پێـدەدات. پێش حەفتاکان، بەکارهێنانی مافی دەستپێشکەریی پۆزەتیڤانە لە سویسـرا، بەراورد بە بانگەواز بۆ ڕاپرسی یان نارەزاییدەربڕین بەرامبەر بە یاسایەکی پێشنیارکراو لەلایەن ئەنجومەنی فیدراڵییەوە، دەگمەن بوو. لەو کاتەوە ڕێژەی بەکارهێنانی دەستپێشکەرییەکان بەرزبۆتەوە، ئەوەش لەلایەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ پەرەسەندنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانو هەڵمەتەکانی ئۆپۆزسیۆن، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندیی بە بابەتەکانی ژینگـەو بەکاربـەرەوە هەیە. لەلایەکی دیکـەوە دەگەڕێتـەوە بۆ زۆربوونی ژمارەی «ڕێکخەرە پرۆفیشناڵەکانی دەستپێشکەرییەکان» (Initiative Entrepreneurs)، ئەوانەی دەتوانن واژۆکان لە گشت ناوچەکانی وڵاتەوە کۆبکەنەوە. لەماوەی نێوان ١٩٧٤و ١٩٩٣دا سویسرییەکان دەنگیان لە ١٦٧ڕاپرسیدا داوە، لەوانە ٦٣دانەیان دەستپێشکەریی پۆزەتیڤانە بوون و لەلایەن گرووپە ئەهلییەکانەوە پێشنیارکراون. لەو کاتەوە ئەو تێکڕایە بە ڕوودانی بەلای کەمەوە هەشت ڕاپرسی لە ساڵێکدا بەردەوامبووە.

ئیتاڵیا لەو دەوڵەتە ئەوروپیانەیە، کە ئەزموونێکی زۆری لە بواری ڕاپرسییەکانی یاسادانانەدا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا دەقی مادەی (٧٥)ی دەستووری ئیتاڵی ڕاپرسی لە نارەزاییدەربڕین بەرامبەر بە یاساکان یان ڕەتکردنەوەیاندا قەتیسدەکات، بۆ قبوڵکردنی سەرەنجامەکەشی نیو ملیۆن واژۆو بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی دادگای دەستووری پێویستە. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک پێیانوایە دەقی ئەو مادەیە هاندەری دەستپێشکەریی پۆزەتیڤانەیە، چونکە دەکرێت بۆ هەر یاسادانانێک بەکاربهێنرێ

کە لەئارادایە. ئەمــە وێــڕای بەکارهێنانی بــۆ هەڵوەشاندنەوەی یاسایەک، کە ماوەیەکی درێژە هەیــە یان بەشێکی کــە دەشێت ببێتە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی. دەکرێت ئەمــە بۆ ئەو ڕاپرسییەش ڕاست بێت، کە ڕێگەی دا بە چارەسەرکردن لە ڕێگەی یارمەتیدانی پیتاندنەوە. هەروەها بەهەمان ڕادە ئەو پێشنیارانە قبوڵکران، کە داوادەکەن ڕاپرسی دەربارەی ئەوە بکرێت، ئیتالیا دراوی یەکگرتووی ئەوروپا (یۆرۆ) بەکارنەهێنێ و لیرە بکرێتەوە بە دراوی نیشتیمانی.

## گەشەکردنە نوێکان

لەناو ئەو پەرلەمانانەی لە بــواری دیموکراســیدا نوێن، پەرلەمانی سلۆڤینی ئاسانکارییەکی هەموارکردوە، کە ڕێگــە بــە نوێنــەرەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی یان ٤٠٠٠٠هەڵبژێر دەدات داوای ئەنجامدانی ڕاپرسی بکەن. لە هەندێک باردا پەرلەمان دەسەڵاتی هەموارکردنی یاسایەکی نییە، هەتاکو سەرەنجامی ڕاپرسی ڕادەگەیەنرێ. کەچی لە هەندێک بــاری دیکــەدا دەشــێت ڕاپرسی ببێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی یاسایەک، کە پێشتر پەرلەمان هەمواریکردووە، وەک ئەوەی لە ئیتالیا و سویسرا هەیە.

پێویستە بەڕوونــی جیاوازیــی بکــەین لەنێوان ئەو بڕیارە دەســتووریانەو بڕیارگەلێکی تردا، کە تیایانــدا مافی دەستپێشکەریکردنی هاوڵاتیان ئامڕازێکــە بۆ سەپاندنی چەند بابەتێکی دیاریکراو بەسەر ڕۆژەڤی پەرلەماندا، بەبێ ئەوەی لەوەدا هیچ دەستخستنە ناو ئەو دەســەڵاتەی پەرلەمان هەبێت، کە ڕێگەی پێدەدات لەسەر تێڕوانینی خۆی بەردەوامبێت، یاخود نا، هەروەها چۆنێتی ئەنجامدانی ئەوە. ئەمە بارودۆخی زۆربەی ئەو وڵاتانەیە، کە لە دەستورەکانیاندا بڕیارێک هەیە، ڕێگە بە دەستپێشکەریی هاوڵاتیان دەدات. لەو بارودۆخانەدا ژمارەی پێویستی هاوڵاتیان بۆ هاندانی دەستپێشکەرییەکی دیاریکــراو زۆر لەو ژمارەیە کەمترە کە بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی پێویستە. بۆ نموونە، لە مەکەدۆنیا، یەکێک لە کۆمارەکانی یۆگۆسلاڤیای پێشوو، ئەنجامدانی ڕاپرسی پێویستی بە کۆکردنەوەی ١٥٠٠٠٠ واژۆ هەیە، لەکاتێکدا پێشکەشکردنی پێشنیارێکی یاسادانەرانە پێویستی بە ١٠٠٠٠ واژۆ هەیە، بۆ ئەوەی پەرلەمان بڕیاربدات بەرادەوامبێت لەسەری یان نا. لە کۆستاریکا «ئۆفیسی دەستپێشکەرییە میللییەکان» هەیە، هاوڵاتیان دەتوانن لە ڕێگەیەوە پێشنیار و دەستپێشکەری و پرۆژەیاساکان پێشکەشبکەن. ئیکوادۆر مافدەداتە هاوڵاتیــانو بزووتنــەوە کۆمەڵایەتییــەکان دەســەڵاتی پێشنیارکردنی

یاسادانانیان هەبێت و بەشداریی گفتوگۆکردن دەربارەی ئەو پڕۆژەیاسایانە بکەن، کە ئەنجومەنی نیشتیمانی بڕیاریداوە تاوتوێیانبکات. لە ساڵی٢٠٠٣وە «مافی دەستپێشکەریی یاسادانەرانە بۆ هاوڵاتیان» لە پورتوگال کارییپێدەکرێتو بەپێی ئەو مافە، گفتوگۆکردن دەربارەی ئەو دەستپێشکەریانەی زیاتر لە ٣٥٠٠٠کەس واژۆیان لەسەر دەکەنو دەنگدان لەسەری لە ئەنجومەنی کۆماری مەسەلەیەکی داسەپاوە. هەروەها ئەم دەستپێشکەرییانە کراوەن بۆ گفتوگۆکردن بەشێوەیەکی کارلێککەرانەو لە ئاستێکی فراوانی جەماوەرداو لە ڕێگەی «ماڵپەڕی» ئەنجومەنەکەوە لە تۆڕی ئینتەرنێتدا. ئەنجومەنی نوێنەرانی سەر بە پەرلەمانی هۆڵەندی توانای بەکارهێنانی دەستپێشکەریی هاوڵاتیان لەسەر ئاستی نیشتیمانی تاوتوێدەکات، بەمەرجێک ئەنجومەنەکە مافی ئەوەی هەبێت بڕیار لەسەر ئەوە بدات داخۆ دەستپێشکەرییەکە دەخاتە کارەوە یان نا، هەروەها چۆنییەتی جێبەجێکردنی ئەوەش. ئەنجومەنەکە دەرک بەوە دەکات، «بەکارهێنانی دەستپێشکەریی هاوڵاتیان بەشێوازی جۆربەجۆر سوودی سەلماوە، گرنگترینیان کەمکردنەوەی ماوەی نێوان هاوڵاتیان و بەشداریکردنی سیاسییە.»

## دیموکراسیی ڕاستەوخۆ و نوێنەرایەتیکردن

لە کۆتاییدا، دەکرێت بایەخدان بە پڕکردنەوەی کەلێنی نێوان هاوڵاتیانو بەشداریکردنی سیاسی هێزی تەکاندەربێت بۆ چەندین دابینکاری، کە لەم بەشەدا باسمانکردون. بینیمان ژمارەیەک ڕێگەی جیاواز هەن، کە پەرلەمانەکان لە ڕێگەیانەوە کۆشش‌دەکات بۆ بەشدارییپێکردنی هاوڵاتیان لە کارڕاییەکانی یاسادانانیدا، ئەوەش بە بەشداریکرنیان لە قسەکردن دەربارەی ئەو پڕۆژەیاسایانەی لە ژێر لێکۆڵینەوەدان و پێشکەشکردنی پێشنیار دەربارەی یاسادانانی نوێ، یان دەستکاریکردنی یاسادانانێک کە لەئارادایە. ئەو ڕێگایانەش بریتین لە: ئاڕاستەکردنی بانگەوازی کراوە بۆ هاوڵاتیانو ڕێکخراوە ناحکومییەکان و بزووتنەوەگەلی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو هەتاکو توانجی خۆیان لە پڕۆژەیاساکان بدەن، دانانی ڕێوشوێنی بەردەوام بۆ هاوکاریکردنی لیژنەکانی پەرلەمانو گرووپەکانی هاوڵاتیانو شارەزایان، پێکهێنانی مونتەداو ئەنجومەنگەلی تایبەت بە کۆمەڵگەی مەدەنی کە بەشێوەیەکی سەربەخۆ یان هاوبەش لەگەڵ ئەندام پەرلەمانەکان کۆببنەوە، دانانی کارڕاییەکان بۆ دەستپێشکەرییەکانی هاوڵاتیان و ڕاپرسییەکانیان یان گەیشتنە ئاوێتەیەک کە ژمارەیەک لەوانە لەخۆبگرێت. دیاریکردنی کاریگەرترینی

ئەو شێواز یان ئاوێتانە، گرێدراوی هەلومەرجی ناوچەییە. بۆ نموونـە، دەشـێت دەرامەت و پابەندییەکانی دیکـەی بەکارهێنانی ڕاپرسی مەسەلەیەکی ناپراکتیکی بن، بەڵام مافی هاوڵاتیان بۆ دەستپێشکەریکردن، کە بڕیاری کۆتایی بۆ پەرلەمان جێدەهێڵێ، تـەواو پراکتیکییە. شـێوازی هەڵبژێردراو هەرچییەک بێت، هەموو بەڵگەکان هێما بۆ ئەوە دەکەن، پەرلەمانەکان بەرپرسیارێتی بەشدارپێکردنی زۆر جیدیی هاوڵاتیان لە کارڕاییەکانی یاسادانانادا دەکەوێتەئەستۆیان.

ئایا ئەو گەشەکردنانە، گومانەکردنـەکان بەرامبـەر بە سـەرڕاستیی دیموکراسیی نوێنەرایەتیکردن یان بانگەشەکردنی باو دەربارەی قسەکردنی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان لەبریی تەواوی جەماوەری هەڵبژێری خۆیان دەوروژێنن، لەبەرامبەر دیموکراسیی ڕاستەوخۆ کە گرووپە ڕێکخـراوە خـاوەن دەنگـە بیستراوەکان و بیروڕا بەهێزەکانی پێ باشە؟ پێویستە لێرەدا هێما بۆ ئەو بکەین، ئەو ناکۆکییەی لەنێوان دیموکراسیی ڕاستەوخۆو نوێنەرایەتیکردندا وێنایدەکرێت، بوونی نییە. چونکە هەمیشە نوێنەرەکان لە گفتوگۆی بەردەوامدان لەگەڵ هەڵبژێرەکانی خۆیانداو کاریگەریی ئەوانیان لەسەرە. لێرەشدا خەسڵەتی گرنگـی ئەو دابینکاریانـەی لەلای سـەرەوە باسکراون، بریتییە لە هەوڵدان بۆ بەخشینی برێکی زیاتر مەنهەجیـەت و شـەفافیەت و هەمەلایەنی بە دیموکراسیی نوێنەرایەتیکردن، هەتاکو بەرژەوەندییەکانی ژمارەیەکی کەمی دەوڵەمەندەکان، کە لە پشتی پەردەوە کاردەکەن، قۆرخی نەکەن.

## بۆ خوێندنەوەی زیاتر دەربارەی دەستپێشکەرییەکانی هاوڵاتیان لە تۆڕی ئینتەرنێتدا بڕوانە:


C2D - research and documentation centre on direct democracy (2005). <http://c2d.unige.ch/>

Project ACE (2004). Citizen initiatives. Focus on Direct Democracy <http://focus.at.org/direct-democracy/citizen-initiatives>

Zimmerman, J (2001). Citizen initiative. Administration and Cost of Elections Project <http://www.aceproject.org/main/english/es/esc01b.htm>



# پەرلەمانێکی ملکەچی لێپێچینەوە

# ٥ - پەرلەمانێکی ملکەچی لێپێچینەوە

لەسەردەمی ئیمڕۆماندا، ملکەچکردنی ئەوانەی لە پۆستەکاندان بۆ لێپێچینەوە، یەکێکە لە ڕواڵەتەکانی ژیانی گشتی لە هەر دەوڵەتێکی دیموکراتیدا. کاتی تاوتوێکردنی بابەتی پێچینەوە لە پەرلەمان، پێویستە دوو مەسەلەی جیاواز لێک جیابکەینەوە: یەکەم پەرلەمان نوێنەرایەتیی جەماوەری هەڵبژێر دەکات بۆ لێپێچینەوە لە حکومەت، لە ڕێگەی ڕۆڵی چاودێریکردنییەوە. ئەمەش لە بەشی داهاتوودا باسدەکەین، چونکە دەربارەی چالاکیی دیموکراتیانەی پەرلەمانە. مەسەلەی دوەم تایبەتە بە لێپێچینەوە لە پەرلەمان و ئەندامەکانی لەلایەن هەڵبژێرەکانیانەوە. ئەمەش ئەوەیە کە ئێستا باسیدەکەین.

بیرۆکەی «لێپێچینەوە» چەندین ڕەهەندی هەیە، لێرەدا باسی دوو ڕەهەندی تێکهەڵکێش دەکەین: یەکەم پێویستە ئەوانەی پۆستەکان وەردەگرن، لەبەردەم ئەو لایەنەی ملکەچی لێپێچینەوەین یان بەرپرسیارن لەبەرامبەریدا، بیانوو بۆ ڕەفتارەکانی خۆیان بهێننەوە، ئەوەش پاش ئەنجامدانیان. بیانوهێنانەوەی ئەندام پەرلەمانەکان بۆ ڕەفتارەکانیان لەبەردەم هەڵبژێرەکانیانداو لە ڕێگەی گفتوگۆی نێوانیانەوە، نەریتێکی بنچینەییە لە هەر دەوڵەتێکی دیموکراتیدا. ڕەهەندێکی دیکە کە تێکهەڵکێشی ئەم ڕەهەندەیە، گرنگیی پابەندبوونی بەرپرسە حکومییەکانە بەپێوانەگەلی سەرڕاستی لە ڕاییکردنی ئەرکەکانی پۆستەکانیاندا، بەمەرجێک لایەنێک هەبێت ڕەفتارەکانیان هەڵسەنگێنێ و لە کاتی زیانگەیاندن بە پابەندبوون بەو بەهایانەوە دەسەڵاتی سزادانیانی هەبێت. بەم واتایە، ئەندام ئەرلەمانەکانیش لەبەردەم هەڵبژێرەکاندا ملکەچی لێپێچینەوەن و هەڵبژێرەکان دەتوانن سزایەکی بەکردەوەیان بدەن، بەوەی جارێکی دیکە هەڵیان نەبژێرنەوە. لە دەستپێکی ڕێساکانی ڕەفتاری تایبەت بە پەرلەمانی ئێرەلەندیدا، بۆ ساڵی٢٠٠١، هاتووە: «ئەندام ئەرلەمانەکان لە بارێکی بێوێنەدان، چونکە بەرپرسیارن بەرامبەر بە هەڵبژێرەکانیان، کە لەکۆتاییدا حوکم

بەسەر ڕەفتارەکانیاندا دەدەن و مافی ئەوەیان هەیە لە هەڵبژاردنە ئاساییەکاندا لە پۆستەکانیان لایانببەن». جا لەبەر ئەوەی ئەمجۆرە سزایەی هەڵبژێرەکان دەیانسەپاند ڕۆژگاریان بەسەرچووەو گەلێک جار کاریگەریی نییە، بۆیە لەم دواییانەدا لایەن‌و لیژنەی تر، لەوانە لیژنەکانی خودی پەرلەمان، دامەزراون کە ئەندام پەرلەمانەکان، دەربارەی پابەندبوونیان بە ڕێساکانی ڕەفتارکردنەوە، ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەوانەوە لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکرێت.

## لێپێچینەوەی ئاسۆیی و شاقوڵی

لێپێچینەوە دوو جۆرە: ئاسۆیی و شاقوڵی. چەند لایەنێکی ڕێکخراوەیی‌و سەرپەرشتیارکاری دیکە ئەرکی لێپێچینەوەی ئاسۆیی لەئەستۆدەگرن، ئەوانەش لەو پسپۆڕانە پێکدێن کە لەبری میللەت ڕەفتار دەنوێنن. لەکاتێکدا لێپێچینەوەی شاقوڵی لە خوارەوەو ڕێگەی خودی میللەتەوە، بەهۆی کۆمەڵێک میکانیزمی جۆربەجۆرەوە، ئەنجامدەدرێت. لەوانە هەڵبژاردنەکان، کارڕاییەکانی پێشکەشکردنی سکاڵا، پەنابردن بۆ یاسا، چالاکییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و ئەوانی تر. بەشێوەیەکی گشتی، ئەوەی لێپێچینەوەی چالاک مسۆگەردەکات، تێکەڵەیەکی لێپێچینەوەی ئاسۆیی و شاقوڵییە. چونکە، بۆ نموونە، سنووردانان بۆ تەشەنەکردنی گەندەڵی لەناو بەرپرسە حکومییەکاندا، پێویستی بە بوونی تێکەڵەیەکی لیژنەکانی بەگژاچوونەوەی گەندەڵی هەیە، کە دەسەڵاتگەلی یاسایی سەربەخۆ کارپێدەکەن، لەگەڵ کۆمەڵە ئەهلییە چالاکەکان و گرووپەکانی چاودێری و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، بەمەبەستی گەڕان بەدوای ڕاستییەکاندا. دەکرێت تێکەڵەیەکی هاوشێوەی ئەوە بەدیبکەین، کە پەیوەندیی هەیە بە مسۆگەرکردنی پابەندبوونی خودی ئەندام پەرلەمانەکان بە پێوانەکانی ڕەفتارەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت سەرەتا تاوتوێی ئەو لایەنە سیاسییە بکەین، کە پەیوەندیی بە لێپێچینەوەی پەرلەمانتارانەوە هەیە، ئەویش لایەنی «بیانوهێنانەوە»ی ئەندام پەرلەمانەکانە بۆ ڕەفتارەکانیان، لەبەردەمی بازنەکانی هەڵبژاردندا.

### بیانوهێنانەوە

لەوەوپێش باسی دوو مەرجی گرنگمان کرد، دەربارەی بیانوهێنانەوەی ئەندام پەرلەمانەکان بۆ ڕەفتارەکانیان لەبەردەم هەڵبژێرەکانیاندا، ئەویش خستنەڕووی ئەو زانیارییانەی تایبەتن بەو ڕەفتارانە و توانای بازنەکانی هەڵبژاردن

بۆ لێپێچینەوەی نوێنەرەکانیان، لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیاریانەدا. لەم بارەیەوە هیچ شتێکی نوێ دەربارەی کرانەوەی پەرلەمان و ئاسانکاریکردن بۆ ئاگاداربوون لە چالاکییەکانی ناخەینــە سەر ئەوانەی لە دوو بەشی پێشوودا هاتوون، بەڵام بیرۆکەی لێپێچینەوە لەناوەوەڕا مانای ئەوەیە، ئەندام پەرلەمانەکان دواتر چڕوپڕتر «بیانو» بۆ ڕەفتارەکانیان بهێننەوە، بەشێوەیەک کە میللەت بتوانێت هەڵوێست بەرامبەری وەربگرێت. وەک بینیمان، هەڵبژێرەکان بایەخی زیاتر دەدەن بە زانینی تێڕوانینی نوێنەرەکانیان لە پەرلەماندا، بەرامبەر بە مەسەلە گرنگەکان، هەروەها بۆ ڕەفتارەکانیان لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکەن. سەبارەت بە ئەندام پەرلەمانەکان، بڵاوکردنەوەی چۆنییــەتی دەنگدانیــان لەســەر مەسەلەیەکی دیاریکراوو توانای پێشکەشکردنی بیانوگەلی لۆژیکی بۆ ئەو دەنگدانە، کرۆکی لێپێچینەوەی سیاسییە. بەرفراوانبوونی بەکارهێنــانی ئینتەرنێتیش- بەشێوەیەک کە بۆتە مەسەلەیەکی ئاسایی زۆربەی پەرلەمانەکان- بووە هۆی ئاسانیی هاتنەدیی ئەو مەرجە.

یەکێک لەو چارەکردنانەی کەمتر باوە، بڵاوکردنەوەی ڕێکوپێکی خولەڕاپۆرتەکانە لەلایەن ئەندام پەرلەمانەکانەوە، ئەوانەی ڕووماڵی ئەو کارانە دەکەن کە پەرلەمان ئەنجامیداون. لەبارەی بڵاوکردــنەوەی ڕاپۆرتگەلی لەو جۆرەوە، ئــەو ڕاپۆرتــە بەشێوەی «ڕاپۆرتی هەمەلایەن»ی گشت چالاکییەکانی پەرلەمان دەبێت. بۆ نموونە، پەرلەمانی ڕۆمانی لە کۆتایی هەر خولێکی پەرلەماندا ڕاپۆرتێک دەربارەی کارەکانی پێشکەشدەکات و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاویدەکاتە. هەروەها پەرلەمانی فنلەندی ســاڵانە ڕاپۆرتێک لە تــۆڕی ئینتەرنێتــدا بڵاودەکاتەوە، کە تاوتوێی ڕێکخستنەکەی و پارەپێدانو حساباتو ئەو ئەرکانەی یاسادانانو نێودەڵەتی دەکات کە ئەنجامیداون. لە فەڕەنسا ڕاپۆرتێکی ساڵانە دەربارەی بودجەو سەرفکردنی لەلایەن هەردوو ئەنجومەنەکەوە بڵاودەکرێتەوە. لە لۆکسمبۆرگ ئــەو ڕاپۆرتــی ساڵانەیە دابەشدەکرێت، کە ئەنجومەنی نوێنەران دەربارەی هەر خێزانێکی وڵات پێشکەشیدەکات. لە دوورگەکانی سان کیتسو نیڤیس ڕاپۆرتەکان لە کۆبوونەوەیەکی گشتیی کراوەدا دەبێــت بەناوی «ڕووبەڕوو»و شێوەی پرسیارکردنی زارەکی لە ئەندام پەرلەمانەکان، دەربارەی تۆماری کاری ساڵانەیان، وەردەگرێت:

«ئەم کۆبوونەوەیــە لە جێگەیەکی دیکــەی دەرەوەی پەرلەمان سازدەکرێت، بەڵام پێویستــە گشت ئەندامەکانی پەرلەمان لەگەڵ هەموو توێژەکانی میللەتدا ڕووبەڕووببنەوە. لەم کۆبوونەوەیەدا ئەندام پەرلەمانەکان لەسەر کارەکانیان تووشی لێپیچینەوە دەبنو لە ڕێگەی ڕادیۆو تەلەفزیۆنەوە ڕاستەوخۆ پەخشدەکرێتو

جەماوەر ڕاستەوخۆ بە ئامادەبوونی بەکردەوە یان بەهۆی تەلەفون و ئینتەرنێتەوە بەشداریدەکەن. لێرەشدا ناوەندێکی ڕایەڵەکار هەیە، کە پرسیارەکانی جەماوەر ئاڕاستەی ئەندام پەرلەمانەکان دەکات و کاتی تەواویان دەداتێ بۆ وەڵامدانەوە. پرسیارەکان خۆڕسک دەبن و ئەندام پەرلەمانەکان هیچ بیرۆکەیەکی پێشوەختیان دەربارەیان نییە. ئەمجۆرە کۆبوونەوانە سەلماندویانە سوودی یەکجار زۆریان هەیە بۆ بواری لێپێچینەوە، هەروەها سوودیان هەیە بۆ بواری هوشیارکردنەوەی جەماوەر سەبارەت بە کاری پەرلەمانتارانە».

ئەگەرچی هەردوو ئەزموونی «لۆکسمبۆرگ» و «سانت کیتس» پەیوەندیان بە دوو دەوڵەتەوە هەیە دانیشتوانەکانیان تاڕادەیەک کەمن، بەڵام هیچ بیانویەک نییە بۆ ئەوەی ئەندام پەرلەمانە سەربەخۆکان ئەو دوو ئەزموونە لەسەر ئاستی بازنەی هەڵبژاردن دووبارەنەکەنەوە. دەشێت ڕاپۆرتێکی ساڵانە دەربارەی چالاکیی ئەندام پەرلەمان و تۆماری بەشداریکردنی لە دەنگداندا ئامادەبکرێت و لە کۆتایی هەر خولێکی پەرلەماندا بنێردرێت بۆ گشت هەڵبژێرەکان و دەرفەت برەخسێنرێت سەبارەت بە تۆماری دەنگدانی لە ڕێگەی ئینتەرنێت یان کۆبوونەوەگەلی ڕاستەوخۆوە لەگەڵ خەڵکی بازنەکەی لێی بپێچرێتەوە. لەوانەیە ئەوە ببێتە هۆی ئەوەی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک، نەک تەنیا لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا، لە ئەندام پەرلەمانەکان بپێچرێتەوە.

## لەکارخستنی ئەندام پەرلەمان

بڕوایەکی وەها هەیە، ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بەشێوەی هەر چوارساڵ جارێک بەس نییە بۆ لێپێچینەوەیەکی ڕاستەقینەی ئەندام پەرلەمانەکان لەبەردەم هەڵبژێرەکاندا. بۆیە هەندێک پێشنیاری ئەوە دەکەن، دەسەڵاتی لەکارخستنیان لەناوەڕاستی ماوەکەدا بدەنە دەست هاوڵاتیان. ئەم کارڕاییە لە دوو ناوچە کارپێدەکرێت، ئەوانەش ئۆگەندا و هەرێمی کۆڵۆمبیای بەریتانییە لە کەنەدا. لە ئۆگەندا (بەپێی مادەی ٨٤ی دەستوور) دەکرێت ئەندام پەرلەمانێک لەبەر ئەم هۆیانە لەکاربخرێت:

- پەککەوتەیی جەستەیی یان زەینی، کە وای لێدەکات نەتوانێت کارەکانی پۆستەکەی ڕاییبکات.
- هەڵسوکەوت یان ڕەفتاری خراپ، کە دەبێتە هۆی ڕقبوونەوە لە پۆستەکەی، یان بەچاوی سوک سەیرکردنی، یان ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەری، یاخود ناوزڕاندنی.

-فەرامۆشکردنی بەردەوام و بێ بیانوی قبوڵکراوی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بەرامبەر بە هەڵبژێرەکان.

بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارڕاییەش، پێویستە داواکارییەکی ڕەسمی پێشکەشبکرێت، کە لانی کەم دوو لەسەر سێی هەڵبژێرەکانی بازنەکەی هەڵبژاردنی واژۆیانکردبێ، یان لەلایەن ئەو توێژەوە پێشکەشکرابێت کە ئەندامەکەی لێوە هەڵبژێردراوە. لیژنەی هەڵبژاردنەکانیش بڕیارێک دەربارەی ڕاستیی داواکارییەکە (ئینجا دەربارەی متمانە لێسەندنەوە) دەردەکات، ئەمەش پاش ئەنجامدانی ڕاپرسیی گشتیی هەمەلایەن.

کەچی لە کۆڵۆمبیای بەریتانی هۆکارە چاوەڕوانکراوەکانی لەکارخستنی ئەندام دیاری ناکرێت، هەروەها میکانیزمی لەکارخستن جیاوازە لەوەی ئۆگەندا، چونکە ئەوە پێویستی بە واژۆی ٤٠٪ی ئەو هەڵبژێرانەیە کە لە بازنەی هەڵبژاردنەکەدا تۆمارکراون و دواییش هەڵبژاردنەکانی لقەکان دەکرێت. لە کاتی پێشکەشکردنی نۆ داواکاریی لە ماوەی ساڵێک و لە خولی ساڵی ٢٠٠١دا (ئەگەرچی لەکۆتاییدا هێچیان سەرنەکەوت) مەترسیی ئەگەری زیادەڕەوی لە بەکارهێنانی ئەو مافەدا لەئارادایە، ئەوەش پەیوەندییەکی زۆری بە کاتو پارە بەفیڕۆدانەوە هەیە، بەتایبەتی کاتێک دەبێت پێداچوونەوەی ڕەسمی بۆ واژۆکان بکرێت، بۆ دڵنیابوون لە دروستیان. دەشێت ئەوەش یەکێک بێت لە هۆکانی بەکارنەبوونی مافی لەکارخستن لەسەر ئاستێکی فراوان.

## پرنسیپ و ڕێساکانی ڕەفتاری پەرلەمانتارانە

میکانیزمی لەکارخستنی ئەندام پەرلەمانەکان دەکەوێتە ژێر ناونیشانی لێپێچینەوەی شاقوڵییەوە، لەکاتێکدا ڕێساکانی ڕەفتارکردن ئامرازێکی باوتری لێپێچینەوەی ئەندام پەرلەمانەکانە لەوانەی ڕەفتاریان تێکدەچێت. ئەوەش بەشێوەیەکی ئاسۆیی لەلایەن لیژنەیەکەوە ئەنجامدەدرێت، کە وەک نوێنەری میللەت هەڵسوکەوتدکات. دە ساڵی ڕابردوو بڵاوبوونەوەی فراوانی گەشەپێدانو هەمەوارکردنی پرنسیپ و ڕێساکانی ڕەفتار بەخۆوەدی، ئەوانەی تایبەتبوون بە خزمەتکردنی گشتی بەشێوەیەکی گشتی و ئەندام پەرلەمانەکان بەشێوەیەکی تایبەتی. ئەم گەشەکردنەش تاڕادەیەک بۆ دڵنیاکردنەوەی ئەو هاوڵاتیانە بوو، کە متمانەیان بە پێوانەکانی تایبەت بە ئەندام پەرلەمانەکان و دامەزراوەکانی نوێنەرایەتیکردن بەشێوەیەکی گشتی نەمابوو، بەلای کەمەوە لەو دەوڵەتانەی

سیستەمی دیموکراتیی ڕەگداکوتاویان تێدایە. لێرەشدا گرنگ نییە بیروڕای میللەت، هاتنەخوارەوەی ڕاستەقینەی لە پێوانەکاندا تاودابێتەوە، یان ئەو بارودۆخانە ڕاگەیەنرابن کە ئەندامانی پەرلەمان ڕەفتاری خراپیان تیادا نواندوەو لە ئاستێکی فراواندا گفتوگۆیان لەسەر کراوە، چونکە میللەت چیدی توانای دان بەخۆدا گرتنی نەماوە. ئەوەی بەلامانەوە گرنگە، ئیمپرێشنەکانی میللەتە، نموونەی ئەو ئیمپرێشنانەش، ڕاپۆرتێکە سکرتێری پەرلەمانی ئوسترالی پێشکەشیکردوەو ئەمەی تێدا هاتووە:

«لە ساڵی ٢٠٠٠دا شتێک هەبوو لە بواری ڕیکلامەکانو ڕۆژنامەنووسانی ئامادەکردنی هەواڵاو فرۆشیارەکانی ئۆتومبیلی بەکارهاتوو لە ئوسترالیا، کە ببوە مایەی هەستکردن بە بەختەوەرییەکی زۆر. چونکە لە ڕابردوودا ئەوانە لە کاتی ڕیزکردنی پیشەکاندا، لەسەر بنچینەی متمانەی میللەت بە خاوەنەکانیان، دەکەوتنە پەراوێزی لیستەکەوەو ئەندام پەرلەمانەکان دەکەوتنە ئەو پلەیەی یەکسەر لەپێش ئەوانەوە بوو، لەگەڵا ئەوەشدا لە تەمموز/ جولایدا ئەو ڕیزبەندییە چاککراو یاسادانەرەکان کەوتنە پەراوێزی لیستێکەوە کە ٣٢ گرووپی پیشەیی لەخۆدەگرێت».

لێرەشدا زۆربەی دڵەڕاوکێی میللەت دەربارەی مەسەلەکانی دارایی بوو، بەتایبەتی بەکاربردنی خەسڵەتی ئەندامبوونی پەرلەمان، بۆ بەهێزکردنی باری دارایی یان بەرژەوەندییەکانی تاکەکان و ڕێکخراوەکان، کە بەشێوازێکی دیاریکراو، لەبەر گوزارشتکردن لێیان، خەڵاتدەکرێن. نیگەرانییەکی تر پەیوەندیی بەڕێژەی ئامادەبوونی ئەندام پەرلەمانەکانو بەکاربردنی ئەو زانیاریانەوە هەیە، کە بۆ ئەوانی دیکە دەستەبەرنەکراون، هەروەها خراپ بەکارهێنانی دەرماڵەکانی پەرلەمان.

لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت هێما بۆ ئەوە بکەین، ئەندام پەرلەمانەکان هەمیشە ملکەچی ڕێساکانی ڕەفتارکردنن، ئەوەش هەمیشە ئەو ڕەفتارە دەگرێتەوە کە کاریگەریی دەبێت لەسەر چاک بەڕێوەچوونی کاری خودی پەرلەمان. ئینجا لە هەر پەرلەمانێکدا چەند پێوانەیەک هەیە، ڕێگە لەوە دەگرن ئەندام بەشێوەیەک قسەبکات یان هەڵسوکەوتبکات، کە سوکایەتیکردن بێت بە ئەندامێکی تر، یان ببێتە مایەی هەڕەشەلێکردنی، یان ئاستەنگ بۆ ئازادیی گفتوگۆکردنو دەنگدان دروستبکات، یاخود بێڕێزی نواندن بێت بەرامبەر بە پەرلەمان یان سەرۆکەکەی. وێڕای ئەو مەسەلانەی پەیوەندیان بە پێڕەوی ناوخۆو بناغەکانی مامەڵەکردنەوە هەیە، پرنسیپێک هەیە ئاشکرایەو دانی پێدا نراوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەندامانی پەرلەمان بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی خەڵک

هەڵدەبژێردرێن، نەک خزمەتکردنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان، کەچی گەلێک پەرلەمان لەم دواییانەدا هەستیان بەپێویستیی بڵاوکردنەوەی ڕاشکاوانەی ئەو پرنسیپە کردوە، ئەویش لە ڕێگەی کۆمەڵێک نەریتو ڕێسای هەڵسوکەوتی گشتییەوە، بەهیوای ئەوەی ببنە مایەی بەهێزبوونی متمانەی میللەت بە سەرڕاستیی پەرلەمانەکان. دەستپێکی ڕێساکانی ڕەفتاری بەرپرسە کەنەدییەکان، ڕاشکاوانە باسی ئەو ئامانجانە دەکات، کە هەمیشە لەو ڕێسایانەیان چاوەڕواندەکات و ئەمانەن:

١- داننان بەوەدا کە کاری پەرلەمانی ئەمانەتێکی میللەت.

٢- پاراستنی متمانەی میللەت بە سەرڕاستیی هەر ئەندام پەرلەمانێکو پاراستنی ئەو ڕێزو متمانەیەی کۆمەڵگە وەک دامەزراوەیەک دەیبەخشێتە پەرلەمان.

٣ - دڵنیاکردنەوەی میللەت لەوەی گشت ئەندام پەرلەمانەکان پابەندن بەو پێوانانەی بەرژەوەندییە گشتییەکان دەخەنە سەروو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانو سیستەمێک دادەمەزرێنن، کە شەفافە و میللەت بەهۆیەوە دەتوانن لە ڕاستگۆییان تێبگەن.

٤- ئاڕاستەکردنی ڕاشکاوانەی ئەندام پەرلەمانەکان، هەتاکو بتوانن دڵنیابن لە چۆنێتی پێکەوە گونجاندنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانو ئەرکە گشتییەکان.

٥- پشتگیریکردنی گەیشتنە کۆدەنگی لەناو ئەندام پەرلەمانەکاندا، لە ڕێگەی دانانی ڕێساگەلی گشتی و تەرخانکردنی ڕاوێژکارێکی گشتیی سەربەخۆوە، کە سەر بە هیچ حیزبێک نەبێت، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارکردنەوانەی پەیوەندیان بە ڕەفتاری گونجاوەوە هەیە.

ئەو دوو ئامانجەی دوایی چەند خاڵێک دەوروژێنن، کە لە کاتی دانانی ڕێساکانی ڕەفتاردا دووبارەدەبنەوە. لەوانە: ئەگەر کۆدەنگی لەناو خودی ئەندام پەرلەمانەکاندا نەبێت، ئەوا سەختە هیچ ڕێسایەک جێبەجێبکرێت. هەروەها لەبەر سروشتی هەندێک بابەتی ئاڵۆزو بوونی چەند «ناوچەیەکی خۆڵەمێشی»، کە جیاوازیی بیروڕا دەربارەی لێکدانەوەی وردی ڕێسایەکی تایبەتی دەخەنەوە، هەمیشە سەختدەبێت کۆدەنگی لەناو ئەندام پەرلەمانەکاندا بێتەدی. بەسوودە وەک لێکدژیی بەرژەوەندییەکان بڕوانینە هەندێک لەو «ناوچە خۆڵەمێشیانە»، بۆ دۆزینەوەی لایەنی گرنگی لێپێچینەوەی پەرلەمانتارانە.

## بەرژەوەندییە گشتی و تایبەتییەکان

لێک جیاکردنەوەی بەرژەوەندییە گشتی و تایبەتییەکان، ڕووخسارێکی سەرەکیی گشت پرنسیپ و ڕێساکانی ڕەفتاری پەرلەمانتارانەیە، ئەو لێک جیاکردنەوەیەش مەسەلەیەکی بنچینەیی بیرۆکەی دیموکراسییە، چونکە ئامانجی بەدەستهێنانی پۆستی هەڵبژاردن بۆ خزمەتکردنی میللەتە، نەک دەوڵەمەندبوون لە ڕێگەی بەکاربردنی دەسەڵات یان پەیوەندییە تاکەکەسییەکانەوە. بە زمانی کەسێکی ئاسایی، بەکاربردنی پۆست بەئامانجی بەرژەوەندیی تاکەکەسی «گەندەڵی»یە، کەچی بە زمانی پەرلەمانتارەکان «ناکۆکیی بەرژەوەندییەکان»ـە. بۆ نموونە، لە ڕێساکانی ڕەفتاری ئێرلەندادا ئەمە هاتووە:

«ناکۆکیی نێوان بەرژەوەندییەکان کاتێک سەرهەڵدەدات، کە ئەندام بە حوکمی پۆستەکەی بڕیارێکدەدات یان بەشداریی لە بڕیاردانێکدا دەکات دەزانێت بەشێوەیەکی ناشایستە و دەستپیسانە، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بەرژەوەندیی دارایی خۆی یان هی کەسێکی تر دەچەسپێنێ. کەچی هیچ ناکۆکییەک لەنێوان بەرژەوەندییەکاندا نابێت، کاتێک ئەندام یان هەرکەسێکی تر، وەک تاکێکی میللەت یان تاکی چینێکی گەورەتر، سوودوەردەگرێت.»

لەگەڵ ئەوەشدا، دەستەواژەی «تاکێک لەناو چینێکی گەورەتردا» مایەی تێڕامانە. بۆ نموونە، ئایا ئەو ئەندام پەرلەمانانەی سەر بەچینی موڵکدارە گەورەکانی زەوین، یان خاوەنی پشکن لە کۆمپانیاکانی نەوت، دەرمان، یان ڕاگەیاندندا، لە کاتی هەموارکردنی یاسایەکی دیاریکراودا بێلایەنترن، کە خزمەتی چینەیان دەکات، یان لەکاتێکدا کە یاسایەک دادەڕێژن دەبێتە مایەی چەسپاندنی بەرژەوەندییە تاکەکەسییە تایبەتییەکانی خۆیان؟ دەشێت جیاوازیی لێرەدا بەلای میللەتەوە ڕوون نەبێت. لەبەر ئەو هۆیە گەلێک پەرلەمان دەیکەنە مەرج بەسەر ئەندامەکانەوە، لە ئەستۆپاکیی دارایی خۆیاندا، لیستێک بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان یان سەرچاوەکانی داراییان تۆماربکەن و فەرمانبەرێکی تۆمارکردنی بێلایەن دامەزرێنن، کە بتوانێت ئامۆژگاری بدات و چارەسەری هەر ناکۆکییەکی چاوەڕوانکراوی ناو بەرژەوەندییەکان بکات. لەو بەندە ئاشنایانەی لە ئەستۆپاکیی داراییدا هەن: خاوەندارێتی پشک لە کۆمپانیای گشتی و تایبەتی، خاوەندارێتی زەوی و خانووبەرەکان، هەبوونی پۆستی کارگێڕی بەرامبەر بە پارەو شەریکایەتیکردن.

بەڵام ئەو بەندانە لیستێکی قەتیسکراوی سەرچاوە چاوەڕوانکراوەکانی ناکۆکی

نێوان بەرژەوەندییەکان نییە، چونکە «ناوچەیەکی خۆڵەمێشی» هەیە پەیوەندیی بەو لایەنە دەرەکیانەوە هەیە، کە ئەندام پەرلەمان هەندێک پابەندیی بەرامبەریان هەیەو لەبری ئەو خزمەتانەی پێشکەشیاندەکات، دەستکەوتی دەبێت. بۆ نموونە، بوونە ڕاوێژکاری پەرلەمانتارانە یان قسەکەری نارەسمی بەناوییەوە. زۆربەی پەرلەمانەکان قەدەغەیدەکەن ئەندامەکانیان بەشێوەیەک گرێبەستیان لەگەڵ لایەنەکانی دەرەوەی پەرلەمان هەبێت، کە خزمەتی بەرژەوەندییەکانیان بکەن. نموونەی ئەوە، ئەم بڕیارەی پەرلەمانی ئینگلستانە، کە ئەنجامی هەوڵدانی سەندیکایەکی کرێکاران (ساڵی١٩٤٧) بۆ ڕێنماییدان بە ئەندام پەرلەمانێک دراوە:

«گرێبەستی ئەندام پەرلەمان لەگەڵ هەر لایەنێکی دەرەکیدا، بەشێوەیەک کە سەربەخۆییو ئازادیی تەواوی لە کاری پەرلەمانیدا کۆتوبەند یان کۆنترۆڵ بکات، دژی شکۆمەندیی پەرلەمان و ئەرکی ئەندامە بەرامبەر بە بازنەی هەڵبژاردنەکەیو ناکۆکە لەگەڵ پاراستنی خەسڵەتی ئازادیی دەربڕیندا. بۆیە ئەرکی سەرشانی ئەندامە، لە خزمەتی بازنەی هەڵبژاردنی خۆی و دەوڵەتدا بێت بەگشتی، نەک لە خزمەتی توێژێکی دیاریکراودا.»

بێگومان هێڵی جیاکەرەوەی ڕێکەوتنی ڕەسمی بۆ چەسپاندنی بەرژەوەندییەکانی لایەنێکی دەرەکی و ڕێکەوتنی ناوەکی بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە لە بەرامبەر پارەیەک زۆر باریکە. بۆیە ئەو لیستە پەرلەمانییەی ئەندامەکان دەربارەی «ئەو بەرژەوەندیانەی دەبێت تۆماربکرێن» پێشکەشیدەکەن، هەمیشە ئەمانە لەخۆدەگرێت: ئامۆژگاریکردنە پێشکەشکراوەکان، جلوبەرگەکان، دیارییەکان، میوانداری، تێچووی سەفەر و بەربژارییە چۆنایەتییەکانی تر. «ناوچەیەکی خۆڵەمێشی» دیکە هەیە پەیوەندیی بە ڕادەی ڕەوایەتیی ئەنجامدانی هەر کارێکەوە هەیە لەلایەن ئەندام پەرلەمانەکانەوەو لەبەرامبەر پارەیەک، لەکاتێکدا ئەوان بەرامبەر بە ئەنجامدانی ئەرکە پەرلەمانتارییەکانیانو لەسەر بنچینەی خۆتەرخانکردن مانگانە وەردەگرن. هەندێک پەرلەمانی دیکە پێیانوایە، بەشداربوونی ئەندامەکان لە چالاکیگەلی دیاریکراوی دەرەوەی کایەی سیاسیو بەرامبەر بە پارەیەک بەربژێرییە، ئەگەرچی بەدەگمەن ڕای میللەت بەرامبەر بەوە وەردەگیرێت. بەهەرحاڵ، سەختە ڕێگە لە ئەندام پەرلەمان بگیرێت بەشداریی کارێک بکات، کە خۆی بۆ تەرخان نەکات، وەک کاری ڕۆژنامەوانی، یان وێستگەی ڕادیۆ بۆ ڕووماڵکردنی ڕووداوەکان، یاخود نووسین بەهەموو جۆرەکانییەوە. چونکە دەشێت ئەو چالاکیانە بە درێژکراوەی سروشتیی کاری پەرلەمانتارانە دابنرێن.

جارێکی دیکە، مەرجی ڕاگەیاندنی سەرچاوەکانی داهاتی ئەندام پەرلەمانەکان لە ئەستۆپاکیی داراییدا، وادەکات ئەم مەسەلەیە یەکێک بێت لەو بابەتە گشتیانەی ڕێگە بە ئەندام پەرلەمانەکانی ترو هەڵبژێرەکان دەدرێت بڕیاری لەسەربدەن، داخۆ ناکۆکیی چاوەڕوانکراوی بەرژەوەندیی تێدایە یاخود نا.

## تۆماری بەرژەوەندییەکان

دەکرێت لە ڕێگەی شەفافیەتەوە، واتە ئاشکراکردنی ئەستۆپاکیی داراییەوە، مامەڵە لەگەڵ زۆربەی «ناوچە خۆڵەمێشییەکان»دا بکرێت، کە دەشـێت دەربڕی ناکۆکیی بەرژەوەندییەکان بێت، جا ئەوە پەیوەندیی بە موڵکایەتیی داراییـەوە هەبێت، یان بە بەدەستهێنانی بەربژێرییەکان، یاخود کارکردن بەرامبەر بەپارە. نموونەی لیستی «ئەو بەرژەوەندیانەی شایانی تۆمارکردنن»و گشت خاڵەکانی پێشووی تێدایە، ئەو لیستەیە کە لە باشووری ئەفریقا کارییپێدەکرێتو ئەمانە دەگرێتەوە:

«ئەم بەرژەوەندیانەی لای خوارەوە لەوانەن کە دەبێت تۆماربکرێن:

١- پشکەکان و بەرژەوەندییـــە داراییـــەکان لـــە کۆمپانیـاکان و کیانـــە مەعنەوییـەکانـدا.

٢- کارکردن لە دەرەوەی پەرلەمان بەرامبەر بە پارە.

٣- بەڕێوەبردن و شەریکایەتیکردن.

٤- چاودێریکردنی چالاکییەکان.

٥-دیاری و میوانداریییەکان لەلایەن یەکێکەوە کە تاکی خێزان یان هاوڕێیەکی هەمیشەیی نییە.

٦-هەر بەربژێرییەکی خاوە سروشتی مادی.

٧-سەفەرکردن بۆ دەرەوە (جگە لەو سەردانە تاکەکەسـیانەی ئەنـدام دەیکات و سەردانەکانی کارکردن کە پەیوەندیان بە خەسڵەتی ئەندامبوونەوە نییە، وەک نوێنەری حکومەت. هەروەها سەردانە حکومی و ڕەسمییەکان، کە بەنوێنەرایەتی دەوڵەت یان حیزبی ئەندامەکە ئەنجامیاندەدات)».

ئەم لیسـتە لەلایەن گشـت پەرلەمانەکانەوە کاری پێ ناکرێت، بەڵکو ئـەو پەرلەمانانەی کاریشی پێ دەکەن، لە ڕووی ناوەڕۆک و جێبەجێکردنەوە، جیاوازیی جەوهەری لەنێوانیاندایە. لەو جیاوازیانە ئەمانەی خوارەوەیە:

-ئایا تۆمارەکە خۆویستە یان داسەپاوە؟ بۆ نموونە، تۆمارەکە لە دەوڵەتە ئەسکەندەناڤییەکاندا خۆویستانەیە.

– ئایا تۆمارەکە تەنیا میرات و خانوبەرەکان دەگرێتەوە، وەک ئەوەی زۆربەی دەوڵەتە فرانکۆفۆنییەکان، یان بەرژەوەندییە داراییەکانی تریش دەگرێتەوە؟
– ئایا ڕاگەیاندنی میرات، موڵک و ماڵی ژنەهاوسەری ئەندامەکە و منداڵەکانی دەگرێتەوە یان نا؟
– ئایا هەموو شتەکانی ناو تۆمارەکە ڕادەگەیەنرێ، یان تەنیا بەشێکی بەنهێنی بە سەرۆکی پەیوەندیدار یان تۆمارکەر ڕادەگەیەنرێ؟
– ئایا ئەندام پەرلەمانەکان ئەستۆپاکییەکە تەنیا لە سەرەتا و کۆتایی ماوەی هەڵبژاردنەکەیاندا پێشکەشدەکەن، یان ساڵانە نوێدەکرێتەوە؟
– ئایا تەنیا لە کاتی کارکردنی پەیوەندیداردا دان بە ئەگەری ناکۆکیی بەرژەوەندییەکاندا دەنرێ، یان تەواوەتی بەشداریکردن تیایدا قەدەغەدەکرێت؟
– ئایا تۆمارەکەو جێبەجێکردنی تەنیا لەلایەن لایەنێکی دەرەکییەوە ئەنجامدەدرێ، یان لەلایەن لیژنەیەکی پەرلەمانییەوە، یاخود لەلایەن هەردووکیان پێکەوە؟

لەبەر جیاوازیی کارپێکردنەکان، لەسەر ئاستێکی فراوان، لە پەرلەمانە جۆربەجۆرەکاندا، سەختە هەر پیادەکردنێک وەربگیرێت و بکرێتە مۆدیلێک بۆ شوێن پێ هەڵگرتن، بەتایبەتی کاتێک گەلێک مەسەلە پێویستیان بە ڕەزامەندیی تێکڕای ئەندام پەرلەمانەکان دەبێت و ئەوەی ئەنجامی جێبەجێکردنی هەریەکێک لە ڕێساکانی کارپێکردنەکە دێتەئاراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێسایەکی پراکتیکی هەیە، پوختەکەی بریتییە لەوەی، هەتاکو سەرقاڵبوونی خەڵک لە وڵاتێکی دیاریکراودا بە مەسەلەی ناکۆکیی بەرژەوەندییەکانەوە زۆربێت، بوونی تۆمارێکی ڕوونی بەرژەوەندییەکان و کەسێکی بێلایەن بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەو مەسەلانە پێویستە بۆ بەدەستهێنانەوە و پاراستنی متمانەی میللەت.

سەبارەت بە بابەتی میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی ڕێساکانی ڕەفتار، پێویستە ئەم بڕگەیەی خوارەوە بە نموونە بهێنینەوە، کە لە لێکۆڵینەوەیەک وەرگیراوە، پەیمانگەی نیشتیمانی بۆ کاروبارە نێودەوڵەتییەکان (NDI) سەبارەت بە پێوانە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بەدامودەزگا دیموکراتییەکانی یاسادانان ئەنجامیداوە:

«زۆرجار دانانی ڕێنماییگەلی خۆیی بەس نییە بۆ جێبەجێکردنی کارامانەی ڕێسا ئەخلاقییەکان. لەبەر ئەم هۆیە گەلێک دەوڵەت دەستەیەکی سەربەخۆ یان کیانێک ڕادەسپێرێ، کە سەر بەهیچ حیزبێک نییە، بۆ چاودێریکردنی ڕادەی پابەندبوون بەو ڕێسایانەوە. بۆ نموونە، کۆمیساری پەرلەمانی لە ئینگلستان دامەزرا، بۆ چاودێریکردنی ڕادەی پابەندبوون بە پێوانەکان و ڕێساکانی ڕەفتار، لە

ڕێگەی «لیژنەی تایبەت بە پێوانە و بەربژێرییەکان»ـەوە کارییێدەکرێتو ئەرکی سەرشانی کۆمیسارە ئامۆژگاریی ئەو لیژنەیــە بکات و تۆماری بەرژەوەندییەکانی ئەندامەکان بپارێزێتو لە مەسەلەکانی تۆمارکردن و چاودێریکردنی جێبەجێبوونی ڕێساکانی ڕەفتاردا، تۆمار پابەندی پاراستنی نهێنییەکان بێت. لەکۆتایشدا وەرگرتنی سکالانامەکان لە یاسادانەرەکان و هاوولاتیان و ئەگەر کراش لێکۆڵینەوە دەربارەیان بکات. ئەگەرچی کۆمیسار ناتوانێت سزاکان بسەپێنێت، چونکە ئەو دەسەلاتە جێهێڵراوە بۆ لیژنەکە، لەبەرئەوەی ئەو لیژنەیە بڕێک بێلایەنی بەو ڕۆڵە دەبەخشێت، کە زیاترە لەوەی دەشێت ئەنجامی پرۆسەی چاودێریکردنی خۆیی لەلایەن لیژنەی هەڵسەنگاندنەوە بەرهەمبێت».

## ئامادەبوونی دانیشتنەکانی پەرلەمان

زۆربەی ڕێساکانی ڕەفتار، بەشێوەیەکی بنچینەیی، پەیوەندیان بە مەسەلەکانی دارایی و ئەگەری لێکدژیی بەرژەوەندییەکانەوە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو مەسەلانە بەتەنیا متمانەی هەڵبژێرەکان بە ئەنــدام پەرلەمانەکان لاوازناکات. ئەوەی جێی بایەخپێدانیشە، بابەتی ئامادەبوونی دانیشتنــەکانی پەرلەمانــە. وەک لەوەوپێش ڕوونمانکردۆتەوە، دەشێت دیمەنی هۆڵەکانی پەرلەمان و بوونی چەندین کورسیی بەتاڵ لەکاتی دانیشتنەکاندا، ئیمپرێشنێکی ساختەکارانە بخەنەڕوو، چونکە دەشێت ئامادەنەبوونی ئەندامەکان بەهۆی سەرقاڵبوونەوە بێت بە کارە ڕەواکانی پەرلەمانو بازنەکانی هەڵبژاردنەوە. زۆربەی پەرلەمانەکان ئامادەبوونی ئەندامەکانیان لە دانیشتنەکانی لیژنەکان و دانیشتنە گشتییەکاندا ڕێکدەخەن، ئەوەش لە ڕێگــەی ڕێنماییە هەمیشەییــەکانەوە، کە مــەرج دادەنێن بۆ ئاگادارکردنــەوەی سەرۆکی پەیوەندیدار، سەبارەت بە هۆکانی ئامادەنەبوون لە دانیشتنەکاندا. لێرەشدا سزای «ئامادەنەبوونی بێ بیانوو» یەکێک یان گشت ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

- بڵاوکردنەوەی ناوی ئەندامەکە لە لیستی ئامادەبوان و ئامادەنەبوواندا.
- ئاڕاستەکردنی لۆمەی ڕەســمی یان «بانگــەواز بۆ پابەندبــوون بە پێڕەوی ناوخۆوە».
- بڕینی بەشێک لە مانگانەی ئەندام.
- لەکارخستنی کاتی.
- لێسەندنەوەی دەسەڵاتپێدانی پەرلەمانتارانە.

یەکێک لە ســزادانــە ڕیزپەڕەکــانی ناو ڕێنماییــەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی

ئەمریکاو فلپین دەسەڵاتدەداتە بەرپرسی جێبەجێکار ئەندامی تاوانبار دەستگیربکات و بەزۆر بیبات بۆ دانیشتنی پەرلەمان و هەر دانشتنێکی تر.

**بڕوانە**: (Marc Vand der Hulst, The Parliamentary Mandate, IPU, 2000, pp. 107-12:)

## بۆ خوێندنەوەی زیاتر دەربارەی ڕێساکانی ڕەفتارو ناکۆکیی بەرژەوەندییەکان لە تۆڕی ئینتەرنێتدا بڕوانە:

Association of Secretaries General of Parliaments (1998). Codes of conduct for parliamentary staff, in Constitutional and parliamentary information, Nº 175 <http://www.asgp.info/Publications/CPI-English/1998_175_02-e.pdf>

European Centre for Parliamentary Research and Documentation (2001). Parliamentary codes of conduct in Europe: an overview. <http://www.ecprd.org/Doc/publica/OTH/CodeCondduct.pdf>

National Conference of State Legislatures (nd). Model code of conduct for legislative staff. <http://www.ncsl.org/racss/codeofconduct.htm>

National Democratic Institute (1999). Legislative ethics: a comparative overview. <http://www.accessdemocracy.org/library/026_ww_legethics.pdf>

Stapenhurst, R. and Pelizzo, R. (2004). Legislative ethics and codes of conduct. World Bank Institute. http://siteresources.worldbank.org/EXTPARLIAMENTARIANS/Resources/Legislative Ethics and Codes of Conduct.pdf

## پارەدان بەحیزبەکان و هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن

بابەتەکانی تایبەت بە مەسەلەکانی پەرلەمان، کە ڕێساکانی تایبەت بە ڕەفتاری ئەندامەکان لەخۆیاندەگرن، تەنیا سەرچاوەی نیگەرانیی خەڵک نەبووە لە دەساڵ یان دەساڵەکانی ڕابردوودا، بەڵکو نیگەرانییەکی تریش هەبووە دەربارەی پارەدان بەو حیزبە سیاسیانەی پێشبڕکێ لەسەر پۆستە گشتییەکان دەکەن. لەگەڵ بەرزبوونەوەی تێچووی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن کە پێیدەوترێ «پێشبڕکێی چەکەکانی هەڵبژاردن» لەلایەکەوەو کەمیی بەدیکراوی ئەو پارەیەی لە ئابوونەی ئەندامێتییەوە دێت لەلایەکی ترەوە، زۆربەی حیزبە سیاسییەکان ناچاربوون داوای پشتگیریکردنی دارایی لە تاکو

دامەزراوە دەوڵەمەندەکان بکەن. ئەمەش ئەو مەترسییەی هێنایەئاراوە، کە گشت ئەندامە هەڵبژێراوەکان ملکەچی لێپێچینەوەی لایەنە پارەبەخشەکان بن، زیاتر لە ملکەچبوونیان بۆ لێپێچینەوەی هەڵبژێرەکانیان.

وەک بینیمان، حیزبە سیاسییەکان، وێڕای لاوازیی بایەخپێدانیان لە زۆربەی دەوڵەتەکاندا، ڕۆڵێکی گرنگ لە ژیانی پەرلەمانی و سیاسیدا دەگێڕن. بۆ بەدەستهێنانی هەر کاریگەرییەک لەسەر سیاسەتی گشتی، پێویستە هاوڵاتیانو ئەندام پەرلەمانەکان بەیەک دڵ لەگەڵ هاوبیرەکانیان بن، لەبری هەڵسوکەوتکردنی ئەوەی یەکێکیان لە دۆڵێکدایەو ئەویتریان لە دۆڵێکی تردایە. حیزبەکان بە «مادەی پێوەنووسان» دەچن، کە یەکگرتوویی پرۆسەی سیاسی دەپارێزێن، چونکە تەنیا حیزبەکان دەتوانن ئەو سیاسەتە ئەڵتەرناتیڤانە و پرۆژەیاسایانە پێشکەشبکەن، کە دەشێت بەشێوەیەکی لۆژیکی دەرفەتی هەموارکردن یان ڕەخنەلێگرتن و دژایەتیکردنیان هەبێت. هەڵبژێرەکانیش دەزانن بە دەنگدان لە بەرژەوەندیی کاندیدێکی حیزبێکی دیاریکراو، ئەوا کاندیدی ئەو حیزبە لەکاتی هەڵبژاردنیدا کاردەکات بۆ پشتگیریکردنی پرۆگرام و سەرکردایەتیی حیزب. بەوجۆرە حیزبەکان دەرفەتی پێشبینی بۆ هەڵبژێرەکان دەڕەخسێنن، ئەمەش وادەکات توانای کاریگەریی بەکۆمەڵیان لەسەر پێکهاتەی پەرلەمان و دانانی بەرنامەکەیدا هەبێت.

لەبەر ڕۆڵی جەوهەریی حیزبە سیاسییەکان، ڕای گشتی سەرقاڵی ئەوەیە، داخۆ بەشێوەیەکی باش پارەیان بدرێتێ کە ملکەچی لێپێچینەوە بن، بەجۆرێک ئەو حیزبانە بتوانن هەڵمەتەکانی خۆیان و ناوخۆی خۆیان ڕێکبخەن و هوشیاریی لەناو ئەندامەکانیاندا زۆربکەن. نزیکە بیست ساڵە تەنیا شتی زۆر کەم دەربارەی پارەدان بە حیزبە سیاسییەکان زانراوەو حیزبەکان وەک دامەزراوەیەکی تایبەت سەیرکراون، کە تەنیا لەبەردەم خۆیاندا دەکەونە ژێر لێپێچینەوەوە. مەسەلەکانی تایبەت بە پارەدان بە حیزبەکان ماوەیەکی کەمە کەوتۆتە بەردەمی ڕای گشتیو دان بەوەدا نراوە، پەیوەندیی لەنێوان حیزبەکانو پێشبڕکێی هەڵبژاردنو لێپێچینەوەی پەرلەماندا هەیە. ئێستا دوو لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریی تێروتەسەلمان لەبەردەمدایە، کە نوێترین زانیارییەکان دەربارەی پارەدان بە حیزبەکان لەجیهانو پێشنیارگەلی تایبەتی بە گەشەکردنی پەرلەمانتارانە دەخەنەڕوو. ئەوانەش بریتین لە «ڕێبەری نێونەتەوەیی دیموکراسیو یارمەتیدانی هەڵبژاردن IDEA» بەناونیشانی «پارەدان بە حیزبە سیاسییەکانو

هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن» (Funding of Political Parties & Electoral Campaigns)و «ریجینالد ئۆستین»و «ماجا تیرنستۆرم» ئامادەیانکردووەو ساڵی٢٠٠٣ لە ستۆکهۆڵم چاپکراوە، لەگەڵ لێکۆڵینەوەکەی پەیمانگەی دیموکراتی بۆ کاروبارە نێودەوڵەتییەکان (NDI) دەربارەی پارەدان بەحیزبەکانی ٢٢دەوڵەتی تازەپێگەیشتوو، بە ناونیشانی «ڕۆڵی پارە لە سیاسەتدا» (Money in Politics) لە نووسینی «دینیس بایەر»و «شاری برایان»ـەو ساڵی ٢٠٠٥ لە واشنتۆنی پایتەخت چاپکراوە. ئەو دوو لێکۆڵینەوەیە هەندێک هێمای تایبەت سەبارەت بە پراکتیکە باشەکان پێشکەشدەکەن، ئەگەرچی زۆربەی ئەو زانیاریانەی تیایاندا هاتوون پشت بە هەلومەرجی هەر دەوڵەتێک دەبەستن.

ترسەکان دەربارەی پارەدان بە حیزبەکان، کە لەو دوو لێکۆڵینەوەیەدا هاتوون، جەغت لەم سێ کێشەیە دەکەنەوە:

-**بەش نەکردنی دەستکەوتەکان:** ئەمەش کێشەیەکی سەختە، بەتایبەتی لەو دەوڵەتە تازەپێگەیشتوانەدا کە تیایاندا، بەهۆی ئابوونەی ئەندامێتییەوە، پارەیەکی ئەوتۆ بەدەست نایەت شایانی باسکردن بێت. بۆیە کاندیدەکە گەلێک جار ناچاردەبێت هەڵمەتی هەڵبژاردنەکە بە داهاتی تایبەتی خۆی بەڕێوەبەرێت. «چوار لە هەر پێنج کاندیدێک، کە ڕایان وەرگیراوە، دەڵێن: خۆیان بڕی هەرە زۆر پارەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنیان لەئەستۆدەگرن و گەلێک جار خۆیان ڕووبەڕووی تارمایی مایەپوچی دەکەنەوە... ئەنجامی ئەوەش زۆرێک ڕوودەکەنە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ لایەنە سەربەخۆکانی پارەبەخشدا، کە ئامانجیان مامەڵەکردنی جیاکارەیە، پاش هەڵبژاردنی کاندیدەکە. لەوەش خراپتر، زۆرێک لەوانەی بانگەشە بۆ چاکسازی دەکەن، یەکجارەکی خۆیان لە چوونە ناو گۆڕەپانی هەڵبژاردنەکان دەپارێزن و بوارەکە بۆ کاندیدە دەوڵەمەندە سەربەخۆکان جێدەهێڵن». (**سەرچاوە: لێکۆڵینەوەکەی پەیمانگەی دیموکراتیی نیشتیمانی ل**٤).

-**جیاوازی لە دەستکەوتەکاندا:** دەکرێت مەیدانی هەڵبژاردن، بەهۆی ناهاوتایی سامانی حیزبە سیاسییە پێشبڕکێکەرەکانەوە، بەشێوەی جۆراوجۆر لە کۆمەڵگەدا دووچاری شێوان ببێت. ئەو خەوشییەش ئەنجامی ئەوە ڕوودەدات، کە حیزبە حوکمڕانەکان دەتوانن دەستکەوتەکانی حکومەت و دامودەزگاکانو چاودێریکردن بەکاربەرن، بۆ بەدەستهێنانی بەربژێری لەسەر حسابی حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆن. بەپێی لێکۆڵینەوەکەی پەیمانگەی نێونەتەوەیی بۆ دیموکراسی و یارمەتیدانی هەڵبژاردن (ل٢٨)، «تەنیا حیزبەکانی حوکم بەدەست دەتوانن بارێکیان هەبێت

یاریدەدەربێت بۆ لەنگەربەستنی گرێبەستەکانو بەربژارییەکانی تر، یان بەکارهێنانی سامانەکانی دەوڵەت بەشێوەیەکی نایاسایی بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان».

**-سەرچاوەی گومانپێکراوی پارەدان:** دەشێت گرووپــە بەهێزەکـانی بەرژەوەندی پارەبـدەن بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتــەکانی هەڵبژاردن و چاوەڕوانی بەدەستهێنانی بەربژێرییەکان بن، ئەوەش لە ڕێگەی یاسادانانی لەو جۆرەی لە بەرژەوەندیی ئەواندان، یان ئەو بەربژێریانەی تر کە پرۆسەی دیموکراسی لەباردەبەن و متمانەی میللەت بە ســەرڕاستیی حکومــەت لەناودەبەن. لێکۆڵینەوەکەی پەیمانگەی نێونەتەوەیی بۆ دیموکراسی و یارمەتیدانی هەڵبژاردن (NDI) ئەوە لە (ل٨)دا بەمجۆرە پوختدەکاتەوە: «مەسەلەی گرنگ لێرەدا ئەوەیە، داخۆ ڕێگە بەو سامانانە دەدرێت، کە لە گرووپەکانی بەرژەوەندییەوە بەدەستهاتوون، زاڵبن بەسەر یەکسانیی دەرفەت لە مافی دەنگداندا».

لەو ترسانەی پێشـوەوە ڕووندەبێتــەوە، بابـەتی پـارەدان بــە حیزبــەکانو هەڵمەتەکانی هەڵبــژاردن دەســتکاریی ژمارەیەک لەو کۆڵەکانــەی پەرلەمانی دیموکراتی دەکەن، کە ئەم کتێبە تاوتوێیاندەکات. ئەوانەش: سەرڕاستیی پرۆسەی هەڵبژاردنو توانای بۆ دامەزراندنی پەرلەمانێک کە لە ڕووی «سیاسییەوە» نوێنەرایەتی هەڵبژێر بکات، نوێنەرایەتیکردنی «کۆمەڵایەتیانە»ی پەرلەمان لە ڕێگەی ڕۆڵی سامانی تاکەکەسییەوە بۆ کاندیدبوون بۆ پەرلەمان. لەسەروو هەموو ئەوانەشەوە، ملکەچبوونی پەرلەمان بۆ لێپێچینەوە لەبەردەم هەڵبژێرەکاندا.

## تاوتوێکردنی ترسەکان

چۆن دەکرێت تاوتوێی ئەو ترسانە بکرێت؟ ئەو دوو لێکۆڵینەوەیەی پێشەوە لەسەر ئەوە کۆکن، کە ستراتیژەکان بەشێوەیەکی زۆر گەورە بەپێی هەلومەرجی هەر دەوڵەتێک بەتەنیا دەگۆڕێن و تاقە مۆدێلێک نییە بۆ پراکتیکێکی چاک، کە لە جیهاندا شوێنپێی هەڵبگیرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، دوو لێکۆڵینەوەکە پێشنیاری هەندێک پرنسیپی ڕێنماییکەر دەکەن، بۆ پارەدان بە حیزبەکان. لەوانە: ١) وا چاکترە پشــت بە ئاوێتەیەکی ستراتیژەکانی یاسادانان ببەسترێ (ڕێنماییەکانو پێشکەشکردنی یارمەتی دارایی و شەفافیەت) نەک پشتبەستن بە هەر کەسێک. ٢) هاندانی فرەسەرچاوەی پارەدان. ٣) پێویستی جێبەجێکردنی کارامانەی یاسادانانەکان لە ڕێگــەی تاقە لایەنێکەوە. لەکۆتایشدا هەرگیز سیستەمێکی توکمە لەئارادانییە، چونکە دەرپەڕینی پارە وەک دەرپەڕینی ئاو وایە. بەپێی ئەو

لێکۆڵینەوەیەی پەیمانگەی نێونەتەوەیی بۆ دیموکراسی و یارمەتیدانی هەڵبژاردن (ل١٣): «هیچ بەربەستێک نییە ڕێگە لە تەشەنەکردن و دەرپەڕینی ئاو بگرێت». لێکۆڵینەوەکەی پەیمانگەی دیموکراتیی نیشتیمانیش چەندین چاوپێکەوتنی لەخۆگرتووە، کە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکاندا کراون و ڕوونیدەکاتەوە، یاسادانانەکان چۆن دەتوانن لە ڕووی پراکتیکییەوە خۆیان لێی بەدووربگرن، ئەمەش جەغتکردنەوەیە لەسەر ئەو گومانە.

وێڕای ئەوە، گومانکردن بە جێبەجێبوونی توندوتۆڵی یاسادانانەکان، پاساونییە بۆ تاوتوێ نەکردنی ئەو بابەتە. ئینجا دەشێت ئەمانە لەو دوو لێکۆڵینەوەیەوە هەڵهێنجین، کە دەربارەی ستراتیژەکانی یاسادانانن و لەوەوپێش باسمانکردن:

## دیسپلینەکان:

دیسپلینەکان پیشاندانو داواکارین، ئامانج لێیان سنووردانانە بۆ «داواکاری»ی حیزبەکان سەبارەت بە بەدەستهێنانی دەستکەوتەکان لەلایەکەوەو چۆنێتی «پیشاندان»ی ئەو دیسپلینانە لەلایەکی ترەوە. لێرەشدا دوو کارڕایی دەربارەی لایەنی داواکاری هەن بۆ لەباوەشگرتنی «چەکەکانی» هەڵبژاردن. ئەوانەش: پابەندکردنی خەرجییەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن و پابەندکردنی ڕیکلامکردنی سیاسی بەپارە لە وێستگەی ڕادیۆو تەلەفزیۆندا، جا ئەوە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بێت یان لە ماوەی نێوان هەڵبژاردنەکاندا. لەلایەنی پشتگیرییەوە، دەکرێت ئەو بەشداریکردنانە قەدەغەبکرێن، کە سنورێکی دیاریکراو تێدەپەڕێنن، یان لە سەرچاوەگەلی بیانییەوە بەدەستهاتوون، یاخود لە ڕێکخراوەکانەوە بەدەستهاتوون، نەک لە تاکە سەربەخۆکانەوە. پێویستە ڕەزامەندیی سیاسیی فراوان لەسەر ئەو پابەندییانە هەبێت و بەشێوەیەکی چالاکانە جێبەجێبکرێن و بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و لە ڕێگەی «شێوازەکانی لێپرسینەوەی داهێنەرانەوە» ڕێگە لەوە بگیرێت سەرپێچیان بکرێت.

## پشتگیریکردنی حکومی:

پشتگیریکردنی حکومەت لە حیزبە سیاسییەکان لە ئاستێکی فراواندا خوازراونییە، ئەگەر حیزبەکان پشتی پێ ببەستنو هەوڵ نەدەن داهات لە ڕێگەی لایەنگیرە خۆبەخشەکانەوە بەدەستبێنن، ئەوا دەشێت زیانیان پێ بگەیەنێت. لە گۆشەنیگایەکی ترەوە، دەشێت پشتگیریکردنی حکومەت تاڕادەیەک ببێتە هۆی

زەمینەسازیی گۆڕەپانەكە بەشێوەیەكی گەورەتر بۆ حیزبەكان و پشتگیریكردنی ڕۆڵی گشتیی بنچینەییان. هەمیشە پشتگیریكردنی «ماڵیتە» لە پشتگیریكردنی «نەختینە» باشترە. دەشێت یارمەتییە ماڵیتـەكان بەشێوەی دیاریكردنی كات بێت بەبێ پارە، بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن لە ئامرازەكانی ڕاگەیاندنی حكومیداو دابەشكردنی بڵاوكراوەكانی هەڵبژاردن بەبێ پارەو بەكارهێنانی بینا حكومییەكان بۆ سازدانی كۆبوونەوەكان و یارمەتییەكانی دیكە. هەروەها دەشێت یارمەتی نەختینە بەشێوازی ناڕاستەوخۆ پێشكەشبكرێت، وەك خۆشبوون لە باجەكان یان كەمكردنەوەی باجی داهات لە كاتی كۆكردنەوەی پارەدا. لەكاتی پشتگیریكردنی ڕاستەوخۆشـدا دەشـێت ئەو یارمەتییـە داراییانـەی لە ئاستێكی دیاریكـراودا زۆرتردەبێت، گرێبدرێنەوە بـە قەبـارەی ئەندامێتی لە حیزبدا یان بەگەربخرێن بۆ هاندانی پشتگیركردنی خۆبەخشانە. هەروەها پشتگیریكردنەكە بەكاردێت بۆ هاندانی پراكتیكی چاك لەلایەنەكانی تردا، كە پەیوەندییان بە چالاكیی حیزبییەوە هەیە، وەك هەڵبژاردنی كاندید.

**شەفافیەت**:

لە زۆر وڵات نادیاری دەوری وردەكارییەكانی سەرچاوە داراییەكانی حیزبەكان دەدات و تەنیا لەلایەن تەسكترین بازنەی ناوخۆی حیزبەوە زانراوەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا شەفافیەت لێرەدا، وەك لە هەر كایەیەكی تردا، مەسەلەیەكی گرنگە بۆ بەدەستهێنانی متمانەی میللەت و ڕێكخستنی كارا پشتی پێ دەبەستێو هیچ پشتگیرییەكی دارایی بەبێ ئەو لەلایەن میللەتەوە قبوڵ ناكرێت. ئاشكرابوونی ژمێریاری، مانای ئەوەیە ئەندامەكانی حیزب و حیزبە كێبڕكێكارەكان بتوانن چالاكانەتر بەشداریبكەن لە جێبەجێكردندا. ئەمەش نموونەیـەكی باشـی ئەو بنەمایەیە كە دەڵێت: دەكرێت لێپێچینەوەی كارا بەشێوەیەكی باشتر لە ڕێگەی ئاوێتەكردنـی لێپێچینەوەی «ئاسـۆیی»یەوە لەبەردەم لایەنی جێبەجێكاری تایبەتمەندو لێپێچینەوەی «شاقوڵی»یەوە لەبەردەم گشت خەڵكدا بهێنرێتەدی.

لە كۆتایی ئەم گفتوگۆیەدا دەربارەی پارەدان بە حیزبەكان، سوودبەخشە دوو نموونە لە ڕاپۆرتە پەرلەمانییەكانەوە بهێنینەوە، كە ئاوێتەیەكی گشت ستراتیژە پەرلەمانییەكانی پێشـوو ڕووندەكەنەوە. بۆ نموونە، ڕاستكردنەوەی دەستوری ساڵی٢٠٠١ لە یۆنان، ئەم دەقــە ڕاشكاوەی دەربارەی پارەدان بە حیزبەكانو هەڵبژاردنەكان هێنایەئاراوە:

«حیزبە سیاسییەکان دەتوانن بەپێی یاسا پشتگیریی دارایی لە دەوڵەتەوە بەدەستبێنن بۆ خەرجیی هەڵبژاردنەکان و چالاکییەکان. یاساکە ئەو دابینکاریانەی شەفافیەت دیاریدەکات، کە بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندیان بە خەرجییەکانی هەڵبژاردنەوە هەیە. هەروەها ئەوانەی پەیوەندیان بە دارایی حیزبە سیاسییەکانو ئەندام پەرلەمانەکان و ئەو کاندیدانەوە هەیە، کە پۆستە ناوچەییەکانی حکومی وەردەگرن. یاساکە لانی زۆری خەرجییــەکانی هەڵبژاردنەکان دادەنێ و دەشێت چەند جۆرێکی دیاریکراوی پڕوپاگەندەش لەلایەن حیزبەکانەوە قەدەغەبکرێتو ئەو مەرجانەش دەستنیشانبکرێن، کە بەهۆیانەوە هەر سەرپێچییەکی دەستووره پەیوەندیدارەکان دەبێتــە مایــە لێسەندنەوەی ئەندامێتی پەرلەمان، ئەمەش بەدەستپێشکەریی دەستەیەکی تایبەت، کە لەم مادەیەی خوارەوەدا هاتووە. لێرەشدا دەستەیەک ئەرکی پێداچوونەوە بەو خەرجیانەی هەڵبژاردنەکاندا دەکات، کە تایبەتە بە حیزبە سیاسییەکان و کاندیدەکانی پەرلەمانو بەپێی یاساش گەورە بەرپرسانی دادوەری بەشداریی لەو دەستەیەدا دەکەن. (**بڕگە٢ لە ماددەی ٢٩)**».

بەپێی ڕاستکردنەوەی دەستووری، ئەو ماددەیەی پێشوو تەنیا پرنسیپە بنچینەییەکانی یاسادانان لەو بوارەدا دیاریدەکات. بۆ وردەکاریی زیاتریش دەربارەی یاسادانانێکی بەکار، ئەم باسکردنە دەربارەی یاسای ساڵی٢٠٠٤ دێنینەوە، کە پەرلەمانی کەندی خستویەتیەڕوو:

«هەتاکو ساڵی ٢٠٠٤ تەنیا لە کاندیدەکان و حیزبە سیاسییەکان داواکرابوو سەرچاوەکانی پارەدان و قەبارەی پارەبەخشینەکان بۆ ســەرۆکی دەزگــای هەڵبژاردنەکان ئاشکرابکەن. ئێستا ئەوە فراوانبووەو ڕاگەیاندنی ســەرچاوەکانی پارەدان گشت بەشداربووە سیاسییەکان دەگرێتەوە، لەوانە: کاندیدەکان، حیزبە سیاسییەکان، یەکێتیە ناوچەییەکانی هەڵبژاردن، ڕکابەرەکانی سەرکردەکان، ئەوانەی پێشبڕکێ لەسەر کاندیدبوون دەکەن. ئێستا پێویستە بەشداربووە سیاسییەکان هەر پارەخشینێک لە ٢٠٠دۆلار زیاتربوو ئاشکرایبکەن... هەروەها ئێستا سەرچاوە چاوەڕوانکراوەکانی پارەبەخشینی سیاسی گۆڕانی بەسەرداهاتووە. لە ڕابردوودا پارەبەخشینەکان لەلایەن تاکەکان یان کۆمپانیاکان یاخود یەکێتییەکانو ڕێکخراوەکانی ترەوە بوو و لانی زۆری قەبارەکەی لەئارادانەبوو، کەچی ئێستا، جگە لە هەندێک ڕیزپەڕی کەم، ڕێگە تەنیا بەو هاوڵاتیانە دەدرێت پارە بە حیزبە ڕەسمییەکان یان سەرکردە ڕکابەرەکان ببەخشن، کە بەشێوەیەکی بەردەوام لە دەوڵەتەکەدا نیشــتەجێن و نابێت پارەبەخشــینەکەش لە ٥٠٠٠ دۆلار زیاتربێــت.

بۆ قەرەبووكردنەوەی ئەو زیانە داراییـــەی بەهۆی گۆڕانی ڕەوایەتیی لایەنە پارەبەخشەكان زیانیان پێ كەوتووە، ئێستا سالآنە برێكی پارە (٧٥ر١دۆلار) لە بەرامبەر هەر دەنگێك دەدرێت، كە حیزب لە هەڵبژاردنی گشتیی پێشوودا بەدەستیهێناوە (ئەم برە پارەیەش بۆ بەپیرەوەچوونی هەڵئاوسان لە نرخەكاندا زیاددەكرێت)، بەمەرجێك ئەو حیزبە ٢٪ی دەنگە ڕاستەكانی لەسەر ئاستی نیشتیمانی یان ٥٪ی دەنگەكانی ئەو بازنانەی هەڵبژاردنی بەدەستهێنابێ، كە كاندیدەكانی بەشداریی هەڵبژاردنیان تێدا كردوون. ئەم ڕێژەیەش وەك داهاتێكی بێلایەن تەرخاندەكرێت، چونكە ئەو بڕوایە لەئارادایە، كە حیزبە سیاسییە بەهێزەكان لە ڕووی داراییەوە بەشداردەبن لە پاراستنی سەلامەتیی پرۆسەی هەڵبژاردندندا. هەروەها ئەو گۆڕانكاریانە هاندەرێكی بۆ هاندانی تاكەكان هێنایەئاراوە، هەتاكو لە ڕێگەی دووجاكردنی پارەبەخشینی سیاسیی تاكەوە، كە شایستەی ئەوەیە بەڕێژەی ٧٥٪ لە باجی بۆ دابشكێنرێ، ئەوەش لە ٢٠٠ هەتاكو ٤٠٠ دۆلار».

## بۆ خوێندنەوەی زیاتر دەربارەی پارەدان بە حیزبەكان لە ئینتەرنێتدا:


Austin, R. and Tjernström, M. (eds) (2003). Funding of parties and election campaigns. International IDEA
<http://www.idea.int/publications/funding_parties/upload/full.pdf>

Bryan, S. and Baer, D (eds.) (2005). Money in politics: a study of party financing practices in 22 countries. National Democratic Institute.

http//:www.accessdemocracy.org/library/1848_polpart

International IDEA (2005). Political finance database
<http://www.idea.int/parties/finance/db/>

Johnston, M. (2005). Political parties and democracy in theoretical and practical perspectives: political finance policy, parties, and democratic development. National Democratic Institute
<http://www.accessdemocracy.org/library/1949_polpart_johnston_ 110105.pdf>
Moneyandpolitics.net. <http://www.moneyandpolitics.net/>

## چاودێریکردنی ڕای گشتی

یەکێک لەو مەسەلانەی دەشێت بەشدارییکات لە لێپێچینــەوەی پەرلەمانەکاندا، هەڵسەنگاندنی بەردەوامی هەڵوێستی میللەتە، لە ڕێگەی ئەنجامدانی ڕاپرسییەوە. ئەگەرچی ئەو ڕاپرسیانە بەشێوەیەکی مەنهەجی تەنیا لــە ژمارەیەکی زۆر کەمی پەرلەمانەکاندا ئەنجامدەدرێت. بۆ ئەنجامدانی ئەو هەڵسەنگاندنەش، گەلێک جار پشت بە سەرەنجامەکانی ڕووپێوکردنە «بارۆمیترییە» هەرێمایەتییەکان دەبەسترێت (وەک بارۆمیتری تایبەت بە دەوڵەتەکانی ئەمریکای لاتین یان بارۆمیتری ئەفریقی...هتد). ئەو ڕووپێوکردنانە جەغت لەسەر ئەو سەرەنجامە دەکەنەوە، کە پێشتر هێمامان بۆ کردووە، ئەویش ئەوەیە کە پەرلەمان وەک دامەزراوەیەک لەلایەن میللەتەوە ڕێزێکی زۆری لێ ناگیرێت، ئەگەرچی چەندین جیاوازی لەسەر ئاستی هەرێمایەتی هەن، وەک لە خشتەی (٥-١)دا هاتووە. بۆ نموونە، لە باری دەوڵەتەکانی یەکێتیی ئەورووپادا، کە پشت بە ئامارگەلێک دەبەسترێت ماوەیەکی درێژە ئەنجامی ڕووپێوکردنەکان دەردەخەن، هاتنەخوارەوەیەکی ئاشکرا لە بواری متمانەبوون بە پەرلەمانەکان، لەناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی بیستەمەوە بۆ کۆتایی نەوەتەکان، بەدیدەکرێت. بۆ نموونە، بڕوانە ئەم دوو سەرچاوەیەی خوارەوە:

Suzan J. Pharr and Robert D. Putnam eds., Disaffected Democracies, Princeton, 2000; Suzan Hattis Rolef, Trust in Parliaments - Some Theoretical and Empirical Findings,unpublished manuscript, The Knesset, Israel, 2005.

### خشتەی (٥ – ١): متمانەکردن بە دامەزراوە نیشتیمانییەکان: نیشانەکان لەسەر ئاستی هەرێمایەتی



## تێبینییەک:

نیشانەکانڤو ژمارە هەرێمایەتییەکانی تایبەت بە هەر دەوڵەتێک بەتەنیا لە خشتەی ناو لێکۆڵینەوەیەکدا هاتووە، کە پەیمانگەی نێونەتەوەیی بۆ دیموکراسی و یارمەتیدانی هەڵبژاردنەکان لە ستۆکهۆڵم- سوێد (IDEA) ساڵی ٢٠٠٥ لە ژێر ناونیشانی «دە ساڵ پشتگیریکردنی دیموکراسی لە گشت ناوچەکانی جیهان»دا (Ten Years of Supporting Democracy Worldwide) ئەنجامیدا (لاپەڕەکانی ٦٣-٦٤) ئەو نیشانانەی خشتەی (٥-١) یش لەو سەرچاوەیە وەرگیراون و بەشێوەی ڕووپێوکردنی بارۆمیتریانەی هەر هەرێمێک کۆکراونەتەوە. لێرەشدا مەبەست لە متمانە «متمانەبوونی تەواوەتی یان هەندێک متمانە»یە لەبەرامبەر «متمانەی کەم یان بێمتمانەیی»و «نازانم»دا. دەستەواژەی «حیزب»یش مانای ئەو حیزبەیە کە حوکمی بەدەستەوەیە.

ئەو ئامارانەی تایبەتن بە یەکێتیی ئەوروپا لە «بارۆمیتری ئەوروپی-٦١: ڕاپرسیی ڕای گشتی لە یەکێتیی ئەوروپا» لەم سەرچاوەیەدایە:

European Commission (2004), Eurobarometer 61: Public Opinion in the European Union, page 10, at <http://europa.eu.int/comm/public_opinion/archives/eb/eb61/eb61_en.pdf>

بارۆمیتری ئەوروپی ژمارە (٦١)، نەک هەر بارۆمیترێکی تر، هەڵبژێراوە. هەتاکو تەبابێت لەگەڵ ئەو ساڵانەی نموونەکانی ناوچەکانی تریان تێدا هەڵبژێراوە، چونکە داتا بنچینەییەکانی ڕاپرسییەکە لە ئەفریقا ساڵانی ٢٠٠٢ -٢٠٠٣، ئەوروپای نوێ ساڵانی ٢٠٠٤-٢٠٠٥، ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە هەردوو ساڵی ٢٠٠١و ٢٠٠٣دا، ئەمریکای لاتین ساڵی ٢٠٠٣، یەکێتیی ئەوروپا بەهاری ٢٠٠٤ کۆکرانەوە. دەستەواژەی «حیزب»یش لێرەدا مانای کۆ دەدات، واتە «حیزبە سیاسییەکان»و دەستەواژەی «حوکم» مانای سیستەمی دادوەری یان سیستەمی یاساییە. ژمارەکانیش وەڵامی ئەوانەیە ڕایان دەربارەی ئەمانە وەرگیراوە: «مەیلی متمانەبوونم هەیە»، «مەیلی بێمتمانەیم هەیە»و «نازانم».

**ئەفریقا (١٥ دەوڵەت):** مالی، تەنزانیا، مالاوی، مۆزەنبیق، لیسوتو، بوتسوانا، گانا، ئۆگەندا، نامیبیا، کینیا، زامبیا، سەنگال، باشووری ئەفریقا، دوورگەکانی سەری سەوز (کیب فیرد)و نایجیریا.

**ئەوروپای نوێ (١١ دەوڵەت):** ئیستۆنیا، هەنگاریا، لیتوانیا، ڕۆمانیا، پۆلەندا، لاتفیا، سلۆڤاکیا، کۆماری چیک، بولگاریاو ڕووسیا.

**ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (٨ دەوڵەت):** چین، تایلاند، مەنگۆلیا، فلیپین، کۆریا، یابان، هۆنگ کۆنگو تایوان.

**ئەمریکای لاتین (١٧ دەوڵەت):** بەرازیل، ئۆرۆگوای، شیلی، کۆلۆمبیا، کۆستاریکا، فەنزویلا، هندۆراس، پەنەما، مەکسیک، سلڤادۆر، پاراگوای، ئەرجەنتین، پیرۆ، نیکاراگوای، بۆلیڤیا، ئیکوادۆرو گواتیمالا.

**یەکێتیی ئەوروپا (١٥ دەوڵەت):** ئوسترالیا، بەلجیکا، دانمارک، فنلەندا، فەڕەنسا، ئەڵمانیا، یۆنان، ئێرلەندا، ئیتاڵیا، لۆکسمبۆرگ، هۆڵەندا، پۆرتوگال، ئیسپانیا، سوێد، ئینگلستان. ئەم ژمارانە هی ئەو دەوڵەتانەی سەر بە یەکێتیی ئەوروپای فراوانکراوی تێدانییە، کە لە ئایار/ مایۆی ساڵی ٢٠٠٤وە بوونەتە ئەندام.

دەبێت کاتی لێکدانەوەی هەموو ئەو ژمارانەی لە خشتەکەدا هاتوون وریابین، لەبەر چەند هۆیەک:

یەکەم جیاوازیی گەورەی نێوان هەر دەوڵەتێکی ناو هەر هەرێمێک دەشارنەوە، هەروەها وردەکاریی ژمارەکان ڕووندەکەنەوە. دووەم سەختە بۆ زۆربەی ئەوانەی ڕایان وەرگیراوە، بەتایبەتی ئەوانەی ئاستی خوێندن و هوشیاریی سیاسیان نزمە، جیاوازی بکەن لەنێوان دامەزراوە جۆربەجۆرەکانی حکومەت یان لەنێوان تۆماری سەرکردە سیاسییە دامەزراوەکان و ئەو پۆستانەی بۆ ماوەیەکی کاتی وەریاندەگرن. سێیەم ڕاپرسییەکان هێما بۆ ئەوە دەکەن، خەڵک هەمیشە بەشێوەیەکی پۆزەتیڤانەی ڕوونتر دەڕواننە نوێنەرەکانی بازنەکانی هەڵبژاردنی خۆیان، بەراورد بە هەڵسەنگاندنیان بۆ دامەزراوەی پەرلەمان بەگشتی، ئەمەش هێمایە بۆ گرنگیی شوێن و پێگەیشتنی تاکەکەسی، بەو پێیەی دوو خەسڵەتی بنچینەیی سیستەمی نوێنەرایەتین.

وێڕای ئەوە، ناکرێت دڵنیابین بەرامبەر بەو سەرەنجامانە، چونکە بەسوودنین بۆ سەلامەتیی دیوکراسی، مادام دامەزراوەی بنچینەیی نوێنەرایەتیکردن، بەراورد بەوانی دیکە، ڕێزێکی زۆری لێ ناگرێت. لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازییەک هەیە لەنێوان ئەو زانا سیاسیانەی هەوڵدەدەن ئەو سەرەنجامانە لە ڕووی هۆی وردی پشتی سەرەنجامەکانەوە لێکبدەنەوە. لە لێکۆڵینەوەیەکدا، کە بۆ گرووپی کاری یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێونەتەوەیی ئامادەکراوە، مارتا لاجوس (ئەندامی گرووپ لە تیمی پێوانەی بارۆمیتریی دەوڵەتەکانی ئەمریکای لاتین) هاوکات گرنگیی ڕوانینە مەسەلەی متمانە لە پەرلەمان و چوارچێوەی متمانە لە دامەزراوە گشتییەکاندا بەشێوەیەکی گشتی ڕووندەکاتەوە. سەبارەت بە ئەمریکای لاتین، دڵنیایی یان متمانە خەسڵەتێکی ڕۆتینیە لە ڕێگەی پەیوەندییە تاکەکەسییە

تایبەتیە توندوتۆڵەکانە دێتەدی، نەک خەسڵەتێکی کارلێککردنە کۆمەڵایەتییە مەودا فراوانتر یان هی دامەزراوە سیاسییە گشتییەکان کە ناکرێت پێشبینی سەرەنجامەکانیان بکرێت. «چونکە کۆمەڵگە لە کارلێککردنێکی کراوەی لەگەڵ لایەنە نامۆکاندا خۆی ڕێک ناخات، بەڵکو زیاتر لە گرووپگەلی داخراوی بوارێکدا خۆی ڕیکدەخات، کە دەشێت بیگاتێ... متمانە لە کۆمەڵگەی ئەمریکای لاتیندا لەناو دەستەکانی ناو کۆمەڵگەدایە نەک لەنێوان خۆیاندا». لەبەر ڕۆشنایی ئەم شیکردنەوەیەدا، خودی پەرلەمان وەک دەستەیەکی داخراوی دیکە دەربکەوێتو چالاکییەکانی بەشێوەیەک نابینرێت کە پەیوەندیان بە کۆمەڵگەی فراوانترین مەوداوە هەبێت. «ئێستا یەکەم، پێش ئەوەی پەرلەمان ببێتە دامەزراوەیەکی تەواو ڕەوا بەلای زۆربەی خەڵکەوە، پێویستە ئەو یاسایانەی پەرلەمان هەمواریاندەکات سوودیان بۆ کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتی سەلمابێت و ئەو ڕێسایانە لەخۆبگرن کە هەموان لەبەردەمیاندا یەکسانن.» ئینجا یەکێک لەو تەحەددایانەی لەئاستێکی فراواندا ڕووبەڕووی دیموکراسی دەبنەوە، چۆنێتی زاڵبوونە بەسەر تەنگوچەڵەمەی بێمتمانەیی لەنێوان فراکسیۆنە جۆربەجۆرە کۆمەڵایەتیەکاندا، لەوانە ئەوەی پەرلەمان بۆ خۆی پێکیدەهێنێ.

گشت شیکەرەوەکان، کاتی لێکدانەوەیان بۆ هاتنەخوارەوەی ئاستەکانی متمانەکردن بە پەرلەمان، بەهەمان پلە بایەخ نادەن بە نەبوونی متمانەی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی گشتی، بەلای کەمەوە ئەوەی پەیوەندیی بە هەندێک هەرێمەوە هەیە. بۆ نموونە، ڕیچارد روز (ئەندامی گرووپی پێوانەی بارۆمیتری ئەورووپی) دەربارەی وڵاتە سوشیالیستەکانی پێشوو لە ئەورووپای خۆرهەڵات، پێیوایە هۆی بنچینەیی ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی میللەت بۆ کارڕاییکردنی دامەزراوەیی و ڕەفتاری خودی ئەندام پەرلەمانەکان (بۆ نموونە، بڕوانە ئەو لێکۆڵینەوەیەی ویلیام میشلەرو ڕیچارت روز لە ژێر ناونیشانی «ئاسەوارە سیاسییەکانی متمانە چین؟» سەرچاوە: (William Mishler & Richard Rose, What are political consequences of Trust?, Center of study of Public Policy, University of Aberdeen). کاتێک مەسەلەکە پەیوەندیی بە دەوڵەتە دیموکراتییە چەسپیوەکانەوە هەیە، هیچ بەڵگەگەلێک نین بۆ ڕوودانی پاشەکشەی متمانەی کۆمەڵایەتی، هاوشێوەی پاشەکشەی پێگەی پەرلەمانەکان لای خەڵکانی ئاسایی. پێدەچێت گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی تر لە زۆربەی دەوڵەتە پێشکەتووەکاندا گرنگتربن. لەگەڵ زۆربوونی هەڵوەشانەوەی

سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان، سەختە یاسادانانەکان بەبێ وروژاندنی دوژمنایەتیی گرووپ (یان گرووپەکان)ی کەمایەتیی بەهێز بهێنرێنەئاراوە. سەرەنجام بنکەی کۆمەڵایەتیی چەسپیوی حیزبەکان لاوازدەبێت. هەروەها هەڵوێستەکان بەرامبەر بە دەسەڵات جیاوازیی کەمیان لەنێواندایەو لایەنەکانی کەموکوڕی لە دەسەڵاتدا لەسەر ئاستێکی فراوان ئاشکرادەکرێن. لەهەمان کاتدا پرۆسەی جیهانیبوون هەندێک هێزی هێناوەتەگۆڕێوە، کە دوور لە دەستی دامەزراوە سیاسییە نیشتیمانییەکان کاریگەریان لەسەر خۆشگوزەرانیی هاوڵاتیان هەیە. هەموو ئەو هۆکارانەش بەشداریانکردووە لە پاشەکشەکردنی متمانەی میللەتدا.

## پەرلەمانەکان دەتوانن کار لە ڕای گشتی بکەن

جیاوازیی لەنێوان هەرێمەکانی جیهاندا هەرچەندێک بێت، دەشێت تاقە سەرەنجامێکی گشتی هەڵهێنجین، کە بەسەر هەموویاندا جێبەجێدەبێت، ئەویش ئەوەیە کە هەندێک هۆکار کار لە ئاستەکانی متمانەبوونی خەڵک بە پەرلەمانەکـان دەکەن و دەشێت بیانگێڕینەوە بۆ پرۆســەگەلی کۆمەڵایەتیی فرانترین مەودا، کە خودی پەرلەمانەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کۆنترۆڵیاندەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا هێشــتا لەتوانای پەرلەمانەکاندا ماوە کۆششەکانی خۆیان چڕبکەنەوە بۆ چاککردنی دیمــەنی خۆیان لەناو جەماوەردا. لێرەشدا زۆر گۆڕانکاری و داهێنان هێنراونەتەئاراوە، کە لە بەشەکانی پێشوودا هێمامان بۆ کردون، هەتاکو پەرلەمانەکان زیاتر نوێنەری میللەت و شەفاف بن و توانای گەیشتنە پەرلەمانەکان زیاتربێت و بۆ بەپیرەوەچوونی ترسەکانی تایبەت بە متمانەی میللەت و هەندێک جار ئەو ڕەخنانەی ڕاپرسییەکان ئاشکرایانکردوون. هەروەها هەندێک بەڵگــە هەن سەبارەت بەو چاکسازیانەی لە هەندێک پەرلەمانی دیاریکراودا ئەنجامدراوەو بەشداریکردوە لە چاککردنی دیمەنیان لەبەردەم میللەتدا. بۆ نموونە، پەرلەمانی سوێدی ڕایگەیاندوە، پشتگیریکردنی میللەت بۆ پەرلەمان گۆڕانێکی کەمی بەسەردا هاتووەو ڕوونیکردۆتەوە کە ئەنجامی کارکردنی پەرلەمان بەدرێژایی دەساڵ کرانەوەو شەفافیەتی پەرلەمان زیاتربووە. «زۆر خەڵک هەست بەوە دەکەن ئێستا ئاسانترە پەیوەندی بە پەرلەمانەوە بکەن (زیاتر لەوەی لە ڕابردوودا ڕوویدەدا) و بایەخدانی خەڵک بە ئاشنابوون بە زانیاریی زیاتر دەربارەی پەرلەمان زۆرتربووە». پەرلەمانی تورکیش ڕایگەیاندوە، ئەنجامی دەستپێشکەرییەکانی ئەم دواییە بۆ ئەوەی پەرلەمان کراوەتربێت و ئاسانتر بیگەنێ، «ڕاستبێژیی پەرلەمان لەناو دامەزراوە گشتییەکاندا لە پلەی دەیەمەوە ببێتە پلەی چوارەم».

ئەو نموونانە ڕوونیدەکەنەوە، دەکرێت متمانەکردنی خەڵک بە پەرلەمان وەک دامەزراوەیەک زیاتربێت. هێماش بۆ ئەوە دەکەن پێگەی پەرلەمان بەشێوەیەکی گەورە زۆردەبێت، ئەگەر خۆی دەستپێشکەرییکرد بـــۆ ئەنجامدانی بەردەوامی ڕاپرسی بەشێوەیەکی ڕۆتینی بۆ ئاشنابوون بە هەڵوێستی هەڵبژێرەکان بەرامبەری. هەروەها هەڵسەنگاندنی کاریگەریی گشتیی ئەو چاکسازییە دیموکراتیانەی بەکردەوە ئەنجامیداون، بەمەبەستی ملکەچبوونی خۆی بۆ لێپێچینەوە.

## بۆ خوێندنەوەی زیاتر دەربارەی سەرەنجامەکانی ڕووپێوکردنی تایبەت بە پەلەمانەکان لە تۆڕی ئینتەرنێتدا:

Afrobarometer <http://www.afrobarometer.org/>
Bratton, M, Chu, Y-H, Lagos, M & Rose, R (2005(. The people's voice: trust in political institutions, in Ten years of supporting democracy worldwide. International IDEA <http://www.idea.int/publications/anniversary/upload/Inlay_senttoprint_30May05.pdf>

Centre for the Study of Public Policy, University of Aberdeen <http://www.abdn.ac.uk/cspp/>

East Asia Barometer <http://eacsurvey.law.ntu.edu.tw/>

Eurobarometer <http://europa.eu.int/comm/public_opinion/index_en.htm>

Latinobarometer <http://www.latinobarometro.org/>



# پەرلەمانێکی کارا لەسەر ئاستی نیشتیمانی

## ٦- پەرلەمانێکی کارا لەسەر ئاستی نیشتیمانی

ئەم بەشەو ئەوانەی دواتر تاوتوێی ئەو شێوازانە دەکات، کە پەرلەمانەکان کارایانە کارەکانی خۆیانی پێ ڕێکدەخەن، بەشێوەیەک کە بتوانن ئەرکە سەرەکییەکانی خۆیان جێبەجێبکەن. ئەگەرچی لە سەرەتاوە پێناچێت «کارابوون» بەهایەکی دیموکراتیی جیاکارەبێت، بەڵام بێگومان دەبێتە بەهایەکی دیموکراتیی جیاکارە، کاتێک ئەو ئەرکانەی پەرلەمان جێبەجێیاندەکات، واتە یاسادانان، چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، چاودێریکردنی دارایی‌و ئەوانی تر گرنگ دەبن بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراسی. پەرلەمانەکانیش ناتوانن وەک پێویست خزمەتی بەرژەوەندییەکانی هەڵبژێرەکان بکەن، ئەگەر دەرامەتی تەواویان بەدەستەوە نەبێت بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکانە، یان دەرامەتەکانیان بەفیرۆدا، یاخود بەشێوەیەکی ناکارا بەکاریانهێنا. ئەوانەی لە سەرەتاوە وەک هۆگەلی «هونەری» یان «کارڕایی» دەردەکەون، زۆری پێ ناچێت دەردەکەوێت پەیوەندیی توندوتۆڵیان هەیە لەگەڵ سەرەنجامەکانی یاسادانان و ئەو خەرجییە داراییانەی بەپیر پێداویستییەکانی کۆمەڵگەوە دەچن. هەمان شت بە پلەیەکی گەورەتر سەبارەت بە کارابوونی پەرلەمان ڕاستە، ئەوەش لە توانای پەرلەماندایە بۆ بینینی ڕۆڵی گرنگی خۆی لە پاراستنی سەلامەتی و بەهێزکردنی نیشتیماندا، بەتایبەتی لەو هەڵوێستانەدا کە ڕووبەڕووی هەڕەشەی دەکەنەوە.

پێش تاوتوێکردنی مەسەلەی کارابوونی پەرلەمان، پێویستە سەرەتا باسی بابەتی «دەسەڵات» بکەین. دەسەڵات چەند واتایەکی هەیە، لێرەدا تەنیا باسی دوو دانەیان دەکەین: یەکەمیان دەسەڵات بەواتای توانا (Capacity) و مەبەست لێی بەدەستهێنانی ماف و سامانە یاساییەکانە، جا ئەوانە دارایی بن یان مرۆیی یاخود ڕێکخراوەیی، بۆ ئەنجامدانی کارە گرنگەکان. دووەمیان دەسەڵاتە بەواتای «هێزی کاریگەر» (Relational) و مانای بەدەستهێنانی دەسەڵات و سەربەخۆیی

تەواوە، بۆ چاودێریکردنی کارایانەی کارەکانی لایەنە جێبەجێکارەکان. بێگومان پێویستە پەرلەمانەکان هاوسەنگیی لەنێوان هاوکاریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەڵبژێردراو و چاودێریکردنیدا ڕابگرن. چونکە دەستوەردانی بەئەنقەست، بەمەبەستی ئاستەنگ دروستکردن بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بەدەگمەن سوودی بۆ جەماوەر دەبێت. ئەگەرچی مەترسیی هەڕەشەکەری کاتەکانی ئێستا هەژموونی زاڵە لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنــەوە، بەهۆی بێتوانایــی پەرلەمـــان لەئاست کارپێکردنی دەسەڵاتەکانی خۆیدا، یان دەستهەڵگرتن لە کارپێکردنی ئەو دەسەڵاتانە.

بێگومــان جیاوازیی ڕوون لەنێــوان سیستــەمی ســەرۆکایەتی و سیستەمی پەرلەمانیـدا هەیە. چونکە لەوەی یەکەمدا دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن بەڕوونی لێک جیادەکرێنەوە. لە خەسڵەتەکانی هەندێک سیستەمی سەرۆکایەتی لە ڕابردوودا، بێتوانایی سەرۆکی هەڵبژێردراو لەبەرامبەر جێبەجێکردنی بەرنامەی یاسادانەرانەی خۆی، لەبەر پاراستنی زۆرینەی دەنگەکانی کۆنگرس بۆ ماوەگەلی کاتی. بۆ نموونە، وەک ئەوەی لە ئەمریکــای لاتین ڕوویــدا. لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتی یاسادانانی ســست یان ناکارا ناتوانێت تەنانەت لەم بارەدا خزمەتی دیموکراسی بکــات. ڕووپێوێکی بەراوردکار دەربارەی هێنانەئارای دیموکراسی لەو دەوڵەتانەدا، کە سیستــەمی کۆمۆنیزم تیایاندا کۆتاییهاتبوو، گەیشتە ئەو سەرەنجامەی ئەوەی ئاستی هاتنەئارای دیموکراسی و کوالێتییەکەی لە وڵاتێکدا دیاریدەکات، جۆری سیستەمی دەستووری نییە (جا ئەوە سەرۆکایەتی بێت یان «نیمچە سەرۆکایەتی» یاخود پەرلەمانی)، بەڵکو هێز و کارابوونی دەسەڵاتی یاسادانانە. ئەوەش دەگەڕێتــەوە بــۆ ئەوەی دەسەڵاتی یاسادانانی بەهێز، وەک ئامرازێکی چاودێریکردن وەهــا، کە قورساییەکی زۆر دەخاتە ســەر دەســەڵاتی جێبەجێکردن. هەروەها هاندەرێکی بەهێــزە بۆ بنیاتنانی حیزبــەکان. هەروەها ڕووپێوەکە گەیشتــە ئەو سەرەنجامەی، «دەشێت هێزی دەسەڵاتی یاسادانانی نیشتیمانی یەکێک بێــت لە کلیلە دامەزراوەییەکانی هێنانەئارای دیموکراسیو لەوانەیە لە هەندێک کاتیشدا تاقە کلیل بێت». «لەو دەوڵەتانەشدا، کە دەسەڵاتی یاسادانان لاوازە، پێویستە لایەنگرانی دیموکراسی ئەوپەڕی ئەولەویەت بدەنە ئەو چاکسازییە دەستووریانەی ئامانجیان بەهێزکردنی توانای دەسەڵاتی یاسادانانە».
M. Steven Fish, Stronger Legislatures, Stronger Democracy, ) (٢٠-٥.pp , ٢٠٠٦.jan ١٧, ١ , Jornal of Democracy

ئەم بەشــە تاوتوێــی ئــەو توخمانــە دەکــات، کە دەبنــە هــۆی هێنانەئارای

پەرلەمانێکی بەهێزو کارا لە ڕووی: ئاسانکارییەکانی پەرلەمانو ڕێکخستنی خۆیی، شێوازەکانی گەشــەپێدانی کارڕاییەکانی یاسادانان، چاودێریکردنی چالاکانەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، کارڕاییەکانی چاودێریکردنی بودجەی ساڵانە و لایەنەکانی دارایی. لەکۆتایشدا تاوتوێی هەمەلایەنترین ڕۆڵی پەرلەمان دەکات، بۆ چەسپاندنی کامڵبوونی نیشتیمانی، لە ڕێگەی کارڕاییە دیموکراتییەکانەوە.

## ئاسانکارییە پەرلەمانییەکان و ڕێکخستنی خۆیی

هەموو بەڵگــەکان، بەوانەشی لەو ڕاپۆرتانەدا هاتــوون کــە پەرلەمانەکان لە چوارچێوەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا پێشکەشیانکردوە، هێما بۆ ئەوە دەکەن، کەلێنێکی گەورە، لە ڕووی ئەو دەرامەت و ئاسانکاریانەی بۆ پەرلەمانەکان دەستەبەرکراون، لەنێــوان دەوڵەتە پێشکەوتووەکانو تازەپێگەیشتووەکاندا هەیە. ئەمەش جێی ســەرسوڕمان نییە، لەبەر لاوازیی بودجە لە دەوڵەتە تازەپێگەیشتووەکاندا، وێڕای پێداویستییەکانی دیکەی پەرەپێدان، کە باری کۆڵیان گرانکردووە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم مەسەلەیە بەڕادەیەکی زۆر نەبۆتە مایەی نیگەرانیی خودی ئەندام پەرلەمانەکان.. بەڵام ئەو پەرلەمانەی بڕێکی تەواو دەرامەتی لەبەردەستدایە، وەک ئەوەی لە دەوڵەتــە پێشــکەوتووەکاندا هەیە، ئەمانەی خوارەوەی تێدا مسۆگەردەبێت:

- تاقمێک لەو پسپۆڕانەی بێلایەنانە لە چالاکییــە جۆربەجۆرەکاندا پشتگیریی ئەندام پەرلەمانەکان دەکەن.
- کتێبخانەیەکی هەمەلایەن و ناوەندێکی زانیارییەکان.
- ئۆفیســەکان بــۆ ئەندامەکان، کــە هەریەکــەیان ســکرتێری خۆی و گرووپی لێکۆڵینەوەی تایبەت بەخۆی هەیە.
- تەرخانکردنی ئاسانکارییەکان بۆ حیزبە سەرەکییەکانی ئۆپۆزسیۆن.

زۆربەی دەوڵەتــە تازەپێگەیشــتووەکان بەدەســت کەمیی ئــەو ئاسانکاریو دەرامەتانەو کەمیی ئەو کارمەندانەوە دەناڵێنن کە خاوەن ئەزموونی گونجاون. تەنانەت لە وڵاتێکی گــەورەی وەک باشووری ئەفریقادا، وێڕای گەشەکردنی زۆری خزمەتگوزارییەکانی پەرلەمان لە ساڵی ١٩٩٤وە (بۆ نموونە، ژمارەی تاقمی کاری لیژنەکان لە ١٠ تاکەوە بەرزبۆتەوە بۆ ١٦٩)، هێشتا ئەندام پەرلەمانەکان دەڵێن، کەمیی ژمارەی یاریدەدەرکان و شارەزاییان لەو ئاستەنگانەن کە ڕێگرە لەبەردەم کارابوونی کارڕاییکردنیاندا».

ئەگەر پەرلەمانەكان بەهۆی لاوازیی دەرامەتەكانەوە بێتوانابوون، ئەوە بێگومان ئەوە كاریگەریی لەسەر هاوسەنگیی دەسەڵاتی لەگەڵ لایەنە جێبەجێكارەكاندا دەبێت و چاودێریی پەرلەمانتارانە كەمتر وردبین دەبێت و ئەندام پەرلەمانەكان بۆ بەدەستهێنانی زانیارییەكانیان پشت بەو فەرمانبەرانە دەبەستن، كە بەپلەی یەكەم وەلایان بۆ دەسەڵاتی جێبەجێكردن هەیەو لەوانەیە حكومەت لە كاتی دانانی سیاسەتەكان و یاسادانانەكاندا بەتەواوی پەرلەمان پشتگوێبخات. ئینجا ئەگەر میللەت بینی پەرلەمان سوودی كەمی بۆ ئەو هەیەو لەو ڕۆڵە تێنەگەیشت كە دەیگێڕێ، ئەوا دەشێت ئەوە كار لە توانای پەرلەمان بكات، بۆ داواكردنی دەرامەتی زیاتر لەو بودجە نیشتمانییەی لە بنەڕەتدا سنووردارە.

زۆرێک لە پەرلەمانەكان چەند ستراتیژێكیان داناوە، بۆ پڕكردنەوەی كەمیی دەرامەتەكان، لەوانە:

- ڕاهێنانی خودی ئەندام پەرلەمانەكان بەشێوەیەكی كاراترو هاندانیان بۆ قوڵبوونەوە لە شاراوەكانی كاری پەرلەمانتارانەدا.
- پشتبەستنی فراوانتر و مەنهەجیتر بە پسپۆڕەكانی كایە جۆربەجۆرەكانی كۆمەڵگەی مەدەنیو ناوەندی ئەكادیمی بۆ پشتگیریكردنی كاری لیژنەكانی پەرلەمان و بەشە جۆربەجۆرەكانی.
- دانانی بەرنامەی ناوخۆیی بۆ ڕاهێنان.
- دەستەبەركردنی ئاسانكارییەكان لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە، بۆ بەهێزكردنی تواناكانی توێژینەوەو زانیارییەكانی پەرلەمان، لەوانەش دابینكردنی كتێبخانە.

لەو بوارانەی دەشێت یارمەتییە دەرەكییەكان كاریگەریی زۆری لە وڵاتە دیموكراتییە تازەپێگەیشتووەكاندا هەبێت، ئامادەكردنی بەرنامەی بنیاتنانی تواناكانی ئەندام پەرلەمانەكان و یاریدەدەرەكانیانە. ئەم بوارەش ئێستا جێی پشتگیریكردنی ڕێكخراوەكانی وەک یەكێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتی و چەندین ئاژانسی نێودەوڵەتیی پەرەپێدانە (بڕوانە بەشی هەشتەم). لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ئەو شێوازانەی یارمەتیدانی دەرەكی، وەک جێگرەوەی ئەو دەرامەتە بن، كە لە بودجەی نیشتیمانییەوە بەدەستدێت. لەو لێكۆڵینەوەیەی یەكێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتی ساڵ ١٩٩٩ دەربارەی خەرجییەكانی پەرلەمان لە ٥٢پەرلەماندا، كە لێكۆڵینەوەكە گرتبوونییەوە، ڕوونبۆتەوە بەشی پەرلەمان لە بودجەی دەوڵەت لە دانمارك ٠١ر٠٪و لە یۆنان ٦ر١٪ـەیە. لێرەشدا لەبەر گرنگیی ئەو ڕۆڵەی پەرلەمانەكان دەیگێڕن، ناكرێت بە دامەزراوە خاوەن خەرجییە زۆرەكان دابنرێن.

## سەربەخۆیی پەرلەمانەکان

ئاستی دەرامەتەکان و تاقمی کاری دەستەبەرکراو بۆ پەرلەمان هەرچەندێک بێت، ئێستا لە ئاستێکی فراواندا ئەوە ساخبۆتەوە، پێویستە پەرلەمان لە ڕووی بەڕێوەبردنی کاروبارەکان و کۆنترۆڵکردنی خشتەی کات و توانای بانگهێشتکردنی ئەندامەکانییەوە بـۆ ئامادەبوونی دانیشـتنە ڕیزپەڕەکان، هەرکاتێک هەلومەرج پێویستی پێی بوو، سەربەخۆبێت لە دەسـەڵاتی جێبەجێکردن. ئەم مەسەلەیە یەکێکە لەو لایەنانەی جیاوازیی نێوان هەردوو سیستەمی سەرۆکایەتی و پەرلەمانیی بە ڕوونییەکی زۆر تێدا دەردەکەوێت. چونکە لە سیستەمی سەرۆکایەتیدا تەحەددای باو، هێنانەدیی هاوکاریکردنی کارای نێوان هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردنە، کەچی لە سیستەمی پەرلەمانیدا بریتییە لە هێنانەدیی سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی بەهێزتری هەریەکێکیانە لەویتر.

بەڵام «سـەربەخۆیی» پەرلەمانتارانە بەدیاریکراوی پێویستی بە چییە؟ لەو ڕاپۆرتەدا کە «یەکێتیی سکرتێرە گشتییەکانی پەرلەمانەکان» (Association of Secretary Generals of Parliament) ساڵی ١٩٩٨ ئامادەیکردوە، پێناسەیەک بۆ دەسـتەواژەی «سەربەخۆیی» لەم سیاقەدا هاتووەو بریتییە لە «پشـت نەبەستنی پەرلەمانەکان بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و پاشکۆنەبوونی بۆی، ئەمە وێڕای توانای ئازادبوونی پەرلەمان، ئەگەر ڕێژەییش بێت، لە یاسای ئاسایی و پێڕەوکردنی ئەو ڕێنماییانەی تایبەتن بەخۆی.» هەروەها ئەو ڕاپۆرتە هێما بۆ ئەوە دەکات، کە «زۆربەی دەوڵەتەکان لە چەند دەقێکی دەستووریدا، کە تاوتوێی بابەتی لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەکەن، بەڕەسمی دان بە پرنسیپی سەربەخۆیی پەرلەماندا دەنێن.» ڕاپۆرتەکە بەگشتی گەیشتۆتە ئاستی کاراترکردنی ئەو پرنسیپە لە واقیعی بەکردەوەدا. بڕوانـە ( Michel Couderc, The principle of parliamentary autonomy, Constitutional & Parliamentary Information, No ١٧٦. , ١٩٩٨)

هێنانەدیی پرنسیپی سەربەخۆیی پەرلەمان لە واقیعی بەکردەوەدا، گرێدراوی ژمارەیەک لایەنی جیاوازە، وەک لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کە پەرلەمانی سلۆڤاکی لە چوارچێوەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا پێشکەشیکردووەو بریتییە لەم لایەنانە:

- بەرپرسیارێتی پەرلەمان لە تاقمی کاری تایبەت بەخۆی.
- کۆنترۆڵکردنی بودجەی پەرلەمان لەلایەن خۆیەوە.
- کۆنترۆڵکردنی کاری پەرلەمان لەلایەن خۆیەوە.

ئێستا هەریەکێک لەو لایەنانە بەتەنیا تاوتوێدەکەین:

## بەرپرسیارێتی پەرلەمان لە تاقمی کاری تایبەت بەخۆی

ئەو ڕاپۆرتانەی هەریەکێک لە پەرلەمانی هیندی و کەندی بەدوای یەکدا پێشکەشیانکردوە، جەغت لەسەر گرنگیی سەربەخۆیی پەرلەمانکارەکان لە خزمەتکردنی گشتی یان مەدەنیدا کراوەتەوە:

**هیندستان:** «بۆ ئەوەی پەرلەمان بتوانێت کارایانە، لە چوارچێوەی لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکاندا، کارەکانی خۆی ئەنجامبدات، پێویستە سکرتاریەتێکی سەربەخۆی هەبێت. بۆ هێنانەدیی ئامانجی سەرەکیش، کە بریتییە لە زامنکردنی چەمکی لێپێچینەوەی جێبەجێکارانەو کارگێڕانە لەبەردەم پەرلەماندا، مادەی ٩٨ی دەستووری هیندی باسی بوونی سکرتاریەتێکی جیاو سەربەخۆ بۆ ئەنجومەنی پەرلەمان دەکات».

**کەنەدا:** «بێگومان کارابوونی پەرلەمان، ڕەنگدانەوەی ئەو میکانیزم و سامانانەیە کە سەربەخۆیی مسۆگەردەکەن. لە دەستوور و یاسادانانەکاندا دەقی تایبەت بە سەربەخۆیی کاری پەرلەمانی کەنەدی هاتووەو دەرفەت ڕەخساوە بۆ هەردوو ئەنجومەنی پیران و گشتی و کتێبخانەی پەرلەمان پشت بە تاقمێکی کاری بێلایەنی جیا لە دامودەزگای حکومی ببەستن... جا ئەگەر گوێزانەوەی فەرمانبەرەکانی دامودەزگا حکومییەکان، لە کاتی پلەپێدانی پیشەییدا، لە بەڕێوەبەرایەتیەکەوە بۆ یەکێکی تر شیاوبێت، ئەوا تاکەکانی تاقمی کاری پەرلەمانی، هەریەکەو لە پێگەی خۆیەوە، داهاتووی پیشەیی خۆی لە ڕێگەی خزمەتکردنی پەرلەمانەوە بنیاتدەنێت».

ئەم مۆدێلەی کاری پیشەکارانەی پەرلەمان، کە بە پەیکەرێکی ڕێکخراوەیی و پیشەیی تایبەتی جیاکارەدەکرێت، لە سیستەمە پەرلەمانیو سەرۆکایەتیەکانیشدا وەک یەک پێشوازیی فراوانی لێ دەکرێت، چونکە بەپێی ئەم مۆدێلە، کارکردن لە پەرلەماندا چالاکییەکی جیاکارەیە، تیایدا پرنسیپەکانی بێلایەنی و تەبایی پیشەیی بایەخێکی تایبەتیان هەیە، ئەمەش لەبەر پێشبڕکێی نێوان حیزبەکان. هەروەها سەربەخۆیی پەرلەمان پێویستی بە دامەزراندنی ئەنجومەنێکی یاسایی سەربەخۆ هەیە، کە کارەکەی بریتییە لە پێشکەشکردنی ئامۆژگاری دەربارەی ڕەهەندە یاساییەکانی سیاسەتی حکومەت و داڕشتنە یاسادانەرییەکان بە ئەندام پەرلەمانەکان. بۆ نموونە، لە کنیستی ئیسرائیلی کارگێڕییەک هەیە، ئەرکی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە

یاساییەکان لەئەستۆدەگرێو لایەنە جۆربەجۆرە یاساییەکانی تایبەت بە کاری پەرلەمانتارانە تاوتوێدەکات.

## کۆنترۆڵکردنی بودجەی پەرلەمان لەلایەن خۆیەوە

لایەنی دووەمی تایبەت بە سەربەخۆیی پەرلەمان ئەوەیە کە پەرلەمان بودجەی خۆی کۆنترۆڵبکات. ئەم لایەنەش لە بەیاننامەی پرنسیپەکان دەربارەی پەیوەندییەکانی نێوان پەرلەمان و دەسەڵاتی جێبەجێکردندا جەغتی لەسەر کراوەتەوە، کە لە ئەڵقەیەکی دیراسەکردنی هەرێمایەتیی ڕێکخراو لەلایەن یەکێتیی پەرلەمانتارانی نێودەوڵەتییەوە، دەربارەی پەرلەمان و کارڕاییەکانی دانانی بودجە، بڵاویکردۆتەوە».

«بەپێی پرنسیپی بنچینەیی لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، پێویستە پەرلەمان خۆی بەرپرسیاربێت بەرامبەر بە دانانی بودجەی ناوخۆی خۆی، بەمەرجێک دواتر بیداتە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بۆ ئەوەی بیخاتە ناو بودجەی نیشتیمانییەوە. نابێت دەسەڵاتی جێبەجێکردن بڕیار لەسەر ڕادەی گونجانی ئەو سامانانە بدات، کە پەرلەمان پێویستی پێیانە بۆ ڕاییکردنی کارەکانی خۆی». (**ڕاپۆرتی گشتیی پێشکەشکراو لەلایەن بڕیاردەری گشتییەوە (لاهو توری) باماکۆ (مالی)، لە ١ –٣ی تشرینی یەکەم/ نۆڤەمبەری ٢٠٠١دا**).

چەند جێبەجێکردنێکی جۆراوجۆر بۆ ئەم پرنسیپە لە واقیعی بەکردەوەدا هەن. لەلایەکەوە ئەو پەرلەمانانە هەن (وەک پەرلەمانی فەرەنسی) کە سەربەخۆیی داراییان «ڕەهایە، ئەوەش لە ڕووی ئەو ڕێگەیەی بودجەی پێ دادەنرێت، وێڕای پرۆسەی دەنگدان لەسەر کارڕاییەکان و جێبەجێکردنیان». لەلایەکی ترەوە چەند پەرلەمانێکی نوێ هەن، بەتایبەتی لە ئەفریقا، کە «یەکێتیی سکرتێرە گشتییەکانی پەرلەمانەکان» لە ڕاپۆرتەکەی خۆیدا باسیکردونو خاوەن «خواستگەلی ڕەوان» بۆ دەربازبوون لە سەرپەرشتیکردنی حکومی، بەتایبەتی هی وەزارەتی دارایی.

## کۆنترۆڵکردنی کاری پەرلەمان لەلایەن خۆیەوە

یەکێکی تر لەو لایەنانەی پەیوەندیان بە سەربەخۆیی پەرلەمانەوە هەیە، کۆنترۆڵکردنی گشت کارەکانی خۆیەتی، هەروەها دابەشکردنی کاتە بۆیانو بۆ بەشە جۆربەجۆرەکانی پەرلەمان. لە سیستەمی تەقلیدیی پەرلەمانیی وێستمینستەردا ڕێکخستنی کاری پەرلەمان لە ڕێگەی دابینکاریگەلی ناڕەسمیی نێوان «سەرۆکی

ئەنجومەن» (Leader of the House) (كە وەزیرێكە لە حكومەتدا) و سەركردەكانی ئۆپۆزسیۆن و بەپرسە حیزبییە پەیوەندیدارەكانەوە، بۆ كۆكردنەوەی ئەندامەكان لە پەرلەماندا، ڕێكدەخرا. ئەو دابینكاریانە ئیمڕۆ سروشتێكی ڕەسمیی هەیەو بۆتە هۆی پێكهێنانی لیژنەیەک، كە ڕێكخستنی كاروبارەكانی پەرلەمان لەئەستۆدەگرێ و تیایدا هەموو گرووپە سیاسییەكان نوێنەرایەتیدەكرێنو سەرۆكی پەرلەمان سەرۆكایەتیدەكات. بۆ نموونە، لەم دواییانەدا سەرۆكایەتیی لیژنەی بەرپرسیار لە ڕێكخستنی كاروبارەكانی پەرلەمانی ساموا لە سەرۆک وەزیرانەوە گوێزرایەوە بۆ سەرۆكی پەرلەمان. بەپێی ئەمجۆرە دابینكاریانە ڕۆڵی «سەرۆكی ئەنجومەن» ئەگەر–هەبێت– كەمبۆتەوە، بەجۆرێک دەبێت كە بە«سەرۆكی كاروبارە حكومییەكان لە ئەنجومەندا» پێناسەدەكرێت. ئەم گەشەكردنە لە قۆناغێكی زووی مێژووی لوک سابهای هیندیدا ڕوویداوە، كاتێک لیژنەیەكی ڕاوێژكاری دامەزراوە بۆ ڕێكخستنی كاروبارەكانی پەرلەمان، كە قسەكەری ئەنجومەنەكە بەحوكمی پۆستەكەی وەک سەرۆكی لیژنەكە، ئەندامەكانی لیژنەكە هەڵدەبژێرێ.

«ئەركی لیژنەكە بریتییە لە ڕاسپاردنی ئەو كاتەی پێویستە تەرخانبكرێت بۆ گفتوگۆكردنی كاروبارەكانی حكومەت، یان یاسادانان و ئەو كاروبارانەی تر كە قسەكەری ئەنجومەن بە ڕاوێژكردن لەگەڵ سەرۆكەكەیدا پێیوایە دەبێت بخرێنە بەردەمی لیژنەكە. پاش ئەوەی ئەنجومەنەكە ڕازیدەبێت بەو ڕاپۆرتەی لەلایەن لیژنەكەوە پێشكەشكراوە، دابەشكردنی كاتی تایبەت بە گفتوگۆكردنی پرۆژەیاساكان و كارەكانی تر كارپێیدەكرێت، وەک ئەوەی مەسەلەیەک بێت لەلایەن ئەنجومەنەكەوە دەرچووبێت».

لە پەرلەمانی باشووری ئەفریقا لیژنەیەک هەیە پرۆسەی بەرنامەڕێژكردنی هەر ئەنجومەنێكی پەرلەمانتارانە بەتەنیا لەئەستۆدەكرێت و هەفتانە كۆدەبێتەوە. ئەمە لەگەڵ لیژنەیەكی تردا، كە هاوشانی ئەو پرۆسەی بەرنامەڕێژكردن بۆ هەردوو ئەنجومەنەكە لەئەستۆدەگرێت و بەرپرسدەبێت لە ئامادەكردنی بەرنامەی ساڵانەی پەرلەمان، بە بەرنامەی یاسادانانیشەوە. ئەم لیژنەیە كاتی پێویست بۆ گفتوگۆكردنی كاروبارەكانی یاسادانانو كاروبارەكانی تر، كە تایبەتن بە دەسەڵاتی جێبەجێكردن، تەرخاندەكاتو دواكاتێک (دێدلاینێک) دیاریدەكات كە پێویستە دەسەڵاتی جێبەجێكردن تێینەپەڕێنێ بۆ پێشكەشكردنی پرۆژەیاساكانی، بەڕەچاوكردنی باری كارڕاییە خێراكان بۆ هەلومەرجی ڕیزپەڕەكان، بەپێی پێوانەگەلی پێشوەخت

دیاریکراو. لە چوارچێوەی ئەو کاتە دیاریکراوەی لەسەری ڕێکەوتوون، «بەرپرسی کاروبارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە پەرلەمان» دانانی بەرنامەکانی گشت ئەو کارە پەرلەمانتارانە لەئەستۆدەگرێت، کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەستپێشکەرە لە دەربڕینیاندا و دڵنیابوون لە ئامادەبوونی وەزیرە پەیوەندیدارەکان. لێرەشدا ئەنجومەنەکانی دانانی بەرنامەکان بڕیارەکانیان بەکۆی دەنگ دەبێت.

سەبارەت بە سیستەمەکانی سەرۆکایەتی، مەسەلەکە پەیوەندیی نییە بە مسۆگەرکردنی بڕێکی تەواوی سەربەخۆبوونی پەرلەمان لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، لە ڕووی نەخشەدانان بۆ کاروبارەکانی دەسەڵاتی یاسادانانەوە، بەڕادەی ئەوەی پەیوەندیی بە هێنانەدیی هاماهەنگیی کارای نێوان ئەو دوو دەسەڵاتەوە هەیە. ئەمەش پێویستی بە پێکهێنانی دامودەزگا و لیژنەگەلی هاماهەنگیی تایبەت هەیە، وەک ئەوەی لەم نموونەیەی فلپیندا هاتووە:

«بەمەبەستی دانانی سیاسەتە پەیوەندیدارەکان، «ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی یاسادانان – جێبەجێکردن بۆ گەشەپێدان» (لیداک) (The Legislative-Executive Development Advisory Council- LEDAQ) پێکهێنرا، کە یەکێک لە ئەندامەکانی سەرۆکی پەرلەمانە. (لیداک) ئەرکی هاماهەنگیی نێوان کارەکانی هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردنو یاسادانان دەگرێتەئەستۆ، بۆ خۆبەدوورگرتن لە کوێرەڕێگە لە کاتی بڕیارسازییەکان و بەکارهێنانی کارڕاییە خێراکان بۆ هەموارکردنی یاسادانانەکان. (لیداک) دامودەزگایەکی ڕاوێژکارییە ئەرکی هاماهەنگیی نێوان پلانەکانی گەشەپێدانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و پرۆسەی ئامادەکردنی بودجەی کۆنگرس دەگرێتەئەستۆ. ئینجا تێروتەسەل باسی ئەولەویاتە جەنجاڵەکانی یاسادانانی هەریەک لە کۆنگرسو دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەکات و گفتوگۆ دەربارەی ئەو پرۆژەیاسایانە دەکرێت، کە پەیوەندیان بە بابەتگەلی ژیارییەوە هەیەو ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی کامەیان بەپەلەیە».

لە بەشی داهاتوودا زیاتر باسی ئەو بابەتە دیاریکراوانە دەکرێت، کە پەیوەندیان بە چاککردنی کارڕاییەکانی یاسادانانەوە هەیە.

## بۆ خوێندنەوەی زیاتر دەربارەی ڕێکخستنی خۆیی پەرلەمان لە تۆڕی ئینتەرنێتدا بڕوانە:


Association of Secretaries General of Parliaments (1991). The Parliamentary Budget, in Constitutional and parliamentary information, N 161. <http://www.asgp.info/Publications/CPI-English/1991_162_01-e.pdf>

Association of Secretaries General of Parliaments (1999). The administrative and financial autonomy of parliamentary assemblies, in Constitutional and parliamentary information, N 177. <http://www.asgp.info/Publications/CPI-English/1999_177_02-e.pdf>

Commonwealth Parliamentary Association (2005). Administration and financing of parliament: a study group report. <http://www.cpahq.org/AdministrationandFinancingofParliamentStudyGroupReport_pdf_media_public.aspx>

Commonwealth Parliamentary Association (2005). Study group on the administration and financing of parliament: key recommendations. <http://www.cpahq.org/TheadministrationandfinancingofParliaments_pdf_media_public.aspx>

Harris, I (2005). Towards The evolution of an effective parliamentary administration in West Africa. Association of Secretaries General of Parliaments <http://www.asgp.info/documents/Geneva_2005/1st_conference_Nigerian.pdf>

Reports from a seminar on parliamentary administrations and legislative cooperation, organised by ECPRD and the Italian Chamber of Deputies (2003). <http://de.camera.it/files/pdf/dossier.pdf>


### ڕێگەکانی باشکردنی کارڕاییەکانی یاسادانان

زۆرێک لە پەرلەمانەکان شێوازی جۆربەجۆریان بۆ ڕێکخستنی کارڕاییەکانی یاسادانان تاقیکردۆتەوە، هەتاکو پابەندییەکانی کات نەبنە هۆی سنووردانان بۆ کارابوونی سەیرکردنی پڕۆژەیاساکان. هەروەها هەتاکو لەهەمان کاتدا دەرفەت بڕەخسێت بۆ ئەوەی ئەولەویەت بدرێتە ئەو دەقانەی لە یاسا پێشنیارکراوەکاندا گرنگترن و زیاتر گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت. بۆ نموونە، «ئەنجومەنی نوێنەرانی ئیتالی» لەم دواییانەدا دەستیکرد بە کارکردن بە خشتەیەکی کاتداری کارڕاییەکانی

یاسادانان کە توندوتۆڵتربوو، پاش ئەوەی بۆی دەرکەوت ڕاستکردنەوەکان زاڵبوون بەسەر کارڕاییەکانی یاساداناندا و دانیشتنەکان بۆ ماوەی چاوەڕوان نەکراو درێژەیان دەکێشا. لە ڕێگەی خشتەیەکی کاتدارەوە، بۆ گفتوگۆکردنی پڕۆژەیاساکان، ئەو کێشەیە چارەسەرکران و هێزە پەرلەمانتارییەکان ناچارکران چەند ڕاستکردنەوەیەک هەڵبژێرن بۆ دەنگ لەسەردان، بەپێی قەبارەی هەر ڕاستکردنەوەیەک.

«ئەم شێوازە چەند داواکارییەک جێبەجێدەکات: لەلایەکەوە پێویستیی ئەنجامدانی کارەکان بەخێرایی و دیاریکردنی کاتی ڕێگەپێدراو بۆ گفتوگۆکردنی پڕۆژەیاساکان مسۆگەردەکات و ڕێگە لەوە دەگرێت ئەنجومەنەکە کۆششەکانی خۆی بێسود پرشوبڵاوبکاتەوە بەسەر ژمارەیەکی زۆر دەنگداندا، کە گەلێک جار دووبارەدەبنەوە. لەلایەکی ترەوە، دەرفەت بۆ ئەنجومەنەکە دەڕەخسێنێ خۆی بەو لایەنانەی پڕۆژەیاساکان یان ئەو ڕاستکردنەوە پێشنیارکراوانەوە خەریکبکات، کە پێیوایە لە ڕووی سیاسییەوە سودبەخشترن. بەهۆی ئەم چاکسازییەوە، وێڕای ئەو چاکسازییەی ئەنجامی دانانی بەرنامەکان هاتۆتەئاراوە، ئەنجومەنی نوێنەران توانیی کێشەی درێژیی کاتی گفتوگۆکان چارەسەربکات، پاش ئەوەی بۆ چەندین ساڵ گەورەببوو. ئەمەش بووە هۆی دەسەڵاتی یاسادانان بەخێرایی بچێت بەپیر پێداویستییەکانی وڵاتەوە».

بەهەمان شێوە «ئەنجومەنی گشتیی بەریتانی»، لە ڕێگەی ئەو پێشنیارانەی پێشکەشی «لیژنەی نوێکردنەوە»ی کرد، توانیی بەرنامەیەکی مەنهەجی بۆ یاسادانانەکان دابنێت. بەرنامەکە بریتیبوو لە خشتەیەکی کاتدار، کە لەسەری ڕێکەوتبوون، بۆ گفتوگۆکردنی بابەتەکانی هەر پڕۆژەیاسایەکی پێشنیارکراو. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی پێشبینیی ئەو ماوەیە بکرێت، کە ئەو گفتوگۆیە دەیخایاندو یارمەتیدەربوو بۆ خۆپاراستن لە داخستنی دەرگای گفتوگۆکان لەبەر نەمانی کات.

«چەند ڕێگەیەک هەن بەرنامەڕێژی (ئەگەر بەباشی جێبەجێبکرێ) یاریدەدەردەبێت بۆ ورد ڕوانینە یاسادانانەکان، چونکە وێناکردنێک بۆ ئەنجومەنەکە دەربارەی پەیکەری ئەو پڕۆژەیاسایە دەخاتەڕوو، کە گفتوگۆی دەکرێت و کاتی گفتوگۆکەش دیاریدەکات. ئەمەش دەرفەت دەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی سەرقاڵی ئەو خاڵانە بن، کە بایەخدارترن بەلای ئەوانەوە... دڵنیابوون لە بوونی کاتێکی دیاریکراو بۆ گفتوگۆکردنی هەر پڕۆژەیاسایەک، مەسەلەیەکی گرنگە بۆ ئەوانەی بەدواداچوون دەکەن، چونکە زانینی کاتی گفتوگۆکردنی هەر بەشێکی پڕۆژەیاسایەک

لە سەرەتای قۆناغی گفتوگۆکردنـــی لەلایــەن لیژنـــەی پەیوەندیدارەوە، دانانـــی پلانێک بۆ پێشکەشکردنی کورتەیەک دەربارەی پڕۆژەیاساکە بە ئەندامانی لیژنەی هەمیشەیی ئاساندەکات. پێویستە بەرنامەڕێژی بۆ پەرلەمان و لیژنەکانی دەرفەتی نەخشەدانان بـۆ گفتوگۆکردنی پڕۆژەیاساکان کاراتربکات، هەتاکو کاتی زیاتر بڕەخسێت بۆ گفتوگۆکردنی ئەو بەشانەی جێ بایەخپێدانی ئۆپۆزسیۆن و ئەوانەن کە لە ڕیزەکانی پشتەوە دادەنیشن (واتە ئەندامە ئاساییەکان)، لەکاتێکدا دەکرێت کاتێکی کەمتر بۆ بەشە سادەکان و ئەوانی دیکەی پڕۆژەیاساکان تەرخانبکرێت کە وروژێنەری مشتومڕ نین».

لیژنەکە چوار پێوانەی بنچینەیی دیاریکردوە، کە پێویستە کاتی چاکسازیی کارپاییەکانی یاسادانان، لەئارادابن. ئەوانەش:

- دڵنیاکردنی حکومـــەت لەوەی ئـــەو پڕۆژەیاسایانـــەی پێشکەشیاندەکان لە ماوەیەکی ماقوڵدا گفتوگویان لەسەر دەکرێت.
- دەرفەت ڕەخساندن بۆ ئەندامەکانی ئۆپۆزسیۆن بەتایبەتی و ئەندامەکانی تری پەرلەمان بەشێوەیەکی گشتی، گفتوگۆی ئەو بڕیارانە بکەن کە بەلایەنەوە گرنگەو کار بۆ گۆڕینیان بکەن.
- گفتوگۆکردنی گشت بەشەکانی پڕۆژەیاساکان بەشێوەیەکی تێروتەسەل.
- ئامادەکردنی پڕۆژەیاســـاکان بەشـــێوەیەکی گونجـاو، هەتاکو ڕووبەڕووی دەستکاریکردنی زۆر نەبنەوە.

## کوالێتیی پڕۆژەیاساکان

ئەم دوایین پێوانەیــە پەیوەندیی بــە کۆالێتیی پڕۆژەیاساکانەوە هەیەو ئەم بابەتە جێی بایەخپێدانی ئەو پەرلەمانانەیە، کە ژمارەیەکی زۆر یاسادانان دەخرێتە بەردەمیان، بەتایبەتی ئەو یاسادانانانەی هەنوکەیین بەلای ئەو دەوڵەتانەوە کە داوای ڕاستکردنەوەی یاساکانیان لێ دەکرێت، هەتاکو تەبابن لەگەڵ داخوازییەکانی «کۆمەڵی ئەوروپی»دا (European Community). بۆ نموونە، بۆ چارەسەرکردنی لاوازیی داڕشتنی یاسادانانەکان، پەرلەمانی دانمارکی لیژنەیەکی کاری هاوبەشی لەگەڵ حکومەت دامەزرانـد، بۆ بایەخدان بە کۆالێتیی یاسـاکـان. ئەنجامی ئەوە حکومەت کۆمەڵێک پرنسیپی ئاڕاستەکاری تێروتەسەلی دەربارەی کوالێتیی یاساکان خستەڕوو، بۆ ئەوەی وەک ڕێبەرێکی ڕێنیشاندەری فەرمانبەرەکانی هەر وەزارەتێک بێت، کــە تیایـدا پڕۆژەیاساکان ئامادەدەکرێن. ئەو پرنسیپانە بەتێروتەسەلی

ژمارەیەک پێداویستیی سەرەکی بۆ دارشتنی یاسادانانەکان ڕووندەکەنەوە. وێڕای ئەوە، «پێویستە پرۆژەیاسا باسی ئاسەوارە دارایی و کارگێڕییەکانی لەسەر کەرتی گشتی و کۆمەڵگەی کارەکان و شوێنەوارە ژینگەییەکەی و پەیوەندی بەیاسای کۆمەڵی ئەوروپییەوە (Community Law) بکات.

هەروەها جەغت لەسەر دەستووریبوونی یاسا پێشنیارکراوەکان، ڕوویەکی دیکەی کوالیتیی یاساکانە. لە پەرلەمانی فنلەندیدا ئەم بەرپرسیارێتییە دەکەوێتە ئەستۆی سەرۆکی پەرلەمان و هاوکاریکردنی «لیژنەی یاسای دەستووری»:

«ئەرکی لیژنەی یاسای دەستووری، دڵنیابوون لەوەی پرۆژەیاساکە تەبایە لەگەڵ دەستوور یان ناکۆکە لەگەڵیدا. لە کاتی ناکۆکبووندا، لیژنەکە ڕوونیدەکاتەوە چۆن پرۆژەیاساکە ڕاستبکرێتەوە، هەتاکو تەبابێت لەگەڵ بڕیارەکانی دەستووردا... لیژنەکە بەهاوکاریی گرووپێک مامۆستای زانکۆو پارێزەرە شارەزاکانی لە یاسای دەستووریدا ئەم ئەرکی چاودێریکردنە جێبەجێدەکات، کە لە کاتی کۆبوونەوەکاندا، وەک شارەزاکانی دەرەوەی پەرلەمان، ڕای خۆیان دەردەبڕن».

لە پەرلەمانی یۆنانیشدا «دامودەزگایەکی زانستی» هەیە، کە بەشێوەیەکی بنچینەیی پێکدێت لە مامۆستایانی یاسای زانکۆکان و ڕاپۆرتەکانیان دەربارەی پرۆژەیاساکان دیاریدەکەن، داخۆ «ئەگەری هیچ ناکۆکییەک یان لێکدژییەکی لەگەڵ دەستووری یۆنانی و یاسادانانە نیشتیمانییەکان، یان یاسای نێونەتەوەیی، یاخود ئەوروپیدا هەیە».

هەروەها ڕوونیی خودی یاساکان، ڕوویەکی تری کوالیتییانە. «ئەنجومەنی نوێنەرانی ئیتاڵی» لیژنەیەکی یاسادانانی تایبەتیی دامەزراند، کە پێکدێت لە ئەندامەکانی سەر بە حیزبەکانی زۆرینە و ئۆپۆزسیۆن بەیەکسانی، ئەرکەکەشی بریتییە لە «هەڵسەنگاندنی ڕادەی کوالیتیی دەقەکانی یاسادانان و دیاریکردنی ئەوەی، داخۆ لەگەڵ یەکتریدا تەبان و ئاسان و ڕوون و گونجاون بۆ ئەو مەبەستەی لەپێناویدا دانراون و کاران بۆ ئاسانکردنو سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی یاسادانانەکانی کاریانپێدەکرێتو لەسەر بنچینەی ئەو پێوانانە ڕای خۆی دەداتە لیژنەکان».

## کارئاسانییەکانی ئینتەرنێت

پێدەچێت گەشەکردنی خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێت گەورەترین کاریگەریی لەسەر پەرلەمانتارەکانو بواری کارڕاییەکانی یاسادانان هەبووبێت، ئەگەرچی هەتاکو ئێستا چەندین پەرلەمان لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدان دەربارەی بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی

ئینتەرنێت، بەڵام هەندێک پەرلەمان زۆر پێشکەوتوون لەم بوارەداو تواناو شارەزایی تەواویان هەیە بۆ دەستبەرداربوونی کاغەز، لە کاتی پێشکەشکردن و گفتوگۆکردنی ئەو دەقانەی یاسادانان، کە دەشێت بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنیی یەکگرتوو بخرێنەڕوو. ئەمەش پێشنیاری پەرلەمانی ئوسترالییە لەم بارەیەوە:

«ئەو پرۆژەیەی بەناوی «یاسای ئەلکترۆنی»یەوە ناسراوە، ئامانجی دامەزراندنی کەناڵێکی ئەلکترۆنیی هەمیشەییە لەسەر ئینتەرنێت بۆ یاسادانانەکان، لە سەرەتای بانگهێشتکردنەوە بۆ توانج لێدانیان هەتاکو هەموارکردنیان. ئەنجامی ئەوە، ئەو کەناڵە تەنیا ئەوەی لەئەستۆیە ڕاستکردنەوەکانی دەقەکان لە ماوەی قۆناغە جۆربەجۆرەکانی یاسادانانەکاندا (بۆ نموونە، لەلایەن لیژنەیەکەوە، یان لە کاتی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نیشتیمانیدا nationalrat) تۆماربکات. لێرەشدا دەقە ئەلکترۆنییەکان جێی ئەو دەقانەی یاسا دەگرنەوە، کە لەسەر کاغەز تۆمارکراون. واتە کۆپیی کاغەزیی پرۆژەیاسا حکومییەکان و ڕاپۆرتەکانی لیژنەکانو بەڵگەنامە پەرلەمانییەکانی تر لەبەردەستدا نابن. تەکنۆلۆژیا لێرەدا دەرفەتی توانای دارشتنی دەقەکان بەشێوەیەک دەڕەخسێنێ، کە دەکرێت لە ڕێگەی ئەلکترۆنییەوە ڕوونبکرێنەوە، ئەمەش لە کاتێکدایە دەکرێت شوێنپێی گشت ئەو قۆناغانە لە پرۆسەیەکدا هەڵبگیرێت، کە شەفافییەتێکی تەواوی تێدایە».

وێڕای توانای گێڕانەوەی کات، هەڵسەنگاندنەکان هێما بۆ ئەوە دەکەن، ئەو سیستەمە نوێیە ساڵانە شەش تەن کاغەزیش پاشەکەوتدەکات، کە بایی زیاتر لە یەک ملیۆن یۆرۆیە. نموونەیەکی تر لە کۆماری کۆریاوە، کە ئێستا کۆمەڵەی نیشتیمانی (پەرلەمان) سەرلەنوێ و لەسەر شێوەی «ئەنجومەنێکی دیجیتاڵ» (Digital Chamber) ڕێکدەخرێتەوە.

«پاش کۆتاییهاتن لە نەخشەسازیی ئەنجومەنی دیجیتاڵ، بەکارهێنانی ئامێرە دیجیتاڵەکان لە برێکی گەورەی کارڕاییەکانی یاساداناندا دەگشتێنرێت. لەوانە پێشنیاری پرۆژەیاساکان و گفتوگۆکردنیان، بڕیاردانەکان لە ڕێگەی دەنگدانی ئەلکترۆنییەوەو ناردنیان بۆ حکومەت. ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر خەرجییەکان و کات، لە ڕێگەی ئاسانکردنی کارڕاییەکانی یاسادانانو دەستبەرداربوونی کاغەزەوە، کەمدەکاتەوە. وێڕای ئەوە، یاسازەکان دەتوانن زانیاری دەربارەی پرۆژەیاسا جۆربەجۆرەکان، لە کاتی دەرچوونیان و بوونیان لە کۆبوونەوەکاندا، بەدەستبێنن. ئەمە سەرەڕای کارابوونی لێکۆڵینەوە لەگەڵ وەزیرەکان، یان گفتوگۆکردنی پرۆژەیاساکان، یاخود قسەکردنێکی

پێنج خولەکی، بەبەکارهێنانی پرۆگرامی بزواندنی وێنە لەسەر مۆنیتەری کۆمپیوتەر».

پەرلەمانی هەنگاریاش ئێستا خەریکی دامەزراندنی پەرلەمانێکی ئەلکترۆنییە، لەگەڵ خستنەڕووی هەموو ئەو پێشنیارانەی (واتە پرۆژەیاسا پێشنیاکراوەکان، ڕاستکردنەوەکان، بڕیارەکان، ڕەشنووسەکانی داتا سیاسییەکان، ڕاپۆرتەکان، لێکۆڵینەوەکان، پرسیارەکان...هتد) لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت پێشکەشکراون. ئەگەرچی ئامانجی سەرەکیی لەو هەنگاوە، ئاسانکردنی کاری نوێنەرەکانی پەرلەمان و شارەزابوونە تیایدا، بەڵام مانای دەستەبەرکردنی ئەو دەقانەشە کە پەیوەندیان بە هاووڵاتیانەوە هەیە، ئەوەیش لە ڕێگەی سایتی پەرلەمانەوە لەسەر ئینتەرنێت.

## ڕۆڵی ئەنجومەنی پیران

زۆربەی دابینکارییەکانی پێشوو لەخۆدەگرێت و تێکڕایان ئەو ئامرازانەن کە کارڕاییەکانی یاسادانان پێشدەخەن و هاماهەنگیی نێوان هەردوو ئەنجومەنی پەرلەمان چاکدەکەن. ئامانج لە دامەزراندنی ئەنجومەنی پیران، دەرفەت ڕەخساندنە بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتری پرۆژەیاساکان و خستنەڕوویان بۆ بیروڕا جۆربەجۆرەکان، بەبێ گوێدانە ئەوەی داخۆ ئەوە لە ڕوانگەی ویلایەت یان هەرێمەوە ڕوودەدات (وەک ئەوەی سیستەمی فیدراڵی)، یان بۆ هێزە حیزبییە جیاوازەکان، یاخود لەسەر ئاستێکی فراوانتری ئەزموونەکانو تاقیکردنەوەکان. سەرەنجامی ئاسایی خستنەڕووی پرۆژەیاساکان بۆ ئەو بیروڕایانە، لەبێژنگدانیانە بۆ گەیشتنە نموونەترین شێوەی یاسادانانی پێشنیارکراوو هیوای ئەوە دەخوازرێت ئەوە ببێتە زیادبوونی قبوڵکردنیان لەلایەن میللەتەوە. جا لەبەرئەوەی دیموکراسی پشتبەستووە بە ڕەزامەندیی جەماوەر، ئەوا قبوڵکردنی یاسادانانەکان لەلایەن جەماوەرەوە پێوانەیەکی گرنگە بۆ کارابوونیان.»

## بەدواداچوونی یاسادانانەکان

ئەو ڕاپۆرتانەی پەرلەمانەکان پێشکەشیانکردووە، دوو مەسەلەی تریان وروژاندوە، باشە لەم سیاقەدا تاوتوێیان بکەین. یەکەمیان پەیوەندیی بەنیگەرانی زۆربوونی بەکارهێنانی یاسادانانەکانی دەسەڵاتپێدانە

(گەڵاڵەنامەکــان) (Delegated legislation) لەلایـــەن حکومەتەوەو سەختە پەرلەمان بەدواداچوونیان بۆ بکات، بەڵکو هەندێک جار ئەو مەرجە دیاریکراوانە تێدەپەڕێنن، کە لە یاسا پەیوەندیدارەکانیدا هەیە. بۆ نموونە، پەرلەمانی یۆنانی ئەو مەسەلەیە بە «کێشەیەکی گەورە» ناوزەددەکات، چونکە «یاسا پێوانەییەکان، کە حکومەت دەریاندەکات، زۆرجار سنووری ئەو دەسەڵاتپێدانە تێدەپەڕێنن، کە بەپێی یاسادانانەکان پێی بەخشراوە»و ئەگەری دووبارەبوونەوەی پەنابردنـــە بـــەر پێداچوونەوەی دادوەریانـــە لەئارادادەبێت. بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەش، پەرلەمانەکان ئەم دوو مەرجە دادەنێن:

١) ملکەچبوونی هەندێک لەو دەسەڵاتانەی پەیوەندیان بە یاسادانانەکان، یان بەو گەڵاڵەنامانەوە هەیە کە بەخشراونەتە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بۆ چوارچێوەیـەکی کاتداری دیاریکراو (ئەوەی پێیدەوترێ «بەندەکانی بەکاربوونی کاتی» Sunset clauses) بەمەبەستی دەرفەت ڕەخساندن بۆ پێداچوونەوەی ڕێکوپێک بەو گەڵاڵەنامانەدا.

٢) پەسەندکردنی هەر گەڵاڵەنامەیەکی کتوپڕ، کە ئەو دەسەڵاتانە تێدەپەڕێنن، لەلایەن پەرلەمانەوەو لە ماوەیەکی کورتدا.

بابەتی دوەمیــش پێویستیی چاودێریکــردنی پرۆســەی جێبەجێکردنی ڕێکوپێکــی یاسادانانەکانــە، بۆ دڵنیابــوون لە کارابوونی جێبەجێکردنیان‌و ئاگاداربوون لە ئاسەوارەکانیــان لە واقیعی بەکردەوەدا. بەپێی ئـەوەی لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە، کە پەرلەمانی باشووری ئەفریقا پێشکەشیکردوە، «ئەرکی دەسەڵاتی یاسادانان تەنیا هەموارکردنی پرۆژەیاساکان نییەو ئەندامەکانی پەرلەمان لە ڕێگــەی چاودێریکردنــی جێبەجێکردنیانـەوە نەبێت، ناتوانن لایەنەکانی خەوشــیان بدۆزنەوەو ئەو یاسایانە دەربکـەن کە لێکدانەوەی هەڵە یان هەڵەبەکارهێنانیان لەناو یەکێک لە دامودەزگا حکومییەکاندا ڕاستدەکەنەوە». یەکێک لە هۆکانی جێبەجێ نەکردنی کارایانەی یاسادانانەکان، دەستەبەرنەبوونی دەرماڵەی دارایی تەواوە. لێرەشدا گرنگیی ڕوونکردنەوەی ئاسەوارە داراییەکانی یاسادانانی پێشنیارکراو بەدیدەکرێت، ئەمە وێڕای بەدواداچوونی ئەو ئاسەوارانە لە دەرماڵەکانی بودجەدا. پێشتر ئەمەش ڕوونکراوەتەوەو ئەو دوو بابەتە بەشێوەیەکی توندوتۆڵ پەیوەندیان بە ئەرکی چاودێریکردنی پەرلەمانەوە هەیە.

## بۆ خوێندنەوەی زیاتر دەربارەی چاککردنی کارڕاییەکانی یاسادانان لە تۆڕی ئینتەرنێتدا بڕوانە:


*Global Centre for Information and Communication Technology in Parliament.* <http://www.ictparliament.org/>

Inter-American Development Bank (2006). Political Parties, Legislatures, and Presidents, *in Economic and social progress in Latin America, 2006 Report* (Chapter 3). <http://www.iadb.org/res/ipes/2006/chapter3.cfm>

Inter-Parliamentary Union, United Nations Development Programme (2003). *Ten years of strengthening parliaments in Africa, 1991-2000. Lessons learnt and the way forward.* <http://www.ipu.org/pdf/publications/africa2000_en.pdf>

United Nations Development Programme (2003). *Parliamentary Development practice note.* <http://www.undp.org/governance/docs/ParlPN_ENGLISH.pdf>

U.S. Agency for International Development (2000). *USAID Handbook on Legislative Strengthening.* <http://www.usaid.gov/our_work/democracy_and_governance/publications/pdfs/pnacf632.pdf>


## چاودێریکردنی کارای دەسەڵاتی جێبەجێکردن

پەرلەمانەکان، وێڕای بەرپرسیارێتیان لە کارڕاییەکانی یاسادانان، ئەرکێکی گرنگی سەرەکیش جێبەجێدەکەن، ئەویش چاودێریکردنی حکومەتە لەبری جەماوەر. لە بەشی داهاتوودا باسی بابەتی تایبەت بە چاودێریکردنی بودجەو دارایی دەکەین، بەڵام لەم دێڕانەی خوارەوەدا، بەشێوەیەکی گشتی ئەرکی چاودێریکردنی سیاسەت و دامودەزگاکانی حکومەت تاوتوێدەکەین. ئەم لایەنە ڕەهەندێکی دیکەی ئەو لێپێچینەوەیە پێکدێنێ، کە لە بەشی پێشوودا باسمانکردوە، چونکە حکومەت ملکەچی لێپێچینەوەی پەرلەمانە، کە لە ڕێگەی ئەوەوە ملکەچی لێپێچینەوەی هەڵبژێرەکانە بەشێوەیەکی گشتی.

هیچ بوارێک ئەوەندەی چاودێریکردن گرنگیی دەسەڵات بەواتای «هێزی کاریگەر» بۆ کاری پەرلەمانی تیادا دەرناکەوێت. ئەمەش تەنیا پەیوەندیی نییە

بەهێزی ڕێژەیی پەرلەمان و دەسەڵاتی جێبەجێکردنـەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی یەکتردا، بەڵکو درێژدەبێتەوە هەتاکو هاوسەنگیی هێزی نێوان حیزبەکان و لەناو حیزبەکانیشدا دەگرێتەخۆی‌و کاریگەریی زۆری لەسەر دیاریکردنی پەیوەندیی نێوان پەرلەمان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەبێت. لە سیستەمی سەرۆکایەتیدا، ئەگەر حیزبێک کە حکومەتی بەدەستەوەنییە، زاڵبوو بەسەر دەسەڵاتی یاسادانانەدا، ئەوا چاودێریی پەرلەمانی نەک هەر توندوتۆڵ نابێت، بەڵکو پێشبڕکێی حیزبی دەبێتە هۆی دانانی ئاستەنگو گەیشتنە دۆخی سڕبوون. کەچی لە سیستەمی پەرلەمانی‌و سیستەمی سەرۆکایەتیدا، کە تاقە حیزبێک جڵەوی هەردوو لقی حکومەت دەکات، ئەوا پێچەوانـە ڕوودەدات. واتـە چاودێریی پەرلەمانتارانە ئەنجامی شێوازی کارپێکردنی دەسەڵات لەناو حیزب یان هاوپەیمانیی حوکمڕان یاخود ئەنجامی ئەو شێوازەی پێشبڕکێی حیزبەکانی پێ ئاڕاستەدەکرێت، بەبێ ڕوودانی کەرتبوون لەناویاندا، لاوازدەبێت. بەوجۆرە بەرژەوەندیی حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆن لەوەدایە، چاودێرییەکی توندوتۆڵی دەسـەڵاتی جێبەجێکردن بکرێت، لەکاتێکدا ئەندامانی حیزبی حوکمڕان زۆرینـەی خۆیان بەکاردەهێنن بۆ ئـەوەی کاتی لێکۆڵینەوە یان ئامادەکردنی ئـەو ڕاپۆرتانەی ڕەخنە لە کارەکانی وەزیرەکان دەگرن، ئەوە مسۆگەربکەن کە وەزیرەکان نەکەونە بارێکی موحریجەوە.

چەند شێوازێکی ناڕەسمیی جیاواز هەن، دەکرێت حیزبە سیاسییەکان پەنایان بۆ بەرن، بەمەبەستی زامنکردنی مانەوەی ئەندام پەرلەمانەکانی لە ژێر دەسەڵاتی خۆیاندا، ئەمەش لە ڕێگـەی ئەو بەرپرسـە حیزبیانەی شارەزان لە کۆکردنەوەی ئەندام پەرلەمانەکاندا. لەوانە:

١) دامەزراندن لە لیژنە سەرەکییەکاندا، یان پلەبەرزکردنەوە، یاخود ئەندامێتی لە وەفدەکان بۆ دەرەوەی وڵات و ئەوانی تر.

٢) هەڕەشەکردن بە لەدەستدانی پێگەی جیاکارە لە لیستی هەڵبژاردنی حیزبدا، یان تەنانەت دوورخستنەوە لەو گرووپەی نوێنەری حیزبە لە پەرلەماندا.

ئەو ڕاپۆرتەی پەرلەمانی باشووری ئەفریقا پێشکەشیکردوە ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە کاریگەریی خزمایەتی و دەسەڵاتەکانی سزادان چەند بووە لەسەر لاوازکردنی کارابوونی چاودێریی پەرلەمانتارانە:

«ئەگەرچی هەموو حیزبـەکانی ناو پەرلەمان نوێنەریـان لە گشت لیژنەکانی پەرلەماندا هەیە، بەڵام سیاسەتەکانیان دەشێت توانای لیژنەکان بۆ پێکەوە کارکردن، لەپێناو چاودێریکردنی کاری حکومیدا، لاوازبکات. بێجگە لەوە، بوونی بەرژەوەندیگەلی

دژبەیەک لەناو حیزبێکدا، مانای ئەوە نییە کە پێویستە ئەوە ئاشکرابکرێت. لەوانەیە پلەبەندیی قوچەکانــەی دەســەڵات لەناو حیزبەکاندا، وێڕای دیسپلینی حیزبی، ببێتە هۆی دوورکەوتنەوەی ئەندامەکان لە گوزارشتکردن لە نیگەرانییەکانیانو ئەو بابەتانەی حکومەت ئیحراجدەکەن، یان هەڕەشە لە یەکگرتوویی حیزب دەکەن. دەشێت سەرکردایەتیی حیزب داوا لە ئەندامەکانــی بکات، دەروەستییەکی زیاتر بنوێنن و سزاگەلی توندی وەهایان بەسەردا بسەپێنێ، کە ناچاربن ملکەچی بن، چونکە بۆ بەدەستهێنانی پێگەیەک لە لیستەکانی هەڵبژاردندا پشت بە حیزبەکانیان دەبەستن. ئەمەش لەوانەیە ئاستەنگێک بێت لەبەردەم توانای لیژنەکاندا، بۆ کارایانە کارپێکردنی چاودێریی بەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە».

پێویستە کاتی تاوتوێکردنی شێوە جۆربەجۆرەکانی چاودێریی پەرلەمانتارانە، ڕەچاوی ئەو بارودۆخە بکەین، کە پشتبەستووە بە هێزی نێوان حیزبە سیاسییەکان، یان لەناو حیزبەکاندا. لە هەموو بارودۆخێکیشدا شتێک نییە ناوی تاقە چاودێرییەکی پەرلەمانییە بەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە، وەک ئــەوەی پەرلەمان تاقــە کیانێکی یەکگرتوو بێــت. چونکــە ئەو چاودێریکردنە هەمیشە ململانێی نێوان حیزبەکانو تێڕوانینی میللەت بەشێوەیەکی گشتی کاریتدەکەن. لەواقیعدا دەبینین حیزبەکانی کەمایەتی یان ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا ئەو سەرچاوەیەن، کە شێوە جۆربەجۆرەکانی چاودێریکردن هێزی زەبروەشێنی خۆیان لێوەیان بەدەستدێنن. چونکە لە سیستەمی پەرلەمانیدا، زۆربەی جارەکان ئەو حیزبانــە لــە ڕێگەی «حکومەتی سێبەر»ەوە (Shadow cabinet) کارە ڕەسمی و ناڕەسمییەکانی خۆیان ڕێکدەخەن، وەک ئەو نەریتەی لە پەرلەمانی ئینگلستاندا پێڕەویدەکرێت.

## چاودێریکردن لە ڕێگەی سیستەمی لیژنەکانەوە

ئەو ڕێگەیەی زیاتر لە هەموو ئەوانی تر، لە بواری چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردندا، ڕووی تێ دەکرێــت، چاودێریکردنە لە ڕێگــەی ئەو لیژنانەی پەرلەمانەوە کە بەدواداچوون بۆ کارە جۆربەجۆرەکانی هەرلایەنێکی کارگێڕی دەکەن بەتەنیاو لێکۆڵینەوەی تایبەت دەربارەی لایەنە سەرەکییەکانی سیاسەتو چالاکییەکانیــان دەکەن. زۆرێک لــە پەرلەمانەکان چاکسازیان لە سیســتەمی لیژنەکاندا کــردووە، هەتاکو تواناسازی بکەن بۆ کارکردن هاوشانی دامودەزگا حکومییە پەیوەندیدارەکان و وا لە ئەندامەکانی خۆیان بکەن شارەزایی گونجاو بەدەستبێنن. لە زۆربەی وڵاتەکاندا، ئەو لیژنانە بەرگی لیژنەی هاوبەشی هەردوو

ئەنجومەنەکەی پەرلەمان دەپۆشن و تەنانەت لیژنە تایبەتمەندەکان ناتوانن چاودێریی گشت کارەکانی دامودەزگاکانی حکومەت بکەن، بۆیە وەک ڕێلێگرتنێک پێویستە دامودەزگاکانی حکومــەت دەرک بــەوە بکــەن، ئەو لیژنانە دەتوانن دووربینانە و بێبەزەییانە لێکۆڵینەوە دەربارەی هەر لایەنێکی چالاکییەکانیان بکەن، تەنانەت ئەگەر ناچاریش بــن لــە واقیعی بەکردوەدا تەنیــا هەندێک لەو لایەنانە هەڵبژێرن.

لێرەدا پەرلەمانی باشووری ئەفریقا سیستەمی لیژنەکان ڕووندەکاتەوە، پاش ئەوەی هەندێک چاکسازیی تێدا کردووە:

«دەکرێت بەهۆی گرووپێکی بچووکەوە، نەک ئەنجومەن بەگشت ئەندامانییەوە، هەندێک کار بەشێوەیەکی باشتر جێبەجێبکرێت، بەتایبەتی ئەوەی پێویستی بە لێکۆڵینەوە دەربارەی وردەکارییەکانی بابەتەکان هەیە. لەم ڕوانگەیەوە دەشێت لیژنەکــان ڕۆڵێکی بنچینەیــی لە چاودێریکردنــی کاری دەسەڵاتی جێبەجێکردندا بگێڕن. لە ساڵی ١٩٩٤وە سیستەمی لیژنەکان گۆڕانی فراوانی بەسەردا هاتووە، بەشێوەیەک کە چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەلایەن ئەو لیژنانەوە ئاسان بێت. ئەوەبوو سیــستەمی نوێی لیژنەکان، کە خاوەن خەسڵەتەکانی چالاکبوون‌و کارابوون و سەربەخۆبوونە لە حکومەت، جێی سیستەمی کۆنی گرتەوە، کە پێکهاتبوو لە ١٣لیژنەو ڕۆڵی بەشێوەیەکی بنچینەیی بریتیبوو لە کۆبوونەوەی نهێنی بۆ ڕاستاندنی بێ لێکۆڵینەوەی یاسادانانەکانی حکومەتی حیزبی نیشتیمانی. لێرەدا لە ئەنجومەنی نیشتیمانی لیژنەیەکی تایبەت بە هەر دامودەزگایەکی حکومی هەیە، لەکاتێکدا لە «ئەنجومەنی نیشتیمانیی هەرێمەکان»دا لیژنەکان بەشێوەیەکی گشتی لە پەیوەندیدا دەبن لەگەڵ گرتبوونەوەی دامودەزگا حکومییە جۆربەجۆرەکاندا. ئەم لیژنانەش خاوەن دەسەڵاتی هەمەلایەنن، لەوانە دەسەڵاتی بانگهێشتکردنی کەسەکان، بەمەبەستی پێشکەشکردنی بەڵگەکان یان بەڵگەنامەکان».

پەرلەمانی سویدیش، لە ڕاپۆرتەکەی خۆیدا، هێمای بۆ ئەوە کردووە، کە جەغتکردنەوەیەکی زۆر لەســـەر گرنگیــی چاودێریکردنی پەرلەمانی لەئارادایە. «ئەوەش دەگرێتەوە بۆ ئەوەی چالاکییەکانی حکومەتی ناوەندی چیدی ملکەچی یاسادانان و بڕیارە وردکارەکانی بودجە نین، بەڵکو ملکەچی ئامانج و داخوازیگەلی گشتین، کە ئاڕاستەی هێنانەدیی چەند مەبەستێکی دیارکراو کراون. بەوجۆرەش ئەرکی پەرلەمان بۆتە دڵنیابوون لە هاتنەدیی ئەو ئامانجو داخوازیانە. لێرەشدا کاری لیژنەکانی ڕێکسداگ و ئەولەویاتەکانی پێگەیەکی پێشکەوتوو داگیردەکەن».

بەوجۆرە، چاودێریکردن ئەنجام نادرێت، لەو کاتەدا نەبێت کە لیژنەکان توانای دیاریکردنی ئەو لایەنانەی چالاکیی حکومیان دەبێت، کە دەشێت لێکۆڵینەوەیان دەربارە بکەن. بۆ نموونە، لە «ئەنجومەنی نوێنەرانی فلپینی»دا ئەو لایەنانە، بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی لیژنەکە، دیاریدەکرێت:

«شان بەشانی لیژنەی ئەنجومەنی هەمیشەیی تایبەت بە چاودێریکردن، لیژنەکانی تری ئەنجومەنەکە دەتوانن خۆبەخۆ بە کارڕایی دامودەزگا حکومییەکاندا بچنەوە، ئەوەش بەپێی ئەو دەسەڵاتەی ڕێگەی پێ دەدات دانیشتنەکانی گوێگرتن و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە، دەربارەی ئەو بابەت و مەسەلانە ئەنجامبدەن کە لە چوارچێوەی شارەزاییاندا نیگەرانی وروژێنن، ئەمەش لەسەر داواکاریی زۆرینەی ئەندامەکانیان. بۆ نموونە، لێکۆڵینەوە لەگەڵ هەندێک دامودەزگاو بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکاردا کرا، دەربارەی سیستەمەکانی کڕین و جێکەوتنی ئەو گرێبەستانەی پێڕەوییدەکەن، بۆ مسۆگەرکردنی شەفافیەتو زەمینەخۆشکردن لەبەردەم هێنانەئارای چاکسازییەکان لە سیاسەتەکاندا».

بەپێچەوانەی ئەوەوە، پەرلەمانی نەرویجی لەم دواییانەدا بڕیاریداوە، «دەکرێت کەمایەتییەکی ئەندامانی لیژنە هەمیشەییەکانی (سێ یەکی ئەندامەکان) تایبەت بە وردبینی و کاروبارە دەستوورییەکان، دەست بە کارڕاییەکانی لیژنە بکەن. ئەم ڕێسایەش گرنگە بۆ بەهێزکردنی چالاکییەکانی کەمایەتییەکان لە پەرلەماندا».

لە مەسەلە یەکلاییکەرەوەکان، بۆ مسۆگەرکردنی کارابوونی لێکۆڵینەوەکانی لیژنەکان ئەوەیە، دەسەڵاتی ئەوەیان هەبێت داوا لە وەزیرەکان و گشت فەرمانبەرە حکومییەکان بکەن لەبەردەم پەرلەماندا ئامادەبن و وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە کە ئاڕاستەیاندەکرێت و بەڵگەنامەکان پێشکەشبکەن. بەدەستهێنانی زانیاری توخمێکی بنچینەییە بۆ لێپێچینەوەی کارا، ئەمەش ئاگاداربوون لە زانیارییە نهێنییەکانیش دەگرێتەوە. لەوانەیە یاساکانی دەستاوەدەستکردنی زانیارییەکان، کە ڕێگە بە ڕیزپەڕی بەرفراوان یان بەکارهێنانی مافی ناڕەزاییدەربڕینی وزاری دەدەن، کاریگەریان لەسەر بەدەستهێنانی زانیارییە هەستیارەکان لەلایەن پەرلەمانەوە هەبێتو ببێتە هۆی توندکردنی ئەو پێبەندیانەی سەپێنراون بەسەریدا. لێرەشدا ئەنجامدانی کۆبوونەوەگەلی داخراو، بەمەبەستی خستنەڕووی کایەیەکی دیاریکراوی زانیارییەکان، یەکێکە لەو ڕێگایانەی هەندێک پەرلەمان بەکاریدێنن بۆ خۆپاراستن لەو پێبەندیانە.

مەسەلەی دەرامەتەکان بەدیاریکراوی، یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی چالاکییە

وردكارییەكانی چاودێریكردن، چونكە لە چەندین پەرلەمان و دەستەی یاسادانانی چەسپیودا، دەبینین تاقمی كاری لیژنەكان خاوەنی ئەو ئەزموونە پێویستە نییە، كە یەكێك لە دامودەزگـا حكومییەكان داوای دەكات. پێویستە ئامرازە شیاوە جۆربەجۆرەكان بەكاربهێنرێن بۆ تەواوكردنی تاقمی كاری لیژنەكان، بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی ئەو پەككەوتەییە. لێرەشدا بڵاوترین شێواز لەم بوارەدا، پەنابردنە بۆ شارەزایانی دەرەوەی پەرلەمان، جا ئەوانە لە كۆمەڵگەی مەدەنی بن یان نێوەندی ئەكادیمیدا، بەمەبەستی ئەنجامدانی لێكۆڵینەوەگەلی دیاریكراو، یان دامەزراندنی دەستەگەلی ڕاوێژكاریی هەمیشەیی بۆ یارمەتیدانی لیژنەكان. بۆ نموونە، «ئەنجومەنی گشتی لە ئینگلستان» لەم دواییەدا «یەكەیەكی وردبینی» (Scrutiny Unit)ی دامەزراند، كە پشتگیرییەكی تایبەتمەند پێشكەش بە هەر لیژنەیەك دەكات، ئەوەش لەو ماوانەدا كە فشاری كاركردنی بەتایبەتی پێویستە.

زۆربەی جارەكان، سەرەنجامی لێكۆڵینەوەكانی لیژنەكە بەشێوەی ڕاپۆرتێكی ڕاوێژكاری دەبێت، كە ئاڕاسـتەی حكـومـەت دەكرێـتو چەندین ڕاسپاردە لەخۆدەگرێت. ئەو ڕاپۆرتە دەخرێتە بەردەمی پەرلەمان بە گشت ئەندامەكانییەوەو دواتر پەرلەمان بڕیار لەسەر ئەولەویەتی گفتوگۆكردنی چۆنییەتی بەپیرەوەچوونی حكومەت بۆ ئـەو ڕاسپاردانە دەدات، كە تیایدا هاتوون. بۆ نموونە، پەرلەمانی هیندی لەم دواییانـەدا جەغتی لەسـەر كارڕاییگەلی تایبەت بە بەدواداچوونی ڕاسپارەكانی «لیژنە هەمیشەییەكانی تایبەت بـە دامودەزگاكانی حكومـەت» (Departmentally Related Standing Committees- DRSC)، كردۆتەوە، چونكە ئەوە بەدیكراوە كـە زۆرجار حكومەت سستە لە جێبەجێكردنی ئەو ڕاسپاردانەی قبوڵیكردوون:

«بەپێی كارڕاییە بەكارەكانی ئێستا، پاش ئەوەی ڕاپۆرت دەربارەی بابەتێك دەخرێتەڕوو، كە لیژنـە هەمیشەییـەكانی تایبەت بە دامودەزگا حكومییەكان هەڵیانبژاردووە، حكومەت لە ماوەی سـێ مانگـدا، لە ڕۆژی پێشكەشكردنی ڕاسپاردەكانەوە، «یاداشـتێك دەربـارەی كارڕاییە بڕیار لەسەر دراوەكان» پێشكەشدەكەن. لێرەشدا حكومەت هەمیشە گشـت ئەو ڕاسپاردانە جێبەجێ ناكات، كە بەشێوەیەكی گشتی قبوڵیكردوون. بۆ چەسپاندنی سروشتی جیدیبوونو مسۆگەركردنی جێبەجێكردنی ئـەو ڕاسپاردانەی لیژنە هەمیشەییەكان لە كاتی دیاریكراودا پێشكەشیانكردووە، سەرۆكی «لوك سابها»و «ڕاجیا سابها» لە ئەیلول/ سێپتەمبەری ٢٠٠٤دا چەند ڕێنماییەكی دەركردووە دەربارەی ئەوەی،

پێویستە وەزیری پەیوەندیدار هەر شەش مانگ جارێک وتەیەک لەبەردەم ئەنجومەنەکەدا پێشکەشبکات، سەبارەت بە هەڵوێست بەرامبەر بە جێبەجێکردنی ئەو ڕاسپاردانەی لە ڕاپۆرتەکانی لیژنە هەمیشەییەکاندا هاتوون. چاوەڕواندەکرێت ئەو هەنگاوە کاریگەریی گەورەی هەبێت لەسەر جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان لە کاتی دیاریکراوداو بەشێوەیەکی چاک».

## بۆ خوێندنەوەی زیاتر دەربارەی چاودێریکردن لە ڕێگەی سیستەمی لیژنەکانەوە بڕوانە ئەم سایتانە:

Gay, O and Winetrobe, B (2003). Parliamentary audit: the audit committee in comparative context.
http://www.scottish.parliament.uk/business/committees/historic/audit/reports-03/aur03-legacy-02.htm>

Krafchik, W. and Wehner, J. (2004). Legislatures and budget oversight: best practices.
<http://www.revenuewatch.org/reports/kazakhstan_parliament_budget_forum.pdf>

National Democratic Institute (1996). Committees in legislatures: a division of labor.
<http://www.accessdemocracy.org/library/030_ww_committees.pdf>

## چاودێریکردن بەهۆی دامودەزگای گشتیی ناحکومییەوە

سەبارەت بە چاودێریکردنی پەرلەمانتارانە، پێویستە جیاوازیی لەنێوان دوو جۆری تەواو جیاوازی دامودەزگا ناحکومییەکاندا بکەین. یەکەمیان بریتییە لەو دامودەزگایانەی بەتایبەتی بۆ بەشداریکردن لە چاودێرکردنی حکومەتدا دامەزراون، وەک ئۆفیسی وەرگرتنی سکاڵانامە کارگێڕییەکان، لیژنەکانی مافەکانی مرۆڤ، لیژنەی بەگژاچوونەوەی گەندەڵی، ئۆفیسی چاودێریی گشتی حساباتەکانو ئەوانی تر. ئەو دوو دامودەزگایەی دوایی بەتێروتەسەلی لە چوارچێوەی چاودێریکردنی دارایی لەکۆتایی ئەم بەشەدا تاوتوێدەکەین. لێرەداو لەم بارەیەوە ئەوە دووبارەدەکەینەوە، کە لە بەشی چوارەمدا تاوتوێمانکردووە. ئەویش ئەوەیە، کە چاودێری کاراتردەبێت، ئەگەر پەرلەمان بڕیاری لەسەر ئەندامبوونی ئەو دامودەزگایانە داو لەبەردەمی خۆیدا، نەک لەبەردەم حکومەتدا، شایانی لێپێچینەوە بوون. ئەو دامودەزگایانە، بەپێی شارەزایی تایبەتمەندانەو پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا، ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەگێڕن بۆ تەواوکردنی

کاری چاودێریکردن، کە خراوتــە ئەســتۆی لیژنەکانی پەرلەمان. بۆ نموونــە، ڕاپۆرتەکەی پەرلەمانی نەرویجی باسی چوار دامودەزگای سەربەخۆ دەکات، کە «ڕۆڵی گرنگیــان هەیە بۆ ڕاییکردنی ئەرکی چاودێریکردن لەلایــەن پەرلەمانەوە، کە کارێکــەو بەو سپێردراوە»، ئەوانەش: ئۆفیسی چاودێری گشتیی حساباتەکان، ئۆفیسی پەرلەمــان بۆ وەرگرتنــی سکاڵانامەکانی تایبەت بە کارگێڕیی گشتی، لیژنــەی چاودێریکردنی دامودەزگاکانی ئیستیخبارات‌و چاودێریکردن‌و ئاسایش، ئۆفیسی وەرگرتنی سکاڵانامەکانی تایبەت بە هێزە سەربازییەکان. جگە لە دوایین دامودەزگا، کە ڕاپۆرتەکانی لەلایەن لیژنــەی بەرگرییەوە پێداچوونەوەیان بۆ دەکرێت، لیژنەی هەمیشەیی تایبەت بــە چاودێریکردن، ئەرکی پێداچوونەوەی ڕاپۆرتەکانی لیژنەکانی تر دەگرێتەئەستۆ. یەکێک لەو دامودەزگایانەی تر، کە بەشداریدەکات لــە چاودێریکردنی پەرلەمانیی گەلێک وڵاتدا، «ئۆفیسی ئامارە نیشتیمانییەکان»ـە. جا لەبەر بوونی ئەگەری گواستنەوەی ئامارەکان دەربارەی سیاسەتەکانی حکومەت بەشێوەیەکی لایەندار، باشترین زامنی سەربەخۆبوونی ئۆفیسی ئامارەکان و دوورخستنەوەی گومان لێی، ملکەچبوونیەتی بۆ لێپێچینەوەی پەرلەمان نەک حکومەت، وەک لەم دواییەدا لە ئینگلستان پێشنیارکراوە.

جۆری دوەمی دامودەزگا سەربەخۆکان ئەو دامودەزگایانەیە کە هەندێک ئەرکی جێبەجێکار و ڕێکخراوەیی تایبەت بە خودی حکومەت ڕاییدەکەن. لێرەشدا، لەبری هەڵوەستەکردن لەئاستیدا، وەک بەشێک لە سیستەمی چاودێریی پەرلەمانتارانە، وەک ئەوەی جۆری یەکەم، زیاتر لە چۆنێتی کارپێکردنی چاودێرییەکی کارا بەســەر خــودی ئــەو دامودەزگایەوە وردەبێتەوە، چونکە بەشێکی پەیکەری کارگێڕیی حکومەت پێکدێنێ. دەنگدانەوەیەک لە گەلێک وڵاتدا هەیە، داوا لە حکومەتەکان دەکــات هەندێک خزمەتگوزاریی، وەک چالاکییە ڕێکخراوەییەکان یان پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی ڕاســتەوخۆ، بگوێزرێنەوە بۆ دامودەزگاگەلی سەربەخۆ. ئەو دامودەزگایانەش بریتین لە:

- دامەزراوەی گشتی وەک بانکی ناوەند یان دەستەی باڵای ئێستگەی ڕادیۆ.
- ڕێکخراوەگەلی ڕێکخستنی تایبەت بە تەندروستی و سەلامەتی و پێداویستییە بنچینەییەکان و خزمەتگوزارییەکانی تر.
- ئەو دامودەزگایانەی بەپارەی گشتی حزمەتگوزاریی لە کەرتی گواستنەوە، نیشتەجێکردن، خوێندن، فراوانبوونی ئاوەدانی، سیستەمی سزادان‌و..هتد پێشکەشدەکەن، هەندێک جار ئەم دامودەزگایانە شێوەی کۆمپانیای هاوبەشی

هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت لەخۆدەگرن، هەتاکو جڵەوی دەسەڵاتو بەرپرسیارێتیی لە حکومەتی ناوچەییدا بەدەستەوەبگرن.

ئەنجامی زۆربوونی بەکارهێنانی ئەم جۆرە دامودەزگا سەربەخۆیانە، چەند کێشەیەک سەریانهەڵدا. بۆ نموونە، لە ڕاپۆرتی پەرلەمانی یۆناندا هاتووە، ئەو کێشانە پەیوەندییان بە دەرکردنی یاساگەلی پێوانەییەوە هەیە لەلایەن دەسەڵاتە سەربەخۆکانەوە، «ئەمەش بووە هۆی گوێزانەوەی پرۆسەی بڕیارسازی، لەسەر ئاستی یاسا پێوانەییەکان، لە پەرلەمانەوە بۆ دامودەزگا سەربەخۆکان». کێشەیەکی تر لاوازیی کەناڵەکانی بەرپرسیارێتیو لێپێچینەوەیە. لە ڕووی تیۆریشەوە، دەشێت دامودەزگا سەربەخۆکە سەر بە دامودەزگایەکی حکومی بێت، بەڵام بەشێوەیەک ڕێکبخرێت، کە کارەکانی بەشێوەیەکی تەواو سەربەخۆ جێبەجێبکات. ئەمەش وادەکات دەستەبەرکردنی چاودێرییەکی کارای پەرلەمانتارانە سەخت بێت، تەنانەت ئەگەر ئەوە پێویستی بە سەرفکردنی بڕی گەورەی پارە هەبێت و دابەشکردنی ئەو ئاسەوارانە جێبهێڵێ، کە ناکرێت فەرامۆشبکرێن.

## بۆ خوێندنەوەی بابەت دەربارەی دامودەزگاگەلی چاودێریکردنی سەربەخۆ لە تۆڕی ئینتەرنێتدا بڕوانە:

Organisation for Economic Co-operation and Development (2002). Relations between supreme audit institutions and parliamentary committees. <http://appli1.oecd.org/olis/2002doc.nsf/linkto/ccnm-gov-sigma(2002)1>

World Bank (2001). Features and functions of supreme audit institutions. <http://www1.worldbank.org/prem/PREMNotes/premnote59.pdf>

## چاودێریکردن لە ڕێگەی پرسیارکردن و «لێپرسینەوەی» پەرلەمانتارانەوە

لە زۆربەی سیستەمە پەرلەمانییەکان و ئەو سیستەمانەدا، کە ڕێگە بەوە دەدەن وەزیرەکان ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانان بن، لێپرسینەوە لە وەزیرەکان بەشێوەیەکی ڕێکوپێکی زارەکی و نووسراو، میکانیزمێکی گرنگی چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە. زۆرجار لێپرسینەوەی زارەکی لە کۆبوونەوەی ئەنجومەندا بەگشت ئەندامەکانییەوە، دەبێتە شەڕێکی سەرسەختی نێوان حیزبەکان، نەک زۆرانبازییەکی هێمنانە کە ڕێگەی دەرخستنی حەقیقەت ڕووناکدەکاتەوە. کەچی

لێپرسینەوە لە ئەندامانی ئەو حیزبەی حکومەتی بەدەستەوەیە، دەبێتە ڕیاکاری و وەڵامدانەوەکانی حکومەت دەگۆڕێت بۆ پرۆسەی بەدەستهێنانی دەستپێشکەری لە ململانێیدا دژی ئۆپۆزسیۆن. دەشێت فەرمانبەرە حکومییەکان بەبایەخپێدانێکی وردەوە وەڵامەکان دابڕێژن، بەشێوەیەک کە خۆیان لە ئاشکراکردنی هەر زانیارییەکی جەوهەری بپارێزن. پرسیارە پەرلەمانییەکان، ئەگەر بەشێوەیەکی دروست بەکارهێنران، میکانیزمێکی گرنگە بۆ هێنانەدیی چاودێریکردن. چونکە وەزیرەکان ناچاردەکرێن سیاسەتەکانی خۆیان شرۆڤەبکەن و بەشێوەیەکی ڕێکوپێک لەبەردەمی پەرلەماندا بیانوویان بۆ بهێننەوەو ئاشکرا وەڵامدانەوەی هەر کەموکورییەک لەلایەن ئەوانەوە کرابێت، کارپێکردنێکی بەسوودی پرنسیپی لێپێچینەوەیەو بەشداریکردنێکی گرنگی جێبەجێکردنێتی. لێرەشدا توانجی پەرلەمانی زامبیا ئەوە دووپاتدەکاتەوە:

«ئامانجی پرسیارە دەربڕاوەکان لە ئەنجومەندا بریتین لە: یەکەم/ دەرفەت ڕەخساندن لەبەردەم ئەندامەکاندا، بۆ بەدەستهێنانی زانیارییەکان دەربارەی ئەو بابەتانەی جێی بایەخپێدانی ڕای گشتین. دوەم/ فشارخستنە سەر حکومەت، لە ڕێگەی ئەو پرسیارانەی لە ئەنجومەنەکەدا ئاراستەیاندەکرێت و داوا لە حکومەت دەکرێت دەست بە پرۆژەیەکی دیاریکراو بکات، یان تەواویبکات، یان پێشکەشکردنی ئاسانکاریگەلی دیاریکراو، یاخود کارکردن بە کارڕایگەلی دیاریکراو دەربارەی مەسەلە گشتییەکان. لە لایەنە گرنگەکانی تری ئەو پرسیارانەی لە پەرلەماندا دەردەبڕدرێن، دەرفەت ڕەخساندنە لەبەردەم ئەندام پەرلەمانەکاندا بۆ گوێزانەوەی بیروڕاو ئاراستەکانی میللەت بۆ حکومەت، بەتایبەتی سەبارەت بە مەسەلە هەنوکەییەکان، ئینجا تاقیکردنەوەی توانای وەزیرەکان و ئەو فەرمانبەرانەی سەر بەوانن، لە ڕێگەی چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو پرسیارانەی ئاراستەیان دەکرێت، بەتایبەتی پرسیارە نوێکان. هەروەها پرسیارەکان پاڵ بە وەزیرەکانەوە دەنێن چاوکراوەبن، لە ترسی ئاشکرانەبوونی کەموکورییان و بەشێوەیەکی گشتی بەشداریدەکەن لەوەدا، کە حکومەت لە ئامادەباشیدا بێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەر ڕووداوێکدا».

هەتاکو پرۆسەی ئاراستەکردنی پرسیارەکان ڕێکوپێک و مەنهەجی بێت، ڕێژەی هاتنەدیی ئامانجە چاوەڕوانکراوەکان زیاتردەبێت. ئەمەش ئەو کارڕاییانەیە، کە پەرلەمانی ئێرەلەندی (ناسراو بە دیل) وەک نموونە پێڕەویاندەکات:

«سەرۆک وەزیران هەفتانە بۆ ماوەی ٩٠خولەک وەڵامی ئەو پرسیارانە

دەداتەوە، کە پێشوەخت لێی ئاگادارکراوەتەوە (هەروەها ئەو پرسیارە کتوپڕانەی بێ ئاگادارکردنەوە ئاڕاستەیدەکرێن). هەروەها هەفتانە بۆ ماوەی ٤٠خولەکی تر وەڵامی پرسیارەکانی سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن دەداتەوە، کە بێ پێشوەخت ئاگادارکردنەوەی ئاڕاستەی دەکرێن. هەروەها هەفتانە بۆ ماوەی ٢١٠ خولەک ئەندامەکانی تری حکومەت بەنۆرە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە کە ئاڕاستەیاندەکرێت. ساڵی٢٠٠٤ حکومەت وەڵامی نزیکەی ١٩٠٠ پرسیاری داوەتەوە، کە بەئاگادارکردنەوەی پێشوەخت ئاڕاستەیکراون‌و وەڵامی ٢٦٠٠٠پرسیاری دیکەشی بە نووسراو داوەتەوە».

لە پەرلەمانی سەنگالیدا، ئەو پرسیارانەی ئەندامەکانی پەرلەمان ئاڕاستەیاندەکەن، بەشێوەی گفتوگۆ دەبێت، بەڵام بە دیاریکردنی خشتەیەکی کاتی زۆر وردبینانە:

«لەکاتی گفتوگۆکردندا، ئەم ڕێسایانە پێڕەویدەکرێن:

١. پرسیارکەر لە ماوەی سێ خولەکدا پرسیارەکەی خۆی دەکات.

٢. وەزیرەکە لە ماوەی پانزە خولەکدا وەڵامدەداتەوە.

٣. پرسیارکەر داوانامەیەک لە ماوەی دە خولەکدا پێشکەشدەکات.

٤. زۆرینە داوانامەیەک لە ماوەی دە خولەکدا پێشکەشدەکات (دەشێت بڵاویشبکرێتەوە).

٥. گرووپەکانی کەمایەتی و ئەندامە سەربەخۆکان داوانامەیەک پێشکەشدەکەن. کات بەپێی ژمارەیان دیاریدەکرێت و ئەمەش گرێدراوی ئەو کاتەیە، کە بۆ گرووپی زۆرینە تەرخانکراوە.

٦. وەزیرەکە وەڵامی نوێ لە ماوەی ١٥خولەکدا پێشکەشدەکات.

٧. جارێکی تر دەرفەتی قسەکردن بۆ ماوەی ٣خولەک دەدرێتەوە خاوەن پرسیارەکە.

٨. وەزیر دواوەڵامدانەوەی خۆی لە ماوەی ٥خولەکدا ئەنجامدەدات.

ئەوەی سەرەوە شێوەیەکی خێرای چاودێریکردنە، کە ئەنجومەنی نیشتیمانی دەربارەی خاڵێکی دیاریکراو لەگەڵ حکومەت پێڕەویدەکات.

پەرلەمانەکانی تر چەندین شێوازی هەمەڕەنگی دەستێوەردان، بەمەبەستی وردبوونەوە لە کارەکانی حکومەت، بەکاردێنن. ئەوەش وەک تەواوکردنی ئەو کارڕاییانە وایە کە تایبەتن بە کاتی دیارکراو بۆ ئاڕاستەکردنی پرسیارەکان. لە پەرلەمانی زامبیا، پێشنیارەکانی ئەندامە ئاساییەکان، وەک «بەناوبانگترین و کاراترین ڕێگەی وردبینی لە چالاکییەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن» وایە. پەرلەمانی هیندیش لەمێژە

کار بەو کارڕاییانە دەکات، کە پێیاندەوترێ «ئاگادارکردنەوەکانی سەرنجڕاکێشان» (Calling Attention Notices) و ئەمەی دێت باسکردنی ئەو کارڕاییانەیە:

«هەر ئەندام پەرلەمانێک بۆی هەیە، بەپێی مۆڵەتوەرگرتنێکی پێشوەخت لە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنــەران یان سەرۆکی ئەنجومەنی پیران، سەرنجی یەکێک لە وەزیرەکان ڕابکێشێ بۆ بابەتێک، کە بەلای ڕای گشتییەوە جێی بایەخپێدانی زۆرە. ئەو کاتــەش وەزیرەکـە دەتوانێت داوانامەیەکی کورت دەربارەی بابەتەکە بخاتەڕوو و داوای کاتێک بکات لە ساتێکی دیاریکراوی دواتردا بۆ پێشکەشکردنی داوانامەیەکی تر. ئەو کارڕاییانە سەرزەنشتکردنی حکومەت لەخۆناگرن، چونکە هێشتا گفتوگۆو دەنگـدان ئەنجـام نەدراوە، بەڵکــو یارمەتیــدەرن بۆ ئەوەی ئەندامەکان ڕۆشنایی بخەنە سەر هەر کەموکورتیەک لە مامەڵەکردنی حکومەت لەگەڵ بابەتێکی دیاریکراودا».

ئەگەرچی سیستەمەکانی سەرۆکایەتی پێڕەویی هەمان ئەو کارڕایانە ناکەن، کە سیستەمی پەرلەمانتاری لە کاتی لێپرسینەوەی حکومەتدا بەشێوەیەکی ئاسایی کاریان پێ دەکات، بەڵام خاوەن چەند شێوازێکی هەمەڕەنگە بۆ بەدەستهێنانی وەڵامەکانی وەزیرەکان، ئەمە شان بەشـانی کارڕاییــە ئاساییەکانی لیژنەکان. بۆ نموونە، بەپێی دەستووری شیلی ڕاستکراوەی ساڵی ١٩٨٠، کۆنگرس دەتوانێت داوای ئامادەبوونی هەر وەزیرێک بکات بۆ ئەو دانیشتنە تایبەتیانەی هەریەکێک لە دوو ئەنجومەنەکە بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەندامەکان لەو بابەتانەی دەکەوێتە سنووری تایبەتمەندیی وەزارەتەکەیانەوە سازدەکرێت.

## ڕاستاندنی دامەزراندنەکانی ناو دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەلایەن پەرلەمانەوە

لەو سیستەمە سەرۆکایەتیانەدا، کە وەزیرەکان ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانان نابن، یەکێک لە لایەنــە گرنگەکانی ئەرکی چاودێریکردن، پرۆسەی ڕاستاندنی دامەزراندنەکانە لە دەســەڵاتی جێبەجێکردن و ئەنجومەنی وەزیراندا. ئەمەش هەمیشە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی درێژخایان هەیە، بۆ دڵنیابــوون لە شــیاویی کەسی دامەزراو بۆ پۆســتی حکومــی. ئەو لێکۆڵینەوەیەش دامەزراندنەکان لە کەرتی دادوەری و سەفارەتەکان و وەزارەتەکانیش دەگرێتەوە. هەروەها لە هەندێک سیستەمی پەرلەمانیدا، کارڕاییگەلی چاودێریکردن دانراون، بۆ دامەزراندنە ناوەزارییە ناگرنگەکان، ئەگەرچی ئەوە دەگمەنیش بێت.

بەشەکەی تر توانای لەکارخستنی سەرۆکە لە پۆستەکەی، چونکە لە سیستەمی

سەرۆکایەتیدا مافی ئەنجومەنی یاسادانان بۆ ڕاکێشانی پەنجەی تاوانی کەمتەرخەمی بۆ سەرۆک و لە ڕێگەی کارڕاییگەلی تایبەتەوە، دواپەناگەیە و هەمیشە هەندێک سەرپێچیکردنی مەترسیداری یاسا یان دەستوور لەپێشییەوە ڕوودەدەن. بەپێچەوانەی ئەوەوە، لە سیستەمە پەرلەمانییەکاندا دەبینین دەنگدان لەسەر سەندنەوەی متمانە لە سەرۆک وەزیران، مانای لەدەستدانی لایەنگیریی پەرلەمانە لەبەر هۆگەلی سیاسی، نەک ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و پەرلەمان لەئارادابێت، مادام حکومەت لەلایەن پەرلەمانەوە پشتگیریی لێ دەکرێت. هەندێک پەرلەمانیش ڕێگە بە دەنگدان لەسەر متمانەسەندنەوە لە هەندێک وەزیر دەدەن، بەبێ ئەوەی ئەوە کاریگەریی هەبێت لەسەر پێکهێنانی حکومەت بەشێوەیەکی گشتی.

## لیژنەکانی لێکۆڵینەوەی تایبەت

ئامرازێکی تری چاودێریکردن، کە لێرەدا شایانی باسکردنە، لیژنە تایبەتییەکانی لێکۆڵینەوەیە، کە پەرلەمان دەتوانێت بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەو بابەتانەی بەلای ڕای گشتییەوە گرنگن پێکیان بهێنێ و زۆربەی جارەکان تایبەتکارییەکانی تاقە وەزارەتێکو دەسەڵاتەکانی یەکێک لە لیژنەکانی خۆی تێدەپەڕێنێ. لێرەدا پێویستە جیاوازیبکەین لەنێوان ئەم لیژنانە و لیژنەکانی حکومەت پێکیاندەهێنێ و دەسەڵاتەکانیان دیاریدەکاتو ئەندامە سەرەکییەکانیان هەڵدەبژێرێ. چونکە ئەو لیژنانەی حکومەت پێکیاندەهێنێ، هەندێک جار دەبنە ئامرازگەلی دوورخستنەوەی ئاگایی خەڵک بەرامبەر بە بابەتێکی مشتومڕ وروژێن یان کەمکردنەوەی ئەو ڕەخنەیەی دەشێت ئاڕاستەی کارێکی حکومەت بکرێت. سەرەنجامیش هەرگیز نابنە ئامرازی کارای چاودێریکردن.

یەکێک لە توخمە گرنگەکان بۆ مسۆگەرکردنی کارابوونی لیژنەکانی لێکۆڵینەوە، دەستەبەرکردنی پاراستنی شایەتەکانە لە ڕێگەی یاسای «ڕاگەیاندنی گەندەڵی»یەوە، ئەگەرچی ئەو پاراستنە گرنگییەکی فراوانتری هەیەو ئەوە تێدەپەڕێنێ. ئەمە توانجێکە لە کتێبێکی «پەیمانگەی دیموکراسیی نیشتیمانی»دا، دەربارەی پێوانە نێودەوڵەتییەکانی ئەنجومەنە دیموکراتییەکانی یاسادانان، هاتووە:

«دەسەڵاتی یاسادانان مافی پێکهێنانی لیژنەیەکی هەیە بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەو بابەتانەی بەلای ڕای گشتییەوە گرنگن. لەو مەسەلانەی پێویستن بۆ کارپێکردنی ئەو مافە ئەوەیە، ڕێنماییکارانی لێکۆڵینەوە یان شایەتەکان یاخود «ڕاگەیەنەرانی گەندەڵی»، کە ئەوە نازناوی باویانە، توانای ئەوەیان هەبێت زانیاریگەلی ورد ببەخشن و جەغتبکەنەوە لەسەر نەدرکاندنی ناسنامەکەیانو

مسۆگەرکردنی پاراستنیان لە هەر ئازاردانێک، جا ئەوە لە ڕووی کەسێتییەوە بێت یان پێشەیی، کە ئەنجامی بەخشینی زانیارییەکان ڕووبەڕوویاندەبێتەوە».

چەندین وڵاتی تر ئەو یاسادانانانە جێبەجێدەکەن، لەگەڵ بوونی جیاوازیی پلەی ئەو پاراستنەی دەستەبەریدەکەن بۆ کەسی زانیاری بەخش. جا ئەگەر دەستەبەرکردنی پاراستن تەنیا بریتی بێت لە درکاندنی ئەو زانیاریانەی لە ڕێگەی کەناڵگەلی دیاریکراوەوە دەدرێن، وەک بارودۆخی تایبەت بە فەرمانبەران، ئەوا دەشێت ئەو کارڕاییانە ببنە هۆی بەبێدەنگی پشتگوێخستنی کێشەیەک یان سکاڵانامەیەکی دیاریکراو. بەپێچەوانەی ئەوەوە، دەبینین لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا «ڕاگەیەنەری گەندەڵی» لە کەرتی کاری فیدراڵیدا ناچارنییە زانیارییەکانی خۆی لە ڕێگەی کەناڵگەلی دیاریکراوەوە بدات، لەوانەشە مافی پاراستنی هەبێت، تەنانەت ئەگەر زانیارییەکان کنەیانکردە ناو ڕۆژنامەگەریشەوە.

## بۆ خوێندنەوەی زیاتر دەربارەی ئەو چاودێرییەی پەرلەمان لەگەڵ چالاکییەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن کاریپێدەکات، بڕوانە:

Inter-Parliamentary Union (2006). Parline database module on parliamentary oversight. <http://www.ipu.org/parline-e/parlinesearch.asp>

National Democratic Institute (2000). Strengthening legislative capacity in legislative-executive relations. <http://www.accessdemocracy.org/library/980_gov_legcapacity.pdf>

Pelizzo, R., Stapenhurst, R. and Olson, D. (eds.) (2004). Trends in parliamentary oversight. World Bank Institute <http://siteresources.worldbank.org/WBI/Resources/TrendsinParliamentary Oversight-FINAL.pdf>

Inter-Parliamentary Union (2006). Parline database module on parliamentary oversight. <http://www.ipu.org/parline-e/parlinesearch.asp>

National Democratic Institute (2000). Strengthening legislative capacity in legislative-executive relations. <http://www.accessdemocracy.org/library/980_gov_legcapacity.pdf>

Pelizzo, R., Stapenhurst, R. and Olson, D. (eds.) (2004). Trends in parliamentary oversight. World Bank Institute <http://siteresources.worldbank.org/WBI/Resources/TrendsinParliamentary Oversight-FINAL.pdf>

## کوڵینەوە لە کەیسێک دەربارەی چاودێریکردن: سیاسەتی ئاسایش

سیاسەتی ئاسایش کایەیەکی بەپیتە بۆ گفتوگۆکردنی بابەتی چاودێریکردنی پەرلەمانتارانە. لە «ڕێبەرێک دەربارەی چاودێریکردنی پەرلەمانتارانە بەسەر کەرتی ئاسایشەوە» (A handbook on Parliamentary Oversight of the Security Sector) کە «یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێونەتەوەیی» و «ناوەندی ژنێف بۆ چاودێریکردنی دیموکراتیانەی هێزە سەربازییەکان (٢٠٠٣)» (Geneva Center for the Democratic Control of Armed Ferces) بڵاویانکردۆتەوە، سێ تەحددا دیاریکراوە، کە چاودێرکردنی ئەم کایەیەی سیاسەتەکان بەتایبەتی ڕووبەڕوویدەبنەوە:

- یاساکانی نهێنیبوون ئاستەنگ بۆ ئەو کۆششانە دروستدەکەن کە ئامانجیان پتەوکردنی شەفافیەتە لە کەرتی ئاسایشدا...
- کەرتی ئاسایش زۆر ئاڵۆزە، بۆیە پێویستە پەرلەمانەکان چاودێریی بابەتەکانی وەک کڕینی چەک و ئامادەباشیی یەکە سەربازییەکان بۆ جەنگ بکەن. لای هەموو پەرلەمانەکان مەعریفە و ئەزموونی وەها لەئارادانین، کە یارمەتیدەرن بۆ چارەسەرکردنی ئەو بابەتانە بەشێوەیەکی بابەتیانە.
- دەشێت جەغتکردنەوە لەسەر هاوکاریکردنی نێودەوڵەتی لە بواری ئاسایشدا، کاریگەریی لەسەر شەفافیەت و ڕەوایەتیی دیموکراسیی سیاسەتی ئاسایشی دەوڵەت هەبێت، کاتێک دەبنە هۆی دوورخستنەوەی پەرلەمان لە کارڕاییە پێڕەوکراوەکان. (ل١٩)

دەکرێت دوو لایەن تاوتوێبکەین، کە دەبنە مایەی نیگەرانی لە بواری چاودێریکردنی ئەو کەرتەد او ڕوونکردنەوەی ئەو تەحەددیانەی لەخۆیان دەگرێت. یەکەمیان ڕاستاندنی بڵاوکردنەوەی هێزە سەربازییەکانە لە دەرەوەی وڵات. ڕێبەرەکە هێما بۆ ئەوە دەکات، «لە ڕوانگەی کارگێڕیی هوشیارەوە، واچاکە دەرفەت لەبەردەم پەرلەماندا برەخسێنرێت، کاتی بڕیاردانی تایبەت لەسەر بەشداریپێکردنی هێزە سەربازییەکان لە پرۆسە سەربازییەکانی دەرەوەی وڵاتدا، بەشداربێت.» (ل١١٨). پێویستە لێرەدا دەستەواژەی «لە ڕوانگەی دیموکراسییەوە»ش بخەینە ناو دەربڕینەکەی ڕێبەرەکەوە. وەک ڕێبەرەکە ڕوونیدەکاتەوە، لە واقیعی بەکردەوەدا، هەڵسوکەوتە پێڕەوکراوەکان تا ڕادەیەکی زۆر جیاوازن. چونکە لە هەندێک دەوڵەتدا دەبێت بڵاوکردنەوەی هێزەکان لە دەرەوەی وڵات، بەڕەزامەندیی پێشوەختی پەرلەمان بێتو لەکاتی پێویستدا ڕەزامەندیی پاش پێشهاتنی ڕووداوەکە

بەدەستبهێنرێت. لە هەندێکی تردا بڕیاردان لەسەر بڵاوبوونەوەی هێزەکان لە کارە سەروەرەکانە (هی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە) بەتەنیاو تەنیا ڕێگە بە پەرلەمان دەدرێت گفتوگۆی لەسەر بکات، بەبێ ئەوەی هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر ئازادیی هەڵسوکەوتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەو بوارەدا بشکێتەوە.

لە نموونەکانی جۆری یەکەم، سویدو ئەڵمانیا. لەو ڕاپۆرتەی پەرلەمانی ئەڵمانی «بوندستاگ» لە چوارچێوەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا پێشکەشیکردوە، هێما بۆ ئەوە کراوە، «بەراورد بە دەوڵەتەکانی تر، بوندستاگ مافگەلی ئەوەندە فراوانی هەیە، کە دەسەڵاتی ئەوەی دەدەنێ ئەو جۆرە بڕیارانە بدات». لەم بارەیەوە، بەپێی ئەو حوکمەی ساڵی١٩٩٤ لەلایەن «دادگای دەستووریی فیدرالی»یەوە دەچووە، پەرلەمان مافی ئەوەی پێدراوە ڕەزامەندیی پێشوەخت بداتە بڵاوکردنەوەی هێزە سەربازییەکان لە دەرەوەی ئەڵمانیا. هەروەها «یاسای بەشداریکردنی پەرلەمانتارانە»، کە لە کانونی یەکەم/ دیسەمبەری ٢٠٠٤دا دەرچووە، میکانیزمی تایبەت بەو ڕەزامەندییەی دیاریکردوە، کە بەگشتی ناکەوێتە دەرەوەی ئەو هەڵسوکەوتەی کارپێدەکرێت. ئەمەش باسکردنی ئەو کارڕاییانەیە کە لە «بوندستاگ» پێڕەودەکرێن:

«پێویستە حکومەتی فیدراڵی، لە کاتی گونجاوداو پێش دەستکردن بەبڵاوکردنەوەی هێزەکان، داواکارییەک پێشکەش بە بوندستاگ بکات، بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی لەسەر بڵاوکردنەوەی هێزە سەربازییەکان لە دەرەوەی وڵات. دەبێت داواکارییەکە ئەم وردەکاریانەی فرمانەکەی تێدابێت: ئامانجەکەی، شوێنەکەی، بەڵگە یاساییەکان، ئەوپەڕی ژمارەی ئەو سەربازانەی بڵاودەکرێنەوە، تواناکانی ئەو هێزە سەربازییانەی بڵاودەکرێنەوە، ماوەی دیاریکراو بۆ فرمانەکە، تێچووە چاوەڕوانکراوەکان، دابینکارییەکانی تایبەت بە پارەدان... پاش خوێندنەوەی یەکەم، کە هەمیشە بێ گفتوگۆ ئەنجامدەدرێ، داواکارییەکە ئاڕاستەی لیژنە بەرپرسیارەکان دەکرێت، هەتاکو لە کۆبوونەوەکانیاندا ڕاسپاردەیەک بە بڕیاری ئەنجومەنەکە پێشکەش بە ئەنجومەنەکە بکەن. لێرەدا لیژنەکان تەنیا بۆیان هەیە ڕاسپاردە دەربارەی قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوەی داواکارییە دەربڕن و نابێت لە هیچ بارودۆخێکدا دەستکاریی داواکارییەکە بکەن...

یەک ڕێزپەڕی گرنگی ئەم کارڕاییە لەئارادایە، ئەویش بڵاوبوونەوەی هێزەکانە لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکدا، کە ناکرێت بەهیچ شێوەیەک دوابخرێت، هەروەها لەو پرۆسانەی ئامانجیان ڕزگارکردنی کەسانێکە کە دووچاری هەڵوێستی

زۆر مەترسیدار بوون. لەم بارانەدا بوندستاگ، پاش بڵاوبوونـــەوەی بەکردەوەی هێزەکان، ڕەزامەندیی خـۆی نیشاندەدات. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە حکومەتی فیدرالی، پێش و لەکاتی بڵاوکردنەوەی هێزەکاندا، بەشێوەیەکی گونجاو بوندستاگ لە ڕەوتی مەســەلەکان ئاگاداربکاتەوە. دەبێت حکومەتیش کاتی ڕەتکردنەوەی داواکارییەکەی بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی کۆتایی بە پرۆســەکە بهێنێ».

هەروەها لە یاسادا هاتووە، بوندستاگ بۆی هەیە لە هەموو کاتێکدا ڕەزامەندیی خۆی لەسەر بڵاوکردنەوەی هێزە سەربازییەکان لە دەرەوەی وڵات بکێشێتەوە.

ڕاپۆرتەکەی پەرلەمانی تورکی مۆدێلێکی جیاکارە، دەربارەی چاودێریکردنی پەرلەمانی لەسەر بڕیاری بڵاوکردنەوەی هێزەکان لە دەرەوەی وڵات، پێشکەشدەکات. وەک ئـــەو داواکارییـــەی حکومـــەت پێشکەشی پەرلەمانی کــرد، بۆ ڕێگەدان بە بەکارهێنانی هێــزە سەربازییەکانی لە باکووری عیراق و لە یەکی ئازار/ مارسی ساڵی ٢٠٠٣دا، کە «ئەنجومەنی نیشتیمانیی مەزن» گفتوگۆی لەسەر کرد:

«ماددەی یەکەمی داواکارییەکە، ناردنی هێزە سەربازییەکانی تورکیا بۆ دەرەوە تاوتوێدەکات، لەکاتێکدا ماددەی دوەم باسی ڕێگەدان بەبوونی هێزە سەربازییە بیانییەکان لەناو تورکیا دەکات. لە هەلومەرجی ئاساییدا، گرووپی نوێنەری ئەو حیزبەی حوکمی بەدەستەوەیە، لە پەرلەماندا لایەنگیریی ئەو پێشنیارانە دەکات کە لە حکومەتـــەوە پێشکەشکراون و ڕاستکردنەوە تیایدا ڕەتدەکاتەوە، کەچی لەم بارەدا زۆربەی نوێنەرەکانی حیزبی حوکمــڕان دژی داواکارییەکە وەستانەوە. بێگومان ئەو خۆپیشاندانانەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان ڕێکیانخستبوو کاریگەریی گرنگی لەسەر ئەو هەنگاوە هەبوو... ئینجا ڕەتکردنەوەی داواکاریی پێشکەشکراو لەلایەن حکومەتەوەو دەنگدانی چارەکی ئەندامەکانی حیزبی حوکمڕان لە دژی، بەڵگەی کاریگەریی پەرلەمانە لەسەر بڕیارە سیاسییەکان».

## یاسای بەربەرەکانێکردنی تیرۆریزم

یاسای بەربەرەکانێکردنی تیرۆریزم لەنـــاو ئەو بابەتە هەستیارانەدا کە ئێستا لە ئاســۆوە دەردەکـــەون بەپلەی دووەم دێــت، چونکە لە کۆمەڵگە دیموکراتییەکاندا کێشـــەکە دەربارەی چۆنێتی ڕاگرتنـی هاوسەنگیی دروستە لەنێوان ئاسایش و پاراستنی ئازادییە مەدەنیو سیاسییەکاندا، لەکاتێکدا ئەوانە دژی یەک دەبن. لەو وتارەی کوفی ئەنان لە تشرینی دوەم/ نۆڤەمبەری ٢٠٠١دا پێشکەشیکردوە، بێگومان ئەوە ڕووندەبێتـــەوە کـە ئەو دوو مەسەلەیە دژی

یەکتر نین، بەڵکو «مەترسیی ڕاستەقینە لەوەدایە، لەکاتی کۆششکردنماندا بۆ هێنانەدیی ئاسایش، بگەینە ئەو سەرەنجامەی ئازادییە بنچینەییەکان بکەینە قوربانی و بەهۆی ئەوەشەوە ئاسایشی هاوبەشمان لاوازبکەین، لەبری ئەوەی بەهێزییبکەین. لەئەنجامیشدا بەلەمی حکومەتی دیموکراتی لەناوەوەڕا وێرانبێت». بۆ توانجدان لەسەر ئەو بابەتەش، «ڕێبەری چاودێریکردنی کەرتی ئاسایش لەلایەن پەرلەمانەوە» سوورە لەسەر ئەوەی «گرنگە بەرپرسیارێتی هێنانەدیی هاوسەنگی لەنێوان ئازادییەکان و ئاسایشدا نەدرێتە دەست دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەتەنیاو پەرلەمان وەک نوێنەری میللەت و پارێزەری مافەکانی چاودێرییەکی توندی ئەو مەسەلە بکات». ڕێبەرەکە چەند پێشنیارێک سەبارەت بەو کارە دەخاتەڕوو، کە دەبێت ئەندامەکانی پەرلەمان بۆ بەربەرەکانێکردنی تیرۆریزم ئەنجامیبدەن، لەوانە:

- پێڕەویکردنی مەنهەجێکی ڕوون بۆ بەربەرەکانێکردنی تیرۆریزم کە تەنیا بایەخ بە پاراستنی ئاسایش نادات، بەڵکو ڕەگوڕیشەکانی تیرۆریزمیش چارەسەردەکات...
- دڵنیابوون لەوەی دەوڵەت بەشێکە لەو ڕێکەوتننامەو پرۆتۆکۆڵە نێودەوڵەتیانەی پەیوەندییان بە بابەتی تیرۆریزمەوە هەیە...
- کارکردن گرتنەبەری کارڕاییگەلی یاسادانانی وەها، کە ڕێگە بە قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی کارە تیرۆریستییەکان دەدەن، وەک گوزارشتکردنێک لە هاوکاریی نیشتیمانی.
- دڵنیابوون لەوەی یاسای بەربەرەکانێکردنی تیرۆریزم بەشێوەیەکی دروست هاوسەنگیی نێوان پێداویستییەکانی ئاسایش و شادبوونی هاوڵاتیان بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان ڕادەگرێت...

یەکێک لەو بڕیارانەی لە ڕێکەوتننامە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤدا هاتووەو ناکرێت ملکەچی ئەو هاوسەنگییەی سەرەوە بکرێت، یان لە هیچ هەلومەرجێکدا لێیان کەمبکرێتەوە، قەدەغەکردنی تەواوەتیی بەکارهێنانی ئەشکەنجەدانە. هەروەها قەدەغەکردنی گێڕانەوەی ئەو هاوڵاتییە بیانیانەیە، کە داوای پەنابەریان کردوە، بۆ ئەو وڵاتانەی کار بە ئەشکەنجەدان دەکەن، یان بەکارهێنانی بواری ئاسمانیی دەوڵەتەکە بۆ ئەو مەبەستە. لێرەشدا بەشێوەیەکی تایبەتی بەرپرسیارێتی کۆڵینەوە لەو ڕەفتارانەو بەرگریکردنیان، لە کاتی ڕوودانیاندا، دەکەوێتە ئەستۆی ئەندامانی پەرلەمان.

## بۆ خوێندنەوەی زیاتر دەربارەی چاودێرکردنی پەرلەمانی بەسەر سیاسەتی ئاسایشەوە لە تۆڕی ئینتەرنێتدا بڕوانە:

Inter-Parliamentary Union, Geneva Centre for the Democratic Control of Armed Forces (2003). Parliamentary oversight of the security sector principles, mechanisms and practices.
<http://www.dcaf.ch/oversight/proj_english.cfm?navsub1=12&navsub2=3&nav1=3>
National Democratic Institute (2005). Democratic oversight of police forces, mechanisms for accountability and community policing.
<http://www.accessdemocracy.org/library/1906_gov_policing_080105.pdf>

## وردبینی لە بودجە و چاودێریکردنی داراییدا

یەکێک لەو کارە سەرەکیانەی پەرلەمان بەردەوام جێبەجێیدەکات، چاودێریکردنی پرۆسەی بەدەستهێنانی داهاتە گشتییەکان و سەرفکردنیانە. لێرەشدا یەکێک لە ڕێسا سەقامگیرەکان ئەوەیە، «باج بەبێ ڕەزامەندیی پەرلەمان نابێت». ئەوەش مانای ئەوەیە، ڕەزامەندیی ڕاشکاوانەی نوێنەرە هەڵبژێراوەکانی میللەت، مەرجێکی پێویستە بۆ ئەوەی هاوڵاتیان ئەو باجە داسەپاوە بدەن، کە حکومەت دەیسەپێنێ بەسەریاندا. دەکرێت چاودێریکردنی پەرلەمانی بەسەر کاروبارە داراییەکانی حکومەتەوە دابەشبکەین بەسەر دوو قۆناغدا: یەکەم تایبەتە بە پلانە تایبەتەکانی حکومەت، سەبارەت بە دەستخستنی داهاتە چاوەڕوانکراوەکان و خەرجکردنیان و پێڕەویکردنی لە ڕێگەی وردبوونەوە لەو بودجەیەی پێشنیاریدەکات. دوەم تایبەتە بە چاودێریکردنی خەرجییە بەکردەوەکانی حکومەت، بۆ دڵنیابوون لەوەی پابەندی ئەو بەندانەن کە پەرلەمان پشتی پێ بەستوون. ئەو دوو قۆناغە تیکهەڵکێشن و هەریەکەیان کار لەویتریان دەکات. بۆ نموونە، ئەوەی لە گفتوگۆکانی قۆناغی دووەمەوە بەدەستدێن، لە قۆناغی یەکەمی خولێکی نوێی پەرلەماندا ڕچاودەکرێت. لەگەڵ ئەوەشداو بەمەبەستی شیکردنەوە، هەر قۆناغێک بەتەنیا تاوتوێدەکەین.

### وردبینی لە بودجەدا

بەرپرسیارێتیی داڕشتنی پێشنیارگەلی تێروتەسەل دەربارەی بودجەی ساڵانە، دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، هەتاکو حکومەت بتوانێت

داهاتە گشتییەکان و خەرجکردنیان دەستبخات. لەو سیستەمانەی لەسەر شێوازی پەرلەمانی ئینگلستان دەچنەڕێوە، واباوە بودجــە بەهەموو لایەنەکانییەوە لـە کاتێکی دیاریکراودا پێشکەش بە پەرلەمــان دەکــرێت، هەتاکو دەرفەتی تەواو بۆ پەرلەمان برەخسێت ڕاستکردنەوەی جەوهەری لە سیاساتەکاندا بهێنێتەدی. دەشێت لەکاتی پرۆسەی دانانی بودجەدا، وەزیری خەزێنەی گشتی یان ئەوەی جێیدەگرێتەوە ڕاپۆرتــی لــەو گرووپانەوە بەدەستبگات، کـە بەرژەوەندیگەلی ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەمەجۆریان هەیە، بەڵام پەرلەمان پێش خستنەڕووی بودجە ڕۆژی گفتوگۆکردن لەسەری، ڕاوێژی پێ ناکرێت و ناوەڕۆکی بودجەکەشی پیشان نادرێت. دواتر ڕۆڵی پەرلەمان بریتیدەبێــت لــە گفتوگۆکردنی بەندە گشتییەکانی بودجــە بەئامادەبوونــی گشــت ئەندامەکانــی و ئەو ناکۆکیانــە دەخاتەڕوو کە دەشــێت لە بودجەدا هەبن و ئەو برە پارانەش دیاریدەکات کە دەکرێــت پاشەکەوتبکرێن، ئەوەش بەهۆی شیکردنەوەیەکی تێروتەسەلی برە پارە خەمڵێنراوەکان لە لیژنەی کاروباری داراییدا. وەسفکردنی کاری «لیژنەی تایبەت بە خەمڵاندنەکان» لە پەرلەمانی هیندیدا بە ڕوونی لەگەڵ ئەو واتایەدا تەبایە، چونکە ئیشەکەی بریتییە لە «سەیرکردنی ئەو خەرجیانەی حکومەت لە بودجەی ساڵانەدا پێشنیاریکردون و ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکان بەشێوەیەک کە پاشەکەوتکردن بخەنەوە، یان ڕاستکردنەوە لە ڕێکخستنی بودجەدا بهێننەدی، یان کارابوونی تێچوو بهێنێتەئاراوە، یاخود چاکسازیی کارگێڕیی تەبا لەگەڵ ئەو سیاسەتانەی خەمڵاندنەکان لێ دڵنیابوون دروستبکات».

لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتــدا، ئەم واتا تەســکەی ڕۆڵی پەرلەمان لە داڕشتنی بودجەدا، بۆتە ڕیزپەڕ نەک ڕێسایەکی کارپێکراو. لەو ڕاپرسییەی بانکی نێودەوڵەتی ئەنجامیداوە، هاتووە: «لە زۆربەی وڵاتانی ڕێکخراوی هاوکاری و پەرەپێدانی ئابووری، بودجە دوو تا چوار مانگ پێش سەرەتای ساڵی دارایی نوێ پێشکەش بە یاسادانەرەکان دەکرێت». (**سەرەنجامی ڕاپرسیی تایبەت بە کارپێکردنەکانو کارڕاییەکانی بودجە، لەلایەن ڕێکخراوی هاوکاری و پەرەپێدانی ئابووری و بانکی نێودەوڵەتی** - ٢٠٠٣ (Results of the survey on budget Practices & Procedures, OECD/ World Bank , ٢٠٠٣). ئەو ماوەیە دەرفەت بۆ پەرلەمان دەڕەخسێنێ، ڕۆڵی درێژخایانتر ببینێت بۆ کاریگەریخستنە ســەر ناوەڕۆکی ئەو سیاسەتانەی گرێدراوی بودجەی کۆتایین، جا ئەوە لە گفتوگۆکانو دانوستاندنەکانی پێش خستنەڕووی بودجە لەبەردەمی پەرلەماندا

بێت، یان لەکاتی سەیرکردنی پێشنیارەکانی حکومەتدا. بەشداریکردنی پەرلەمان لەم بارەیەوە، بەدیاریکراوی لە نەرویج گەشەیکردوە، چونکە دانوستاندنەکان دەربارەی خەرجییە گشتییەکان و دابەشکردنی بودجە بەسەر بەندەکانیدا لەناو خودی پەرلەماندا ڕوودەدات. ئەو چاکسازییەی تایبەت بوو بە بودجە و ساڵی١٩٩٧ بڕیاری لەسەر درا، مەسەلەی ئاڕاستەی پرۆسەی هەموارکردنی بودجەی ڕووەو زیادکردنی سنووری خەرجییەکانی تاوتوێکرد، هەتاکو بتوانێت ئەو پرۆژانەش بگرێتەخۆ، کە حیزبە جۆربەجۆرەکان پێشنیاریدەکەن:

«زۆرێک پێیانوایە، کارڕاییە نوێکان بۆ دانانی بودجە گەشەکردنێکی گرنگە. چونکە لەو کارڕاییانەی لە وەرزی پاییز لە پەرلەمانی سویددا (ناسراو بە ستورتینگ) ئەنجامدەدرێن، حیزبە سیاسییەکان دەستدەکەن بە گفتوگۆکردن دەربارەی ئەوەی زۆرینە، سەبارەت بەتێکڕای خەرجییەکان لە بودجە و تێکڕای بڕە پارەکانی بۆ بەشە جۆربەجۆرەکانی لیژنە هەمیشەییەکان تەرخانکراوە، لەسەری ڕێکەوتووە. لیژنە هەمیشەییەکانیش دوای ئەم هەنگاوە لێکۆڵینەوە سەبارەت بە وردەکارییەکان دەکەن، بەڵام بەمەرجێک تێکڕای ئەو بەشە تەرخانکراوانە تێنەپەڕێنن کە لە بودجەدا بۆیان دیاریکراوە. لە ڕابردوودا چوارچێوەی گشتیی بودجە تەنیا پێش تەواوبوونی کارڕاییەکان پشتی پێ دەبەسترا. ئەمەش پاڵی بە حیزبە سیاسییە جۆربەجۆرەکانەوە نا چەندین پێشنیار پێشکەشبکەن، بۆ زۆرکردنی تەرخانکراوەکانی بودجە، بەڵام ئەوانە واقعبیانانە نەبوون، چونکە مەحاڵبوو لە چوارچێوەی تێکڕای تەرخانکراوە گرنگەکانی بودجەدا هەموارابکرێن».

لە سویدیش ساڵی پار چاکسازیگەلی هاوشێوە لەبەر هەمان ئەو هۆیانە کران، «هەتاکو سەخت بێت زۆرینە ناسەقامگیرە جۆربەجۆرەکان تەرخانکراوەکانی بودجە بەبێ بوونی پارەی پێویست زیادبکەن». ئەمەی خوارەوە وەسفکردنی پرۆسەی دانانی بودجەیە لە جلوبەرگێکی نوێیدا:

«بەپێی چاکسازییەکە، حکومەتی سوید لە ریکسداگ پرۆژەیەکی هەمەلایەن و یەکگرتووی بۆ بودجە لە سەرەتای پایز و کاتی کۆبوونەوەی پەرلەماندا پێشکەشکرد. پرۆژەکە بۆ ماوەی سێ مانگ لێی دەکۆڵرێتەوەو لانی زۆری خەرجییەکانی حکومەتی ناوەندی لەخۆدەگرێت. بودجەکە بە دوو قۆناغ جێبەجێدەکرێت: لە یەکەمدا ریکسداگ سنووری ئاستی سەرەوەی خەرجییەکانو سنوورەکانی خەرجکردنی تایبەت بە بیست و حەوت بوار دیاریدەکات، ئەوەش

پشتئەستوو بەو پێشنیارانەی لیژنەی تایبەت بە کاروباری دارایی لە پەرلەمان بەرزیاندەکاتەوە. لە قۆناغی دووەمدا پەرلەمان بڕە پارە تەرخانکراوەکان بۆ مەبەستە جۆربەجۆرەکانی هەر بوارێکی خەرجییەکان دیاریدەکات. ئەمەش پشتئەستوور بەو پێشنیارانەی لیژنە تایبەتمەندە جۆربەجۆرەکان بەرزیاندەکەنەوە. نابێت تێکڕای تەرخانکراوەکان لە هەر بوارێکدا ئەو سنوورە تێپەڕێنێت کە پێشتر دانراوە».

لە سەنگال، لە ساڵی ١٩٩٨وە، کاریگەریی پەرلەمان لەسەر شێوەی بودجەی حکومەت بەڕادەیەکی زۆر زیادیکردوە، کاتێک چەند کارڕاییەک خرانەگەڕ بۆ گفتوگۆکردنی ڕووخسارە سەرەکییەکانی بودجە، پێش ئەوەی بەتەواوی بخرێتە بەردەمی پەرلەمان. ئەم نموونەیەی خوارەوەش پشت بە داهێنانێک دەبەستێ، کە پێش دوو ساڵ لە پەرلەمانی فەڕەنسی کارپێکراوە:

«گفتوگۆکانی تایبەت بە ئاڕاستەکانی بودجە، لە دانیشتنی پێش دانیشتنی هەمووارکردنیدا ئەنجامدەدرێت. ئەمەش دەرفەت دەداتە پەرلەمانتارەکان کاریگەریان لەسەر بژارەکانی حکومەت هەبێت. گفتوگۆکانیش بەم شێوەیە ڕوودەدەن:

١. گفتوگۆکانی لیژنەی کاروباری دارایی. وەزیری دارایی ڕاپۆرتێکی سەرەتایی دەربارەی ئاڕاستەکانی بودجە دەخاتەڕوو و بەرزیدەکاتەوە بۆ لیژنەی کاروباری دارایی، پاش گفتوگۆکانی ئەم لیژنەیە، نوێنەرێک ڕاپۆرتێک ئامادەدەکات و بەرزیدەکاتەوە بۆ ئەنجومەنی نیشتیمانی بە گشت ئەندامەکانییەوە.

٢. گفتوگۆکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی. ئەنجومەنی نیشتیمانی لە ڕاپۆرتەکە دەکۆڵێتەوە، ئینجا گفتوگۆیەکی گشتی دەربارەی ئەو خاڵانە بەرپادەکات کە نوێنەرەکان نیگەراندەکات بەرامبەر بە تەرخانکراوەکانی بودجە. نوێنەرەکانیش هەوڵدەدەن ئەولەویاتەکانیان بخەنەڕوو، کە دەشێت جیاوازبن لەگەڵ ئەولەویاتەکانی حکومەتدا».

لە زیمبابۆی کارڕاییەکانی وردبینی پەرلەمان لە بودجەدا بە دوو قۆناغ ئەنجامدەدرێ: ١) قۆناغی پێش پێشکەشکردنی بودجە، تیایدا لیژنەکان پێداچوونەوە دەکەن بۆ پێشنیارەکانی خەرجکردنی پێشکەشکراو لەلایەن وەزارەتەکانەوەو هەریەکەیان بەتەنیا. ٢) قۆناغی دوای پێشکەشکردنی ڕەسمیی بودجە، کاتێک «لیژنەی بودجە و کاروباری دارایی و پەرەپێدانی

ئابووری» ڕاپۆرتێک دەربارەی چوارچێوەی گشتیی ئابووری بۆ بودجەو تێکڕای ئەولەویاتەکان ئامادەدەکات. ئەو پێداچوونەوە زیادانەش، کە لیژنەکانی کەرتەکان ئەنجامیدەدەن، دەخرێنە سەر ئەو ڕاپۆرتە. پێش چاکسازییەکەی ١٩٩٨، کە ئەو کارڕاییانەی هێنایەکایەوە، «پەرلەمان لە چوارچێوەیەکی تەسکدا مامەڵەی لەگەڵ بودجە دەکرد». چونکە دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئەرکی داڕشتنی دەگرتەئەستۆو پەرلەمانیش بەبێ بەشداریکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی یان جەماوەر هەمواریدەکرد. کەچی کارڕاییە نوێکان شەفافانە دەرگا لەبەردەم بەشداریکردنی ئەو ڕێکخراوانەدا دەکاتەوە:

«لە قۆناغی پێش پێشکەشکردنی بودجەدا، لیژنەکانی وەزارەتەکان لە پێشنیارەکان یان ئەولەویاتەکانی ئەو کەرتانە دەکۆڵنەوە، کە وەزارەتەکان پێشکەشیانکردون. لیژنەکان، لە ڕێگەی چەند توانجێکی نووسراو و دانیشتنی گشتییەوە، ڕاوێژ بە میللەت دەکەن. ئەو ڕاسپاردانەی بەدەستدەکەون، بەرزدەکرێنەوە بۆ وەزیرەکان. لە قۆناغی دووەمدا، کە دوای پێشکەشکردنی بودجە دێت، لیژنەکانی وەزرارەتەکان دەنگی ئەو وەزارەتانە شیدەکەنەوە کە نوێنەرایەتیاندەکەن، ئەمەش بە ڕاوێژکردن بە میللەت و وەزرارەتە جێبەجێکارەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان، لە کاتی پێداچوونەوە بە بەرنامەکانی بودجەی پێشنیارکراو و ژمارەکانیاندا، ئەنجامدەدرێت».

ئەگەر پەرلەمان ڕۆڵی جەوهەریی هەبێت لەو گفتوگۆیانەی لە قۆناغی پێش پێشکەشکردنی بودجە ڕوودەدەن، ئەوا دەکرێت لێکۆڵینەوەبکرێت دەربارەی کاریگەریی دابەشکردنی بودجە لەسەر توێژە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگە، لە ڕووی دیاریکردنی شێوەی ئەو بەندانەی لە دوائەنجامدا پێشکەش بە پەرلەمان دەکرێن. بۆ نموونە، ئەمە لەو دەستپێشکەرییانەدا ڕوویاندا، کە تایبەتن بە دانانی بودجەگەلێک کە ڕەچاوی یەکسانی نێوان پیاوو ژن دەکات و لە بەشی چوارەمدا باسامانکردوە. لە ئۆگەندا هۆکاری بنچینەیی بۆ ڕوودانی گۆڕانکاری لە یاسادا، هاوپەیمانێتی ئەندامەکانی پەرلەمان بوو لەگەڵ گرووپەکانی دەرەوە، ئەوەش دەربارەی بابەتی دانانی بودجەیەک بوو، کە ڕەچاوی ئەو یەکسانییە بکات. ئەمەش ڕۆڵێکی نوێی بەخشی بە پەرلەمان لە قۆناغە زووەکانی دانانی بودجەدا.

لەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی پەرلەمانەکانی چەندین وڵاتی تازەپێگەیشتوو بوونەتەوەو دەستوپێیان بەستوون لەبەرامبەر خستنەوەی هەر کاریگەرییەک

لەسەر بودجە نیشتیمانییەکانیان، بەهای ئەو قەرزانەیە کە لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی (وەک سندوقی دراوی نێودەوڵەتی) وەریدەگرن، لەگەڵ مەرجەکانی قەرزدانەوەکان. ئەوانەش لایەنی زۆر گرنگن، چونکە دەشێت شێوەی بودجەی نیشتیمانی بۆ نەوەی داهاتووش دیارییبکەن. لە بەشی داهاتوودا ئەم ئاستەنگە تاوتوێدەکەین.

## بۆ خوێندنەوەی زیاتر دەربارەی کارڕاییەکانی دانانی بودجە لە پەرلەماندا لە تۆڕی ئینتەرنێتدا بڕوانە:


Commonwealth Parliamentary Association (2001). Parliamentary oversight of finance and the budgetary process. The report of a Commonwealth Parliamentary Association workshop, Nairobi, Kenya, 01h -14th December, 2001.
>http://www.cpahq.org/uploadstore/docs/parliamentaryoversightoffinance.pdf>

Inter-Parliamentary Union, United Nations Development Programme, World Bank Institute and United Nations Fund for Women (2004). Handbook: Parliament, the budget and gender.
<http://www.ipu.org/PDF/publications/budget_en.pdf>

National Democratic Institute (2003). Legislatures and the budget process. An international survey.
<http://www.accessdemocracy.org/library/1651_gov_budget_093103.pdf>

Santiso, C (2005). Budget institutions and fiscal responsibility: parliaments and the political economy of the budget process in latin america. World Bank Institute
<http://siteresources.worldbank.org/WBI/Resources/Budget_Institutions_and_fiscal_responsibility_FINAL.pdf>

Wehner, J (2004). Back from the sidelines? Redefining the contribution of legislatures to the budget cycle. World Bank Institute
http://siteresources.worldbank.org/EXTPARLIAMENTARIANS/Resources/Back_from_the_Sidelines_Joachim_Wehner.pdf>.

## چاودێریکردنی خەرجییە حکومییەکان

لە زۆربـەی پەرلەمانەکانی دنیـادا لیژنەی ژمێریاریی گشتی، یان ئەوەی جێی دەگرێتەوە، چاودێریی خەرجییـە حکومییەکان دەکات و هەمیشە ئەندامێک سەرۆکایەتیدەکات سەر بەو حیزبە نییە کە حوکمی بەدەستەوەیە، ئەوەش بـۆ چەسپاندنی سەربەخۆیی. پڕۆسەی چاودێریکردنی کاراش بابەتگەلی وەک ئەمانە دەگرێتـــەوە:

- ئایا سەرفکردنی پارە گشتییەکان بۆ ئەو مەبەستانە بووە کە بۆیان تەرخکراون؟
- ئایا بەکارهێنانی پارە گشتییەکان بەرهەمداربووە یان بەفیرۆدان بووە؟
- ئایا سەرفکردنەکان لەو سنوورەدا بووە کە لە بودجەدا تەرخانکراوە؟
- ئایا بەڵگەیەک هەیە بۆ ڕوودانی گزیکردن و ساختەکاری و دزین یان هەر سەرپێچییەکی تر؟

لەماوەی دواییدا چەندین پەرلەمان بایەخدانی خۆیان لە پڕۆسەی چاودێریکردندا، لە بەدواداچوونی وردەکارییەکانی هەڵقولانی خەرجییـــەکانەوە بگۆڕێت بـــۆ شیکردنەوەی ئەو سەرەنجامو دەستکەوتانەی مەبەستن بۆ کارڕاییکردنی حکومەت، ئەوەش لە چوارچێوەی بەشە فراوانەکانی بودجەدا. بۆ نموونە، یاسای فەڕەنسیی تایبەت بە بودجەی ساڵی٢٠٠١ نموونەی ئەو گواستنەوەیەیە:

«ئەم بەشبەشکردنە نوێیـــە لەهەمان کاتدا دەرفەتی زۆرتری مانۆرکردن بۆ بەڕێوەبەرکان دەڕەخسێنێ (چونکە دەتوانن تەرخانکراوەکانی بودجە بە ئازادییەکی زیاتر لە چوارچێوەی بەرنامەکانیاندا بەکاربێنن)، هەروەها دەرفەتی چاودێریکردنی ئەو کارانەی حکومەت دەبێت، کە ئامانجیان هێنانەدیی ئامانج و سەرەنجامگەلی ئەو سیاسەتانەیە، کە لە بودجەی دەوڵەتەوە پارەیان پێ دەدرێ. چاوەڕواندەکرێت پڕۆسەی دانانی بودجە، لەسەر بنچینەی سەرەنجامەکانی، بەشدارییبکات لەوەدا کە کولتووری ویڵ بەدوای ئامڕازەکاندا بگۆڕێت بۆ کولتوورێکی دامەزراو لەسەر هەڵسەنگاندنی کارڕایی».

زۆربەی پەرلەمانەکان، لە کاتی ئەنجامدانی پڕۆسەی چاودێریکردنی داراییدا، پشتگیریی ئۆفیسێکی پێداچوونەوەی گشتیی سەربەخۆ بەدەستدێنن، کە ئەرکی پێداچوونەوەی گشت حساباتەکانی حکومەت دەگرێتەئەستۆ، بە حساباتی کۆمپانیا گشتییەکان و دامودەزگا ناحکومییەکانیشەوە، کە لە گەلێک وڵات سامانی گشتی خەرجدەکەن. بۆ نموونە، لە ماڵتا دەســەڵاتی وردبینیی گشتی، کە دامەزراندنی بەلایەنی کەمەوە پێویستی بە ڕەزامەندیی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان

هەیە، بریتییـــە لە «پێداچوونـــەوەی گشتیی ساڵانـــە بە كاروبارە داراییەكان‌و ڕێنمایی و یاساكانی گشت بەرژەوەندییەكانی حكومەت و دامودەزگا گشتییەكانی تر». لە یاسای ساڵی ١٩٩٧دا سنووری ئەو دەسەڵاتە فراوانكرایەوە، بۆ ئەوەی ئەمانەش بگرێتەوە:

«دەسەڵاتگەلی سەربەخۆ بۆ پێشكەشكردنی ڕاوێژ و ئەنجامدانی لێكۆڵینەوە، لەوانە كۆڵینەوە لە هەر مەسەلەیەك پەیوەندیی بە بەكارهێنانی سامانی گشتییەوە هەبێت. هەروەها پێداچوونەوەكان بـۆ هەڵسەنگاندنی كارایی و بەهای دارایی بەرژەوەندییەكانی حكومەت و كەسایەتییە واتاییە گشتییەكان و ئەو كۆمپانیایانەی حكومەت بەشـداریێكی بنچینەییە تیایاندا. وردبینی گشـتی ئەو پێداچوونەوانە بەدەستپێشكەریی «ئۆفیسی نیشتیمانی بۆ پێداچوونەوەی حساباتەكان»، بەپێی داواكارییەكی لیژنەی ژمێریاریی گشتی یان وەزیری دارایی، ئەنجامدەدات».

لە كۆماری كۆریا پێداویستیی دامەزراندنـــی دامودەزگایەكی سـەربەخـۆ، بۆ هاوكاریكردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی لە چاودێریكردنی حساباتەكانی حكومەتدا لەئارادابوو. ئەوەبوو بە ناوی «ئۆفیسی بودجەی سەر بە ئەنجومەنی نیشتیمانی»ەوە دامەزراو ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە سەرۆكی ئەنجومەنەكەوە هەبوو:

«ئۆفیسی بودجەی سەر بە ئەنجومەنی نیشتیمانی پێكدێت لە نزیكەی هەشتا پسپۆڕی بێلایەن، كە ئەركەكەیان تەنیا شیكردنەوەی بودجەو حساباتەكان نییە، بەڵكو حسابكردنی تێچووەكانی داڕشتنی پرۆژەیاساكان یان ڕاستكردنەوەیانە، بەو پرۆژانەشەوە كە لە خودی پەرلەمانەوە دەردەچن. لە ڕێگەی ئۆفیسی بودجەوە، ئەنجومەنی نیشتیمانی دەتوانێت چالاكییەكانی یاسادانان لە سنووری تێچوویەكی ماقوڵدا بهێڵێتەوەو ڕێگە لەوە بگـرێت پرۆژەیاساگەلی وەهـا هەمواربكرێن یان ڕاستبكرێنەوە كە دەبنـە هۆی بارگرانی بەسەر شانی بودجەی نیشتیمانییەوە».

سیستەمەكانی تایبەت بە بەربەرەكانێكردنی گەندەڵی لە گەلێك وڵات چەند توخمێكی گرنگـن لە پرۆسەی بەدواداچوونی خەرجییـەكانی حكومەتدا. بـۆ نموونە، یاسـای كارگێڕیی دارایی گشتی لە باشووری ئەفریقای ساڵی١٩٩٩ بەرپرسیارێتیی بەهەدەردانی سامانی گشتی دەخاتـە ئەسـتۆی فەرمانبەرەكان لە دامودوزگاكانی حكومەتـدا. ئەمەش ناچاریاندەكات بۆ «جێبەجێكردنی ئەو سیستەم و ڕێسایانەی چاودێریكردن لە دامودەزگاكانیاندا كـە دەبنە هۆی ڕێگەگرتن لەو بەهەدەردانە. هەروەها یاسا دامودەزگاكانی حكومەت پابەنددەكات بە دانانی ستراتیژەكانی بەربەرەكانێكردنی گەندەڵی ساختەكاری، كە دەبێت

لە ماوەیەکی دیاریکراودا پێشکەشی خەزێنەی بکەن». لە چەندین وڵاتیش لیژنە سەربەخۆکانی بەربەرەکانێکردنی گەندەڵی هەن، کە ڕاپۆرتەکانی خۆیان بەرزدەکەنەوە بۆ پەرلەمان و دەسەڵاتی لێکۆڵینەوەو ڕاونانی دادوەریان هەیەو کاردەکەن بۆ بەهێزکردنی کاری وردبینی گشتی و لیژنەی ژمێریاریی گشتی.

## بۆ خوێندنەوەی زیاتر دەربارەی وردبینی لە ژمێریارییە گشتییەکانو ستراتیژەکانی بەربەرەکانێکردنی گەندەڵی لە تۆڕی ئینتەرنێتدا، بڕوانە:

Global Organization of Parliamentarians against Corruption (2005). Controlling corruption: a parliamentarian's handbook. <http://www.gopacnetwork.org/Docs/CCH FINAL Aug 05 ENG.pdf>

Global Organization of Parliamentarians against Corruption <http://www.gopacnetwork.org/>

Inter-Parliamentary Union (2001). The role of parliaments in the fight against corruption.<http://www.ipu.org/splz-e/hague01-bkgr.htm>

Pelizzo, R., Sahgal, V., Stapenhurst, R., Woodley, W. (2005). Scrutinizing public expenditures: assessing the performance of public accounts committees. World Bank http://wwwds.worldbank.org/servlet/WDS_IBank_Servlet?pcont=details&eid =000090341_20050516071440>

## چەسپاندنی کامڵبوونی نیشتیمانی لە ڕێگەی پشتگیریکردنی کارڕاییە دیموکراتییەکانەوە

یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی پەرلەمان، کە بایەخێکی تەواوی پێ نەدراوە، چەسپاندنی کامڵبوونی نێشتیمانییە، لە ڕێگەی پشتگیریکردنی کارڕاییەکانو دامەزراوە دیموکراتییەکانی گشت ناوچەکانی وڵاتەوە. لە هەندێک وڵات ئەمە ئەرکی دیاریکراوە بۆ ئەنجومەنی پیران، ئەوەش بەتایبەتی لە سیستەمە سیاسییە فیدراڵییەکاندا دەردەکەوێت. ئەو ڕاپۆرتەی پەرلەمانی باشووری ئەفریقا، دەربارەی «ئەنجومەنی نیشتیمانیی هەرێمەکان»، پێشکەشیکردووە، بەم شێوەیە ئەوە ڕووندەکاتەوە:

«ئەنجومەنی نیشتیمانیی هەرێمەکان، بەو پێیەی لقی دووەمی پەرلەمانی نیشتیمانیی باشووری ئەفریقایە، نوێنەری بەرژەوەندییە هەرێمایەتییەکانە (تا ڕادەیەکیش هی حکومەتە ناوچەییەکانە) لە سیاقی نیشتیمانیداو پێویستە

لە چوارچێوەی حکومەتێکی هاوکاریدا بڕوانرێتە ڕۆڵەکەی. ئەمەش مانای ئەوەیە، دەبێت سیاسەتە نیشتیمانییەکان بەوردییەکی زۆرەوە ڕەچاوی پێداویستییەکانو بایەخپێدانە ناوچەیی و هەرێمایەتییەکان بکەن. هەروەها مانای ئەوەیە، پێویستە شارەوانییەکان و هەرێمەکان بەتایبەتی تاکڕەوانە یان دابڕاو لە چواردەوری خۆیان کارنەکەن، بەڵکو بەقوڵی تێکەڵی کاری سیاسیی نیشتیمانیان بکەن».

ئەنجومەنی نیشتیمانیی هینـــدی (کـە بە «راجیا سابها» یان «ئەنجومەنی ویلایەتەکان» ناسراوە) پێکدێت لەو نوێنەرانەی لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانانەوە هەڵدبژێردرێــن، کــە لە هــەر ویلایەت یان هەرێمێکی یەکگرتوودا هەڵبژێردراون. بەهەمان شێوەی «ئەنجومەنی نیشتیمانیی هەرێمەکان» لە باشووری ئەفریقا، بەرپرسیارێتییەکی دیاریکراوی پێ دەسپێردرێت، ئەویش هاماهەنگکردنی سیاسەتەکان و یاسادانانە نیشتیمانییەکانە لە هەرێمە یەکگرتووەکاندا و ساڵانە کۆنگرەیەک بۆ ســـەرۆکەکانی ئەنجومەنەکانی یاسادانان لەسەر ئاستی ناوەندو ویلایەتەکان سازدەکات، بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاو کارپێکردنەکان. «ئامانجیش لەوە، جەغتکردنەوەیـــە لەســـەر ئـــەوەی، سیستەمی پەرلەمانتارانە بەئاڕاستەی ڕاستدا دەڕوات و دابونەریتەکانیش بەهەمان ئاڕاستەدا دەڕۆن و تاڕادەیەک لێکچوون لەنێوان کارپێکردنـەکان و کارڕاییەکانی پەرلەمانو ئەنجومەنەکانی یاسادانانی هەرێمەکاندا هەیە».

ڕۆڵی هاماهەنگیکردن تەنیا لەلای ئەنجومەنی دوەمی سیستەمە فیدراڵییەکان قەتیس ناکرێت، چونکە لە فەڕەنسا ئەنجومەنی پیران ڕۆڵێکی هاوشێوەی هەیە، سەبارەت بە دەستە هەڵبژێردراوەکانی دیکە لە گشت ناوچەکاندا:

«بەو پێیەی ئەنجومەنی پیران نوێنەری گرووپەکانی بەرژەوەندیی ناوچەییە، واتە هاوڵاتیان لە ناوچەکانو کەرتەکانو هەرێمەکانیاندا، چەندین کۆبوونەوە سازدەکات بۆ «ئەنجومەنی چینەکان، کـە پێکدێت لە بەرپرسە ناوچەییە هەڵبژێردراوەکان» (General of Elected Officials). لەم کۆبوونەوانەدا بەرپرسە ناوچەییە هەڵبژێردراوەکان و ســەرۆکی ئەنجومەنی پیران پێکدەگەن، بـۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی دامودەزگـــا بەکۆمەڵـــە ناناوەندییەکان دەبنەوە، کە ئەنجومەنی پیران نوێنەری بەرژەوەندییەکانیانە. دواکۆبوونەوەش تەرخاندەکرێت بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی بابەتی پەیوەندییەکانی نێوان ناوچەکان».

بەهەمان شێوە، پەرلەمانی ئۆکرانی ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاریی دامەزراند، بۆ بایەخدان بە حوکمڕانیی خۆیی ناوچەیی، کە سەرۆکی پەرلەمان سەرۆکایەتیدەکات،

بە مەبەستی «بەهێزکردنی حوکمڕانیی خۆیی ناوچەیی و دامەزراندنی کۆبەندییەکی ئەو کۆمەڵگانەی حوکمی خۆیان دەکەن، ئەوەش بەپێی «پەیماننامەی ئەورووپی بۆ حوکمڕانیی خۆیی ناوچەیی»و بینینی ڕۆڵی میانەکاری نێوان لیژنە پەرلەمانییەکان و دامودەزگا نوێنەرایەتییە ناوچەییەکان، سەبارەت بەوەی پەیوەندیی بە یاسادانانەوە هەیە». نموونەی ئەم جۆرە ڕۆڵبینینە هاماهەنگارەش لە چەندین وڵاتی تردا هەیە.

## یەکلاییکردنەوەی کێشمەکێشەکان

ڕوویەکی جیاکارەی تری ڕۆڵی پەرلەمان لە چەسپاندنی کامڵبوونی نیشتیمانیدا، بەشداریکردنە لە یەکلاییکردنەوەی ئەو کێشمەکێشانەی لەناو کۆمەڵگەدا سەرهەڵدەدەن. چونکە پەرلەمانەکان نێوەندێکی سەرەکین بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکان، لە ڕێگەی ئامرازە دیموکراتییەکانەوە، وەک گفتوگۆکردنو گەیشتنە چارەسەرێک کە بەدڵی گشت لایەنەکان بێت. لەوانەیە ئەو کێشمەکێشو ناکۆکیانە ڕەنگدانەوەیان لە کێبڕکێی نێوان حیزبەکانی ناو پەرلەماندا هەبێتو ببنە هۆی توندبوونەوەی، بەتایبەتی کاتێک ئەو کێبڕکێیە سروشتێکی حیزبیی بەهێز یان سروشتی «براوە هەمووشتێک بەدەستدێنێ» وەردەگرێت. لێرەدا بەرپرسیارێتی یەکسەر دەکەوێتە ئەستۆی پەرلەمانەکان، بەمەبەستی دەستپێشکەریکردن بۆ جەغتکردنەوە لەسەر توانای مامەڵەکردن لەگەڵ تێڕوانینە جیاوازەکان، لە کەشێکی ڕێزلێگرتن و ئەنجامدانی دیالۆگی جیدیدا.

لێرەشدا داننراوە بەو کۆششانەی پەرلەمانەکان دەیکەن، بۆ ڕێگرتن لە کێشمەکێشەکان و گەیشتنە چارەسەر لە ماوەی دواتردا، ئەوەش لە «پرنسیپە ئاڕاستەکارە نێودەوڵەتییەکانی بەهێزکردنی ڕۆڵی پەرلەمانەکانە بۆ ڕێگرتن لە قەیرانەکان و گێڕانەوەی ژیانی ئاساییدا (the International Guidelines for Strengthening the Role of Parliaments in Crisis Prevention & Recovery) کە «پرۆگرامی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان» بەهاوکاریی «یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتی» ساڵی٢٠٠٦ بڵاویکردۆتەوە. ئەم پرنسیپانە ڕوونیدەکەنەوە، ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لە ماوەی دوای کێشمەکێشەکاندا زۆرجار مەرجێکی پێویستە بۆ بنیاتنانی ئاشتی، کەچی هەمیشە ئەو ڕۆڵە فەرامۆشدەکرێت کە دەشێت پەرلەمانەکان لە ئاستی دوورمەودادا بیگێڕن:

«بەڕێوەبردنی حوکمڕانیی ڕەواو نوێنەرایەتیکردن، کە کارابێت و پشت بە

حوکمی یاسا و ڕێزگرتنی مافەکانی میللەتان و ئازادییە بنچینەییەکانیان ببەستێت، بۆ خۆی کاراترینی ئەو ئامرازانەیە، کە لەبەردەستی کۆمەڵگەدان بۆ ڕێگرتن لە کێشمەکێشەکان و بەڕێوەبردنی و گێڕانەوەی ژیانی ئاسایی. پەرلەمانەکان هەمیشە لە چوارچێوەی سیاسیدا کێشمەکێشەکان دەبەنەڕێوە، ئینجا هەوڵدەدەن بۆ ڕێگەگرتن لە سەرهەڵدانی کارە توندوتیژییەکان لە وڵاتدا. لەگەڵ ئەوەشدا، لە زۆربەی کۆمەڵگە دیموکراتییەکاندا، بەشێوەیەکی گشتی ناڕوانرێتە بەشدارییەکانی پەرلەمان، لەو کاتەدا نەبێت کە سەرکەوتوونابێت لە ڕۆڵبینینی خۆیدا. بێگومان گفتوگۆ پەرلەمانتارییەکانو ڕێکەوتنەکانی نێوان حیزبە سیاسییەکانو کارلێککردنی نێوان پەرلەمان و هەڵبژێرەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی و ئاڵوگۆڕکردنی ڕەسمیانەی زانیارییەکان لەنێوان ئەندام پەرلەمانەکانداو گەیشتنە چارەسەری مامناوەندی دەربارەی تەرخانکردنی دەرامەتەکان، هەموو ئەوانە بەشداریدەکەن لە پاراستنی ئاشتیدا... ئەزموونە دەستکەوتووەکان لە دوا هەڵوێستەکانی ماوەکانی دوایی کێشمەکێشەکانەوە ئەوە دووپاتدەکەنەوە، ئەو یارمەتیانەی لەلایەن لایەنە دەرەکییە کاریگەرەکانەوە پێشکەشدەکرێن، زۆرجار پێگەی ئەو ڕۆڵە بنیاتنەرانەیە دێننە خوارەوە، کە دەشێت خودی دامەزراوە پەرلەمانییەکان و نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان بیگێڕن».

نموونە دەربارەی ئـــەو ڕۆڵەی دەشێت پەرلەمان بیگێڕێت، لەو توێژینەوەیەدا هاتووە کــە «سـیریل ندیبیلی»ی سەرۆکی پێشووتری پەرلەمانی زیمبابۆیو ئەندامی گرووپی کــاری سەر بە یەکێتیی پەرلەمانتاری لە کۆنگرەی بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکانو یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێونەتەوەیی، دەربارەی «بەهێزکردنی ڕۆڵی پەرلەمانەکان لە یەکلاییکردنەوەی کێشمەکێشەکانو قۆناغی دواییدا»، پێشکەشیکردووەو لە حوزەیران/ جونی ٢٠٠٥دا بەستراوە». توێژینەوەکە هێما بۆ ئــەوە دەکــات کــە «لە کــاتی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٠وە دیمەنی سیاسی شڵەژانی پەیوەندییەکان و دوژمنایەتیکردنی زیاتری نێوان لایەنگرانی هەردوو حیزبی سەرەکیی بەخۆوەدیوە. لەو ساتەوە کە ڕادەی شڵەژان لەناو کۆمەڵگەی زیمبابۆیدا زۆربووە، ڕۆڵی پەرلەمان بایەخێکی زیاتری پەیداکردووە، بەوپێیەی نێوەندێکی نیشتیمانییە بۆ گفتوگۆکردنی نیشتیمانیی هەمەلایەن». ئەو بەرپرسیارێتییەش لە ڕێگەی ئۆفیسەکانی سەر بە بەرنامەی پەرەپێدانەوەیە کە لێهاتوویی خۆیان سەلماندووەو بەهۆی بەشدارییپێکردنی گشت سودمەندە سەرەکییەکان، لەوانە حکومەت، لە بەرنامەی گۆڕینی کێشمەکێشەکاندا (Conflict Transformation Programme). ئەم بەرنامەیە بریتییە لە ڕاهێنانی لایەنە

سەرەکییەکان، بەتایبەتی ئەندام پەرلەمانەکان، لەسەر شارەزاییەکانی گۆڕینی کێشمەکێشەکان و ناوبژیکردن، لە ڕێگەی ۆرکشۆپی کارو دەستپێشکەرییەکانی تری بنیاتنانی متمانەوە. ئەوانەی بەرنامەکە دەبەنەڕێوە، دەرک بەوە دەکەن کە ئەندام پەرلەمانەکان «بەوپێیەی نوێنەری گرووپە جۆربەجۆرەکانی بەرژەوەندین» دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕن، بۆ هێمنکردنەوەی کێشمەکێشەکانی ناو کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتی. ئەو توێژینەوەیە بنچینەی لۆژیکیی بەرنامەکە و کاریگەریی بەم شێوەیە ڕووندەکاتەوە:

«شارەزایی پێویست بۆ دانوستاندن و ناوبژیکردن و چارەسەرکردنی کێشمەکێش بەخشرایە پەرلەمان، بۆ ئەوەی توانای هەبێت ئەو درزە چاکبکاتەوە، کە لە کۆمەڵگەدا گەورەبووەو تێکچوونی ئابووریی ڕابگرێت و بەرەنگاری ئەو قەیرانە کشتوکاڵییەش ببێتەوە، کە یەکێکە لەو تەحەددایانەی وڵاتیان خستۆتە سەرکەناری هەڵگیرسانی توندوتیژی. بەوپێیەی پەرلەمان نێوەندێکە بۆ گفتوگۆی نیشتیمانی، دەربارەی بەڕێوەبردنی حوکمڕانیی نیشتیمانی و بابەتەکانی پەرەپێدان، بۆیە دەبێت نموونەبێت بۆ بەڕێوەبردنی کێشمەکێشەکان و بنیاتنانی ئاشتی. ئەوەش پێویستی بەوەیە، کاربکەین بۆ چاککردنی دیمەن و پێگەی پەرلەمان، وەک دامەزراوەیەکی دیموکراتیانە هەڵبژێردراو، بەمەبەستی بەڕێوەبردنی حوکمڕانیو جەغت لەسەر ئەوە بکەینەوە، کە گفتوگۆ و چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانەی ناکۆکییەکان، دەشێت ڕێگە لە سەرهەڵدانی کێشمەکێشەکان و توندوتیژی بگرن.

لێکۆڵینەوەیەک، کە ئەنجامدرا بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەریی بەرنامەی گۆڕینی کێشمەکێشەکان، پەنا بە نموونەی ئەندام پەرلەمانێک دەبات، کە پێی باشبووە شارەزاییە نوێکانی خۆی لەناو بازنەی هەڵبژاردنەکەیدا بەکاربهێنێ. ئەو ئەندامە ستایشی بەرنامەکەی کرد و هێمای بۆ ئەوە کرد، هەڵسوکەوتی بێلایەنانەی لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو نەوانەی بازنەکەیدا، کە سەر بە حیزبەکەی نین، کاریگەریی باشی لەسەر هەڵوێستی ئەندامەکانی حیزب هەبووە. هەروەها وتی کەشوهەوای نوێی مێشکفراوانی و ڕێزلێکگرتن بازنەکەیان داپۆشیوە... بەڵگەیەکی بەهێزی تر هەیە دەربارەی کاریگەریی قوڵی بەرنامەکە لەسەر هەریەکێک لە ئەندام پەرلەمانەکان بەتەنیا، ئەوەش لەو ژینگەیەدا دەردەکەوێت، کە خۆشەویستی و هاوکاریی زاڵە بەسەر لیژنەکاندا. هەروەها بەڵگەیەکی مادیی تر هەیە بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆگەلی نارەسمی لەنێوان حیزبەکاندا، هەندێکیان دەربارەی بابەتگەلی یەکلاکەرەوەن، وەک چاکسازیی دەستووری و ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان».

توێژینەوەکە دان بەوەدا دەنێت، زۆر شت هەیە دەبێت ئەنجامبدرێن و هەڵوێستی سەرکردەی حیزبەکان لە پەرلەماندا هێشتا جێی گرنگیپێدانی زۆر نییە. لەگەڵ ئەوەشدا پێیوایە، پەرلەمان ڕۆڵێکی سەرەکیی هەیە بۆ بەشداریکردن لە گشتاندنی ڕاهێنان لەسەر شارەزاییەکانی گۆڕینی کێشمەکێشەکان لە گشت ناوچەکانی وڵاتدا، ئەوەش لە ڕێگەی ئۆفیسەکانی پەرلەمانەوە، کە تازە لە بازنەکانی هەڵبژاردندا دامەزراون.

مالی نموونەیەکی تر دەربارەی جڵەوکردنی چالاکییەکانی چارەسەرکردنی کێشەکان لەلایەن پەرلەمانەوە پیشاندەدات. لێرەشدا وەسفێک هێندەی ئەوە وردنییە، کە خودی پەرلەمانەکە لە چوارچێوەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا خستویەتییەڕوو:

«لە دەوڵەتە دیموکراتییە تازە لەدایکبووەکاندا، وەک مالی، پاراستنی ئاشتیو سەقامگیریی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە بایەخپێدانە بنچینەییەکانی دەسەڵاتە نیشتیمانییەکان. بۆیە ئەنجومەنی نیشتیمانی، وێڕای ڕۆڵی لە هەمووارکردنی یاساکانو چاودێریکردنی کارەکانی حکومەتدا، ڕۆڵی بنیاتنەرانەی بینیوە لە مسۆگەرکردنی هاتنەدیی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و بەهێزکردنی ویژدانی نیشتیمانیدا.

ئاسەوارە خراپەکانی بەجیهانیبوون و دیاردەی بەبیابانبوون و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانگەلی مەترسیدار، کە هەڕەشە لە کیانی کۆمەڵگەکان دەکەنو پەیامی هەڵگیرسانی کێشمەکێشەکانی نێوان گرووپە ئیتنیکییەکان و کۆمەڵگە جۆربەجۆرەکان و سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکان، بەڵکو تەنانەت شەڕە ناوخۆییەکان، ڕادەگەیەنن. لەساڵی ١٩٩٢وە بایەخێکی زیاتر وەک نێوبژیکارێک دراوەتە ڕۆڵی پەرلەمان.

هەرجارێک ئاشتی یان کۆدەنگی دەربارەی یەکگرتوویی نیشتیمان دووچاری هەڕەشە یان مەترسی بووبێتەوە، نوێنەرەکان ئەرکی خۆیان وەک ناوبژیکارێک جێبەجێکردوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشمەکێشەی لەئارادابووە. بۆ نموونە، کاتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ سێیەمین یاخیبوونی دەشتەکییەکانی تەوارق لە ساڵی ١٩٩٠و١٩٩١دا، نوێنەرەکانی یەکەمین ئەنجومەنی یاسادانان، کە لە ساڵی ١٩٩٢وە تاکو ساڵی ١٩٩٧ بەردەوامبوو، وەفدێکی بە سەرۆکایەتیی سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتیمانی هەڵبژارد، بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان (لقە یاخیبووەکان، سوپاو کۆمەڵگەی مەدەنی) بەمەبەستی گفتوگۆکردنو ڕاوێژکاری. ئەزموونەکە ڕوونیکردەوە، ئەم شێوازە ڕۆڵی یەکلاییکەرەوەی هەبوو لە گێڕانەوەی ئاشتیدا لە بەشی باشووری مالی. هەمان شێوازگەل بەکارهێنران بۆ چارەسەرکردنی کێشمەکێشەکان (وەک کێشمەکێشە ئایینییەکان و ناکۆکییەکان لەسەر زەویو لەوەڕگەکان) و بەڕادەی جیاواز سەرکەوتووبوون».

نموونەیەکی تری جیاواز هەیە، پەیوەندیی بە توانای پەرلەمانەوە هەیە بۆ جڵەوگرتنەدەست لە بواری چارەسەرکردنی کێشمەکێشی دەستووریی ڕەگوڕیشە قوڵدا. ئەو نموونەیە لە ڕاپۆرتی پەرلەمانی ئۆکرانیدا هاتووە کە ناسراوە بە «ڤیرکۆڤنا رادا»و هێما بە ڕۆڵی سەرۆک دەدات لە چارەسەرکردنی ئەو قەیرانەی لە تشرینی دوەم/ نوڤەمبەری- کانونی یەکەم/ دیسەمبەری ساڵی ٢٠٠٥و لە کاتی «شۆڕشی پرتەقاڵی»دا ڕوویدا. پێش ئەو کاتە پەرلەمان کارایانە بەشداریدەکرد لە گفتوگۆکانی دەربارەی چاکسازیی دەستوریدا، کە ئامانجی سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی دەسەڵاتەکان بوو لەنێوان سەرۆک و پەرلەماندا. ئەوەش بووە هۆی دەستپێکردنی بزووتنەوەیەکی میللی چالاک دژی «بەدەستهێنانی دەسەڵاتگەلی فراوان لەلایەن سەرۆکەوە»و سیاسەتی «دەستە ڕەقەکان»، کە خەسڵەتی ماوەی یەکسەر دوای ڕژێمی کۆمونیست بوو. هەروەها پاش دەستپێکردنی نارەزاییە میللییەکان، بەهۆی ئەو هەڵبژاردنە لەکەدارانەی لە تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٠٤دا بەڕێوەچوو، پەرلەمان توانی ڕۆڵی بزوێنەر ببینێ «بۆ ئاراستەکردنی ئاقاری خۆپیشاندانە میللییە توندوتیژەکان، ڕووەو چارەسەری پرۆژەیەک بۆ قەیرانە کۆمەڵایەتییەکە»، کە تەواوکردنی بەرنامەی چاکسازیی دەستووری مسۆگەردەکات.

«ئەو ڕووداوانەی لە پەرلەماندا سەریانهەڵدا، ڕەنگدانەوەی ئەوەبوون کە لەناو خەڵکدا ڕوویدەدا. لەو ساتەوەختەدا، کە نیشاندەری خراپترین تێکچوونی بارەکە بوو دوای سەرلەنوێ هەڵبژاردنەوەکان لە ٢١ی تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ٢٠٠٤دا، کاتێک خەڵک هاتنە سەر شەقامەکان، وەک نارەزایی دەربڕین بەرامبەر بە پێشێلکردنی دەستوور و یاسا بەکارەکانی ئەو کاتەو یەکێک لە مافە بنچینەییەکان کە ئازادیی دەربڕین بوو، پەرلەمان بڕیارە بەناوبانگەکەی خۆی بەرامبەر بە قەیرانی سیاسی لە وڵاتدا ڕاگەیاند، چونکە ساختەکاریی سەرەنجامەکانی سەرلەنوێ هەڵبژاردنەوەکانی ئاشکراکردو لە بەرژەوەندیی متمانەسەندنەوە لە حکومەت، لە ئەنجومەنی ناوەندیی هەڵبژاردنەکاندا دەنگیدا... لەکۆتاییدا جارێکی تر بیرۆکەی چاکسازیی سیاسی سەریهەڵدایەوە، کاتێک بارەکە بەرەو کوێرەڕێگە چوو. لە هەشتی کانونی یەکەم/ دیسەمبەری ساڵی ٢٠٠٤دا پەرلەمان بە ڕێژەی ٤٠٢ دەنگ (لە کۆی ٤٥٠ دەنگ) «یاسای ئۆکرانیا سەبارەت بە ڕاستکردنەوەکانی دەستوور»ی (Law of Ukraine on Amendments to the Constitution) هەموارکرد. بەپێی ئەم یاسایە سیستەمی حوکمڕانی پەرلەمانی- سەرۆکایەتی

لە ڕۆژی یەکی کانونی دوەم/ جەنیوەریی ساڵی ٢٠٠٦وە بەکاربوو. ئەم بڕیارە، کە نوێنەرەکانی میللەت بە زۆرینەیەکی نزیک لە کۆدەنگی دەرچوو، بووە هۆی خاوکردنەوەی ڕادەی گرژییەکان و زەمینەخۆشکردن بۆ گەیشتنە چارەسەرێکی کۆتایی کێشمەکێشەکە».

ئەو نموونە جۆربەجۆرانە دەیسەلمێنن، پەیوەندییەکی توندوتۆڵ هەیە لەنێوان ئەوەی لەسەرەتاوە بە مەسەلەیەکی هونەریی تایبەت بە ڕێکخستنی پەرلەمان (وەک سەربەخۆیی و ڕێکخستنی یاسادانان و چاودێریکردنو چاودێریکردنی بودجە) دەچێت، لەگەڵ هێنانەدیی ئەو سەرەنجامانەی پەیوەندیان بە پێداویستییەکانی کۆمەڵگەوە هەیە، جا ئەوە لە ڕووی یاسادانانەوە بێت، یان ئەولەویاتی بودجە، یاخود توانای جوڵانەوەی کارایانە لە کاتەکانی قەیرانە نیشتیمانییەکان و بارودۆخە ناکاوەکاندا.

## بۆ خوێندنەوەی زیاتر دەربارەی بەشداریکردنی پەرلەمان لە چارەسەرکردنی کێشمەکێشەکاندا لە تۆڕی ئینتەرنێتدا بڕوانە:

Commonwealth Parliamentary Association (2004). Role of parliament in conflict-affectedcountries.
<http://www.cpahq.org/activities/ParliamentarySeminars/roleofparliamentnconflict/>

Inter-Parliamentary Union, International IDEA (2005). Making reconciliation work: the role of parliaments.
<http://www.ipu.org/PDF/publications/reconciliation_en.pdf>

O'Brien, M (2005). Parliaments as peacebuilders: The role of parliaments in conflict-affected countries. World Bank Institute, Commonwealth Parliamentary Association
<http://siteresources.worldbank.org/WBI/Resources/PARLIAMENTS_AS_PEACEBUILDERS-FINAL.pdf>

United Nations Development Programme (2006). Initiative on strengthening the role of parliaments in crisis prevention and recovery.
<http://www.parlcpr.undp.org/>



## پەرلەمانێکی کارا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی

# ٧ - پەرلەمانێکی کارا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی

بەشی پێشوو دوو لایەنی جیاواز بەڵام پێکەوە گرێدراوی دەسەڵاتی پەرلەمانتارانە دیاریکردوە، ئەوانەش توانا و یەکگرتوویی بوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن. هەروەها گرنگیی هەردوو لایەنەکەی، بۆ مسۆگەرکردنی کارابوونی پەرلەمان کاتی پێچینەوە لە حکومەت، دەرخشتووە. لەم بەشەدا یەکێکی تر لە ڕەهەندەکانی دەسەڵات دەخرێتە سەر هاوکێشەکە، ئەویش ڕەهەندی هەرێمایەتییە.

بەدرێژایی مێژوو بەشداریکردنی پەرلەمانەکان لە کاروباری نێودەوڵەتیدا سنوورداربووە. ئەمەش سەیرنییە، چونکە ئەو کاروبارانە تا ڕادەیەکی زۆر بریتیبوون لە پەیوەندییەکانی وڵاتەکە بە وڵاتەکانی دیکەوە، کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە ڕێگەی کەناڵە دیپلۆماسییەکانییەوە ڕاییکردون و سروشتی نهێنیبوون زاڵبووە بەسەریاندا. بێگومان چەندین پەرلەمان ڕۆڵی گرنگیان گێڕاوە لە بڕیاردان لەسەر ئەو ڕێکەوتننامانەی ئەنجامی کۆششە دیپلۆماسییەکان هاتبوونەئاراوە، بەڵام لەڕاستیدا زۆرنەبوون و تەنیا لە ژمارەیەکی کەم وڵاتدا ڕوویداوە، وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو مەکسیک، کە ئەنجومەنی پیران ڕۆڵی دەرکەوتوو دەبینێت لە کاروبارەکانی دەرەوەدا. بەدەستپێکردنی سەدەی بیستەمیش گۆڕانکارییەکی گرنگی دوولایەنە ڕوویدا:

لایەنی یەکەم: لەدایکبوونی هاوکاریکردنی نێودەوڵەتی یان هاوکاریکردنی فرەلایەن. بەپێی پشتبەستنی وڵاتەکان بەیەکتری، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ژمارەیەکی زۆر ڕێکخراوی نێودەوڵەتی دامەزراندوە، ئەم مەیلەش لایەنگیرییەکی مەودا فراوانی بەدەستهێناوە. هەندێک ڕێکخراو دەسەڵاتەکانیان پەلدەهاوێژن بۆ نزیکەی گشت بوارەکانی چالاکیەکانی مرۆڤ، لەوانە: مافەکانی مرۆڤ، مافە کۆمەڵایەتییەکان، سیاسەتەکانی دامەزراندن، ئازادکردنی بازرگانی، گرێبەستە داراییەکان، پێوانەکانی ژینگەو ئەوانی تر. ئەو دامەزراوانە مونتەدای نێودەوڵەتین بۆ دانوستاندن، تیایاندا

نوێنەرەکانی حکومەتەکان بڕیارەکانو پەیماننامەکان دەگرنەبەر، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری پەرلەمانەکان، کە تەنیا داوای بڕیاردان لەسەر ڕێکەوتننامەکان و هەموارکردنو ڕاستکردنەوەی یاساکانیان لێ دەکرێت، ئامادەنابن.

لایەنی دووەم: سەرهەڵدانی کامڵبوونی هەرێمایەتی لە سەدەی بیستەمداو لەبەر چەند هۆیەک، لەپێش هەموویانەوە ئەوەبوو وڵاتەکان ئارەزووی یەکگرتنیان هەبوو، بۆ زاڵبوون بەسەر ململانێ مێژوو‌ییەکانداو دابینکردنی سەقامگیریو ئاشتیی هەرێمایەتی و ئەو بڕوایەیان لا گەڵاڵەببوو، کە «یەکگرتن هێزە»و نەتەوەکان بێگومان دەبنە «کۆمەڵگەکان». ئینجا ئەو وڵاتانە خواستی بڕیاردانی دیاریکراوی بەکۆمەڵیان لا دروستبوو، کە دەبنە هۆی بەهێزبوون و گرتنەبەری چوارچێوەیەکی شێلگیرانە بۆ ژیانی کۆمەڵگەکانیان. لێرەوە دەوڵەتەکان بڕیاریاندا هەنگاوبەهەنگاو کاربکەن بۆ یەکخستنی بازاڕەکان و ئابوورییەکان و پێکهاتەکانی دیکەیان، بەڕەچاوکردنی پرنسیپی ناناوەندێتی، کە بەهۆیەوە چارەسەرکردنی هەندێک مەسەلەی دیاریکراو لەسەر ئاستی نیشتیمانی، نەک ئاستی کۆمەڵگەکان، بەچاکتر دەزانرێت. ئەم هەنگاوە هەمیشە هاوشانی دوورخستنەوەی دەسەڵاتەکانی بڕیاردان بووە، دەربارەی ئەو مەسەلانەی کاریگەریان لەسەر ژیانی خەڵک هەبووە، لە پایتەختەکان و چاودێریکردنی پەرلەمانی نیشتیمانی. ئەم بارودۆخە بووە هۆی سەرهەڵدانی چەندین کێشەی مەترسیدار، کە جیاوازن لەو کێشانەی ئەنجامی هاوکاریکردنی نێودەوڵەتی سەریانهەڵداوە، وەک لەدواییدا دەیبینین.

لە کەرتی یەکەمو دووەمی ئەم بەشەدا، لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەو دوو دیاردەیەو هەریەک بەتەنیا دەکەین و هەندێک نموونەی چەند پەرلەمانێک پێشکەشدەکەین، کە بەکردەوە کار بە دەسەڵاتەکانی یاسادانانی خۆیان دەکەنو چاودێریی کارڕایکردنی حکومەت، لەسەر هەردوو ئاستی هەرێمایەتیو جیهانی، دەکەن.

ئەوانە بەهەڵەدادەچن، کە پێیانوایە ئەرکی پەرلەمانەکان ئاسانتربووە، تەنیا لەبەر ئەوەی ئیمڕۆ لە جیهانێکدا دەژین هاوکاریکردنی توندوتۆڵی نێوان دەوڵەتەکان و پشت بەیەک بەستن لەئارادایە. چونکە ئەو کارانەی لەلایەن لایەنە دەرەکییە هەمەڕەنگەکانەوە ئاڕاستەی حکومەت و میللەتی دەوڵەتێک دەکرێن، دەشێت کاریگەریان لەسەر ژیانی خەڵک و خۆشگوزەرانیان لەو دەوڵەتەدا هەبێت، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندیی بە بوارەکانی ژینگە، تەندروستی، ئاسایشی دەوڵەت، کۆچکردن، چالاکیی تاوانکارانەو خۆدزینەوە لە باجدانەوە هەیە. ئەم دیاردەیەش، کە بەشێوەیەکی زۆر لە بیست ساڵی

دواییدا پەرەیسەندوە، جگە لە بەهێزبوونی پشتبەستنی دەوڵەتەکان بەیەکتری، هیچی تری لێ بەرهەم نایەت.

شارەوەش نییە، دیاردەی بەجیهانیبوون کاریگەریی هەبووە لەسەر سەربەخۆیی ئەو حکومەتانەی وردە وردە دەسەڵاتیان لەبەردەم هێزو دامەزراوە جیهانییەکاندا دەپوکێتەوە. هەمان شت دەربارەی ئەو حکومەتانەی حەزدەکەن وەبەرهێنانە نێودەوڵەتییەکان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و دەرفەتی کار بۆ هاوڵاتییەکانی خۆیان بڕەخسێنن. چونکە ئەو پابەندیانەی هێزە ئابوورییە جیهانییەکانو بازاڕە نێودەوڵەتییەکان لە کاتی داڕشتنی سیاسەتە ئابوورییە ناوخۆییەکاندا دەیانسەپێنن، ترسێکە لەبەردەمیاندا.

بێگومان ئەو گەشەکردنانە کاریگەریگەلی ناوەکیان دەبێت و بەخراپ کاردانەوەیان لەسەر ڕێڕەوی دیموکراسی دەبێت. چونکە بەهای زۆربەی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەسەر ئاستی دەوڵەت چییە، ئەگەر زۆربەی ئەو بڕیارانەی بۆ ژیانی خەڵک گرنگن و پەیوەندییان بە ئاسایشیانەوە هەیە لە دەرەوەی سنوورەکان یان لەلایەن دامەزراوەگەلی نێودەوڵەتیی وەهاوە دەردەکرێن، کە ملکەچی هیچ چاودێرییەک یان لێپێچینەوەیەکی دیموکراتیانە نین؟ ئەو کەلێنە لەنێوان ئاستی نیشتیمانی، کە بەدرێژایی مێژوو دامەزراوە دیموکراتییەکانی تێدابوون و هەردوو ئاستی جیهانی یان هەرێمایەتی، کە ئێستا زۆرێک لە بڕیارەکانیان تێدا دەدرێت، سەرچاوەی ئەوەیە کە پێیدەوترێ «پەککەوتەیی دیموکراسی»ی نێودەوڵەتی (Democracy deficit). ئەم بڕگەیەی خوارەوە لە ڕاپۆرتی «لیژنەی کاردوسۆ»ی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (The United Nations Cardoso Panel – ٢٠٠٤) زۆر بەباشی گوزارشتی لەو کەلێنە کردووە:

«سەرسوڕهێنەرێک لە ئاسۆی ڕێڕەوی دیموکراسییەوە دەرکەوت، ئەویش مەیلی خێرای ناوەڕۆکی سیاسەت ڕووەو بەجیهانیبوونە (لە بواری بازرگانی، ئابووری، ژینگە، پەتاکان، تیرۆریزمو...هتد) لەکاتێکدا کە پرۆسەی سیاسی تیایدا هێشتا دوورە لەو مەیلە. چونکە هێشتا دامەزراوە سەرەکییەکانی (دەستەکانی هەڵبژاردن، حیزبە سیاسییەکان و پەرلەمانەکان) لەسەر ئاستی نیشتیمانی یان ناوچەیی لە بارودۆخی خۆیاندا ماونەتەوە. لاوازیی کاریگەریی دیموکراسیی چەسپیوو لەناو ئەو مەسەلانەی پەیوەندیان بە بەڕێوەبردنی حوکمڕانیی جیهانییەوە هەیە، یەکێکە لەو هۆیانەی پاڵ بە هاوڵاتیانی زۆربەی وڵاتانی دنیاوە دەنێت، داوای ئەوە بکەن دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان ملکەچی برێکی زیاتری لێپێچینەوەی دیموکراتیانە بن».

شایانی باسە، پەرلەمانەکان و ئەندامەکانیان، دەرک بەوە ڕاستییە دەکەن، وەک ئەوەی تۆرێکی تر ڕووندەبێتەوە و کۆششدەکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو تەحددایەی لێوەی دەکەونەوە. ئەمە وێڕای ئەو کۆششانەی لە بواری هاوکاریکردنی پەرلەمانیی جیهانی و هەرێمایەتیدا دەیکەنو لە کەرتی سێیەمدا تاوتوێیدەکەین.

## بەشداریکردنی پەرلەمانتارانە لە کاروباری فرەلایەندا

وەک لەوەوپێش بینیمان، تەحەددای سەرەکیی بۆ بەشداریکردنی پەرلەمانتارانە لە کاروباری نێودەوڵەتی یان فرەلایەندا لەوەدا بەرجەستەدەبێت، کە بەڕێوەبردنی ئەو کاروبارانە لە نزیکەی گشت وڵاتەکانی دنیادا بەدەست دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوەیە بەتەنیا. کەچی ئیمڕۆ خەریکە سنووری جیاکەرەوەی نێوان کاروبارە دەرەکییەکان و کاروبارە ناوخۆیی یان نیشتیمانییەکان لەناودەچێت. بۆیە پێویستە پەرلەمانەکان ئەو دیوارە ببڕن، کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن سەبارەت بە کاروبارە نێودەوڵەتییەکان بنیاتیدەنێت و بیانخەنە ناو تیشکۆی بایەخپێدانەکانی خۆیانەوە، بەشێوەیەک کە حکومەتەکان ملکەچی هەمان ڕادەی چاودێریکردن بن، کە لە گۆڕەپانی سیاسەتی ناوخۆدا پەرلەمانەکان لەگەڵیان پێڕەوییدەکەن.

ڕاگەیاندننامەکەی «یەکەمین کۆنگرەی سەرۆک پەرلەمانەکان» (٢٠٠٠) (the First conference of Presiding Officers of Parliaments) سەرەنجامەکانی ئەو هەنگاوەی بەم شێوەیە دیاریکردوە:

«واچاکە پەرلەمانەکان ڕەهەندەکانی ئەو ڕۆڵە دیاریبکەن، کە (لە گۆڕەپانی هاوکاریکردنی نێودەوڵەتیدا) لەسەر ئاستی نیشتیمانی پێیان دەسپێردرێت، ئەمەش بە پێڕەویکردنی ئەمانەی خوارەوە:

- کاریگەریخستنە سەر سیاسەتەکانی وڵاتەکانیان، کە پەیوەندییان بە چالاکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و مونتەدا نێودەوڵەتییەکانی تری دانوستاندنەوە هەیە.
- بەدواداچوونی ڕەوت و سەرەنجامەکانی ئەو دانوستاندنانە.
- ڕاستاندنی ئەو ڕێکەوتننامە و پەیماننامانەی حکومەت واژۆیاندەکات، بەو شێوەیەی لە دەستووردا هاتووە.
- بەشداریکردنی کارایانە لە دەستەبەرکردنی ئەو میکانیزمانەی پێویستن بۆ جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامە و پەیماننامەکان».

سەرۆکەکانی پەرلەمانەکان، کە وشەکانی خۆیان زۆر وردبینانە هەڵبژاردبوو،

ڕوونیانکردەوە کە پەرلەمانەکانیان داوای ئەوەیان نەکردوە مافی دانوستاندن قۆرخبکەن و هەوڵیشیان بۆ ئەوە نەداوە. هێشتا ئەرکی دانوستاندن لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی خراوەتە ئەستۆی دەسەڵاتی جێبەجێکردن. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستدا پەرلەمانەکان توانای ئەوەیان هەبێت بەدواداچوون بۆ ئەو دانوستاندنانە بکەن، هەتاکو ئاگاداری چۆنییەتی بەڕێوەچوونیان بن و دەرفەت لەبەردەمیدا بڕەخسێت تێڕوانینە سیاسییەکانی خۆیان بگەیەننە دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

بەواتایەکی دیکە، بۆ ئەوەی پەرلەمان بیروڕای خۆی دەربارەی کاروبارە نێودەوڵەتییەکان دەربڕن، پێویستە:

- بنچینەیەکی یاسایی ڕوونی هەبێت، بۆ هەنگاوهەڵهێنان لێیەوە، بەرەو بەشداریکردن لە کاروبارە نێودەوڵەتییەکاندا.
- تێگەیشتنێکی فراوانی هەبێت دەربارەی سیاسەتەکان و هەڵوێستەکانی دانوستاندنی حکومەت و پێشینەکانیان.
- خاوەن ڕێکخستن و دەرامەتی پێویست بێت، بەتایبەتی ئەو ئەزموونەی بۆ ئەندامەکانی لە لیژنە تایبەتکارەکاندا پێویستە.
- دەرفەت ڕەخساندن لەبەردەمیدا بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ وەزیرەکانو دانوستانکارەکان، بەوەش بیروڕا سیاسییەکانی خۆی بۆ حکومەت دەردەبڕێت (ئەگەرچی ئەمە لەلایەنی یاساییەوە بەپێویست داسەپاونییە).
- ئەندامەکانی لەناو ئەو نوێنەرانەدابن، کە دەنێردرێن بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.

ئێستا ئەو چوار خاڵە لەناو چوار بواری سەرەکیدا ڕووندەکەینەوە، ئەوانەش: مافەکانی مرۆڤ، یەکسانیی نێوان پیاو و ژن، پەرەپێدان و بازرگانی. ئەوەی بەسەر ئەمانەدا جێبەجێدەبێت، بێگومان لە زۆر بواری تریشدا بەکاردێت.

## مافەکانی مرۆڤ

بەڵگەنەویستە، مافەکانی مرۆڤ لەئارادانابن، ئەگەر پەرلەمانەکانو ئەندامەکانیان- لەناو لایەنە چالاکەکانی تردا- بەشداریی نەکەن لە پاراستنو چەسپاندنیاندا. چونکە سەرجەم چالاکیی پەرلەمان: یاسادانان و هەمووارکردنی بودجە و چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، هەموو جۆرەکانی مافە سیاسی، مەدەنی، ئابووری، کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیرییەکان لەخۆدەگرنو سەرەنجام ڕاستەوخۆیانە کاریگەرییان لەسەر کەڵکوەرگرتنی خەڵک لە مافە

بنچینەییەکانیان دەبێت. پەرلەمانەکان بەڕاستی پارێزەری مافەکانی مرۆڤن.

لەگەڵ ئەوەشدا، پەرلەمانەکان ڕاستەوخۆ بەشداریی ناکەن لە پرۆسەی داڕشتن و دەرکردنی ئەو بڕیارە سیاسیانەی پەیوەندیان بە ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکانەوە هەیە، بەڵام پێویستە ئەوە کۆتایی ڕێگەکە نەبێت، چونکە گرنگە ئەندام پەرلەمانەکان سوود لەو دەرفەتە وەربگرن، کە بۆیان ڕەخساوە، بۆ بەدواداچوونی هەڵوێستی دانوستاندنەکان و پرسیارەکانی خۆیان ئاڕاستەی وەزیرەکان بکەن، هەتاکو ئاگاداری سەرەنجامەکان بن و بابەتەکە لە پەرلەمان و لیژنە تایبەتمەندەکاندا بخەنەگەڕ. ئەگەر پێویستیش بوو، دەتوانن لەگەڵ وەزیری تایبەتمەند بچن بۆ دانوستاندنەکان، بۆ ئاگاداربوون لە ڕاستیی ئەوەی ڕوودەدات.

ژمارەیەک پەرلەمان، وەک بەردەوامیی کۆششکردنیان بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو دۆخە، لیژنەکانی مافەکانی مرۆڤیان دامەزراندوە و هەندێکیش بەخشرانە ئەو لیژنانەی پەرلەمان، کە دەسەڵاتی کارکردنیان لەو بوارەدا هەیە. هەتاکو ئەو مەسەلەیە لە ١٦٤دامودەزگای پەرلەمانیدا بەدیکرا. هەروەها ژمارەیەکی گونجاوی پەرلەمانەکان ئۆفیسەکانی وەرگرتنی سکاڵانامە کارگێڕییەکانیان دامەزراندوە، بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ ئەو دامودەزگا پەرلەمانتارانەی تایبەتن بە مافەکانی مرۆڤ. لەکاتێکدا ئەو دامودەزگا جۆربەجۆرانە بەڕێکوپێکی لە نزیکەوە کار لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا دەکەن، کەچی هاوکاریکردنیان لەگەڵ دامودەزگا نێودەوڵەتیو هەرێمایەتییەکان و میکانیزمەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ، وەک بڕیاردەرە تایبەتەکان، هێشتا لەئاستی پێویستی چاوەڕوانکراودا نییە. یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتی بانقێکی داتاکانی هەیە، دەربارەی ئەو میکانیزمانەی پەرلەمان سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤو دەکرێت لە سایتەکەی خۆی لە تۆڕی ئینتەرنێتدا سەیربکرێن. وێڕای ئەوە، یەکێتییەکە ساڵانە کۆبوونەوەیەک بۆ ئەندامانی ئەو دامودەزگایانە سازدەکات، بەمەبەستی بەهێزکردنی هاوکارکاریکردن لەگەڵ میکانیزمەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ.

پێویستە ڕاستاندنی ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان ئەنجامبدرێت، بەوانەشەوە کە پەیوەندیان بە مافەکانی مرۆڤەوە هەیە، هەتاکو بەکاربن. ئەوەش پێویستی بە ڕەزامەندیی پەرلەمان هەیە. یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێونەتەوەیی، بە هاوکاریی «ئۆفیسی کۆمیساری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ»، ڕێبەرێکی بڵاوکردۆتەوە، ئەو هەنگاوانە دەستنیشاندەکات، کە ئەندام پەرلەمانەکان

دەتوانن لە ڕەوتی پرۆسەی ڕاستاندنی پەیماننامەکاندا بیگرنەبەر:
-دڵنیابوون لەوەی داخۆ حکومەت ڕاستاندنی ئەو پەیماننامانەی ئەنجامداوە، کە پەیوەندیان بە مافەکانی مرۆڤەوە هەیە یان نا.
-ئەگەر حکومەت ئەوە نەکات، ئەوە دیارییکە داخۆ نیازی ئەنجامدانی ئەوەی هەیە یان نا. ئەگەر نیازی نەبوو، ئەوا کارڕاییە پەرلەمانییەکان بەکاربێنە بۆ کۆڵینەوە لە هۆکانی ئەوە و حکومەت هانبدە بۆ دەستکردنی بێ دواکەوتن بە پرۆسەی وازۆکردن و ڕاستاندن.
-ئەگەر حکومەت خەریکی وازۆکردنی پەیماننامەیەکی دیاریکراو بوو، دڵنیابە لەوەی داخۆ دەیەوێ خۆگرییەکانی (تەحەفوزات) لەسەر بدات یان نا. ئەگەر مەسەلەکە وابوو، لەوە بکۆڵەرەوە داخۆ ئەو خۆگرییانە پێویستن و گونجاون لەگەڵ ئامانجومەبەستی پەیماننامەکدا یان نا. ئەگەر خۆگرییەکان بێ بیانووبوون، ئەوا کارڕاییگەلی وەها بگرەبەر کە هەڵوێست بە حکومەت بگۆڕن.
-لەوە دڵنیابە داخۆ حکومەت بەکردەوە لەسەر ئاستی نیشتیمانی هیچ خۆگرییەکی دەربارەی ئەو پەیماننامە نهێنیانە نیشانداوەو ئەو خۆگرییانە هێشتا گرنگن. ئەگەر بارەکە بەمجۆرە نەبوو، کارڕاییەک ئەنجامبدە بۆ مسۆگەرکردنی ڕاکێشانەوەی.
(٢٠٠٥ , Human right: Handbook for Parliamentarians)

بەپێچەوانەی بەشداریکردن لە دانوستاندنەکانی تایبەت بە پەیماننامەکانو چاودێریکردن و مسۆگەرکردنی ڕاستاندنیان، ئەو تەحەددایانەی پەرلەمانەکان بۆ مسۆگەرکردنی جێبەجێکردنی ئەو پەیماننامانە لەسەر ئاستی نیشتیمانی ڕووبەڕوویاندەبنە، جیاوازنین لەگەڵ ئەوانەی لە چالاکییەکانی ڕۆژانەدا ڕووبەڕوویاندەبنەوەو وەک لە بەشی شەشەمدا بینیمان، هەڵوێستوەرگرتنە بەرامبەر بە تەرخانکراوەکانی بودجە و ڕاستکردنەوە و هەموارکردنی ئەوەی نوێیە تیایاندا. هەروەها چاودێریکردنی چالاکییەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا پەرلەمانەکان پێویستیان بە بەشداریکردنە لە کاری نێودەوڵەتیدا، وەک ئەم نموونانەی خوارەوە، سەبارەت بە یەکسانی نێوان ژنو پیاو، ڕوونیدەکەنەوە.

## یەکسانی نێوان پیاو و ژن

دەقەکانی هەندێک پەیماننامە پێویستیدەکەن، دەوڵەتەکان خولەڕاپۆرت بۆ

بەدواداچوونی جێبەجێبوونی پەیماننامەکە لەسەر ئاستی نیشتیمانی پێشکەشبکەن. وەک ئەوەی دەربارەی «ڕێکەوتننامەی لەناوبردنی گشت شێوەکانی جیاوازیخوازی دژی ژن» (سیداو) (the Convention on the Elimination of All Forms of Discrimination against Women-CEDAW)و پرۆتۆکۆڵی خوایشتانەی تایبەت بەو ڕێکەوتننامەیە. «لیژنەی لەناوبردنی جیاوازیخوازی دژی ژن» ئەو دامودەزگایەیە، کە چاودێریکردنی پابەندبوون بە جێبەجێکردنی بەندەکانی ئەو ڕێکەوتننامەیەی لەئەستۆیە، هەروەها دانانی توانجەکان و ئەو ڕاسپاردانەی پێشکەش بە دەوڵەتی دیاریکراو دەکرێن، بەمەبەستی یارمەتیدانیان بۆ پابەندبوون بە پەیماننامەکەوە. هەتاکو ماوەیەکی نزیک گەلێک پەرلەمان ئاشنانەبوون بەم کارڕاییە، بەڵام بارودۆخەکە ئێستا جیاوازە.

بۆ نموونە، لە باشووری ئەفریقا گشت ئەو ڕاپۆرتە نیشتیمانیانەی پێشکەشکراون بە لیژنەی «سیداو» (لە واقیعدا گشت دامودەزگا چاودێرییە نێودەوڵەتییەکان) بەرزدەکرێنەوە بۆ پەرلەمان، بۆ گفتوگۆکردنیان و دڵنیابوون لەوەی ڕەنگدانەوەی تێڕوانینە جۆربەجۆرەکانە، بەتایبەتی تێڕوانینەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. لەپێناو ئەوەدا، پەرلەمان گفتوگۆو دانیشتنەکانی گوێگرتنی گشتی ڕێکدەخاتو وەزیرەکان بانگهیشتدەکات و داوای بەڵگەنامە و ڕاپۆرتەکان لە ژمارەیەکی زۆر دامودەزگای حکومی و کۆمەڵە ئەهلییەکان دەکات. ئەندام پەرلەمانەکانی باشووری ئەفریقا بەشداریدەکەن لەو وەفدە نیشتیمانیانەی دەچنە ناو چالاکییەکانی لیژنەی سیداووەوە، ئەمەش وایان لێ دەکات باشتر دەرک بەو ڕاسپاردانە بکەن، کە لیژنەکە پێیاندەگەن و چاکتر قبوڵیان بکەن. ئینجا پەرلەمان دەستدەکات بە بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ئەو ڕاسپاردانە لەسەر ئاستی نیشتیمانی.

لە کاتی هەموارکردنی یاسایەکی نیشتیمانیدا، سەبارەت بە سیداو، پەرلمانی هۆڵەندی دەقێکی خستە سەر، کە پێویستیدەکات حکومەت هەر چوارساڵ جارێک ڕاپۆرتێک دەربارەی جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەکە بەرزبکاتەوە بۆ پەرلەمان، ئەمەش پێش ئەوەی وەک لایەنێکی ڕێکەوتننامەکە ڕاپۆرتەکەی خۆی بۆ لیژنەکە بەرزبکاتەوە. هەروەها دوا توانجەکانی لیژنەکە پێشکەش بە پەرلەمان بکات.

هەندێک پەلەمانیش، وەک ئەوەی ئۆرۆگوای، دانیشتنێک بۆ بەدواداچوونی ئەو ڕاسپاردانە سازدەکات، کە لە لیژنەی «سیداو» دەرچوون و بانگهێشتی ئەندامەکانی حکومەت دەکات بۆ گفتوگۆکردنیان لەناو پەرلەماندا.

لە «ترینیدا و توباگۆ»، کە لیژنەیەکی پەرلەمانی نییە دەسەڵاتی باسکردنی

بابەتەکانی تایبەت بە یەکسانی نێوان پیاو و ژنی هەبێت، یەکەیەکی مافەکانی مرۆڤ، کە سەربە وەزارەتی دادە، ئەرکی ئامادەکردنی ئەو ڕاپۆرتانە دەگرێتەئەستۆ، کە پێشکەش بە لیژنەی «سیداو» دەکرێن و بەپێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکانیش ئەو ڕاپۆرتانە ئامادەدەکات. ئەو یەکەیە یارمەتیی لیژنەی مافەکانی مرۆڤ دەدات، کە لە نوێنەری سیانزە وەزارەتو نوێنەرێکی پەرلەمان پێکهاتووە. کاتی تەواوبوونی ڕاپۆرتەکەش، جێگری گشتی دەیخاتە بەردەمی پەرلەمان.

لە نیسان/ئەپریلی٢٠٠٢دا پەرلەمانی سوید دانیشتنێکی سازکرد، بۆ گفتوگۆکردنی دوا توانجەکانی لیژنەی سیداو، لەو کۆبوونەوەیەدا پەرلەمانتارانو نوێنەرەکانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و سەرۆکی لیژنەی سیداو بەشداریانکرد.

وەک باری بواری مافەکانی مرۆڤ، ژمارەی ئەو پەرلەمانانە زۆردەبێت، کە لیژنەگەلی تایبەت پێکدێنن یان داموەزگاگەلێک دادەمەزرێنن ئامانجیان چارەسەرکردنی ئەو مەسەلانەیە، کە پەیوەندیان بە پیاو و ژنەوە هەیە، یاخود دەسەڵاتگەلی تاوتوێکردنی ئەو مەسەلانە دەدەنە ئەو لیژنە پەرلەمانیانەی بەکردەوە هەن. بۆ نموونە، پەرلەمانی فەڕەنسی چەندین گرووپی پێکهێناوە، بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی ژن و یەکسانیی بەپیاو.

مەسەلەی یەکسانی نێوان پیاو و ژن، وەک مەسەلەکانی دیکەی هاوشێوە، بوارێکی بەپیتە بۆ هاوکاریکردنی نێوان پەرلەمانتارەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. بەڵگەی ئەوەش یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتی هەموو ساڵێک، بەبۆنەی کۆبوونەوەی «لیژنەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە بارودۆخی ژن» (the United Nations Commission on the Status of Women) دیدارێکی پەرلەمانتارانە لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان (نیویۆرک) ڕێکدەخات. ئەم دیدارە دەرفەت لەبەردەم ئەو ژنو پیاوە یاسادانەرانەدا دەڕەخسێنێ، کە لەبواری یەکسانی نێوان پیاو و ژندا کاردەکەن، ئەزموونەکان ئاڵوگۆڕبکەن و گفتوگۆی ئەو مەسەلانە بکەن، کە لە خشتەی کاری نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەربڕاونو ستراتیژگەلی نیشتیمانی بۆ جێبەجێکردنیان دابڕێژن.

## پەرەپێدان

بەشداریکردنی پەرلەمانتارانە گرنگترینی ئەو بنچینانەیە، کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرنامە بەرزخوازەکەی خۆی: «ئامانجەکانی پەرەپێدان بۆ سەدەی نوێ» (Millennnium Development Coals- MDGs)، بۆ هێنانەدیی

پەرەپێدان لەسەر دادەمەزرێنێ. ئەم بەرنامەیە مەبەستی هێنانەدیی کۆمەڵێک ئامانجی گەورەیە هەتاکو ساڵی ٢٠١٥، لەوانە: لەناوبردنی برسێتی، بڵاوکردنەوەی خوێندنی سەرەتایی بە گشت جیهاندا، چەسپاندنی یەکسانی نێوان ژنو پیاو، کەمکردنەوەی ڕێژەی مردنی منداڵان، چاککردنی تەندروستیی دایکان، بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشیی کەمبوونەوەی بەرگریی بەدەستهاتوو (ئایدز)و مەلاریاو نەخۆشییەکانی تر، پاراستنی بەردەوامی ژینگە، هێنانەئارای شەریکایەتییەکی جیهانی لەپێناو پەرەپێدانێکدا، کە ئامانجی پێشکەشکردنی یارمەتی و بەهێزکردنی بازرگانی و سووککردنی بارگرانیی قەرزەکانە.

دەربڕینی مەسەلەکانی پەرەپێدان لەناو پەرلەماندا، پێویستی بە تێگەیشتنی ئەندامەکانییەتی لە مافەکانی مرۆڤ. لە ساڵی ٢٠٠١دا «ئۆفیسی کۆمیساری مافەکانی مرۆڤ» پێشنیاری ئەوەی کردووە، وڵاتەکان پابەندی مەنهەجێکی پەرەپێدان بن، کە پشتبەستووە بە مافەکان. ئەوەبوو ڕەشنووسێک دەربارەی پرنسیپە ئاڕاستەکارەکانی ئەو مەنهەجە ئامادەکراو ئێستا لەبەردەستی پەرلەمانەکاندایە، هەتا یارمەتیدەربێت بۆ دانانی ستراتیژەکانی پەرەپێدانو لەناوبردنی هەژاری.

*(Draft guidelines: A human rights approach to poverty reduction strategies, 2002. <http://www.unhchr.ch/development/povertyfinal.html>)*

ئەم مەنهەجە بەوە جیاکارەدەکرێت، وەک کارێکی خێرخوازی لە پەرەپێدان ناڕوانێ، بەڵکو ئامانجەکانی وەک مافگەلێک دیاریدەکات، کە لە ڕووی یاساییەوە داسەپاون.

هەروەها یەکێک لە میکانیزمە کاراکانی هێنانەدیی ئامانجەکانی پەرەپێدان لە هەژارترین وڵاتەکانی دنیادا، کە نزیکەی ٧٠وڵاتە، بەرنامەی سنووردانانە بۆ هەژاری لەسەر ئاستی نیشتیمانی و ناسراوە بە: «ڕاپۆرتە ستراتیژییەکانی سنووردانان بۆ هەژاری» (Poverty Reduction Strategy- PRSPs). ئەم ڕاپۆرتانە بەڵگەنامەگەلی گشتگیرن لەنێوان حکومەتەکان و بانکی نێودەوڵەتیو سندوقی دراوی نێودەوڵەتیدا دانوستانیان لەسەر کراوەو بنچینەن بۆ سوککردنی بارگرانییەکانی قەرزەکان و پارەپێدانی خاوەن مافی تایبەتی (Concessionary financing). لە نامیلکەیەکدا کە پەیمانگەی دیموکراسیی نەتەوەیی (NDI)، بەهاوکاریی بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDP) دەربارەی «ڕاپۆرتە ستراتیژییەکانی سنووردانان بۆ هەژاری»، هاتووە:

«ئەو ڕاپۆرتانە زۆرجار گەورەترینو هەمەلایەنترین پلانی سیاسی ئابووری

پێکدێنن، کە هـــەر حکومـــەت یان پەرلەمانێک پێویستە جێبەجێیان بکـــات. جا لەبەر ئەوەی پلانەکە گشتگیرە و پێویستی بە هەموارکردنی یاساگەلە بۆ جێبەجێکردنیان و پشتگیریکردنیان، ئەوا ڕاپۆرتەکان دەتوانن بەری خۆیان بدەن، ئەگەر ئاڵوگۆڕکردنێکی نەرمونیانـــی زانیارییەکانـــی لەنێوان هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانانددا هەبێت».

*(Legislative-executive communication on poverty reduction strategies, 2004)*

ئەگەرچی هەندێک کارڕایی پێش ڕاپۆرتەکان دەکەون، ئەوانەش پێویستیان بە بڕیارگەلی نێودەوڵەتی هەیە، کە دەنگدانەوەیان لەناو سیاسەتی ناوخۆدا هەبێت، کەچی هەتاکو ئێستا پەرلەمانەکان لەو بڕیارانەدا بەشدارنەکراون. وێڕای ئەوەی بانکی نێودەوڵەتی لەسەرەتاوە سووربوو لەسەر ئەوەی، دەبێت ڕاپۆرتەکان ستراتیژی سنووردانان بن بۆ هەژاری و لەلایەن دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی ناوولاتەوە ئامادەبکرێن، کەچی وەک لە زاری خودی بانکی نێودەوڵەتییەوە هاتووە، فەرامۆشکردنێکی بەرچاو هەیە بەرامبەر بە بەشدارپێکردنی پەرلەمانەکان لە وتووێژەکانی ناو وڵات یان لەو دانوستاندنانەی لەگەڵ دامەزراوە نێودەوڵەتییەکاندا ئەنجامدەدران. بەشداریکردنی پەرلەمانی هەمیشە لەمانەدا قەتیسکراوە: ڕاستاندنی ڕەسمی ڕاپۆرتە ستراتیژییەکان، چاودێریکردنی لایەنە داراییەکانی تایبەت بە جێبەجێکردنی ڕاپۆرتەکان، لە ڕێگەی کارڕاییگەلی دانانـــی بودجـــەوە، ئەگەرچی خودی لایەنە پارەبەخشەکان ئەرکی بەدواداچوونی خەرجکردنی پارە بەخشراوەکان دەگرنەئەستۆ.

بۆ بەپیرەوەچوونی ئەو مەترسـیانەی بەرامبـەر بـە ڕۆڵـی سنوورداری پەرلەمانەکان، لە قۆناغی یەکەمـــی بەرنامەی ڕاپۆرتەکانی سنووردانان بۆ هەژاری وروژێنراون، بانکی نێودەوڵەتی ساڵی٢٠٠٥ چاپێکی ڕاستکراوەی «ڕێبەری ئەندام پەرلەمانەکان بۆ بانکی نێودەوڵەتی» (Parliamentarian Guide to the World Bank)ی بڵاوکردەوە. لەواقیعدا هەندێک نموونە دەربارەی فراوانبوونی پانتایی بەشداریکردنی پەرلەمانتارانە لە ئامادەکردنی ئەو ڕاپۆرتانەدا هەن:

- لە مۆریتانیا ئەندام پەرلەمانەکان بەشداریانکردوە لە ئەندامێتیی گرووپەکانی کاری تایبەت بەو ڕاپۆرتە ستراتیژیانەی سنوور بۆ هەژاری دادەنێن و لەو لیژنەیەدا کە کارڕاییەکانی جێبەجێکردنی ئەو ڕاپۆرتانە چاودێریدەکات. پێش پابەندبوون بەو ڕاپۆرتانەشەوە، ئەندام پەرلەمانەکان پێیان باشبووە

لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ڕێکخراوەکانی تری کۆمەڵگەی مەدەنیو پسپۆڕانی بواری پەرەپێدان گفتوگۆی دەربارەبکەن.

–لە هندۆراس و نیکاراگوا ئەندام پەرلەمانە سەربەخۆکان، لە ڕێگەی پرۆسەی ڕاوێژکردنەوە دەربارەی ڕاپۆرتە ستراتیژییەکان، ڕۆڵێکی گرنگ و کارایان گێڕا.

–لە نەیجەر ئەنجومەنی نیشتیمانی لە سەرەتاوە بەشداریکردوە لەو کارڕاییانەدا، کە تایبەت بوون بە ڕاپۆرتە ستراتیژییەکان و ئەندامەکانی بەشداریی ئەو گرووپە تایبەتمەندانەیان کردوە، کە ڕووماڵی گرنگترین کایەکانی پەرەپێدان دەکەن. ئەنجومەنی وەزیرانیش پابەندبوو بە دوابەڵگەنامەی ئــەو ڕاپۆرتانەو خرایە بەردەمی ئەنجومەنی نیشتیمانی بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکات.(ل٤٨)

ئەو نموونانەی ســەرەوە، دوو شێوازی بەشداریکردنی فراوان لە کارڕاییەکانی ڕاپۆرتە ستراتیژییــەکانی ســنووردانان بۆ هەژاری دەخەنەڕوو، کە لــە ڕووی پراکتیکییەوە سوودیان سەلماوە، ئەوانەش:

–بەشدارییپێکردنی پەرلەمــان لە داڕشــتنی سیاســەتی وڵات، لە ڕێگــەی لیژنەی پەرلەمانیی تایبەتەوە، ئەمــە وێــڕای گرووپگەلی کار لە کەرتە تایبەتییەکانەوە.

–چاودێریکردنی جێبەجێکردن لەسەر زەمینەی واقیع ، جا ئەوە لە ڕووی سەلامەتیی کارڕاییە داراییــەکانەوە بێت، یان لە ڕووی تواناییانەوە بێت بۆ سنووردانان بۆ هەژاری بەتایبەتی.

هەروەها بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵوەستەی لەئاست ئەو گرفتانەدا کرد، کە ڕێگرن لەبەردەم بەردەوامبوونی پەرلەمانەکان لەسەر چاودێریکردنی ستراتیژەکانی سنووردانان بۆ هەژاری. بەرنامەکە بەرپرسیارێتیی هاماهەنگی و چاودێریکردنی گشتیی ئامانجەکانی پەرەپێدان لە سەدەی نوێدا دەگرێتەئەستۆ. یەکێک لە بەشداریکردنە زۆرەکانی، واباشە هێما بۆ ئەو هەنگاوە بڵاوکراوەیە بکەین، کە بەهاوکاریی پەیمانگەی دیموکراسیی نەتەوەیی ئامادەکراوەو پێکهاتووە لە سێ نامیلکە دەربارەی بەهێزکردنی بەشداریکردنی پەرلەمانتارانە لە سنووردانانیدا بۆ هەژاری. ئەو نامیلکانە کورتە لیستێک سەبارەت بەو ستراتیژانە لەخۆدەگرن، کە ئەندامەکان بەو زانیاریانە چەکداردەکات کە پێویستیانە، لەگەڵ ئەو سەرچاوە چاوەڕوانکراوانەی دەشێت زانیارییەکان لێیانەوە بەدەستبهێنرێنو چۆنییەتی بەکارهێنانی کارڕاییەکانی خودی ڕاپۆرتە ستراتیژییەکانی سنووردانان بۆ هەژاری، هەتاکو پەرلەمانەکان تواناسازبکرێن بۆ ڕۆڵبینینی خۆیان و پێویستیی

تەرخانکردنی کاتی پێویست بۆ کارڕاییەکان، بەمەبەستی ڕێگەدان بە ئەنجامدانی گفتوگۆگەلی یاسادانەرانەی ڕاستەقینە، دەربارەی بابەتە سەرەکییەکانی تیایاندا هاتوون. ئەم خاڵەی کۆتایی گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان بەپێی خشتەگەلی کاتداری جۆراوجۆر کاردەکەن.

ئەو خشتەیەی خوارەوە، لە نامیلکەی بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەرگیراوە، ئەو بوارانە دیاریدەکات کە کاریگەریان لەسەر بەشداریکردنی سیاسی هەیە.

## خشتەی ٧-١

## هاوکاتکردنی هاماهەنگیی نێوان یاسادانان- جێبەجێکردن لەگەڵ خاڵگەلی دیاریکراوی ڕاپۆرتە ستراتیژییەکان سەبارەت بە سنووردانان بۆ هەژاری




United Nations Development Programme, National Democratic Institute (2004). Legislative-executive communication on poverty reduction strategies.
<http://www.undp.org/governance/docs/parl_other/handbooks/en/legexcomm.pdf>

ئامانجەکانی پەرەپێدان پێویستیان بەوەیە، حکومەتەکانی وڵاتە پێشکەوتووەکان بەوەفابن بۆ پابەندییەکانیان سەبارەت بە پێشکەشکردنی یارمەتییەکان، لەوەش دڵنیابن ئەو یارمەتیانە ئەنجامی ئاسەوارە خراپەکانی سیستەمە بازرگانییە ناسەرڕاستەکانو مەرجە زۆردارەکانی قەرزدانەوە بەفیڕۆناچن، ئەمەش بارودۆخی باوی ئێستایە. ئەم

بارودۆخەی تایبەت بە بەردەوامکردنی فشار لەسەر حکومەتەکان، بۆ بەوەفابوون بەرامبەر بەو پابەندییانەی پەیوەندییان بە پێشکەشکردنی یارمەتییەکانەوە هەیەو دڵنیابوون لەوەی کارایانە بەکاردەبرێن، بەرپرسیارێتی دەخاتە ئەستۆی پەرلەمانەکانی وڵاتە پێگەیشتووەکان. وێڕای ئەوە، پێویستە پابەندبوون بە یارمەتییەکان لە ڕوانینە سیاسەتی بازرگانی و پارەدانی نێودەوڵەتی جیابکرێتەوە.

ژمارەیەک ڕاپۆرت، کە پەرلەمانەکان پێشکەشی ئەم ڕێبەرەیان کردوە، هێما بۆ ئەوە دەکەن، بایەخپێدانی زیاتر بە چاودێریکردنی سیاسەتی یارمەتیدانەکان لەئارادایە. بۆ نموونە، لە یابان «ئەنجومەنی ڕاوێژکاری» بڕیاریدا بەشێوەیەکی ڕێکوپێک چەند وەفدێکی پەرلەمانی بنێرن بۆ ئەو وڵاتانەی یارمەتیی پەرەپێدانی ڕەسمی لە یابان وەردەگرن، لەپێناو «دیاریکردنی ئەوەی داخۆ یارمەتییەکان بەشێوەیەکی کارایانە دەگەنە ئەو توێژانەی بەڕاستی پێویستیان پێیەتیو داخۆ بودجەی دیاریکراو کارایانە جێبەجێدەکرێت. ئەمە وێڕای سیاسەتی حکومیی تایبەت بە یارمەتییەکانی پەرەپێدان». لە ساڵی ٢٠٠٤دا چەندین وەفد نێردران بۆ هەریەک لە چین و فلپین، تایلاند و ئەندونیسیا، مەکسیک و بەرازیل. هەر وەفدێک دەڕۆژی پێچوو، ڕاپۆرتەکانی ئەو وەفدانەش لە ئاستێکی فراواندا، لە ناوەوەو دەرەوەی پەرلەمان، تاوتوێدەکرێن.

لیژنەی کاروباری دەرەوە لە پەرلەمانی سویدی، سیاسەتێکی کاملی بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی داڕشتوە، کە کۆششدەکات بۆ تەکاندان بە هاماهەنگیی سیاسەتە حکومییەکان لە بوارەکانی وەک: بازرگانی، کشتوکاڵ، ژینگە، ئاسایشو کۆچکردن، هەتاکو دەرفەتی هەبێت بەشدارییکات لە هێنانەدیی پەرەپێدانێکی نێودەوڵەتیی دادپەروەرانە و بەردەوامدا. هەروەها لیژنەکە داوا لە حکومەت دەکات خولەڕاپۆرتگەل دەربارەی ئەولەویاتەکانی خۆی، سەبارەت بە بانکی نێودەوڵەتیو سندوقی دراوی نێودەوڵەتیو بانکە هەرێمایەتییەکانی پەرەپێدان پێشکەشبکەن.

هەوڵدانێکی تر هەیە بۆ داڕشتنی سیاسەتێکی کاملتر لەم کەرتەدا، ئەویش لە پێکهێنانی لیژنەی تایبەت بە بەجیهانیبوون لە پەرلەمانی بەلجیکیدا بەرجەستەدەبێت و دانیشتنەکانی گوێگرتن سازدەکات بۆ گفتوگۆکردنی مەسەلەگەلی جۆربەجۆر لەگەڵ پسپۆڕەکان و نوێنەرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆششدەکات بۆ کاریگەریخستنە سەر سیاسەتی حکومەت، ئەوەیش لە ڕێگەی ئەو بڕیارانەی لە پەرلەمانەوە بەئامادەبوونی گشت ئەندامەکانی دەدرێن. لەنێو ئەو مەسەلانەی لەو لیژنەیەدا دەربڕدراون کە لە ساڵی ٢٠٠٣وە پێکهاتووە: باجی بازرگانیکردنە

بە دراو (باجی «توبین» Tobin tax)، بەڕیوەبردنی حوکمڕانیی جیهانی، ئەو کێشە دامەزراوەییانەی ڕووبەڕووی «ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی» دەبێتەوە، مەسەلە بازرگانییەکان لە دانوستاندنی ڕێکخراوەکەدا، کێشەکانی پەیوەندیان بە «ڕێکەوتننامەی گات»ەوە (Gats) هەیە، «مافەکانی موڵکداریێتیی فیکری» (ترییپس Trips)، ئامانجەکانی پەرەپێدانی سەدەی نوێ، مافی بەدەستهێنانی ئاو، بازرگانیی سەرڕاست و پاراستنی باج.

پاش دانیشتنەکانی گوێگرتن، پەرلەمانی بەلجیکی چەند پرۆژەیاسایەکی سەبارەت بەو باجە دارشت، کە بەسەر مامەڵە داراییە نێودەوڵەتییەکاندا دەسەپێنرێ، هاوشێوەی باجی توبین. ئەمە وێڕای پرۆژەیاسایەکی تر حکومەت ناچاردەکات راپۆرتێکی ســاڵانە پێشکەشبکات، تیایدا ئەو هەنگاوانە دەستنیشانکرابن، کە بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی پەرەپێدانی ســەدەی نوێ دانرابن. هەروەها ئەو چالاکیانەی نوێنەرەکانی لە بانکــی نێودەوڵەتی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتیو بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجامیاندا.

## بازرگانی

ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی، وێڕای مانەوەی ناوەکەی، تەنیا ڕێکخراوێکی بازرگانی نییە، چونکە ئێستا بڕیارەکانی تەنیا لە مەیدانی تەقلیدیدا نییە، واتە تاریفە گومرگییەکانو بازرگانیی کاڵاکان، بەڵکو ئەوانە تێدەپەڕێنێ بۆ ناو ناخی کاروبارەکانی ناوخــۆی ئــەو وڵاتانەی کاریگەریان بەسەر کایە جۆربەجۆرەکانەوە هەیە، وەک: موڵکداریێتی فیکری، خزمەتگوزارییەکان، کەرتی بانکەکان، پەیوەندییە بێسیمەکان، کڕین و فرۆشەکانی حکومەت. هەروەها ئــەم ڕێکخراوە کاریگەریی پەرەسەندوی لەسەر تەندروستیی نیشتیمان، خوێندن، دامەزراندن، سەلامەتخوازیی خواردنو ژینگە هەیە. ئەمە وێڕای بەڕێوەبردنی ســامــانــە سروشتییەکانی، وەک دارستانەکان و ڕاوگەی ماسییەکان و ئاو.

بەپێچەوانەی پەیماننامە نێودەوڵەتەکانەوە، ڕێکەوتننامەکانی ڕێکخراوی جیهانی تەنیا دەوڵەتە لایەنەکان ناچارناکەن ئەو ئامانجە گشتیانە پێناسەبکەن کە تیایاندا هاتوون، بەڵکو بەهۆی میکانیزمێکی کارای چارەسەرکردنی کێشمەکێشەکانیشەوە جێبەجێدەکرێنو ئەو بارودۆخەش سەرەنجامی ئابووریی ڕاستەوخۆی لەسەر گشت وڵاتەکان دەبێت، جا ئەوە لە کەرتی گشتیدا بێت یان کەرتی تایبەتی.

ئەنجامی بەشداریکردنی بەردەوامی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی لە چەندین بواردا،

چەندین ئاسەواری ناوەکیی فراوان لەسەر ئەنجومەنەکانی یاسادانان هاتنەئاراوە، کە وەک تەحددایەک سەیریاندەکات و بەوریاییەوە مامەڵیان لەگەڵ دەکرێت، ئەوەش بە پاراستنی توانای دانانی ڕێساو ڕێنماییەکان کە لە دەستووری وڵاتدا هاتوون، بەپێی هاوسەنگیی وردی هێزەکان. کاریگەرییەکانی ئەو کارڕاییانەش لە سیستەمێکی نیشتیمانییەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە، بەڵام هەموویان بەشێوەیەکی بنچینەیی لە دوو جۆری سەرەکیدا کۆدەکرێنەوە، ئەوانەش: کاریگەرییە ڕێکخراوەییەکان (کاتێک ڕێساگەلی نوێ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەهێنرێنەکایەوە، کە دەستی یاسادانەر لە بواری هەموارکردنی یاساکاندا دەبەستێت) و کاریگەریی دەستووری (کاتێک دەسەڵاتەکان لە یاسادانەرەکانەوە بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەگوێزرێتەوە). بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە ئەو توێژینەوەیەی (ماسیو ستیلویل) وەکیلی ڕاسپێردراوی «ناوەندی یاسای ژینگەی نێودەوڵەتی» (the Center for International Environment Law) لە ژێر ناونیشانی «بۆچی پێویستە یاسادانەرەکان بایەخ بە ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی بدەن» (Why legislators should care about the WTO)دا ئامادەیکردوە.

لە زۆر باردا، ئامانجی بڕیارەکانی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی، بەهێزکردنی بازرگانیی نێودەوڵەتییە، ئەوەش بە دیاریکردنی چەندین جۆری یاساکان، کە یاسادانەرەکان دەتوانن دەریاندەکەن، یان ئەوانەی ناتوانن دەریانبکەن و دانانی ئەو پێوانانەی دەبێت پابەندیان بن. ئەنجامی ئەوە، پەرلەمانەکان خۆیان لە هەڵوێستێکدا دەبیننەوە، کە حەسودیی پێ نابرێت، چونکە پێویستە لەسەریان ڕەزامەندیی بەرامبەر جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە پیشانبدەن، بەبێ ئەوەی لە مسۆگەربوونی تەباییان لەگەڵ ئامانجە نیشتیمانییەکان و خواستە میللییەکاندا بکۆڵنەوە. لێرەشدا ڕادەی گرژیی نێوان بڕیارەکانی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی و یاسا نیشتیمانییەکان زۆرتردەبێت، کاتێک هەندێک حکومەت سیستەمی چارەسەرکردنی کێشمەکێشەکان بەکاردێنن بۆ تانەدان لە یاسا نیشتیمانییەکانی حکومەتگەلی تر.

لەم بوارەدا بەدیاریکراوی، چاودێریکردنی پەرلەمانتارانە بەسەر پرۆسەی دانوستاندنەوە بایەخێکی تایبەتیی هەیە. ئێستا گەلێک پەرلەمان چەندین هەنگاویان هەڵهێناوە، بۆ ئەوەی هاوشانی پێشکەوتنی ڕەوتی دانوستاندنەکان ڕێبکەن و کۆششدەکەن بۆ بەشدارییپێکردنی حکومەتەکان لەو سیاسەتانەی پێویستە پێڕەویانبکات. بۆ سەرخستنی ئەو کوششانەش، پەرلەمانەکان بوونە ئەندامی یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتی و پەرلەمانی ئەورووپی لە کۆنگرەیەکی

پەرلەمانتارانەی ساڵانەدا، دەربارەی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی، کە پەرلەمانەکان لە ڕێگەیەوە دەتوانن چاودێریی چالاکییەکانی ئەو ڕێکخراوە بکەن و بەردەوامبن لەسەر گفتوگۆکردن لەگەڵ دانوستانکارە حکومییەکاندا و ئاڵوگۆڕی زانیارییەکانو بنیاتنانی توانا نیشتیمانییەکانیش لە بواری بازرگانیی نێودەوڵەتیدا ئاسانبکەن.

## بۆ خوێندنەوەی زیاتر دەربارەی بەشداریکردنی پەرلەمانتارانە لە کاروباری نێودەوڵەتیدا لە تۆڕی ئینتەرنێتدا بڕوانە:

Chutikul, K (2003). Options for a parliamentary dimension of the WTO. Discussion paper presented to the Parliamentary Conference on the WTO. Inter-Parliamentary Union <http://www.ipu.org/splz-e/trade03/2c.pdf>
Committee for a democratic UN <http://www.uno-komitee.de/>

Hubli, S., & Mandaville, A. (2004). Parliaments and the PRSP process. World Bank Institute <http://siteresources.worldbank.org/WBI/Resources/wbi37231HubliMandavilleweb.pdf>

International parliamentarians' petition (IPP) for democratic oversight of the IMF and World Bank. <http://www.ippinfo.org/>

Inter-Parliamentary Union (2005). Parliamentary involvement in international affairs. <http://www.ipu.org/splz-e/sp-conf05/involvement-rpt.pdf>

Inter-Parliamentary Union, United Nations Division for the Advancement of Women (2003). The Convention on the elimination of all forms of discrimination against women and its Optional protocol. Handbook for parliamentarians. <http://www.ipu.org/PDF/publications/cedaw_en.pdf>

Inter-Parliamentary Union, United Nations High Commissioner for Human Rights (2005). Human rights: Handbook for parliamentarians. <http://www.ipu.org/PDF/publications/hr_guide_en.pdf>

United Nations Development Programme, National Democratic Institute (2004). Strengthening parliament involvement in the Poverty Reduction Strategy Process and the Millennium Development Goals. <http://www.undp.org/governance/docs/parl_other/Parl%20-%20Guides%20-%20parlthandbooks.htm>

## بەشداریکردنی پەرلەمانتارانە لە پڕۆسەکانی کامڵبوونی هەرێمایەتیدا

زۆر ناوچـەی جیهـان بەرەو کامڵبوون دەچێت. ئەگەرچی ئەو دیاردەیە لە ئەورووپاوە دەستیپێکردوە، بەڵام چەندین ناوچەی تر لە ئەفریقا و ئەمریکای لاتین، لەم دواییانەشدا لە ئاسیاو جیهانی عەرەبیش، هەمان ڕێگەیان گرتۆتەبەر. ئەگەرچی هەر کیشوەرێک بـە قۆناغی جیـاواز لەوانی تردا تێدەپەڕێت، بەڵام هەموویان هاوبەشن لە هەندێک خەسڵەتی گشتیدا.

وەک لە پێشەکیی بەشەکەدا باسمانکردوە، ئاقارێکی نێودەوڵەتی ڕووەو هێنانەدیی کامڵبوونی هەنگاوبەهەنگاوی نێوان بازاڕەکان و ئابوورییەکانو هەندێک کەرتی تر لەئارادایە، لەبەر چەند هۆیەکی تایبەت بە هەر هەرێمێک. ئەمەش بێگومان مانای ئەوەیە، دەوڵەت بەشێوەیەکی زۆر ڕێژەیی دەستبەرداری سەروەریی خۆی بێت، لە بەرژەوەندیی ڕێکخستنی هەرێمێکی هاوبەشدا. ئەم بارەش تەواو جیاوازە لەگەڵ ئەو هاوکارییەی لەنێوان دەوڵەتەکان لەسەر ئاستی جیهان لەئارادایە و تیایدا دەوڵەتەکان ڕازیی نابن دەستبەرداری دەسەڵاتەکانی خۆیان بن، ئەگەرچی لە ڕووی پرنسیپەوە ڕازیبوون لەسەر بەشداریکردن لەسەر چەند بنەمایەکی یەکسان.

لە پڕۆسەکانی کامڵبوونی هەرێمایەتیدا، ڕێکخستنێکی کارگێڕی بۆ کیانی هەرێمایەتی نوێ دادەمەزرێت، کە لە سیستەمی دەوڵەتەوە وەرگیراوە، جا ئەوە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە بێت یان پەرلەمان. پەرلەمانە هەرێمایەتییەکانیش شان بەشانی پەرلەمانە نیشتیمانییەکان لەئارادادەبن و لەسەر شێوازی یەکترتەواوکردنی ئەنجومەنی نوێنەران و پیران لە دەوڵەتە فیدراڵییەکاندا، یەکتری تەواودەکەن، چونکە ئەوەی یەکەم دەربڕی بیروڕاو بەرژەوەندییە هەرێمایەتییەکانە و ئەوەی دووەم دەربڕی بیروڕا و بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکانە.

لەم کەرتـەدا بەدرێژیـی هەڵوەسـتە لەئاسـت یەکێتیی ئەورووپادا دەکـەین، چونکە پێشکەوتووترین پڕۆسەکانی کامڵبوونی هەرێمایەتییە لە جیهانی ئیمڕۆدا. هەروەها لەو تەحددایانە وردەبینەوە، کە کامڵبـوونی نیشتیمانی بۆ پەرلەمانە نیشتیمانییەکانی دێننەئاراوە.

هەندێک لە پەرلەمانەکانی ئەوروپا، کە بەشداربوون لەم ڕێبەرەدا، پێیانوایە چاودێریکردنیان بۆ ئەو سیاسەتەی یەکێتیی ئەوروپا جێبەجێیدەکات تەحددایەکی گەورەیە و هیوادارن هەوڵەکانیان بۆ خۆڕاگرتـن لەبەردەمی ئەو تەحەددایانەدا بایەخی زیاتریان پێ بدرێت، چونکە مۆدێلێکیان پێشکەشکردوە، دەشێت لەسەر

ئاستێکی فراوان چاوی لێ بکرێت، تیایدا پەرلەمانەکان دەستبەرداری هەندێک لە دەسەڵاتەکانی یاسادانانی خۆیـان دەبـن بۆ دامەزراوەگەلی هەمەلایەنتر، کە کێشەگەلی هەرێمایەتی یان جیهانیی هاوبەش چارەسەردەکەن. ئینجا بارودۆخەکە سەبارەت بە پەرلەمانــە نیشتیمانییەکان لەوەدا پوختدەکرێتەوە، کــە چۆن چاودێریبکەن و کاریگەریی بخەنە سەر ئەو هەڵوێستانەی نوێنەرە وەزارییەکانیان لەو دامەزراوانەدا وەریدەگرن. ڕاپۆرتەکەی «ئەنجومەنی پیرانی هۆڵەندی» ئەم مەسەلەیەی دوایی بەباشی ڕوونکردۆتەوە:

«بەشداریکردنــی پەرلەمانــی نیشتیمانــی لە میکانیزمــی تاوتوێکردنی ئەو هەڵوێســتەی حکومەت لەبەردەم پەرلەمانی ئەورووپادا وەریدەگرێت، ئامڕازێکە بۆ زاڵبوون بەسەر کەمتەرخەمیی ئەو یەکێتییە لە بواری ڕەوایەتیی دیموکراتیدا. بەسە بەگشتی هێما بۆ ئەو کەمتەرخەمییە بکەین کە پەیوەندیی بە ڕەوایەتیی گشتیی دەسەڵاتێکی جێبەجێکردنەوە هەیە نوێنەری دەوڵەتی ئەندامە لە یەکێتیی ئەورووپادا و ئەو پەراوێزکردنەی ڕۆڵی دامودەزگاکانی نوێنەرایەتی کە بەدوایدا دێن. بۆیە پێویستە ئیستیحقاقەکان لە پەرلەمانی نیشتیمانییەوە بۆ یەکێتیی ئەورووپا بگوێزرێنەوە. ئەمەش بەدیاریکراوی ئەوەیە، کە دەبێت بەهێزبوونـی دەسەڵاتە پەرلەمانییەکان لەکاتی هاوکاریکردن لەگەڵ حکومەتە ناوچەییەکاندا، سەبارەت بە بڕیارە ئەورووپییەکان، هاتنەدیی مسۆگەربکەن.

جیاوازییەکی گەورە لەنێوان ئەندامەکانی یەکێتیدا هەیە، سەبارەت بە چۆنێتی مسۆگەرکردنی ئەو هاوکاریکردنە و گەلێک پەرلەمان لە ڕێگەی «لیژنەی کاروباری ئەورووپی»یەوە (European Affairs Committee-EAC)، کە ڕاسپێردراوە بۆ وەرگرتنی ئەو ڕاپۆرتانەی پەیوەندیـان بە یەکێتیی ئەورووپـاوە هەیە، پێش ئەوەی لە ئەنجومەنــی وەزیراندا هیچ هەڵوێستێکی دانوستاندکارانەیان بەرامبەر وەربگیرێت، چارەســەری ئەو کێشـەیـە دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجومەنی پیرانی هۆڵەندا هێما بۆ ئەوە دەکات، کە «زۆربەی ئەنجومەنەکانی یاسادانانی نیشتیمانی ئەو دەسەڵاتانەیان پێ نادرێت، کە پێویستن بۆ پابەندکردنی حکومەتە نیشتیمانییەکان بەو بڕیارانەی دەریاندەکەن». دەشێت ئەم سەرەنجامەش، وەک لە چەندین ڕاپۆردا باسکراوە و پێمان گەیشتووە، ئەو کاریگەرییە کەمبکاتەوە کە پەرلەمانەکان لەسەر واقیع دایدەنێن. بۆ نموونە، پەرلەمانی ئەڵمانی هێما بۆ ئەوە دەکات «پێویستە حکومەتی فیدراڵی دەرفەت بۆ بۆندستاگ بڕەخسێنێ، هەتاکو ئەو تێڕوانینەی خۆی دەربڕێت، کە دەیکاتە بناغە بۆ هەڵوێستی دانوستاندکارانەی

خۆی لە ئەنجومەنەکەدا». ئەمەش ڕوونکردنەوەی ئەو کارڕاییەیە، کە «لیژنەی کاروباری ئەوروپی» لە پەرلەمانی دانمارکی لە کۆبوونەوە هەفتانەکانی خۆیدا جێبەجێیدەکات:

«گرنگترین ئەو بابەتانەی دەخرێنە ڕۆژەڤی لیژنەی کاروباری ئەوروپییەوە، لەو کۆبوونەوانەدا بەرجەستەدەکرێن، کە بڕیارە ئەنجومەنی وەزیران لە هەفتەی داهاتوودا سازیانبکات. هەمیشە وەزیری پەیوەندیدار ئامادەی ئەوگفتوگۆیانە دەبێت، کە لە کۆبوونەوەیەکی دیاریکراوی لیژنەی کاروباری ئەوروپیدا ئەنجامدەدرێتو باسکردنێکی زارەکی دەربارەی ڕاسپاردن بۆ دانوستاندن پێشکەشدەکرێت. دوای ئەوە خولێک گفنوگۆکردن دێت، نوێنەری حیزبەکان پرسیارەکانیان ئاڕاستەی وەزیر دەکەن و هەڵوێستی حیزبەکانیان بەرامبەر بە هەندێک لەو پێشنیارە دەربڕدراوانە دەخەنەڕو. کاتێک وەزیرەکە لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە دەبێتەوە کە ئاڕاستەیدەکرێن، خولێکی تر یان زیاتر گفتوگۆ ئەنجامدەدرێت و وەزیرەکە لە ڕێگەیانەوە دەتوانێت وەڵامی هەرشتێک بداتەوە، کە پەیوەندیی بە ڕاسپاردنەکە یان ڕاستکردنەوەکەوە هەیە. هەروەها وەزیرەکە دەتوانێت لەبەر ڕەچاوکردنی توانجەکانی نوێنەری حیزبەکان و مسۆگەرکردنی ئەوەی زۆرینەی دژی نەبێت، ڕاسپاردنەکە بگۆڕێت...

هەمیشە وا کارکراوە، کە لیژنەکە ڕاسپاردنی حکومەت ڕەتناکاتەوە، بەڵام ئەمە مانای پیواری (غیابی) هەر کاریگەرییەک نییە لەسەر سیاسەتی یەکێتیی ئەوروپا، کە حکومەت جێبەجێیدەکات. یەکەم/ چونکە ئاسایی نییە حکومەت ڕاسپاردنی بنەڕەتیی خۆی بگۆڕێت، یان بەهۆی گفتوگۆکانەوە ڕاستیبکاتەوە. دوەم/ فەرمانبەرانی خزمەتکردنی مەدەنی لە دانمارک، کە لە قۆناغی سەرەتایی دانوستاندنەکانەوە بەشداردەبن، پێش ئەوەی لیژنەی ئەوروپی پێشنیارەکانی خۆی بخاتەڕوو، ئەوە لەبەرچاوی خۆیان دادەنێن، پێویستە حکومەت لە قۆناغێکی دیاریکراودا ڕەزامەندیی ئەو لیژنەیە بەرامبەر بەو سەرەنجامە بەدەستبێنن، کە پێیدەگەن».

ڕاپۆرتە دانمارکییەکە هێما بۆ ئەوە دەکات، یەکێک لە کارڕاییە گرنگەکانی کاریگەریخستنەوەی پەرلەمانتارانەدا، زوو ئاگادارکردنەوەی ئەنجومەنی وەزیرانە سەبارەت بە پێشنیارەکانی کۆمیسارییەتی ئەوروپیو داواکردنی هەڵوێستی حکومەت بەرامبەر بەو پێشنیارانە. کارڕاییەکی داهێنراو لەم بوارەدا هەیە، ئەویش داواکردنە لە حکومەت هەتا هەڵوێستی گشتیی خۆی بەرامبەر بەهەر پێشنیارێک دەربڕێت، کە کۆمیسارییەت لەناو ئەو یاداشتە بنچینەییەدا دەیخاتەڕوو و پێشکەشی لیژنەی

کاروباری ئەورووپی دەکرێت، ئەوەش لە ماوەیەکدا کە زیاتر نەبێت لە چوار هەفتە، پاش ئەوەی پێشنیارەکەی کۆمیسارییەت دەخرێتەڕوو بۆ لیژنەکە.

ڕاپۆرتەکەی پەرلەمانی فنلەندیش جەغت لەسەر ئەو خاڵە دەکاتەوە، کە تایبەتە بە ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت، ئەمە وێڕای ڕادەربڕینی بەرامبەر بە کارەکانی یەکێتیی ئەورووپا، پێش ماوەیەکی گونجاو، هەتاکو ئەو فەرمانبەرانەی خزمەتگوزاریی مەدەنی پێی ئاشنابن، کە ئامادەی گرووپەکانی کاری تایبەت بە ئەنجومەنەکە دەبن.

«ئەوەی لەسەری گیرساوینەتەوە، تەنیا ئەو بەندانە بخرێنە بەردەمی وەزیرەکانی ئەنجومەنی یەکێتیی ئەورووپا، کە نوێنەرەکانی دەوڵەتە ئەندامەکانی گرووپەکانی کاری تایبەت بە فەرمانبەرکانی خزمەتگوزاریی مەدەنی تاوتوێیانکردوەو زەمینەسازیدەکەن بۆ کارەکانی ئەنجومەنەکە و وەزیرەکان تەنیا ئەوەیان بۆ ماوەتەوە قسە لەسەر هەندێک وردەکاریی گفتوگۆوروژێن بکەن. ئینجا تەنیا گوێگرتن لە وەزیرەکان بەس نییە بۆ پاراستنی کاریگەریی ئیدوسکونتا (پەرلەمانی فنلەنی)... سیستەمی فنلەندی پشت بە بیرۆکەیەک دەبەستێ، کە پێیوایە پەرلەمانە نیشتیمانییەکان کاریگەرییەکی ڕاستەقینەیان نابێت، لەو کاتەدا نەبێت کە لەسەرەتاوە بەشداردەبن لە داڕشتنی سیاسەتەکاندا. بۆیە چاوەڕوانکردنی کاریگەریخستنەوە تەنیا لە کاتی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنەکەدا خەیاڵپڵاوییە (وەهمە)».

هەندێک پەرلەمان ئۆفیسی تایبەت بەخۆیان لە برۆکسل دامەزراندوە، کە بارەگای کۆمیسارییەتی ئەورووپای لێیە. بۆ نموونە، ئەوەی پەرلەمانی فەڕەنسی کردویەتی. سوودەکانی ئەم ئۆفیسانە لەوەدایە، بەخێرایی پەرلەمان سەبارەت بەو شتانە ئاگاداردەکەنەوە، کە تازە دێنەپێشەوە. هەروەها ئامرازگەلی ڕاستەوخۆن بەمەبەستی خستنەڕووی تێڕوانینەکانی پەرلەمانەکە بۆ دامەزراوە ناوەندییەکانی ئەورووپا.

پەرلەمانی فنلەندی جیاوازیدەکات لەنێوان «پێشنیارەکانی تایبەت بە یاساکان و پەیماننامە و دابینکارییەکانی تر»دا، کە وابڕیارە ئەنجومەنی ئەورووپی یەکلایانبکاتەوە، ئەگەر فنلەندا ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا نەبوایە، ئەوا دەکەوتنە چوارچێوەی دەسەڵاتی پەرلەمانی فنلەندییەوە. سەبارەت بە جۆری یەکەم، کارڕاییە پێڕەوکراوەکان وردبینیی زیاتریان تێدایە، چونکە لیژنەکانی کەرتە پەیوەندیدارەکان بەشداریی تێدا دەکەن و لیژنە باڵاکان دەوڵەمەنددەکەن بەو بیروڕایانەی پشتبەستوون بە بەڵگەنامەکانو زانیارییە بڕواپێکراوەکان. هەروەها پەرلەمانی سلۆڤینی بەهەمان شێوەی ئەوەی پێشوو جیاوازیدەکات لەنێوان هەردوو

جۆرەکەدا. سەبارەت بەو مەسەلانەی دەکرا بکەونە ناو چوارچێوەی دەسەڵاتە تایبەتییەکانی پەرلەمانەوە، «ئەگەر سلۆڤینیا چاوپۆشیی لە هەندێک لە مافە سیادییەکانی نەکردبێت، بۆ دامەزراوەکانی یەکێتیی ئەوروپا»، ئەوا بەهۆی یاسایەکی تایبەت بە هاوکاریکـردنی نێوان ئەنجومەنی نیشتیمانیو حکومەت، سەبارەت بەو کاروبارانەی پەیوەندییان بە یەکێتییەکەوە هەیە، ڕێکدەخرێن. ئەم یاسایە مافی ئەوە دەدەنە ئەنجومەنی نیشتیمانی، هەتا هەڵوێست بەرامبەر بەو کارانەی یەکێتییەکە وەربگرێت کە بەڕێوەن و دەبێت حکومەت لە هەڵوێستی دانوستاندنکارانەی خۆیدا ڕەچاویانبکات. هەروەها پێویستە حکومەت هەڵسەنگاندنێک دەربارەی کاریگەریی هەر پێشنیارگەلێک، کە پەیوەندیی بە یاساکانی یاسادانانی ئەوروپییەوە هەبێتو خرابێتنە بەردەمـی ئەنجومـەنی وەزیران، پێشکەش بە ئەنجومەنی نیشتیمانی بکات، بەمەرجێک وردەکارییەکانی کاریگەرییـە ناوەکییەکانی ئەو پێشنیارانە لەسەر بودجە، ئابووری، ژینگە و بوارەکانی دیکە دیاریبکات. پەرلەمانی فەڕەنسی، لەسایەی کارڕاییە پێڕەویکراوەکاندا، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ یاساکانی یاسادانانی ئەوروپی، هەڵسەنگاندنێکی هاوشێوە ئامادەدەکات.

ڕاپۆرتەکەی لاتفیا ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە هەڵوێستوەرگرتنی دانوستاندنکارانە بەرامبەر بە پێشنیارە یاسادانەرییەکانی خراونەتە بەردەمی ئەنجومەنی ئەوروپی، بەرپرسیارێتییەکی هاوبەشـی حکومەت و پەرلەمانە، کـە بە «سیما» ناسراوە. چونکە پێویستە وەزارەتی پەیوەندیدار «پابەندی هەڵوێستی نیشتیمانیی لیژنەی کاروباری ئەوروپی (سیما) بێت». لەگەڵ ئەوەشدا ئەم لیژنەیە تاقمێکی کاری لێهاتووی هەیە، کە دەتوانێت تەنیا مامەڵە لەگەڵ مەسـەلـە زۆر گرنگەکاندا بکات. لیژنەکە هەمان ترسی هەیە، کە پێشتر باسمانکردوەو پەیوەندیی بە زوو بەدەستهێنانی زانیارییەکانەوە هەیە، دەربارەی پێشنیارە یاسادانەرییەکانی لە کۆمیسارییەتی ئەوروپییەوە دێن. هەروەها ڕاپۆرتەکە پشت بە دوو میکانیزمی تر دەبەستێت، بۆ بەهێزکردنی بەشداریکردنی پەرلەمانتارانە. یەکێکیان مافبەخشینە بە نوێنەرەکانی لیژنەی کاروباری ئەوروپی، بۆ بەدەستهێنانی سیفەتی چاودێر لە ئەنجومەنی یەکێتیی ئەوروپی گەورە فەرمانبەرەکاندا (the EU Council of Senior Officials). ئەوەی تر دروستکردنی پەیوەندیی هاوکاریی توندوتۆڵە لەگەڵ ئەندامە لاتفییەکانی پەرلەمانی ئەوروپادا، لە ڕێگەی ئۆفیسێکی دوو ئەندامی هەمیشەیی (سیما)وە لە پەرلەمانی ئەوروپیدا. ئەم هاوکاریکردنە یەکێکە لە خەسڵەتەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانیی هەنگاریاش، کە مافی ئەوە دەداتە

ئەندامە هەنگارییەکانی پەرلەمانی ئەورووپی ئامادەی ئەو دانیشتنانە بن، کە گشت ئەندامان لەخۆدەگرن و کاتی کاروباری ئەورووپی لە ڕۆژەڤی ئەنجومەنەکەدا دەبێت بیروڕای خۆیان دەربڕن.

پێش ئەوەی کۆتایی بەم بەشە بهێنین، قسەیەک هەیە پێویستە دەربارەی پەرلەمانی ئەفریقی، کە دامەزراوەیەکی سیاسیی سەرەکییە لەناو یەکێتیی ئەفریقیدا، بخرێتەڕوو. چونکە لەو ڕاپۆرتەی لەلایەن پەرلەمانی باشووری ئەفریقاوە هاتووە، هەندێک تەحەددا هەن، بۆ ئەوەی پەرلەمان کارابێت، دەبێت بەسەریاندا زاڵبێت:

- «کێشمەکێشە هەرێمایەتی و سنوورییەکان دەرامەتەکان بەفیڕۆدەدەن‌و سەرنجی وڵات و هەرێمەکە لە تەکاندان بە پەرەپێدان دووردەخەنەوەو بنەمای بنچینەیی ماددی و کۆمەڵایەتی تێکدەدەن و بەشداریدەکەن لە بێهێزبوونی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا. بۆیە ڕاگرتنی کێشمەکێشی هەرێمایەتی، مەرجی یەکەمە بۆ بەرپاکردنی دیالۆگی پەرلەمانتارانەی هەرێمایەتی.
- کارانەبوونی پەرلەمانە نیشتیمانییەکان و لاوازیی دامەزراوە پەرلەمانییەکان دەبنە هۆی هاتنەئارای سەختییەکان لەو کاتەی داوایان لێ دەکرێت لەسەر هەردوو ئاستی هەرێمایەتی و کێشوەرەکان کاربکەن. بۆیە پشتگیریکردنی پەرلەمانەکان لەسەر ئاستی نیشتیمانی دەروازەیەکە بۆ هاریکاریکردنی کیشوەرانەی پەرلەمانتارانە.
- لەوانەیە تێکهەڵکێشیی ئەندامێتی لە ڕێکخراوە هەرێمایەتییەکاندا ببێتە هۆی پرشوبڵاویی کۆششەکان‌و ناکۆکیخستنەوە لەنێوان سیاسەتە دەرەکییەکاندا.
- پێویستە ڕەچاوی تێچووی کامڵبوون‌و هاوکاریکردنی پەرلەمانتاریی هەرێمایەتی بکرێت، بەتایبەتی سەبارەت بە ناوچە هەژارەکان. پێویستە لەسەر لایەنەکەی دیکە هەڵوەستەبکات لەئاست ئەو ئاسەوارانەی ئەنجامی بەهێزنەکردنی هاوکاریکردنی هەرێمایەتی سەرهەڵدەدەن. هەروەها دەبێت ترسە سیاسییەکان بەرامبەر ئەگەری لەدەستدانی سەروەری، لە بەرژەوەندیی دامودەزگا سەروو نەتەوەییەکاندا، تاوتوێبکرێن».
- ڕاپۆرتەکە بەوە کۆتاییدێت، کە «هەموو ئەوانەی پێشەوە کاریگەریی ناوەکیان لەسەر باشووری ئەفریقا دەبێت، چونکە زاڵ نەبوونیان بەسەر ئەو تەحەددایانەدا تەنیا دەبنە بەرهەمهێنانی بەفیڕۆدانی کۆششە ناوخۆییەکانیان، کە مەبەستیان بنیاتنانی دەوڵەتە».

## بۆ خوێندنەوەی زیاتر دەربارەی چاودێریکردنی پەرلەمانی بەسەر نوێنەرە نیشتیمانییەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی یەکێتیی ئەوروپا، لە تۆڕی ئینتەرنێتدا بڕوانە:

Travers, D (2002). European Affairs Committees. The influence of national parliaments on European Policies. European Centre for Parliamentary Research and Documentation <http://www.ecprd.org/Doc/publica/OTH/European Affairs Committees.pdf>

## هاوکاریکردنی پەرلەمانتارانە

یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێونەتەوەیی دەستی لە زۆرلایەنی بواری هاوکاریکردنی نێودەوڵەتی یان هاوکاریکردنی فرەلایەندا هەیە و هەمیشە دەستپێشکەربووە لەو بوارەدا. یەکێتییەکە ساڵی١٨٨٩ دامەزرا، لەکاتێکدا هێشتا هیچ مونتەدایەکی سیاسی سەریهەڵنەدابوو، کـە دەرفەت بـۆ نوێنەرەکانی دەوڵەتەکان بڕەخسێنێ، کۆببنـەوە بۆ چارەسەرکردنی خەمـە هاوبەشەکان. ئینجا بیرۆکەی دامەزراندنی بارەگای هەمیشەیی سەریهەڵدا، کە تیایدا سیاسەتمەدارە دەرکەوتووەکانی سەردەم کۆببنەوە، بۆ بەهێزکردنی ئاسایش و ئاشتی لە ڕێگەی دیالۆگەوە.

ئەگەرچی یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتـی، لەچاو ڕێکخراوەکانی تـردا، دەستپێشکەربوو لە بـواری هاوکاریکردنـی پەرلەمانتارانەدا، بەڵام هەر خـۆی بەتەنیا لە گۆڕەپانەکەدا نەمایەوە، چونکە زۆری پێ نەچوو میکانیزمگەلی نوێی هاریکاریکردنی پەرلەمانتارانـە سەرەتا لە ئەوروپا سەریانهەڵدا و دواتر بەگشت ناوچەکانی دنیادا بڵاوبووەوە. هەروەهـا شـێوازگەلی هەمەجۆر بۆ هاوکاریکردنی پەرلەمانتارانە لەسەر ئاستی جیهانیو هەرێمایەتی هاتنەئاراوە. لەم بەشەدا باسی سێ جۆر لەو هاوکاریکردنە دەکـەین، ئەوانەش: دیپلۆماسیی پەرلەمانتارانە، هاوکاریکردنی نێوان پەرلەمانەکان و هاوکاریکردنی هونەری.

## دیپلۆماسیی پەرلەمانتارانە

دیپلۆمات نوێنەری دەسەڵاتی جێبەجێکردنە و گوزارشت لە هەڵوێسـتەکانی دەوڵەت دەکات، بەڵام ئەندامانی پەرلەمان سیاسەتمەدارنو خاوەن بڕوای سیاسین، کە دەشێت لەگەڵ هەڵوێستی ڕەسمیی وڵاتەکەیان، دەربارەی بابەتێکی دەربڕدراو، تەبابێت یـان ناتەبا. ئەم پێناسەیە هێمـا بۆ ئەوە دەکـات، پەرلەمانتارەکان

پەراوێزێکی نەرمونیانیان لەبەردەستدایە، کــە دیپلۆماتەکان نییانە. هەروەها ئەندام پەرلەمانەکان ڕەهەندێکی ئەخلاقی دەدەنە سیاسەتی نێودەوڵەتی، کە پێناسە تەسکــەکانی بەرژەوەندیی نیشتیمانــی تێدەپەڕێنێ، بەتایبەتی کاتی پشتگیریکردنیان لە پرنسیپی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ. زۆرجار بینیومانە ئەو نەرمونیانییە دەرفەتی بۆ پەرلەمانتارەکان ڕەخســاندوە گفتوگۆی کراوەتر لەگەڵ هاوشێوەکانیان لە وڵاتەکانی تر سازبکــەن. ئەمە وێڕای پێشکەشکردنی چارەسەرگەلی داهێنەرانە بۆ ئەو کێشانەی دەشێت گرانبن.

زاراوەی «دیپلۆماسیی پەرلەمانتارانە»، وێڕای وردنەبوونی، بریتییــە لە شێوازەکانی هاوکاریکردنی نێوان ئەندام پەرلەمانەکان، بەڵام بەمەبەستی لێکۆڵینەوە بەواتا ڕەسەنەکەی بەکاریدێنین.

دیپلۆماسیی پەرلەمانتارانە، لەســەردەمی شــەڕی ســارددا، ئامڕازێکی کارابوو. چونکــە لەکاتێکدا حکومەتەکــان سەرقاڵبوون بەوەی پێیدەوترێ «پڕۆسەی هلسنکی»، کە میکانیزمێکی دیالۆگ بوو، دەربارەی هاوکاریکردن‌و ئاسایش لــە ئەوروپــا، گشت ئەندامەکــان سووربوون لەسەر تاوتوێکردنی مەسەلەیەکی هاوتەریب لەناو یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتیدا، کە وەک تاقیکردنەوەیەک و ئامڕازێکی بەکاربردنــی ســەرچاوەکانی گفتوگــۆی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بوو. دیپلۆماسیی پەرلەمانتارانە توانیی لە چەندین بۆنەدا ئەو کوێرەڕێگانە بکەنەوە، کە ئاستەنگ بوون لەبەردەم دانوستاندنکارەکاندا. هەروەها بووە هۆی سەرهەڵدانی چەند کۆششێکی هاوشێوە لە ناوچەی دەریای ناوەڕاست، کە هەر یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتی لە سەرەتای حەفتاکاندا سەرکردایەتیدەکرد.

زۆربەی جارەکان دیپلۆماسیی پەرلەمانتارانە بەکاردەهێنرێ بۆ پتەوکردنی گفتوگۆی سیاســی لە کاتــی کێشمەکێشەکانی نێوان دەوڵەتە دراوسێکان‌و ناو هەرێمــەکانیــان. لە لێکۆڵینەوەیــەکدا، کــە یەکێتیــی پەرلەمانتارانــی نێودەوڵەتی ساڵی٢٠٠٥ لە ژێر ناونیشانی «بەشداریکردنی پەرلەمانتارانە لە کاروبارە نێودەوڵەتەکاندا» (Parliamentary Involvement in International Affirs) ئامادەکردو چەند نموونەیــەکی هاوشــێوەی لە گەلێک ناوچــەی جیهان خــستۆتەڕوو:

–لەسەر بانگهێشتی یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتی، سەرۆکی پەرلەمانەکانی وڵاتە دراوسێکانی عیراق لە مایس/ حوزەیرانی ٢٠٠٤دا کۆبوونەوە، بەمەبەستی

گفتوگۆکردن سەبارەت بە چۆنێتی یارمەتیدان، بۆ بەهێزبوونی دیموکراسی لە عیراق و چەسپاندنی سەقامگریی لە ناوچەکەدا.

- ئەندامانی «لیژنەی ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەتی دەرەوەی سەر بە ئەنجومەنی ئێرانی» گفتوگۆیان سازکرد لەگەڵ هاوشێوەکانیان لە پەرلەمانە جۆربەجۆرەکان، دەربارەی بارودۆخ لە عیراق و ئەفغانستان و فەڵەستین.
- سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی مەغریبی، لەکاتی تەقینەوە تیرۆریستییەکانی ساڵی ٢٠٠١دا، کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ سەرۆک پەرلەمانەکانی وڵاتەکانی دەریای سپیی ناوەڕاست ڕێکخست، بۆ دارشتنی هەڵوێستێکی پەرلەمانتارانە.
- هەردوو سەرۆکی پەرلەمانەکانی کیپ فیردی و مۆزەنبیق لەبری سەرۆک پەرلەمانەکانی ئــەو وڵاتانەی بە پورتوگالی قسەدەکەن، وەفدێکیان نارد بۆ گینیا بیسا، کــە یارمەتیدەربوو بۆ بەرپاکردنی گفتوگۆیەکی سیاسی لەوێو لەسەرەتای ساڵی٢٠٠٣دا.
- سەرۆکەکانی پەرلەمانەکانــی هەرســێ دەوڵەتەکەی قەوقاز (ئەرمینیا، ئازەربایجانو جۆرجیا) لەسەر بانگهێشتی سەرۆکی ئەنجومەنی پیرانی فەڕەنسا کۆبوونەوە، بۆ تاوتوێکردنی کێشمەکێشەکەی ناوچەی ناگۆرنۆ کەرەباخ.
- پەرلەمانتارەکانی هەریەک لە مالی و سیرالیۆن بڕیاریاندا دامەزراوەییانە مامەڵە لەگەڵ ئەو ناکۆکیانــەدا بکــەن، کە دەکەوێتە نێوان ئەندام پەرلەمانەکانی لقە هەرێمــەکان (لەوانە پەرلەمانتارەکانی لیبریا و سیرالیۆن و گینیا) و هەتاکو ئێستا سێ جار کۆبوونەتەوە.
- پەرلەمانی پاکستانی هێما بۆ ئەوە دەکات، ئاڵوگۆڕکردنی وەفدەکان لەگەڵ پەرلەمانی هیندی، بەرهەمی باشی هەبوو بۆ خاوکردنەوەی ڕادەی گرژیی نێوان هەردوو وڵات.
- لەم دواییانەدا سەرۆک پەرلەمانەکانی هەریەک لە بنین، بورکینا فاسو، کامیرۆن و مالی لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانی کوت دیڤوار کۆبوونەوە، جارێک لە کوتونوو جارێکی تریش لە ئبیدجان و یارمەتیدەربوون بۆ بەرپاکردنی گفتوگۆیەکی سیاسی لە کوت دیڤوار.
- سەرۆک پەرلەمانەکانی وڵاتە ئەندامەکانی «گرتبوونەوەی پەرەپێدانی باشووری ئەفریقا» (the Southern African Development Community) سەردانی کۆماری کونگۆی دیموکراتیان کرد. ئەم سەردانە بەشێک بوو لەو کۆششانەی بۆ چەسپاندنی ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکەدا خرابوونەگەڕ.

-دامودەزگای پەرلەمانتاریی بەریتانی- ئێرلەندی، کە وێڕای نوێنەرەکان لە پەرلەمانی ئینگلستان و ئێرلەندەوە، نوێنەرەکانی پەرلەمانی سکۆتلەندیو ئەنجومەنی نیشتیمانیی وێڵزو ئەنجومەنی نیشتیمانیی ئێرلەندەی باکوورو پەرلەمانی دوورگەی مان، ناسراو بە «تینوالد»و ئەنجومەنی هەردوو دوورگەی جیرنزی و جێرسی لەخۆدەگرێت، پشتگیریی پرۆسەی ئاشتیی لە ئێرلەندەی باکوور کرد.

- «ئەنجومەنی پەرلەمانی سەربە ئەنجومەنی ئەورووپی» (the Parliamentary Assembly of the Council of Europa- PACE) لەم دواییانەدا دەستپێشکەرییەکی خستەڕوو، بۆ نەهێشتنی کێشمەکێشەکانی شیشان، قوبرس و ناگۆرنۆ کەرەباخ.

-ئەنجومەنی نیشتیمانیی ئیتاڵی لیژنەیەکی جیاوازی بۆ دیپلۆماسیی پەرلەمانتارانە پێکهێنا، کە «بەرپرسیارە بەرامبەر بەپێکەوە سازاندنی چالاکییە نێودەوڵەتیەکانی لیژنە هەمیشەییەکان و ئەو وەفدە پەرلەمانیانەی دەنێردرێن بۆ ئەنجومەنەکانی یاسادانانی نێودەوڵەتی و چالاکییەکانی گرووپەکانی هاوکاریکردنی دوولایەنە و دامودەزگاکانی تری ئەنجومەنەکە».

بێگومان پێویستە دیپلۆماسیی پەرلەمانتارانە تەنیا لەناو ئەندام پەرلەمانەکاندا کارییێبکرێت. دەشێت سەردانی ئەندام پەرلەمانەکان بۆ وڵاتێک، بەمەبەستی سازدانی کۆبوونەوەکان لەگەڵ دەسەڵاتەکان و کیانەکاندا، پێویست بێت بۆ ڕاوێژکردن دەربارەی چارەسەرکردنی کێشمەکێش و کێشەکان و بەوجۆرە. بۆ نموونە، دەشێت ئەندام پەرلەمانەکانی باشووری ئەفریقا، لە ڕێگەی ئەزموونەکانیانەوە بەشدارییکەن لە چارەسەرکردنی کێشمەکێشەکان و ئاشتەوایی لەنێوان چەندین وڵاتی ناوچەی دەریای ناوەڕاستدا.

## ئاڵوگۆڕکردنی پەرلەمانتارانە

بەدرێژایی دە ساڵی ڕابردوو، قەبارەی بەرنامەکانی ئاڵوگۆڕکردنی نێوان پەرلەمانەکان، بەم یان بەو شێوە، بەجۆرێکی چاوەڕوان نەکراو دووقاتبووە. ستیلیوس ستاڤریدس هەڵساوە بە ئامادەکردنی نەخشەیەک بۆ ئەو بەرنامانەو بەشێوەی پرپۆزەڵێک لە تشرینی دوەم/ نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٠٢دا بەم ناونیشانە پێشکەشیکرد: «دیپلۆماسیی پەرلەمانتارانە: هەندێک سەرەنجامی مەبدەئی» (Parliamentary diplomacy: som preliminary findings). بڕوانە www.

htm.fscpo.unict.it/EuroMed/jmwp٤٨. هەروەها یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتی هەوڵێکی تری داوەو بەهۆیەوە تۆمارێکی ئەو ڕێکخراوە ڕەسمیءو ناڕەسمیانەی پاراستووە بۆ هاوکاریکردنی پەرلەمانتارانە. لەبەر ڕۆشنایی فراوانبوونی چالاکانەی دیپلۆماسیی پەرلەمانتارانەدا، لێرەدا تەنیا چەند نموونەیەک دێنینەوە، بۆ ڕوونکردنەوەی فرەڕەنگیی ئەو دیپلۆماسییە، نەک خستنەڕووی هەموو شێوەکانی.

گشت پەرلەمانەکان بەشداریدەکەن لە جۆرێک هاوکاریکردنی دوولایەنەدا. زۆربەشیان گرووپگەلی دۆستانەی دوولایەنەیان بنیاتناوە، بۆ بەهێزکردنی هاوکاریکردنی نێوانیان، هەروەها لەنێوان وڵاتەکانیاندا. ئیمڕۆش بەهەزاران لەو جۆرە گرووپانە لەئارادان.

جگە لەم گرووپانە، ژمارەیەکی هەمیشە پەرەسەندووی دەستەی ناڕەسمی لەبەردەستی پەرلەمانتارەکاندایە، کە پێکەوە کۆدەبنەوە بۆ تاوتوێکردنی بابەتگەلی دیاریکراو، وەک پەرەپێدان و دانیشتوان، داماڵینی چەک، چەکە سووکەکان...هتد. بۆ نموونە، ڕێکخراوی «پەرلەمانتارەکانی بەبێ سنوور» (Parliamentarians for Global Action- GPA) کۆمەڵێک بابەتی تاوتوێکردوەو بەم دواییانە هەڵمەتێکی سەرکەوتووی بەڕێوەبردووە، بەمەبەستی کۆکردنەوەی پشتگیریکردن بۆ دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان.

چەندین ڕێکخراوی پەرلەمانتارانەی خاوەن سروشتی ناڕەسمیش هەن، یەکەمیان «رابیتەی پەرلەمانتاریی دەوڵەتەکانی کۆمنوێڵس»، کە مونتەدایەکی پەرلەمانتارانەی پەرلەمانەکانی دەوڵەتەکانی کۆمنوێڵس لەخۆدەگرێت. لەسەر هەمان شێوە، «کۆمەڵەی پەرلەمانتاریی فرانکۆفۆنی» (Francophone Parliamentary Assembly)، کە بە فەڕەنسی قسەدەکەن.

هەروەها گرتبوونەوەیەکی ئەنجومەنە پەرلەمانتارییە هەرێمایەتیءو نیمچە هەرێمایەتییەکانیش لەئاردایە. ڕاپۆرتی یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتی دەربارەی «بەشداریکردنی پەرلەمانتارانە لە کاروبارە نێودەوڵەتەکاندا» باسی ئەو وەڵامانە دەکات، کە ڕووپێویان لەسەر کراوەو «بەڕوونی هێما بۆ چڕکردنەوەی بەشداریکردنی پەرلەمانتارانە لە ڕێکخراوە پەرلەمانییە هەرێمایەتییەکاندا دەکات. ئەم ئاقارە لە گشت ناوچەکانی دنیا بالأدەستبووە، چونکە چەندین پەرلەمان کاتو سامانەکان تەرخاندەکەن بۆ هاوکاریکردنی پەرلەمانتارانەی هەرێمایەتی».

یەکێک لە گرفتە وروژێنراوەکان، پرشوبڵاوکردنەوەی کۆششەکانو

تێکهەڵکێشیی نێوان ڕێکخراوە پەرلەمانتارییە هەرێمایەتییە جۆربەجۆرەکانە. بۆ نموونە، یەکێک لە دەستەکانی یاسادانانی ناوچەی ئاندیان دەتوانێت ئەندام بێت لە «پەرلەمانی دەوڵەتەکانی ئاندیان»دا کە سەر بە پەرلەمانی ئەمریکای لاتینەو لە «کۆمەڵەی پەرلەمانتاریی دەوڵەتەکانی ئەمریکا»یشدا (the Inter-American Parliamentary Assembly). نموونەیەکی تریش هەیە، یەکێک لە پەرلەمانەکانی دەوڵەتەکانی خۆرئـــاوای عەرەبی دەتوانێـــت ئەندام بێـــت لە «ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی یەکێتیی وڵاتانی عەرەب» و «یەکێتیی پەرلەمانتاریی عەرەب»، «یەکێتیی پەرلەمانتاریـــی ئەفریقـــی»، «کۆمەڵەی پەرلەمانتاریی فرانکۆفۆنی» و «پەرلەمانی ئەفریقی»دا. ڕاپۆرتەکە باسی ئەوە دەکات، کە «زۆربەی پەرلەمانەکان هێما بۆ ئەو ئەولەویەتە دەکەن، کە دەیبەخشنە کارکردن لەگەڵ ڕێکخراوگەلی پەرلەمانتاریی دیاریکراودا»، ئەگەرچی ژمارەیەکی کەم لەوانە هەنگاویان هەڵهێناوە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ پەرلەمانەکانی تردا، وەک ئەنجومەنی نوێنەرانی ئیتاڵیا.

خەسڵەتێکی هاوبـــەش لەنێـــوان کۆمەڵـــە پەرلەمانتارییە هەرێمایەتییەکاندا هەیە، ئەویش کۆششکردنە بۆ هێنانەدیی برێکی زیاتر لە کامڵبوون و هاماهەنگیی یاسادانەرانە لەنێوان وڵاتە ئەندامەکاندا.

لێرەدا نموونەیەکی دیاریکراو هەیە، لەسەر دەستپێشکەریی پەرلەمانتارانەی هەرێمایەتی، بەمەبەستی بەهێزکردنی دیموکراسی کە لۆریتا ڕۆزالیس، یەکێک لە ئەندامەکانی گرووپی کاری سەر بە یەکێتیی پەرلەمانتاری لە ناوچەی «ئاسیان» (رابیتەی دەوڵەتەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا):

«لەم دواییانەدا گەشەکردنی گرنگ لە ناوچەی ئاسیان ڕوویداوە، ئەویش کۆبوونەوەی ئەو ئەنـــدام پەرلەمانەی ئاسیانە، کە هەمان هەڵوێستیان هەیە، بەمەبەستی داواکردنی بەردانی بێ مەرجی «ئۆنگ سان سو کی» (ژنە سەرۆکی ئۆپۆزسیۆن لە بۆرما) و گێڕانەوەی تەواوەتیی حوکمڕانیی دیموکراتی لە بۆرما. پشتئەستوور بە بڕیـــارە یاسادانەرییە یەکگرتووەکانمـــان دەربارەی بابەتەکە، ئێمەی ئەندام پەرلەمانەکانی هەریەک لە مالیزیا، تایلاند، سەنگافورە، فلپین، ئەندونیسیا، کەمبۆدیاو ئەندامە دوورخراوەکانی پەرلەمانی بۆرما، ساڵی ٢٠٠٤ لە کوالا لامپور کۆبووینەوە، بەمەبەستی هەڵوێستوەرگرتنی یەکگرتوو بۆ بڕواهێنان بە حکومەتەکانمان، هەتاکو سەرۆکایەتیی ئاسیان لەلایەن بۆرماوە (ساڵی ٢٠٠٦) ڕەتبکەنەوە، ئەگەر پابەندنەبێت بە بەڵێنەکانی خۆی، سەبارەت بە گێڕانەوەی

حوکمڕانیی دیموکراتیانە و بەردانی زیندانییە سیاسییەکان، لەپێش هەموویانەوە سو کی. خولەکۆبوونەوەکانی کۆنگرەی میانمار پەرلەمانتارانەی سەر بە ئاسیان (AIPMC)، ئەنجامی گفتوگۆ بەردەوامەکانمان لەگەڵ هەریەک لە وەزیرەکانمانو سەرۆکەکانی دەوڵەتەکانمان و کۆبوونەوە وزارییەکانی رابیتەی ئاسیان بەڕادەیەکی زۆر کاریگەریان لەسـەر دوابڕیاری بۆرما هەبوو، کە ڕازیبوو بژاری قوربانیدان بە سەرۆکایەتیی کۆنگرەی وەزیرانی رابیتەی ئاسیان هەڵبژێرێت».

## یارمەتییە هونەرییەکان

یارمەتییە هونەرییەکان - بەوردترین دەربڕینی لێرەدا باسیدەکەین - ئـــەو کارانەن کە تاکەکان یان دامەزراوەکان ئەنجامیاندەدەن، بەمەبەستی یارمەتیدانی بنیاتنان و بەهێزکردنی تواناکانی ناو پەرلەمانەکان، بەتایبەتی پەرلەمانەکانی وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان و دەوڵەتە دیموکراتییە تازەپێگەیشتوەکان، بۆ ئەوەی بتوانن بەباشترین شێوە کارەکانی خۆیان ڕاییبکەن. لێرەشدا، ئەنجامی کەم دەرامەتیی دارایی و مادیی پەرلەمانەکان بۆ بەپیرەوچوونی کارە دەستوورییەکان، پێویستیی یارمەتییە هونەرییەکان سەریهەڵدا. ئینجا یارمەتییە هونەرییەکان دەرگایەکی کراوەیە لەبەردەم دەرامەتە دارایی‌و مادییەکانداو ئەو ئەزموونانەی لە دەوڵەتە دیموکراتییە چەسپیوەکان و وڵاتە پێشکەوتووەکانی باکوورەوە بەدەستهاتوون، پشتگیرییەکن بۆ پەرلەمانەکانـی دەوڵەتە تازەپێگەیشتووەکانو وڵاتە تازەپێگەیشتووەکانی باشوور. لەگەڵ ئەوەشـــدا لەم سـاڵانەی دواییدا هاوکاریکردنی بەرهەمداری نێوان خودی دەوڵەتەکانی باشوور لەو بوارەدا زۆربووە.

یارمەتییـــە هونەرییەکان چەنـدین شێواز لەخۆدەگرن، لەوانە: گەشەپێدانی بونیادی بنچینەیی، گەشەپێدانی دامەزراوەیی لە ڕێگەی ئاسانکردن و نوێکردنەوەی کارڕاییە پەرلەمانییەکانەوە، بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری بەهۆی ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموونەکانو زانیارییەکان لەنێوان ئەندامە جۆربەجۆرەکانی پەرلەماندا، بنیاتنانی تواناکان و پەرەپێدانی پیشەیی لە ڕێگــەی ڕاهێنانی ئەندامانی پەرلەمانو گرووپی کارەوە، گەشـــەپێدانی یاســادانان کــە پەرلەمانــەکان بەهۆیـــەوە یارمەتیگەلێک وەردەگرن پەیوەندیان بە ناوەڕۆکی یاسادانانە نوێکانەوە هەیـە یان بە چاکسازیی لەوەی لەئارادایە.

یارمەتییـــە هونەرییـــەکان هەمیشە پێویستیان بە چەندین بوار هەیە، لەوانە: ڕێنماییە ناوخۆییەکان و ڕێسا کارڕاییەکان، سیستەمەکانی لیژنەکان، یاسادانانەکان،

ئەرکی نوێنەرایەتیکردنی پەرلەمان، چاودێریکردن، کارگێڕی، کتێبخانە، بەبەڵگەکردن و خزمەتگوزارییەکانی بەدواداگەڕان و ئەرشیفکردن. یەکسانی نێوان پیاو و ژنو مافەکانی مرۆڤ لەو بابەتە هاوبەشانەیە، کە بەڕوونی لە بەرنامەکانی ڕاهێنان و خزمەتگوزارییە ڕاوێژکارییەکاندا دەردەکەوێت. پشتگیریکردنی بونیادی بنچینەییش بریتییە لە: شێوازی قسەکردن لەگەڵ خەڵک، تۆمارکردن و پەخشی بیستراوو بینراوی واقیعە پەرلەمانییەکان، چاپکردن، گواستنەوەو نۆژەنکردنەوەی بیناکان. یارمەتییە هونەرییەکانیش بەم شێوانە پێشکەشدەکرێن: خزمەتگوزاریی ڕاوێژکارانە، ئەڵقەکانی لێکۆڵینەوە، وۆرکشۆپەکان، گەشتی فێرکاری، خواستنەکان، بەرنامەکانی ڕاهێنان لەکاتی خزمەتکردندا، کۆبوونەوەکان و کۆنگرەکان. لێرەشدا تەکنۆلۆژیای زانیاری و کۆمۆنیکاشیۆن ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەکەونە ڕیزی پێشەوەی یارمەتییە هونەرییەکان.

یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێونەتەوەیی، لەسەر ئاستی فرەلایەن، ڕۆڵێکی پێشڕەوانەی گێڕاوە، کاتێک لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە دەستیکردۆتە بەرنامەی تایبەت بە هاوکاریی هونەری، لەکاتێکدا دامەزراوە پارەبەخشەکان بڕوایان وابوو کارکردن لەگەڵ پەرلەمانەکان، بەمەبەستی بەهێزکردنی تواناکانیان، مشەخۆرییە بەسەر دامەزراوە سیاسییە نیشتیمانییەکانەوە، بۆیە بە مەسەلەیەکی زۆر هەستیاریان دادەنا. لەو کاتەوە گەشەکردنێکی گەورە لەم بوارەدا ڕوویداوەو ئیمڕۆ ئەوە تەوەرەیەکی بنچینەییە، کە چالاکیی یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتی لەپێناو بەهێزکردنی دیموکراتیدا لەدەوری کۆبۆتەوە.

ژمارەیەکی باشی دامەزراوەکان لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا بەشداریان لەو کۆششانەدا کردووە. لەوانە: «رابیتەی پەرلەمانتاریی دەوڵەتەکانی کۆمنوێڵس»، «کومەڵەی پەرلەمانتاریی فرانکۆفۆنی»، دەستەکانی ئەندام پەرلەمانەکانی وەک «رابیتەی ئەندام پەرلەمانە ئەوروپییەکان لەپێناو ئەفریقادا» (the Association of European Parliamentarians for Africa-AWEPA). ئێستاش لە زۆر شوێن چەندین ئاژانسی ناپەرلەمانی هەن، کە بەشداریدەکەن لە پێشکەشکردنی بەرنامەگەلی یارمەتییە هونەرییەکاندا، لەوانە: «بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان»، «ئاژانسی ئەمەریکی بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی» (the United States Agency for International Development)، «کۆمیساریەتی ئەوروپی»، «بانکی پەرەپێدانی ئەمریکی» (the Inter-American Development Bank)، «پەیمانگەی بانکی

نێودەوڵەتی، ڕێکخـراوە ناحکومییــەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، «پەیمانگەی دیموکراسیی نەتەوەیی بۆ کاروبارە نێودەوڵەتییەکان»، «پەیمانگەی کۆماریی نێودەوڵەتی» (the International Republican Institute). دەکرێت لە پاشکۆی ئەم ڕێبەرەدا سەیری لیستی ئەو دامەزراوانەش بکەن، کە یارمەتییە هونەرییەکان پێشکەش بە پەرلەمانەکان دەکەن.

شایانی باسە، یارمەتییە هونەرییەکان لەسەر ئاستی دوولایەنە، پێش یارمەتییە هونەرییەکان بـوون لەسەر ئاستی فرەلایەنــە. لەواقیعدا گەلێک پەرلەمانی ئەو دەوڵەتانەی بە کۆڵۆنیالی ناودەبـران، دەستیانکرد بە پێشکەشکردنی یارمەتی بە پەرلەمانــە تازەپێگەیشتووەکانی کۆڵۆنییەکانی پێشویان. ئەو یارمەتیانەش زیاتر بریتیبوون لە قەرزدانەکانی پەرلەمانەکانی دەوڵەتە پارەبەخشەکان، لەگەڵ ئاڵوگۆڕکردنی سەردانی فەرمانبەر و ئەندامانی پەرلەمانەکان.

چەند ساڵێکــە پەرلەمانی هینـدی بەرنامەی یارمەتیدانەکانی بۆ ژمارەیەک پەرلەمان داناوە، بەتایبەتی لە دەوڵەتەکانی کۆمنوێڵس. هەتاکو ئیمڕۆ ئەو بەرنامەیە بەردەوامە و ڕووماڵی چەندین بوار دەکات، لەوانە داڕشتنی یاسادانان. هەروەها پەرلەمانی هیندی، وێڕای پێشکەشکردنی بەرنامەگەلی ڕاهێنان بە یاسادانەرەکانو گرووپی کاری پەرلەمانی لە هیندستان، قەرزدان و سەردانی فێرکاری بۆ ئەندامانی پەرلەمانە بیانییەکانو تاقمەکانی کارکردن لەناویاندا پێشکەشدەکات.

هەروەها یارمەتییــە هونەرییــەکان لەسەر ئاستی فرەلایــەن گەشەیکردووەو لەم ساڵانەی دواییشــدا لەســەر ئاستی دوولایەنەش گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆوەدیوە. ئەمە وێڕای دەستەبەرکردنی ئەزموونی تەواو بۆ ئەو بەرنامانەی ئاژانسە فرەلایەنەکــان بەڕێوەیاندەبەن. پەرلەمانە چەسپیوەکانی دەوڵەتەکانی باکوور بەرنامەگەلی یارمەتیدانی هونەریان داناوە، بۆ پشتگیریکردنی دامـەزراوە پەرلەمانییەکان لە باشــوور. بۆ نموونە، ئەنجومەنی نوێنەرانی ئیتاڵی هێما بۆ ئەولەویەتێکی گەورە دەکــات، کە لە چالاکییە نێودەوڵەتییەکانیدا دەیداتە ئەو بەرنامانەی یارمەتیدانی پێشکەش بە پەرلەمانەکانی ئەفریقا، ئەمریکای لاتین، ئاسیای ناوەڕاست، باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و ناوچەی قەوقاز کراون. ئەو بەرنامانە چاکسازیی دەستووری و سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی میکانیزمی هونەریی کارگێڕی لەخۆدەگرن، کە پەرلەمانەکان پشتیان پێ دەبەستن.

لەلایەکی ترەوە، هەردوو ئەنجومەنی پەرلەمانی فەڕەنسا، چەندین بەرنامەی یارمەتیدانی هەمەلایەنیان بۆ پەرلەمانەکان داناوە، جا ئەوە لــە کۆڵۆنییەکانی

پێشووی بێت، یان لە پەرلەمانەکانی وڵاتانی دیکە، وەک کەمبۆدیا، ڕۆمانیاو جۆرجیا. لە زۆر باردا یەکێتیی ئەوروپا و بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان تێچووی ئەو بەرنامانە دەدەن. هەروەها پەرلەمانی سویدی، بەپارەی «ئاژانسی سویدی بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی» (سیدا) بەشداریکردوەو ئێستاش بەشداریدەکات لە پرۆژەی پەرەپێدانی سیستەمەکانی زانیاری و بەبەڵگەکردندا، بەمەبەستی پشتگیریکردنی ئەرکەکانی یاسادانان و چاودێریکردن لە ئەنجومەنی نیشتیمانیی ڤێتنام. هەروەها پرۆژەیەکی هاوشێوەی بۆ پشتگیریکردنی پەرلەمانی تازەپێگەیشتووی تەیموری خۆرهەڵات ئەنجامدا.

لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەنجومەنی نوێنەران ساڵی٢٠٠٥ «لیژنەی یارمەتیدانی دیموکراسی لە ئەنجومەنی نوێنەران»ی (Democracy Assistance Commission- HDAC) دامەزراند، بەمەبەستی تواناسازکردنی ئەندامان و گرووپەکانی کاری ئەنجومەنەکە و ئاژانسەکانی پشتگیریکردنی سەر بە کۆنگرس، لەپێناو پێشکەشکردنی یارمەتی بە هاوشێوەکانیان لە پەرلەمانەکانی دەوڵەتە دیموکراتییە تازەپێگەیشتووەکان. جا لەبەر ئەوەی لێک جیاکردنەوەی دەستووریانەی دەسەڵات ڕێگە لەوە دەگرێت، دەسەڵاتی یاسادانان بەرنامەکانی یارمەتیدانی دەرەکی بەڕێوەبەرێت، بۆیە لیژنەی یارمەتیدانی دیموکراسی کاری خۆی چڕکردەوە لە پێشکەشکردنی یارمەتییە هونەرییەکان لە ئەندامێکەوە بۆ یەکێکی تر، یان لە گرووپێکی کارەوە بۆ یەکێکی تر. ئەم بەنامەیە ساڵی٢٠٠٦ یارمەتیی پێشکەش بە پێنج وڵاتی ناوچە جیاوازەکانی جیهان کردوە، کە ئەنجامی چەند سەردانێکی هەڵسەنگاندنی مەیدانی هەڵبژێردراون. وێڕای ئەوە بڕیاری ڕەزامەندی، دەرفەت بۆ لیژنەکە دەڕەخسێنێ، ڕاسپاردەکان سەبارەت بە یارمەتیدانی مادیی پەرلەمانەکان بداتە ئاژانسی ئەمریکی بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی، هەتاکو یارمەتییە مادییەکان بداتە پەرلەمانەکان، کاتێک بزانێت موستەحقن.

ڕاپۆرتی مەبدەئی ئامادەکراو لەلایەن ئەو گرووپی کارەی کۆنگرەی سەرۆک پەرلەمانەکانی سەر بە یەکێتیی ئەوروپا سازیکرد بۆ ئەنجامدانی ڕووپێو دەربارەی ئەو یارمەتیانەی پێشکەش بە پەرلەمانە دیموکراتییە تازەپێگەیشتووەکان دەکرێت، ڕوونیدەکاتەوە کە حکومەتی فیدراڵیی ئەڵمانیا لە حوزەیران/ یونیی ٢٠٠٥دا بڕی٥١١ر٠٠٠ یورۆی تەرخانکردوە بۆ یارمەتیدانی چوار پەرلەمان، بەشێوەی پشتگیریکردنی دارایی، بۆ کڕینی پێداویستییەکانی ئۆفیسەکانو دابینکردنی سەرچاوەگەلی تایبەتمەند بۆ ئۆفیسەکانیان. هەمان ڕاپۆرت هێما بۆ

ئەو بەرنامەیە دەکات، کە بوندستاگ بەبەشداریی زانکۆی بەرلین جێبەجێیکردوەو ئامانجی هێنانی ١٠٠گەنجی ٢١وڵات بووە بۆ بەرلین، بەمەبەستی ڕاهێنانیان لەسەر کاری پەرلەمانتاری لە ئۆفیسی ئەندامێکی پەرلەمانی ئەڵمانی.

## دوا تێبینییەکان

وەک بینیمان، لە بواری دیموکراسیدا درزێکی گەورە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هەیەو دەکرێت ئەو درزە بە بەشدارپێکردنی پەرلەمانەکان لە کاروبارە جیهانی و هەرێمایەتییەکاندا پڕبکرێتەوە، بەشێوەیەک کە ڕۆڵی پۆزەتیڤانەی خۆیان بگێڕن.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، پێویستە پەرلەمانەکان هاوکاری ڕێکخراوە حکومییە نێودەوڵەتییەکان یان مونتەداکانی دانوستاندن بکەن، کە دەوڵەتەکان تیایاندا بە یەکسانی دەگەنە ڕێکەوتنگەلێک کە پێویستە لە هەر دەوڵەتێکی ئەندامدا جێبەجێبکرێن. لەسەر ئاستی هەرێمایەتی، دەبێت پەرلەمانەکان خۆیان لەگەڵ ئەو هەلومەرجە نوێیەدا بگونجێنن، کە ئەنجامی گواستنەوەی بەشێک لە سەروەریی دەوڵەت بۆ کیانێکی هەرێمایەتی نوێ هاتۆتەئاراوەو بارەکە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەهەمان شێوە نییە.

لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین ئەو چالاکیانەی گەرەکە ئەندامانی پەرلەمان، بۆ پڕکردنەوەی درزی دیموکراسی لەسەر هەردوو ئاستی جیهانی و هەرێمایەتی، ئەنجامیاندەدەن، تاڕادەیەکی زۆر لێک دەچن، ئەگەرچی جیاواز خۆدەنوێنن. چونکە دەبێت ئەو چالاکیانە لەو پەرلەمانانەدا ڕەگداکوتن کە ئەنجامیاندەدەن و لەسەر ئاستی نیشتیمانیش جێبەجێبکرێن. لە هەردوو بارەکەدا، کارپێکردنی چاودێریکردنی وردی حکومەت پێویستە و دەبێت بەشداریکردنی پەرلەمانتارانە پشتبەستووبێت بە بنچینەیەکی یاسایی ڕوون. هەروەها دەبێت پەرلمانەکان پێشوەخت و بەشێوەیەکی باش ئاگاداری سیاسەتەکانی حکومەت و هەڵوێستی دانوستاندنکاری بن و زانیاریگەلی ورد دەربارەی سیاسەتەکان و پێشینەکانیان وەربگرن. پێویستیشە پەرلەمانەکان ڕێکخستن و دەرامەتی تەواویان بەدەستەوەبێت، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتە دەربڕدراوەکاندا. لەوانە دەستەبەربوونی شارەزایی پێویست بۆ ئەندام پەرلەمانە پەیوەندیدارەکان، لە ڕێگەی لیژنە یان لیژنەگەلی تایبەتمەندەوە. گەرەکیشە دەرفەت بڕەخسێنرێت بۆ دەربڕینی پرسیارەکان بۆ وەزیرەکان و دانوستاندنکارەکان، چونکە ئەندامانی پەرلەمان دەتوانن لە ڕێگەیانەوە بیروڕا سیاسییەکانی خۆیان بۆ حکومەت

دەربڕن (ئەگەرچی ئەمە بەپێویست لە ڕووی یاساییەوە داسەپاونییە.) لەکۆتاییدا گەرەکە ئەندامانی پەرلەمان لەو وەفدە حکومیانەدا بەشداریان پێ بکرێت، کە ڕوو لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەنێن.

پێویستە ئەو کۆششانەی لەسەر ئاستی نیشتیمانی دەکرێن، گرێبدرێنەوە بەبەشداریکردنی نێودەوڵەتییەوە. بۆ نموونە، لە ڕێگەی هاوکاریکردنی پەرلەمانتارانەی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەوە کە لە کەرتی سێیەمی ئەم بەشەدا ڕوونمانکردۆتەوە.

سەبارەت بە کاروبارە نێودەوڵەتییەکان، ئەم مەنهەجە لەلایەن ئەندامانی دوو کۆنگرەی سەرۆک پەرلەمانەکانەوە، کە بەم دواییانە بەستران، لایەنگیریی باشی لێ کرا. چونکە بەشدارانی هەردووکیان پێیانوابوو، باشترین ڕێگە بۆ پڕکردنەوەی درزی دیموکراسی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، کاراکردنی ڕێکخراوەکان و ئەنجومەنە پەرلەمانییەکانە، کە ڕەوایەتیی خۆیان لە هەڵبژاردنگەلی دیموکراتی لەسەر ئاستی نیشتیمانی بەدەستهێناوە، نەک لە ڕێگەی دامەزراندنی ڕێکخراوگەلی نوێوە. یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتی، وەک ڕێکخراوێکی جیهانیی پەرلەمانەکان، ئامرازێکی باشە بۆ هێنانەئارای هاماهەنگیی نێوان ئەو دامودەزگایانە لەناو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا. پاش ئەوەی ساڵی٢٠٠٢ بەتایبەتی سیفەتی چاودێری هەمیشەیی لە نەتەوە یەکگرتووەکان پێ بەخشراو سەرۆک پەرلەمانەکان لەو بڕوایەدابوون، باشترین دامودەزگایە ڕەهەندی پەرلەمانیی بەهێز و دیموکراتیی دەبەخشێتە نەتەوە یەکگرتووەکان.

خەسڵەتێکی تری مەنهەجەکەی یەکێتیی پەرلەمانتارانی نێودەوڵەتی، دانانی وێناکردنێکی ڕوونە دەربارەی بارودۆخی ستراتیژیی دوولایەنە، بۆ زاڵبوون بەسەر پەککەوتەیی دیموکراسی لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا و کارکردنی بێوچان بۆ زیاتر کاراکردنی چاودێریکردنی پەرلەمانتارانە لەسەر ئاستی نیشتیمانی لەلایەکەوەو لەلایەکی ترەوە بەشداریکردن لە ڕێکخراو و کۆمەڵەگەلی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتیدا. لێرەشدا ئەو ئەندام پەرلەمانانەی لەسەر ئاستی ناوخۆ خاوەن ڕەوایەتییەکی دیموکراتیی ڕاستەقینەن، ئەوانەن کە لەسەر هەردوو ئاستە بەشدارن. ئەوانە هەمیشە خاوەن ئەزموونن و بایەخی هەمیشە دەدەن بە بابەتە دەربڕاوەکان، چونکە لە لیژنە پەرلەمانییەکانی وڵاتەکانیادا تاوتوێیان دەکەن.

لەم دواییانە و لە «ڕاگەیاندننامەی دوەمین کۆنگرەی سەرۆک پەرلەمانەکان»دا، کە لە ئەیلول/ سێپتەمبەری ٢٠٠٥دا لە نیویۆرک بەسترا، هاتووە:

جارێکی تر جەغت لەسەر ڕاگەیاندننامەی یەکەمین کۆنگرەی سەرۆک پەرلەمانەکان دەکەینەوە، کە ساڵی٢٠٠٠ سازکراوەو بانگهێشتی گشت پەرلەمانەکانو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی دەکەین، وێڕای زیادکردنی ڕەهەندی پەرلەمانتارانە بۆ هاوکاریکردنی نێودەوڵەتی... جەغت لەسەر پێویستی چالاککردنی پەرلەمانەکان لە بواری کاروباری نێودەوڵەتیدا بکرێتەوە، ئەمەش نەک تەنیا لە ڕێگەی هاوکاریکردنی پەرلەمانتارانە و دیپلۆماسیی پەرلەمانتارانەوە، بەڵکو لە ڕێگەی بەشداریکردنیشەوە لەو دانوستاندنە نێودەوڵەتیانەدا و چاودێریکردنیان و چاودێریکردنی جێبەجێکردنی ئەوانەی حکومەت بڕیاری لەسەر داون و مسۆگەرکردنی پابەندبوون بە نەریتە نێودەوڵەتییەکان و حوکمی یاسا لەسەر ئاستی نیشتیمانی. بەهەمان شێوە دەبێت پەرلەمانەکان لە کاتی بەدواداچوونی چالاکییەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا چاوکراوەبن و لە کاتی گفتوگۆکانی ئەو ڕێکخراوانەدا بیروڕاو تێبینییەکانی خۆیان دەربڕن.

ئینجا پێشوازی لە گفتوگۆکانی ئێستادا دەکەین، کە دەربارەی باشترین ئامڕازەکانی زۆرکردنی کارلێککردنی ئامانجدار و ڕێکخەر لەنێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و پەرلەمانە نیشتیمانییەکاندا بەرپادەکەن. جارێکی تر جەغت لەسەر ئەو ڕاسپاردانە دەکەینەوە، کە پەیوەندیان بەم بابەتەوە هەیە و ڕاگەیاندنە بڵاوکراوەکەمان لە ساڵی٢٠٠٠دا لەخۆی گرتبوون. جەغتیش لەسەر پێویستیی چەسپاندنی بەشی زۆری ئەو کارلێککردنە دەکەینەوە، کە لە کارەکانی ڕۆژانەی پەرلەمانەکاندا هەن. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش پێشنیاری ئەوە دەکەین، پێکەوە و بەشێوەیەکی توندوتۆڵتر لە هەر کاتێکی ڕابردوو، کار لەگەڵ یەکێتیی پەرلەمانتاری نێودەوڵەتی بکرێت، کە پێمانوایە نموونەیەکی نێودەوڵەتیی دەگمەنی نەتەوە یەکگرتووەکانە.

بۆ دەرککردن بەو ئامانجە، هانی یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتی دەدەین ئاگاداربوونی پەرلەمانە نیشتیمانییەکان بەشێوەیەکی باشتر، لە گشت چالاکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا مسۆگەربکات. وێڕای ئەوە داوا لە یەکێتییەکە دەکەین، لە کاتی چارەسەرکردنی بابەتگەلێکدا، کە پێویستی بە هاوکاریکردنی نێودەوڵەتی هەیە، بەشێوەیەکی گەورەتر سوود لە ئەزموونی ئەندامەکانی لیژنە هەمیشەیی و تایبەتییەکانی پەرلەمانە نیشتیمانییەکان وەربگرێت. هەروەها هانی یەکێتییەکە دەدەین دانیشتنگەلی زیاتر بۆ گوێگرتنی پەرلەمانتارانە و کۆبوونەوەگەلی تایبەت بە نەتەوە یەکگرتووەکان سازبکاتو

لە نزیکەوە هاوکاربێت لەگەڵ ئەنجومەن و ڕێکخراوە پەرلەمانییە هەرێمایەتییە ڕەسمییەکاندا، بەمەبەستی بەهێزکردنی پەیوەندی و جیدیبوون لە چوارچێوەی هاوکاریکردنی پەرلەمانتارانەی جیهانی و هەرێمایەتیدا.

لەکۆتایشدا، وەک لە بەشـــەکانی پێشووی ئەم ڕێبەرەدا بینیمان، کارابوونی پەرلەمان پشتبەستووە بە ڕادەی دەستەبەربوونی دەرامەتە مرۆیی و مادییەکان، بەتایبەتی زانیارییەکان. دەوڵەتە دیموکراتییە تازەپێگەیشتووەکان زۆربەی جارەکان ئەو دەرامەتانەیان لەبەردەستدانییەو پێویستە ئەو پەککەوتەییە بە هاوکاریکردنی نێودەوڵەتیی زیاتر لەسەر ئاستی دوولایەنی و فرەلایەنی چارەسەربکەن.



# ڕووبەڕووبوونەوەی داهاتوو

# ٨ - ڕووبەڕووبوونەوەی داهاتوو

بە دەستپێکردنی سەدەی بیست و یەکەم کۆمەڵگەکان و حکومەتەکانیان ڕووبەڕووی چەند تەحەدداگەلی زۆر بوونەتەوە. ئەگەرچی دەشێت ئەو تەحەددایانە لە ڕووی سروشتو ڕادەی بەهێزییانەوە لەم وڵاتەوە بۆ ئەویتر جیاوازبێت، بەڵام پێویستە گشت حکومەتەکان بەپیری ئەو فشارە نوێیە جیهانیانەوە بچن، کە بەسەر ئابووری، ژینگە، تەندروستیو ئاسایشی هاوڵاتیانەوەیە. ئەوەش لە ڕێگەی داڕشتنی سیاسەتگەلو بەرنامەگەلی وەهاوە، کە دەشێت ئاستی بژێوی هاوڵاتیانیان بەرزبکاتەوە، لەبری ئەوەی لێی کەمبکاتەوە یان بیدات بەدەم باوە. ئەم بارودۆخە تەحەددایەکی مەزنە لەبەردەم داهێنانی مرۆڤانە و توانای کۆمەڵگەکاندا، بۆ هاوکاریکردن و هێنانەدیی ئامانجە هاوبەشەکان.

وەک لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕوونماکردۆتەوە، پەرلەمانەکان وێڕای ڕۆڵەکانی یاسادانان و چاودێریکردن و ئەوانی تر، خاوەن چەندین خەسڵەتی جیاکارەن، کە وایان لێدەکەن بناغەیەکی گرنگ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تەحەددایانە دابنێن. لەو خەسڵەتانە:

- توانای نوێنەرایەتیکردنی تایەفە جۆربەجۆرەکانی میللەتو قسەکردن بەناویانەوە.
- توانای ڕاگەیاندنی ئەو بژارانەی لەبەردەم داڕێژەرەکانی سیاسەتەکاندانو ئەو کێشە سەختانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و یارمەتیدانی هوشیاربوونی میللەت بەرامبەر بەو بژار و کێشانە.
- دەستەبەرکردنی مونتەدای نیشتیمانی بۆ باسکردن و گفتوگۆکردنی بیروڕا ئەڵتەرناتیڤەکان و ئەو پێشنیارانەی پەیوەندیان بە سیاسەتەکانەوە هەیە.
- پابەندبوون بە دیالۆگەوە، وەک میتۆدێک بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان. ئەمەش ڕۆڵێکی تایبەتی پێدەبەخشێت بۆ چارەسەرکردنی کێشمەکێشەکان، لەسەر هەردوو ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

-بایەخدانی تایبەت بە پاراستن و هاندانی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی، مەدەنیو سیاسییەکانی مرۆڤ.

ئەم خەسڵەتە جیاکارانــەی پەرلەمانەکان، ناوەڕۆکی دیموکراسی پێکدێننو ئەمانەش دەگرێتەوە: ڕێزگرتن لە فرەڕەنگی، لەسەر بنچینەی یەکسانیی بەهای گشت کەسەکان، چارەسەرکردنی ناکۆکیی بیروڕاو بەرژەوەندییەکان لە ڕێگەی دیالۆگو گفتوگۆوە، هەتاکو بە پشتگیریکردنی بەکۆمەڵ دەرفەتی بەردەوامیی کاری هاوبەش ڕەخسابێت. لەسایەی جیهانێکدا، کە بەخێرایی دەگۆڕێت، مەسەلەیەکی هەنوکەیی هەیــە سیاسەتمەدارو یاسادانەرەکانی تووشی سەرەگێژە کردووەو لە تێکبەربوونی ڕابردوو و داهاتووی کۆمەڵگەدا بەرجەستەدەبێت. بەواتایەکی تــر، چۆنییەتی داڕشتنی داهاتوو، بەبێ شێواندنی ئەو دابونەریتە بەمیرات ماوانەی لە ڕێگەی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕابردوو، وەک سەرچاوەیەکی گۆڕانکاریی داهێنەرانە نەک تەنیــا کۆســپێک لەبــەردەم ڕێگــەی پێشکەوتندا، ڕووخساری جیاکارە دەبەخشێتە وڵاتەکە. ئەمەش سەبارەت بەخودی دیموکراسی و بەپێی بەڵگەنامەی کۆتایی «کۆنگرەی لوتکەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ساڵی ٢٠٠٥» مانای ئەوەیە «تاکە نموونەیەک» لەئارادانییە، بەڵکــو زنجیرەیەک نموونەی هەمەجۆر، کە بەدەوری هەندێک دابونەریت و ڕەفتاری بنچینەییدا دەخولێنەوە، ئەوەش بەپێی ئەو نەریتە سیاسیانەی هەر وڵاتێک جیاکارەدەکەن. هەمەجۆرییەک کە نمــوونە جۆربەجۆرەکانی ناو ئەم کتێبە جەغتی لەسەر دەکەنەوە.

هەروەها ئەم لێکۆڵینەوەیــە ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە پەرلەمانەکان تەحەددای تایبەت بە ئەنجامدانی پرۆسەی چاکسازیی بەردەوام بە جیدی وەردەگرن، هەتاکو کارکردنیان ئاشکراتربێت و باشتر بەپیرەوەبچن و زیاتــر ملکەچی لێپێچینەوە بن. گۆڕانکاریی دیموکراتیانە، ئەزموونێک نییە تەنیا جارێک ڕووبدات، بەڵکو پرۆسەیەکی بەردەوامە، جا ئەوە لەو دەوڵەتانەدا بێت کە تــازە بە دیموکراسی ئاشنادەبن، یان لە دەوڵەتە دیموکراتییە چەسپیوەکاندا بێت. لەو ڕووپێوەی یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتی لە چوارچێــوەی ئەم ڕێبەرەدا ئەنجامیداوە، بانگەوازێک ئاراستەی پەرلەمانەکان کراوە، هەتاکو چەند ڕاپۆرتێک دەربارەی هەندێک نموونەی چاکسازیی نوێ پێشکەشبکەن کە دەستیانپێکردوە. کەرتی سەرەکیی ئەم بەشە تاوتوێــی ڕاپۆرتەکانی پەرلەمانەکان دەکــات، نەک لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، بەڵکو لە ڕووی ئەوەی چ سوودێکیان لێ وەردەگیرێت بۆ پرۆسەی چاکسازیی پەرلەمان و بزووتنەوەکەی، لەگەڵ هەندێک لەو سەختیانەی

دەشێت ڕووبەڕووی ئەو پەرلەمانانە ببنەوە. دواکەرتیش تاوتوێی ئەو شێوازە دەکات، کە بەهۆیانەوە پەرلەمانەکان دەتوانن لە پلانداندا بۆ داهاتووی کۆمەڵگە بەشدارییبکەن.

# پڕۆسەی چاکسازی

## سەرچاوەکانی چاکسازی

ئەگەر لە واقیعی ئەو ڕاپۆرتانەوە بڕیارماندا، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت چەندین سەرچاوەی چاکسازیی پەرلەمانتارانە هەن، کە لە پەرلەمانێکەوە بۆ یەکێکی تر زۆر جیاوازە. لەگەڵ ئەوەشدا، لەوانەیە سوودبەخش بێت نەخشەیەکی مەبدەئی دابنێین، کە سەرچاوە هەرە باوەکانی گۆڕانکاری لەو ڕاپۆرتانەدا دیاریدەکات، بۆ یارمەتیدانی تێگەیشتن لە ئەزموونە جۆربەجۆرەکانی بواری چاکسازی. بێگومان پێویستە بەشێوەیەک بڕوانرێتە ئەو سەرچاوانە، کە یەکتری تەواودەکەنو پشتگیریی یەکتری دەکەن، وەک ئەوەی لەو خشتەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە، نەک وەک دوورگە گۆشەگیر و دابڕوەکان.

### خشتەی ٨ –١
### سەرچاوەکانی چاکسازیی پەرلەمانتارانە




یەکێتی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتی

بۆ سوودوەرگرتنی زیاتر، دەکرێت ئەو سەرچاوانە، بەپێی ئەوەی چاکسازییەکە لە دەرەوەی پەرلمانــەوە دێت یان لەنــاوەوە، دابەشبکەین. هۆ سەرەکییەکانی چاکسازیی لە دەرەوەی پەرلەمانەوە ئەمانەن:

- **گۆڕانی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگە:** دەشێت ڕۆشنبیری بەپێی فرەڕەنگیی کۆمەڵگە فرەجۆربێت و ڕۆشنبیری سەرچاوەیەکی بەپێتە بۆ هێنانەئارای یاسادانانەکان یان ڕاســتکردنەوەی ئەوانەی بەکردەوە هــەن، بەڵام دەشێت ببێتــە مایەی ڕوودانی چەندیــن گۆڕانکاری لە شێوازی کارکردنــی خودی پەرلەمانــدا. بۆ نموونە، گۆڕانی کولتووری کۆمەڵگــە بەرامبەر بە ڕۆڵی ژن، دەبێتە هۆی ڕوودانی چەندین گۆڕانکــاری لە نوێنەرایەتیکردنی سیاسی و ئەو شــێوازەی پەرلەمان کاروبارەکانی خۆی پێ ڕاییدەکات.
- **فشارە میللییەکان:** ئەمەش بەشێوەیەکی بەرچــاو فرەجــۆرە، بەڵام چەندین پەرلمان ڕووبــەڕووی فراوانبــوونی کەلێنی نێــوان پەرلەمان و هەڵبژێرەکان، بەتایبەتی گەنجان، بوونەتەوە. ئەمەش بۆتە هۆی داهێنانی شێوازگەلی نوێ بۆ ڕێگرتن لەو فراوانبوونە.
- **گەشەکردنی تەکنۆلۆژی:** ڕوونتــریــن نموونـــەی لە جیهــانــی تەکنۆلۆژیای زانیاریدا بەرجەستەدەبێت کە بەخێرایــی گۆڕانی بەسەردا دێت و کاریگەریی لەسەر چۆنێتی پێکگەیشتنی پەرلەمانەکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و توێژە جۆربەجۆرەکانی میللەت دەبێت. لە نموونە باوەکان، تەکنۆلۆژیا گۆڕاوەکان لە بواری تەلەفزیۆندا و ئەو سەرەنجامانەی دەیانبێت لە بواری گوێزانەوەی ڕووداوەکانی ناو پەرلەماندا.
- **کاریگەرییە نێودەوڵەتییەکان:** یەکێک لە خەسڵەتە هاوبەشەکانی لە بەشــی پێشوودا باســکراوە، کاریگەریــی بزووتنــەوەی بەجیهانیبوونــی ئابووریــیــە لەسەر دروستکردنی ئەو کۆتوبەندانەی سنوور بۆ چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەلایــەن پەرلەمانــەوە دادەنێــن. سەبارەت بەو دەوڵەتانەی کاندیدکراون بــۆ بوونــە ئەندامــی یەکێتیی ئەوروپــا، ڕاستکردنەوەیەکی یاسادانانەکانیان پێویستە، بەجۆرێک کە تەبابێت لەگەڵ یاسادانانەکانی ئەو یەکێتییەدا. ئەمەش فشارگەلی گەورورە دەخاتە سەر پرۆسەی یاسادانانو ئاسانکردنی کارڕاییــەکانی. گشــت دەوڵەتەکان دەکەونە ژێر کاریگەریی کولتووری دیموکراسیی جیهانییەوە، کە دواتر گفتوگۆی لەسەر دەکەین.
- **پراکتیکە هاوشێوەکان:** مەبەست لەوە، کاریگەریی پراکتیکە جێبەجێکراوەکانی

پەرلەمانەکانی ترە، جا ئەوە لە ڕێگەی پەیوەندی و سەردانە دوولایەنەکانەوە بێت، یان لە ڕێگەی کیانە هەرێمایەتییەکان، یاخود لە ڕێگەی ئەو ڕێکخراوانەوە کە ڕێکخراوگەلی تر لەخۆدەگرن، وەک «یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێونەتەوەیی»، «یەکێتیی ئەمینداره گشتییەکانی پەرلەمانەکان»، «رابیتەی پەرلەمانیی دەوڵەتەکانی کۆمنوێڵس»و ئەوانی تر.

لە بارودۆخە باوانەی نــاو پەرلەمانیش، کە دەبنــە مایــەی چاکسازی، ئەمانەی لای خوارەوەن:

– **دانانی بە نەزۆکیی کارڕاییەکاندا**، چونکە لەبەر ڕۆشنایی ژینگەیەکی گۆڕاوی دەرەوەی پەرلەماندا، کاریگەریان لەسەر لێهاتوویی کار لەناو پەرلەماندا دەبێت.

– **دەستپێشکەری بۆ چاکسازی:** دەشێت تاکگەلێک بانگەشەی بۆ بکەن، کە پۆستی گرنگیان هەیــە، وەک ســەرۆکی پەرلەمانێکی چالاک، گرووپێکی پەرلەمانی، لیژنــەی کارڕاییەکان و سکرتارییەت. یەکێک لەو خەسڵەتانەی چەندین پەرلەمان باسیانکردووە، چەسپاندنی پرۆســەی چاکســازییە، بــۆ ئەوەی ببێتە توخمێکی بەردەوامی کارکردنی پەرلەمان، لە ڕێگەی لیژنەیەکی پەرلەمانیی هەمیشەییەوە.

– **کۆکردنەوەی پشتگیری بۆ ئەنجامدانی چاکسازی:** دەشــێت پێــویستیــی کۆکردنەوەی بڕێکی فراوانتری لایەنگیریی پەرلەمانی بەمەبەستی چاکسازی، بۆ خۆی کاریگەریی لەسەر مەوداو ناوەڕۆکی چاکسازییەکان هەبێت. هەمان شت بۆ پرۆسەی جێبەجێکردنیشیان ڕاستە.

بێگومان کارلێککردنی ئەو کاریگەرییە جۆراوجۆرانە، لە هەر پەرلەمانێک و لە هەر ماوەیەکی یەکلاکەرەوەی ڕووندا، بەشێوازی جیاواز دەبێت، بەڵام زۆربەیان بەشێک لەهەر پرۆسەیەکی چاکسازیی سەرکەوتوو پێکدێنن. یەکێک لەو مەسەلانەی شایانی بایەخپێدانێکی تایبەتیشە، ئەوەیە کە پێیدەوترێ چالاکیی گۆڕانکاریی دیموکراتیانە و شایستەی ئەوەیە بەشێکی تایبەتی بۆ تەرخانبکرێت.

## چالاکیی گۆڕانکاریی دیموکراتیانە

ئەو ڕاپۆرتانــەی پەرلەمانەکــان لە چوارچێــوەی ئــەم لێکۆڵینەوەیــەدا پێشکەشیانکردوە، بەگشتی باســی کاریگەریــی ئاقارێکی بەهێزی گۆڕانکاریی دیموکراتیانــە دەکــەن، جا ئەوە لە ڕوانگــەی سەرهەڵدانی دیموکراتیانەیانەوە هەڵقوڵابێت، یان لە گۆڕانی ژینگەی جیهانییەوە، یاخود لەم و لەویشەوە. لەگەڵ

ئەوەشدا سروشت و مەودای چاکسازییە پەرلەمانییەکان پشتبەستووە بەو قوناغە دیاریکراوەی وڵاتێک لە پرۆســەی گۆڕانکاریی ڕووەو دیموکراتیــدا پێیدەگاتو ئەو ئاڕاستەڕێگەیەی لەو پرۆسەیەدا دەیگرێتەبەر. چونکە هەندێک وڵات هێشتا تەنیا لە قۆناغی یەکەمی پرۆسەی گۆڕانکاریی بەرەو دیموکراسیدان. هەندێکی تریان بە قۆناغێکی گواستنەوەدا تێدەپەڕن و تیایدا کۆششدەکەن بۆ چەسپاندنی ئەوەی لە گۆڕانکاریی دیموکراتیانەوە بەدەستهاتووە، ئەگەرچی لەپێناو ئەوەدا کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی سروشتی حوکمڕانیی پێشووەوە. هەندێکی تریشیان، کە سیستەمێکی دیموکراتیی چەسپیویان هەیە، دەکەونە ژێر کاریگەریی هێزێکی تەکاندەرەوە بــۆ قوڵکردنەوەی دیموکراسی یــان بەرەنگاربوونەوەی پرۆسەی ڕەقهەڵاتن، کە هەڵمــەت بۆ خوێنبەرەکانی دەبات. ئەگەرچی تەحەدداکان بەپێی هەلومەرجەکانی هــەر وڵاتێک جیاوازن، بەڵام هەموویان لە ڕۆڵێکی ناوەندیدا هاوبەشن، کە پەرلەمان لە پرۆسەی چاکسازیی دیموکراتیانەدا دەیگێڕێت. وەک ئەوەی لەو نموونانەی خوارەوەدا ڕووندەبێتەوەو لەو ڕاپۆرتانەوە وەرگیراون کە پێمان گەیشتوون، بەتایبەتی ڕاپۆرتەکەی گابۆن.

لە ڤێتنام ڕاپۆرتی ئەنجومەنی نیشتیمانی (پەرلەمان)، ئەگەرچی ملکەچی دەسەڵاتی حیزبی حوکمڕانە، هێما بۆ زۆربوونی پیشەکاریی پەرلەمان و فرەلایەنیی‌و گوزارشتکردن لە بیروڕا جۆربەجۆرەکان دەکات. ئەمەش بەڵگـــەی ئەوەیە، ئاقارێکی دیموکراتیی کاریگەر لەئارادایە. ڕاپۆرتەکە دەڵێت:

«زۆربوونی ژمارەی نوێنەرەکــان بەگشتی و ئەندامــە خۆتەرخانکردوەکان بەتایبەتی، ئەو تێڕوانینە هاوبەشە ڕووندەکاتەوە، کە هەریەکێک لە «حیزبی ڤێتانام»و حکومەت هەیانەو بریتییە لە پێویستیی دەرخستنی ڕۆڵی ئەنجومەنی نیشتیمانی، بەوپێیەی ئەو دامــەزراوە دیموکراتییەیە کــە نوێنەری میللەتە... پێشینەکانی نوێنەرەکانیش فرەڕەنگتر و هەمەلایەنترن، چونکە ئەنجومەنەکە نوێنەرەکانی چین و گرووپە ئیتنیکی و ئایین و هەرێمە جۆربەجۆرەکان لەخۆدەگرێتو کەرتو توێژە جیاوازەکانی دانیشتوانی کۆمەڵگە خاوەنی کەسانێکن، کە لە ئەنجومەنی نیشتیمانیدا نوێنەرایەتیاندەکەنو گوزارشت لە بیروڕاکانیان دەکەن. لە دوادانیشتنندا میللەت کەشێکی کراوەترو ڕاشکاوانەتری بەدیکرد، تەنانەت هەندێک نوێنەر بیرۆاکانی خۆیان دەربڕی، کە دژی بیروڕاکانی لیژنەی هەمیشەیی پەرلەمان بوون... ئەو هێمایانەش تاودەرەوەی زۆربوونی چالاکییە دیموکراتیەکانن، بەراورد بەوەی لە دەستەکانی یاسادانانی پێشوودا هەبوون. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا میللەت

نیگەرانە لەوەی مەنهەجەی کارکردن لە ئەنجومەنی نیشتیمانیدا لەسەر ئەو ڕەوتە دیموکراتییە بەردەوام نەبێت کە پێڕەویکردوە».

ڕاپۆرتەکەی لە عومانەوەی هاتووە، باسی ئەوە دەکات، «شوراو کارپێکردنی دیموکراسی لە سەڵتەنە وردەوردە گەشەیانکردوە، ئەوەش بە ڕەچاوکردنی هەلومەرجی واقیعو کۆمەڵگەی عومانو ئامادەبوون بۆ سوودوەرگرتن لە ئەزموونەکانی ئەوانی تر». هەروەها ڕاپۆرتەکە هێمادەکات بۆ ئەوەی، بەدرێژایی دەساڵی ڕابردوو ڕۆڵی ئەنجومەنی شورای هەڵبژێردراو، کە بەشێکی سیستەمی یاسادانانەو لە دوو ئەنجومەن پێکهاتووە، هەنگاوبەهەنگاو بەهێزبووەو ساڵی٢٠٠٣ مەودای مافی دەنگدان فراوانکراوە، بۆ ئەوەی هاوڵاتیانی سەروو بیستو یەک ساڵان، بە ژنو پیاوەوە، بگرێتەوە. ئەم بەهێزکردنە بووە هۆی زۆرکردنی هەمەڕەنگیی لە پێکهێنانی ئەنجومەنی شورداو «دەوڵەمەندبوونی گفتوگۆکانی ناو ئەنجومەنەکە و کاراتربوونی لە ڕاییکردنی کارەکان و نوێنەرایەتیکردنی کۆمەڵگەی عومانیدا».

ڕاپۆرتەکەی لە میسرەوە هاتووە، هێما بۆ هێنانەئارای سیستەمی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی سەرۆک کۆمار و دامەزراندنی لیژنەیەکی نیشتیمانیی مافەکانی مرۆڤ دەکات، بەوپێیەی دوو هەنگاوی گرنگن لە ڕێڕەوی گەشەکردنی دیموکراتیی نوێداو ئەو لیژنەیە ڕۆڵێکی تەوەرەیی دەبەخشێتە پەرلەمان:

«لەبەرئەوەی پەرلەمان پارێزەری ماف و ئازادییەکانەو ئەنجومەنی میللەت دەرک بە گرنگیی ژیانەوەی ڕۆڵی خۆی لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤدا دەکات، لیژنەی مافەکانی مرۆڤ دامەزرا. ئەمەش سیستەمێکی بەناوبانگە لەناو پەرلەمانەکانی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، چونکە ئەو لیژنە پەرلەمانییە چاودەخشێنێت بە سکاڵانامەکانداو ئاڕاستەی دەسەڵاتە تایبەتمەندەکانیان دەکات و بەدوادچوونی سکاڵانامەکەش مسۆگەردەکات. بەوجۆرەش لیژنەکە دەتوانێت، لە ڕێگەی ئەو ڕاپۆرتانەی بەرزیاندەکاتەوە بۆ ئەنجومەنەکە، ڕۆڵی چاودێریکردنی کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بگێڕێ».

ڕاپۆرتەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی لوبنان باسی ئەو گۆڕانکارییە دەکات، کە بەدرێژایی دە ساڵی ڕابردوو لەناو پەرلەماندا ڕوویانداوەو پێیوایە گۆڕانکاریی بووە «لە ڕۆڵی تەقلیدییەوە بۆ ڕۆڵی هاوچەرخ». ڕاپۆرتەکە دوانزە چاکسازیی سەرەکی ڕیزدەکات، کە بەرهەمی ئاقاری دیموکراتی بوونو هەموو شتێکیان تەنیوەتەوە، لە بەهێزکردنی توانای دامەزراوەییو یاسادانەوە دەستپێدەکات و بە ئاسانکردنی بەدەستهێنانی زانیاری لەلایەن

ئەندامانەوە تێـدەپەڕێت و بە بەشدارییپێکردنی دامەزراوەکانـی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کارەکانی پەرلەماندا کۆتاییدێت.

پێشتر وتمان، چالاکیی گۆڕانکاریی دیموکراتیانـە لە ئۆکرانیا، یارمەتیدەربوو بۆ سەرهەڵدانـی فشارەکان بەمەبەستی ئەنجامدانی گۆڕانکاریی دەستووری لە سەردەمی حوکمڕانیی کۆمۆنیزمدا، کە پشتی بە «دەسەڵاتی ڕەهای سەرۆکایەتی» دەبەست و هێنانەدیی سیستەمێک کە زیاتر پشت بە پەرلەمان دەبەستێت، ئەوەش بە پشتگیریکردنی ٨٠٪ی هاوڵاتیان. کرواتیاش هەمان ڕێگەی گرتەبەرو لە ساڵی٢٠٠٠دا گۆڕانکاری «لە سیستەمی نیمچەسەرۆکایەتیدا کراو ناوەندی دەسەڵاتەکان و بەرپرسیارێتییەکان گوێزرایەوە بۆ پەرلەمانو حکومەتی کرواتی».

لە شیلی، ئەنجامی گۆڕانی حوکمڕانیی سەربازی، زنجیرەیەک چاکسازی لە پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵاتە جۆربەجۆرەکانی دەوڵەتدا ڕوویدا:

«سەبارەت بە چاکسازییـە پەرلەمانییەکان، گرنگترینیـان ڕاستکردنەوەی دەسـتوورە. بەشێوەیەکی گشتی ئەو ڕاستکردنەوەیە بووە هۆی هێنانەئارای چەند گۆڕانکارییەک لە: پێکهێنانی کۆنگرسی نیشتیمانی و بەرپرسیارێتییەکانی، ڕاستاندنی پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان، پێکهێنانی دادگای دەستووریو دیاریکردنی کارەکانیو بوارەکانی تـر. ئامانجی ئەو ڕاستکردنەوەیە موتوربەکردنـی ئەو بوارانەبوو بە بیروڕاو ڕاستییە نوێکان و هێنانەدیی تەبایی لەنێوان دامەزراوەکانی دەوڵەتدا. ئەمەش بووە مایەی وروژاندنی ناکۆکییـەکانی نێوان حیزبە سیاسییە جۆربەجۆرەکان. ئینجا ڕاستکردنەوەی دەستووری کۆتایـی بـە قۆناغی ڕووەو دیموکراسی هێنا».

لە زامبیا پرۆسەی بەهێزکردنی گۆڕینی وڵات بۆ وڵاتێکی دیموکراتیی فرەحیزبی بریتیبوو لە بەرنامـەی چاکسازییەکی فرەلایەن، لە ژێر چاودێریـی «لیژنەی پەرلەمان بۆ چاکسازی و نوێکردنەوە»دا، کە خاوەن دەسەڵاتی فراوانی وەهایە، ڕێگەی پێدەدات گەشت بۆ لای پەرلەمانەکانی تر بکرێت، بەمەبەستی ئاشنابوون بە کارپێکردنگەلی دیموکراتیانەی نوێی وەها، کە دەشێت سوودیان لێ وەربگرێت. شایانی باسە، پرۆسەی چاکسازی لە ساڵی ١٩٩١وە بەردەوامە:

«لەگەڵ سەرلەنوێ پێڕەویکردنی سیستەمی فرەحیزبی لە ساڵی١٩٩١داو لەپێناو بەهێزکردنی بەڕێوەبردنی دیموکراتیانەی حوکمڕانی، ئەنجومەنی نیشتیمانی لە زامبیا پێیوابوو دانابیە ئەرکەکانی پەرلەمان بە پێداویستییەکانی سیستەمی فرەلایەندا ڕابگات. ئەم هەنگاوەش پێویستی بەوە بوو، چاکسازیگەلی پەرلەمانتارانە

بهێنرێنــەئــاراوە، بەمەبەستی لابردنی ئــەو کۆتوبەندانەی لە دامەزراوەی پەرلەماندا هەبوون. بۆیە وێناکردنێکی چاکسازی ئامادەکرا، کە چاودێریکردنی پەرلەمانی بەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە بەهێزدەکــاتو دەرفەتی زیاتر لەبەردەم هاوڵاتیانــدا دەڕەخسێنێ لە کاروبارەکانی وڵاتدا بەشداربن».

ڕەفتارە سـەرکوتکارییەکانی باشــووری ئەفریقـا کە لەسایەی سیاسەتی جیاوازیکردنی ڕەگەزپەرستانەدا زاڵبوون، تەکانێکی بەهێزیان دا بە سیسـتەمی سیاسیی نوێ، بەتایبەتی بە سروشتی پەرلەمانەکەی. سەبارەت بەو چاکسازیانەی هەتاکو ئێستا لە پەرلەماندا کراون، «ئامانج لێیان دڵنیابوون بوو لە چەسپاندنی کولتووری دیموکراسی و پشتبەستنی کارڕاییەکان و چالاکییەکانی بەو پرنسیپە دیموکراتیانەی باشووری ئەفریقا خوازیاریانە». کەچی ڕاپۆرتی ئــەم دەوڵەتە هێما بۆ ئەوە دەکات، کــە پرۆسەی گۆڕانکاریی دیموکراتیانە هێشتا کامڵ نەبووەو پەرلەمان ڕووبەڕووی چەندین تەحەددای گەورە بۆتەوە، ئەگەر بیەوێ ئەو تێڕوانینە جێبەجێبکات، کە لە ساڵی ١٩٩٤وە بڕوای پێیەتی:

«تێڕوانینەکەی، بنیاتنانــی پەرلەمانێکی بەهێــزە، کــە بتوانێــت بەپێــر پێداویستییەکانی میللەتــەوە بچێت و ئامانجی چاوەڕوانکراویشی، دابینکردنی ئاستێکی بژێویی چاکترە بۆ گشت میللەتی باشووری ئەفریقا. ئەگەرچی پەرلەمان بەدرێژایی دە ساڵ لە دیموکراسی چەندین دەستکەوتی هێناوەتەدی، بەڵام ئامانجە ستراتیژییەکانی لەو ئاستەدا ناوەستن، بەڵکو هێما بۆ ئەوە دەکەن، کە بەکردەوە چەند هەنگاوێک هەڵهێنراون بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو تەحەددایانەی لەئێستادا ڕووبەڕوویان دەبنەوە، ئەمە سەرەڕای تەحەدداکانی داهاتوو، کــە چاوەڕوانیاندەکات».

## دەوڵەتە خاوەن سیستەمە دیموکراتییە چەسپیوەکان

زۆربەی دەوڵەتــە خاوەن سیستەمە دیموکراتییە چەسپیوەکان پێیانوایە، تەحەددای دیموکراتی و هێزی تەکاندەری سەرەکیی چاکسازیی پەرلەمانتارانە، کۆششکردنی پەرلەمانــە بۆ هاوڕێکردن لەگەڵ گۆڕانکاریی کۆمەڵاتیی نوێ لەلایەکو بنیاتنانی پردەکانی متمانە لەنێوان خۆی و هاوڵاتیاندا لەلایەکی ترەوە. ئەنجومەنی نوێنەرانی ئوسترالی هێما بۆ ئــەوە دەکــات، «یەکێک لە تەحەددا بنچینەییەکان، هاوڕێکردنی دامەزراوەی پەرلەمانە لەگەڵ پێداویستیو وێناکردنەکانی ئــەو میللەتــەی نوێنەرایەتیدەکات». «بەدەستهێنانەوەی متمانەی خەڵک»یش یەکێکە

لە ئامانجەکانی ئەو چاکسازیانەی پەرلەمانی کەنەدی بەدیهێناون. پەرلەمانی هۆڵەندیش لەو بڕوایەدایە، «کارکردنی جیدی بۆ بەدەستهێنانەوەی متمانەی هاوڵاتیان» هێزی تەکاندەرە لە پشتی گەلێک دەستپێشکەریی نوێوە، چونکە یەکێک لە خەسڵەتە بنچینەییەکانی دیموکراسی ئەوەیە، «هاوڵاتیان بتوانن لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمانو شێوازەکانی کارکردنیان پێکبگەن و هەستبکەن ئەو ئەندامانە بەباشترین شێوە نوێنەرایەتیاندەکەن»...هتد.

چاکسازی بەلای پەرلەمانەکانی دەوڵەتە خاوەن سیستەمە دیموکراتییە چەسپیوەکانەوە، پڕۆسەیەکی بەردەوامەو هەمیشە شێوازێکی دامەزراوەیی لەسەر شێوەی لیژنەیەکی هەمیشەیی دیاریکراو بەخۆوەدەگرێت. لە هیندستان دەبینین پڕۆسەی گونجاندنی سیستەمی تەقلیدیی لەگەڵ ئەوەی لەلایەن پەرلەمانی ئینگلستانەوە پێڕەویکراوەو بەپێی هەلومەرج و کولتووری هیندی، لە ساڵی ١٩٤٧وە گەشەکردنی بەردەوامی بەخۆوە دیوە. ماوەیەک بەر لەئێستا، زۆربوونی ژمارەی حیزبەکان لە هەردوو ئەنجومەنی پەرلەماندا بۆ سی حیزبو دواتر بۆ سیو هەشت حیزب، کاریگەریی هەبوو لەسەر پێداچوونەوە بە کارڕاییەکانی پەرلەماندا. کەنیستی ئیسرائیلی «چاکسازی و کۆڕانکاریگەلی بەردەوام»ی ئەنجامداوەو نوێترینیان، ئامانجی ئاسانکردنی کارڕاییە ناوخۆییەکانیو چاککردنی دیمەنی خۆی بووە لەبەردەم میللەتدا. ئێستا پەرلەمانی ئیتاڵی چاکسازیگەلی دەستووری مەودا فراوان ئەنجامدەدات، کە کاریگەری دەخەنە سەر بۆ نموونە: هاوسەنگیی نێوان هەردوو ئەنجومەنەکە لە پڕۆسەی یاسادانانیدا، کەمکردنەوەی ژمارەی ئەندامەکان لە هەر ئەنجومەنێکدا، کەمکردنەوەی لانی کەمی تەمەنی هەڵبژێر و کاندیدەکان. پەرلەمانی پورتوگالی بەرنامەیەکی چاکسازیی نوێ و گەورە ئەنجامدەدات، کە مەبەستی زۆرکردنی چاودێرییە بەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە، هەروەها چاودێریکردنی جێبەجێکردنی یاساکان و کەمکردنەوەی کەلێنی نێوان پەرلەمان و میللەتە. لە ئینگلستان لۆژیکی گۆڕانکاری ڕووەو دیموکراتیی زیاتر لە ساڵی١٩٩٧وە بووە هۆی ئەنجامدانی چەندین چاکسازی، لەوانە ڕەتکردنەوەی میراتگری لە ئەنجومەنی پیراندا و دامەزراندنی پەرلەمانێکی تەرخانکراو بۆ ئسکۆتلەنداو ئەنجومەنەکانی وێڵزو ئێرلەندەی باکوورو هەموارکردنی یاسای مافەکانی مرۆڤو ئەوانی تر.

## ئاسانكارییەكانی چاكسازی و ئاستەنگەكانی بەردەمی

لەوانەی پێشەوە ڕووندەبێتەوە، پڕۆسەی چاکسازیی پەرلەمانتارانە، لەسایەی

ئەو کاریگەرییە جۆربەجۆرانەدا ڕوودەدەن کە باسمانکردن و پرۆسەیەکە لە خودەوە هەڵدەقوڵێت، جا ئەوە بەشێوەی بەرنامەیەکی مەودا فراوان بێت یان کۆمەڵێک گۆڕانکاریی دیاریکراوی کەڵەکەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر دەرگاکان بەڕووی وەرگرتنی یارمەتییە دەرەکییەکاندا کراوەبن، ئەوا دەشێت ئەو پرۆسەیە تا ڕادەیەکی زۆر بچێتەڕێوە. سەبارەت بەو ڕاپۆرتانەی پەرلەمانەکان لە چوارچێوەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ناردوویانە، بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەرچاوەیەکی گرنگ بووە بۆ زانیاریگەلی پەیوەندیدار، بەڵام چەندین دەستەی نێونەتەوەیی دیکە هەن، کە بەشداریانکردووە لە پێشکەشکردنی پشتگیریکردنی هاوشێوەدا. لەوانە بێگومان خودی یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتی. پاشکۆی (١) لیستێکە بەناوی ئەو دامودەزگا نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی و دوولایەنانەی بەشداریانکردووە لە پشتگیریکردنی پەرلەمانەکاندا. ئەمە وێڕای پێشکەشکردنی وەسفێک بۆ خەسڵەتەکانی هەریەکێکیان. یەکێک لە خەسڵەتە باوەکانی ئەو یارمەتیدانانە، ئامادەکردنی بەرنامەیەکی لەسەر ڕێکەوتووە بۆ چاکسازیی پەرلەمانتارانە، کە ئەولەویاتەکان و ئامرازەکانی جێبەجێکردنی ڕوونی تێدابێت.

نموونەی ئەم یارمەتیانە ئەوەیە بورکینا فاسۆ بەدەستیهێنا، کە ڕەزامەندیی نواند بەرامبەر بە بەرنامەیەک بەمەبەستی پەرەپێدانی پەرلەمان، بە هاوکاریی لەگەڵ بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، ماوەی بەرنامەکە دە ساڵە بوو، ساڵی٢٠٠٤ دەستیپێکرد. بەرنامەی گەشەپێدانەکە زیاتر بایەخدەدات بە چارەسەرکردنی چەند لایەنێکی کەموکوڕیی دیاریکراو لە هەردوو بواری زانیارییەکان و پەیوەندییەکانی نێوان پەرلەمان و میللەتدا. هەروەها کۆت دیڤوار ڕازیبوو لەسەر بەرنامەی پشتگیریکردنی هەمان لایەن، کە پێکهێنانی تۆڕی ئینتەرنێت لە کتێبخانەی پەرلەمان و دامەزراندنی پسپۆڕە نیشتیمانییەکان بەمەبەستی خزمەتکردنی گرووپگەلی پەرلەمانی لەخۆدەگرێت. لە (فیجی)یش چاوەکان لەسەر پتەوکردنی سکرتاریەتی پەرلەمان و پشتگیریکردنی لیژنەکانو گەشەپێدانی خزمەتگوزاریی یارمەتیدانی پێشکەشکراوە بە ئەندامەکان و بازنەکانی هەڵبژاردن. هەروەها ڕێکەوتنێک، کە پەرلەمانی لوبنانی ساڵی١٩٩٩ ئەنجامیداوە، بەهێزکردنی هەریەک لە ئەرکی یاسادانان و چاودێریکردن لەخۆدەگرێت، ئەمە وێڕای ئەو پەیوەندیانەی دەیبەستنەوە بە کۆمەڵگەی مەدەنی و پەرلەمانەکانی ترەوە. بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان پشتگیریی هەموو ئەو چالاکیانەی پێشووی کردوە. لەناو وڵاتەکانی تردا، سانت کیتس یارمەتیگەلی

بەشێوەی پارەو سامانی مرۆیی لە ئەمینداریێتی کۆمنوێڵس وەرگرتووە. هەروەها زامبیا یارمەتیگەلی لە یەکێتیی لایەنە پارەبەخشەکان وەرگرتووە، بەمەبەستی جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی هەمەلایەنی چاکسازیی پەرلەمانتارانە.

یەکێکی تر لە ئامڕازە هەمەجۆرەکانی تەکاندان بە ڕەوڕەوەی چاکسازی، بەشدارییپێکردنی میللەتە، هەتاکو دەستی لە پرۆسەی چاکسازیدا هەبێت. بۆ نموونە، پەرلەمانی تورکی، وێڕای حکومەت و ئۆپۆزسیۆن، گفتوگۆی فراوانی لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکان و بیریارەکاندا بەرپاکردوە، ئەوەش دەربارەی ئەم بابەتە: «حەزدەکەیت چ جۆرە پەرلەمانێک هەبێت؟» هەروەها ڕۆژنامەنووسانو ئەکادیمیستەکان و هونەرمەندان بەشداریی ئەو گفتوگۆیانەیان کرد. لە زیمبابۆی، کاتێک پەرلەمان ساڵی١٩٩٦ بڕیاریـــدا بەرنامەیەکی چاکســازی دەستپێبکات، دەستیکردە «زنجیرەیەکی بێوێنەی ڕاوێژکردن بە میللەت و حکومەت».

«لیژنەیەک بۆ چاکســازی دیاریکرا، کە پێکهاتبوو لە وەزیرەکان و ئەوانەی کورسییەکانی پشتەوەی پەرلەمان داگیردەکەن. هەندێک لە ئەندامانی لیژنەکە چەندین دانیشتنی گوێگرتنیان لە گشت ناوچەکانی وڵات سازکرد، بۆ وەرگرتنی ڕای خەڵک و وێناکردنەکانیان دەربارەی پەرلەمان و چاوەڕوانییەکانیان لێی... ئەو بیروڕاو تێبینیانەی خەڵک دەریانبڕی، ئەم ئیمپرێشنانەی خوارەوەیان لەخۆدەگرت:

ا) پەرلەمان دامەزراوەیەکی ئاڵۆزەو پێگەیشتنی سەختە.

ب) پەرلەمان بارەگایەکە بۆ نووستن.

ت) پێویستە پەرلەمان ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە چاودێریکردنی کاروبارەکانی داراییو دانانی سیاسەتەکاندا.

ئەو ئیمپرێشنانە بەشێوەیەکی گەورە بەشداریانکرد لە داڕشتنی بەرنامەی چاکسازیدا. ئەگەرچی قەیرانەکانی ئێستا لە زیمبابۆی چاکسازییەکانی بۆ ماوەیەکی کاتی پەکخستوە، بەڵام ئەگەر بارەکە ئاسایی بێتـــەوە، ئەوا ئەو چاکسازیانە کاریگەریی گرنگیان لەسەر داهاتووی پەرلەمان دەبێت.

نموونەکەی پێشوو بانگماندەکات بۆ بیرکردنەوە لە هەندێک ئاستەنگی باو، کە دەشێت بەربەستن بن لەبەردەم پرۆسەی چاکسازیی پەرلەمانتارانەدا، یان ببنە مایەی مەترسی بۆی، لەوانە:

-بوونی ژینگەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نەگونجاو.

-بەش نەکردنـــی دەرامەت و ئەزموونەکان، تەنانەت لە سایەی یارمەتییە دەرەکییەکاندا.

-ئاقارەکانی دژ بە چاکسازی، بەتایبەتی لە پەرلەمانە چەسپیوەکاندا، یان لە کۆمەڵگە تەقلیدییەکاندا.

-لێکدژیی بەرژەوەندییەکان لەناو پەرلەماندا، بەرژەوەندییە تایبەتییەکان دەشێت ئاستەنگ بۆ هەر ئاقارێکی چاکسازی دروستبکەن.

-خێراکردنی جێبەجێکردنی هەندێک لەو پێشنیارانەی نەخراونەتە ژێر تاقیکردنەوەی تەواوەوەو دەشێت ببنە مایەی سەرەنجامی ترسناک و لەقبوونی متمانە بە پەرلەمان.

بۆ نموونە، ئەمە شرۆڤەکردنێکی ڕاشکاوانەی هۆڵەندییە، دەربارەی ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی پرۆسەی چاکسازیی پەرلەمانتارانە دەبنەوە:

-ئەنجومەنی نوێنەرانی هۆڵەندی پێکهاتووە لە ژمارەیەکی ڕێژەیی گەورەی گرووپەکانی حیزبە سیاسییەکان (تێکڕا نۆ دانە)، بۆیە سازشەکان کۆڵەکەیەکی بنچینەیی بڕیارسازی پێکدەهێنن، تەنانەت ئەگەر تروسکەیەک لە ڕاستکردنەوەی پێشنیارەکانی چاکسازیدا بەدی نەکرێت.

-بەرژەوەندییەکانی گرووپە حیزبیە بچووکەکان جیاوازە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی گرووپە حیزبییە گەورەکان، کە کاریگەریان هەیە لە بواری بڕیاردان لەسەر هەندێک پێشنیاری چاکسازی.

-گۆڕینی شێوازەکانی کاری پەرلەمانتارانە تەنیا پێویستی بە ڕاستکردنەوەی ڕێکخستنی پەرلەمانتارانە نییە... بەڵکو پێویستیشی بە هێنانەئارای گۆڕانکاری لە کولتووری پەرلەمانتارانەشدا هەیە، تەنانەت ئەگەر هێنانەدیشی سەخت بێت.

ڕاپۆرتی عومان نموونەیەکی جیاواز دەربارەی ئەو شێوازە پێشکەشدەکات، کە کولتووری کۆمەڵگە ئاستەنگ بۆ ڕێڕەوی چاکسازیی دروستدەکات، چونکە جێبەجێکردنی سیستەمێکی هەمەلایەنی دەنگدان شکستیخواردوە، ئەوەش لەبەر ئەم هۆیانە: «ئامادەنەبوونی ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیان بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا... ژنان مافی خۆیان بەمەبەستی کاندیدبوون بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنەکە بەکارنەهێنا». لە (مالی)یش کارڕاییکردنی نوێنەرەکان، ئەنجامی کەم هوشیاریی هەڵبژێرەکانیان، ڕووبەڕووی گەلێک ئاستەنگی جیاواز بۆتەوە، بەڕەچاوکردنی جیاوازیی بارودۆخی ناوچە شارنشین و گوندنشینەکان:

«چەندین هاوڵاتی لە شارە گەورەکاندا لەو بڕوایەدان، ئەنجومەنی نیشتیمانی دامەزراوەیەکە پارە بەهەدەردەدات و ناتوانن دەرک بە سوودی ڕاستەوخۆی بکەن.

زۆربەی ئەوانە پێیانوایە، ئەو هەرلومەرجە دارایی و مادی و کۆمەڵایەتییەی دەرفەت بۆ نوێنەرەکان، بە حوکمی پۆستەکانیان، دەڕەخسێنێت پێگەکانی خۆیان بپارێزنو ئەرکەکانیان بەشێوەیەکی شایستە ئەنجامبدەن، تەنیا دەستبڵاوییە.

کەچی بەلای دانیشتوانی ناوچە گوندنشینەکانەوە، کە ٨٠٪ی هەڵبژێرەکان پێکدێنن، ئەو پۆستەی نوێنەر بەدەستیدێنێت، ناچاریدەکات دوای هەڵبژاردنی، لە هەر کات و هەلومەرجێکدا بێت، خزمەتی هەڵبژێرەکانی بکات. (بۆ نموونە، ئامادەبوونی بۆنە ئایینیەکان، ئاهەنگی هاوسەرگیری و تەعزییەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرەکان).

سەبارەت بە شیانی جێبەجێکردنی چاکسازی و ئەو بەهانەیەی پشتگیرییدەکات، دەکرێت جارێکی تــر بەڕوونی هێما بــۆ ئەوە بکەین، زۆربەی جارەکان چەند ئیعتیباراتێکی جۆراوجۆر هەن بۆ لێک جیاکردنەوەی چاکسازییەکان و واچاکە ئەو چاکسازییە وەلاوەبنرێت، کە کەموکورتیی تێدایە. باشترین نموونەش، کە زۆربەی پەرلەمانەکان پیایدا تێپەڕیون، چۆنییەتی ئاسانکردنی کارڕاییەکانە، هەتاکو دەرفەت هەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ زۆربوونی هەمیشەیی قەبارەی کارکردندا، بەبێ ئەوەی ئەوە سنووردابنێ بۆ گوزارشتکردن لە بیروڕا جۆربەجۆرەکان، یان مافەکانی هەر ئەندامێک بەتەنیا. مرۆڤ لێرەدا تەنیا ئەوەی پێدەکرێت، سەرسامبێت بە لێهاتوویی لوک سابهای هیندی، کە دەتوانێت بەپیر پێداویستییەکانی هەر سی و هەشت حیزبەکەیەوە بچێت، بەبێ ئەوەی بۆ چرکەساتێکیش لە کار ڕاوەستێ. یەکێک لەو ستراتیژانەی ئێستا لەلایەن ژمارەیەک پەرلەمانەوە بەکاردەهێنرێت، جێبەجێکردنی ئەو گۆڕانکاریانەیە کــە پێشنیارکراون بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، هەتاکو بتوانێت کاریگەرییەکانی چاودێرییبکات، پێش ئەوەی ببێتە هەمیشەیی. لە بارودۆخی ئەو کێشانەی پەرلەمانی هۆڵەندی دیاریکردوە (بڕوانە پێشتر)، ئەو ستراتیژە سوودی سەلماوە. دەشکرێت ئەوەی لە ڕاپۆرتەکەیەوە وەرگیراوە، دەرفەت بڕخسێنێت بۆ ئەوەی ئەم کورتەباسکردنەی پێ تەواوبکەین: «بەدڵنیاییەوە ئەوە سەلماوە، پیادەکردنی چاکسازییە پێشنیارکراوەکان، پێش جێبەجێکردنیان، چارەسەرێکی سەرکەوتووە بۆ کێشەکانی پێشوو، چونکە ئەو پێشنیارانەی کاتی دەربڕینیان دژایەتیی زۆر کران، لەواقیعدا سەرەنجامگەلی باشی سەرنجڕاکشیان هێنایەدی».

## پلاندانان بۆ داهاتوو

«ڕووبەڕووبوونەوەی داهاتوو» بەلای پەرلەمانەکانەوە، مانای زۆری هــەیــە. لەوانە بەپیرەوەچوونی ئەو فشارانەی، ئەنجامی گۆڕانی کۆمەڵگە و سیستەمێکی

جیهانی دێتەئاراوەو بەخێرایی دەگۆڕێن، بەبێ ئەوەی خەسڵەتە جیاكارەكانی وڵاتەكانیان وەژێرەوەبنێن. هەروەها بەردەوامیی چاكسازی لە كارڕاییەكانیاندا، هەتاكو لەگەڵ تەحەدداكانی سەردەم و ڕۆڵی پەرلەماندا، وەك پارێزەری دیموكراسی، هاوڕێبن. دەشێت مانای بیركردنەوەی دوورمەوداش بێت لە داهاتووی وڵاتەكە، بەشێوازێك كە پشت دەستپێشكەری ببەستێ، نەك تەنیا بەپیرەوەچوونی ئەو دەستپێشكەرییانەی حكومەتەكان لەسەر سینییەكی ئاڵتونی پێشكەشیاندەكەن. لێرەدا سێ نموونە لەسەر ئەو پلاندانە بۆ داهاتوو دێنینەوە. یەكەم لەلایەن «لیژنەی لاوەكیی تایبەت بە پەرەپێدانی داهاتووخوازی لاتفیا»وە پێشكەشكراوە، كە ساڵی٢٠٠٣ دامەزراوەو سیانزە ئەندامی پەرلەمان لە گشت گرووپەكانی سیماس لەخۆدەگرێت. ڕاپۆرتەكەی لە پەرلەمانی لاتفیاوە هاتووەو ئەركەكانی خۆی بەم شێوەیە دەخاتەڕوو:

- كاركردن بۆ داڕشتنی بەڵگەنامەیەكی یەكگرتوو بەمەبەستی پەرەپێدانی داهاتووخواز لە لاتفیاو بینینی لە ماوەی ١٥-٢٠ساڵدا، كە دەتوانێت پەرەپێدانی بەردەوام لە لاتفیا بێنێتەدی و ئاستی خۆشگوزەرانیی كۆمەڵایەتی و ئاسایشی هەر تاكێكی كۆمەڵگە بەرزبكاتەوە.
- دروستكردنی پەیوەندیگەلی هاوكاریكردن لەگەڵ دامەزراوە حكومییە جۆربەجۆرەكان و زانایانو لاوانو تاكەكانی تری كۆمەڵگەو بەرپاكردنی گفتوگۆی هاوبەش بەمەبەستی گەیشتنە ئەو دەرفەتانەی هێنانەدیی پەرەپێدان و پێشبڕكییەكی خێراتر لە لاتفیا مسۆگەردەكەن.
- ڕێكخستن و سازدانی موحازەرەكان دەربارەی بابەتە گرنگە جۆربەجۆرەكان لە بواری زانینەكان و ئابووریی نیشتیمانیدا، كە سەرچاوەیەكی سوودبەخش دەبن بۆ زانیارییەكان، بەمەبەستی هێنانەدیی ئەو ئامانجانەی ئەندام پەرلەمانەكان دیاریانكردووە.

لە ئیسرائیل ساڵی٢٠٠١ «لیژنەی نەوەكانی داهاتوو» لە كنیست دامەزرا. ئامانجی لیژنەكە، بەخشینی ڕەهەندێكی داهاتووخوازییە بە یاسادانانە نیشتیمانییەكان، ئەوەش لە ڕێگەی بیروڕا دەربڕینو پێشكەشكردنی ڕاسپاردەكان لە قۆناغگەلێكی بە ڕوونی دەستنیشانكراوی پرۆسەی یاساداناندا، سەبارەت بەو یاسادانانانەی بەلای نەوەكانی داهاتووە گرنگن.

نموونەیەكی كۆنترو بڕواپێكراوی تر هەیە، ئەویش «لیژنەی فنلەندا بۆ داهاتوو»ـە، كە ساڵی١٩٩٢ دامەزراوە، كاتێك «ئیدوسكونتا» بڕیارێكی دەركرد، دەیسەپێنێ

بەسەر حکومەتدا ڕاپۆرتێک دەربارەی گەشەکردنەکانو بژارە درێژخایەنەکانی بەردەم فلنەندا بەرزکاتەوە بۆ پەرلەمان. ئەوەبوو لیژنەی داهاتوو بۆ ماوەیەکی کاتی دامەزرا، بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی ئەو ڕاپۆرتەو وەڵامدانەوەی، بەڵام دواتر لەسەر کارەکانی خۆی بەردەوامبوو، هەتاکو ساڵی٢٠٠٠ بووە لیژنەیەکی هەمیشەیی. لیژنەکە پێیوایە ڕۆڵی بریتییە لە ڕاستکردنەوەی ئەوەی بە کەموکوڕیی مەترسیدار دادەنرێ، مەبەست لەوەش ئەوەیە «پەرلەمانەکان لە کاتی ڕاییکردنی کاری ئاسایی یاساداناندا، چاوپۆشی لە تەحەددا ڕێکخراوەییە دوورمەداکان و ئەو بەهایانە دەکەن کە پشتیان پێ دەبەستن».

لیژنەکە پێکدێت لە ١٧ئەندامی گشت حیزبەکانو پەیوەندییەکی توندوتۆڵی هەیە لەگەڵ ئۆفیسی سەرۆک وەزیران و لە داڕشتنی سیاسەتە باڵاکاندا ڕۆڵێکی هاوشێوەی ئەوەی حکومەت دەگێڕێت، بەڵام ئەو زیاتر جەغت لەسەر «گفتوگۆی پشتبەستوو بە بەهاکان» دەکاتەوە، تاوەکو جێبەجێکردنی سیاسەتەکان. ئەمەش لیستی ئەو بابەتانەیە، کە بەدرێژایی دە ساڵی دوایی تاوتوێیکردوون:

١. ڕاپۆرتەکان دەربارەی داهاتوو بۆ بەپیرەوەچوونی ڕاپۆرتەکانی حکومەت دەربارەی:

- کێشەکانی ژینگەو کێشە جیهانییەکانی تر.
- ئاسەوارەکانی پەرەپێدانی ئابووری و شێوازەکانی تری پەرەپێدانی ئەورووپی لە فنلەندا.
- ئەو هۆکارانەی پەیوەندیان بە فنلەندای پێشبڕکێکارو سەرکەوتنییەوە هەیە.
- پەرەپێدانی هەرێمایەتی.

٢. ئەو بابەتانەی پەیوەندیان بەو ڕووداوانەوە هەیە کە لەسەر بنەمای دەستپێشکەریی لیژنەکە لە دانیشتنەکانیداو بەئامادەبوونی گشت ئەندامەکانی دەردەبڕدرێن:

- تەکنۆلۆژیای ئەندازیاریی بۆماوە، کە لە بەرهەمهێنانی خۆراکدا بەکاردێت.
- دە ئاستەنگ لەبەردەم کارکردندا.
- داهاتووی کۆمەڵگەی زانیاریی فنلەندی.

٣. هەڵسەنگاندنی تەکنۆلۆژیا:

ئەم بوارە لە سەرەتاوە تەوەرەی سەرەکیی بایەخپێدانی لیژنەکە بووەو سێ نەوەی پرۆژەکانی بەخۆوەدیوە، یەکەمیان بەڕاسپاردەی چەند پەیمانگەیەکی توێژینەوەی دەرەکی ئەنجامدرا، کەچی دوەمو سێیەم بەشداریکردنێکی ڕاستەوخۆی

زیاتری ئەندام پەرلەمانەکانی لە گرووپەکانی کارکردندا، شان بەشانی شارەزایانی دەرەوەی پەرلەمان، بەخۆوەدی. بابەتە هەڵبژێردراوەکان بریتیبوون لە: بەڕێوەبردنی مەعریفە، بەپیرەوەچوونی وزەو سەرچاوە هەمیشە نوێکانی، سەرمایەی کۆمەڵایەتیو تەکنۆلۆژیای زانیاری، سیستەمە هەرێمایەتییەکانی داهێنان. لیژنەکە پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ پەرلەمانەکانی ئەوروپادا هەیە، ئەویش لە ڕێگەی «تۆڕی ئوروپی پەرلەمانتارانە بۆ هەڵسەنگاندنی تەکنۆلۆژیا».

ئەمەش باسکردنێکی شێوازی کاری لیژنەکەیە:

«شێوازی کارکردنی لیژنەی داهاتوو، بە کرانەوەو داهێنانی لە چالاکییەکانی لیژنەکانی تر جیادەکرێتەوە. لیژنەکە بە هەرێمەکاندا گەڕاوەو چەندین کۆڕی سازداوەو بەردەوامیش بەدوای شێوازگەلی نوێی کارکردندا دەگەڕێت. ئەوەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی مەنهەجی دیلفیو مەنهەجە داهاتووخوازەکانی تری توێژینەوەوەو گوێگرتن لە لاوانو خاوەن شارەزاییەکانی تر لە گفتوگۆکانداو بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای نوێی زانیارییەکانو ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی بەراوردکارانە...

سەبارەت بە چالاکییەکانی لیژنەکە، لێکدابڕانێک لەنێوان هەردوو ئاستی نیشتیمانیو نێودەوڵەتیدا نییە، چونکە تەحەدداکانی داهاتوو تەنیا نیشتیمانی نین، بەڵکو لە جیهانێکی کراوەتردا تەحەددا نێودەوڵەتییەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتردەبن. لیژنەکە چالاکییەکانی خۆی لە سەرەتای دەستبەکاربوونییەوە پێش دە ساڵ دەستپێکردووەو لە شرۆڤەکانیدا بایەخێکی تایبەتیی بەو بابەتانە داوە کە لە کۆمەڵگەدا باوبوون. لە نەوەتەکاندا بابەتە باوەکانی کۆمەڵگەی فنلەندیی بەمجۆرە دیاریکردوە: بەجیهانیبوون، زانست و تەکنۆلۆژیا، داهێنانەکان و بەڕێوەبردنی حوکمڕانی. لە سەدهەمین ساڵیادی پەرلەمانی فنلەندیدا لە ساڵانی ٢٠٠٦و ٢٠٠٧دا لیژنەی داهاتوو بابەتی ئایندەی دیموکراسی کردە تەوەرەی گفتوگۆکانی».

لە ڕاپۆرتەکەی پەرلەماندا، دەربارەی دەسەڵاتی لیژنەکە لە بواری دیاریکردنی ئەو بابەتانەدا کە باسدەکرێن، وا چاکە ئەمەی خوارەوە بە نموونە بهێنینەوە:

«یەکێک لە وتە بەنرخەکان ئەوەیە، گەشتی هەزار میل بە هەنگاوێک دەستپێدەکات. هەنگاوی یەکەمیش ڕووەو دەسەڵات لە ژیانی سیاسیدا، جا لەهەر ئاستێکدا بێت، ئەوەیە جڵەوبگریتەدەست و خۆت لە شوێنێکدا دابنێی، بتوانیت بابەتگەلێک دیاریبکەیت کە گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت. لە ئیدوسکونتا لیژنەی داهاتوو لە سەرەتاوە ئەو ڕێبازەی بەجدیی وەرگرتووەو تەنیا دە ساڵە دەستی بەکارەکانی خۆی کردووەو هێشتا زۆر زووە بۆ دیاریکردنی ئەوەی، داخۆ سەرکەوتووبووە لە

جێبەجێکردنیدا یاخود نا. لەگەڵ ئەوەشدا مەسەلەیەکی گومانهەڵنەگر هەیە، ئەویش ئەوەیە: لیژنەکە، وەک دامودەزگایەکی سیاسیی داهێنەر، پێگەی خۆی لە سیستەمی پەرلەمانتاریی فلنلەندیدا بەدەستهێناوەو بەدرێژایی ئەو ساڵانە مونتەدایەکی نوێی هێناوەتەئاراوە، کە لە دڵی سیستەمی پەرلەمانتاریدا کاردەکات. لەوەش گرنگتر، لیژنەکە سەلماندویەتی، هێشتا کارڕاییەکانی پەرلەمان شایانی پێڕەویکردنن، بۆ جڵەوگرتنەدەست لە چوارچێوەی دیموکراسیدا».

ئەم توانجە دواوتەی واتاداری پۆزەتیڤانەی ئەم ڕێبەرەیە، چونکە ئەوە وەبیر ئەندامانی پەرلەمان دێنێتەوە، بەکردەوە دەتوانن جڵەوبگرنەدەست، بەمەبەستی کاریگەریخستنە سەر داهاتووی وڵاتەکەیانو پلاندانان بۆ ئەو داهاتووە. بۆ ئەوەش هیچیان پێویست نییە، جگە لەوەی متمانەیان بەخۆیان هەبێت و ئەو دەسەڵاتانە بەکاربهێنن کە بەدەستیانەوەیە.

# پاشکۆکان

## پاشکۆی (١)
## ئەو دەوڵەتانەی پەرلەمانەکانیان ڕاپۆرتیان پێشکەش بەم ڕێبەرە کردووە

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئەردون | ڤێتنام | کریباتی | |
| ئێرلەندا | ڕووسیای سپی | کەنەدا | |
| ئیسپانیا | ڕووسیای فیدرالی | کوت دیڤوار | |
| ڕۆمانیا | زامبیا | مۆناکۆ | |
| ئوستralia | لاتفیا | زیمبابۆی | |
| ئیستۆنیا | سامو | نەرویج | |
| لوبنان | سانت کیتس و نیڤیس | پۆڵەندا | |
| ئیسرائیل | سلۆڤاکیا | نیوزلەندا | |
| لۆکسمبۆرگ | سلۆڤینیا | شیلی | |
| ئیسلەندا | سەنگافورە | هیندستان | |
| لیتوانیا | سەنگال | تونس | |
| ئیکوادۆر | سورینام | یابان | |
| ماڵتا | سوێد | کۆماری کۆریا | |
| ئەڵمانیا | سویسرا | ڤیجی | |
| مالی | سیریلانکا | باشووری ئەفریقا | |
| ئۆکرانیا | سیربو چیای ڕەش | نەمسا | |
| هەنگاریا | چین | هۆڵەندا | |
| ئیتالیا | عەمان | یۆنان | |
| میسر | گاپۆن | بورکینا فاسو | |
| ئینگلستان | فەڕەنسا | تورکیا | |
| مەکسیک | فلپین | کۆماری چیک | |
| پۆرتوگال | فنلەندا | مەنگۆلیا | |
| شانشینی سعودی | کۆماری مۆڵدۆڤا | قوبرس | |
| بەلجیکا | کۆماری مەقەدۆنیای یۆگۆسلاڤی | یۆنان | |
| دانمارک | کامیرۆن | کرواتیا | ڕاواندا |

# پاشکۆی (٢)

# گرووپەکانی کارکردنی پەیوەندیداری تایبەت بە بەشداریکردنی پەرلەمانەکان لە دیموکراسیدا

**بڕیاردەر**

## د. دەیڤید بیتام:

دەیڤید بیتام چەند پۆستێکی هەیە، ئەو مامۆستای فەخرییە لە زانکۆی لیدزو ئەندامی ناوەندی مافەکانی مرۆڤە لە زانکۆی ئیسکس، یاریدەدەری بەڕێوەبەری ناوەندی بەریتانییە بۆ چاودێریکردنی دیموکراسی. ئێستا ئەو یەکێکە لە بەناوبانگترین و دەرکەوتووترین شارەزاکانی بواری دیموکراسی، جا ئەوە لە ڕووی تیۆرییەوە بێت یان پراکتیکی و چەندین بڵاوکراوەی لەو بوارەدا هەیە. ئەمە وێڕای کتێبەکانی لەبارەی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤەوە. بیتام شێوازگەلی نوێی دۆزیوەتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ، بۆ جێبەجێکردنیشیان کاری لەگەڵ چەندین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کردوە.

نوێترین کتێبەکانی: «بیروڕای نێودەوڵەتی سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی دیموکراسی» (International Idea Handbook on Democracy & Assessment)، «بارودۆخی دیموکراسی» (Stat of Democracy). ئەم دوو کتێبە ساڵانی ٢٠٠٢و ٢٠٠٣ لەلایەن دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی کلووێرەوە بۆ چاپکراوە یاساییە نێودەوڵەتییەکان (Kluwer Law International) بڵاوکراونەتەوە. «دیموکراسی لە سەردەمی بلێردا» (Democracy under Blair) (دەزگای بڵاوکردنەوە: پۆلیتیکۆ Politico ساڵی ٢٠٠٣). «دیموکراسی: ڕێبەرێک بۆ نۆکار» (Democracy: a beginner›s Guide) (دەزگای بڵاوکردنەوە: چاپکراوەکانی وەن ۆرڵد One world ساڵی ٢٠٠٥). «ناساندنی دیموکراسی: ٨٠ پرسیارو وەڵام» (Introducing Democracy: ٨٠ Question & Answers) (دەزگای بڵاوکردنەوە: یۆنیسکۆ، ساڵی ٢٠٠٦) ئەم کتێبە دووجار چاپکراوە.

## ئەندامانی گرووپی کار

## مامۆستا ئیبراهام بۆرگ

### سەرۆکی پێشوی کنیستی ئیسرائیلی

هەروەها سەرۆکی پێشووی حیزبی ڕاستڕەوی نیشتیمانییە. ئێستا یەکێکە لە ئەندامە دەرکەوتووەکانی حیزبی کاری ئیسرائیلی و ناودارترین ئەندام پەرلەمان

لەناو میللەتدا. ساڵی١٩٩٩ پۆستی سەرۆکی کنیستی وەرگرتوە، بۆ ئەوەی ببێتە کەم تەمەنترین کەس، کە ئەو پۆستەی بەدەستهێناوە.

بۆرگ لە ڕاگەیاندنە بوێرەکانیدا وتویەتی: دیموکراسی لە ئیسرائیل، بەبێ جێبەجێکردنی پرنسیپی یەکسانیی مافەکانی هەموو ئەوانەی لەسەر زەویی ئیسرائیل دەژین، جا عەرەب بن یــان جولەکە، نایەتەدی. لە یەکی کانونی یەکەم/ دیسەمبەری ٢٠٠٣دا دانوستاندن لەنێوان ئیبراهام بۆرگ و گرووپێک لە سەرکردە مەدەنییەکانی ئیسرائیل و فەڵەستیندا ئەنجامدراو لە ڕێگەیەوە ڕێکەوتننامەی ژنێڤی پێشنیاریانکراو واژۆکرا، کە ئەگەر جێبەجێبکرابایە، ئەوا دەبووە مایەی چارەسەرکردنی هەندێک لە مەسەلە ئاڵۆزەکانی ململانێی نێوان ئیسرائیل- فەڵەستین و زەمینەی خۆشدەکرد بۆ کۆتاییهێنان بە خوێنڕشتنی دەیان ساڵە.

## مامۆستا: پییەر کۆرنیون

### ئەمینداری فەخری یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتی

پییەر کۆرنیون لە ساڵی ١٩٨٧-١٩٩٨ پۆستی ئەمینداری گشتیی یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتیی وەرگرتووەو پێش هەڵبژاردنی بۆ ئەو پۆستە، نزیکەی ٢٢ساڵ خزمەتی ئەو یەکێتییەی کردوە. لە ساڵی ١٩٩٨وە، بۆ ئەنجامدانی کار لەپێناو چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسیدا، نێردراوە بۆ چەندین دەوڵەت. هەروەها بەشداریکردووە لە چەندین کۆبوونەوەی نێودەوڵەتیداو چەند پۆستێکی ڕاوێژکاریی لە دامودەزگا نێودەوڵەتییە جۆربەجۆرەکاندا وەرگرتووە، کە لەبواری پەرلەمانەکان و دیموکراسیدا کاردەکەن.

کۆرنیون ئەندامی لیژنەی نێودەوڵەتیی تایبەت بە دیموکراسی و پەرەپێدانە، کە بەڕێوەبەری گشتیی ڕێکخراوی یۆنیسکۆ ساڵی١٩٩٨ دایمەزراندوە، بەمەبەستی سەرپەرشتیکردنی ئەو بەرنامەی بەهێزکردنـــەی دیموکراســـی، کە یەکێتییەکە داینابوو. هەروەها وەک ڕاوێژکـــاری گرووپـــی وڵاتانی ئەفریقاو دەوڵەتەکانی دەوروبەری دەریای کاریبی و ئۆقیانوسی ئەتڵەسی لە برۆکسل کاردەکات، بۆ یارمەتیدانیان لە بواری دامەزراندنی ئەنجومەنی پەرلەمانتاریـــدا. پـــاش ئەوەی ئەندامی ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی نێودەوڵەتیی سەر بە «دامەزراوەی نێودەوڵەتی بۆ سیستەمەکانی هەڵبژاردن» (IFES.Ltd.) ئێستا ئەندامی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی دامەزراوەکەیە لە لەندەن.

## مامۆستا: ئۆلیڤەر دولامار دوبۆتیڤلی

**یاریدەدەری بەڕێوەبەری دەزگای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە ئەنجومەنی پیرانی فەڕەنسا**

لە ساڵی ١٩٨٧وە فەرمانبەری سامییە لە بەڕێوەبردنی ئەنجومەنی پیرانی فەڕەنساداو تیایدا چەندین پۆستی وەرگرتووە، لەوانە لیژنەی دارایی (بۆ ماوەی حەوت ساڵ)، سەرۆکایەتیی گرووپێکی گەورە فەرمانبەرانی پەرلەمانی دەکرد، کە تایبەت بوو بە یارمەتیدانی بڕیاردەری بودجەی گشتی لە فەحسکردنی لایەنە هونەرییەکانی یاساکانی داراییدا. پاش ئەوە بۆ ماوەی چوارساڵ ئەنجومەنی پیرانی جێهێشت، بۆ ئەوەی لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٥ –١٩٩٧دا وەک ڕاوێژکاری وەزیری ئابووری و دارایی ئەوکاتە (مامۆستا جین ئرسویس) کاربکات. پاش دووساڵ کارکردن لە کەرتی تایبەتدا، جارێکی تر لە کانونی دووەم/ جەنیوەریی ٢٠٠٠دا گەڕایەوە بۆ ئەنجومەنی پیرانو هەتاکو ساڵی ٢٠٠٢ یاریدەدەری بەڕێوەبەری دەزگای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانو بەرپرسی هاریکاریکردنی دوولایەنەو فرەلایەنەو پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بووە.

## د. پیتەر ڕۆناڵد دیسۆزا

**بەڕێوەبەری بەشدار لە بەرنامەی لوکنیتی-**
**پەیمانگەی دیموکراسیی بەراوردکار لە نیودەلهی**

پۆستی مامۆستای میوانی لە ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی کۆمەڵگە تازەپێگەیشتووەکان هەیەو ئێستا هاماهەنگکاری چالاکییەکانی «پڕۆژەی بارودۆخی دیموکراسی لە باشووری ئاسیا» (SDSA)یە.

بۆ ماوەی شانزە ساڵ دیسۆزا مامۆستابووە لە بەشی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی «گوا». لە ئازار/ مارسی٢٠٠٠دا بۆتە مامۆستای میوان لە کۆلیژی بێرکبێک لە زانکۆی لەندەن. لە ئایار/ مایۆی٢٠٠١دا بۆتە مامۆستای میوان لە ناوەندی تەوبمان لە قوتابخانەی کەنەدیی بۆ حوکمڕانی لە زانکۆی هارڤارد. لە ڕووی تێوری سیاسییەوە، دیسۆزا بەشداریکردوە لە لێکۆڵینەوەیەکدا، کە دەشێت ناوی «لوغزەکانی دیموکراسیی هیند»ی لێ بنێین. لەو بابەتانەی کۆششی خۆی لەسەر چڕکردوونەتەوەو هۆشداریی دەربارەیان داوە، بابەتی قەدەغەکردنی کتێب، چاکسازیی هەڵبژاردن، ناناوەدێتی لە بەڕێوەبردنی حوکمڕانیدا، توندوتیژیی هەڵبژاردن، حیزبە سیاسییەکان، ئاسایشی مرۆڤ، مافەکانی کەمایەتییەکان لە هیندستان، توێژە هەژارەکانو ڕاستکردنەوەی هەڵە مێژووییەکانە.

هەروەها دیسۆزا، وەک ڕاوێژکاری پەیمانگەی نێودەوڵەتی بۆ دیموکراسیو یارمەتیدانی هەڵبژاردن (IDEA)و پێنجەمین کۆنگرەی نێودەوڵەتیی دیموکراسییە تازەپێگەیشتووەکان یان دیموکراسییە بەدەستهاتووەکان (ICNRD-٥)، بانقی نێونەتەوەیی، دامەزراوەی فۆرد (Ford Foundation)و بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDP)، کاریکردووەو چەندین وتاری سەبارەت بە دیموکراسی لە ڕۆژنامە نیشتیمانیو جیهانییەکاندا بڵاوکردۆتەوە.

## د. یاکین ئێرتورک

### بڕیاردەری نەتەوە یەکگرتووەکان، تایبەت بەتوندوتیژی دژی ژنو هۆکارەکانو سەرەنجامەکانی

ژنەمامۆستای کۆمەڵناسییە و لە زانکۆی تەکنیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەنقرە سەرۆکی بەرنامە لێکۆڵینەوەکانی جۆری کۆمەڵایەتی (جێندەر)و ژنان بووە. هەروەها وەک مامۆستا لە ناوەندی کچان لە زانکۆی مەلیک سعود لە ڕیاز کاریکردووەو لەماوەی سالآنی (١٩٧٩-١٩٨٢)دا سەرۆکایەتیی ناوەندەکەی کردووە. هەروەها لە ساڵی ١٩٩٧وە هەتاکو ساڵی٢٠٠١ لە نەتەوە یەکگرتووەکان، وەک بەڕێوەبەری پەیمانگەی نێودەوڵەتی بۆ توێژینەوەو ڕاهێنانی پیشەیی، کاریکردوە، بایەخی بە پەرەپێدانی ژنان لە سانتو دۆمنگۆ دەدا. دواتر بۆتە بەڕێوەبەری تایبەت بە پەرەپێدانی ژنان لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک. لە ئاب/ ئۆگەستی٢٠٠٣دا لەلایەن لیژنەی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، وەک بڕیاردەری تایبەت بە توندوتیژیی دژ بە ژنانو هۆو سەرەنجامەکانی، دامەزراوە.

بوارەکانی بایەخپێدانی ئێرتورک بریتین لە: مافەکانی مرۆڤ، سیاسەتەکانی تایبەت بە شوناس، توندوتیژیی دژی ژنان، بەجیهانیبوون، بزووتنەوە جەماوەرییەکان، شێوازەکانی بەکارهێنانی دەستی کارو مافی ژنان لە پیادەکردنی دیموکراسیدا. ئێرتورک ساڵی ١٩٨٠ دکتۆرای لە بواری کۆمەڵناسیی پەرەپێداندا لە زانکۆی کورنیل بەدەستهێناوە.

## مامۆستا سکۆت هۆبلی

### بەڕێوەبەری بەرنامەکانی بەڕێوەبەری حوکمڕانی لە پەیمانگەی دیموکراسیی نەتەوەیی بۆ کاروباری نێودەوڵەتی (NDI)

مامۆستا هۆبلی، لە بواری بەهێزکردنی یاسادانانەکانو سەرپاستیی گشتیو

حوکمڕانیی قانونو بەرنامەکانی حوکمڕانیی ناوچەیی لە گشت ناوچەکانی جیهان پشتگیریی هونەریی پێشکەش بە پەیمانگەکە دەکات. هۆبلی، بەپێی پۆستەکەی، ڕاوێژ دەربارەی ستراتیژی بەرنامەی بەڕێوەبردنی حوکمڕانیو نەخشەبۆدانانو جێبەجێکردنو هەڵسەنگاندنی دەداتە کارمەندانی پەیمانگەکە. هەروەها کاردەکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی گرووپێکی شارەزای خۆبەخش لە خزمەتکردنی گشتیدا، لەگەڵ ڕاهێنەرەکانی بابەتەکانی بەڕێوەبردنی حوکمڕانی. لەو کاتەوە چۆتە ناو پەیمانگەکە، لە تشرینی دوەم/ نۆڤەمبەری ٢٠٠٠دا، بە وەفد نێردراوە بۆ زیاتر لە ٢٠ دەوڵەت، بەمەبەستی هەڵسەنگاندنو ڕاهێنانی پەرلەمانتارانە.

مامۆستا هۆبلی لیسانسی لە مافەکانو پلەی شەرفی لە کۆلیژی مافەکانی زانکۆی ویسکونسن بەدەستهێناوەو ماجستێری لە سیاسەتو بەڕێوەبردنی گشتی لە پەیمانگەی م. لافولیت بۆ کاروبارە گشتییەکان بەدەستهێناوە. پێش ئەوەی بچێتە ناو پەیمانگەی دیمەکراسیی نەتەوەییەوە (NDI) وەک ڕاوێژکاری هونەری پایەبەرز لە یەکێک لە پرۆژەکانی «ئاژانسی ئەمریکی بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی»دا (USAID) کاریکردوە، کە ئامانجی پشتگیریکردنو بەهێزکردنی ئەنجومەنی یاساداناانی فەڵەستینی بوو. هەروەها وەک ڕاوێژکاری یاسادانان لە ویلایەتی ویسکونسنو ئەندامی دامەزراوەی دیبیڤویسو پلیمپتونی یاسایی لە نیویۆرک (Debevoise & Plimpton) کاریکردوە.

### مامۆستا: فرانسیس کپاتیندی

**گەورە بەرپرسی ڕاگەیاندنە هەرێمایەتییەکان**

**لە کۆمیسارییەتی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران.**

ساڵی ١٩٨٦ چۆتە ناو گۆڤاری «جون ئەفریک»ەوە (Jeune Afrique) بۆ کارکردن وەک ڕۆژنامەنووس. ئینجا ساڵی ١٩٩٣بۆتە یەکێک لە ئەندامانی وەفدی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پێشکەشکردنی یارمەتییەکان بە هاییتیو ساڵی ١٩٩٤ سەرپەرشتیاری یەکەمین هەڵبژاردن، لە ئەفەریقای دوای کۆتاییهاتنی جیاوازیکاریی ڕەگەزپەرستانە. لە ماوەی نێوان ئازار/مارس - تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ١٩٩٧داو پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ گۆڤاری «جون ئەفریک»، بۆ ئەوەی یەکێک بێت لە سەرنووسەرەکانی، لە «ئۆفیسی کۆمیساری سامیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروبارەکانی پەنابەران» (UNHCR) قسەکەری ڕەسمی بووە بە ناوی ئەفریقاوە. لە ئایار/ مایۆی ٢٠٠٥وە پۆستی گەورە بەرپرسی

ڕاگەیاندنە هەرێمییەکانی لە ئۆفیسی کۆمیساری سامیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروبارەکانی پەنابەران لە خۆرئاوای ئەفریقا وەرگرتووە.

کپاتیندی «دیبلۆمی لە خوێندنی باڵای تایبەتمەند»، لە بواری دیپلۆماسی و بەڕێوەبردنی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکاندا، لە زانکۆی یانزەهەمینی پاریس بەدەستهێناوە.

## مامۆستا: مارتا لاگۆز کروز - کۆک

**خانمە بەڕێوەبەری جێبەجێکار بۆ ڕاپرسیی بارۆمیتریی لاتینی** «Latino Barometro»

مارتا لاگۆز لە ساڵی ١٩٨٤وە لە بواری ڕای گشتیدا کاردەکات، سەرەتا لە «ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی واقیعی هاوچەرخ» (CERC) دەستیپێکردو لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٠- ١٩٩٣دا بۆتە بەڕێوەبەری. هەروەها «ڕاپرسیی بارۆمیتریی ناوەندی» دەستپێکردوە. ئەمەش ڕاپرسیی ڕای گشتییە بەمەبەستی چاودێریکردنی ماوەی گوێزانەوەی شیلی لە ساڵی ١٩٨٧وە. ساڵی ١٩٩٤ کۆمپانیایەکی تایبەت بەخۆی دامەزراندوە، بۆ لێکۆلینەوە دەربارەی بازاڕو ڕای کۆمەڵگە، ئەمەش بە هاوکاریی «ناوەندی نێودەوڵەتی بۆ کۆڵینەوە لە ڕاو بازاڕ» (MORI) لە ئینگلستان. لە کاتی دەستپێکردنی ڕاپرسیی بارۆمیتریی لاتینییەوە، مارتا لاگۆز پۆستی بەڕێوەبەری جێبەجێکاری لەو ڕاپرسییەدا وەرگرتوە، کە ساڵانە ڕاپرسیی ڕای گشتی لە ١٨دەوڵەتی ئەمریکای لاتیندا ئەنجامدەدات.

مارتا لاگۆز چەندین بڵاوکراوەی لە بواری لێکۆڵینەوە دەربارەی ڕای گشتی هەیە. ئەو ئەندامی تیمی «ڕاپرسیی دەربارەی بەها جیهانییەکان»ـە (World Values Survey)و لیژنەی ڕێکخەری «لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریی سیستەمەکانی هەڵبژاردن»ـە. وێڕای ئەوە، وەک ڕاوێژکار لە بواری ئەو بابەتانەدا کاریکردوە، کە پەیوەندیان بە ڕاپرسیو پرۆسەی هەڵبژاردنی ماوەی گوێزانەوەوە هەیەو ٢٣دەوڵەت پیایدا تێپەڕیون. هەروەها لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا، لەوانە بانکی ئیسلامی بۆ پەرەپێدان، بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بانکی نێودەوڵەوتی، نەتەوە یەکگرتووەکانو یەکێتیی ئەوروپا. مارتا لاگۆز پلەی ماجستێری لە ئابووریدا، لە زانکۆی هایدلبێرگی ئەڵمانیا، بەدەستهێناوە.

## د. کریستینا موورای

**خانمە مامۆستای یاسای دەستووریو مافەکانی مرۆڤو سەرۆکی بەشی یاسای گشتیو بەڕێوەبەری یەکەی لێکۆڵینەوەکانی یاساو ڕەگەزەکانو جۆری کۆمەڵایەتی لە زانکۆی کیب تاون.**

لەماوەی نێوان ١٩٩٤ -١٩٩٦دا لە گرووپێکدا کاریکردوە، کە پێکهاتبوو لە حەوت پسپۆڕ بۆ پێشکەشکردنی ڕاوێژ دەربارەی داڕشتنی دەستووری کۆتایی بە ئەنجومەنی دەستوری (پەرلەمان) لە باشوری ئەفریقا. هەروەها ڕاوێژ، سەبارەت بە مەسەلەی جێبەجێکردنی سیستەمی نوێی فرەئاستی حکومەت، دەداتە ژمارەیەک دامودەزگای حکومی لە باشوری ئەفریقا. لەگەڵ پەرلەمانی نیشتیمانیو چەندین دامودەزگای یاسادانانی هەرێمایەتیشدا کاریکردوە کە ٩دانەن. دوا چالاکیی دەستووریی لە دەرەوەی باشووری ئەفریقا، باشووری سودانو ئەندونیسیاو کینیا بووە. مورای وانەبێژبووەو چەندین کتێبی دەربارەی یاسای گرێبەستەکانو مافەکانی مرۆڤ هەیە (بەتایبەتی ئەو بابەتانەی پەیوەندیان بە یەکسانیی نێوان پیاوو ژنو یاسای عورفیی ئەفرقییەوە هەیە). هەروەها دەربارەی یاسای نێودەوڵەتیو یاسای دەستووری.

## مامۆستا: سیریل ندیبیلی

### قسەکەری ڕەسمیی پێشووی ئەنجومەنی نیشتیمانیی زیمبابۆی

مامۆستا ندیبیلی ئەندامی ئەو بزووتنەوە سیاسییە بوو، کە بۆ سەربەخۆیی زیمبابۆی تێکۆشاو ئەندامی دانوستاندنەکانی سەربەخۆیی بوو، لەگەڵ تیمی یاسایی بەرەی نیشتیمانیی «یەکێتیی نیشتیمانیی ئەفریقیی زامبیا»دا (ZANU) (ئەمەش حیزبی سیاسی حوکمڕانی زیمبابۆیە لە کاتی سەربەخۆییەوە لە ساڵی ١٩٨٠دا). هەروەها چەندین پۆستی باڵای لە خودی بەرەی نیشتیمانیدا وەرگرتووە، لەوانە ئەندامی مەکتەبی سیاسی. وێڕای ئەوانە، ندیبیلی لە ساڵی ١٩٩٠وە تاکو ساڵی ٢٠٠٠ ئەندامی پەرلەمانی زیمبابۆی بووەو سەرۆکایەتیی چەندین لیژنەی تێدا کردووە (لەوانە لیژنەی بەربژێرییەکان، لیژنەی یاسایی، لیژنەی ڕێساو فرمانە هەمیشەییەکان). لە ساڵی ١٩٩٥شەوە تاکو ساڵی ٢٠٠٠ بەسەرۆکی پەرلەمان هەڵبژێردراوە. لەماوەی سەرۆکایەتییەکەیدا، ندیبیلی یارمەتیدەربوو بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی پەرلەمانتارانە، بەمەبەستی گۆڕینی پەرلەمان بۆ کیانێکی دیموکراتیی کاراترو شەفافترو زیاتر بەشداریی لە کۆمەڵگەدا بکات.

وێڕای ئەوانەی پێشەوە، ندیبیلی یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی «مونتەدای پەرلەمانیی گرووپی پەرەپێدانی باشووری ئەفریقا» (SADC)و بەرپرسی سامانە مرۆییەکانی چەندین گرووپی نێودەوڵەتی بوە، دەربارەی چالاکییە دیموکراتییە پەرلەمانتارییەکان. پاش بەدەستهێنانی ڕاهێنان لە بواری کاروبارە یاساییەکاندا،

ندیبیلی لە ئینگلستانو زیمبابۆی کاری پارێزەریی کردوە. هەروەها پۆستی «جێگرو پارێزەری دادگای باڵای زیمبابۆی»ی بەدەستهێناوە.

## مامۆستا: عەبدولواحید رازی

### سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی مەغریب

یەکێکە لە دامەزرێنەرانی حیزبی یەکێتیی نیشتیمانیی هێزە نیشتیمانییەکانو دواتر یەکێتیی سوشیالیستی هێزە میللییەکان. چەندین پۆستی لەناو حیزبدا بەدەستهێناوە، لەوانە پۆستی جێگری یەکەمی ئەمینداری گشتیی حیزب لە ساڵی ٢٠٠٣وە. هەروەها بەشداریکردوە لە دامەزراندنی چەندین ڕێکخراوی مەدەنیو ڕێکخراوە سەندیکاییەکانداو لە ساڵی ١٩٨٣وە تاکو ساڵی ١٩٨٤ پۆستی وەزیری دەوڵەت بۆ هاوکاریکردنی نێودەوڵەتی بەدەستهێناوە.

رازی بۆ یەکەمین جار ساڵی ١٩٦٣ هەڵبژێردراوە بۆ ئەندامێتی پەرلەمانو دواتر لە ساڵی ١٩٧٧وە چەندین جار هەڵبژێردراوەتەوەو لە ساڵی ١٩٩٧وە پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی وەرگرتووە. رازی یەکێکە لە لایەنگرە بەهێزەکانی دیپلۆماسیی پەرلەمانتارانەو چەندین پۆستی باڵای لە ژمارەیەک ڕێکخراوی پەرلەمانتاریی هەرێمایەتیدا بەدەستهێناوەو ئێستا ئەندامی لیژنەی جێبەجێکاری یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتییە (IPU).

## مامۆستا لۆریتا ئان رۆزالیس

### خانمە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی فلیپینی

بەوپێیەی رۆزالیس چالاکوانێکی دەرکەوتووە لە بواری مافەکانی مرۆڤدا، خەمی ئەو کەرتە چەوساوانەی گرتۆتەئەستۆ، کە بەتەواوەتی لە کۆمەڵگەی فلینیدا نوێنەرایەتی نەکراون. لەسەردەمی حوکمڕانیی سەرکوتکەرانەی سەرۆکی پێشووی فلپیندا (فردناند مارکۆس)، چالاکییە نهێنییەکانی رۆزالیس بوونە هۆی چەندین جار دەستگیرکردنی. بەوپێیەی ساڵی ١٩٩٤ بەڕێوەبەری جێبەجێکاری پەیمانگەی چاکسازیی سیاسیو هەڵبژاردن بووە، ساڵی ١٩٩٥ پشتگیرییەکی زۆری بۆ تێپەڕاندنی یاسای لیستەکانی حیزبەکان، بەو پێیەی لە دەستووری فلپینی ساڵی ١٩٨٧دا هاتووە، کۆکردۆتەوە. لە ساڵی ١٩٩٨وە بۆتە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانو سەرۆکایەتیی لیژنەی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤی وەرگرتووە. هەروەها بەشداریی سەرۆکایەتیی لیژنەی تایبەت بە مافی دەنگدان و چاکسازییەکانی هەڵبژاردنی کردووە.

## د. ئۆییون سانجاشورین

### خانمە ئەندامی پەرلەمانی مەنگولیا

ئۆییون سانجاشورین لە ساڵی ١٩٨٨وە بۆتە یەکێکە لە جەمسەرەکانی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا‌و ئێستا سەرۆکی لیژنەیەکی پەرلەمانە، کە تایبەتە بە هێنانەدیی ئامانجەکانی پەرەپێدان لە سەدەی بیستو یەکەمداو جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی سنووردانان بۆ هەژاری. سانجاشورین، پاش تیرۆرکردنی (زوریگ)ی برای کە وەزیری پەرەپێدانی بنەمای بنچینەییو یەکێک لە سەرکردە دەرکەوتووەکانی لایەنگری دیموکراسی لە مەنگۆلیا بوو، هاتە ناو دنیای سیاسەتەوە.

بەوپێیەی سانجاشورین سەرۆکی «حیزبی ویستی هاوڵاتیی کۆماری»یە (CWP)، چەندین سیاسەتی چاکسازیخوازی پیادەکردوە، کە تا ڕادەیەکی زۆر پشتبەستووبوون بە سەرڕاستیو شەفافییەتو لێپێچینەوەو بەگژاچوونەوەی گەندەڵی. هەروەها «دامەزراوەی زوریگ» (Zorig Foundation)ی دامەزراند، کە ڕێکخراوێکی ناحکومییەو ئامانجی هەنگاونانی زیاترە بۆ چەسپاندنی دیموکراسیو حوکمڕانیی یاسا لە مەنگۆلیا. سانجاشورین پلەی دکتۆرای لە کێمیای جیۆلۆجیا لە زانکۆی کامبریدج بەدەستهێناوە.

## مامۆستا: دولسی ماریا سوری ریانچۆ

### خانمە ئەندامی ئەنجومەنی پیرانی مەکسیک

شارەزاییەکی زۆری لە بواری یاسادانانو بەڕێوەبردنی گشتیدا هەیەو لە ماوەی ساڵانی (١٩٩١ - ١٩٩٤)دا پۆستی پارێزگاری ویلایەتی یوکاتای وەرگرتووەو لە ساڵی ١٩٨٢وە چەندین جار بۆتە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران، یان ئەندامی ئەنجومەنی پیرانی مەکسیک. هەروەها لە کانونی یەکەم/ دیسەمبەری ١٩٩٩وە تاکو ئازار/ مارسی ٢٠٠٢ بۆتە سەرۆکی حیزبی دەستووری (PRI).

وێڕای ئەوانە، خانم سوری سەرۆکایەتیی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی پیرانی، تایبەت بە ناوچەی ئاسیاو ئۆقیانووسی ئارام، بەدەستهێناوە. هەروەها بۆتە ئەندامی لیژنەی کاروبارەکانی دەرەوەی مەکسیک، لیژنەی کاروبارەکانی دەرەوەی دەوڵەتەکانی ئەمریکای باشوور، لیژنەی دارایی و باوەڕمەندێتیی گشتی.

# پاشکۆی (٣)

# ئەو ڕێکخراوانەی تایبەتن بە پتەوکردنی دەسەڵاتی یاسادانان

ئەمەی خوارەوە لیستێکی کورتە بەناوی ئەو ڕێکخراوانەی تایبەتن بە پتەوکردنی دەسەڵاتی یاسادانان:

## *یەکەم: دامەزراوە پەرلەمانییەکان:*

### ١. یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتی:

«یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتی» (IPU) پێکدێت لە پەرلەمانەکانی دەوڵەتە خاوەن سەروەرییەکان. ساڵی ١٨٨٩ دامەزراوەو لەو کاتەوە مونتەدای گفتوگۆی پەرلەمانتارانە بووە لە گشت ناوچەکانی جیهانداو کاردەکات بۆ هێنانەدیی ئاشتیو هاوکاریی نێوان میللەتەکانو چەسپاندنی دیموکراسیی نوێنەرایەتیکردن.

یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتی بەرنامەیەکی هاوکاریکردنی هونەری بەڕێوەدەبات، بەپێی ئەو بەرنامەبە یارمەتیی پەرلەمانە نیشتیمانییەکان دەکات، بەتایبەتی پەرلەمانەکانی دەوڵەتە تازەپێگەیشتووەکان، لەپێناو پەرەپێدانی کارەکانیانو بنەمای بنچینەییان. یەکێتییەکە لە ڕێگەی ئەم بەرنامەیەوە، کە لەسەرەتای حەفتاکانەوە خراوەتەگەڕ، خزمەتگوزاریی ڕاوێژکاریانە پێشکەشدەکاتو پڕۆژەکانی یارمەتیدان دەخاتەڕوو.

بەرنامەکە بایەخدەدات بە بەهێزکردنی خودی دامەزراوەی پەرلەمان. هەروەها یارمەتیی ئەندامانە هەڵبژێردراوەکانی پەرلەمانو فەرمانبەرەکانی دەدەت. لێرەشدا چالاکییەکانی بەرنامەکە هەمیشە گرێدراوی ئەو چالاکیانەن، کە پەیوەندییان بە بواری یەکسانی نێوان پیاوو ژنو مافەکانی مرۆڤەوە هەیە. بەکردەوە چەند پڕۆژەیەکی دیاریکراو هەن، کە بەشێوەیەکی تایبەتی بایەخدەدەن بە مسۆگەرکردنی بەشداریکردنی زیاتری ژن لە پرۆسەی پەرلەمانیدا.

(بڕوانە سایتی تایبەت بە یەکێتیی پەرلەمانتاریی نێودەوڵەتی
http://www.ipu.org)

### ٢. ئەنجومەنی پەرلەمانتاریی دەوڵەتەکانی بە فەڕەنسی قسەدەکەن (APF):

ئەنجومەنی پەرلەمانتاریی دەوڵەتەکانی بە فەڕەنسی قسەدەکەن، پێکدێت لەو ئەندامانەی نوێنەرایەتیی ٧٣ پەرلەمانو ڕێکخراوی پەرلەمانی دەکەنو دابەشبوون بەسەر هەر پێنج کیشوەرەکەی دنیادا. ئامانجی ئەنجومەنەکە ئەو چالاکیانەیە،

کە لە بنچینەدا ئەنجامیاندەدات. ئەوەش بەمەبەستی: پشتگیریکردنی دیموکراسی، بەرگریکردن لە دیموکراسیو حوکمڕانیی یاسا، ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ، بڵاوکردنەوەی زمانی فەڕەنسی لە سەرتاسەری دنیاداو کارکردن بۆ هێنانەدیی فرەڕەنگیی کولتووری.

ئەنجومەنەکە، بە هاوکاریی توندوتۆڵ لەگەڵ ئاژانسی ئەو دەوڵەتانەی بە فەڕەنسی قسەکەن، ئەو پڕۆژانە ئەنجامدەدات کە مەبەستیان بەهێزکردنی هاوکاریکردنی نێوان پەرلەمانەکانو پەرەپێدانی بەهاکانی دیموکراسییە. هەروەها ئامانجی پشتگیریی هاوکاریکردنی نێوان دامەزراوە پەرلەمانییەکانو چەسپاندنی دیموکراسیو حوکمڕانیی یاسایە، بەتایبەتی لەناو گرووپی دەوڵەتە فرانکۆفۆنییەکاندا. ساڵی ٢٠٠٢ بەرنامەی «نۆریا» (Noria) خرایەگەڕ، بۆ بەهێزکردنی تواناکانی پەرلەمانەکانی ئەو دەوڵەتانەی لە باشوور بە فەڕەنسی قسەدەکان، لەگەڵ بەڕێوەبردنو بڵاوکردنەوەی زانیارییە یاسادانەرییەکان، بەسوودوەرگرتن لە تەکنۆلۆژیای زانیاریو کۆمۆنیکاشیۆن (پێکگەیشتن). ئەم بەرنامەیە شوێنپێی بەرنامەی «پاردۆک» (PARDOK) هەڵدەگرێت، بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی دۆکیومێنتکردن بە پەرلەمانەکانی دەوڵەتە فرانکۆفۆنییەکان.

(بڕوانە سایتی ئەنجومەنی پەرلەمانتاریی دەوڵەتەکانی بە فەڕەنسی قسەدەکەن: http://apf.francophoonie.org)

## ٣. رابیتەی دەوڵەتەکانی کۆمنوێڵس:

«رابیتەی دەوڵەتەکانی کۆمنوێڵس» (CPA) لەو دەستانە پێکدێت، کە لەناو پەرلەمانەکانو ئەنجومەنەکانی یاسادانانی ئەو دەوڵەتانەدا پێکهێنراون، بەمەبەستی پشتگیریکردنی دیموکراسیی پەرلەمانتارانە.

کاری رابیتەکە، بەهێزکردنی پێشکەوتنی دیموکراسیی پەرلەمانتارانەیە، ئەوەش بە پەرەپێدانی زانیارییەکانی خەڵکو هوشیاریان دەربارەی بەڕێوەبردنی دیموکراتیانەی حوکمڕانیو بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی پەرلەمانتاریی ڕۆشنبیری وەها، کە توانای قوڵکردنەوەی پابەندبوونی دەوڵەتەکانی کۆمنوێڵس بە جێبەجێکردنی سیستەمە دیموکراتییەکانو فراوانکردنی مەودای هاوکاریکردنی لەگەڵا پەرلەمانەکانو ئەنجومەنەکانی یاسادانانی ناو ئەو دەوڵەتانەی هەبێت.

(بڕوانە سایتی تایبەت بە رابیتەی دەوڵەتەکانی کۆمنوێڵس: http://www.cpahq.org).

## ٤. کۆنگرەی ئەنجومەنەکانی یاسادانانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا:

«کۆنگرەی ئەنجومەنەکانی یاسادانانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا» (NCSL) کاردەکات بۆ پێشکەشکردنی یارمەتیگەلی هونەری بە دەوڵەتە دیموکراتییەکان، بەمەبەستی بەهێزکردنی دامەزراوەکانی یاسادانانیان. کۆنگرەکە لە چوارچێوەی ئەو ئەزموونەی لە ڕێگەی کارکردنەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەدەستیهێناوە، یارمەتی لە بواری مەسەلە دەستوورییەکانو ئەوانی تردا پێشکەشدەکات. بۆ نموونە، پڕۆسەی یاسادانان، کارڕاییەکانی پەرلەمان، ڕێکخستنی کارگێڕیانەی لیژنەکانو کارەکانیان، ڕێکخستنی کارمەندان، ڕاهێنان لەسەر ڕەفتاری ئەخلاقی، ڕاهێنان لەسەر سەرکردایەتیکردنو پەیوەندییەکانی ئەندامانی پەرلەمان بە بازنەکانی هەڵبژاردنەوە.

کۆنگرەکە چەندین پرۆژەی لە بوارەکانی لێپێچینەوە، هوشیارکردنەوەی مەدەنیانە، ئەخلاق، فیدراڵیەت، بەڕێوەبردنی یاسادانان، ڕاهێنانی ئەندامە نوێکانو شەفافییەت لە حکومەتدا بەرپاکردوە. هەروەها کۆنگرەکە ژمارەیەک ۆرکشۆپی ڕێکخستووە، کە هەموو لایەنەکانی بواری یاسادانان دەگرنەوە. هەمیشە ئەو ۆرکشۆپانە لەلایەن یاسادانەرەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانو تاقمی یاسادانانو تاقمی تایبەت بە کۆنگرە ڕێکدەخرێت.

(بڕوانە سایتی تایبەت بە کۆنگرەی ئەنجومەنەکانی یاسادانانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا
.(http://www.ncsl.org.public/internat/technical.htm

## ٥. رابیتەی پەرلەمانتارە ئەوروپییەکان لە پێناو ئەفریقادا (AWEPA):

رابیتەکە کاردەکات بۆ بەهێزکردنی کارکردنی چاکی پەرلەمانەکان لە ئەفریقاو بەردەوامبوونی دانانی ئەفریقا لە خشتەی کارە سیاسییەکانی ئەوروپادا. لەناو ڕابیتەکەدا کاردەکرێت بۆ پەرەپێدانی سامانە مرۆییەکان لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانو نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی ترەوە. ئەمە وێڕای بنیاتنانی تواناکانی بەدامەزراوکردن لەناو پەرلەمانەکانو دامودەزگا ناناوەندییەکاندا. ئەو بابەخدانەش ئەمانە دەگرێتەوە:

- ڕۆڵی سەرەکیی پەرلەمانەکان، کە کارەکانی خۆیان سەبارەت بە دیموکراسیو مافەکانی مرۆڤ و بەڕێوەبردنی ململانێکــان بەشــێوەیەکی ئاشتیخوازانەو بەباشترین شێوە ئەنجامدەدەن.

- هێنانەدیی یەکسانیی نێوان پیاو و ژن لە هەموو ئاستەکانی بڕیارسازیی سیاسیو ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموونەکان لە بواری پەرلەمانتاری لەنێوان ئەفریقاو ئەوروپادا.
- دامەزراندنی ماڵپەڕی پەرلەمانتارانە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، ئەوەش لەسەر ئاستی نیشتیمانیو هەرێمایەتیو ئاستی نێوهەرێمایەتی، کە وەک مونتەدابن بۆ کارلێککردنی سیاسیو ناحکومی.

(بڕوانە سایتی تایبەت بە رابیتەی پەرلەمانتارە ئەوروپییەکان لەپێناو ئەفریقادا: http://www.awepa.org).

## دووەم: ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان:

### ١. ڕێکخراوی دەوڵەتە ئەمریکییەکان (OAS):

بەدرێژایی چەندین ساڵ بەرنامەی ڕێکخراوی دەوڵەتە ئەمریکییەکان، کە ئامانجی زۆرکردنی پشتگیرییە بۆ دامەزراوەکانی یاسادانان، لەگەڵ پەرلەمانەکان کاریکردوە بۆ پتەوکردنی ڕۆڵی پەرلەمانەکان لە چەسپاندنی دیموکراسیی نوێنەرایەتیو پرۆسەی کامڵبووندا.

بەرنامەکە پشتگیریی ئەو کۆششانە دەکات، کە پەرلەمانە نیشتیمانیو هەرێمایەتییەکان، بە هاوکاریو هاماهەنگی لەگەڵیدا، ئەنجامیدەدەن. ئەمە وێڕای ئەو دەستپێشکەرییانەی ڕاستکردنەوەکانی یاسادانان بەرپایاندەکەن، بەتایبەتی ئەو دەستپێشکەریانەی پەیوەندیان بە خشتەی کاری هاوبەشی دەوڵەتە ئەمریکییەکانەوە هەیە. وەک: بابەتەکانی بازرگانیکردن بە هوشبەرەکان، گەندەڵی، تیرۆریزمو کارەساتە سروشتییەکان. بەوپێیەی ئەوانە ئەو تەحەددایانەن کە پێویستیان بە کارڕایگەلی یاساداناني ڕێکوپێکو گونجاو هەیە.

(بڕوانە سایتی تایبەت بە ڕێکخراوی دەوڵەتە ئەمریکییەکان: http://www.ddpa.org/opd/pafil/default.htm).

### ٢. بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتوەکان (UNDP):

بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە چوارچێوەی کۆششەکانی لە بواری پیادەکردنی حوکمڕانیی دیموکراتیدا، پشتگیریی پەرلەمانەکان دەکات بۆ مسۆگەرکردنی ئەوەی تواناو دەرامەتی تەواوو سەربەخۆیی پێویستیان هەبێت، بۆ ڕاییکردنی کارە سەرەکییەکانیان بەباشترین شێوە.

پەرەپێدانی پەرلەمانەکان بەشێوەیەکی تایبەتی، دەروازەیەکی بنچینەییە بۆ بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی دانانی بەرنامەو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریگەلی تایبەت بە سیاسەتەکان. بەرنامەکە کۆششدەکات بۆ بەهێزکردنی توانای پەرلەمانەکان بەشێوەیەک، کە ببنە هێزگەلی هاندەری گۆڕانکاری. ئەمە وێڕای پشتگیریکردنو بەشداریکردن لە هێنانەدیی ئامانجەکانی پەرەپێدانی سەدەی بیستو یەکەمدا. بەوجۆرە ژمارەی ئەو پەرلەمانانەی ناوچە جۆربەجۆرەکانی دنیا، کە پشتگیریی بەرنامەکەیان بەدەستهێناوە، پەنجایان تێپەڕاندوە. پەرەپێدانی پەرلەمانەکانیش نوێترینی ئەو بوارانەیە، کە بەرنامەکە سەبارەت بە پیادەکردنی حوکمڕانیی دیموکراتیانە بایەخی پێدەداتو ژمارەی ئەو پرۆژانەی ئێستا پەنجا ئەوەندەی ئەو پرۆژانەیە، کە بەدرێژایی دە ساڵی پێشوو جێبەجێکراون.

شایانی باسە، بەرنامەکە کۆمەڵێک یارمەتیی هونەریی کامڵ پێشکەشدەکات، ئامانجیان پتەوکردنی ئەو سێ کارە سەرەکییەیە، کە پەرلەمانەکان ئەنجامیاندەدەن. ئەوانەش: یاسادانان، چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنو نوێنەرایەتیکردنی میللەت. هەروەها بەرنامەکە کاردەکات بۆ بنیاتنانی تواناکانی یاسادانەرەکانو تاقمی هونەریو پشتگیریکردنی چاکسازیی دامەزراوەییو بەهێزکردنی ڕایەڵەکانی نێوان پەرلەمانەکانو دامودەزگاکانی جێبەجێکردنو دادوەریو پەیوەندییان بە کۆمەڵگەی مەدەنییەوە.

(بڕوانە سایتی تایبەت بە بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان:
.(http://www.undp.org/governance/sl-parliaments.htm

## ٣. پەیمانگەی بانکی نێودەوڵەتی:

بەرنامەی پتەوکردنی پەرلەمانەکانی سەر بە پەیمانگەی بانکی نێودەوڵەتی، ئامانجی تواناسازیی پەرلەمانەکانە، بۆ ئەنجامدانی بەرپرسیارێتییەکانیان، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندیی بە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی حکومەتو چاودێریکردنی بودجەوە هەیە.

ئامانجەکانی بەرنامەکە ئەمانەی لای خوارەوەیە:

- بەهێزکردنی توانای پەرلەمانەکان بەسەر چاودێریکردنی تەرخانکراوەکانی سامانی گشتیو چۆنیەتی بەکارهێنانیان.
- یارمەتیدانی پەرلەمانەکان بۆ نوێنەرایەتیکردنی ڕاستەقینەی بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتیان، ئەوەی پەیوەندیی بە پرۆسەی سیاسییەوە هەیە، بەتایبەتی لە

چوارچێوەی «ستراتیژی سنووردانان بۆ هەژاری»دا (PRSP).
-پشتگیریکردنی تۆڕەکانی ڕاهێنانی پەرلەمانتارانە، دەربارەی بابەتە سەرەکییەکانی سیاسەت، ئەوەی پەیوەندیی بە پەرەپێدانەوە هەیە.
-هاندانو پشتگیریکردنی ئەنجامدانی توێژینەوە پێشەنگەکان دەربارەی ڕۆڵی پەرلەمانەکان، بەشێوەیەک کە توێژینەوەکان بەشداربن لە دانانی باشترین نەخشە بۆ بەرنامەی بانکی نێودەوڵەتی، کە ئامانجی پشتگیریکردنی پەرلەمانەکانە.
(بڕوانە سایتی تایبەت بە پەیمانگەی بانکی نێودەوڵەتی:
http://www.workdbank.org/wbi/governance/parliament/).

## سێیەم: ڕێکخراوە ناحکومییەکان

### ١. پەیمانگەی گەشەپێدانی یاسادانان لە فلپین:

پەیمانگەی گەشەپێدانی یاسادانان، ڕێکخراوێکی ناحکومییە لە فلپینو ئامانجەکانی بریتین لــە: یارمەتیــدانی پتـــەوکردنی توانای ئەنجومەنەکانی یاسادانانی نیشتیمانیو ناوچەییو فراوانکردنی مەودای بەشداریکردنی هاوڵاتیان لە پرۆسەی یاساداناندا. هەروەها پەیمانگەکە چەندین خولی ڕاهێنان ڕێکدەخات، لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە سیاسەت ئەنجامدەدات، خزمەتگوزاریی پەرەپێدانی زانیارییەکان دەربارەی پتەوکردنی یاسادانانو بەرگریکردن لە مافەکانو جۆری کۆمەڵایەتیو سیاسەتی گشتیو خۆجێیەتی حوکمڕانی لە ناوچەی ئاسیاو ئۆقیانووسی ئارام پێشکەشدەکات.
(بڕوانە سایتی تایبەت بە پەیمانگەی گەشەپێدانی یاسادانان لە فلپین:
http://www.cld.org).

### ٢. پەیمانگەی کۆماریی نێودەوڵەتی:

پەیمانگەی کۆماریی نێونەتەوەیی (IRI) لە نیسان/ ئەپریلی ١٩٨٣دا دامەزراوەو وەک ڕێکخراوێکی ناحیزبیی قازانج نەویست وایەو ئامانجی پەرەپێدانی دیموکراسییە لە گشت ناوچەکانی جیهان.
پەیمانگەکە لەلایەن کۆمەڵێکی زۆر بەرنامەی نێودەوڵەتییەوە بەڕێوەدەبرێت، بۆ چەسپاندنی پرنسیپەکانی دیموکراسیو بەهێزکردنی دامەزراوەکانی. ئامانجی بەرنامەکە بەتەنیا دابینکردنی پێداویستییەکانی بەشداریکەرانە لە دەوڵەتە

دیاریکراوەکاندا. بەرنامەکە بریتییە لە ڕێکخستنی خولەکانی ڕاهێنان دەربارەی ژمارەیەک بابەت. لەوانە بەرپرسیاریێتی شارستانیانەو پرۆسەی یاسادانان بۆ ئەو بەرپرسە حکومیانەی تازە هەڵبژێردراون. هەروەها تەکنیکەکانی ڕێکخستنی حیزبە سیاسییەکانو هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن.

(بڕوانە سایتی تایبەت بە پەیمانگەی کۆماریی نێودەوڵەتی:
(http://www.iri.org

## ٣. پەیمانگەی شا براجادیپۆک لە تایلاند:

پەیمانگەی براجادیپۆک (KPI) ڕێکخراوێکی گشتیی سەربەخۆیە، بەسەرپەرشتیی پەرلەمانی تایلەندی کاردەکات. کاری ئەکادیمیی ئەم پەیمانگەیە بەشێوەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەو ڕێکخستنی خولی ڕاهێنانو بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان دەربارەی دیموکراتیو بەڕێوەبردنی حوکمڕانی دەبێت. هەروەها پەیمانگەکە ڕاوێژ دەربارەی سیاسەتو بەڕێوەبردنی حوکمڕانی لەسەر هەردوو ئاستی نیشتیمانیو ناوچەیی پێشکەشدەکاتو چەندین کۆنگرە سازدەکات بۆ پەرەپێدانی وەک یەکی هوشیاریی سیاسیی جەماوەرو سیاسەتسازەکان. شایانی باسە، ئەندامانی پەرلەمان ئەوانەن، کە پەیمانگەکە لە کارکردنی لەگەڵ گرووپەکاندا بایەخی زۆریان پێدەدات.

(بڕوانە سایتی تایبەت بە پەیمانگەی شا براجادیپۆک:
(http://www.kpi.ac.th

## ٤. پەیمانگەی دیموکراسیی نەتەوەیی بۆ کاروبارە نێودەوڵەتییەکان (NDI):

پەیمانگەی دیموکراسیی نەتەوەیی بۆ کاروبارە نێودەوڵەتییەکان (NDI) ڕێکخراوێکی قازانج نەویستەو کاردەکات بۆ بەهێزکردنی دیموکراسیو فراوانکردنی مەودای هێنانەدیی لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی جیهاندا.

ئامانجی پەیمانگەکە، پەرەپێدانی ئەنجومەنەکانی یاسادانانە لەلایەنی پیشەییەوەو فراوانکردنی بەشداریکردنی هاوڵاتیانە لە پرۆسەی یاساداناندا، بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، چەسپاندنی پرنسیپەکانی شەفافیەت و لێپێچینەوە لە پرۆسەی دانانی سیاسەتەکاندا لەسەر ئاستی نیشتیمانی. هەروەها بەرنامەکە تاوتوێی ڕێکخستنی پەرلەمان دەکات، لەوانە چاودێرکردنی یاسادانان و ڕێساکانی کارڕاییە ناوخۆییەکان و بەدەستهێنانی زانیاری لەلایەن هاوڵاتیانەوەو باشترین بەکاربردنی فەرمانبەرەکانی پەرلەمان و ئەو ڕۆڵەی کۆنگرەکانی حیزبە سیاسییەکان

سازیدەکەن. بەرنامەکە پشتگیریی بەشداریکردنی جیدیانەی هاوڵاتیان لە پرۆسەی بڕیارسازیشدا دەکات، ئەوەش لە ڕێگەی هاندانی سازکردنی دانیشتگەلی گشتیی گوێگرتنو کۆبوونەوەی ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ هەڵبژێرەکانداو زۆرکردنی پێکگەیشتنەکانی بەرپرسەکان و هەڵبژێرەکان.

(بڕوانە سایتی تایبەت بەپەیمانگەی دیموکراسیی نەتەوەیی بۆ کاروبارە نێودەوڵەتیەکان:
.(http://www.ndi.org/globalp/gov/governance.asp

## ٥. ناوەندی پەرلەمانتاریی کەنەدی:

ناوەندی پەرلەمانتاریی کەنەدی، ڕێکخراوێکی کەنەدیی قازانج نەویستەو ئامانجی پشتگیریکردنی ئەنجومەنەکانی نوێنەرایەتیکردنو میکانیزمەکانی بەڕێوەبردنی حوکمڕانییە لە کەنەداو دەوڵەتەکانی جیهان.

ئەگەرچی پەیمانگەکە بۆ بەهێزکردنی توانای پەرلەمانی کەنەدی دامەزرا، بەڵام دواتر بۆتە ئاژانسێکی جیهانی بۆ پشتگیریکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لە ئاسیا، ئەفریقا، ئەمریکای لاتین، ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەروەها ناوەندەکە بەرنامەکان دادەڕێژیو جێبەجێیاندەکاتو بەڕێوەیاندەباتو توێژینەوەگەل ئەنجامدەداتو بڵاویاندەکاتەوەو تۆڕە پەرلەمانییەکان لەسەر ئاستێکی فراوان دادەمەزرێنێ. ناوەندەکە ڕۆڵی میانەکاری نێوان کاروبارە پەرلەمانییەکان دەگێڕێت، چونکە پشتگیریی شەریکایەتییەکانی نێوان دەوڵەتەکان دەکاتو دەرفەت بۆ بەدەستهێنانی ئەزموون لەو بوارەدا دەڕەخسێنێ.

(بڕوانە سایتی تایبەتی ناوەندی پەرلەمانتاریی کەنەدی:
.(http://www.parlcent.ca

## ٦. زانکۆی نیویۆرک:

«ناوەندی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی لە زانکۆی ویلایەتی نیویۆرک» (/SUNY CID) دەستی یارمەتی بۆ ئەنجومەنەکانی یاسادانانو حکومەتە مەدەنییەکانو سیستەمەکانی دادوەری ڕادەکێشێ، هەتاکو کارەکانی خۆیان باشتر ڕاییبکەن. هەروەها یارمەتیی کۆمەڵەو ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەدات، بۆ هێنانەدیی سەرکەوتنی زیاتر لە مامەڵکردنیان لەگەڵ حکومەتەکاندا. ناوەندەکە هەڵیشساوە بە ڕێکخستنی چەندین کۆنگرە دەربارەی پشتگیریکردنی یاسادانانەکانو ئەو کۆنگرانە وەک مونتەدایەک بوون بۆ شارەزاکانو یاسادانەرەکانو مامۆستاکانی

زانکۆ، بەمەبەستی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەو پیادەکردنی پرۆسەی گەشەپێدانی ئەنجومەنەکانی یاسادانان.

(بڕوانە سایتی تایبەتی زانکۆی نیویۆرک:

(http://www.cid.suny.edu

هەروەها لە زانکۆی نیویۆرک «ناوەندی پەرەپێدانی یاسادانان» (CLD) هەیە. ئەویش بەشداریدەکات لە بنیاتنانی تواناکانی ئەنجومەنە دیموکراتییەکاندا. ناوەندەکە لە ساڵی ١٩٧٠وە لە زیاتر لە ٢٤پەرلەمانی ئەفریقاو ئەمریکای لاتینو ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو چەندین ناوچەی جیهانی ئیسلامی بوونی هەبووە. ناوەندەکە، لە ڕێگەی بەرنامەیەکەوە کارەکانی خۆی ئەنجامدەدات، کە ئەمانە لەخۆدەگرێت: ئەنجامدانی توێژینەوەو نووسینەکان دەربارەی بابەتەکانی گۆڕانکاریی دیموکراتیانەو هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکانی یاسادانانو داڕشتنی بەرنامەی بنیاتنانی توانا پەرلەمانییەکانو هەڵسەنگاندنی سەرەنجامەکانی.

(بڕوانە سایتی تایبەت بە ناوەندی پەرەپێدانی یاسادانان سەربە زانکۆی ویلایەتی نیویۆرک: http://www.albany.edu/cld).

# ناواخن


| | |
|---|---|
| دەروازە | ٥ |
| دەستپێک | ٧ |
| پوختەی خاڵە بنچینەییەکان | ١٠ |
| پێشەکی | ١٣ |
| پەرلەمانێک نوێنەری میللەت بێت | ٣٥ |
| پەرلەمانێکی کراوە و شەفاف | ٧٧ |
| پەرلەمانێکی دەستەبەرکراو بۆ هەموان | ١١٥ |
| پەرلەمانێکی ملکەچی لێپێچینەوە | ١٥١ |
| پەرلەمانێکی کارا لەسەر ئاستی نیشتیمانی | ١٧٩ |
| پەرلەمانێکی کارا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی | ٢٣١ |
| ڕووبەڕووبوونەوەی داهاتوو | ٢٧١ |
| پاشکۆکان | ٢٩١ |

## زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ساڵی ٢٠١١

| ناوی کتێب | نووسینی | وەرگێڕ |
| --- | --- | --- |
| ٥٦٠- چاوی گورگ | جەمیل توران | عەلی حوسێن |
| ٥٦١- هەزار خۆری درەوشاوە | خالید حوسەینی | ئازاد بەرزنجی |